ئەم ڕۆمانە یەکێکە لە شاکارەکانی ئەدەبی ڕووسی شەستەکانی سەدەی ڕابوردوو، لەخاننەی رۆمانی ریالیستی مێژوویدایەو زۆر بەشایستەییەوە خەلاَتی نۆبلَی وەرگرتووە، میخائیل شۆلۆخۆڤی گەورە نووسەرو داهێنەری ڕووسی لەم ڕۆمانەو ڕمانەکانی تریدا، خۆی لەنێو ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانەدا ژیاوەو وەك پالَەوانەکانی تالَو سوێریی ژیانی چەشتووە.

شۆلۆخۆڤ لەم ڕۆمانەدا، لە سالاَنی جەنگی جیهانی یەکەم دەدوێو پاشان بەرپابوونی شۆڕشی ئۆکتۆبەرو دواجار شەڕی ناوخۆی ڕووسیا لەو سالاَنەداو دووبەرەکی نێوان خەلَكو ئەم مالَوێرانیو کاولکارییەی سالاَنی شەڕی ناوخۆ هێنای بەسەر خەلَکداو چ برینێکی قوولَی لە جەستەی ئەو ولاَتەدا دروستکرد.

"تاتارسك" گوندێکی جوانو دلَڕفێنی قەوزاقەکانی سەر ڕووباری دۆنەو پێش جەنگو شەڕو شۆڕ خەلَکەکەی خەریکی کشتوکالَو ڕاوەماسی خۆیانو گوزەرانیان پابەندە بەبەروبوومو ڕاوەماسیو ئاژەلَدارییەوەو ژیانی سوننەتیو نەریتی سەدان سالَەی خەلَك لەپەیوەندیی کۆمەلاَیەتیو تێگەیەشتنیان لەژیان چون نەریتی نەگۆڕی کۆمەلَگە کشتوکالَییەکانی دنیانو بەتایبەتی ئەم جۆرە ولاَتانەی لە ئێمەوە نزیکن.

بەلاَم جەنگو کارەساتەکانی زۆر خراپ ڕوودەکەنە گوندی تاتارسكو هەرچی گەنجەکانیانە ڕەوانە بەرەکانی جەنگو پاشانیش شەڕی ناوخۆ دەکرێنو بێجگە لەژنو پیرو پەککەوتەکەی نامێنێتەوەو توانای زەوی کێلاَنو ئاژەلَ بەخێوکردن دەداتە کزیو قاتو قڕیی ڕوودەکاتە ولاَتو وردە وردە هەوالَی کوژرانی ئازیزان دەگاتەوە گوندو گەلێك لە ژنەکان لە هەڕەتی گەنجییاندا بێوەژن دکەون، مندالَێکی زۆر هەتیو دەکەونو دایکانو باوکان بە ئاهو حەسرەتی ڕۆلَە کوژراوەکانیانەوە سەردەنێنەوەو تاتارسك دەلَێی خۆلَی مردووی بەسەردا کراوەو ئەخلاقو بەها نەگریسەکانی جەنگ خۆیان دەخزێننە نێو کۆمەلَگا نەریتپارێزەکەی گوندی تاتارسکەوە، فلاَنە مالَ ئابڕووی دەچێ لەبەرئەوەی بووکەکەیان، کە مێردەکەی لەبەرەی جەنگە یان کوژراوە، دەستی تیکەلَ کردووە لەگەلَ مێرمندالَێکی دراوسێیاندا کەهێشتا لەتەمەنی سەربازیدا نیە.

پێوتەرو گریگۆری دوبرانو لەشەڕی ناوخۆدا هەریەك لەبەرەیەکی دژ بەوی تردا، سەنگەر گۆڕین لەنێو قەوزاقەکاندا وەك ئاوواردنەوە وایە، تاتاترسكو گوندەکانی ناوچەی دۆن جارێك لەدەستی ئەم بەرەدانو بۆ سبەینێ دەکەونە دەست ئەویتر. جەنگ ئەو ژیانە سوننەتییەی باوو پەیڕەوکراوەی لەڕەگو ڕیشە هەلَتەکاندو جارێکی تر نەچووەوە دۆخی ئاسایی خۆی.

ئا لێرەوەیە کە نووسەر دەچێتە ناخی مالَ بەمالَو یەك بەیەکی ئەو کۆمەلَگەیەوەو لەڕووی ئابووریو کۆمەلاَیەتیو دەروونییەوە شیدەکاتەوەو پێت دەلَێ کەوا جەنگو دووبەرەکیی ناوخۆ چ دەردێکی بێئامانەو چ برینێك دەکاتە جەستەی ولاَتو کۆمەلَ. ئەمانە هەر هەمووی بە شێوازێکی ریالیستی، وەك ژیان خۆی بە بێ ئارایشت، بەلاَم لەهەمان کاتیشدا بێ وێنەکێشانێکی وشكو برینگ بەلَکو بە هونەرێك لەوپەڕی جوانکاریو فەنتازیدا. هەر ئەمەشە وایکردووە کەوا تا ئێستا بە زیندوویی بمێنێتەوەو هەموو میللەتانی گرفتاری ئەو دەردە ئازارو حەسرەتانەی خۆیانی تیا بدۆزنەوەو لەم ڕووەشەوەیە کە من دەستم دایە وەرگێڕانیو بەهیوام کەلێنێکم لەم بوارە فەرهەنگیەدا گرتبێت.

## کێڵگەی یەکەم

کێڵگەی میلیخۆڤ کەوتبووە ئەوپەڕی گوندی "تاتارسك"ەوەو دەرکەی گەوڕی ئاژەڵی دەکەوتە سەرو ڕووەو باکووری"دۆن" دەکرایەوەو لێواری ڕووبارەکە کەوتبووە پشت لێژییەکی سەختو هەڵەتەوە کە پانتایی شەست پێیەك دەبوو لەنێوان دوو ڕۆخی ەچۆرە بەردا. بەڵام ئاوە شینە پۆڵا ڕەنگەکەی کە با یاریی پێدەکرد لەولاوە بە پانو فراوانی بەرەو ڕۆژهەڵات درێژدەبوەوەو لەپشت پەرژینی چڵە بییەکانەوە کە بە دەوری خەرمانەکاندا درابوو، ڕێگای (هێتمان) درێژ دەبووەوەو بنەبایەف لە هەردوولاوە قوت بووبۆوەو ڕووەکی گوێبەرخەی بۆریش لەو ناوەدا بڵاوبووبۆوەو هەندێکیان لەژێر سمی ئەسپدا پلیشابوونەوە. لەوێدا دووڕییانێك هەبوو، لەپشتیەوە دەشتێکی پانو بەرین تەمێکی بەسەرەوە بوو و وەك تارمایی بۆ ئەولا دەڕۆیشت، بەلای باشووردا کۆمەڵێك گردو یاڵی بچووك بچووك دەردەکەوتنو بەلای ڕۆژئاواشدا ئەو شەقامەی کەبەلای خەرمانەکاندا تێدەپەڕیو بەرەو مێرگەکان درێژدەبووبۆوە.

ئابۆ ئەم گوندە پرۆکۆڤیی قەوزاقی گەڕایەوە، لەپاش جەنگی ئەم دواییە لەگەڵ تورکیادا، پێکەوە لەگەڵ ئافرەتێکی بچکۆلەی سەرپۆش بەسەردا، کە بەردەوام خۆی لەشاڵێکی ئاودامانەوە ئالاندبوو، ئەم ئافرەتە ژنی بووو شاڵەکەی کە بەنەخشی جوانی کۆلکە زێڕینە ڕەنگ ڕازێنرابووەوە هەر زوو ئێرەیی لەدڵی ژنانی گونددا وروژاند، شاڵەکە بۆنێکی خۆشی لێدەهات. ئەم ژنە بەدیلگیراوێکی تورك بوو و توخنی کەسوکاری مێردەکەی نەدەکەوتو حەزی بە دوورەپەرێزی دەکرد. باوکی پرۆکۆڤی زۆر پڕبوو لەم کارەی کوڕەکەی بوو و بەرگەی ئەم شوورەییەی نەگرت.

فرەی پێنەچوو بەشەماڵی خۆی دایەو جیای کردەوە، پاشان پیرەی قەوزاقی تا لەژیاندا ما پێی نەخستە ماڵی کوڕەکەیەوە، میلیخۆڤ کە چالاکانە کەوتەخۆ بۆ ڕاپەڕاندنی کاروبارەکانی، دارتاشان کۆڵیتێکیان بۆ دروستکردو خۆیشی پەرژینێکی بۆ گەوڕی ئاژەڵو ماڵاتەکەی دروستکرد، ئەوجا دەمەو پایز لەگەڵ ژنەکەیدا دوای گالیسکەیەك کەوتن کە کەلوپەلەکانیانی هاتنەدەرەوە بۆ تەماشاکردن، پیاوەکان پێکەنین و لاقرتیەکانیان لەژێر ڕیشیاندا دەشاردەوە، ژنانیش بەدەنگی بەرز تانەو توانجیان تێدەگرتن، هەروەها منداڵانیش بە جلوبەرگی پیسو چەپەڵیانەوە قاوقیژیان بوو بە شوێن گالیسکەکەدا. بەڵام میلیخۆڤ بێئەوەی گوێ بداتە هیچ، ملی ڕێی گرتو بە دەستە زبرە ئەستوورەکانی توند قۆڵی ژنە لاوازەکەی گرتبوو و سەرە بۆزو پرچ ئالۆسکاوەکەی لێ بەرزکردبۆوەو بەوپەڕی سەرکێشییەوە.

ئیتر لەوساوە میلیخۆڤ خۆی لە گوند دابڕیو بە هاوڕێتی لێواری دۆن کاتی خۆی بە سەر دەبرد، زۆری نەبرد ئەم پیاوە بوو بە مایەی واتەواتو مقۆمقۆی خەڵك، مێرمنداڵە گاوانەکان دەیانگوت گوایە دیویانە بەر لە خۆرئاوابوون ژنەکەی دەبا بۆ سەر تەپۆڵکەیەکی بەردەڵانی ڕووتەنو لەپاڵیدا دادەنیشێو بە جووتە دەڕواننە ئاسۆ، تاوەکو خۆر دەنیشێ، پاشان دەیپێچێتە پاڵتۆ کەوڵە مەڕەکەیەوەو دەیباتەوە بۆ ماڵ. ژنانی گوند کەوتبوونە مقۆمقۆ لەبارەی ئافرەتە تورکەکەوەو هەرچی بە زاریاندا دەهات دەیانوت، تا وایان لێهاتبوو نەدەپەرژانە سەر ئەسپێ دۆزیی سەریان. قەوزاقەکان لەناوخۆیاندا ناجۆر بوون لەبارەی جوانیی ژنەکەی میلیخۆڤەوە، هەندێکیان ستایشی جوانیەکەیان دەکردو تەنانەت جوانیی دڵڕفینیشی، کەچی هەندێکیشیان بەناشیرینو دزێویان لەقەڵەم دەدا. مارڤای ژنی سەربازێکی خەڵکی گوند، کە لە تاتارسکدا بە پرکێشترین ئافرەت دەناسرا، ئەم ناجۆریەی یەکلاکردەوە کاتێ ڕۆژێکیان بە بیانووی خواستنی هەویرترشەوە سەرێکی لەماڵەکەیاندا. کاتێ میلیخۆڤ چووە ژێرزەمینەکەوە بۆ ئەوەی هەویرترشەکە بێنێ، مارڤا جوان جوان لە ژنەکە وردبووەوەو وەختێ گەڕایەوە وتی:

ـ خۆ ئەمە دەعبایەکە بۆ خۆی‌و کچەکانی خۆمان لەو جوانترو بەخۆوەترن. ناوقەدێکی باریك‌و لە هی زەردەواڵە دەچێت‌و ئاوها بکە لێکتر جوێی دەکەیتەوە، باوکەڕۆ ئەم کابرایە چ جوانییەکی لەم ژنەدا بینیوە، پەك لەو چاوە زلو دەرپۆقیوانەی کە دەڵێی چاوی شەیتانە، ئەیەڕۆ پێموایە سکیشی هەبێت‌و بەم زووانە منداڵی ببێت!

ژنەکان هەموو بەسەرسوڕمانەوە وتیان: منداڵی دەبیٚ! بۆچی سکی هەیە؟!

ـ بەڵێ سکی هەیە، خۆ من منداڵ نیمو سێ کوڕم بەخێو کردووە.

ـ باشە ئەم ژنە، ڕوخسارو دەموچاوی چۆنە؟

ـ زەرد زەردەو پرشنگی چاوەکانی کوژاوەتەوە پێموایە لە وڵاتی خۆیدا نەبێ بەختەوەر نابێ، بەڵام لە هەموو سەیرو سەمەرەتر ئەوەبوو کە شەرواڵەکەی پرۆکۆڤیی لەپێکردبوو، ژنەکان بە واق وڕمانەوە هاواریان لێهەڵسا:

ـ بەڕاستە!

ـ بەڵێ بەڕاستمەو چاوی خۆیشم بینیم، بەڵام نەیبەستبوو و لای خوارەوەی ئاخنیبووە گۆرەوییەکنیەوە.

هەموو گوند چپەچپی ئەوەیان بوو کەوا ئەم ژنە تورکە جادووگەرە، بووکەکەی ستاخۆڤیش شایەتی ئەوەبوو کە بە سەروپێی پەتی بینیوێتی کەوا مانگاکەی ستاخۆڤی دۆشیوەو پاشان هێندەی پێنەچوو وشکی کردووەو گوانی پووچەڵ بووەتەوە تا وای لێهات پڕ بە مشتی منداڵێکی مابۆوەو پاشان مرداربووەوە.

بۆ بێبەختی‌و بێچارەیی، ئەو ساڵە ئاژەڵو پاتاڵێکی زۆر مرداربوونەوەو هەموو ڕۆژێك لاکی مانگا یان گوێرەکەیەك تلدەدرایە تەنکاوەکانی دۆنەوە، پاشان دەردەکە ئەسپو ماینیشی گرتەوە، بەهەمان شێوەش مێگەلە مەڕی مێرگەکانی تاتارسك هاتنە کەمی، بەم ڕەنگە دەردو مەینەتی دانی ریچ کردبووەو هاوکات لەگەڵ واتەواتە نەگریسەکەدا، ئەوجا قەوزاق کۆبوونەوەو هەڵیانکوتایە سەر کۆڵیتەکەی میلیخۆڤ، ئەمیش کە ڕیشچەرمووانی گوندی لە پەنا ماڵی خۆیدا بین بە ڕوویەکی خۆشەوە پێشوازیی لێکردن‌و ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ هەر خزمەتێك، بەڵام پیرەمێردێکی سەرخۆش پڕی پێداو وتی:

ـ جادووگەرەکەت بێنە با دادگایی بکەین، ڕایکێشە بۆ ئێرە.

میلیخۆڤ گوڕی خۆیدا بەرەو دەرگای کۆڵیتەکە، بەڵام قەوزاقێك گرتی‌و سەریدا بە دیوارەکەداو وتی:

ـ ها هەوڵی شەڕکردنەوەی ئێمە هیچ خراپەیەك دەرهەق بە تۆ ناکەین، بەڵام ژنەکەت دەپڵیشێنینەوە، چاکتر وایە ئەم جادووگەرە لەناوچێ نەك سەر لەبەری گوند لەبرسا بمرێ.

قەوزاقێکی تر پرچی ئافرەتەکەی ئاڵاندە مەچەکیەوەو ڕایکێشا تا لەبەردەمی هەموویاندا دای بەزەویداو قیژەیەکی پڕ ئێشی لێ بەرزبووەوە، میلیخۆڤ خۆی ڕاتەکاندو خۆی تووڕدایە کۆڵیتەکەوەو پاشان گوژمی خۆیدا بۆ دەرەوەو شمشێرەکەی بەدەستیەوە دەبریسکایەوەو گەیشتە ئەو قەوزاقەی ژنەکەی ڕاکێشاو دای بەزەویداو بە شمشێرەکەی هاتە وێزەی و کردیە دوو لەتەوە، پاشان پەلاماری ئەوانیتریشی دا بەڵام ئەوان لەترساندا بۆیدەرچوون و لەدەشتەکەدا پەرش‌و بڵاوبوونەوە. پاشان میلیخۆڤ گەڕایەوە لای ژنەکەی‌و ڕوانی پارچە گۆشتێك لەناو لنگیدا کەوتووەو زیندوو بوو دەجووڵا. ئەم پارچە گۆشتە کوڕ بوو، ئەوان پێیان لەباربردبوو.

ئێوارەی ئەو ڕۆژە ئافرەتە تورکەکە گیان بەدەستەوە، بەخێوکردنی منداڵەکەش، نەکی ڕتیە ئەستۆیی خۆی بەدرێژایی ئەو ماوەیەی کە میلیخۆڤ تێیدا بەکاری قورس حوکم درابوو. کاتێ کە پاش دوانزە ساڵ باوکە گەڕایەوە، تەماشای کرد پانتلایی کوڕی، گەورە بووەو لە خەم دەرچوو و لە حەوت ساڵیدا لە کڵێسە تەعمیدیان کردبوو،

میلیخۆڤ چووە بەساڵداو گیانی سپارد، ماڵو کێڵگەکەش بەمیراتی بۆ پانتلای مایەوە، تەنانەت بوو بە میراتگری لووتە کووڕە تورکیەکەی دایکیشی لەگەڵ تونەتەبیعەتیی خاڵەکانیدا، پاشان ژنی هێناو حاڵی باش بوو و مۆرکی خۆشحاڵی پێوە دیاربوو و بوو بە خاوەنی وڵاخی بەرزە و گاوگۆتاڵ. دوو کوڕی هەبوو، پێوتەر کە لە دایکیەوە ڕەوشت نەرمیو لووت پانی بۆ مابووەوەو گریگۆری کە لە باوکیەوە بووبووە میراتگری لووتێکی باریك، خوویەکی ئاگرین، لەشێکی ئەستوورو کەتە. بەم شێوەیە خوێنی قەوزاق تێکەڵی خوێنی تورك بوو، لە تاتارسکدا بنەماڵەیەك پەیدابوو کە قەوزاقەکان ناوی (تورك)یان بەسەردابڕی.

چەند ئەستێرەیەك هێشتا بە ئاسمانی بەرەبەیانەوە بوو، تەمومژێکی بەرزیش چنگ لەسەرشان دەنیشتە سەر تەپۆڵکەیەكو لەوێوە دەنیشتە ناو چەمو دۆڵەکان، لێواری چەپی دۆنو گۆماوە بژوێنەکان لەبەر ڕووناکی بەرەبەیانی ساردردا دەدرەوشانەوەو لەئاسۆشدا ڕۆژ دەسووتا بە بێ بڵێسە، ئەو هێشتا شەرمی دەکردو دەرنەدەکەوت.

کە پانتلای بەئاگاهاتەوە ماڵو منداڵ هێشتا لەخەودابوون و ئەمیش دەرچووە دەرەوە تاوەکو ژیان بگرێتە ئامێز، ڕوانی وا دەریای ژنی پێوتەری کوڕی دەرچوو بۆمانگا دۆشین و بە پێ پانەکانی گژوگیای تەڕو پرشنگداری دەشێلا، پاشان ژیانیان دەهاتەوە بەرو بە خۆشیی ڕۆژێکی نوێوە بەرزدەبوونەوە. پانتلای چووە ئەو جێگەیەی گریگۆریی لێ خەوتبوو و تێوەی ژەند و وتی:

ـ گریگۆری، دێی بۆ ڕاو؟

گریگۆری لە خەو هەڵساو بە باوێشکدانەوە وەڵامی دایەوە:

ـ بەڵێ، باشە دایکم چێشەکەی کوڵاندووە؟

ـ بەڵێ، خێرا پێشمکەوە بۆ بەلەمەکە.

پانتلای جویداری کوڵاوی تێکرد، بۆنی کەسکوونی بڵاوبووەوە، ئەمجار بەو ئەندازەیەی قاچە شەلەکەی ڕێگەی پێدەدا بەرەو گوێ ئاوەکە ڕایکردو لەوێ گریگۆری لە بەلەمەکەدا بینی.

ـ بۆ کوێ دەچی بابە؟

ـ بەرەو لێوارە ڕەشەکە.

ئەوجا بەلەمەکە کەوتەڕێو تەوژمی سەرەکیی ئاوەکەی بڕی، پاشان شۆڕبووەوە بەرەو ئەو گۆلاوەی پێی دەڵێن لێوارە ڕەشەکەو لەوێ لەنێو چڵو پۆپی ڕەشەدارێکی وشکی گەورەدا لەنێو ڕووبارەکەدا، پیرە تۆوی جویداری دانابوو، پاشان گریگۆری داوەکەی فڕێدا یەکەمجار تونبوو ڕاتەکی ئەمجار شلبووەوە. گریگۆری جگەرەیەکی داگیرساند بەڵام تامی لەدەمیدا وەك تووکی هەڵکروزاو وابوو چونکە بە سکی بەتاڵ جگەرەی دەکێشا. سوورە ماسییەکی گەورە دەرکەوتو گریگۆری بە نێچیرێکی چاكو قەڵەوی زانی، بەڵام زۆڵە هەندێجویداری خواردو بۆی دەرچوو. گریگۆری زۆر ڕقی هەڵسا کاتێ دووەمو سێهەم سوورەماسی وەسەر ئاو کەوتنو هێشتا هەر شل نەبووبوو. پاشان لەناکاو داوەکە ڕاتەکیو گریگۆری ڕایکێشاو هەردوو پێی چەسپی ئەمبەرو ئەوبەری بەلەمەکە کرد، وا دیاربوو ماسییەکە گەورەو بەهێز بوو. . ماسولکەکانی گریگۆری توندبوو.. بەڵام دەزووەکە پچڕا.. خەریك بوو بەلەمەکەش وەرگەڕێو گریگۆری بەسەردا بکەوێتە ڕووبارەکەوە. پانتلای وتی:

ـ ئای. . ئەم ماسییە لەهێزی گادایە.

گریگۆری داوەکەی چاککردەوەو بەستیەوە بەیەکەوە پاشان چەشەکەی کرد بە قولاپەکەوەو سەرلەنوێ فڕێیدا دوای تۆزێ سوورە ماسییەکی زل هاتە سەرئاوەکەو هەندێ خۆی ڕاوەشاندو کەفی لەسەر ئاوەکە دروستکردو دواجار خۆی نوقم کرد لەئاوەکەدا.

ـ ئای. . خەریکە باڵم لەبن دێنێ!

ـ هەڵیدە. .. نیەڵی بچێتە بنی بەلەمەکەوە.

پیرە سورەماسی ڕاکێشا بە چنگاڵەکە، بەڵام دوبارە خۆی نوقم کردەوە هەرچەندە گریۆری ماندوو شکەت کردبوو

ـ سەری بەرکەرەوە بۆ سەر ئاوەکە.. با مژێکی هەوا هەڵلووشی. .. ئیدی خاو دەبێتەوە هەرواش بوو بەرگریی کردنی لاوازبوو..و خنکا. . ئەمجار پیرە ڕایکێشا بەسەر بەلەمەکەو ووتی:

ـ کاری تەواوبو، دەزوەکە هەڵکە، ئەمە بەشمنە ئەمڕۆ.

پانتلای بەلێواری بەلەمەکەوە بەرانبەر بە کوڕەکەی دانیشتبوو، چاوی بڕیبووە ئاسۆ لەکای گەڕانەوەیاندا بەرەو ڕۆخەکە، گرگۆری وای هەستکرد کە باوکی دەیەوێ شتێك بڵێ، وە چاوەڕێی ئەو شتەی دەکرد.. پیرە بە دەنگێکی لەرزۆکەوە وتی:

ـ گوێت لێبێ، دەبینم تۆو ئەکسینیا ئەستا خۆڤا..

پاشان دەنگەکەی بەهێ‌و ڕقاوی بوەوە.

ـ ئاگات لێ بێ چاوە چاوو دەسبازی لەگەڵ ئەکسینادا نەکەی، ئەو ژنی دراوسێکەمانەو دەسبازی کردنت لەگەڵیدا ئەنجامی خراپدەبێ. ئەوا من ئاگادارت دەکەمەوە، ئەگەر شتێکت لەبارەوە ببیسم کەوڵت دەکەم.

بەشێوەی دەنگی یەکێکی سەرزەنشت کراو کە حەز لەگۆڕینی قسەو باسەکە بکا، بەرەنگێکی زەرد هەڵگەڕاوەوە گریگۆری وتی:

ـ ئەمە درۆو دەلەسەیە، خەڵکیش بەتەبیعەت زۆر بلێن.

ـ وس بە کوڕی قەحپە، پێم وتی ئاگاداربە..

گریگۆری بێدەنگبوو. .و بەدرێژایی ڕێگەکە کپی‌و خامۆشی باڵی کێشابوە سەریاندا، کەلە بەلەمەکە دابەزین گریگۆری وتی:

ـ بچم ماسییەکە بدەمە ژنەکان؟

ـ نەخێر، لەبازاڕ بیفرۆشە وتوونی پێ بکڕە. بەڵام ئەوەی پێم وتی لەبیرت بێ، دوای ئەوەیی گریگۆری ماسییەکەی لە لەم پاککردەوەو دارێکی کرد بەگوێچکەکانیدا، لەدەرکەی کێڵگەکە دەرچوو و لەپڕ تووشی میتکاکۆ رشۆنۆڤی برادەری بوو، لێی پرسی:

ـ ئەم ماسییە بۆ کوێ دەبەی؟

ـ بۆ بازاڕ، دەیفرۆشم.

ـ بەموخۆڤ؟

ـ بەڵێ.

ـ لەگەڵتا دێم، بۆ مامەڵە کردن، بەڵام بەشم چەند دەبێ؟

ـ تێك ناچین لەسەرئەوە، وەرە.

وا گوندييەكان لەشەقامەكەدا قەرەباڵغييان كردووە دواى دەرچونيان لە(قداس)و برايان (شاميل)بەكەش‌و مشتێكەوە بەچ ەقى جادەكەدا دەڕۆيشتن. گەورەكەيان (ئەليكسى)بەيەك باڵ‌و سنگێكى ئاسنينى پانەوە، چاوى بەردەوام دەتروكاند لەسۆنگەيى برينێكەوە كە گۆناى چاڵ كردبوو لەكاتێكدا لە سوپادا بووەو نارنجۆكێك بەدەستيەوە تەقيوەو لەگونددا بەپاڵەوان ناسرابوو، هيچ شتێ خۆى لەبەردەم چەپۆكيدا (مستەكۆڵەيدا).جارێكيان گايەك سەرپێچى دەكا لە جووتد، قامچى لەگەڵ خۆى هەڵنەگرتبوو. ئەليكسى بە تاكە مستەكۆڵەكەى لێيداو خوێن لەهەردوو گوێچكەوە فيچقەى كردو تا چەند رۆژێك نەيدەتوانى جووت بكا. لەولاشەوە پەنجەكانى ئەو (چەپۆكە)لەخۆيان زيرەكترو خێراتر نەبوون، هەر كە كاغەزەكەى خستە نێوان دوو پەنجەكەى ئەوەندەت زانى داواى ئاگرت لێ دەكا بۆ پێكردنى جگەرەكەتى، (كرۆشۆنۆفى، برادەرى گريگۆرى)چاوى بەئەليكسدا هەڵنەدەهاتە، چونكە لەيادە كە جارێكان ئەليكس زللەيەكى لێداو خوێنكى زۆرو دووكاكيلەى پێ تفاندەوە سەر بەفرە بۆرەكە، هەروەها دووبراكەى ديكەش وەكو ئەليكس وابون.. بەڵام ئەوان هەريەكەيان دوو قۆڵى هەبوو لە باتى يەك.

ئەليكس ماسييەكەى گريگۆرى بينى، بەرەو ڕووى ئەو ميتكا ڕۆيشت‌و ووتى:

ـ بۆ فرۆشتنە، بەچەند؟

ـ بەفەدانێك‌و ژنێ.

ـ تۆ پياوێك گەپجاڕى، جووتێ مانگاوژنێك! ئەى مناڵەكانيش لەگەڵدابێت، هاها.

گريگۆرى‌و ميتكا بەرەو ماڵى مۆخۆڤى دەوڵەمەندى ناسراو ڕۆيشتن، كاتێ بە پێپليكانەكاندا سەركەوتن سەريان سوڕما لە خۆشگوزەرانى‌و گەورەيى ئەو ماڵە، گريگۆرى وتى:

ـ تەماشا لەهەندێ كەس چۆن دەژين.

ـ تەنانەت دەسكى دەرگاكەش لەئاڵتوونە!!.

دەنگێكى ناسكيان لەژوورەوە گوێ لێبوو:

ـ كێ لەوێيە؟ وەرە ژوورەوە.

هاتنە ژوورەوەو كيژێكيان لە تاق بەهاريدا بينى لەسەر تەختێك هەڵواسراوى دانيشتبوو. گريگۆرى دەمى كردەوەو قسەى نەكرد، واقى وڕما لەلێوە گێلاسيە تون‌و پڕەكانى.

ميتكا وتى:

ـ ماسيتان دەوێ؟

كچەكە هەڵسا لەخێزانەكەى بپرسێ، كراسەكەى داخزاو ئاڵا لەناوقەدى نەرم‌و نۆڵى ژێر كراسەكە ئەوەندە تەنك بوو بەجۆرێك كە ئەنجامە خڕەكانى لەشە شيرييەكەى لێوە دەردەكەوتن، ميتكا وتى:

ـ سەيركە، گريگۆرى، هەموو شتێ لەناوەوە ديارە، بلوورێكە بۆ خۆى. پاشان كچەكە كە گەڕايەوە لەسەرخۆو بەلەنجەولارەوە وتى:

ـ بچۆ بۆ چێشتخانەكە.

گريگۆرى چوو بۆ ئەوێ، بەڵام ميتكا بەتەنيشت كچەكەوە هەقى ووشك بوو، ڕاوەستابوو تەماشاى سەرى دەكرد كە دانتێلْ ڕازابوەوە، كچەكە سەرى هەڵبڕى‌و ووتى:

ـ خەڵكى گوندى؟

ـ بەڵێ، کوڕی کۆرشۆنۆڤم، ناوم میترییە.

ـ کامتان ماسییەکەتان گرت؟

ـ برادەرەکەم.

ـ ئەی تۆ؟ ڕاوناکەی؟

ـ بەڵێ کاتێ کە ئارەزووم لێ بێ.

ـ ئۆ.. حەزدەکەم رۆژێ بچم بۆ ڕاوەماسی.

ـ چاکە. . من لەگەڵت دێم کاتێ ویستت.

ـ بەڕاستتە! جوانە، ئەی چۆن ئەمە رێك بخەین؟

ـ زۆر زوو لەخەو ەستە.

ـ ها. ..ها..دەبێ هەڵمسێنی. . من لەو ژوورەدا کە دەکەوێتە ئەو سووچەوە دەنووموو بەتەنیا دەنووم.. وەرەو لەپەنجەرەکە بدە.

ـ ئەی باوکت؟ پێی وانابێ دزیمو تەقەم لێ بکات؟

ـ هیچ لەو شتانە مەترسە.. باشە تۆ ژنت هێناوە؟

ـ بۆچی؟ من هێشتا سەڵتم.

ـ باشە کچەکان خۆشیان دەوێی. . میتکا؟

ـ هەندێکیان خۆشیان دەوێم. .

ـ بەڵام، بۆچی چاوەکانت لەچاوی پشیلە دەچن.. پڕ مەترسین.. ئەی بۆچی ژنت بۆ ناهێنن میتکا؟

ـ چاوی پشیلە! !بەهەرحاڵ بەڕەچەڵەك بۆم ماوەتەوە، ژنم بۆ بێنن! کەڵەشێر دەبێ دەنوك بوەشێنێ، پێش ئەوەی مریشکی بۆ خۆی بدۆزێتەوە.

کچەکە گاڵتەی بە کوڕەکە دەکرد.. میتکا یەکەمجار هەستی پێنەکرد.. بەڵام دواجار لەمەبەستی گەیشت.

لەگەڵ خوێندنی یەکەم کەڵەشێری گوندا، گریگۆری گەڕاەوە ماڵەوە لەڕابواردنی ئەو شەوەیی وەك ڕەوتی دزێکی لێهاتوو بێ خشپە خۆی کرد بە جێگەکەیداو جلەکانی داماڵیو خۆی کوتایە نێو نوێنەکانی. مناڵەکەی دەریا کەوتە گریانو قیژە.. کەوتەوە یادی گریگۆری کە پێوتەر سبەینێ دەڕوا بۆ ئۆردوگاکەی لەسوپاداو دەبێ ئەو خۆی بەتەنیا گژوگیاکان کۆبکاتەوە.

دەریا هەڵساو کەوتە هێدی کردنەوەیی مناڵەکەی بەدەم جوێنو نەفرەتکردنی ئەم وەڕس کردنەیەوە، پاشان بەنەرمی کەوتە لاواندنەوەی تاوەکو بنوێ.

(ئۆی. ..ئەوە تۆ لەکوێ بووی؟ چاودێری ئەسپەکانم دەکرد، ئەی چیت بینی؟ ئەسپێك زینێکی کێڵ کێڵی بەسەرەوە بوو هەمووی ئاڵتوون بوو).

گریگۆری بەئاوازیی لایلایەکەی دەریا خەوی لێکەوت، کە تێیدا پرسیاری کیژۆڵەکانی دەکردو لەوەڵامدا دەیوت شوویان کردووە، پاشان لە قەوزاقانی دەپرسیو لەوەڵامدا دەیوت: ئەوان ژنەکانیان بەجێ هێشتووەو چوون بۆ جەنگ لەگەڵ تاریكو ڕوونی بەرەبەیاندا، گریگۆری لەخەو هەڵسا بۆ ماڵاوایی کردن لە پێوتەر، چوو بۆ تەویلەخانەو ئەسپەکەی پێوتەری زینکرد، لەوێش دایك بینی کەبەئەندزەی توورەکەیە تەپاڵەی ووشکی کردوەتە کۆشیەوە بۆ

ئاگرکردنەوە، دایکی داوای لێکرد بچێ بۆ ماڵی ئەستاخۆڤی دراوسێیان، چونکە سستیپانیش لەگەڵ پێوتەردا دەچوو بۆ ئۆردوگا، کاتێ گریگۆر سەرکەوتە سەر سێ پلیکانەکانی ماڵەکە لە دەرگایداو گوێی لەدەنگێکی ژنانەی نەرمبوو، دەیپرسی کێ لەدەرگا دەدا، ئەمیش ووتی (منم گریگۆری، هاتوو لەخەو هەڵتانسێنم).

دەرگا کرایەوە، ئافرەتێ دەرکەوت خەریك بوو شەو کراسەکەی هەڵدەکردو دوو لنگی ڕووی لێووە دەرکەوت، گریگۆری هەستیکرد بوەتە مایەی پەشۆکانی دراوسێکەیان، لەبەرئەوە لە پلیکانەکان هاتە خوارو لێیدا ڕۆیشتو گوێی لەئافرەتەکەبوو دەیوت:

ـ هەڵسە ستێپان. لەخەو هەڵسە.

سێ قەوزاق لەمەیدانی گونددا کۆبونەوە بۆ ئەوەی بچن بۆ ئۆردوگاکە، هەندێکیان سوارە بوونو هەندێك پیادە، بەڵام پێوتەر هێشتا هەر خۆی ئامادە دەکرد، لەو نانو پارچەگۆشت بەرازی سوێرکراوانەی دەپرسی کە بیئاخنێنە توورەکەکەیەوەو ببات لەگەڵ خۆیدا، هەروەها باوکیش کەلەخەو هەڵسابوو داوای لێدەکرد کە چاودێری ئەسپەکە بکاتو بە گریگۆری وت، کە سواری بێ‌و لە ڕووبارەکە ئاوی دات، کوڕە بازیدایە سەرپشتی ئەسپە ئاوزینگیەکەی تێی سرەواندو بەغاردان بۆنی دەرچوو بەشێوەیەك بۆی نەگیرایەوەو خەریك بو لەگەڵیدا بکەوێتە ڕووبارەکەوە، لەسەرەو لێژگەی یاڵەکەدا ئافرەتێکی بینی دوو سەتڵی ئاوی بەدارێکی درێژ بەشانیەوە هاوتا کردبوو، گریگۆری ئاگای لێنەبوو کە ئەسپەکە خەریکبوو ژنە بشێلێ، ئەکسینیا خۆی لادا.. پاشان بەخەمەو نازەوە وتی:

ـ ئای. .شەیتان، خەریکبوو بەئەسپەکەت گلم کەیتەوە.. باوکت ئاگاداردەکەمەوە چۆن سوار دەبم.

ـ ئەمە تۆی هاوسێ.. توڕە مەبە لەوانەیە سوودمەند بم بۆتان لەکێڵگەدا کاتێ مێردەکەت دەچێ بۆ ئۆردووگا.

ـ تۆ چۆن سوودمەند دەبیت؟ هەی شەتان

ـ دەیبینی لە وەرزی دروێنەدا، باشە ستێپان وەخۆ کەوتووە بۆ ڕۆیشتن؟

ـ تۆ چیت داوە لەوە؟

ـ ئەی حەرامە پرسیار بکەم

ـ بپرسە، بەڵێ وەخۆ کەوتوە، دەتەوێ چی بڵێی؟

ـ تۆ بەتاقوتەنا دەمێنتەوە.. بێ مێرد.

ـ بەڵێ. .

ئەکسینیا وەرچەرخایەوە بەرەو ماڵ بای بەرەبەیانیش تەنوورەکەی دەشەکانەوەو هەوڵی دەدایەوەو کراسە گوڵ ڕەنگەکەی لەژێریدا دەردەکەوت، هەروەها داری سەتڵەکان گوشاری خستبوە سەر شانیو جلەکانی لەسەر پشتی ملی داماڵیبوو کە سپییەکەی گۆشتنی دەنواند.

گریگۆری ئەمەی بینی، دەماری جووڵاو ئارەزووی درێژەپێدانی گفتوگۆی لەگەڵ کرد وتی:

ـ هاوسێ بیری مێردەکەت دەکەی. .

ـ ئەی چۆن، ئەگەر تۆ ژنت بهێنایە نرخی نرخی لەدەستچوونی خۆشەویستەکەت دەزانی. .

ـ بەڵام من ئەمە لەدەریادا نابینم.. ئەو بەلەماڵ نەبوونی پێوتەر قەڵەو دەبێ.

ـ کەیفی خۆیەت، باشە بەم زوانە ژن دەهێنی؟

ـ من، ئەمە پەیوەندی بەباوکی پیرمەوە هەیە، لەوانەیە دوای خاتا دەگەڕێمەوە لە خزمەتی سەربازی.

ـ ژن مەهێنە، تۆ هێشتا منالّی، ژن هێنان دەتمژێ ووشکت دەکاتەوە.

ـ جا بۆ ژن دەهێنم؟ هی وا هەیە خۆشی دەوێم بێ مارە بڕینیش.

ـ دیارە، یەکێکت هەیە.

ـ ئەی دەبێ کێ بێت. تۆ مێردەکەت لا نامێنی. ..و..

ـ ئاگات لێبێ دەم درێژیم لەگەڵ نەکەی. . ئەگینا پێی دەڵێم.

ـ بەستێپان دەڵێی؟..ئەوکاتە منیش دەرزیدا دەدەم. . نەکەی بەم ستێپانەت بمتۆقێنی.

ـ من ئەوە ناکەم، بەڵام کەیفی خۆتە یاریو چاوبازی لەگەڵ چی کچێکدا دەکەی. . من نەبێ گریگۆری گوڕی بەئەسپەکەیداو ڕێگاکەی لێگرت، ئەکسینیا بزەیە گرتی. . ئەم بزەیە ئارەزووی ئاشتبوونەوەو ڕێکەوتنی دەنواند، وتی:

ـ واز بێنە با بڕۆم. . خەڵکی بەسەرمانەوەن، چی دەڵێن ئەگەر بمانبینن

پێوتەر ماڵاوایی کەسوکاری کردو باوکی ڕاسپارد کە کای مێرگەکە نەفرۆشێ، ئەسپە باڵ سپیەکان نەڕەتێنێ. کاتێ گەیشتە دەرکەی کێڵگەکە، "دۆنیا"ی خوشکی بانگی لێکردو داوای لێکرد بوەستێ چونکە لەبیری چووبوو بەشە پەتاتەکەی بداتێ. بەڵام پێوتەر لەدەست دەرچووبوو، بۆیە دۆنیاش دەستیکردە قیژەو گریان.

گریگۆری ڕوانی بەلەشی ئەستوورو ناوشانێکی پانو دەموچاوێك کە سمێڵێکی زلو فش ئەمسەرو ئەوسەری گرتبوو سواری ئەسپەکەی بوو بوو ئەکسنیاش خۆی لەئەژنۆی هەڵ دەسوێ وەکو دێڵە سەگ کاتێك کە ماڵاوایی لێکردو چاوانی ئارەزوو و پەرۆشی دەنواند.. دڵی ترپە ترپی بوو.

دوای نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە کردی بەچەخماخەو هەورە بروسکەو ئاسمان دەرگای لێخستە سەرپشتو بۆنی باران لەو ناوەدا بڵاوبوەوەو خۆشیو شادی خستە دڵو دەروونەوە.

بەڵام لەملاشەوە خستنیە چالاکیو پەلەقاژێ. .ئا ئەوە تا پیرەکان نیشانەی خاچ دەکێشنو ڕادەکەن بۆ ئەوەی خۆیان لەباران و ئەوەش دەریاو دۆنیایە بە کونە لووتی زلیەوە وەکو کونە لووتی گوێرەکە خێرا خێرا دەچن بۆ پەنا ماڵەکە بۆ گواستنەوەی هەندێ شتومەکی پێوست، ئەویش گریگۆرییە شلپەی دێت لەئارەقدا. . باوکی چاککردنی تۆڕی ڕاوەماسییەکەی پێ سپارد بوو، خەریکە پینەی دەکاو دەیهێنێتە ژوورەوە، ئەگەر چی دەریا هەر نیشانەیی خاچی دەکێشاو لە(پاکیزە)دەپاڕایەوە بارانەکە کز دەکا، پانتلایش بڕیاریدا ئەو شەوە ڕاوە ماسی بکا کە چنەکە هەولێدەدا پاشگەزی کاتەوەو لەم بڕیارەی بەوەی کە تەوژمی ئاوەکە بەهێزەو هاژەی دێت، ئەم لە وەڵامدا دەیوت: دۆن بەردەوام هاژەو نرکەیی دێ..بەڵام ماسی لەم کاتانەدا نزیك بە ڕۆخ کۆدەبێتەوە.

پیرە پێویستی بەیارمەتدەرێك بوو بۆ گواستنەوەی تۆڕەکەو پاڵپێوەنانی بەلەمەکەو پاشان بۆ ڕاکێشانی تۆڕەکە لەئاوەکەدا، وای بە چاکزانی ئەم یارمەتیدەرە دریا بێ، بەڵام ژنەکەی ڕێگەی ئەوەی نەدا، چونکە دەریا منالّ بەبەرەو(شیردەر)و لەوانەیە سنگی تووشی سەرما بێو منالّەکەی ئازاردات، دۆنیاش لاوازەو سوودێك ئەوتۆی نیە، ئەمە وای کرد لەپیرەکە بیر لەئەکسینیا بکاتەوەو دۆنیا بنێرێ بۆ لای، گریگۆری کە ئەمەی لەباوکی بیست وت: (بەڵێ چاکە، ئەکسینیا سەرما کاری تێنکاتو بەقەد مانگانەیەك قەڵەوە).

ئەکسینیا هتو لەگەڵ گریگۆریو باوکیدا چوون بۆ ڕووبارەکە، لەوێ تەوژمی ئاوەکە تۆڕەکەی ڕماڵی، تەنانەت دووجاریش گریگۆری ڕاماڵیو خەریك بوو بخنکێ.. بەڵام خۆی دەگرتەوە بەدارێکی نزیك ڕۆخەکەوە.

باوکی ووتی: (تۆڕەکە بخەرە قووڵایی ئاوەکەوە، کریشا). گریگۆری هەوڵی ئەو کارەی دەدا، بەڵام پێی خزاو تۆڕەکە وەرگەڕایەوەو نوقم بوو.. بەچپەوە وتی:

ـ ئەکسینیا، خۆ سەلامەتی؟

ـ تا ئێستا، بەڵێ، بەڵام باران، باران!

ـ لەسەر خۆت قسەبکە، ئەگەر باوکم گوێی لێمان بێ تووڕە دەبێ.

ـ ها، لەباوکت دەترسی؟!

گریگۆری‌و ئەکسینا بەچیچکانەوە دانیشتن‌و کەوتنە ڕاکێشانی تۆڕەکە، پاشان گریگۆری بەرەو ئاوەکە دوورکەوتەوە، (ئای! ئای)ئەکسینیا قیژاند، ئەمجار ووتی: (کریشا، تۆ لەکوێی )و گریگۆری لەدورەوە گوێی لەوە بوو و بەتوندی کەوتە پەلەکوتێ لەئاوەکەدا.

ـ ئەکسینیا. . لەکوێی، وەڵام دەرەوە.

لەسەر ڕۆخەکە بن، باران‌و وشکی لێبڕیوەو لەسەرماندا چوەتە یەك‌و هەڵدەلەرزێ.. ئەمیش بەتەنیشتیەوە دانیشت هەردوکیان باراناویان لێ دەڕۆیشت‌و سەیرێکی کرد. دەم‌وچاوی سپی هەڵگەڕابوو وەکو دەباشیر، لێوە ئاڵەکانی کرابوونەوەو بزەیەکیان تێدابوو، ووتی:

ـ خۆم کێشا بە ڕۆخەکەدا، خەریکبوو شێتبم‌و لەتۆش ترسام بخنکێی.

ئەکسینیا دەیویست دەستی بخاتە قۆڵی کراسەکەی گریگۆری، کاتێ دەستی خستە قولێیەوە وتی:

ـ قۆڵت چەند گەرمە! من خەریکە لەسەرماندا بڕچێم.

گریگۆری سەیرێکی چاوەکانی کردو لەم کاتەدا گوێیان لەدەنیگێگ بوو بەرەو لایان دەهات ئەویش دونیابوو بەرەو لای ئەوان ڕایدەکردو ووتی:

ـ ئەوە بۆ وا دانیشتوون؟ باوکم منی ناردوە بۆ لاتان، ئێمە پڕ تورەکەیە ماسیمان گرتووە. ئەوە چی ڕوویداوە کریشا؟

ـ سووره ماسیە تۆڕەکەی دڕین، و من چاکی دەکەمەوە.

گریگۆری هەڵسا جارێکی تر تۆڕەکە تاقیبکاتەوەو لەئاوەکەدا دەگەڕاو تا چۆکی دەهات، ئەمجارە سورە ماسییەکی گەورە خۆی فڕێدایە ناو تۆڕەکەوەو گریگۆری ڕایکێشایە ڕۆخەکە بەدەم خۆگەوزاندنەوە پێش ئەوەی بمرێ. دۆنیا وتی:

ـ ئێوە دێنەوە؟

ـ بەڵێ، پێشمنکەوە، تاوەکو تۆڕەکە پاکدەکەمەوە، ئەکسینیا توورەکە ماسییەکە هەڵدەگرێ.

ئەکسینیا توورکە ماسییەکەی هەڵگرت‌و ڕۆیشت. .پاشان ئاوڕیدایەوە بۆ لای گریگۆری‌و ووتی:

ـ کەواتە، لەوێوە دەڕۆین.

هەر کە ئەکسینیا دووسەد یاردەیەك ڕۆیشت، لەشی کەوتە لەرزین‌و وتی:

ـ خەریکە سەرما بمکوژێ، هەردوو لاقم سڕبوون. ئیتر ناتونم ڕێ بکەم.

ـ هەروا ەکەم، ئەگینا بەپێی خۆم نگەمەماڵەوە.

لایاندا دایە لای کۆمەڵە پووشەکە گریگۆری هەندێ پووشی ووشکی لادا، بۆنی کەڕوویی لێدهات.. وتی:

- وەرە لامەوە، ئێرە وەکو تەنوور وایە.

ئەکسینیا تا لای ملی خۆی نوقم کرد لەبەلەمەکەدا، پرچە تەڕەکەی بەسەر پووشەکەدا بڵاوبووەوە، گریگۆری بەتەنیشتیەوە پاڵکەوت، بۆنی قژ یاری به کونه لووتی دەکردو له کەللەیی دەدا، وتی:

(قژەکەت بۆنێکی خۆشی لێ دێ).

ئەوجا سەری ڕاکێشایە لای خۆیەوە.. بەڵام ئەکسینیا لەنێو پووشەکە هەڵسایەوەو نەیهێشت دەستی بۆ ببا و هاواری کرد:

- هۆ مام پانتلایی.

دەنگێکی نزیکیان گوێ لێبوو وەڵامی دایەوە.

- ئەوە ڕێگەکەتان وون کردووە؟!

گریگۆری ڕاپەڕیو وەستا، ئەکسینیا وەڵامی دایەوە:

- نەخێر، ئێمە وون نەکردووە، بەڵام خەریکە لەگۆ بچم لەسەرماندا.

ئەکسینیا تورەکە ماسییەکەی هەڵگرتو بزەیە گرتی، پاشان لەگەڵ گریگۆریدا بەڕێگەکەدا ڕێگەی دایەبەر سەربازگەیی مەشقی پێکردن دکەوتە دووری شەست ڤرێست لەتاتارسکەوە، ئەمە مەودایە بوو کە دەبوایە قەوزاقی تاتارسك بیانبڕیایە، ستێپانو پێوتەری دراوسێیو کریستۆننی سنگپان لەگالیسکەیەکدا بوون. ستێپان ئارەزووی گۆرانی وتنی دەکردو بەدەنگە بەرزەکەی بە ڕێگەکەیدا کەوتە گۆرانی چڕین، ئەمجار کریستۆنیاش بەشداری کردو پاشان گشت قەوزاق گەرمیو سۆزەوەکەوتنە گۆرانی، گۆرانیەیە لادێیکانیان لەبارەی دڵداریەوە بوو.

ئەو شۆڕە ژنەی لەدەشتەکدا لاوك، ئەسپە زین کردبوو بۆ قۆستنەوەی بچکۆلەکە.

لەنزیکەوە دامەنیشەو بەڕێگەمدا مەڕۆ، لەوانیە خەڵك بمانبینێ، بڵێن کە تۆ کەوتویتە دوای خۆشەویستیمەوە.

من ژنێك سووكو تڕۆ نیم.

بەڵێ ژنێکی سووكو تڕۆ نیم.

باوکم سەرکردەی ڕێگرەکانەو خۆیشم خۆشەویستی پیاوێکم. . کە شازادەیە.

کاتێ وەستان بۆ نان خواردنی نیوەڕۆ، هەندێ قەوزاق سەمایەکی توندیان کرد، زەبروزەنگی دەشتو ساکارییەکەشی تێدا بەدی دەکرا، نرکەو تیژرەوی دۆنیشی تێدا دەنوێنرا.

کاروان سەرلەئێوارەش وەستا، ئەمجارەیان بەیاڵێکی لماوییەوە بەزینو ئەسپەکان بەردران بۆ لەوەڕو درانە دەستی سێکەس لەقەوزاق بۆ پاسکردنیان، ئەوانیتر ئەڵقە ئەڵقە لێی پاڵکەوتن، شێویان لێدەناو دەمەتەقیان دەکرد، کریستۆنیا خۆشی دەخستە دڵی هاوڕێکانەوە لەکاتێکدا خەریکی هەرزن لێننبوو، دەیوت:

(تەپۆلکەیەکی جوانبوو، مولکی کەس نەبوو، باران نم نم دەباری، باوکم لەسەری هەڵتووتبووو هانی دەدام بۆ هەڵکەندنی گەنجینەکە، باوکم(نەزری)کردبوو کە کلێسەیە دروست کات ئەگەر دۆزیمانەوە، کەس نەیدەتوانی ڕامان وەستێنێ لە هەڵکەندن (ئتمن)نەبێ، بەڵام نەفرەتی لێبێ، لەوکاتەدا نەهات.

چاڵم هەڵکەند، هەڵمکەندو گەنجینە هەردەنەکەوت. باوکم تووڕەبووو کفری دەرکد دواجار. . گەنجینە دەرکەوت، چل بوو شل خەڵووز بوو! پیرە گەش بوەوەو داوای لێکردم هەمووی هەڵکەنم.. بەڵام. .بۆ بەدبەختی! لەوساتەدا ئەتمن بەدەرکەوتو بۆ سبەینێ بردینی بۆ شار بۆ دادوەری. . بەڵام لەپێش ئەوەدا باوکم مرد. .

قەوزاق دایا قاقای پێکەنین‌و سمێڵە فشە سورباوەکانی کەوتە لەرەلەر و ستیپان وت:

ـ کەواتە، باوکت نەزرەکەی بەجێنەهێنا!

ـ تۆ نەفامی، چ کلێسەیە دروست بکات بە چل بوو شلی خەڵوز!!

ئەکسینیا خەڵکی گوندی تاتارسك نەبوو، بەڵام لەحەڤدە ساڵیدا لەوێ شووی کردبوو پێش شووکردنی بەساڵێ، لەگەڵ باوکیدا خەرکی جووت کردن بوو لەدەشتەکەداو لەوێ پیرەی باوکی بەسەرخۆشی ، پاشان هەڕەشەی مل پەڕاندنی لێکردبوو، ئەگەر لای خەڵك بیدرکێنێ. ئەکسینیا لەمێرگی جووتەکە هەڵاتبوو دایك ڕووگرژی‌و خەمناکی داگرتنی بەدەم‌وچاوی کچەکەیەوە بەدی کردبوو، کاتێ کە زۆر هەوڵیدابوو هۆی ئەم خەمناکیەی پێ بڵێ، ئەو هەواڵەی دابوو بەگوێیدا، ژنەش کە هەمیشە ملکەچ بوو لەژیانیدا خەریکبوو ئەقڵی لەدەستدا.. ئەم بەرازە! لەپەنجا ساڵیداو ئەم کارە دەکا!

یەکسەر ژنە گوڕی خۆیدا بۆ لای کوڕە ئاسنگەرەکەی، ئەمیش هەواڵەکە وەکو هەورە تریشقە بوو بۆی. . بێ ئەوەی ئاگای لەخۆی بێ، شیشێکی قورسی ئاسنی هەڵگرت‌و ڕایکرد بۆ مێرگەلە، کاتێ گەیشتە ئەوێ یەك دوو پرسیاری لە پیرەی ڕاکشاو کردو هاتەو وێزەیی‌و هەموو لەشولاری دایە بەر شیشە ئاسنەکە، توندترین لێدان بەر سەری کەوت، هەردوو گوێی تەقین‌و خوێن‌و کێم لێیانەوە ڕیی کرد. سەرلەئێورە پیرەیی بێهۆشان هێنایەماڵەوە، لەوێ ژنەکەی لەناوی برد، هەر خێراش لاشەکەیان لەکۆڵ کردەوەو بەخەڵك ڕاگەیەنرا کەبە دڵەکوتە مردووە.

پایزی دوا ئەوە ستێپان هاتە خوازبێنی، شایی‌و زەماوەند تەواو بوو، ئەمیش بە گالیسکەیە هێنایە ماڵەوەو لەوێ (ئابڕووچونەکە)ئاشکرابوو، دەبینێ بنی نیە!

ئیتر زاوای تەفرەدراو کەوتە لێدانی بووك، هەموو ڕۆژێ‌و ئەمجار لەعەمبارەکەدا بەدرێژایی هەژدە مانگ بەندی کرد، هەردوو مەمکی دەسووتاند، لەشی دادەگرتەوە بەقامچی.. هەموو ئەمانە لەبەر ئەو شوورەییەی بەسەردا هێنابووی ...بەڵام بەچی دەچێ تازە کچێنی دەگێڕێتەوە بۆ ئەکسینیا!.

ئەکسینیا سك پڕبوو. . پاشان منداڵێکی نێرینەی بوو، بەم شێوەیە کەوتە هەست کردن بەپەیوەندیی بەمێردەکەیەوە، بەڵام پەیوەندییەکی تاڵی تێکەڵ بەترس‌و ئازار، ئەو بەرخۆشی لێی دەترساو بەلەسەرخۆبونیشی هەر لێی دەترسا. بەڵێ، ئەم ژنە خیانەتی لێنەکرد بەڵام خۆشیشی نەدەویست، ئا لەم بارە تاڵوونبوونەدا گریگۆری ڕێگەی بەئەکسینیا گرت. لەچاوی گریگۆریدا تیشکێکی جادووگەرانە دەبریسکایەوە، لەسەروسیمایدا شتێکی دڕندانەو نامۆ دەردەکەوت، زیاترو دیارترش لەوە، گریگۆری سەرکێشبوو، نەلە ستێپانی زل‌و زەبەلاح‌و نەلە زەبروزەنگیشی دەترسا.

لەقووڵایی ناخی ئەکسینیاوە نوشوستی دەست پێکرد.. ڕۆژانی یەك شەممە خۆیدا دەڕازاندەوەو بزەدەیگرت کەلەخۆی دەپرسی: من ئەمڕۆ بەختیارم.. ئایا کریشا دەبنم! لەراستیدا ئەم هەستە نوێیەیە کەمجار ترساندی...بەڵام پاش ئەوەی ماڵاوایی لەستیپان کرد(بەرەو سەربازگە)، کەوتەبەر بلێسەیی لەش، ئایا ڕێگەیەکی هێمنم بۆ بیرو ئەندێشەکانی دەدۆزێتەوە یان سروشتی ژیان زاڵ دەبێ بەسەریدا؟!.

پێشی یەك شەممەی سێ نیە بەدوو ڕۆژ ئەتمن گوندی تاتارسك مێرگەکانی بەسەرقەوزاقدا لەبەرئەوە پیرە بەدڵنتیاییەوە گەڕایەوەو دەیویست پەلە بکا لە دوورینەوەی گژوگاکەدا و لەبەرئەوەی پارچە زەوییەکە گەورە بوو و

دۆنیا كەوتە بیانووی ئەوەی بەتەنیا نتوانێ هەموو گژوگیاكە خڕكتەوە، پانتڵای وایی بەچاكزانی پەنا بەرێتەبەر یارمەتیدانی ئەكسینیای دراوسێیان.

لەوكاتەدا میتكاكرۆشۆنۆڤی، دۆستی گریگۆری بەسەر ئەسپەكەیەوە نوشتابوەوە غاردان هات. دایكی گریگۆری حەزی بەچارەیی نەدەكردو سەرزەنشتی ئەم تەمەڵییەی كرد كەبەسواریی هاتووە، بەڵام ئەو گوێ نەداەو بەدوای گرێگۆریدا دەگەڕا تاوەكو دۆزەوە بە خەوتوویی لەگالیسكەیەكی بچووكدا، بەقرەقرِ بەئاگای هێنایەوەو دەیوت:

ـ هەستە لەگەڵم، سەركۆنەكراوم.. ئەفسەرێك لەپێشبركێدا (تحد)ی كردووم. ئەسپەكەت زینكەو وەرە لەگەڵم. .

گریگۆری ویستی لە كەسایەتی ئەو ئەفسەرە بپرسێ بەڵام كۆمەڵێ جوێن لە دەمی میتكا هاتە دەرەوەو ڕێگەی لێگرت. كورتەی مەسەلەكەش (ملازم اول)ێك بوو بەناوی لیستنتسكی هاتبوو بۆ سەردانی ماڵی مۆخۆڤی دەوڵەمەندو لەگەڵ میتكادا بەیەك گەیشتبوون، لەبارەی چارەویەوە دوابوون‌و میتكا شانازی بەئەسپەكەی خۆیەوە كردبوو و ملازمەكەش پێی ڕاگەاندبوو كە ئەسپەكەی ئەو لە پیتێربوورگ گرەوی بردۆتەوەو ئەو ئامادەیە بۆ گرەوكردن‌و بردنەوەی لەپێشبرك لەگەڵیدا.

بەم شێوەیە هەندێ لاوی قەوزاق لەمێرگەكەدا كۆبوونەوەو میتكا خێرا چوو بۆ لای گریگۆری بۆ ئەوەی لەگەڵی بێت تاوەكو سەركەوتنی بەسەر مولازمدا ببینێت، ئەم بیرە پەسەندبوو بەلای گریگۆریەوەو لەدەركەی پشتەوە خۆی دزییەوە تاوەكو باوكی ڕێگەی لێنەگرێ لەمێرگەكەدا، ئەسپ‌و ماینی بەشداران لەپێشبركێدا ڕیزبوون‌و نیشانەیان بۆ دانابوون‌و هەریەكە لەشوێنی خۆیدا وەستابوو. پاشان مولازم 2،1، 3 ی ژماردو ئەسپەكان بۆی دەرچوون.

لیستنیكی كە نوشتابووە بەسەر كەڵبوسی زینەكەدا تانیوەی ڕێگە لەپێشەوەبوو، پاشان ماینەكەی ماندبوو و بەتایبەتی كەلەم سەفەرەی ئەمجارەیدا سەدوپەنجا میلی بڕیبوو، لەبەرئەوە سەرەڕای چەلەنگی كەوتە پاشگەزبونەوە، لەملاشەوە ئەسپەكەی میتكا پێیدا گەیشت‌و تەكی لەنیشان هەڵچنی، كە گەیشتنە پۆلكەیەكی لماوی كە دەیڕوانیە سەر گۆماوی تساردا، ئەمەش كۆتایی نیشان بوو، ئەسپەكەی میتكا ماینی مولامەكەی لەدوای خۆیەوە بەجێ هێشت بەتەووی. . ئیتر میتكا شانازییەوە شانی هەڵدەتەكاند..چونكە گرەوەكەی بردەوەو سەركۆنەكە ڕەتكردەوە.

كاتێ گریگۆری لەدواییدا بەئەسپە پیرەكەیەوە گەیشت، سەیری كرد لاوەكان كۆبونەوەتەوە لەدەوری میتكا ستایشی ئەسپەكەی دەكەن بۆ مولازم، ئەمیش وەستابوو جگەرەیی دەكێشا بێباك بوو لەسەركەوتنی مێڵەكەیدا، بەم شێوەیە سەركەوتنەكەی میتكا لاوازو كەمبایەخ بووەوە.

لەڕێگای گەڕانەوەدا لەمێرگەكە، گریگۆری‌و میتكا بەئەكسینیا گەیشتن.گریگۆری ویستی سەغڵەتی بكات،بەئەسپەكەیەوە كەوتە لاشانی‌و ئەمجار قامچییەكەی پێداكێشا، ئەسپەش بەقاچەكانی قوڕولیتەی كرد بە ئەكسینیادا.ئەكسینیا وتی:

ـ دەك ماڵت ڕمێ بۆ چ شەیتانێكی نەحلەتیت.

ـ بۆچی پێم ناڵێی (ڕۆژباش)؟

ـ تۆ شایانی ڕۆژباش نیت.

ـ كەواتە با قوڕو لیتە سزات بێ.

گریگۆری بەئەسپەكەی هەڵی كوتایەسەری. .و قیژاندی:

ــ ماینەکەت لێم دوورخەرەوە.. وازم لێبێنە با بڕۆم.

ــ ئەمە ئەسپەو ماین نیە.

ــ وەکو یەك وایە.. وازبێنە با بڕۆم.

ــ وا دیارە لەشەوی ڕاوە ماسییەکە دلگران بووی؟

ــ گریگۆری، لێم گەڕێ با بڕۆم. .. من دلگران نیم. .. ئاخر من. .

لەمکاتەدا متکا وتی:

ــ لێی گەڕێ با بڕوات. . پێم وایە ئەمشەو دەرناچی. . بانگی کردووی بۆ شەوبردنە سەر لەگەڵیدا..گریگۆریش سەری داخستو وەڵامی نەدایەوە.

جەژنی سێینە بەسەرچوو و واڕێکی خەمناکی لە گوندا بەجێ هێشتو کاتی گژوگیا خڕکردنەوە هاتو لەسەر بەیان ڕۆژێکدا کە پەڵەهەورە جوانەکان بەئاسماندا لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر دەچوون، پانتلای گاکانی لەگالیسکەکە بەستو سواری ئەسپە پیرەکەی بوو ئەرکی لێخوڕینی گالیسکەکەی دایە دەستی گریگۆری، پاشان هەموو ڕۆیشتن بۆ سر پارچە زەوییەکەیان. گالیسکەکە باری سووك نەبوو، جگە لەپێویستیەکانی کاروباری دوورینەوە، دەریاو دۆنیاو ئەکسینیاش تێدابوو.ڕوومەتی دەریا قەنعەتو ڕەزامەندی دەنواند.ئەوە منالەکەیەتی جارجر دەیلاوێنێو جارجاریش مەمکی دەختە دەمو دەیوت: خۆم بەبەختیار دەبینم ئەمڕۆ.

دۆنیاش کیژۆڵەیەکی منالبوو یاریو جرتوخرتی بەلاوە مەبەستبوو، بەڵام ئەکسینیا ڕووگرژو حەپەساوبوو. سەروسیمای ناڕەحەتیو دڵەڕاوکێی ناخی دەنواند.

گالیسکەکە گەیشتە سەر زەویەکە، پانتلای دابەزیو بەچوستی قەڵەمبازی دەکوتاو هوری دەکرد:

ــ دراسەکان بێنەگرێگوری.

بەوپەڕی چالاکییەوە کەلاو ئیرەیی پێ ببات بازنەی گژوگیای شوێن داسی پانتلایی پانو فراوان دەبوەوە، ئارەق لەهەردوو لاجانگیەوە دەهاتە خوارو تێکەلاوی ڕیشە ڕەشە پڕەکەی دەبوو، هێشتات هەر بەگوڕبوو لەکاردا، گریگۆریش هەڵمەتی باوکیدابووە خۆی، بەڵام مشکی لەجێی خۆیدا نەبوو، دزە نیگای دەدایە ئەکسینیا، کە گیای خڕدەکرد، یان بیری جەنجاڵی ئەوبوو ئەگەر ئاوڕی نەدایەتەوە. دیمەنی شەوی ڕاوەکەی دەهاتەوە بەرچاو. ئەوا مێرگە پانو بەرینەکەی لەبەرچاوەو ڕووناکییە زیوینەکەی مانگە شەوی دەرژێتەسەر و بۆنی کۆمەڵە پووشە کە کونە لووتی پڕ دەکاو قژە تەڕەکەی ئەکسینیا لەنێو پەنجەکانیدایەو لەو یادگارییە هەستی قووڵو خۆشی لای گریگۆری پەدادەبێو ئارەزووی لێیە بیهێنێتە دی. .

تالە دەزووی یادگاری یەك بینە دەکشایە سەری گریگۆرییەوە.

لەم کاتەدا دەنگی پێکەنینێکی لەپشتەوە هاتەگوێ ئاوڕدایەوە، دەریا لەژێر گالیسکەکەدا پالکەوتبوو،و ئەکسینیا چەمابوەوەو بەسەریداو شتێکی بەگوێدا دەچرپاند، و هەردوك پێدەکەنین، زرنگەیەك لەپێکەنینەکەی ئەکسینیادابوو، وەساردییەکیش لەپێکەنینەکەی دەریادا. گریگۆری وتی: (لەژێر ئەو دارەدا داسەکەم تژدەکەم).

لەوساتەدا کوڕەکەی لاو هەستی کرد داسەکە گۆشتێکی تەڕوبڕ دەبڕێ، داسەکەی بەرزکردەوەو پەڵەیە خوێنی پێوەبوو، داچەمییەوەو مراوییە کێویلە بچوکێکی هەلگرت. . پاشان بەمردارەوەبویی فڕێیدایە سەر زەوییەکە.

داسەکە کردبویە دووکەرتەوە. دۆنیا ڕاوەستانی براکەی بینیو وتی:

- چیت دۆزییەوە گریگۆری؟
- مراوییەك بوو، مرداربووەوە.

ئیش بەردەوام بوو تا کاتی نان خواردنی نیوەڕۆ. خۆراکیان لەماڵەوە هێنابوو، پێکەوە نزیکی گالیسکەکە نانیان خوارد، پانتلای وتی:

- پێویست ناکا بچینە ماڵەوە، گاکان بەرەڵڵا دەکەین بلەوەڕێن،و خۆیشمان ئەمشەو لێرە لەمێرگەکەدا بەسەردەبەین.

بۆ شێوان پانتلای ئاگری کردەوە، کەمێ دانیشتن، پاشان بڵاوەیان لێکرد بۆ ئەوەی تۆزێ بحەسێنەوە دوای ماندوێتیو شەکەتبوونی ئیش کردن. بەڵام گریگۆری لەنیوەشەودا هەڵساو خرایە نێو گالیسکەکەوە، پرخە پرخی باوکی مرگی هێنابووە نیگەرانیو لەپاڵ گالیسکەکەدا تارماییەك دەرکەوت بەئەسپایی دەهاتە پێشێ، لەدووری سێ هەنگاوە تارماییەکە بۆ گریگۆری ڕوون بووە، ئەکینیابوو دڵی گریگۆری کەوتە خورپە،و بەگگۆلکێ لێی نزیك بوەوە، چمکی فەروەکەی دابوەلا.

لەشە بلێسەدارە خۆبەدەستەوەداوەکەی ئەکسینیای گوشییە سنگییەوە.

ئەکسینیا لەرزی. . هەردوو چۆکی بەیەکدا دەهاتن.. نەیان ئەتونی ڕاگیریکەن. .و نوشتانەوە.

گریگۆری هەڵیگرتو فرێیدایە سەربالی، وەکو چۆن گورگ نێچیرەکەی هەڵدەپرووکێنێو دەیخاتەو سەرپشتیو بەهەناسەبڕکێو سەرسمدان بۆی دەرچوو. .

- ئای کریشا، کریشا، باوکت. .
- هێدی بە. .

بەڵام خۆی لێ ڕزگار کرد، چونکە چەمۆڵەکانی ئازاری دەدا،، تەنانەت دەنگێکی سووکیشی لێوە هات، کاتێك دەربازبوو و وتی:

- دامنێ، ئێستا بایەخی چی، من لەگەڵتدا دێم.

خۆشەویستی ئافرەتی قەیرە ن شینەو نە سوورە. . ئەو دڕو هارە وەکو گژوگیای (سیکران)ی قەراخ ڕێگایە.

ئا بەم شێوەیە بوو خۆشەویستیەکەی ئەکسینیا، دوای تەواوبوونی گیا دوروینەوە ڕوومەتی دەتوت ئاگری تێبەرداوە، پەردە لەڕووی کارەکەی لەگەڵ گرێگۆریدا لاچوو، ژنانی گوند خۆیان لێی دورەپەرێز دەگرت. کچەکانیش بە لووت بەرزییەوە بزە دەیگرتن، بەڵام ئەو خۆی شانازی بەتاوان دەرکردو بە بەخۆوەنازینەوە لووتی لێ هەڵبڕیبوو، ئەو لەشی دەسووتا. . و ئەوا ئەو کەسەی دۆزیوەتەوە کە گڕو بلێسەی دابمرکێنێتەوە.

لەدواییدا پانتلای بۆنی ئەم هەواڵەی کرد، لەوەپاش ڕۆژێکیان لەدوکانی مۆخۆڤی کووتاڵ فرۆشدا ئەم ئابڕوچوونە وەکو زللەیەك درا بە پەناگوێیدا، ئەویش ئەوەبوو کەخوەن دوکانەکە هۆی کەم هاتنە بازاڕی لێ پرسی، پیرەش پۆزشتی هێنایەوە بەفرە ئیشیو وەرزی گیادوورینەوە، خاوەن دوکانیش وتی:

- خۆت لەئیشدا ماندوو دەکەیتو ئەم دوو کوڕە لاوەت هەیە؟
- نەخێر، بەڵکو پیۆتەر چووە بۆ سەربازگە. .و هەر خۆمو گریگۆری ماوینەتەوە.
- ئەی نتەوێ ژنی بۆ بێنی؟
- جارێ بیرم لەوە نەکردوەتەوە.

ـ بەڵام ئێمە وامان بیستووە کە تۆ خەریکی ژنەکەی ستیپان ئەستا خۆڤ بکەیتە بووکی خۆت.

ـ بووکی خۆم، مێردەکەی هێشتا لەژیاندایە

ـ گاڵتە ناکەم، بەڵکو ئەم هەواڵەم لەزۆر کەسەوە بیستووە.

پانتلای سەری داخست. .پاشان وەرچەرخایەوەو گەڕایەوە ماڵێو لەمێشکی خۆیدا دەیوتەوە(دەبێ کەوڵت کەم ئەگەر ئابڕووی دراوسێت بردبێ).

کاتێ کە هەڕەشەیی بەم وشانە لە کوڕەکەی کرد لە بەلەمەکەدا لەلێواری دۆن، بەڵام وادیارە کار لەکارترازاوە.

پانتلای لەوپەڕی ڕقو تووڕەبووندا بوو لەکاتی بەرەو ماڵ بوونەوەیدا چ ریسواییو ئابرووچونێکی بەترەفە ئەی ئەکسینیا،ئەو ژنەی شەرەفو ئابڕووی مێردەکەی بردوە.. چ قەحبەیەکە.

پانتلای بڕیاریدا لەپێشدا گشت ڕقو تووڕەییەکەی بەسەر ئەکسینیادا بڕژێنێ. . بەسێ پلیکانەکانی ماڵی ئەواندا سەرکەوتو بینی دەچێتە ژوورەوە بەلەنجەولارەوە

9/12

گریگۆری قسەی بۆ نەکرا. ..ووشك بوو لەشوێنی خۆیدا.

لەپڕ ئەکسینیا هەستی بەلێشاوێکی بێ پایانی سۆز کرد..ملی ماچ کرد، سەری ماچ کرد، هەروەها رومەتیو تووکە ڕەشە چڕەکانی هەردوو قۆڵی. .پاشان پاڕایەوەو وتی:

ـ تۆ خۆشەویستمیو هەموو شتێکمی کریشا.. وەرە لەگەڵم. .لەگەڵم بمێنەرەوە، هەڵبێنن، بابچین بۆ کانەکان، لەوێدا خۆشەویستی گەشەدەکاتو دەژی، لەوێ مامێکم هەیە لە وێسگە ئیش دەکا، یامەتیمان دەدات، بابڕۆین لەجێی گشت کەسمی.

بەڵام گەرمی ئەم سۆزە تووشی ئەو نەبوو. وەکو پەیکەرێ مایەوە..و بەدەنیگێکی ڕقەوە وتی:

ـ تۆ شێت بووی ئەکسینیا..چۆن دەتوانم ئەم دەشتە بەجێ بێڵم! ئەم زەوییەی قەوزاق سەودا سەری بوون هەرپیتو بەرەکەتە، بەڵام لەوێستگەدا..تەقەو ناڵەی ئامێرەکان، ئاووهەوایەکی خنکێنەر، ژیانێکی نالەبارە.. من قەت ئەم گوندە بەجێ نایەڵم.

کاتی ئەوەهات قەوزاق بگەڕێنەوە بۆ گوندەکانیان، قەوزاقی تاتارسك ئەسپەکانیان لەگالیسکەکان بەستو کەوتنە ڕێو لەو گالیسکەیەدا کە ستێپانی تێدا دەگەڕایەوە، پێوتەرو کریستۆنیاو ئەکسلیشی تێدابوو، گشتیان خەڵکی هەمان گوندبوون. هەستو سۆزی ستیپان بەرانبەر پێوتەر گۆڕابوو، ئەو ئێستا لەوپەڕی ڕقو کینەدایە بەرانبەری، تەنانت بەدوایی هەلێکدا دەگەڕێ کە بیانوویەکی پێ بگرێو بیکا بەشەڕ لەگەڵیداو سەروپۆتەلاکی بکوتێتەوە.

ماینەکەی ستیپانو ئەسپەکەی پێوتەر بەسترابونە گالیسکەکەوە، پێوتەر جڵەوەکەی گرتبوو ستێپانیش بەتەنیشتی گالیسکەکەوە دەڕۆیشتو بەقامچییەکەی ئەو سەرە دڕکانەیی دەقرتاند کەلە قەراخ ڕێگەکەدا سەوزبوون، لەناکاو ستێپان ئاوڕی دایە لای پێوتەرەوە و وتی:

تۆ دەڵێم، هۆوو، ئەوە لەماینەکەم دەدەیو لاقەی ئەسپەکەی خۆت ناکەی. .

ـ ئەوە چیتە! من لەو ماینە دەدەم کە گالیسکەکە ڕاناکێشێ.

ـ ئاگات لێ بێ، ئەگینا دەتبەسمە ساپیتەی گالیسکەکەوە..چونکە ئەوێ شوێنی شیاوی تۆیە.

پاشان ستێپان سەرکەوتەسەر گالیسکەکە، بەتوندی پاڵی نا بە پێوتەرەوە، کە گالیسکەکە کەوتە هەشۆکەو لاربوەوە.

کاتێ پێوتەر ویستی بەرگری لەخۆی بکا، ستێپان مستە کۆڵەیەکی تێسرەوانو دای بە زەویدا، پاشان پەرییە سەریو سەری خستە قورشاوەکەوەو چۆکی خستبووە سەر سنگی پێوتەرو هەرچەندی دەکرد نەیدەتوانی لەژێریدا خۆی دەربازکاو ستێپان دەمو ڕوومەتی بە مستەکۆڵە داگرتبووەو پێوتەر خەریکبوو لەژێریدا گیان دەرچێ، کاتێ کریستۆنیا کەوتە ناوبژیو ستێپانی دورخستەوە، پێوتەر هەڵساو خوێنی هەڵدەهێنایەوە. لەبەرئەوەی لەئاستی هێزی ستێپاندا نەبوو قایل بوو بەبەزینی خۆی بەهەموو تاڵییەکەوە.

گالیسکەکە کەوتەوە ڕێ، هەر کەچەند هەنگاوێ ڕۆیشت کەوتە لەرەلەرو لاربووەوەو مانیەکەی ستێپان دەستی کەوتە چاڵە سمۆرەکەیەوەو شکا هەروەها سایپتەی گالیسکەکەش شکا، کریستۆنیاو ستێپان چوون بۆ لای پیرەژنە پشت کۆمێکی ناسیاو لەگوندێك لەو نزیکانەدا، کەهات تەماشای ئەژنۆی کردو پاشان وتی:

ـ شکانی تێدا نیە..کاکەی قەوزاقی لای من بەجێی بێڵە، چاکی دەکەمەوە.

کریستۆنیا دایە قاقای پێکەنینو وتی:

ـ ئێ باشە..لای ئەو بەجێی بێڵە چاکی دەکاتەوە. برا دەترسم کە گەڕایتەوە بەیتاڵەکە هیچی لەچوار دەوری ماینەکە نەهێشتبێتەوە..سەیری کۆپارەی پشتی کە، وەکو کۆپارەی شەیتان وایە. . بەمجۆرە گالیسکەکە بە ماینێکی دیکەوە بەسترایەوەو ستێپان سواری ئەسپەکەی کریستۆنیا بوو، کە بەخوایشتی بەپێی خۆی لەو قوڕاوەدا بەتەنیشتی گالیسکەوە دەڕۆیشت.

بەئەندازەی ئەوەی کەستێپان بەبەرۆش بوو بۆ لەناوبردنی پێوتەرو دوژمنایتی کردن لەگەڵیدا، ئەکسینیا بەپەرۆش بوو بۆ سەرنەکەوتنی ژن هێنانی گریگۆریو هێشتنەوەی بەجۆری گوێرەکەی چڵێس بۆ دامرکاندنەوەی گڕوبڵێسەی تاوسەندوی. ئەوا بەتاریکی شەو دەچێ بۆ لای پیرێژنێك لە گونددا کە ناسراوبو بەجادووگەریو مانگرتنەوەو ڕێکخستنی نێوان دڵداران، داوای یارمەتی لێکرا.

ـ ئای چەند سوتاوو پەرۆشم بۆی نەنکە.. خۆزگە خاکی ژێر پێم ماچ دەکرد..چمکو پاڵیمی تەنورەکەم ناتوانم کۆکەمەوە..یارمەتیم دە نەنکەهەرچیت دەوێ لەئۆغر تام.

ـ ئەوە کێیە؟

ـ گریگۆری میلیخۆڤە.

ـ تێگەیشتم، تێگەیشتم، سبەینێ وەرەوە، تۆزێ خوێ بێنەلەگەڵتا دێم بۆ دۆن..تەنیا ئەو دەتوانێ سۆزو پەرۆشت بشتواتەوە.

لەرۆخی ئاوەکە، درۆزدیخا خوێکەی هێنا هەندێکی ڕشتو نیشانەی خاچی کێشا، پاشان بەئەکسینیای ووت کەبە گوێلی ئاوەکە چەلگۆزێو بیخواتەوە، ئەمجار پیرەژن بەچیچکانەوە دانیشتو کەوتە چپەچپ:

(ئەی تەوژمە بەستۆڵەکە سەرکەوتوەکان لەقووڵایی دۆنەوە..جەستەیەکی رازاوەو پەرۆشێك لەدڵدا، بەناوی خاچ. .و بە دایکەوە...بەندەیی خوا گریگۆری ).

پیرەژن هەندێ خوێی دیکەی پەرژاندە سەر لمەکەو هەندێکی خستە سینگی ئەکسینیاوە نزیك بەدڵی. .پاشان بەشوێنی خۆیاندا گەڕانەوە، ئەکسینیا بەهەست کردن بەدڵنیایی ڕایکردە ماڵەوەو لەبەردەمی ماڵدا دەریا، کەدەرچووبوو بۆ مانگا دۆشین، بەدیکردو لێی پرسی لە کوێ بووە:

ـ لەسەردانێك بووم لەئاواییدا.

دەریا کەوتە پێکەنین چونکە سەردانی شەوان گومان لێکراوە.

چێشتەنگاوی ئەو ڕۆژە ستێپان گەیشتەوە گوندی تاتارسك، دەست بەجێ ڕۆیشتەوە ماڵی خۆیان. ئەکسینیا لەسەر لاتەختەکەوە بینی وادێتو دەستی لەسەر مشتووی شمشێرەکەیەتی، پیاوە بەسستیو ساردێکەوە هاتەپێشێ، تاوەکو لەبەردەرگاکەی خۆیدا وەستا، سەروسیمای گۆڕابوو، لەشی پوکابووەوە، ئەکسینیا بەقنگەلەقێ چوو بۆ لایو ناوشانی تێکردو وتی:

ـ لێمدە، لێت ناشارمەوە.. کەوتوومە نێو تاوانو گوناهەوە.

بەڵام بەلایدا تێپەڕیو چو بۆ جێگە خەوتنەکەو لەسەر ڕاکشا بێئەوەی پێڵاوەکانی داکەنێ.

پاشان وتی:

بەرچایی حزرە؟ شتێکم بۆ بێنە.

ئەکسینیا هەندێ ماسی بۆ هێنا، ووشك ڕاوەستا لەبەردەمیداو لەشی هاتبوە لەرزین، کاتێ ماستەکەی تەواوکردو نیشانەی خاچ کێشا، سەری بۆ بەرزکردەوە وتی:

ـ ئێ. .ئێستا، پێم بڵێ چۆن بەبێ ئارامی چاوەڕێی مێردەکەت کردو شەرەفو ئابرووت پاراست. مستەکۆڵەیەکی سامناکی بۆ داهێنایەوەو هەوڵیدا بۆ لای دەرگاکەو خەریکبوو بڕبڕەی پشتی بشکێ کە کێشایی بەدەرگاکەدا، ئەوەش سەیر نەبو بۆ ستێپان چونکە مستەکۆڵەیەکی ئەو بەس بوو بۆ هاڕینی ئێسكو پروسکی پیاوێك لەپاسەوانانی تسار. ئەکسینیا کەوتە هەڵپەکردن، وەکو پشیلە دوای جووتبوون هەڵسایەوە، هەوڵیدا ڕابکات بەرەو پەرژینەکەی ماڵی میلیخۆڤی دراوسێیان.

لەم کاتەدا ئەلیکس شامیل لەوێوە تێدەپەڕی، دڵڕەقیو تووڕەیی لەچاوی ستێپانو ملکەچیو سەرشۆڕی لەلەشی ئەکسینیادا بین، لەبەرخۆیەوە وتی: (قەوزاقی ئاوەها ژنی خایەن بەخێودەکا، تۆ بڵێی گیانی بکێشێ!)، پاشان بەڕێی خۆیدا ڕۆیشت. لای پەرژینەکەدا ستێپان خەریکی سەماکردنی قەوزاقان بو، هەڵدەبەزیو ڕەوتی دەکردو مستەکۆڵەکانی دادەهێنایەوە بۆ هەموو بستێکی لەشی ژنەکەی، گریگۆریو پێوتەر لەماڵی خۆیانەوە دەمەیان بەرچاوکەوت، خێرا دەرپەڕین بۆ شەڕکردن لەگەڵیدا. گریگۆری لەناکاو لەپشتەوە پڕیدایەو کەوت بەسەریدا، بەڵام مستەکۆڵەیەکی ستیپان توڕیدابو خەریکبوو لەئێشو ئازاردا بگری. پێوتەریش بەشی خۆی بەرکەوت لەمستەکۆڵەی ستێپان، دەموچاوی هەڵاوساو شینبووەو چەند دانێکیش کەوتنە ناو دەمی، لەشولاریش چەند ڕۆژێ تێکشکابوە سەریەکدا. ستێپان زاڵ بووبوو بەسەریاندا، ئەگەر بهاتایە کریستۆنیا بەوێدا گوزەری نەکردایەو لێکی نەکردنایەتەوە، ستێپان پێوتەری دەکوشت.

بۆ سبەینێ بەیانی، پانتلای فەرمانیدا بەدو کوڕەکەی کە گالیسکەکە ببەستن، پاشان خۆیو ژنەکەیو ڤاسیلیا، کە خزمێکیان بوو، سەرکەوتن. ئەسپەکانی دایە بەرقامچی بەرەو ماڵی میرۆن گریگۆرۆڤیچ. کاتێ میوانەکان چونە ماڵەوەو گریگۆری تۆزێ دواکەوت، میرۆن بەخێرهاتنی لێکردو هۆی ئەم سەردانەی لێپرسین، پانتلای وتی:

ــ بەمیوانی هاتوین میرۆن.. هەروەها کارێکیشمان هەیە.

ــ بەخێربێن سەرچاوان، کارەکەتان چییە؟

کچێکی عازەبت هەیە ناوی ناتالیایە، منیش ئەم کوڕەم، گریگۆری، عازەبەو دەمەوێ بیکەیت بە کوڕی خۆت.

میرۆن بەسەرسامیەوە سەرە رووتاوەکەی خوراندو وتی:

ــ بەڵام ئێمە بیرمان نەکردوەتەوە لەبەشودانی، ئەم پایزە.. وەکو دەزانی ئەو هێشتا منالە.و ئەمساڵ ئیشێکی زۆرمان هەیەو. .و..

قاسیلیا.. کە گسکەکەی ناتالیای دزیبوو لەپەنا ماڵەکەدا.و دابو نەریتیش وایە ئەوەی گسکی کچەکە بدزێ داواکارییەکەی ڕەت ناکرێتەوە، هەڵیدایەو وتی:

ــ ئەو منالْ نیە، بەهاری هەژدەمینی تەواوکردوە، ئیشە زۆرەکەشتان، ئێمە گشتمان یارمەتیتان دەدەینو. .دایکی ناتالیا بێتاقەتانە هەڵیدایەو وتی:

ــ زۆر کەس خوازبێنییان کردووە.. کچەکەمان کات نەهاتووەو منالە.

پانتلای هەستی کرد کە داواکارییەکەی دەردرێتە دواوە، ڕومەتی سوورهەڵگەڕا وەکو ڕەگش چەنەوەرو پێی وتن:

ــ ئەگەر خوازبێنی کەرێك بێتو پێی ڕازی بن وابزانم لەوکاتەدا گەورەدەبێ.. ویستی هەڵسێ. .بەڵام قسە نەرمەکانی دایکی کچەکە وای لێکرد کەمێ چاوەڕێ بکات، هەروەها زمان پاراوی ڤاسلیایش لەاسانکردنی کاروباردا و ستایشی کردنی هەردوو بنەماڵە خوازبێنی کەرو خوازبێنیکراو، میرۆنی نرمکردو وتی:

ــ بەهەرحاڵ کچەکە بانگ دەکەین. . دواییش چەند رۆژێکمان مۆڵەت بدەن. بابزانین.

ناتالیا هات، کچە قەوزاقیەکی شەرمنی جوانبوو، لەماڵە باوکێکی دەوڵەمەندا پێگەیشتبو، زیاتر حەزی بەناسکیو گەنجەفە دەکرد، گریگۆری پەسەندی کرد، بەڵام نەك بەڕادەی خۆشەویستی دلڕفێن: ئەو ئافرەتێکەو بەس، بەم شێوەیە پانتلای ئەوێی بەجێهێشت بێئەوەی میرۆن قسەیەك لەبارەی خوازبێنیەکەوە بداتە دەستەوە بە ئایا یان نە.

ستێپان نەیدەزانی کەئەو تا ئەو ڕادەیە ئەکسینیای خۆش دەویست کاتێ کەلە سەربازگەکە هاتەوە،دوای ئەوەی کە جێگیربوو لە گونددا، جانەوەرێتی ڕقوکینە لەسنگیەوە بەرەڵلابو.. ئەکسینیای دەبینیو خیانەتەکەی دەبینی، لەوخیانەتەدا بەختەوەرییەکی هەرەس هێناوی دەبینی، هەر ەوە نەبوو شێت نەبێ.. خووی ئازاردان زاڵ بوو بەسەریداو هونەری جۆربەجۆری تێدا بەکاردەهێنا، دەیداتە بەرچەپۆك، شەق، هەردوو گوێ مەمکی ڕادەکێشا پاشان بەئاگر داخی دەکردن. فرمێسکەکانی وشك نەدەبونەوە، هرەچەندەهەستوخۆشی سڕبوو بوو، جۆرەهای دارکاریو ئازاردانی بەسەر ئەم ژنەدا پەیڕەوی دەکردو دەیویست وردو درشتی ئەم پەیوەندییە ئابڕوبەرەی لەگەڵ گریگۆریدا بگێڕێتەوە.

بەڵام ئەو بڕیاری ڕەتکردنەوەی ئەم داواکارییەی ڕاوچی دەبێ با ببێ. ئیتر تۆڵەکردنەەی گڕی تێبەردەبوو و هارو شێت دەبوو.

رۆژێکیان ستێپان بڕیاریدا دەستکتە درەو، مەکینەی درەوەکەی بەستە پاشکۆی چارەویەوە چو بۆ مێرگەکە، ئەکسینیا کاتێ کە هەندێ خۆراکی بۆ دەپێچایەومە لە دەرگاکەدا لێی پرسی:

ــ کەی دەگەڕێیتەوە؟

ــ سەرلە ئێوارە.

ئەکسینیا کەمێ هەستی کرد بە دڵئاسودەیی، چونکە گریگۆری سەرلەبەیانی ئەو ڕۆژە چاوی پێکەوتبوو لەقەراخی دۆندا کاتێ کە ئاوی دەهێناو داوای لێکردبوو بێتە لای بۆ کەپری گوڵەبەرۆژەکە، پاش ڕۆیشتنی ستێپان.
کەئەکسینیا دڵنیابوو لەوەی مێردەکەی دورکەوتوەتەوە، بەریسواییەوە خۆی دزیوە بۆ کەپری گوڵەبەڕۆژەکە.
لەدورەوە سینگەڕەشە تووکنەکەی گریگۆری نزیك بوەوە..و لەتەنیشتیەوە دانیشت، ئەمیش کەوتە سکاڵاکردن لەوەی کە ستێپان پێی دەکا. ئەمجار سنگی پڕ پەڵەی سیپ‌و مۆری بۆ دەرخستو دەستنیشانی ڕەشی ژێر چاوەکانی کردو سێ ڕوبار فرمێسك ڕێی دەکردو لای سەرەوەی کراسەکە تەڕکرد..بەڵام ئەمانە هەمووی ڕێگای لە گریگۆری نەگرت کە بڵێ:
ــ ئەکسینیا، من بیرم کردووەتەوە لە..
ــ لەچی؟
گریگۆری قوڕگی گیراو بەزەیی پێداهاتەوەو هەستی بەهەندێ ئازاری ویژدان کرد. بەڵام الّبوو بەسەرئەوەدا وەڵامی دایەوە وتی:
ــ لە سنور دانانێك بۆ ئەم پەیوەندییەمان.
ئەکسینیا لەتەنیشتیەوە دورکەوتەوە.. بەڵام دوبارە هێمن بوەوەو بەدەم هەنسکدانەوە.
ــ وەکو دێڵەسەگ پیست کردم. . ئا ئەوەتا وازیشم لێ دێنی. . هەمووتان وەکو یەکن، جانەوەرن.
ــ وێت لێ بێ، ئەکسینیا.. من.
بەڵام ئەو هەڵسایە سەرپێ‌و بێ ئەوەی گۆی پێ بدا بۆی دەرچوو، تەنیا گریانێکی پڕ ئێش‌و ئازار دەهاتە بەرگوێی گریگۆری.
کە وەختی دروێن دێت پەڵەیەك لە زەوی دواناکەوێ بەهۆی تەمەڵییەوە، بەم شێوەیە پێویست بوو لەسەر پێوتەرو گریگۆری کە مەکینەی درەوەکە ئامادەکەن‌و دەست بکەنە کار لە زەوییەکەیاندا. لەوێ لەکێڵگەدا پێوتەر ئارەزوویی گاڵتەکردنی کرد لەگەڵ گریگۆریدا، بەگەپجاڕییەوە زمانی دەرهێناو وتی:
ــ ئەمە چیە گریگۆری؟ دەریا بۆی باس کردم کە گوێی لەخشەخشێك بوە لەکەپری گوڵەبەڕۆژەکەدا، وە وتی خۆم لێ داگرتوون‌و بەجووتە گریگۆری‌و ئەکسینیام پێکەوە بینی لەوێ.
ــ وا لەمە بێنە پێوتەر، ئەگینا تێکی دەدەم لەگەڵتا (شەڕدەکەین).
ــ ئێ. . ئێ. . چیتان دەکرد؟
ــ ئاوەها. .
گریگۆری تاوی‌دایە شەنێك‌و سرەواندیە کەلەکەی پێوتەرو پەلاماری‌داو بە گوڕی گورکێك کە برسێتی پرژەی لێ بڕی بۆی تووڕدا..لەڕاستیدا گورکێکی ڕاستقینە بوو کاتێ کە دانەکانی جیڕدەکرو هەر لەو گوێی لێ خپ کرد، بەڵام پێوتەر لەو کاتەدا خۆی لاداو دەربازبوو وتی:
ــ بەڕاستی تۆ تورکی کوڕی تورکی. .ئەمەت لەباوکتەوە بۆ ماوەتەوە..
پاشان پانایی شەنەکەی کێشا بە پشتی گریگۆریدا، ئەمیش دەستی لێ بەرزکردەوە(تورکایەتیەکەی لێ ڕەوییبوەوە).

ژنێك لەنزیکی کێڵگەکەیانەوەبوو، شەڕەکەی دیبوون، خێرا چوبوو بۆ ئاواییو بەهەناسە بڕکێوە بە مێردەکەی وتبو: (پانتلایە تورك ئاگادارکەرەوە.. دوو کوڕەکەی شەڕ دەکەن.. خوێن ڕژاوە نەیبینی چ بەزمێکە).

پیاوەش قسەو باسی ژنەکەی گەیاندە پانتلای، ئەمیش کەوتە قەڵەمباز تا گەیشتە لای ماڵ، سواری ئەسپە پیرەکەی بوو بەغاردان تێی تەقاند بەرەو دەشتەکە، کاتێ گەیشتە کێڵگەکە ڕوانی هەردوکیان درەو دەکەن، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا قامچییەکەی ڕاوەشاندو نەڕاندی وتی:

ـ کوڕی قەحپ نیە، لەبەر چی بە شەن شەڕتان کردووە.؟

پێوتەر پێکەنی، پێی وت کە هیچ شەڕێك نەبووە، ئەوە هەردوکیان ئیش دەکەن.

ـ کەواتە، چۆن ئەو ژنە بینیونی؟

ـ ئەو کەسی نەبینیوە.. لەوانەیە خەونی بینێ.

ـ بەو قەحپەیەی نیشان ددەم، حەز دەکات ئابڕوم ببا لەئاواییدا! دەیبینێ.

ئەو کاتەی کە دانرابوو بۆ گەڕانەوەیی خوازبێنیکەران، نزیك بووەوە. میرۆن سەری سوڕمابو، لەم کارە لەهەموو ڕویەکیەوە، کۆڵیبوەو نەگەیشتبووتە هیچ بڕیارێ هێشتا. بەڵێ ژنە پیرەکەی دەیویست لە پێشدا مارە ببڕێ، پاشان بگوێزرێتەوە.. بەڵام باوکی وای دەبینی کە گریگۆری درێوو ناشرینەو ناوبانگی خراپە، لەبەرئەوەی مێبازە، ئەمەو سەرباری ئەوەی کە لەبنەماڵەیەکی هەژارە.

لەم شێوە هەڵوێستەیدا میرۆن ناوبانگی زۆر لاوی هەڵەدا دەوڵەمەنترو بەڕێزتربون لە گرێۆری و بنەماڵەی (تورکەکان)لە تاتارسکدا، بەڵام وای بەچاکزانی کە بیروڕای ناتالیا خۆی بزانێ لەو بارەیەوە. لەسەر ئەم داخوزییە قسەی بۆ کردو لێی پرسی کە ئایا ڕازی دەبێ بەگریگۆری، ئەمیش لە وەڵامدا وتی:

ـ بەڵێ، کەسی دیکەم ناوێ جگە لەو ئەو.

میرۆن باسی کەموکوڕییەکانی بۆ کرد، بەڵام ئەو هەر سوور بو لەسەر قسەی پێشووی‌و کەوتە گریان، کە میرۆن ئەمەی بینی لەبەرخۆیەوە وتی: (شێتو گەوجە. نۆ مامانیەو نێرە ئەسپی دەوێ)

لەم سەرسوڕمانەدا، پانتلای هات بۆ سەردانی میرۆن‌و دەزگیربوونی ئەنجامی داواکارییەکە دوای بەخێرهاتن‌و ڕێز لێگرتنی قەوزاقییانەی ئاسایی میرۆن وتی:

ـ ئێستاش، وا بڕیارماندا کچەکەتان بدەنێ.

دەم‌وچاوی پانتلای گەشایەوە، کەوتە بانگکردنی بە خەزووری خۆشەویستم، پاشان خۆشەویسترین خزمم.

هەردوك گفتوگۆیان کرد لەسەر ئەو شتانەی پێویستە پانتلای بیداتە بووك، میرۆن دوای ئەوەندەی نرخی مانگانەیەکی کرد، بەجۆرێ کە پانتلای بڵێ:

ـ مانگانەیەکی شیردەر! لە مۆلگە دەری بێنن‌و لەبازاڕدا بیفرۆشین!

میرۆن دەنگی بەرزکردەوە وتی:

ـ مانگانەیەکت پێ زۆرە! ئەمە دابونەریتی کۆنی قەوزاقەو دەبێ ئەم نەریتە پەیڕەوی کەین. بەم جۆرە ڕێکەوتن لەسەر گواستنەوەی لەسەرەتایی ئابدا، ئەمجار شوشە ڤۆدکا هەڵبچراو خوێنەکەی ڕژان ناوسکی پانتلایی‌و میرۆنەوە.

ماڵی میرۆن جەنجاڵی وەخۆکەوتن بون بۆ شایی‌و زەماوەندی گواستنەوەی کچەکەیان، دایکی ناتالیا ڕۆژی لەلای ژنە بەرگدروەکە دەبردەسەرو یارمەتی دەدا بۆ ئامادەکردنی جلوبەرگی بووک، لەملاوە ناتالیا هەر خەریکی چنین بوو، کە دەستی بەتاڵ دەبوو لەئیش‌وکاری ناوماڵ چونکە ڕێ‌و ڕەسم وایە کە بووکی قەوزاقی دەستکێشێك‌و ملپێچێکی (تقلیدی)بچنێ لەپێستی بزن‌و بەدیاری پێشکەشی کاتە زاوایی خۆشەویست. گریگۆری ناوبەناو سەری دەدا لە خەزورانی، هەموو جارێ ناتالیا بە شەرمەوە لێی نزیك دەبووەوە بەپەردەیەکی عوزری جوانەوە، بەڵام ئەم پەردەیە جار دوای‌جار دەکشایەوە، بەسلوکی‌و لەسەرخۆییەوە، ناتالیا لەیادی ناچێ کە چۆن میتکای برای حەزی لەوەڕیکردنی دەکردو گاڵتەیی لەگەڵ دەکردو پێی دەوت: (گریگۆری شەیدای گازگرتنە، ئەو بەمە ناسرابو کاتێ کە پێکەوە دەچوین بۆ قوتابخانە)و ناتالیا بەترس‌و حەزەوە بیری لە گازگرتن دەکردەوە.

لەملاشەوە میرۆن سەرقاڵی ئیش‌و کاربووبوو، ئەویان لە کێڵگە دەمایەوەو یان چاودێری ئاژەڵەکەی دەکردو سامانەکەی زۆر دەکرد. باوکی میرۆنیش، پیرێکی کەفتەکاربووو بەتەنیا ئەو سۆزو خۆشەویستی ڕۆژاوابونی نزیك دەبووەوە، هاکات زانی چرایی تەمەنی کوژایەوە.

دواجار کاتی ئەوە هات زەوی فەڕو پیتی بداتە دەستەوە. چوار گالیسکە ئەسپی ڕەخشن ڕایان دەکێشان بەرەو ماڵی میرۆن کەوتنە ڕێ بۆ گواستنەوەی بووك.

لەهۆڵە گەورەکەی ماڵدا مریشکی کوڵاوو نجڕنجڕکران بەپەنجە ئەستورە چون لقەشەنەکانی قەوزاق‌و سکی گۆە ڤۆدکا هەڵدرا..و قەوزاق کەوتنە سەماکردن..تەنانەت قانتڵایش بەوئەندازەیەی قاچە شەلەکەی بواری دەدا هەڵدەبەزییەوە. تاوەکو پەڵە هەوری دوکەڵی جگەرە کۆبووە لەڕاسەی ئاهەنگێکدا، دەستە بچکۆلانەکانی ناتالیا لە گوشاردنی دەستە ئەستورەکەی گریگۆریدا تەڕبوبون..ئیتر پانتڵای بەلەتردان هەڵسایە سەرپێ‌و داوای لە خەزورانی تازەی کرد کە ڕێگەی ڕۆیشتنیان بدەن..

کاتێ گالیسکەکەی گریگۆری‌و نتالیا گەیشتنە پەنا ماڵی ملیخۆڤ، بوك‌وزاوا پێکەوە دابەزین‌و ماندوێتی تەواو ڕەتاندبوونی، گریگۆری لەبەرخۆیەوە کەوتە نەفرەت لێکردنی ئەو دابونەریتەوە ڕسهێنەرە لەئاهەنگ ژن هێناندا. ئێستا وادیاربوو هەموو شتێ تەواوبوە، بەڵام دەریا قەشەو کڵێسەی بیرکەوتەوە، چونکە قەوزاق زۆر بەڕێزو خۆشەویستییەوە ناڕواننە کڵێسەو چاودێرانی، بۆ تەواوکردنی دابونەرێتی ئاسایی، گریگۆری‌و ناتالیاو کەس‌وکاریان چۆن بۆ کڵێسەو لەوێ‌و هەردوك ئەڵقەیی مارەکردنیان ئاڵوگۆڕکرد، ناتالیا پەیمانی ملکەچی‌و دڵسۆزی دەربڕی، هەروەها گریگۆریش پەیمانی بەسۆزو خۆشەویستیدا، وەختێ کۆڕەوی شایی‌و زەماوەند گەڕایەوە ماڵی میلیخۆڤ، ناتالیاو گریگۆری خەریکی کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێی ژیانیان بوون. هەموو شتێك بەڵگەی بەختەوەرییەکی چاوەڕوانکراو بو، بەڵام ئاهەنگێڕان سەیریان کرد بۆتڵە ڤۆدگاکانی ماڵی پانتڵایی تاڵن، نیگەران بون لەمە. پانتڵای زۆر بەمە تێکچووو ناتالیا ختوورەی ترسێکی کردو لەناخی خۆیدا هێشتیەوە.

(ڤۆدگای تاڵ! و لەزەماوەندا!).

ئاسانە بۆ سێرگی پلاتۆنۆڤیچ مۆخۆڤ کە ڕەگو ڕیشەی(ڕەچەڵەك)خۆی بباتەوە بۆ مەودایەکی دوور.

لەسەردەمی پێتەری یەکەم، تساری روسیای گەورەدا، کەشتییەکی رووبار ملی نابوە ناو زێی دۆن بەرەو دەریای ئازۆڤ، قەوزاق پەلاماریان دابوو، تاڵانیان کردبوو و سوتاندبویان‌و لەبری بارگەکەی کە پێکهاتبوو لە پسکێت‌و باروت، هەر خێراش قەوزاق لەناوخۆیاندا بەشیانکردبوو، لەبری ئەوە تسار کەتیبەیەك سوپای لەشاری ڤۆرۆنیزی

نزیکەوە نارد بۆ سەریان، سەربازان گوندەکەیان تێکدابوو و ڕوخاندبویانو پاشان تەواوی کۆڵێتەکانیان سوتاندبوو تا وای لێهاتبو بووە شوێنێکی چۆڵەوانی.

دە ساڵ بەسەرچوو، پاشان ئەوانەی کەلە کوشتارەکە دەربازبوون کەوتنە گەڕانەوە بۆ کەلاوەکان گوند، گەڕاوەکان کۆلێتی نوێیان دروست کردەوەو دەوروبەریان بەدار چاند، پاشان لەگەڵ رۆژگارو زەمانەدا نەخشەی شەقامو گەڕەکیان تیادا دروست کرد. خەڵکی گوند زیادی کرد کاتێ کە هەندێ لەو قەوزاقانەی رۆخی چەپی دۆنان بەجێهێشت، لەبەرئەوەی بێ پیتو بەرەکەتەو لەسەر فەرمانی سوپا، لەم شوێنەدا جێگیربون، کاتێ کە لێپرسراوی ڤۆرۆنیز دەسەڵاتدارێتی ئاگادارکردەوە لەبارەی گەورەبونی گوندەوەو بوژانەوەی جموجوڵو چالاکی تێیدا سەرلەنوێ، داوای لێکرا کە یەکێك لە وەکیلە نهێنیەکانی بنێرێ بۆ نیشتەجێبوون لەنێوان ئەو خەڵکە نوێیەداو ئەمەش باپیرە گەروەی ئەم مۆخۆڤەبوو.

وادیارە ئەم وەکیلە پیاوێکی دەست ڕاهاتو بووە، زیرەك لەسەوداکاریو مامەڵەو نهێنیەکانیدا، هەرخێرا دوکانێکی بچوکی بۆخۆی پێکەوە ناوەو مشتوە چەقۆو بەردەستیۆ پێویستیەکانی ڕۆژانە قەوزاقانی تێدا فرۆشتووە.

لەبەرئەوەی دوکانەکەی ئەوەتا کە دوکان بوە لە گوندی تازە نەشونماکرودا، هەرخێرا مۆخۆڤ حاڵی باش دەبێ، ئەگەر نەڵێین دەبێتە دەوڵەمەندێکی دەسڕۆ، بەڵام چۆن سەرکردەکانی خۆی لە ڤۆرۆنیز دەبینی، ئەم پیاوە ساڵی دوجار سەفەری دەکردو دەچوو بۆ شار بەبیانووی کڕینی پێداویستیەکانی دوکانەکەیەوەو لەوێ دەسەڵاتدارانی دڵنیا دەکردەوە کە قەوزاق هێمنو نیایان نیە ئارامی بشێوێنن لەوکاتەدا.

بەمجۆرە بازرگانێتی مۆخۆڤ نەشونمای کردو بەم شێوەیە ەم پیاوە هەوێنی بنەماڵەیەکی دەوڵەمەندی لەمەودوا رۆژگارو زەمانە درێژای کێشاو بنەماڵەکە هەر خەریکی زیادکردنی سامانەکەی بوو لەرێگای بازرگانێتی وەجارێك، فروفێڵو جارێکیتر، تاوەکو بۆ سێرگی پلاتۆنۆڤیچی چاوچنۆك مایەوە.

ئەو بەڵگەنامانەی بنەماڵەکەیلان دەبەستە خزمەتی تسارەوە لە سندوقێکی دارینداا پارێزراوبونو خۆشەویست بون لەباری دڵی سەرۆك بنەماڵەکەدا، بەڵام رۆژێکیان ئاگری تێبەربوو و سوتاو لەناوچو، ئیتر هەموو نەسەبی مۆخۆڤ بوو بەماڵوسامان.

کاروبار هەروا بە ئاسودەیی بۆ بنەماڵەی مۆخۆڤ نەچووە سەر لەهەموو ئانوکاتێکدا، باوکی سێرگی جارێکیان نابوتی خۆی ڕاگەیاندووە.و دەبوایە سێرگی سەرلەنوێ دەستکاتەوە کۆکردنەوەی سامانو ئەم مۆخۆڤی ئیستاتە ئەو کارەی کردوە.

پێنج ساڵی قاتوقڕی بەسەربردوە بەئاڵو وێڵ کردن بەپەڕو تووکەبەرازەوە، ئەوپەڕی پارێزگاری هەر (کۆپیك)ێکی دەکرد بگەیشتایە دەستیو لای خۆی بەندی دەکرد، ئەگەر چی ئەم دەستکەوتەش لە رێگایەکی راستو دروستەوە بوایە هەندێ ویژدان خستنەسەریشی تێدا بوایە. پاشان ئەوەندەی نەخایاند ناوەکەی لەسیریۆرزگای کوتاڵ فرۆشی گەڕۆکەوە بازیداو بو بەسێرگی مۆخۆڤ.

ئەم برادەرەمان ئەوەندەی نەبرد ژنیشی هێنا، ئەو قەشەیەکی نیوە شێتۆکەی چاوپێکەوتبوو کە کچێکی گەوجی بوبو، خوازبێنی کردبو و هێنابوی، بووکەشماڵێکی زۆری لەگەڵ خۆی هێنابو، کەیارمەتی مێردەکەیدابو لەبەهێزکردنی بنەماڵەی بازرگانیەکەیدا، بەڵکە ئەو(ماڵە)کردی بەوەی کە ببێ بە کووتاڵ فرۆش، چونکە سێرگی دوکانێکی کوتاڵ فرۆشتنی کردەوە دوای ئەوە.

لەبەرئەوەی تاترسك دورە لەشارەوەو قەوزاق لە بۆنەکاندا کەلوپەل دەکڕن، لەبەرەئەوە دوکانەکەی سیرگی مۆخۆڤ برەوی پەیداکرد، بەتایبەتی ئەو پەیڕەوی شێوەی قەرزو چاوەڕێکردنی تا وەری بەرهەمی لەمامەڵەد دەکرد. سێرگی لەبەر بەزەیی هاتنەوە بەقەوزاقدا نەبو لەسەر وەرگرتنەوەی پارەکەی دەوەستاو چاوەڕێی دەکرد، بەڵکو بەرانبەر بەسودێکی گەورە بووە لەدەفتەرو چرکەکانیدا لەسەر قەرزار دەینوسی. لەگەڵ ئەمەشدا قەوزاق وایان دەبینی کە شت کڕین لە دوکانەکەی مۆخۆڤ خەرجی کەمترە لەبڕینی چل یان پەنجا ڤرێست بۆ شارۆچکە نزیکەکە، بەمە سامانی سێرگی مۆخۆڤ پەرەی سەند، تا وای لێهات بە نازناوی (ئاغا)بانگ دەکرا.

مۆخۆڤ بەتەنیا بازرگانی کوتاڵەوە نەوەستا، بەڵکو ئاوڕی لەپێویستی دیکەش دایەوە،جۆرەها مەکینەی درەو، هی تۆودانو هی گورزەکردنی گژوگاو جۆرەها واردنەوەی نایابی کۆکردبوە،و هەروەها کەلوپەل بوکیش. .لەکورتی بیبرێنەرەوە، مۆخۆڤ بازرگانی دەکرد بەهەموو شتێکەوە لە نرخەکەی نەزانراو نادیاربوایە، بێگومان بازرگانێکی زیرەکبوو!.

مۆخۆڤ ئاشە کۆنێکی کڕی، چاکی کردەوەو خستیە گەڕو نۆ کرێکاری خستەسەر، لەبەرئەوەی ناوچەکە دەوڵەمەندبوو بەدانەوێڵە، هیچ ئاشێکی دیکە لەو گوزەرەدا نەبوو بەربەرەکانی لەگەڵدا بکا، لەبەرئەوە مۆخۆڤ ئەم بارودۆخەی بەهەل زانی، قەوزاقی داخ کرد بە کرێیو فرەی باراش هاڕین.

کەواتە، مۆخۆڤ بەختیاربوو ئەگەر بەختیاری بە دەوڵەمەندی بێ، ئەی دەبێ خێزانەکەی چۆن بێ.

ئەو ژنەی کە کچی قەشەکەبو زۆر لەگەڵیدا نەژیا، کوڕو کچێکی بوو، تەمەنی درێژی بۆ خۆمان بەجێ هێشت، دوای ئەوە سێرگی بۆ جاری دووەم ژنی هێنا، گەورە کچێکی مارە کرد تووشی نەزۆکی بوو بێ منداڵ بوون مایەوە، هەردو مناڵەکە لەژێر رکێفی باوەژنەکەیدا مانەوەو ئەو دەرون ئاڵۆزییەی کارێکی خراپی سەر هەردووکیان، ڤلادیمیری کوڕی گەوجێکی هیچوپوچی لێ دەرچو هەمیشە پەژارەو خەمناکی دەموچاوی داگرتبوو. لیزای کچیش، پورکەی دابویە دەستی کارەکەرێکی پیرەژن بۆئەوەی ڕایهێنێ لەسەر ڕاپەڕاندنی کاروباری ناوماڵ، ئەم ریسواییو نزمی ، لیزا هەر بەمناڵی ئەو جیهانە شاراوەیەی ناسی، ئەمەش وروژاندیو بەشێوەیەکی دڕندانە گەروەبوو مەیلی بەلای لوسکەییو ڕاست هەڵنەسەنگاندنی شتەوەبوو.

ڕۆژان ڕۆیشت..و بچووك گەورەبوو، ڕۆژێکیان لیزا بەرانبەری باوکی لەسەرخوان دانیشتبوو، سێرگی مۆخۆڤ سەیرێکی کرو پاشان لێی وردبوەوە، وێنەی ژنەکەی یەکەمی هاتەوە خەیاڵ.

ئا ئەمەی لەبەردەمیدایە خۆیەتی! لیزا کە ملی لارکردبوە، ژنی یەکەمجاری بوو..واقی وڕما لەم بیرۆکەیە..کچەکەی عازەب بوەو خەریکە پێدەگا.

ڤلادیمیرش، لەپۆلی پێنجەمدابوو، حەزی بەپیاسەکردنەوە بۆ لای ئاشەکەی باوکی، ڕۆژێکیان لەئاشەکەدا هەندێ کرێکاری بینی ئیشیان دەکرد، تیموڤیان لەنێواندا بوو کە نازناوی سافل بوو، تیمۆڤی سەیرێکی کردو چڵمەکەی لووتی فڕێداو بەگەپجاڕپییەوە وتی:

ـ ئای. .ئا ئەوە ئاغایە..ئائەوە میراتگری ئاغایە!

ڤلادیمیر سڵاوی لێکردو وتی:

ـ ئێوارەتان باش ئەوە چی دەکەن؟

کرێکارەکەیتر کە ناوی داڤیدبوو وەڵامی دایەوە:

ـ قوڕ دەشێلین، وەکو دەبینیو بەردەوام بوو لەهەڵشێلانی قوڕ بەهەردوو قاچی، پاشان ئاوڕیدایە لای ڤلادیمیرەوەو وتی:

ـ باوکت چاوچنۆکە، ئەو ڕۆبڵەکانی گوشیوە، دەری ناهێنێ، وا ئێمە خەریکین ئیشی ژنان دەکەین، ئەو نایەوێ ئەوان بەکرێ بگرێ بەڵکو بەئێمەی دەکا.

ـ چاوچنۆک یانی چی؟

ـ یان ئەو ئەوپەڕی پیسە، ئەو گووی خۆی دەخوا ئەگەر ڕۆبڵێکی تێدا بێ بۆی. کرێکارەکانی دیکە دەستیان کردە پێکەنین..چونکە قسەکە جێگیربوو، بەڵام سێرگی مۆخۆڤ شایستەی ئەو جۆرە ئەفسانەبوو.

ڤلادیمیر وتی:

ـ ئێ. .کەواتە تۆ ڕازی نیت؟

ـ وەرە خۆت تاقیبکەرەوەو قوڕ بشێلە، ئەوکاتە دەزانی کێ ڕازی دەبێ..

ـ چاکە، بابە ئاگاداردەکەمەوە لەمە، پێی ڕادەگەینم کە تۆ لە ئیشەکەت ڕازی نیت. ڤلادیمیر ئەمەی وتو بەگۆشەی چاوی سەیرێکی داڤیدی کرد، بەبلچیو بێژێتیەوە داڤید هەستی کرد قسەیەکی خراپی کردووە، لەوانەیە ئەمە زەرەرو زیان بەبەرژەوەندی بگەیەنێ، هەوڵیدا ڕوخۆش بێو کارتێکردنی قسەکانی بسڕێتەوە و وتی:

ـ من سوعبەت دەکەمو هیچیتر. حەزم کرد گلەییت لێ بکەم.. ئاگاداری کەرەوە.

ـ باشە.

ڤلادیمیر ئەمەی وتو لای لێ وەرچەرخاندو مۆنیو گرژیەکی مانادار لەهەنیەدابوو. داڤید لەئەنجامی ئەمە ترساو لەچاڵە قوڕەکە هاتە دەرەوەو شەڕواڵەکەی هێنایە خوارەوەو...وتی:

ـ من بێ ئەقڵو گەوجم ڤلادیمیر، ئاگاداری مەکەرەوە. تۆ گاڵتە نازانی!!

ـ پێی ناڵێم، پێی ناڵێم.

کاتێ ڤلادیمیر پشتی تێکردن بۆ ئەوەی بڕوا، گوێی لێبوو کرێکارێ بە داڤید دەڵێ . . بۆچی وات پێ وت، ئەم کۆمەڵە پیسایە هەڵمەدەرەوە، بۆ ئەوەی بۆنی دەرنەچێ. ئەمە بەرازە. .بەراز.

ڤلادیمیر لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ کەواتە ئەو گاڵتەی نەدەکرد..پێس دەڵێم، پێی دەڵێم.

کوڕە ملی ڕێی گرت بۆ ماڵەوە. بەو سێ پلیکانانەدا سەرکەوت کە کەپرە مێوێك سێبەری بۆ کردبوون و لەوێوە سەوزەکانی دەبریسکایەوە، سەری ئەو باڵکۆنەی داپۆشیبو کە دیوارەکانی بەڕەنگی شین بۆیە کرابون، لەهۆڵەکەدا چەند میوانێکی برادەری باوکی بینی، بەخێرهاتنی کردن و چووە ژوورە تایبەتییەکەی باوکیەوە. لەوێ تەماشای کرد باوکی لاپەڕەکانی کتێبێك هەڵدەداتەوە کە تازە پێی گەیشتووە، هەروەهاو لەگەڵ کۆنی ڕۆژنامەیەکی ڕوسیدا.

ڤلادیمیر سڵاوی لێکرد، بەڵام جەنجاڵ بونی باوك بەخوێندنەوە وای لێکرد سڵاوەکەی بە ساردی بسێنێتەوە، کوڕە نیازی بوو باسی داڤید بکا بۆ باوکی، بەڵام هاندەری نەبوو بۆ ئەوە، یەکەمجار چاوەڕێی کرد تا باوکی ئاوڕی لێدایەوەو ئەمجار پێی ڕاگەیاند سێرگی مۆخۆڤ گوێی ڕایەڵ کرد بۆ قسەکانی کوڕەکەی، بەڵام بەکورتی وەڵامی دایەوەو وتی:

ـ دەری دەکەم، ئێستا دەتوانی بڕۆی.

ڤلادیمیر بەلەخۆ ڕازیبونەوە لێیدا ڕۆیشت.
هەرچەندە ئێمە دەستنیشانی خراپیەکانی مۆخۆڤان کرد، لەڕووی هەمەو ویژدانەوە دەبێ ئاوڕێك لە چاکەیشی بدەینەوە: لەو خانوە گەورەیدا کە دەکەوتە ناوەڕاستی گۆڕەپانە بچوکەکەی تاتارسکەوە، کۆمەڵێ لە هاوەڵو دۆستانی کۆدەبونەوە کە دەتوانین بلێین هەرئەوان ڕوناکبیرانی گوندبوون.
لەئێوارە گفتوگۆکانیاندا، خۆیان لەقەرەی زۆر بابەت دەدا، لەوانەیە بیروڕا بنێن بۆ بابەتەکان جیاوازبوایە، بەلاَم بەهەرحاڵ لەکۆڕی رۆشنبیران دەچوو لەتاتارسکدا. بۆ نمونە کاتێ ڤلادیمیر لەئاشەکە گەڕایەوە گوێی لێبو قوتابی لەقوتابخانەی تەکنیکی مۆسکۆدا، بەمامۆستا پلاَندا، کە مامۆستای قوتابخانەی تاتارسك بوو، دەڵێ:
ـ کاتێ کە من نوسینەکانی دەخوێنمەوە هەست بەسۆزێك دەکەم بەرانبەر ئەو کەرتەی بەرەو نەمن دەچێ لەکۆمەڵدا، هەرچەندە کە من قەوزاقمو ڕقم لەو چینانەیە کە جیاوازن لەوانیتری گەل، تەنانەت سەرباری ئەوەش کە من خۆم وەکو خاوەن موڵکم، واتا یەکێکم لەو چینانە، بیر لەمە مەکەرەوە، ئەمە تەنیا بلیمەت دەیتوانێ.
لەتوانایدایە تەنانەت بڕواشت بگۆڕێ!
ڤلادیمیر لەمە تێنەگەیشت، کامەن ئەوچین جیاوازان!. . کێیە ئەو بلیمەتە کە بڕوی پیاو دەگۆڕێ!. ئەمەیان ڤلادیمیر نەیتوانی پەی پێ ببا.
ئەم پیرە بەتەنیا قوتابیەکەی تەکنیكو مامۆستای تووش بووی دیقو گومڕایی ژنە مامۆستا دلبەری ناساربوو، دەگرتەخۆ، بەڵکو شەریکە بازرگانێتی سێرکیو هەردوو قەشەی گوندو لاوی قۆزو قەشەنگ یەڤگینی لیستنسکی کە جارجارە لەدێبەرەکەی باوکیەوە دەهات بۆ شەوبەسەربردن. بەلاَم ئەو مارڤایەی کە وتمان، هەمیشە کراسێکی نوستنی لەبەردابو، بەردەوام لەتەنورەکەی درێژتربوو چمکی دانتێلاکەی بەشێوەیەکی شڕوشۆڵ دەردەکەوت، هەروەها وا ناسرابوو کە هەڵسوەوتی لە بابەتی دەستەیی ڕەوشت جوانەکان نیە. لەملاشەوە دوو قەشەکە جۆر نەبون لەگەڵ سێرگیدا: ئەوان داوای یارمەتییان لێدەکردو ئەمیش چنگی پێداگرتبوو لەدەستی دەرنەدەچوو، ئەمەو ئەوانیش هەردوکیان لەگەڵ یەکتردا نەبون، بابەڤیساریۆن ڕقیلەهاوکارەکەی بو، لەگەڵ کابانیماڵێکی ئۆکرانیدا دەژیا، کە دۆستی بوو، بەلاَم بابە بانکرایی یەکجار گومڕابوو و زۆر ئارەزووی تەفرەدانو تەڵەکەبازیشی دەکرد.
دەمێنێتەوە بلیمان کۆنستانتینۆڤیچ ئەتیوپنی شەریك، ئەمە لەوەختی خۆیدا بنوسی بوە لەسوپاداو پانزە ساڵ خزمەت بردووەتە سەر، ئەم کارەی ئاسۆی بیر تەسکیو تەسكو ئارەزووی خۆبەدەستەوەدانو چۆن نەکردنی بۆ هێشتوەو لەمەشدا ژنەکەی چاکزانی خۆی گۆڕنەکا لەخەڵوەتخانەدا. لەبەرئەوە خەڵوەتخانەی دەست پێوەنابوو شووی کردبوو و بەبەرەکەت بوو، هەشت منالی بۆ مێردەی هێنا لە دەساڵدا، ئ ەمانە بەپێی پیشەیان خاوەنی خوویەکی ملکەچانەبونو لەو نوێژ فرە دوپات بونەوەیاندا هەڵیاندەهێنجا.
عادەتی ئەم ژنە وابو کەبەیانی زوو چا لێنێ بۆ مێردەکەی، کەلەجێگەدا تەپاوتلی بو، هەر کە دەردەچوە هۆڵەکە نیو دەرزەن لەمناڵەکانی بەبابە بابە دەکەوتنە شوێنی، ئەمیش بەخۆشییەوە دەیوت:
ـ ئێ. . چایەکە حازرە؟ چایەکی سەنگینم بۆ تێکە. بەرچاییەکەی دەکاو پاشان دەچێ بۆ دوکانەکە، بۆئەوە دەفتەرەکانی ڕەش کاتەوە بەئاگادارکردنەوەی قەرزارو سەنەدی وەرگرتن..
با ئێستاش بگەڕێینەوە بۆ سێرگی مۆخۆڤ.

ئەم پیاوە شەیدای کتێب کڕین بوو ئەمجار خوێندنەوەی‌و هەڵگرتن، بەڵکو دەتوانین بڵێین کە کتێبخانەکەی لەئاستی گوندێکی وەکو تاتارسکدا نەبو، لای خۆی بەندی کردبون‌و نیدەدان بەکەس بیانخوێنێتەوە، بەڵام هەمیشە دەیویست دەربارەیان بدوێ. کاتێ کە پیڕ لەئێوارەاندا کۆدەبونەوە، ژنەکەی مۆخۆڤ چای گەرمی ئامادەدەکردو لیزی کچی دایدەنا. بەڵام لەجەژنەکان‌و ئاهەنگەکاندا بەخیلی لەچەند شوشە ڤۆدکایە نەدەکرد کە دۆست‌و هاوەڵان بەخۆشی‌و شادییەوە دەیانخواردەوە.

لەپێشدا باسمان کرد کە لیزای کچی سێرگی لەژێر دەستی کارەکەرە دنیا دیتوەکەیاندا شارەزای لایەنی شارراوەی‌ژیان بوو، وا ڕێکەوت جارێکیان خۆی‌و پویارشکینی قوتابی بەبەلەم پیاسەیەکیان لە ڕوبارەکەدا دەکردو لەقەراخی دۆن لیزا چاوی بە میتکا کۆرشۆنۆڤ کەوت، میتکا یەکەمجار نیناسیەوە، لیزا بانگی کردو وتی:

ـ فریویشت دام کۆرشۆنۆڤ.

ـ فریوم دای

ـ ئەی نایەتەوە یادت چۆن بەڵێنت دامێ بمبەی بۆ ڕاوەماسی؟

ـ ئۆی بەڵێ، بەڵام جەنجاڵ بوم پێم نەکرا.

لەوکاتەدا پویرشکین بەڕقەوە سەوڵەکەی فڕێدا ووتی:

ـ لیزا ئیتر بەسە، ئەوەندە سەوڵ لێدان.. دەستم پڕبوو لە بلۆق بەلەمەکەی بەرەو ڕووی وشکایی کردەوە، کە هیشتن لێی دابەزی‌و لیزاش بازدایە خوارێ‌و چوو بۆ لای میتکاو وتی:

ـ ئەی ئێستا، ئەمجارەش دیسانەوە فریوم دەدەی؟

ـ نەخێر، سبەینێ.

ـ بەیانی زووش دێی؟

ـ بێومان، لەگەڵ تاریک‌و ڕوونی بەیانیدا.

ـ من چاوەڕێ دەکەم، دوا نەکەوی.

ـ بەشەرەفم دێم.

ـ ئەی پەنجەرەکە خۆ لەبیرت نەچووە؟

ـ نا، نا بەهەر حاڵ ڕێگای خۆم دەدۆزمەوە.

پو یاریشکین هەستی بە سەغڵەتی کرد، وتی: ( دەمەتەقێکەت دوایی نەهات لیزا؟)ئەمیش وەڵامی دایەوە: (تۆزێ چاوەڕێکە)و زیاتر لە میتکا نزیك بوەوەو بە وردی سەیری کردو پاشان وتی:

ـ ئەو ڕۆژە زەماوەندبوو لە ماڵتان؟

ـ بەڵێ، زەماوەندی خوشکم بوو.

ئەمجار لیزا پشتی تێکردو سەرلەنوێ بازیدایە ناو بەلەمەکەوە، دوای ئەوەی کە ماڵاوایی لەمیتکا کرد بە بزەیەك کە تازەو سۆزێکی تەم‌و مژاوی تێدابوو. بەلەمەکە دورکەوتەوەو لەولاشەوەو هێشتا میتکا هەر چاو تێبڕیبوو، پویاریشکن لێی پرسی:

ـ ئەمە کێیە؟

ـ یەکێکە لەناسیاوەکانم.

- پەیوەندی بەدڵەوە هەیە؟

لیزا وەڵامی دایەوە، ئەویش پێکەنی..بەڵام میتکا ئەو وەڵامەی گوێ لێنەبو، بەڵکو شەبقە گوڵەنگ وەنەوشەییەکەی بینی، تۆزە تۆزە بەنەرمی لەپشتەوە دەلەرییەوە.

هچ کاتێ میتکا خۆی ئامادەنەکردبو بۆ ڕاوەماسی وەکو ئەو رۆژە، هەر لەئێوارەوە قولاپەکانی هەڵبژاردبوو گەنمەشامی کولاند لە لە مەزرای سەوزەدا، ئەو بەشانەی لە تاڵە دەزووەکانیدا بچڕابوون تازەی کردنەوە، بە چوستوچالاکی دەهاتو دەچوو، کەئەمانەی هەموو تەواوکردبوو بۆ هۆدەکەی باپیری، پیرە کریشا، سڵاوی لێکردو ڕوانی هەردوو چاویلکە ڕەشەکەی بەسەر نوکی لوتیەوەیە خەریکی خوێننەوەی (ئینجیل)ە، میتکا وتی:

- لەگەڵ بانگی کەڵەشێردا بەئاگام بێنەوە.

- بۆ کوێ دەچی بەو بەیانی زووە؟

- بۆ ڕاوەماسی.

- باوکت دەیەوێ سبەینێ بکوتێ.

- کەواتە خۆت بێ بەش دەکەی لە ماسی خواردن، باپیرە.

- برۆ، برۆ، لەم بارەیەوە لەگەڵ باوکت قسە دەکەم.

دوای نیوەشەو باپیرە کریشا بەبەژنو باڵا تارماویەکەیەوە بە حەوشەکەدا دەڕۆیشت بەرەو عەمباری دانەوێڵەو لەوێ دار عاسەکەی ژەندە لاکەلەکەی میتکای نوستووە، لە عەمبارەکەدا بۆنی دانەوێڵەی تازە هەڵگیراو تێکەڵاوی بۆنی گوو مشكو شێی گەنیو بوبوو کەلە شوێنێکدایە کەسی تێدا نەخەوتبێ.

متکا لەسەر گڵمێك ڕاکشابو لای عەمباری گەنمەکەوە، پیرە تێوەی ژەند، بەڵام بەئاگا نەهاتەوە، ناچار پیرە کەوتە چپە چپ: (میتکا. . متکا. .هەستە)دیسان ئەوەش هەر سودی نەبوو، پیرە بەم بڵحیەیەی میتکا زۆر تێکچو و دارەکەی چەقاندە سکیا، میتکا بەدەم ئازارەوە دارەکەی گرتو وتی:

- یەکجار واش نە باپیرە.. بەسە، ئەوە هەڵسام.

میتکا پێڵاوەکانی کردە پێیو بەهەردوو لەپی دەموچاوی هەڵگڵۆفیو ڕێگای گرتەبەر بۆ مەیدانی گوند.

کاتێ گەیشتە لای ماڵی بابە ڤیساریۆن وێی لەکەڵەشێرێك بو بەهێزێك موڕاندی کە شایانی (ئەرشمەندریت)ێك بو لە کلێسەیەکی گەورەدا، میتکا ملی ڕێگای گرت بەرەو ماڵی مۆخۆڤ. بەڵکو هەڵگژاو چوو بۆ پەنجەرەکە، ئەوەشمان لەبیر نەچێ کە کەرەسەی ڕاوی لای دیواری حەوشەدا دانابو تاوەکو سەگەکان بەئاگا نەهێنێتەوە، لای پەنجەرەکەدا بۆنێك گوڵایی خۆشی لەشولاری کیژۆڵەیەکی نازدارو گەرمو نەرمی هات بەکونە لوتداو بەدەنگێکی نزم بانگی کرد:

- لیزا، دێی بۆ ڕاو؟

بەڵام کەس وەڵامی نەدایەوە.. میتکا وای بەبیردا هات کەلەوانەیە پەنجەرەکەی هەڵەکردبێ.. واهات بەئەندێشەیدا کە مۆخۆڤ لەخەو ڕاپەڕێو پەلاماری تفەنگە ڕاوییەکەی بدا، پاشان ئاسمان دەنگ بداتەوە بەناڵەیەك، ئەم بیرکردنەوە تۆقاندنی، بەڵام ناچاربو وەکو یەکێك پاڵی پێوەنێ بۆ بەئاگاهێنانەوەی کچەکە.. کەمێ سەری بردە لای کونی پەنجەرەکەوەو چرپاندی:

- لیزا، دێی بۆ ڕاو؟

لەوکاتەدا دەنگێکی تێکشکاوی ساردی گوێ لێبوو دەیوت:

ـ ئەوە كێیە؟ بەڵێ، بەڵێ، هەر ئێستا.

ـ میتكا شتێكی سپی بینی لەژورەكەدا دەجووڵایەوە، بۆنی نازونیعمەتی دەهاتە لوت، لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ خۆزگە لەگەڵی دەخەوتمو گەرم دەبومەوە! ئەوە چاكتر بو لەدەرچون بۆ ڕاو بەم سەرمایە:

تاوێكی پێچوو، لیزا سەری هێنایە پێشەوە بەسەر پێچە سپییە جوانەكەی سەریەوەو وتی:

ـ دەستتم بدەرێ، لەپەنجەرەكەوە دادەبەزم.

لەرێگەیاندا بەرەو لێواری دۆن، لیزا چاوە خەواڵوەكان پرواندو وتی:

ـ خەوەكەم خۆش بو، وا بزانم كاتش درەنگ نیە.

ـ نەخێر، لەوەختێكی شایودا دەگەین.

بەبێ دەنگی بە كووچەو كۆڵانەكانی گونددا گوزەریان كرد، تاوەكو گەیشتنە نزیكی دۆن، كچە بینی بەلەمەكە كەمێ دورە لەقەراخەكەوە، وتی:

ـ كەواتە دەبێ پێڵاوەكانم داكەنم مادام بەئاوەكەدا بڕۆم.

ـ دەتوانم هەڵتگرم بۆ بەلەمەكە.

ـ نا، نا، پێویست بەوە ناكا.

بەدەنگیدا وا دیاربو حەزدەكاو میتكاش هەستی بەمەكرد، وتی:

ـ خۆ ماندووم ناكەی، هەڵتدەگرتم.

میتكا هەردوو ڕانی لیزای لەسەروو ئەژنۆوە گرتە ئامێزو بەئاسانی بەرزی كردەوەو دای لەئاوەكە شتێكی سروشتییە كە هەڵگیراو لەم وەزعەدا پەل بكوتێ بۆ ملی هەڵگر، لیزاش هەر وای كرد، گرتبێ ملی ئەستورە ماسولكەییەكەی میتكا تەزوویەكی سوكی بەلەشیدا هێناو بەخۆشبەختی میتكا پێی هەڵكەوت لەبەردێك ژنانی گوند بەكاریان دەهێنا بۆ جل شتن لەلێواری ڕوبارەكەو كە دوو مەتر لەبەلەمەكەوە دووربوو. ئەم پێ هەڵكەوتنەش بواری ماچە بچكۆلەیەكی لیزای دا، لیوە تونو پڕەكانی لیزا چەسپ بوو بەسەر لێوە شەق بردووەكانی میتكاوە.. ئەم ماچە ساردییەكی بەتامی هێنا بە دەمارەكانی میتكادا.

میتكا پەتی بەلەمەكەی كردەوەو بەپێوە كەوتە سەوڵ لێدان بەرەو لێوارەكەیی ئەوبەری دۆن.

لیزا بەترسو مەراقەوە وتی:

ـ بۆ كوێم دەبەی؟

ـ بۆ نێو چڕدارگۆیژەكان لەوێدا.

میتكا بەلەمەكەی گەیاندە ئەو شوێنەی بۆی دەچوو لەبەلەمەكە بازیداو بێ پرس لیزای خستە سەر هەردوو دەستیو بەرەو بێشەڵانەكە ڕۆیشت.

كچە گازی دەگرت لەباڵی میتكا، چڕنووكی دەدا لە دەموچاوی. .لەبێشەڵانەكەدا ئاخی دوانی لێوەهت: ئای. ..، ئۆوی. .و فرمێسك بەسەر هەردوو گۆنایدا هاتەخوارێ.

ڕاوچی بەتەواوی لەڕاوكردن بووەوە! كە گەڕایەوە سورە ماسیەكی گەورەو ماسییەكی تری پێبوو لەناوەڕاستی بەلەمەكەدا فڕێ درابوون لای قاچی لیزاوە، كە پەڕەكانی گوڵێكی هەڵدەپروكاند لەگەڵ خۆیدا هێنابوی، نە میتكا

سەیری لیزای دەکرد، نەلیزاش سەیری ئەوی دەکرد.. میتکا وەستابوو خەریکی سەوڵ لێدان بوو، لەچاوەکانی میتکادا تاوانو لەخۆرازیبوون بەدی دەکرا، لەچاوەکانی لیزاشدا لەزەتو سەرشۆڕی بەدی دەکرا.

لیزا بێئەوەی سەر بەرزکاتەوە وتی:

ـ ئەی ئێستا. .بۆ کوێ!

ـ دەتبەم بۆ لەنگەرەکەی سیمۆنۆڤ..ئەوێ بۆ تۆ نزیکترە.

میتکا هەر سەوڵی یلدەدا تا گەیشتە ئەو لەنگەرە چۆڵەو کاتێ لیزا بازیایە خوارەوە لە بەلەمەکە، میتکای هاوڕێی ماسییەکی زلی بوو ڕاگرت، لقەدارێکی سەوزی خستبووە کونە لوتیەوە و وتی:

ـ ئەم نێچیرە ببە.

ئەویش لێی وەرگرت، وەرچەرخایەوە بەرەو دەشتەکە، بەڵام میتکا وتی:

ـ کەمتەرخەمیمان لەهەندێ شتدا کردووە لیزا، پەڵەیەکی بچوك لەپشتەوە بەتەنوورەکەتەوەیە. بەهەندێ لقوپۆپی سەوز بیپروێنە.

چاوەکانی کچە پڕبوون لەفرمێسكو وتی:

ـ بەڵام. . خۆ هەر دەبێ بەمەیدان گونددا گوزەر بکەم.

هەروەکو شنەی بای بەهار، لە تاتارسکدا بڵاوبوەوە کە کچەکەی سێرگی مۆخۆڤ دوڕاندویەتیو شەوێکی تەووی لەگەڵ میتکا کۆرنۆشۆڤدا بەسەربردووە، چنان کەبەیانیان مانگاکانیان لێ دەخوڕی بۆ مێرگەکە ئەمەیان باس دەکرد. کچانیش کە دەچوون گۆزەکانیان پڕکەن لەقەراخ ئاوی دۆن ئەمەیان بۆ یەکتر باس دەکرد.هیچ قەوزاقێك نەما بەپیرو جوانەوە باسی ئەم حەکایەتە نەکات.

ـ نازانم کچانی ئەم ڕۆژە. .. چی دەکەن.

ـ ژنو خوشکەکانمان بەم جۆرە نەبوون لەڕابوردودا.

ـ لەوانەیە زەبرو هێزی بەکارهێنابێ..و ناچار کردبێ.

ـ زەبرو هێز وا لە ژن ناکات گەڵی بڵاوکاتەوە...ئەمە ڕەزامەندیيە.

ئەم قسەو باسە بۆ چەند ڕۆژێ گوندی جەنجاڵ کردبوو، لەکاتێکدا کە میتکا سەرقاڵی گیاو و ڕاهێنانی ئەسپەکەی بو لەسەر پێشبرکێ، لیزا لای پەنجەرەی ژوورەکەیدا دانیشتبوو، ڕەنگ زەردیو بزڕکاوی ڕومەتی داپۆشیبو، ئەو هێجار نائومێدو خەفەتبار بوو.

لەدواییدا ئەم هەواڵە وەکو تەکێ دای بەسەر سێرگی مۆخۆڤدا، هەستی بەقێزو بێزکرد لەدڵی خۆیدا، بۆ ئەم لەکەداربونەی کچەکەی، بۆ ماوەی دوو ڕۆژ نەیویست کەس لە خزمەتکارانی ماڵی خۆی ببینێ، وازی لە دوکانو ئاشەکەیشی هێنا، مۆخۆڤ بیری کردەوەو تێڕاما، پاشان بڕیاریدا لیزا بنێررێ بۆ قوتابخانەیەك لە مۆسکۆ، کاتێ ئەو لێرە نەما واتە واتیش نامێنێو ڕۆژگاریش ئەم ئابڕوچوونە لەگەڵ خۆیدا دەپێچێتەوە.

ڕۆژی سێهەم خەڵکی تاتارسك گالیسکەیەکیان بینی بەسترابو بە دوو ئەسپەوەو عەرەبانچییەکەی مۆخۆڤ لێی دەخوڕی، بەڕێکەوت عەرەبانچییەکە الیسکەکەی بەبەردەمی ماڵی پانتلایە تورکدا بردو ئەویش لەپێش دەرکەدا وەستابوو، پانتلای وتی:

ـ ئای، ئەوە گالیسکەیی ماڵی ئاغایە، دەیبینم، بۆ کوێ، خۆ ئەوەش کچەکەیەتی!..

ـ بۆ مۆسکۆ بۆ خوێندن.
شتێکی اسایی بوو کە میتکا هەست بکا بەو باسەی کەلە گونددا دەسورێتەوەو لیزای چوار جار بینیبوو، لەدواجاردا داوای لێکرد شووی پێبکا، ئەمیش وەڵامی دایەوە:
ـ وڕێنە دەکەی گەوجە.
میتکا بە تووڕەییەوە گەڕایەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە سەرلەبەیانی باوکی هێنایە واق وڕمان کە داوای لێکرد کەلوپەلو کەرەسە ئامادەکا بۆ زەماوەندکردنی لەگەڵ کچەکەی مۆخۆڤدا، باوکەش کەرەسەی پینەچێتی لەبەردەستی لابردو وتی:
ـ ونبە لەبەرچاوم ەوجی نەفام، مۆخۆڤ سەدهەزار ڕۆبڵی لە قاسەدایەو کچەکەی خۆیی دەداتێ؟!
بڕۆ دەی، تا ئەم چەکوشەم نەاوە بە کەللە بۆشەکەتدا.
ـ ئەی ئێمەش چواردە جوت مانگامان هەیەو زەوی‌و موڵکێکی زۆرمان هەیە، پاشان ئەو موجیکەو ئێمەش قەوزاق.
باپیرە کریشاکاش ئەو کاتە خۆی تێهەڵقورتاندو بەلای میتکایدا داتاشی‌و وتی:
ـ میرۆن، بۆچی ڕازی نابی، کوڕەکە ۆی ئارەزووی ئەوە دەکا؟
ـ تۆش باوکە ئێستا لەئەقڵی منالدای، وازمان لێ بێنە.
بەم شێوەیە باوکی میتکا سوربونێکی نواند وەکو سەرپێچی کردنی هێستر وابوو، کەواتە دەبێ میتکا بەخۆی کارەکە چارەسەربکات، بۆچی نەچێ بۆ لای سێرگی مۆخۆڤو خۆی وازبێنی کچەکە بکات! هەرواشی کرد بەفیکە فیکە ڕۆیشت تا گەیشتە بەردەرگای ماڵی مۆخۆڤ پاشان ئازایەتی دایە بەرخۆی‌و چوە ژورەکەوە، کە کارەکەرێکی لەسەر پیپلیکانەکە بینی لێی پرسی، ئایا ئاغا لەماڵەوەیە، کاتێ وتی لەماڵەوەیە، میتکا چوە ژوورەوەی‌و لەهۆڵەکەدا دانیشت چاوەڕێی هاتنی مۆخۆڤی دەکرد. کاتێ کە هات، میتکا جگەریەکی بۆ خۆی داگیرساندو بەلەخۆ ڕازی بونەوە مژی لە دوکەڵەکەی دەدا، وتی:
ـ هاتووم بزانم. .
هەستی کرد کە شڵپی دێ لەئارەقێکی ساردا. مۆخۆڤ بەڕقو بێزهاتنەوە چاوەکانی تێبڕیبو.. میتکا هاتەوە سەرخۆی‌و قسەکەی تەواوکرد..
ـ بزانم. ..کەتۆ لیزام... دەدەیتێ.
ـ چ. .چ..ی. .ی چیی، بڕۆ دەرەوە، کوڕی دێڵەقەحپە. .بڕۆ دەرەوە، بەکێشت دەکەم بۆ لای ئەتمان.
میتکا قسەی نەکرد، ماوەیەك خۆی ڕاگرتو وتی:
ـ تکام وایە ئەمە بەسووکایەتی پێکردن وەرنەگری کاك مۆخۆڤ..بەڵکو دەمەوێ ئەوەی کە کردم بیهێنمەوە جێ. .
مۆخۆڤ قیڕاندی‌و بە تووڕەییەوە دانی ڕیچ کردبوەوە:
ـ بڕۆ دەرەوە، کوڕی قەحپە.
ـ چۆنت دەوێ با وابێ..بەڵام من مەبەستم بوو لەوەی وتم.. من هاتووم بۆ ئەوەی ئەم ڕیسواییە بپۆشم، ئەگینا کێ ئێسقانێکی کڕاوەی دەوێ!
مۆخۆڤ وا ڕاپەڕی دەیویست میتکا بکوژێ، ئەگەر ئەو هەنگاوی سوكو سوڵتر نەبوایە بەرەو دەرگاکە.. مۆخۆڤ چاوی لەپاسەوانێکی لای خۆی داگرت، سەگەکان لەسنکەکنیان بەرەڵڵادەکرد.. هەرئەوەندە میتکا گەیشتە دەرکەکەو

دەستی گەیشتە دەسکەکەی، لەولاوە چوار سەگ کە پڵنگی برسییان دەگەیشتێ، بەربونە هەردوقاچی‌و هەندێکیان پەڕینە کۆڵی‌و دانەکانیان لێ گیرکرد، جلوبەرگەکەیان نجڕنجڕ کرد، تێر پێ وەرین‌و خەریکیش بوو لەکۆڵیکنەوە. میتکا قوڕگی گرت‌و وشی تا خنکاندی، هەندێ قەوزاقی ڕێبوار ەمەیان بینی. . بەهەزار حاڵ توانیان میتکا یان لەدەست ڕزگارکەن..بەلای باوکە پینەچییەکەیەوە ئەمە چاکترین کۆتایی بوو بۆ خوازبێنیە بەناوبانگەکەی میتکا.
ناتالیا بووکی تازەی ماڵی پانتلای، بەخێراییەکی هێجگار توانی ڕەزامەندی مێردەکەو باوکودایکی بۆ لای خۆی ڕاکێشێ، ئاکاری پانتلای لەگەڵیدا دلسۆزانەو نەرمبوو، فەرمانی دەدا بەژنەکەی ئەرکوکاری قورس نەخاتە ئەستۆی بوکەکە.بەیانیان زوو لەخەو هەڵینەسێنێ، ئەو ئیش‌وکارانەی ماڵی نەدا بەسەردا کە وەڕسی کەن. ئەو پتر ڕێزی دەگرت وەك لەدەریای ژنی پێوتەر (ئەو قەحپەی تەمەڵەی، کە بڕۆکانی چەوردەکاو دەینەخشێنێ)وەکو دەیوت، لەملاشەوە خەسوەکەشی کە سەیری پەرۆشی ناتالیای دەکرد لەخزمەتکردنی خێزانەکەداو هەوڵدانی بۆ ڕەزامەندییان، بەمجۆرە ئەمیش نەیدەویست بووکەکەی بەرەو ڕووی ئەو ئەرك‌و زحمەتە بێتەوە، کەخۆی چەشتبوی لەیەکەم ساڵی شووکردندا بە پانتلای.
بەڵام ئەمانە هەموی قەپان ایانخوێنێتەوە، مێرد ناتالیا گریگۆرییەوە، ئەویشە دەبێ ناتالیا بایەخ‌و گرنگی بەڕەزامەندی بدات، گریگۆری دەرون گەرمبوو، هەروەها تونە تەبیعەت‌و تووڕەبوو، لەشیشی گەرمبو سووتاوی ئارەزوو خۆشیەکانی جنس بوو. بەپێچەوانەی ناتالیا کەلەسەرخۆ بو لەکاروباری جنسدا ساردبوو. هەرکاتێ گریۆری ژنەکەی دەگرتە ئامێزی ۆی، هەستی پێدەکرد ساردە وەکو بەفر، ڕووی لێوەردەگێڕێ، ئەکسینیای لەش بەگڕو بڵێسەی بیردەکەوتەوە، جارێکیان بەژنەکەی وت:
ـ گوێت لێبێ، لەشی من نیوەی لەشی تۆ ساردی تێدا ببوایە پێم هەڵنەدەگیرا، باشە باوکت لەسەر بەفر دروستی کردووی؟
لەم کاتانەدا کە گریگۆری تێربوونی تێدا دەویست‌و لەشی ژنەکەی بە دەنگیەوە نەدەهات، ئەکسینیا هەر کاتێ بیبنایە بەگۆشەی چاو سەیری دەکردو دیوت:
ـ حاڵت چۆنە کریشا، کار چۆنە لەگەڵ ژنە لاوەکەتدا —خراپ نیە.
ئەمەی دەوت‌و دەکەوتە پاشەکشەو خۆدزینەوە دەترسا بیرە کۆنەکانی سەرکەنەوە سەری.
قوڕەکە خەستتربوەوە، وادەردەکەوت ڕێکەوتنی نێوان ستیپان‌و ژنەکەی لەو ڕۆژانەدا ڕوون‌و ئاشکرابو، ئەوا مەسەلەکەیان بە ژیریی چارەسەرکردبوو، سەردنی ستێپان بۆ مەیخانە کەمبوبوەوە، بەدەگمەن ڕومەت‌و لەشی ئەکسینیا پەڵەی شینی پێوە دەبینرا، ئەوا هەردوکیان لەمێرەکەدان، وا ستێپان لەخۆشییاندا چریکەی گۆرانی دێت‌و داوا لەئەکسینیا دەکا هاوبەشی هەست‌و سۆزی بێ. ئەکسینیا لەدەشتەکەد بەسەر عەرەبانە گیاوە گۆرانی دەڵێ، دەشتەوانی شگوێیان لێیە،و پیرەکانی قەوزاق دەڵێن: (نامەخوا بۆ ستێپان ژنەکەی چەند دەنگی خۆشە، هەروەکو زەنگێکی مس دەزرنگێتەوە).
کاتێ وەرزی دروێنە تەواو بو ستێپان گواستیەوە بۆ خەرمان، لەوێ لەنزیکی خەڵکی تاتارسکەوە دەبێ، ئەون دەیانڕوانی ئەکینیا خزمەتکردنی مێردەکەی دێت‌و دەچێ‌و شادی‌و خۆشی لەچاوانیدا پرشنگدەداتەوەو بریتیە لەیەك پارچە چالاکی، لەسەر خەرمان خەڵکی گوند دەمەتەقێ دەکەن‌و دەریقێنەوە، دەبێ، گفتوگۆکانیان لەبارەی چییەوە بێت؟

لەگونددا مۆخۆڤو ئابڕووچونەکەی، گریگۆریو تازە ژنهێنانی کە مۆخۆڤ لەئاشەکە دەری کردبوو، ئەمانە قسەو باسی گوندی پێکهێنابو، مۆخۆڤ ڕیسوابونەکەی کاوێژدەکردەوەو ڕقوکینەی یادی دەکرد کە دەبێ بتەقێتەوە، گریگۆری هەست بەجۆرێك ناتەواو بەختوەری دەکا، لەکاتێکدا کە ناتالیای ژنی ئەم خۆشەویستیەی گلاوەی لابوبوە داخی دلێ، لەملاشەوە داڤیدی نەریس بەئاشکرا دەیوت: لێیان گەڕێ، لێیان گەڕێ، شۆڕشی 1915 توندو تیژدەبێ لەشۆڕشی 1905، ئەو بەم زوانە دەیانپلێشێنێتەوە، ئەو ئاغایانە ئێستا پێ بەسەر ملماندا دەنێن، بەلام ڕۆژگار لەنێوانماندایە..دەبینین کاتێ کە تۆڵەیان لێ دەسێنیەوە.

لەبارودۆخەدا گوێرەکەکان پتر قەڵەو دەبون، تۆما ئەسپە بچووکەکان لەخۆشیاندا لەو مێرگەدا هەڵبەزودابەیان بوو گوێدرێژ جووتەی دەهاویشتو بەسەرسامیو لەخۆبایی بونەوە سەری هەڵبڕیبوو، دەرگای خێروبەرەکەت لەهەمووماڵێکی قەوزاقدا کەوتبوە سەرپشت..

ژیان ئێستا زۆر گوساخە، ئیتر بۆچی قەوزاقی سەر ڕۆحی دۆن لەکەیفو خۆشیدا نەبن.

لەتاتارسکدا هیچ ئاسنگەر نەبوو، ئەمەش بوو بەهۆی هاتنی پیاوێکی غەریب بۆ ئەوێ، لەدواوایی تەشرینی یەکەمدا ڤیدۆتو پودۆڤسکۆڤ سواری گالیسکەکەی بوو بەرەو شارۆچکەکە بۆ کرینی هەندێ کوتاڵ بۆ ژنەکەیو کاتێ کەویستی سواری گالیسکەکە بێ لەگەڕانەوەیدا، پیاوێك ڕایوەستانو لێی پرسی کەخەڵکی کوێیە، ئایا ئاسنگەریان هەیە، کاتی ڤیدۆت پێی وت نیە، پیاوە پێی وت لەگەڵ خۆیدا بیباو ڤیدۆتیشی ڕازی بوو، ئەمجار ژنەکەی دوو سنووقیان هەبو هێنای و گالیسکەکەی لێخوڕی بۆ تاتارسك.

لەڕێگادا زیدۆت ناسیاوی پیداکرد لەگەڵ کابراداو زانی کەناوی ستۆکمانە، وەکیلی کۆمپانیای درومانی سینگەرە، لەڕوسیادا لەدایك بووە، بەلام باوکی لیتوانیە، ئەمجار ئیشەکەی میکانیکیەو حەزدەکا وەرشەیەك بکاتەوە لەگوندەکەیاندا، ڤیدۆت زۆر حەزی نەدەکرد بەدەمەتەقێ لەگەڵ هاوڕێکەیدا،بەلام ئەم لێهاتوویيو زمان لووسیەوە وتی:

ـ ژیان چۆنە لەگوندەکەتاندا؟

ـ بەهەرحاڵ باشە.. نان فرەیە.

ـ ئەی قەوزاق بەگشتی، ڕازین لەحاڵو وەزعی خۆیان؟

ـ گشتی نە، شتێکی گرانە هەموو خەڵك ڕازی بکرێ.

ـ ئەی مەشقی سەربازی لای ئێوە چۆنە، دەبێ نیگەران بن لەوەی هەریەکەتان دەبێ بەکەرەسەی تەواوی خۆیەوە بچێت؟

ـ بەبێ بەچکە بەرازانە ئەمەمان لێ داوادەکەن. کاتێ کە بانگرام بۆ خزمەتی سوپا، مانگاکنم فرۆشتو ئەسپێکم پێ کڕین، بەلام ئەو بەچکە بەرازانە ڕەتیانکردەوە.

ـ ئەسپەکەیان ڕەتکردیتەوە؟ دەلێی مانگاکانت لەبەر ئەو فرۆشتوە

ـ بەلێ، ڕشەتیان کردەوە..و ماڵیان کاول کردم.

گفتوگۆ بەردەوام بوو لەنێوانیانداو هەردوکیان حەزیان بەوەدەکرد لەوکاتەدا، تاوەکو گەیشتنە گوندو لەوێ خەڵکی هاتن پرسیاریان لە ڤیدۆت دەکرد لەبارەی ئەم کابرا غەریبەوە کەلەگەڵیدا هاتووە بۆ گوند، پیرە ژنێ ئەم پرسیارەی لێکردو ئەویش وتی:

ـ ئەمە وەکلە.

ـ وەکیلی چی؟

ـ هی مەکینەی درومان، بەخۆڕایی دەیداتە کیژۆڵەجوانەکان، بەڵام مارڤا تۆو بابەتی تۆ لە پیرێژنو ناشرینەکان دەبێ پارەکە بدەن.

ـ نەحلەتی خوات لێ بێ بەم لووتە کالێکییەتەوە..

ـ کالێکی باش بزانە کالْمێکییەکان یەکەم کەس بوون هاتنە ئەم دەشتە.

لەتاتارسکدا ژنان گوڕیان دایەخۆیان بۆ واتە وات:

ـ غەریبێك، ڤیدۆت هێناویێتیو ناوی شتۆبلْ یان شتۆکا بڵە.

ـ دەڵێن پۆلیسە.

ـ نە، کۆدەسێن. —ئەوە خەراپتر.

ستۆکمان دوو ژووری بەکرێ گرت لە ماڵی لۆپتسکایای چاوخێلداو خەڵکی لەبارەی ئەم کرێ گرتەوە پرسیاریان لێکرد، ژنەش دەیوت ئەمە وەکیلە، نازانم چیە.

ستۆکمان لەماڵە تازەکەیدا حەفتەیەك مایەوە نەدەچوە لای کەس، قەوزاق گوێیان دەگرت لە تەقەتەقی چەکوشی ئاسن لەچوورەوە، کابرا خەریکی رێکخستنی جێگابو بۆ مێکوتو کەرەسەکەی، کاتێ کە لێبوەوە چاکترین جلوبەرگی لەبەرکردو ناسنامەکەی هەڵگرتو چوو بۆ لای ئەتمان لە گونددا، دوایی ئەوەی ئەتمان سەیرێکی ناسنامەکەی کردو دایە کاتبەکە تاوەکو ئەویش سەیری کا. . رێگای بەپیاوەتی غەریبدا یشتەجێ بێ لەئاواییدا.

وەرزی زەوی کێڵان دەستی پێکرد.. پێش جەژنی شەفاعەت بەسێ ڕۆژ پانتلای گریگۆری کوڕیو بوکەکەی بەرێخست کە هەردوکیان بە گالیسکەکە ڕۆیشتن بۆ دەشت بۆ زەوی کێڵان لەوێ، پانتلای کە بە دار عەساکەی خۆی بەکێش کرد، چونکە تووشی هەڵامەت بوبو وتی:

ـ کریشا هەردو پارچە زەوییەکەی نزیك سەوزو سورەکە بکێڵە.

ـ ئەی پەڵەی قەراخی بییەکە؟

ـ با بمێنێتەوە کوڕم، ئەو ڕووبەری گەورەیەو ئیشوکاری ترت زۆرە.

لەملاشەوە دایکی گریگۆری بەگوێی نتالیادا چرپاند، کاتێ کەچەند کولێرەیەکی گەرمیدایە:

ـ لەوێ گەڵا ترشۆکە زۆرە، هەندێك هەڵکەنە کچم کەڵکی لێ وەردەگرین.

پاشان ئاوڕیدایە لای گریگۆرییەوە وتی:

ـ گریگۆری با دۆنیا لەگەڵتاندا بێت، یارمەتیتان دات لەڕاکێشانی گاکاندا. .

ـ نە، پێویست بەوە ناکا، دووکەس بەسە.

گریگۆری حەزی دەکرد بەتەنیا بێ لەگەڵ ژنەکەیدا، بەڵام دایکی ئەقڵی بەمکە نەشکا، کەچی باوکی دەرکی پێکردو وتی:

ـ ئادەی چەقەبازە بچۆرە لای کاروباری خۆتەوە، ئەوان هەردوکیان بەسن.

ناتالیا گاکانی دەرکردو بەدوای مێردەکەیدا ڕۆیشت کە گالیسکەکەی لێدەخوڕی بەرەو دەشتە پانوبەرینەکە.
دەشتەکە لەوکاتەدا کپوماتبوو، ڕێگاکەش هیچی تێدا نەدەبینرا بڕکەیە بچوکی مەڕنەبێ لەگەڵ هەندێ شۆفێردا کە فیکە فیکیان بو لەپێش فەدانەکانیانەوە.
هەرکە گریگۆریو ناتالیا بەرەو دەشتو دوورکەوتنەوە، پێوتەرو ژنەکەی خۆیان کەوتن بۆ ئەوەی بچێتە ئاش.
دەریا دانەوێڵەکانی بێژابوەوە، کردبونیە توورەکەکەوە، ئامادەی کردبون بۆ هاڕین.  کاتێ کە پێوتەر گیشتە ئاش سەیری کرد ئەو ناوە پڕە لەگالیسکە، لەعەرەبانەکەی هاتەخوارو ڕووی دەمی کردە کرێکاری قەپانەکە، نۆبەی لێپرسی،  کابراش وتی:
ـ زۆر دواکەوتووی،  نۆبەی ژمارە (38) ە.
ئەمجار پێوتەر ویستی جەواڵە گەنمەکان لە گالیسکەکە داگرێ، بەڵام کاتێ وەرچەرخایەوە لەناو ئاشەکەوە گوێی لەجوێنێك بوو، یەکێکیان دەیوت:

کەواتە ئەفسەرەکە لەو قسەیە دەترسێ کە قەوزاقو خۆخۆڵ نەوەی ڕووسیان. ئەمەیە کێشەکە.
زستانی ئەو ساڵە لە هاتنیدا دوایی چەند ڕۆژ بڕکەی مەڕوماڵات دەرکرایەوە بۆ پاوەنەکانیان سەرلەنوێ، پاشان بایەکی گەرمو فێنك لەباشوورەوە هەڵیکردو هەفتەیەکی خایاندو خەڵك پێخۆشحاڵبون پێی،  ئووهەوا بەردەواام باش بوو تاوەکو جەژنی (سانت)،پاشان سەرماو بۆڕفت شاڵاوی هێناو مەفی تاوەکو بەرژینەکانی سەر ڕۆخی دۆنی داپۆشی، شەقامەکانی گوند چۆڵ بوون، لەسەربانی کۆڵیتەکان گەواڵە هەوری دوکەڵە ڕەشو خەست کۆبووبوەوە ئەوکاتە گوند خەریکی بەستنی کۆبونەوەیەك بو بۆ دابەشکردنی قەدەغەکە بۆ بڕینی دارەکەی، قەوزاق بۆ شوێنی کۆبونەوەکە دابارین بە کەوڵە شۆڕەکانیانە کە گەرمکردنەوەی مسۆگەر بوو بۆ ئەوانەی لەبەریان دەکرد، هەروەها بەڕیشە جۆراوجۆرەکانیانەوە لەڕەنگودرێژیدا ژووری کۆبونەوە پڕ بوو لەدەنگەدەنگو گلەییو،  قسەیە لێرەو یەکێ لەوێ، هەمووی پووشو گو ناکۆکیەکانی ناو ئاوایی دەدوا.
ـ پلو پووشی مێرگەکە ئەمساڵ چاکە.
ـ ئەتمان ملێکی پێوەیە لە ملی بەراز دەچێ.
ـ باشە گایەك نابەی لەگا هاوبەشەکان، کاکی دراوسێ؟
ـ نەخێر، ئەو بێوەژنەی چاودێری دەکا باسی زمەت دەکا، پێم وایە دەبێتە یەکێك لەئەندامانی خێزانەکەی،  چونکە ئەو پێویست بە برازایەکە.
ـ ها. . ها..ها
ـ چیرۆکی ئەو مێرمناڵە قەرەجەتان بیستوە؟ لەو دەشتەدا تۆڕی ڕاوەماسی داوە بەسەریدا، خەریك بووە سەرما بیکوژێ، تاوەکو قۆڕەی لەناوسکی هەڵساندوە، ئەمجار پەنجەیەکی خستوەتە یەکێ لەکونەکانی تۆڕەکەوە بەدایکی وتوە:
(ئای. . ئەوە لێرەوە سەرما دێت، پێم وابوو دنیا ساردە ).
ـ ها. . ها...زیرەك بووە.

ــ چی کاتێ پێتان وایە ئەتمان ڕۆژی داربڕین دیاری دەکا، ئەو ناتوانێ ڕۆژی یەك شەممەی بۆ دیاریکات، چونکە نیوەی گوند دەچن بۆ کا هێنان لەو ڕۆژەدا.

ــ لەسەر چی نیپولین‌و کاشولین شەڕیان کردووە؟

ــ لەسەر پارچە زەوی‌یەك هەموو سالێ لەسەری شەڕدەکەن.ئ ەو زەویەش بەشی (حیولانکێ)پشیلەیە ناکات.

ئەتمان مستەکۆلەیەکیدا بەسەر مێزەکەداو وتی:

ــ پاسەوان بانگ دەکەم ئەگەر لەم چەنەبازییە نەکەون.

دەنگە دەنگەکە هێدی بوەوەو ئەو ناوە کپ‌ومات بو، ئەتمان لەسەر قسەکەی ڕۆیشت‌و وتی:

ــ داربڕین ڕۆژی پێنج شەممە دەست پێدەکا، ڕاتان چی‌یە پیرەکان؟

ــ بەپشتی خوا، چاکە، ئەتمان.

ــ پێویستە لەسەر لاوانی گوند ڕۆژی شەممەی داهاتوو ئامادەبن لەدایەرەی ئەتمانی ناوچە بۆ ئەوەی سوێند بخۆن.

دەنگەکە ەرلەنوێ کەوتەوە قالەقال ئەمجارەیان لەنێولاواندا، پانتلای کەلەکۆبونەوەکەدا ئامادەبوو لەسوچێکدا وەستابوو، گالتەی لەگەل ئەڤیدیچە سەرسورد دەکرد، ئەم ئەڤدیچە لە کەتیبەی ئەتماندا خزمەتی کردبوو، پاشان گەڕایەوە بەکۆمەلێ پەندو چیرۆکەوەو بەردەوا دەیگێڕایەوەو لاوانی گوندی لەدەوردەئالان. بەلام ئەو چیرۆك‌و سەرگورەشتانە شێوەی نامۆیی‌و خەیالیان پێوەدیاربوو، لەدواییدا دەرکەوت کەئ ەڤدیچ درۆزنێکی گەورەیە، ئیتر خەلك بڕوایان پێ نەدەکرد تەنانەت ئەگەر ڕاستیشی بکردایە.

پانتلای لێی پرسی:

ــ بۆمان بگێڕەوە ئەڤدیچ چۆن دەکەت گرت لەمۆسکۆدا.

ــ چاکە،لەرۆژانی پڕشکۆدا، ئای چ ڕوداوێك بوو! رۆژانێك بوو، کە قەوزاق قەوزاق بوون..

پەیکەری ئێسکە مەزنەکانیم بینی کاتێ دەیان پشکنین، بالی هەریەکەیان ئا ئاوابوو، (قۆلی خۆی لێ درێژ دەکرد)،بەلام ئەو رۆژانە ڕابورد.

ــ چاکە ئەی پەیکەرەکان خۆیان چۆن بوون.

ــ درۆ گلاوە لای من..کاتێ کە بناغەی خانوی مێردی خوشکەکەمان هەلدەکەند، بینیم.. پەیکەری. .میرۆن (باوکی ناتالیا)ئارامی لێبڕاو وتی:

ــ پەیکەر. .پەیکەر. .تۆ بۆیان بگێڕەوە چۆن ئەو زۆلەت گرت..

ــ چاکە. ..بەمجۆرە بوو:

(یەکێك لەبێژییەکان لەبەندیخانە هەلات، بەشەکانی پۆلیس نیتوانی بیدۆزنەوە، شەوێکیان ئەفسەری گارد بانگی کردم‌و ئاگاداری کردم کە ئەمپەراتوور لەکۆشکی خۆیدا داوام دەکاو دەبێ بچم بۆ ئەوێ لەکۆشکی ئەمپەراتووریێتیدا خاوەن شکۆ پێی وتم: گوێت لێی بێ ئەڤیدیچ یەکێك لە بیژییەکان لەبەند ڕایکردووەو تا ئێستا نەمانتوانیوە بیگرین، لەبەرئەوە تۆم هەلبژاردووە بۆ ئەم مەبەستە، بڕۆو لەدووی بگەڕێ‌و بۆم بێنە..

پێم وت: ئامادەم، ئەمپەراتووری خاوەن شکۆ. سیانم لەنایابترین ئەسپ لە تەویلەخانەکانی ئەمپەراتوور دەرهێناو کەوتمە پێچەودەورە، ڕۆژی سێیەم نێچیر بوو بە داوەوەو فڕیم دایە ناو گالیسکەکەمەوە، دەستبەجێ چووم بۆ لای ئەمپەراتوور، لەشم نوقومبوو بوو لەقوڕو لیتەدا، لەگەل ئەوەشدا ڕێگام بەبەرهەلستی فەرماندەو ئەفسەرانی نەدا کە

بەرگریم لێبکەن لەچاوپێکەوتنی ئەمپەراتوور. چومە کۆشکەوەو لەدەرگای ژووری ئەمپەراتوورم دا وتم: من ئەڤدیچم، گەڕامەوە، بۆم هەیە بێمە ژورەوە؟ گوێم لێبوو لەژوورەوە هاواری کردو وتی: ماریا فیۆدۆرۆڤنا، ماریا، هەڵسە، ئادەیی، سەماوەرێك ئامادەبکە ئەوە ئەڤدیچ گەیشت.

گوێگران دایانە تریقەی پێکەنین، ئەوا خانمی ئەمپەراتوورەش لەخزمەتی ئەڤیدیجدایە! لەگەڵ ئەوەشدا درۆزنی گەورە بەردەوام بوو لەسەر قسەکەی:

ئادەی سەماوەرێ ئامادەکە، من پێم نەوتی؟

بەڵام ئەو پێکەنینە بەڵگەیی بڵاوەکردنی کۆمەڵەکە بوو، چونکە تێربوبون لەدرۆکانی ئەم هاووڵاتییانە لەگونددا.

کاتێ پانتلای گەڕایەوە ماڵەوە، ژنەکەی پرسیاری رۆژی داربڕینی لێکردو وتی: (رۆژی پێنج شەممە، بەڵام باشە تا ئەوکاتە چاکدەبێتەوە پیرەژن، ئەمڕۆ چۆنی؟)

ـ هەست بەئازار دەکەم لەهەموو جومگەکانمدا.

ـ پێم نەوتی ( )مەخوسێنە گەوجە، خەڵکیتر دەیحووساند. ئاگادارم نەکردی لەوەی توشت دەبێ؟

ـ ئەی من ترسام خەساربیێ.

پانتلای موویەکی پەژاراوی کرد، پاشان بەشێوەیەکی نەرمتر وتی:

ـ ئەی ناتالیا ئەمڕۆ چۆنە؟

ـ کەوتوەتەوە گریان سەرلەنوێ. ویستم هۆکەی بزانم بەڵام هیچ شتێ نادرکێنی.

ـ باشە سکاڵای هیچ شتێ دەکا؟

ـ نە، یان بەرتیری چاوێکی پیس کەوتووە، یان کریشا. .

پانتلای بۆی تەواوکرد:

ـ گەڕاوەتەوە دەسبازیو قیتەقیت لەگەڵ ئەو ژنەدا؟

ـ ئەوەم نەبیستووە، ئاخر ستێپان. .نەك کریشا گەوجو نەفامە.

ـ کەواتە، کوڕە نەحلەتییەکەت ئەم کچە دەکوژێ. ئەو بەداخو خەغفەتەوە دەیمرێنێ.

پانتلای بانگی کردە گریگۆری کەل پەنا ماڵەکەدا دانیشتبو قولاپی ڕاوی تیژدەکرد:

ـ کریشا، ئامادەبە بۆ داربڕین رۆژی پێنج شەمە.

پێش ئەوەی شەبەقی پێنج شەممە بدات بە دووسەعات، پیرێژن دەریای بوکی هەڵساند لەخەو بۆئەوەی ئاگرەکە بکاتەوە، ئەمیش بەبۆڵە بۆڵو ناڕەزاییەوە بە مێردەکەی وت: ( بۆچی ناتالیا لەخەو هەڵناسێنن، هەر من بەتەنیا هەموو ئەركو زەحمەتم بکەوێتەئەستۆ؟)پێوتەر وەڵامی دایەوە: ( تۆ لەخەوهەڵیسێنە)، بەڵام ناتالیا پێویستی بەوەنەبوو کەس بەئاگای بێنێتەوە...ئەو خۆی لەخەو هەڵساو ڕۆیشت پوتینە لەبادیەکەی، تەقەی دەهات بەبەڕێوە ڕۆیشتنە بەلەنجەولارەکەیو هەردوو مەمکی قوتی لەرەلەریان بو بەئارەزوو شەهوەتێك هێشتا هەر تینوو بونو تێربونیان نەدەزانی، بەژن ڕێكو ناوقەدباریكو دوولێوی پڕ هەوەس ئارەزوویان پێوەبوو.. کەدەریا بەرچایی ئامادەکرد، خێزان بەپەل خواردیان، پاشان پانتلای هەردوو گاکەی دەرکردو داوای لەدوو کوڕەکەی کرد کە شوێنی کەون، پێوتەر گالیسکەو ترۆیکاکەی ئامادەکرد، چونکە ڕوبەری دۆن بەستەلۆکی سەهۆڵ بوو لەنێو بەستەلۆکەکەداو

چاڵی ڕەشی ترسناکی تێدابوو وەکو عازەبەی سەر ڕومەتێکی جوان‌و ناسک، پێوتەرو گریگۆری سواری ترۆیکاکانیان بووو بەرەو چرەدارەکە ڕۆیشتن، لەڕێگادا پێوتەر گەیشتە پانیکوشکای دراوسێیان‌و بانگی کردو وتی:

ـ ماندوو نەبی دراوسێ، بەخێرهاتی، ژنەکەت لەگەڵ خۆتدا هێناوە؟

ـ بەڵێ..هێناومە بۆ ئەوەی گەرمم کاتەوە.

ـ گەرمت ناکاتەوە... لەڕو لاوازە.

ـ کەچی هەر شۆخان دەدەمێ بۆئەوەی قەڵەوبێت..جگەرەیە بێنە.

ـ تۆ هەمیشە لاورگەی.

ـ ئەمەو خۆشترە، چاکترین شت ئەوەیە کە سواڵ دەکرێ یان دەدزرێ لەخەڵکی دیکە:

هەرسێ ترۆیکا ەوتنە خلیسکەو لەپێچێکی ڕێگەکەدا پانیکوشکا بەلای ستێپان ئستاخۆڤدا تێپەڕی کە خەریکی لێخوڕینی دوو گابوو بەسترابون بەنیلەیەکەوە، بانگی لێکرد:

ـ ئەوە بزر بووی لەم دەشتەدا ستێپان؟

ـ نەخێر، ترۆیکا شکا، وەریگێڕاین.

لەولاوە بەماوەیەکی کەم، پانیکۆشکا ترۆیکا وەرگەڕاوەکەی ستێپانی بینی، ئەوکسینیا بەتەنیشتیەوە بوو، وتی:

ـ ئای. .تۆ بۆ ژنی من دەشێی. . تۆ گەرمم دەکەیتەوە.

ـ ژنەکەت لەگەڵتایە لەترۆیکاکەدا!.

ـ بەڵێ، ئەگینا دەمگەیاندی.

ـ سوپاس.

پێوتەرو گریگۆری بەترویکا وەرگەڕاوەکەدا گوزەریان کرد، ئەکسینیا گوێی بەپێوتەر نەدا، بەڵام ڕێگەی بەگریگۆری گرت‌و وتی:

ـ گریگۆری پانتلای. . دەمەوێ قست لەگەڵدا بکەم.

پێوتەر کە بینی براکەی بەرانبەر بەئەکسینیا وەستاوەو هەریەکەیان لەوی دیکەیان ورد دەبێتەوە، پێکەنی، ئەکسینیا وتی:

ـ چی دەکەی بیکە کریشا، بەڵام دڵنیابە من ژیانم بێ تۆ مەحاڵە. گریگۆری سەری داخست.. قسەی نەکرد، بەڵام بیری لە سیماو ڕوخساری ئەکسینیا دەکردەوەو سەرسامی زمانی لەگوێبردبوو، ئەکسینیاش لای خۆیەوە بێدەنگبوو، کش‌وماتی سەرسوڕمان گرتبوونی، هەتا لەناکاو گریگۆری هاتەوە سەرخۆی وتی:

پاشان ئەکسینیای کێشی کردە لای خۆیەوە.

ستۆکمانی ئاسنگەر پیاوێکی هێجگار کەنارگرتەنەبوو، وادیاربوو تاقمێکی دۆزیبوەوەو پێکەوە گونجابوون‌و هەندێ ئێوارانیش پێکەوە دەمانەوە، ئاسنگەرەکە هەندێ کتێبی هێنابووە، پێکەوە دەیانخوێندەوەو یەکێك لەو کتێبانە لەبارەی کەسایەتیەکان قەوزاقی دێرینی شکۆدارەوە دەدوا کەبەسەربەستی‌و بەربەرەڵلایی لەم دەشتەدا ژیاون بێئەوەی ملکەچی کەس بن، هەروەها دێتە سەرخۆ ناخەکانی مێژووی قەوزاق‌و چۆن ئەوان لەڕێگای خیانەتەوە ملکەچی تساربوون، سەریشت سوڕنەمێنێ ئەم کتێبە ناونیشانی (کورتە مێژوویەکی قەوزاقی دۆن)ی هەڵگرتبوو، ئەمەش لەبەرچاوی دۆستەکانی ستۆکمان شتێکی جوان‌و نایاب بووو کتێبەکەیان بە سێ شەوی لەدوایەك

تەواوکرد، بەڵام با بزانین دۆستەکانی ستۆکمان کێن، ئەوان ئەم کەسانەو داڤیدو کریستۆنیاو ئیڤان کۆتلیارۆڤی بەگەڕخەری مەکینەو فیلکای پینەچیو لاوێکی قەوزاقی کە ناوی میشاکۆ شیڤۆی بوو.

شتێکی ئاساییە کەڕادەی تێگەیشتنی ئەمانە جیوازبێ لەیەکێکیانەوە بۆ ئەوی دیکە، ئائەوە کۆتلیارۆڤی کەڵەقەوزاق هێرش دەباتە سەر کریستۆنیا کە گاڵتە بە قەوزاق دەکا.

ــ تۆ مووجێکی کریستۆنیا، دایکت شووی کردووە بە مووجیکێك.

ــ لەوانەیە بەڵام برام تۆ گەوجی، پیاو دەبێ هەق بڵێ.

ــ وس بە هەی مووجیك.

ــ با مووجیکیش بم، باشە ئەوان مرۆڤ نین؟

ــ ئەوان لەتوێکڵی دارن، وەکو قەوزاق مەردو پیاونین. —گوێ بگرە...گوێ بگرە. . کاتێ کە من لەگاردی تساردا بووم لەپیتێربوورگ، نۆبەی پاسەوانی یان جووت جووت دەدایتێ. هەردو یاساوڵیان وەکویەك هەڵدەبژارد بەتەواوی لەبەژنو بالادا، جارێکیان یاساوڵەکەی دیکە قەوزاق بو، کەسیان نەدۆزیەوە لەشێوەی ئەو، لەبەرئەوە ئەفسەرەکە ناردمی بۆ لای سەرتاشو ڕیشی بۆ بۆیە کردم، چونکە گرنگ ئەوەبوو کە من سەیری ڕیشە بۆیەکراوەکەی خۆمم دەکرد لەئاوێنەدا خەریك بووم لەپێکەنیندا شێت بم. کاتێ کە. ..

کۆتڵیارۆڤ قسەکەی پێ بڕی: ــ وازبێنە لەڕیشەکەتو بۆیەی ئەمە بایەخی چیە! باسی بۆ بکە لەوێ. ..

ــ چاکە...ڕۆژێکیان نۆرە پاسەوانیم لەدەرەوەی کۆشکدا بوو، بەسەرئەسپەکەمەوە بومو شمشێر بەدەستمەوەو خۆمم بادەدا، هەواڵمان بۆهات کە کۆمەڵێ لە قوتابیانی قوتابخانەیەکی گەورە کەپێی دەڵێن زانکۆ کۆمەڵەیان کردوەو فەرمانمان درایە بڵاوەیان پێ بکەین، بەڵام خێرا لێمان ئالانو هاواریان دەکرد: ها، ها، قەوزاق، ئێمە خەریك بوین شمشێر هەڵکێشین، یەکێکیان هاتە پێشەوەو جڵەوی ئەسپەکەی گرتموو وتی: ( نەکەی، منیش قەوزاقیم وەکو تۆو هەر لەهەمان ناوچەم، ئەم دەکۆپیکە ببەو بەسەلامەتی باوکی مردووم پێی بخۆرەوە، وێنەیەکی بچوکو پارەکەی دامێ.

سەرلەئێوارە لەگەڵ هەندێ سەربازی پاسەوانی برادەرما بەسەلامەتی خاوەن وێنەکە خواردمانەوە، بەوێنکەیدا دیاربوو پیاوێکی بەڕێزبوو، سەر ڕوتاوەیەکی بەشانو شەوکەت بوو و دیاربوو لەڕەشە خەڵکەکە نەبوو، وێنەکەم بەڕاسەری جێگە تایبەتییەکەمە لەقاوشەکەدا هەڵواسیبوو، ڕۆژێکیان ئەفسەرەکە هات بۆ پشکنینو لەبارەی وێنەکەوە لێی پرسیم منیش چیرۆکەکەم بۆ گێڕایەوە و ئەمەی بەلاوە سەیربوو وتی:

ــ ئەمە گەورەترین ئاژاوەگێڕە لەئەڵمانیادا، ناوی کاڵ، یاخود کارڵە. .

ستۆکمان بۆی ڕاست کردەوە:

ــ کارڵ مارکس. .

ــ بەڵێ، بەڵێ ئەمە ئەو ناوەبوو کە ئەفسەرەکە وتی:

من ئەوە نازانم کەئەم پیاوە ئاژاوەگێڕە یان نە، بەڵام وادیارە پیاوێکی مەزنە، هەرچۆنێك بوو، ئێمە بەسەلامەتی ئەو خاوەن وێنەیە خواردمانەوەو زۆریش خۆشحاڵ بووین بەوە.

ستۆکمان وتی: ــ ڕاستە، ڕاستە ئەم پیاوە شایستەی ئەوەیە کەبەسەلامەتی بخورێتەوە.

ــ باشە، هیچ شتێکی چاکی کردووە؟

ـ بەڵێ، شەوی داهاتوو ئەمەت پێ دەڵێم.

دانیشتنەکە تەواوبوو، بەڵام پێڕەکە هەر لەزیادبوندابوو، تا بون بە دەکەسی تەواو، ستۆکمان خۆی لەو لەبی بزوێنەربوو تیایاندا.

لەگۆڕەپانی کڵێسە دێرینەکەی ڤێیشنسکایای بنمیچ بۆردا، کەلە ناوەڕاستی تەپۆلکەیەکی لماوی ڕوتەنیدا قنج بوبوەو ڕۆژی یەکشەممەی یەکی کانونی یەکەم نزیکە پێنج سەد قەوزاقی لاو کۆبونەوە، لەگوندە پرشو بڵاووەکانی لێواری دۆنەوە هاتبون بۆ ئێرە بۆ ئەوەی سوێندی ملکەچی بخۆن بۆ تسار: لەو گۆڕەپاندا قەشە، کەبەردەوام دەکۆکی، نوێژی تەواو کرد، پاشان کۆنترین ئەتمانی قەوزاق هاتەپێشیو دەستووری دا بەلاوان کە قەتارەیەکی جوت جوت پێکبهێنن، پاشان کردی بەچوار چوار، ئەمجار قەشە کەوتە گرنگە گرنی سوێندێکو ئەو لاوانەی کەلەڕیزەکانی پێشەوەبوون دەیانوتەوە، لەبەرئەوەی نەدەگەیشتە ڕیزەکانی دواوە گریگۆری کەلەدوای میتکاکۆرشۆنۆڤەوە وەستابوو بایەخی پێنەدا. دوای ئەوە ئەتمانی پیر بەنیشانە زۆرەکانیەوە کەپێی درابو لەبەر خزمەت زۆریو بەسەر سینگیەوە دەلەرینەوە ووتی:

ـ ئێوە ئێستا لاون قەوزاقەکان، قۆناغی منالێتان تێپەڕاند، بگەڕێنەوە بۆ لای باوکو دایکتانو پێیان ڕابگەیەنن کەوە خۆیان کەون بۆ دابینکردنی ئەسپێکو چەکێك بۆ هەریەکەتان بەم زووانە بانگ دەکرێن بۆ خزمەتی سەربازی.

لاوەکان بڵاوەیان لێکرد، هەریەکە ڕێگایەکی گرتەبەر. گریگۆری پێش سوێندان گوێی لەمیتکای هاوڕێی بوو سکاڵای لە خزمە تەنگەکانی دەکرد، کەپاژنەی دەگوشێ، بەڵام ئامۆژگاری کرد خۆی ڕاگرێ لەشوێنی خۆیدا. هەر کە ڕێ مەراسیم تەواوبوو، میتکا پۆتینەکەی کە ئازاری دەدا داکەندو بەگۆرەوییە لەبادەکانیەوە کەوتە قەڵەمباز بەسەر سەهۆڵەکەدا.

لەسەر ڕۆخی دۆن، لەدارستانێکی چروتاریکی داری بیدا، ڕێبوارەکان جانەوەرێکیان بینی، گورگێکی برسیبوو، بەدوای نێچیردا دەگەڕا لاوەکان کەوتنە قیڕەو زیکە بۆ تۆقاندنی، گورگە بەچاوێکی پەلاماردانەوە سەیری کردن، بەڵام بینی کە زۆرن وازی لەو بیرەی هێناو خزاندەنێو دارەکانەوەو بۆی دەرچوو، لاوەکانیش ڕێگەی خۆیانیان گرتەبەر بۆ گوندەکانیان.

گریگۆری لەگەڵ گەیشتەوە ماڵی خۆیان لە گوندی تاتارسك چوە چێشتخانەکەوەو کەوتە داماڵینی جلەکانی پێش ئەوەی کەمی خۆی گەرمکاتەوە، پیۆتەر بینی چەند پرسیارێکی لێکرد کە چی کرا لەکڵێسەداو سەرما لەدەرەوە چۆنە، گریگۆری بەنیوە ناچڵ وەڵامی دایەوەو پیۆتەر واهاتە بەرچاو کە گۆبەندێکی بەنێوچاوانەوەیە. دایکی گریگۆری هاتە ژوورەوەو وتی:

ـ هەڵسە دەریا، هەندێ شۆربا ئامادەکە بۆ هێوەرەکەت، بێگومان برسیەتی.

دەریا بەلارولەنجەو خۆبادانەوە ڕۆیشت، پاشان هەندێ خواردنی بۆ هێناو هەموو کش‌ومات بوون.

پیرە پانتلای بە وتی:

ـ ئێ. .:ریشا. . ناتالیا باسی گەڕانەوە دەکا بۆ لای باوكو دایکی، بۆچی؟ لەبەرچی!

ـ نازانم. . لێی بپرسە.

ـ پێویست ناکا بەلێپرسینی. . من دەزانم کوڕی. .

لێرەدا پیۆتەر خۆی تێهەڵقورتاندو وتی:

ـ کرەکە بدەنە دەستی خۆی، ئەگەر بیەوێ لامان بمێنێتەوە دەیخەینە سەرچاومان، ئەگەریش ئارەزووی رۆیشتنی کرد بۆ لای باوكودایكی..ئەوا خوای لەگەڵ.ـ خوای لەگەڵ! من سەرزەنشتی ئەو ناكەم، بەڵام سەرزەنشتی ئەم كوڕی قەحپەیە دەكەم.

گریگۆری ئەم وەعە ناخۆشو سەرکۆنیەك لەدوایەککردنەی پێهەڵنەگیراو دەنگی لەڕووی باوكیدا بەرزكردەوە:

ـ من چیمە، خراپەم بۆ کێ بووە؟

ـ خراپەت بۆ کێ بووە!دەزانی شەیتان وێت لێ بێ: یان لەگەڵ ناتالیادا دەژیت یان بڕۆ لەم ماڵە، نامەوێ بتبینم. تێگەیشتی؟

ـ لەڕاستیدا من بەسەربەستی خۆم ژنم نەهێنا، توڕە مەبە بابە، بەڵام ئەمە ڕوویدا.

ـ ئەمە ڕویدا! دەرچۆ بۆ دۆزەخ.

ژنەکەی پانتلای هەوڵیدا کوڕەکەی بگێڕێتەوە کە هەڵسا بڕوا بەم دەرکردنە ئابڕووبەرەی باوكی، شەبقە فەروەكە هەلگرتو ویستی دەرچێ، بەڵام پانتلای نەڕاندی:

ـ ژنەکە واز لێبێنە با لەبەرچاوم ون بێ، بەیرو جەهەننەم من نامەوێ لەم ماڵەدا.

ئاساییە کە ناتالیا نەیدەویست مەسەلە تا ئەم ڕادەیە ئاڵۆزبێت، کتێ کە بینی مێردەکەی دەبێزرێو دەردەکەوێ، دەرکی کرد کەسەرەنجامی ئەمە زیانێکی گەورەیەو نابژێرێتەوە، هاواری کردە مێردەکەی کەبەرەو دەرەوە دەچوو:

ـ کریشا، گیانەکەم بگەڕێوە، بگەڕێوە.

ـ تۆش بۆ جەهەننەم.

کاتێ لەبەرەو گۆڕەپانی گوندەکە دەچوو، با ساردە دای بەدەموچاوو دەستو پێدا، بەڵام بۆچی بۆ مەیدانی گوند بچێ، پێویستە شەو لەشوێنێك بەسەربەرێ، گریگۆری یەکێ لەناسیاوەکانی، کەمیشا کۆشیڤۆی بوو بیرکەوتەوە، ئەو لاوەی لای ستۆکمان دەمایەوە، رۆیشت بۆ ماڵی میشای برادەری، بینی کە میشاو دایکیو خوشکەکەی خەوتوونو بەتەقەی دەرگا بەئاگاهاتنەوە، کاتێ کە میشا دەرگاکەی کردەوە گریگۆری چرپاندی بە گوێیدا:

ـ باوکم دەری کردووم، دەمەوێ لەلای تۆ بنووم، جێگەتان هەیە؟

ـ بەڵێ، وەرە ژوورەوە، بۆچی لەگەڵ خێزانتا شەڕت کردووە؟

ـ حەکایەتێکی دوورودرێژە، دواجار بۆت دەگێڕمەوە.

گریگۆری ئەو شەوەی لەسەر لاتەختێ لەماڵی میشا بردەسەر، دوای بەرچایی کردن لەگەڵ میشادا کەوتە پیاسەکردن لەڕاڕەوەکەدا، پاشان بەهێواشی وتی:

ـ گوێبگرە میشا،دەمەوێ بچی بۆ ماڵی ئەستاخۆڤو بەئەکسینیا ڕاگەیەنی کە من چاوەڕێی دەکەم لەناو داربیەکاندا دوای خۆراوابوون.

ـ ئاخر. .ئەی ستێپان!

ـ بیانوویە دروست کە بۆ ئەوەی بچی بۆ ماڵت داوای شتێکیان لێ بکە.

رۆژ لەدۆن ئاوابوو، دنیا بوو بە وەیشومەو زوقمێکی سەخت، گریگۆری بە دزە چوو بۆ شوێنی دیاریکراو..لەوێ چاوەڕێی کرد، ماوەیەکی پێچوو، تارمایی ژنێك لەناکاو پەیدابوو، لێی وردبوەوە سەیری کرد ئەکسینیایە، وتی:

ـ خەریکبوو لەسەرماندا بمرم، بۆچی دواکەوتی؟

- تا ڕزگارم بوو لەستێپان، چوو بۆ یاریکردنی کاغەز.

- من لەسەرما دەلەرزم.

ئەکسینیا بە پاڵتۆ خوریەیە قورسەکەی لێ پێچایەوەو دەستی کردە ملی بەهەناسەی گەرمی کاتەوەو وتی:

- لەگەڵ کەس وکار تا شەڕت کردووە؟

- بەڵێ، ئەی ناتالیا، ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی باوکی؟

- نازانم. بەڵام ئەو بێگومان دەڕواتەوە، بۆچی بەدواتا ناردووم؟

- بۆ ئەوە لێت بپرسم، واز لە ستێپان دێنی؟

- ئەم ئێوارەیە ئەگەر بتەوێ، من لەگەڵ تۆدا دەچم بۆ ئەوپەڕی دنیا، وازی لێ دێنم بی هیچ داخ و پەشیمانیەك، ئەو جانەوەرە.

- کەواتە، سبەینێ دەڕۆم بۆ ئەوەی مۆخۆڤ ببینم بەڵکو ئیشێکم بداتێ، پێکەوە بژین.

دڵی ئەکسینیا لەخۆشیدا کەوتە هەلەکە سەما،و لە دڵ خۆیدا کۆرپەلەکەی ناوسکی جووڵا، کە نەیدەزانی ئایا لەئاوی ستێپان یان گریگۆری، حەزی کرد مژدەی ئەم هەواڵەی بداتێ، بەڵام پاشگەزبوەوە لەترسی ئەوەی نەوەك کارتێکردنی بەپێچەوانەی ویستی ئەوەوەبێ و بەم خەتەرەیە موچرکەیەکی پێداهات.

- چیتە، بۆچی مووچڕکەت پێداهات؟

- دبێ برۆم و لەوانەیە ستێپان بگەڕێتەوەو نەمبینێ.

هەردوو لێویان خستەسەر یەکتر بەماچێکی پاراونەبوو، پاشان جیابونەوە هەریەکە بە مەستییەکی تەواو.

سبەینێ بەشلوشاوی و ساردی یەکەوە ڕۆژهەڵات، گریگۆری چوو بۆ ماڵی مۆخۆڤ و داوای کارێکی لێکردو بەڕێکەوت لیستنتسکی لەوێبووو لەگریگۆری پرسی کە بە باشی دەزانێ تاقەت و چاودێری چارەوی بکات و کە گریگۆری ئامادەیی خۆی دەربڕی، مۆخۆڤیش ستایشی ئەو کۆششەی کرد کە بنەماڵەی تورکەکان پێ ناسراون، لیستنتسکی وتی:

- سبەینێ برۆ بۆ بباوکم لەیاکۆدنایە، دەیزانی؟ ئەو لە دووری 15 ڤرێستە لێرەوە، ئەوان پێویستیان بە خزمەتگوزارییە لەوێ، بەڵام کەست لەگەڵدایە؟

- بەڵێ، ژنێکم لەگەڵدایە.

- ژنەکەی خۆت؟

- ژنی پیاوێکی دیکەیە ەو گوندەدا، بەڵام حەز دەکات لەگەڵ مندا بێت.

- ها، ها، ها، کەواتە مەسەلە دڵدارییە..چی تێدایە، لەچێشتخانەی خزمەتکاراندا دایدەمەزرێنن.

گریگۆری هاتە ماڵی مۆخۆڤ بەهیوای ئیشەوە، ئەوا ئیشی بۆ مسۆگەربوو، هەر خێرا پانزە ڤرێستی بری بۆ یاکۆدنایە ! ڕوانی کۆشکێکی گەورەیەو چواردەوری باخە میوەی فراوانەوە، زەوی جێ ڕاوی پنوبەرینو تەویلەخانەی چارەوی و مۆلگای ئاژەڵی تێدایە، تەنانەت کولانە سەگێکی چاکیشی تێدایەو دوای ئەوەی کە مەبەستی خۆی لەدەرگاوانی کۆشك گەیاند، ئەمیش بواریدا کە چاوی بکەوێ بەئاغای لاو:

لیستنتسکی گریگۆری کرایە ژوورەوە، ڕوانی ئەفسەرەکە لەسەر جێگەکەی پاڵکەوتووە، کە بینی وتی:

- چاکە، باوکم تاوێکی تر دێت، دەتبینێ.

لیستنتسکی پیر هاتە ژوورەوە، ڕەقەڵەیەکی درێژبوو سەروسیمای لەوە دەچوو یەکێك بێ لەجەنگاوەرانی دێرین، کوڕەکەی باسی گریگۆری بۆ کرد، پیرەش وتی:

ــ کوڕی پانتلای میلیخۆڤی، شەلە؟

ــ بەڵێ، خاوەن شکۆ.

ــ من پرۆکۆڤیم دەناسی، هاوڕێم بوو لەشەڕی تورکدا، باشە بۆ بەدوای ئیشدا دەگەڕێی؟

ــ لەباوکم جیابوومەتەوە خاون شکۆ.

ــ ئاخر تۆ قەوزاقیت، چۆن خۆت دەکەی بەکرێی گرتە؟ باشە باوکت هیچی نەدایتێ کە جیابوویتەوە!!

ــ نەخێر خاوەن شکۆ.

ــ ئمم، ئەی ژنەکەت، دەتەوێ ئیش بکا؟ دەتوانێ چێشت لێ نێ بۆ خزمەتکاران‌و کرێکاران لەکاتی وەرزەکانی کارکردندا، گوێ بگرە، هەردوکتان مانگی هەشت ڕۆبڵتان دەدەمێ، باشە! جێگە عەرەبانچیەکەی کە جاران بگرنەوە. ئەمە زیاتر بوو لەوەی گریگۆری بیری لێدەکردەوە، بەپەلە گەڕایەوە بۆ تاتارسك‌و خوشکەکەی میشای نارد بۆ لای ئەکسینیا، تاوەکو پێویستیەکانی کۆبکاتەوەو لەگەڵ تاریکی ئێوارەدا بگاتە لای لەکەناری دەشتەکەو لەوێوە پێکەوە دەچن بۆ مەڵبەندی کاری نوێی، ئەو بەیانیە ئەکسینیا زوو هەڵساو ئاگری پێکرد بۆ بەرچایی‌و ڕووخۆشی‌و چوست‌و چالاك بوو، ستێپان کەێ ەمەی بینی هۆی ئەم لە ناکاو ڕووکەشییەی لێ پرسی‌و هەروەها ئەو گۆنا ئاڵی‌و دوو چاوە گەشەش، ئەمیش وەڵامی دایەوە:

هەر کە ستێپان بەپێی پیشەی خۆی دەرچوە دەرەوە بۆ یاری کاغەز، کچەی پەیامبەر هاتەوە، ئەکسینیا لێی پرسی:

ــ چی پێ وتی؟

ــ پێی وتم کەئێوارە بێی بۆ ماڵمان لەلای دەشتەکەوە، ئەو لەوێ چاوەڕێت دەکا.

هەروەکو هارومار ئەکسینیا کەلوپەلەکانی کۆکردەوە لەسندوقێکی گەورەداو خۆی ئامادەکرد، هەر ئەوەندە تاریك داهات‌و ستێپان ماڵی بەجێ هێشت بۆ یاری کاغەزکردن.ێ ەم خۆی گەیاندە گریگۆری کەبەپەرۆشەوە چاوەڕێی دەکرد، شان بەشانی یەك کەوتنە ڕێ‌و گریگۆری وتی:

ــ خۆ تۆ پێت نەوتم کە بەرەو کوێت دەبەم!

ــ با بۆ دۆزەخ بێ، من بەهەموو شتێ قایل دەبم کاتێ تۆم لەتەنیشتەوەبێ.

هەردوکیان بەڕێگەی خۆیاندا بەمێرگەکەدا بەخۆشیەوە ڕۆیشتن بەرەو دێبەرەکەی لیستنسکی ئاغا، لەملاشەوە ستێپان ئەو شەوە درەنگ گەڕایەوە، دەرگاکەی کردەوەو هاتە ژوورەوە، بەڵام ئەکسینیای نەبینی نوستبێ لەشەوە درەنگ گەڕایەوە، دەرگاکەی کردەوەو هاتە ژوورەوە، بەڵام ئەکسینیای نەبینی نوستبێ لە جێگەکەی خۆیدا، بەڵکو کەلوپەلی پەرش‌وبڵاوی لێرەو لەوێ لەسەر چێشتخانەکەدا بینی‌و زانی ئەمە بەدەستی ئەکسینیا کراوە پێش ئەوەی ڕەدووکەوێ لەگەڵ دڵدارەکەیدا. . کەواتە بەدرێژایی ئەم ماوەیە فریودرابوو بێ ئەوەی بزانێ چ گوێ درێژێك بوو! ڕاستە کە مێرد دا کەسە دەزانێ!

ستێپان پیشی خورادەوەو دانی جیڕکردەوەو لێوی خۆی قرنجاند، هەڵگری شمشێرەکەی کە هەڵواسرابو بەڕاسەری جێگەکەیدا ڕاتەکاندو کیفەکەی دا بە مسدا.. بەڵام ئەمان هەمووی ئەکسینیای بۆ نەگێڕایەوە تا تۆڵەی لێی بکاتەوە،

گریگۆری پێ نیشانەدا، توەکو پێیدا کێشو دەموچاوی بپلیشێنێتەوەو دانەکانی وردو خاش بکات. ژنە هەڵات، لەشی بانگەوای لێ کرد، سۆز بەسەریدا زاڵ بوو. ماڵومێردی بەجێ هێشتو قوڕی پێوەدا.

بەختەوەری دلۆپ دەگات، بەڵام نەگبەتی لێشاوی بەیەکجار دادەبارێ، ئەمەش لەبنەماڵەی میرۆن کۆرشۆنۆڤ ڕویدا، میرۆن بەیانی یەکیان بەئاگا هاتەوەو گوێی لە خزمەتکارەکەی بوو بانگی دەکرد(نەحلەتیە، خەریکبوو بیکوژێ).

کاتێ کە پرسیاری ئەوەی لە خزمەتکارەکە کرد زانی کە کەڵە گکە قۆچی داوە لە ماینەکەو قوڕگی دڕیوەو خوێن بەلێشاو لێوەی ڕێدەکات. میرۆن بەپرتاو گەیشتە مۆڵگەکەو دیمەنێکی هێجگار سامناکی بینی، ماینە داماوەکە وەستابوو سەری شۆڕکردبوەو خەریك بوو دەتۆپیو خوێنیشی لەدرێژایی قوڕگە هەڵتڵیشاوەکەیەوە ڕێی دەکرد.

میرۆن قیڕاندی:

ـ توێکڵە بەڕوو بکوڵێنن.

میتکا ڕاپەڕیو شیشێکی هەڵگرت تۆڵەیی ماینە بەستەزمانەکە بکاتەوە، بەڵام گاکە کەوتە سەرکۆڵانو هەڵبەزییەوەو هەردوو دەستی بەرزکردەوە بەنیازی بەگژدا هاتنی، ئەگەر ببوایە میتکا زوو پێیدا نەکێشایە کەڵەگای بەلەسەبوو کوڕەی لەناو دەبرد، چونکە هەردوو چاوەکانی سوور بوبونو بڵێسەی ئاگریان لێوە دەردەچوو، هەردوو شاخیشی بەخوێن سووربوبون.

توێکڵە بەڕووی کوڵێنراو هێنرا، سورو بۆگەن. میرۆن هەڵی شێلا بەشێوەی گیراوەیەکی لێکرد، پاشان هاتە لای ماینەکەوە کە میتکا گرتبووی‌و بەزەیی پێدا دەهاتەوە، میرۆن برینەکەی بە دەرییەکی ئەستور کە ژنەکەی بۆی هێنا دوریەوە، پاشان شوێنی دورینەکەو پارچە دەزووەکانی لە(گیراوەکە)گرت. لەوکاتەدا ژنەکەی هاتە لای‌و وتی:

ـ ناتالیا هتوەتەوە، مێردەکەی ماڵی بەجێهێشتووە.

میرۆن زیاتر پیشی کردو تووڕەبوو دەموچاوی رژوتاڵ بوو لەکاتێکدا دەچوە ژوورەوەو بۆ بینینی ناتالیا:

ـ چ ئابڕووچونێکە.. چ ڕیسواییەکی هێنا بەسەرماندا ئەم بەختی کۆڵۆڵە.

ـ چیتە، مێردەکەت لێی داوی، ئەی ئێوە ڕێنەکەوتن؟

ـ بابە ڕۆیشت، لەگەڵ ئەو ژنە نەحلەتیەدا ڕۆیشت. هیچ شتێکم لەوێ نما بابە.. بمگێڕەوە بۆ لای خۆت.

ـ دوو ترۆیکا ببەستن، بیبەستن..

میرۆن کە ئەمەی وت لەتووڕەییدا گڕی لێدەبوەوە، تەنانەت شەقێکی هەڵدایە(دەرابزون)ە کە جارێكو جارێکی دیکەش دیوارەکان، میتکاو خزمەتکارەکە دوو ترۆیکایان بەستو خێرا چوون بۆ لای خێڵی میلیخۆڤ بۆئەوەی کەلوپەلەکەی ناتالیا بێنن، ئەو بووکەی کە خۆشی لەسای شووکردندا نەدی. تەنیا دوایی ڕۆیشتنیان، میرۆن هەستی کرد تۆزێ تووڕەبونەکەی دامرکایەوە.

لەکاتێکدا ناتالیا بە کوڵۆڵی‌و بێچارەیی لەماڵی باوکیدا بوو، گریگۆری‌و ئەکسینیا بادەی بەختەوەرییان دەنۆشی لە موڵکەکەی پیرە لیستنسکیا، دۆستو برادەری لەوێ زۆربون، زیاتر پەیوەندیە ساشکای پیرەمێردو تیخۆنی شوانو لۆکیرایی چێشت لێنەرەوەبوو، ساشکا پیرێکی سەرسپی چاوکوێر بوو شەیدای خواردنەوە بو تا ڕادەی سەرخۆشی.

ئەگەر تێشك بچوایە بەلەتر بردن دەرۆیشت تاوەکو دەگەیشتە بەرانبەر پەنجەرەی ئەو ژوورەی کە لیستنسکی پیری تێدابوو، لەوێدا دەیبۆراندو دەیوت:

ـ میکۆلای لیکسڤیچ، میکۆلای من دەتناسم منو تۆ یەکە دەوڵەمەندی ناوچەی دۆنین، ئێمە یەکتر دەناسین، هەردوکمان جوانین ئەگەر ئەم لوتە بۆگەنەم بەڕومەتەوە نەبوایە.

ـ تۆ سەرخۆشی پیرەی ڕەقەڵ.

ـ ئای، سەرخۆشی، ڤۆدگا. زۆر مەخۆرەوە میکۆلای، ئەکینا منو تۆ سامانەکەمان لەخواردنەوە دادادەنێین پیرەی جەنەراڵیش دەداتە قاقای پێکەنینو بیست کوپێکی بۆ فڕی دەداو دەڵێ:

ـ ها بگرە، بگرە، بەکەیفی خۆت بخۆرەوە.

ـ خوات لەگەڵ، ژەنەراڵ، خوات لەگەڵ. ساشکا لەخۆشی بیست کۆپێکەکە دەڕواو ژەنەراڵ بانگی لێدەکا.

ـ هۆو. .ئەسپەکانت ئاوداوە.

ساشکا پێی دەکوتی بەزەویدا بۆئەوەی کەبەتۆمەتی کەمتەرخەم دەزانێو دەتەقێتەوە:

ـ ئەگەر من بشمرم بەسکە خشێ ئاویان دەدەم. بڕواناکەی شەیتانە چەپەڵ! دەك داڕزێی.

ژەنەراڵ ئەمەی لێ قبووڵ دەکردو بزە ەیگرت.بەڵام کەسایەتی ئەم ساشکایە زیاتر لەوەدەچوو کەسایەتییەکی لاوازبێ.بیست ساڵ پتر دەبێ بوە بەعەرەبانچی لای ژەنەراڵ، چاوی کزبوو، پیربوو، لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆی هەڵپەساردووە بە دێیەرەکەدا. زۆر شارەزابوو لەتیمارکردی چارەویدا، ئەو جۆرەها گژوگیاو دەوەنی دەناسی.بۆ هەریەکەیان ڕێگەیەکی هەیە بۆ گرتنەوەیو ئەو نەخۆشیو کزیەی پێی تیماردەکا. سەرەڕای ئەمەش ساشکا ڕۆح سوکبوو هەموو کەسێ خۆشی دەویست. کاتێ کە تیخۆنی شان دەهاتو پێی دەوت:

(ئاگات لەخۆ بێ پیرە، ئەو ژنە تەفرەنەدەی(مەبەستی ژنە ڕوومەت ئاوڵەیەکەی خۆی بوو، لۆکیریا)، ساشکا وەڵامی دەدایەوە،ڕۆژێیان دەیبەم بۆ خۆم، پاشەڵێکی پانی پێوەیە دەڵێی کولێرەی پانکراوەیە. من ژنی ڕوومەت ئاوڵەییم خۆش دەوێ، چەند ئاوڵەکەی درێوتر بێ، ئەوەندە خاوەنەکەی لەبەرچاوی من خۆشتر دەبێ.

تیخۆن ئەمەی گوێ لێ دەبێو ڕای دەکێشێتە پشتی کۆڵێتەکەوە بەهەڕەشەکردنو لەگەڵ ئەوەشدا پیرە ناکەوێ لەپیاهەڵدانی ئاوڵەو ئاوڵەداران.

خۆلۆکیریاش، کە ناکۆکیانە لەسەری، ئافرەتێکە زیاتر لەمانگا دەچێ،ئەگەر بهاتایەو پەڵەو کونج کونجی ئاوڵە سەر گۆنای مانگای درێوکردایە. ژنێکی بۆگەن لێهاتوو بوو، لەگەڵ ئەوەشدا مێرەکەی بەوپەڕی سۆزوپەرۆشەوە دەگرتە ئامێز کاتێ کە لای ڕان دەگەڕایەوە،ئەو ڕێگای بەئەکسینیا نەدەدا لەئاوڕدانەکە نزیك بکەوێتەوە،و هاواری لێدەکرد:

"بۆت هەیە چێشت لێ نێی کاتێ کە کرێکارانی وەرز دێن، بەڵام ئێستا مافی خەڵکی دیکە پێشێل مەکە.

لەبەرئەوەی کەسە گرنگەکانی ناو ژەنەراڵمان باس کرد، چاکتر وایە باسی ژەنەراڵ خۆی بکەین.

لیستنسکی ژەنەراڵی سوپابوو لە پۆڵەندەدا، بەڵام شۆڕشێك لەوێ بەرپابوو، هەندێك لە گالیسکەکەیدا پەلاماریانداو تەقەیان لێکرد. ژنەکەیو عەرەبانچیەکەی کوژران، خۆیو یەڤگینی کوڕی تەمەنی دوو مانگ بوو لەقوماتدا بوو، دەربازبون. پاشان ژەنەراڵ دەستی لەکارکێشایەوەو ئەو موڵکە پانوفراوانەی کە دەگەیشتە دەهەزار هیکتار لپۆڵەند بەجێ هێشتو هات بۆ ئەم موڵکەی ئێستایو ئەم کۆشکەو زەویو زارەکەی دەورووپشتی کڕی، کەوتە بەخێوکردنی ئەسپی ڕەسەن بۆ بازرگانێتی کردن پێوە، هەروەها لەگەڵ سەگە زۆرەکانیدا دەردەچوو بۆ ڕاوو جووتیارانی بەکرێ دەگرت بۆ چاندنو هێنانە بەرهەمی زەویوزارەکەی.

لەنێو ئەم خەڵکانەدا گریگۆری بارگە ونبەی خۆی خست، لە کۆڕی ئەمانەدا دەبوو، ەکسینیا بژێت.

لەڕاستیدا گریگۆری بەدرێژایی ڕۆژ خەریکی خزمەتکردنی چارەوی‌و سەگەکان بوو، ئەکسینیاش پەنامالّی پاک دەکردەوەو ژوورەکانی دەمالّی‌و چیلکەو سوتەمەنی دەهێناو ئاوی لەبیرەکە هەلّدەگۆزت، و دەیویست بەم شێوەیە ڕەزامەندی هەموان بەدەستەبێنێ، تەنانەت ئەکسینیا دەیویست دلّی باش ڕابگرێ.

لەم کاتەدا یەڤگینی لاو زۆر دەهاتەوە بۆ ژوورەکە، چونکە لە پێشبرکێدا بالّێکی شکابووو پزیشکی تیپەکەیان مۆلّەتی شەش هەفتەی دابویە کە نەگەڕێتەوە تاوەکو شکانەکە دەگیرسێتەوە، ئەم یەڤگینی‌یە جێ‌بازبو، لەبەرئەوە کەوتە پشی پشی بۆ گریگۆری‌و پاشان بۆ ئەکسینیا ڕۆژێکیان بە گریگۆری وت،دوای ئەوەی زانیاری دایە لەبارەی ئەسپ‌و پێویستی ڕاهێنانیەوە.

ــ لەمانگی مایسدا دەڕۆی بۆ سەربازگەی مەشقدان، بەلّام لەمە نەترسی لەبارەتەوە بەئەتمان دەلّێم.

ــ سوپاس.

ــ ئەی ناترسی پیاوەکەی ئەکسینیا ژنەکەی بگێڕێتەوە؟

ــ ئەو وازی لێ هێناوەو ئەمە ناکا، پێش چەند ڕۆژێ یەکێکم لە گوند چاوپێکەوتو هەوالّی دامێ کە ستێپان بەئاشکرا دەلّێ کە نایەوێ.

ــ بەلّام، ئەکسینیا ئافرەتێکی شۆخ‌و شەنگە.

گریگۆری سەری سوڕما بەچی وەلّام بداتەوە، لەبەرئەوە بێدەنگ سەری داخست.

چەند ڕۆژێك بەسەرچوونئەمجار یەڤگینی دەهات بۆ لای گریگۆری لەمالّەوەو لەوێ دەکەوتە دەمە تەقێ لەگەلّیدا لەبارەی ئەسپ‌و سەگەوە، لەملاشەوە دەیڕاوانیە لەش‌ولاری ئەکسینیا بەئارەزوویەکی ئاشکراوە، کەئەکسینیا ئەوەی ببینیایە هۆدەکەی بەجێ دەهێشت بەبیانووی ئەوەوە کە دەبێ خواردن بدات بە مراویەکان.

ڕۆژێچکیان گریگۆری لەکاری خۆی لەتەویلەکە گەڕایەوە، بینی یەڤگینی لەسەر تەختی هۆدەکەی دانیشتووە، ئەکسینیاش سەرقالّی هەندێ کاروباری ناومالّە. هەرئەوەندە گریگۆری هاتە ژوورەکەو دانیشت، یەڤگینی هەلّساو ڕۆیشتە دەرەوە، گریگۆری ئاوڕی دایە لای ئەکسینیاوە وتی:

ــ ئەمە چیەتی. هیچ شتێکی بۆ باس کردی؟

ــ نە، هاتە ژوورەوەو جگەرەیەکی داگیرساندو بێ دەنگ دانیشت.

ــ تۆ بانگت کردە ژوورەوە؟

ــ نەخێر، هیچ کارێکم لەگەلّیدا نیە.

ــ ها: پێت دەلّێم، یاری بەئاگر نەکەی، ئەگینا ڕۆژێکیان لەسەرووی پەیژەکەو تێی هەلّدەدەم.

ئەگەر هەلّاتنی ئەکسینیا لەگەلّ مێردی ناتالیادا مایەی ڕیسوایی‌و ئابڕوچوون بێ بۆ ژنەی هەلّاتوو، خۆ ژیانی ئەوی دیکە دەکاتە دۆزەخێك لەئێش‌و ئازاری لەتوانابەدەر، لەکوورەی ئەم ئەشکەنجەیەدا ناتالیا دەژیاو داخ‌و خەفەت دلّی دەخواردو وشکی دەکردەوە تا وای لێهات لەڕولاواز بوو وەکو مانگای پایزی لێهات... دیسان بەمەشەوە نەوەستا، بەلّکو میتکاش بەئەنقەست چەقلّە چزێی دەدا هەموو کاتێ. دوایی کە زستان بەسەرچوو بەفر لەزۆربەی ئەو جێگاو شوێنانەدا داپۆشیبو چوەوە، میتکا لە دالّانەکەدا خەریکی ئەوەی کەزستان بەسەرچوو بەفر بوو ئامادەیی دەکرد بۆ وەرزی نوێ، سوور هەلّگەڕابوو ئارەق لەهەردولا جانگیەوە دەهاتە خوار.

ناتاليا هات بۆ دالآنەکە، بەپێویستی‌یەکی خۆی لەوێ، کزو کۆڵەوارو ڕەنگ هەڵپڕوکاوبوو، ئەگەر چی لەڕەنگ هەڵپڕوکانیشدا جۆرە جوانیەك هەیە.. میتکا بەچاوە سەوزەکانی سەیرێکی کردو وتی:

ـ هێشتا هەر بەپەرۆشی بۆ مێردەکەت؟

ـ ئەمە پەیوەندی بەتۆوە نیە.

ـ دەمەوی خۆشی بخەمە دڵتەوە.

ناتاليا سەیری چاوەکانی براکەی کرد، بەگڕو بڵێسەی ئارەزووەوە دەبریسکانەوە، واتایەکی نامۆیان تێدا بەدی دەکرا، ئەمە تۆقاندیو، ڕایکرد بۆ هۆدەکەی باپیریو دڵی هەرئەوە نەبو دەرپەڕێتە دەرەوە لەپەراسوەکانیەوە، پیاوی چاك میتکا!

ڕۆژی ئاینده ناتاليا ئالغی بەبەرازەکان دەدا کاتێ کە میتکا لێی نزیك بوەوە وتی:

ـ خۆت ماندوو مەکە ناتاليا.

ـ دوورکەوەرەوە ئەگینا بەباوکم دەڵێم.

ـ تۆ گەوجی. .

ـ دوورکەوەرەوە هەی جانەوەر! دەك داڕزێی. !

ـ ئەمشەو دێم. . هاوار نەکەی.

ـ دەك داوەشێی. .ئەوە بۆ ناچی بەناخی زەویداو نوغرۆبیت! ئەمە کەمترین سزای تۆیە هەی جانەوەر!

لەو ڕۆژەوە ناتاليا کە دەچوە جێگەکەیەوە دەهاتە لەرزین، تەنانەت لەگەڵ ئەوەشدا کەخوشکە بچووکەکەش لەگەڵیدا دەنوست، لەڕاستیدا ناتاليا تۆقیبوو لەوەی کەئەم کارە بەباوکی بڵێ، ئەگەر ئەوەی بکردایە دەبوە ئابڕووچونێك لەوێنەی نەبێ. میتکا ئەو ڕیسوایی‌یەی لەبیرچوبوە کەبەسەریدا هات لەخوازبێنیەکەی لیزای کچی مۆخۆڤدا، ئەو ئێستا یاری کاغەز دەکا لەگەڵ هاوبابەتەکانیدا لەلاوانی وون بوی شەودا، لەگەڵیان دەمایەوە، هەروەها پەیوەندی نابەجێشی بەستبوو لەگەڵ هەندێ ئافرەتدا کە ناوبانگیان بوبوەو ویردی سەرزمانی خەڵکی گوند، باوکی تێبینی ئەمەی کردبوو، بەلآم ئەوەندەی قێز لێ دەکردەوەو هەوڵی نەدەدا بەربەرچی ئەم کردەوانەی بداتەوە.

لەو ماوەیەدا کە ناتاليا تووشی ئەم بارودۆخە تاڵە بوبوو، ڕۆژێکیان چاوی بەخەزووری پێشووی پانتلای پرۆکۆڤیج کەوت، پیرە شەل ڕایوەستاندو پێی وت:

ـ ئێی کچم.. بۆچی نایەی بۆ سەردانمان. .پیرەژنەکەو دۆنیا، بەڵکو ئێمە هەموومان بەپەرۆشین بۆ بینینت. . وەرە.

ـ سوپاست دەکەم مامە، سەرقاڵی ئیش‌وکاربووم.

ـ کچم. .کریشا. . ئاخ، ئەم خوێڕی‌یە فریوی داین. . ئەگەر ئەو کارەی نەکردایە تۆ لەناومانا دەژیای. مەگەر بەدەستم نەکەوی.

ـ چارەنوس دڵڕەق بوومامە.

پانتلای ڕوانی چاوەکانی ناتاليا بەلێشاو فرمێسکیان لێ دەڕژێ،ئەویش چاوەکانی پڕبوون لەفرمێسكو وەرچەرخایەوەو بەدەنگێکی خنکاوەوە وتی:

ـ خوات لەگەڵ کچم. وەرە سەرمان لێبدە.

کۆبونەوەکانی پێڕەکە ستۆکمان لەبەهاری ئەو ساڵەدا کەم بوەوە، چونکە قەوزاق خۆیان ئامادە دەکرد بۆ زەوی کێڵان، شەوێکیان داڤید ئیڤان ئەلیکسیڤیج ڕۆیشتن بۆ ماڵی هاوڕێکەیان، لەوەرشەکەدا دانیشتن. نەگریس وتی:

ـ پەستێنەری (پەمپی)مەکینەکە شکاوە، پێویستە لەسەرم بیبەم بۆ میلیرۆڤا چونکە وەرشەیەکی پۆڵا تواندنەوەی لێیە.

ـ لەوێ کرێکار زۆرن؟

ـ نزیکەی چوار سەد دەبن، بەڵام لەتاقمەکەی تۆ نین، پرۆلیتاریا. ..هە، هە.

ـ ئەی حاڵیان چۆنە؟

ـ خۆشحاڵن، هەریەکەیان خانوویەکی هەیە، ژنەکەی لەگەڵێدا، هەموو کەرەسەیەکی حەسانەوەی هەیە، زۆربەیان مەعمەدانین، سەرۆکەکەیان بەخۆی قەشەیەکە ئامۆژگارییان دەکا.. بەڵام تا بڵێی چەپەڵو پیسن. .وشەی (مەمەدانین)بەرگوێی داڤید کەوتو ویستی شتێ لەوبارەیەوە تێ بکا، پرسیاری کرد:

ـ وتت(مەعمەدانین)ئەوانە کێن.

ـ تاقمێکن بەشێوەیەکی تایبەتی خوا دەپەرستن، هەروەکو باوەڕهێنەرە دێرینەکان.

ـ بەڕاستی شێتێتیش جۆراوجۆرە.

ئەو گفتوگۆیە پەسەند نەبو بەلای ئیڤانەوەو وتی:

ـ گوێ بگرن. ..پێش چەند ڕۆژێ چوم بۆ سەردانی مۆخۆڤ، دەرگاوانەکە تۆزێ ڕایوەستانم.و گوێم لە مۆخۆڤ بوو بەوانەی دەوت کەلای دانیشتبون: (جەنگێك بەرپا دەبێ لەنێوان ئێمەو ئەڵماندا)،پاشان ئەوەی بەدوور داناو وتی: (پێم وا نیە ئەمە ڕوودات لەبەرئەوەی ئەڵمان پێویستیان بە دانەوێڵەی وڵاتی ئێمەیە،ئەوکاتە دەنگێك بەرچی دایەوە زانیم کە دەنگی لیستنسکی ئەفسەرەو وتی:

(لەوانەیە جەنگ لەنێوان ئەڵمانیاو فەرەنسادا ڕووبدات لەپێناوی ترێداو ئەمەش هیچ کارو پەیوەندییەکی بەئێمەوە نیە)،ئەی ئێوە هەستی چی دەکەن..تۆستۆکمان؟

ـ من پێشبینم چاك پێ ناکرێ.

ـ نەگریس وتی:

ـ وا هەست ناکەم بیروڕای وەرگرن کاتێ شەڕ هەڵگیرسێ، بەڵام هەر ئێمەین کە تووشی سەرئێشە دەبین.

داڤید پرسیاری کرد:

ـ بۆچی ئەم ئەفسرە هاتوچۆی ماڵی مۆخۆڤ دەکا! تۆ بڵێی دوای کچەکە نەکەوتبێ! بیروڕات چیە تۆ نەگریس؟

ـ لەمیتکا کۆرشۆنۆڤ بپرسن،ئێ ەو چاکی دەزانێ،ئەوە چیتە خەوەنوچکەتە ئیڤان، خەوتووی؟ ئێمە لەبارەی لیستنسکیی‌یەوە دەدواین. .

ئیڤان هەردوو چاوی هەڵگلۆفتو باوێشکێکیداو وتی:

ـ بەڵێ، بەڵێ لیستنسکی، ڕۆیشت بۆ وێستگەی میلیرۆڤۆ.ئەمە گریگۆری میلیخۆڤ پێی وتم، ئەو عەرەبانچی تازەیانە، ئەوە چەند ڕۆژێك دەبێ پێم گەیشت.

ئیڤان هەڵسا بگەڕێتەوە بۆ ماڵی خۆیان، نەگریس بەگەپجاڕی‌یەوە پێی وت:

ـ بۆ کوێ. .وا بەپەلەی، بۆ (قداس)!
ـ (قداس)ی زۆر هەیە هەموو ڕۆژێ دەیکەم.
لەڕاستیدا ئەو ڕۆژە (قداس)بوو لەکڵێسەدا، ئەو پێنج شەممەی پەیمان بوو، سەدەها لاوانی قەوزاق لەحەوشە پڕ لەچاڵوچۆڵو گۆلکاودا کۆبوبونەوە، لەنێو لاوەکاندا ژمارەیەکی باش کیژۆڵان هەبوون کە خشتەی تەنورەکانیان لاوانی دەوروژاند، چاوبڕکێو ماچو دەست لەملانیشیان پێ دەبەخشین. . لەوەو پاشیش لەوە زیاتریان پێ دەبەخشین.
لەملاشەوە قەوزاق لەپلیکانەکانی کلێسەکەدا دانیشتبوون چاوەڕێی تەواو بونی ئامۆژگاری قەشەبون، یان ڕاستەوخۆ لەبەردەمیدا دانیشتبوون بەرانبەر بە. ئەو قەوزاقانەی لەسەر پلیکانەکان بون باسی زەویو کێڵانو تانەوەی بەستەڵەکیان دەکرد. لەبەرئەوە کەس گوێی بەپانتلای نەدا لەماڵی خۆیانەوە، کە دراوسێی کلێسەکە بو، دەیقیڕاند:
ـ دۆنیا ئەوە تۆ لەکوێی؟
لەم کاتەدا لەحەوشە تاریکەکەی کلێسەدا، دەنگی لێومژینێکو شڵپەی ماچێك هات.. هەر دەنگێکی زل دەبیسترا کەخاوەنەکەی لەبەردەرگای حەوشەکەدا بوو دەیوت:
ـ باشە ئەمە شوێنی ماچ کردنە؟ بڕۆنە دەرەوەو هەی لاوە چەپەڵەکان.
یەکێك لەلاوەکان وەڵامی دایەوە:
ـ ئەوە کچێك ندۆزیتەوە، ماچی بکەی، برۆ بۆ گەلەخانەکەی ئێمە، دەڵەسەگێکی جوانی تێدایە.
ـ دەڵەسەگ!
لەوکاتەدا خەڵکەکە گوێیان لە پرمەی مایێك بوو بەغاردان دەهات، ئەمیش ماینەکەی میتکا کۆرشۆنۆڤ بوو، کەلەبەردەمی حەوشەکەدا دابەزیو بەگاڵتەوە ژەندیە کەلەکەی ماینەکەوەو پاشان پاڵی بە خەڵکەکەوە ناو چوە چووە ژوورەوەی کلێسەکەو کەوتە تەماشاکردنی نوێژکەرانی تا باوکی دۆزیەوە، لێی نزیك بوەوەو چپاندی بەگوێیدا: ناتالیا لەگیانەڵادایە.
گریگۆری کوڕە ئاغای خۆی، لیستنسکی ئەفسەری گەیاندە وێستگەی ملیرۆڤۆ پاشان بەدوای خۆیدا گەڕایەوە بۆ دێبەرەکە، لەبەرئەوەی ماوەکە زیاتر بوو لە 160 ڤرێست، گریگۆری بەناچاری شەو لەڕێگادا مایەوە، ئەو لەیادیە کەچۆن پێش ڕۆژئاوابوون گەیشتە گوندێکی ئۆکرانیو بڕیاری دا بحەسێتەوە، لەبەرئەوە لایدایە نزیکترین ماڵ لەپەڕی ئاواییو شەوی لەوێ بردەسەر.
هەروەها لەیادیە کەچۆن خاوەن ماڵەکە، بێ ئەوەی بیناسێ، ئەوپەڕی بەخێرهاتنی گەرمی لێکردن.
ئێسقانەکانی گریگۆری لەسەرما دەلەرزی، هەردو سەرکوڵمو لێوی شین هەڵگەڕابونو پەنجەکانی کوڕبوبونەوەو گۆیان نەدەکرد، گریگۆری ئالیکی بەو دووئەسپەیدا کەبەستراببوونە گالیسکەکەوە، پاشان پرسیاری بوارێکی لەپیرەی ئۆکرانی کرد لەڕووبارەکەداو ئایا دەتوانێ لێی بپەڕێتەوە.
کابرای ئۆکرانیش وەڵامی دایەوە کەلەلای چەپیەوە بوارێك هەیە هەندێ کەس ئەم بەیانیە لێی پەڕینەوە،بەڵام ڕووبارەکە بەدرێژایی ڕۆژ بەرزبوەتەوو ئەو نازانێ کە ئایا دەشێت بۆ پەڕینەوە لە کاتەدا یان نە.
گریگۆری بڕیاریدا لەبوارەکەوە بپەڕێتەوە بۆ ئەوەی کات بەفیڕۆ نەدات، بۆیە لەشوێنی شۆفێردا دانیشتو جڵەوەکانی ڕاکێشاو خورییە دووئەسپەکە کە مل بنێن بەرەو ئاوەکە، ئەسپەکەی لای چەپیان لەشوێنی خۆیدا وشك

وەستا، گریگۆریش بەتوندی دایە بەرقامچی، ئەوسا ئیدی بە گوڕم چوە پێشێ، ئەسپەکان کەوتنە بەرگری کردن لەتەوژمێکی بەتین کە تادەهات هاژەی لەگوێی گریگۆریدا توندتر دەبوو، گریگۆری بەردەوام دوو ئەسپەکانی هان دەدا، ئەوانیش دەچونە پێش تاوەکو ئاو بەتەوای گالیسکەکەی داپۆشیو ئەسپەکان کەوتنە مەلەکردن، لەم کاتە تەنگانەو ناسکەدا گریگۆری لە گالیسکەکە پێی خزاو کەوتە ناو ئاوەکەوە، ئاوی ڕووبارەکە سەهۆڵاو بوو و ئێسقانی لێك دەترازاندو کەفەکەشی گێژەڵووکەی تیراسا بچووکی دروست دەرکرد، بەدەوری خۆیدا دەسوڕایەوە لەشێوەی ڕەحەتیەکی نەفرت لێکراودا و لە خۆشبەختی گریگۆریدا کەوتنە ناو ئاوەکەی جڵەوەکەی لەدەست دەرنەکرد، ئەمجار کەوتە مەلەکردنو بەدەستی قایشەکەی گرتبوو، بەڵام ئەسپێکیان قایشەکەی ڕاکێشاو پەنجەرە پەستەلۆکەکانی گریگۆری نەیتوانی ڕاگیری کات. گریگۆری کەوتە پەلەقاژەو لەمەترسیدا بوو کە تەوژمەکە گیانی ڕەوانەکات بۆ دۆزەخ.

بەڕاستی ژیان خۆشەویستە تەنانەت بۆ سەگی پیریش، لەبەرئەوە دەبینین گریگۆری دەکەوێتە زۆرانبازی لەگەڵ شەپۆلەکەدا زۆرانبازی یەکێك بەپەرۆشەوە بێ بۆ ژیان، تاوەکو لایەکی گالیسکە نوقم بوەکە دەگرێ، ئەوکاتە تۆزێ هۆشی دێتەوە بەردا،بەڵام ئەسپە تۆڕ جارێکی دیکە گالیسکەکەی ڕاتەکاند،ئاوەکە لای هەردوو قاچو چمکی فەروەکەی بەرەبەرە گریگۆری ڕادەکشا.

گریگۆری دەستی بۆ هەموو شتێ دەکوتا، پێچکەی گالیسکەکە، چەترەکەی، جڵەوی ئەسپەکە، ئەسپەکە خۆی بەڵکو ئەمە خوایەو خۆی بەشتێکەوە بگرێتەوە، دواجار توانی.. قایشێکی لینج کەوتە بەردەستی گریگۆری کەوتە مەلەوانیو دەستێکی بەقایشەکەوەبوو تا گەیشتە لاتەنیشتی ئەسپەکە، پاشان لەبەرهەر هۆیەك بوو کەوتە ژێر سینگی ئەسپەکەو ئەمیش لەژێر پێیدا شێلای.

لەمکاتەدا گریگۆری گەیشتە شوێنێکی تەنکاو لە ڕووبارەکەدا، ئیدی پێویستی بەیارمەتیدەرە نەما، بەم جۆرە پەی داهێنایەوە لەئاوەکەدا تا گەیشتە ئەوبەرەوە، بەماندوێتیو بێهێزی. لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو ئەسپو گالیسکەکەی دایە بەر بۆ نزیکترین ماڵی پەڕی گوندێکی نزیك، لەوێ ژنی خاوەن ماڵەکە ئاگرێکی بەتینی کردەوەو گریگۆری خۆیدا بەسەریدا، پیاوەکەش شەرواڵێکی شکی دایە جلە تەڕەکانی پێ گۆڕیو خواردنێکی گەرمی دایە ناوسکی پێ گەرمکردەوە.

گریگۆری شەوی لەو گوندە بردەسەرو کوڕی خاوەنی ماڵەکەش خزمەتی ئەسپەکانی کردو ئالیکێکی چاکی دانێ. بۆ سبەینێ بەیانی گریگۆری بەگەرمی سوپاسی خانەخوێکەی کرد، ڕێگەی خۆی گرتەبەر بۆ موڵکەکەی لیستنسکیو سەرلەبەیانی یەك شەممەی گەیشتەوە ئەوێ، هەندێ حەسایەوە، پاشان پیرەی ژەنەراڵ بانگی کردو بەبایەخەوە گوێی لەڕوداوی سەفەرەکەی گرتو بەدەموچاوی پیرەدا دیار بۆ پتر بەزەیی بەئەسپەکاندا دەهاتەوە تاوەکو گریگۆری خۆیو لەبەرئەوە دەستەبەجێ کەوتە تەماشاکردنیانو چۆنێتی خزمەتکردنیانی دیاری کرد.

سەرلەبەیانی ڕۆژی ئایندە یەکێك هات بەگریگۆری وت ئاغا داوات دەکا، کاتێ کەچ وو بۆ لای ئاغا، پێی وت کە بۆ سبەینێ ئەسپەکان ئامادەکات چونکە دەردەچێ بۆ ڕاو، هەروەها داوایشی لێکرد کە بەلۆکیریا ڕاگەیەنێ سەگەکان برسی کات، ئەویش گریگۆری خۆی ئامادەکات بۆئەوەی لەگەڵیدا بچێ.

خۆری ئەو ڕۆژهەڵاتە پیرە بەچالاکی لە کۆڕی ڕاودابوو. گورجو گۆڵ بوو بەسەر ماینەکەوەو تاوی پێدەدا لنێوان داربیەکانەوەو دەتوت هەر لەتافی لاویدایەو پێی چەسپ کردبو لەئازەنگیەکانو نەدەجووڵا، لەولاشەوە گریگۆری

جارێك بەدوایەوە بوجارێك بەتەنیشتیەوە، بەلام دوور بەدوور تاوەکو نێچیری بۆ دەرپەڕێنێ. لەبێستەلانەکەدا پیرە گورگێکی بەدی کرد سەگە برسیەکان شوێنی کەوتبوون، ئەمیش فڕاندیو "کونە مشکی لێ کردە قەیسەری"گورگەکە نەیتوانی بەرگری لە گەلەسەگە برسی کراوەکە بکاو بەناچاری لەبێشەلانەکەدا دەرچوو دای بە زەویەیە کێلراوەکەدا،ئەم زەویەش لینج بوو بەهۆی توانەوەی سەهۆڵەوەو بەدەمە گاسن چاڵوچۆڵی زۆر تێکەوتبوو، سەگەکان لەهەموو لایەکەوە لە گورگە ئالانو کەوتنە قەپ لێ گرتنی، بەلام ئەم گیانلەبەرە ڕەش بەختە هێشتا هەر داکۆکی لەخۆی دەکردو لەانەبو خۆی ڕاگرێ ئەگەر بهاتایەو گریگۆری لەوساتەدا نەگەیشتایە سەگەکان شالاویان هێنا، دەیانویست نێچیرەکەیان بخۆن، گریگۆری نەیدەزانی چیبکا، ئەگەر دەنگی لیستنسکی لەولاوە بەرزنەبوایەتەوەو نەیوتایە:

ـ دەریان کە، دەریان کە، سەگەکان.

بەهەر حاڵ گریگۆری توانی سەگەکان دوورخاتەوە. لەنزیکی ئەو شوێنەی لیستنسکی لێ وەستابوو قەقوزاقێك زەوی دەکێلا، پیرە بانگی لێکرد:

ـ تۆ کێی برا؟ لەم گوندەی دراوسێی؟

ـ من ئەستاخۆڤم، خەڵکی تاتارسکم.

ستێپان لە ئاغا نزیك بووەوە، ئەمیش داوای لێکرد لاکی گورگەکە بێنێتەوە بۆ دێبەرەکەو چەند کرێی دەوێ دەیداتێ. لەنزیکبوونەوەی ستێپاندا گریگۆری ڕقوکینەی لەچاواندا بینیو ڕوانی کەهەردوو چەپۆڵە ئەستوورەکانی لێ گوشیوە بەهەڕەشەوە.

لەکاتێکدا کەئەکسینیا هەندێ کێکی تازەی خستە دەستی گریگۆرییەوە لەوساتەدا کە سواردەبوو بۆئەوەی بکەوێتە گەل پیرەی ژەنەراڵ بۆ ڕاوە، ناتالیا بەدەم گریانو ڕۆڕۆوە خۆی خستە نێو جێگەکەیەوە، پاش ئەوەی لەماڵی بیلاجیا مایدانیکۆڤا گەڕایەوە لەئێوارەی (    )،لەبەرئەوەی ئەو ژنانەی کۆبوونەوە لەو ماڵەدا شتێکی ئاسایی بو کە زۆر بلێی بکەنو کەوتنە قسەوباسی مێردە ناپاکەکانو سەرەتایی پێوەدیاربوونی ئەو کچانەی سەرنەکەوتون لەشووکردنیاندا، ڕاستییەکەی ئەان هەر بۆ ئەم مەبەستە کۆبوبونەوە.

بیلاجیا ژنی پیاوێکی سەرباز بوو، فەرمان هەڵیدابو بۆ (لیدن) لەپۆڵەندە، نەهاتنەوەی ماوەیەکی زۆری خایاندو بیلاجیا بۆ دوریی ئەو خەریك بو ئاگری تێبەربێ، لەجەژنی (فصح)دا مۆڵەتێکی کورتی درایە بێتەوە بۆ لای ژنەکەی، لەبەرئەوە بیلاجیا دیوارەکانی سپی کردەوەو کۆڵیتەکەی ڕێكوپێك کردەوەو بەپەرۆشەوە چاوەڕێی بوو بێتەوە، پیاوە چوار شەوی لەگەڵ ژنەکەیدا بردەسەر، شەوی پێنجەم ئەوەندەی خواردەوە تا سەرخۆشو مەست بوو، کەتە جوێندان بەزمانی ئەڵمانیو پۆڵەندی،پاشان دەستی کردە چرپینی گۆرانیەکی قەوزاقی کۆن کە هەمووی سۆزو تاسەبو، ڤۆدکاش لەهەردولا دەمیەوە دەتکایە خوارەوە، ئەو قەوزاقانەش کە هاتبون بۆ مالاوایی لێکردن کەوتنە گۆرانی وتن لەگەڵیدا، کاتێ لەوەبونەوە، سەربازی سەرخۆشی بیلاجیا کەوتە چاودێری کردنی سکی.

بۆ ماڵی ئەم دراوسێیەی کەلەمەوپێش بەختەوەر بوو بەمێردەکەیو ئێستاش چاوەڕێی دەکا، ناتالیا چوو لەگەڵ ژنانی دیکەدا بۆ چاوبەیەك کەوتنو دەمەتەقێ، بیلاجیا دانیشتبو قسەی بۆ ناتتالیا دەکرد کەچۆن سکی بووە و وتی:

پێش هاتنەوەی مێردەکەی بەڕۆژێ یان دوان لەم خەونەمدا بینیم مانگا پیرەکەمان شیر لە گوانی دەڕژێ. .شیرەکە دەرژایە سەر زەوی مێرگەکە، واقم ڕما، ئەی نەمدۆشی؟ بەڵام بیرم کەوتەوە کەئێمە لەجەژنی ڕابوردودا فرۆشتمان. ختوو دەکەوتە دڵمەوە، بۆ بەیانی چووم بۆ لای درۆزدیمای پیرەژنو ئەم باسەم بۆ گێڕایەوە،ئەویش پێی وتم کەپارچە مێوێ بجووم تاوەکو تۆپێکی لێ دێ پاشان لەشیاکەی مانگادا نوقمی کەمو ئاگاداری کردم کەناخۆشیو ماندوێتی دێتە ڕێم ئەگەر انەکەم، لەماڵدا نەدۆزیەوە، لەبەرئەوە کارەکەم پشت گوێ خست، دوای دوو ڕۆژهاتەوە، ئەمەی لەگەڵ خۆیدا هێناو دەستی هێنا بەسەر سکە هەڵاوساوەکەیدا، بیلاجیا لەباسی سکبونەکەی بوەوەو پەتی گوێگرتن کە میوانەکانی شەکەتدابوو شل بوەوە، چپەچپ دەستی پێکرد، پاشان قاڵەقاڵ بەرزبوەوە لەهەموو لایەکەوە، بیلاجیا بەگاڵتەوە بەیەکێ لەمیوانەکانی وت:

ـ پێم بڵێ فرۆسیا، چۆن لە مێردەکەتدا؟

ـ ئاوەها. .. بەسەریا و پشتیاو بەلاکەلەکەیدا..بەهەموو شوێنێکیا دەستم گەیشتبێت.

ژنێك وتی:

ـ بەڵام لەبەرچی، باشە لەگەڵ هیچ ژنێکدا گرتوتە؟

ـ لە ئاشەکدا..خۆیو ژنێك. . ئەو داوێن تەڕە لەپشتی دۆنەوە دێت، نەحلەتییە.

ژنێکی باریكو بنێی قسەکەی پێ بڕیو وتی:

ـ مێردەکەت هیچ هەواڵێکی هەیە ناتالیا؟

ـ ئەو لە دێبەرەی یاکۆدنایە.

ـ ئەگەر گەڕایەوە، دەچیتەوەلای؟

ناتالیا وەڵامی نەدایەوە، سەری شۆڕکردەوە بەسەر گۆرەویەکدا بۆ کریشاکای باپیری دەچنی کە خەریکبوو سەرما بیکوژێو بەردەوام بو لەئیشی خۆیدا، ژنێکی دیکە وەڵامی دایەوە:

ـ ئەگەر من لەجێگەی ئەویم تفی تێدەکەم. ژن کە ملی پێوەبمێنێ هەر نیلەی دەست دەکەوێ.

ناتالیا بە کپوماتی لەناو ژنەکاندا مایەوە، دوای ئەوە گەڕایەوە ماڵی باوکی مێردەکەی دەیکرۆشت، بەڵام دڵی ناهێنێ هیچی پێ بڵێ. ناتالیا وون بوبووە، نە لەسەر ڕۆخ بو نەلەناو ئاودا، هەرچەندە ئە ڕێگەشی وون نەکردبوو، ئێستا بڕیاریدا هەڵوێستی ڕاستەقینی دەرخات هەر کەچوە ژورەکەی باپیرە کریشاکاوەو داوای کاغەزێکی سپی لێکردو پاشان چوەوە ژورەکەی خۆیو نامەیەکی بۆ گریگۆری نووسی پڕبوو لەخەموپەژارەو سەرسوڕمانو لەکۆتاییدا داوای لێکرد بڕیاری خۆی بدا کەدەیەوێتەوە یان دەبێ ئەم هیوایەی لێ ببڕێ.

ناتالیا نامەکەی دا بە (هیت ـ بابا)ی خزمەتکار بیگەیەنێو بەڵێنی ڤۆدکای دایە ئەەر گەیاندی، مایەوە بەچاوەڕێکردنی گەڕانەوەی لە دێبەرەکە، سەرلەئێوارە خزمەتکاری پیر گەڕایەوە بەنامەیەکەوە کە تاکە یەك دەستەواژەی تێدابوو(بەتەنیا بژی).

ئەم دەستەواژەیە ئەوپەڕی داخوپەژارەی تێدابو کەناتالیا تووشی بوو کچە سینی بوەوە سەرەڕای سیس بونو ژاکوی پێشووی، وای لێهات هەر لەجێگادا کەوتبوو دەنوزایەوو لەگەڵ باوکودایکیدا نانی نەدەخوارد.ئەو دڵی خۆراکی نەدەبرد، بەڵکو حەزو ئارەزویشی لەژیان بەتەواوی نەمابوەوە.

باوکی کەبەو حاڵە بینی ئاخی هەڵدەکێشا، بەڵام چی لەتوانایدا هەیە بیکات، لەولاشەوە دایکی پتر لەجارێ ڕەپوڕەوان پێی دەوت: ( ناتالیا، تۆ پێویستیت بەمێردە، ئاوی بخۆرەوە چاك دەبیتەوە).

ناتالیاش وەڵامی دەدایەوە: (پێویستم بەوە نیە).

جەژنی (فصح)هاتو ناتالیا بێچارەو کوڵۆڵ بوو، لەگەڵ لێدانی زەنگەکاندا میرۆن بەکچەکەی وت:

ـ وەرە کچی خۆم بۆ کڵێسە، جەژنی فصح دەشێت بۆ نەۆش. ناتالیا جلوبەرگی نوێی نەبو کە شیاوی پێوەدەرچون بێت لەجەژندا، لەبەرئەوە تەنوورە سەوزەکەی دەرهێنا لە سندوقەکەی ویستی لەبەری کات، ئەم تەنورەیەش ڕۆژی مارە برینی بۆ گریگۆری لەبەری کردبوو، کە تەنورەی بینی بەدەستیەوە چاوی پڕبوو لەفرمێسكو دەنگی بۆ دەرنەهات وەڵامی دایکی بداتەوە کەپێی وت:

ـ تەنورە ڕەشەکەت نیە.

دایکەکە ئەوەی بینی لەکچەکەی، هۆکەی تێگەیشت، وتی:

ـ ئەمە حاڵێك خراپە تۆ هەتە، تۆ پێویستت بەمێردێکی دیکەیە.

ـ بەسە ئەوەی کەلە مێردێك بینیم دایە.. دەردو مەینەتییەك نوێم ناوێ.

ناتالیا بەگۆڕەپانەکەدا گوزەری کرد بەرەو کڵێسە بەوەڕسیەوو لەپەژارەدا سەری داخستبوو.

ئەو قەوزاقانەی لەحەوشەکەدا کۆبوبونەوە بینیانو ناسیانەوە:

ـ ئای. .ناتالیا، کچەکەی میرۆن، ژنی گریگۆری. .بەجێی هێشت.

ـ بەجێی هێشت، چونکە کون کرابوو.

ـ نە. ..نە.. لەبەرئەوەی لەگەڵ باوکیدا دەستی تێکەڵ کردبوو، لەگەڵ پیرەی شەلدا.

ـ ئەو هێشتا هەر پەیوەندی لەگەڵدا ماوە، پێش چەند ڕۆژێ بینیم قسەی لەگەڵدا دەکرد.ئەم گفتوگۆیەیان بەدەنگێکی بیستراو دەکرد،و دەیدا لەپەردەی هەردوو گوێی ناتالیا بێ دس هێنانە ڕێو لەمێشکیدا جێگیربوو، بەهۆی ئەوەوە ناتالیا گەڕایەوە ماڵی خۆیانو بەئازارەوە لەتری دەداو هەر ئەوەنەبو لەشەرماندا بتوێتەوە.. ئەو ئیدی پێویستی بەژیان نەما،ئیتر بۆچی خۆی سەرنەبڕێ؟

ناتالیا دەستبەجێ چوو بۆ داڵانەکەو داسێکی دەم تیژی هەڵبژاردو سەری خستە پشتداو،پاشان چاوی لێك ناو داسەکەی هێنا بەقوڕگیدا، خوێن فیچقەی کرد..ئێشوئازار زیادیکرد..خوێنەکە دەهاتە خور بەسەر سنگو بلوزەکەیدا، ئاڵ، گەرم، لینج، ئێشو ئازارەکەش دایە سەریو لەوێوە دابەش بوو بەسەر دەمارەکانی لەشیدا، ناتالیا ئەو ئازارەی پێ هەڵنەگیرا، داسەکە لەدەستی کەوتە خوار،و هاوتایی تێکچوو و کەوتە سەر ئەرزی داڵانەکە. پاشان ئەوەندەی پێنەچوو پەردەو تاریکیەکەی سەرچاوی ڕەویەوە، خۆ ئوە زیندوە نەمردوە، کەواتە ئەم کارەی سەری نەرت.

ناتالیا دەمە داسی خوێناوی سەرلەنوێ هەڵگرتەوە، بەرانبەری دیوارەکە، ڕاوەستاو مشتی داسەکەی لەدرزی دیوارەکەد چەسپ کرد، پاشان سینگی لەنوکی دمە داسەکە نزیککردەوە گوشاری خۆیدا. .

گوشاریدا تاوەکو نوکی داسەکە بچێ بەژێر مەمکیدا، کاتێ کە دەمە داسەکە کراسەکەی کن کردو چوو بە گۆشتدا ناتالیا گوێی لە خرچەیەك بوو وەکو خرچەی شلە کەلەرم، گۆشتەکەی دەقرنجاو ئازاری توندوتیژ گوژمی خۆیدا بۆ سینگیو سەریو قورگیو لەهەردوو گوێشیدا درنگەی دەهات.

کاتێ کەئیتر ئەکسینیا نەیتوانی سکەکەی بشارێتەوە لەبەر بەرزبونەوەی رگی، چاری نەما کەڕاستی کارەکە بۆ گریگۆری بدرکێنێ، شەوێکیان کەبەتەنیشتیەوە ڕاکشابو پێی وت:

ـ ئەی نازانی کریشا کە من سکم هەیە؟

پاشان ئەکسینیا بەوردی تەماشای کرد تاوەکو کارتێکردنی ئەمە تێدا ببینێ، دەموچاوی دەگۆڕێ یان هەنیەی گرژومۆن دەبێ، هیچ ئەو بەڵگانەی تێدا دەرنەکەوت،بەڵام سەغڵەت بوونەوە کەڕووی پاککردەوەو وتی:

ـ بۆچی لەمەوپێش ئەمەت پێ نەوتم؟

ـ ترسام دەرم کە، بەڕاستی لێت ترسام کریشا.

ـ ئەی بەم زووانە دەتبێ؟

ـ من ئێستا سکم شەش منگە، لەوانەیە سەرەتای منگی ئاب بمبێ.

ـ لەستێپانە؟

ـ نە، لە تۆیە.

ـ درۆم لەگەڵدا مەکە.

ـ نەخێر. . ئەی ڕۆژی دار بڕینەکەت نایەتەوە یاد.. لەوێ، لای ترۆیکا کە.

ـ تۆ لەوە گەڕێ. بالە ستێپانیش بێ، تۆ چۆنی بۆ دەچی؟ راست بڵێ، من ئەوەم دەوێ. .

ـ گوێت لێ بێ، چەند ساڵ لەگەڵ ستێپاندا بووم.. شتێکی وانەبووە. .ئەمە لەتۆیە.

گریگۆری جارێکی دیکە باسی ئەم شتەی نەکردەوە، بەڵام لەمەودوا گرژیو مۆنیەکی نێو چاوانی داپۆشیبوو، وای لێهاتبوو ئارەزووی کەنارگیریو بێ دەنگی دەکرد، لەدڵەڕاوکێدا بووم بۆ ئەم منداڵە کە نەیدەتوانی دڵنیابێ، کێ باوکێتی، بەڵام ئەکسینیا خڕو قەڵەو بووبوو، هێشتا هەر چوستوچالاك بوو لەکارەکەیداو دەیویست هەموان دڵڕاگرێ، زۆر بەدڵی ساشکای پیرەمێرد بو، هەستی بەسۆزو خۆشەویستی دەکرد بەرانبەر بەئەکسینیا، چونکە گۆرەوییەکانی بۆ دەدوریەوەو شەرواڵەکانی بۆ پینەدەکردنو بەرگی لێفە کۆنەکەی بۆ دەشۆرد، پێی دەوت:

ـ تۆ ئافرەتێکی باشی ئەکسینیا، ئەەر تۆ نەبوایەی حاڵم پەرێشان دەبوو، من هەموو شتێك دەکەم لەپێناوی تۆدا، داوای هەر خزمەتێکم لێ بکە کە دەتەوێ، هەرڕۆژێك بێ پاداشت دەدەمەوە.

لەم بارودۆخە تەمومژاوییەدا پێوتەر هات بۆ سەردانی گریگۆری برای کەوتنە دەمەتەقێ لەبارەی خێزانەکەیانەوەو لەبارەی هەواڵو قسەوباسی گوندەوە، لەم گفتوگۆیەدا پێوتەر باسی ئەوەی کرد کە کاتی خزمەتی سەربازی گریگۆری هاتووە، باوکی ئەسپو چەکی پێنادا، پاشان پرسیاری کرد کەچۆن گریگۆری بێ ئەسپ دەڕوا؟ گریگۆری ڕاچڵەکیو وتی:

ـ پێی بڵێ خەمی منی نەبێ، بەسەر ئەسپی خۆمەوە دەچم بۆ خزمەت، تەنانەت ئەگەر سواڵم کردووە یان دزیم کردووە، من داوای ئەسپ لەو ناکەم.

ـ لەمە گەڕێ برام، بگەڕێرەوە بۆ ماڵو لەم سەرپێچی کردنە داکەوە پێت وایە کرێکەت نرخی ئەسپێك دەردێنێ، هرە چەنێك بێ ئەم کرێیەو چەند لەخۆت بگرێتەوە بۆ پاشەکەوت کردن؟!

ـ نەخێر ناگەڕێمەوە، من خۆم تەگبیری کاری خۆم دەکەم.

ـ هەر لەگەڵێدا دەبیت؟.

ـ کێ؟
ـ ئەم ژنە؟
ـ بەڵێ، بۆچی نەبم؟
ـ هەر تەنیا پرسیارێك بو ویستم بیکەم.
کاتێ گریۆری پێوتەری بەرێخست بەتەنیشتیەوە دەڕۆیشت، لەخێزانو کەسوکاری پرسی، پێوتەریش هەواڵی دایە کە کایان کۆکردوەتەوە، دایکی تەندروستی باشە بەڵام هەر بیری دەکا، ئەمجار گریگۆری لێی پرسی:
ـ ئەمساڵ ماینەکەت نەزا؟
ـ نەخێر، نەزۆکە، بەڵام ماینەکەی دیکە جانویەکی بەهێزی بووە، هەر هەڵدەبەزێتەوە لەحەوشەییماڵدا و زۆر میهرەبانە.
گریگۆری، حەوشەی ماڵو تەویلەو جوانووی هاتەوە یادو هەناسەیەکی هەڵکێشاو وتی:
ـ بیری گوند دەکەم پێوتەر، لەوێ ئاوو دەشتو مێرگ، بەڵام لێرە نەڕووبارو نەمێرگ تەنیا زەوییەکی ڕەشو ڕووتە.
ـ کەواتە ەرە سەرمان لێی بدە کریشا.
ـ لەوانەیە بێم.
پێوتەر سواری ماینەکەی بوو جڵەوەکەی ڕاوەشاندو ماینە پیر بەنەرمە بۆی دەرچوو.
هاوینی ئەوساڵە وشك بوو، هەر خێرا گوڵەجۆ زەردبووو کێڵگەکان ئاڵتونی دەچوونەوەو چاوەڕێی دروێنەبوون، لیستنسکی چوار کرێکاری بەڕۆژانە گرت بۆ ئەو وەرزەو داوای کرد لەگریگۆریش بێتە پاڵیان بۆ کارکردن، بەم جۆرە ڕۆژێکیان گالیسکەکە بۆی دەرچو پاش ئەوەی کە درەوەنێیەکان داسەکانیان تیژ کردو نانی نیوەڕۆیان لە هەگبەیەکی گەورەدا برد.
ئەکسینیا ئەو ڕۆژە زوو لەئیش بوەوە، بەدوای گالیسکەکەدا ڕای کردو بانگی گریگۆری دەکرد کەچاوەڕێ دەکات، کە گەیشتە گالیسکەکە ئەوەی دەربڕی کەدەیەوێ لەگەڵیاندا بێت، ئەمیش ڕێگەی پێداو لەوەوپاش هەموو ڕۆژێ لەگەڵ گریگۆریو درەوەنێیەکاندا دەڕۆیشت بۆ سەر پەرێزەکە.
لەکێڵگەی پانوبەرینی جۆدا، لای کۆمەڵێ لەشارای درێژدا ئەکسینیا ژان گرتی، ئەوا ئەو ڕوداوەی ئەکسینیا بۆی بەپەرۆشەوە بو، گریگۆری بەسەرسوڕمانو ترسەوە چاوەڕێی دەکرد، هاتە پێشەوە ئەکسینیا خۆی کوتاوەلایەکەوە لەپشتی کرێکارەکانەوە، پاشان لەسەر زەویەکە ڕاکشاو هەردوو لاقی بڵاوکردەوە، دەستی دەهێنا بەسکیداو دەیگوشیو لەئێشوئازاردا دەتلایەوە، کاتێ گریگۆری بینی لەداخاندا هەرئەوە نەبوو شەق بەرێ، ئەمە چ ئابڕوچنێکە ڕای کرد بۆ لایو بەتەوسەوە پێی وتی:
ـ قەحپە پێم تی مەیە.. چیت دەوێ لمن بیکەم ئێستا
ـ گالیسکەکە بێنەو بیبەستە لەئەسپەکە.. چۆن دەبێ. لێرەدا. . قەوزاق.
سەرلەنوێ ژان گرتیەوە، دانی دەکیڕاند بەیەکدا، چاوەکانی زاق بوبونەوەو دەرپەڕیبون، گریگۆری بەزەیی پێداهاتەوەو ئەسپەکەی هێناو لەگالیسکەکەی بەستو خێرا چو بۆلای کۆمەڵە جۆدراوەکە، کاتی کەئەکسینیا زۆری

کرد لەخۆیو دانیشت گریگۆری بەرزی کردەوە بۆ گالیسکەکەو بەپەلە ئەسپەکەی لێخوڕی بۆ دێبەرەکە، بێ ئەوەی گوێ بداتە سەری ئەکسینیا کە دەیکێشایە تەختەداری گالیسکەکەداو بەملاوبەولادا دەکەوت.

گریگۆری ئاوڕی بۆ دواوە نەدەدایەوە، ئەگەر وای بکردایە کوڵمی شین هەڵگەراوی ئەکسینیاو شەویلاکی لاربوو سەری تێکشکاوی ئەوی لەدرزە تەختەکانی بنی گالیسکەکەوە دەبینی، ئەوکاتە لەسەرخۆ دەبووەوە کەمێ یان بۆ ماوەیەکی کورت گالیسکەکەی دەوەستاند. هەرچەندە کوتەی سەری ئەکسینیا دەنگی تەقەو جیڕەی پێچکەکانی هێدی نەکردەوە خۆ هاوارێکی تۆقینری ئافرەتێ کە ژانی منداڵ بون دەیگوشی ئەوەی کرد.

هاوارەکە هەردوو گوێی گریگۆری کە ئاوڕی دایە پشتەوە تەنورەو شەرواڵەکەی ئەکسینیای بینی خەڵتانی خوێن بون..ئەکسینیا بۆ جاری دووەم هاواری کردەوە بەدەنگێکی وا کەلە زریکەی شەیتان دەچوو، لەوکاتەدا گریگۆری گالیسکەکەی وەستاند، بەبەزەیییەوە داچەمییەوە.

بەسەر ئەکسینیاداو فرمێسك پەڕیبوە چاوەکانی، ژنەکەیو وتی:

ـ کریشا..ئەوا من دەمرم.

ـ نە، کۆترە بچکۆلەکەم، ئازایەتی بێنەوە بەرخۆت ئەکسینیا.

لەپڕ هاوارێك دەنگی دایەوو نوزەیەکی پێوەبوو کەوتە هەشۆکەو بەرەبەرە خاوبووەو تا سرو بێدەنگ بوو لەگەڵ ئەم خاوبونەوەدا دەمارگرژی لەلەشی ئەکسینیادا نەما، خوێن فیچقەی کردو کەوتە ڕێو بەلێواری گالیسکەکەدا ڕژایە سەر زەوی ڕێگاکە، لەنێوان لاقی ژنەکەدا تۆپەڵە گوشتێکی سوور دەرکەوت.

ئەکسینیا تەپاوەتلێکی کرد، هەردوو لێوە وشکەکانی لستەوە بۆ تەڕکردنی دەمی کەبە ژانگرتن وشك بوبوەو وتی:

ـ ریخۆڵەکە ببڕە، پەتێك لەکراسەکەت دادڕەو بیبەستە.

گریگۆری ناوکەکەی بەدانەکانی قرتاند پاشان بەپارچەیە لەکراسەکەی بەستی بۆ بەربەستی کردنی ئەو خوێنەی لێی دەڕۆیشت.

بەم شێوەیە لەئێش‌وئازار مرۆڤێك پەیدابوو.

جێگەی دیبەرەکەی یاکۆدنایە چەند چاکی تێدابوو، لایەنێکی باشی هەبوو هەرچەندە ڕووبارێکی تێدا نەبوو کە گریگۆری خۆی تێ فڕێدا،

ئەمەبو ئەو دەوروبەرە ساردوسڕەی کچە منداڵەکەی گریگۆرییو ئەکسینیای تێدا دەژیا. دایکی لۆکێریای دەموچاو بەئاوڵەی، هاوسەری تێخۆنی، دەبینیو ئەو(غیرە)یەی تیخۆن دەینواند بەرانبەری، ناچار بزە خەنەی گاڵتەپێکردنی دەشاردەوەو دەچوو بۆ دانپێدانی قازومراوییەکان، ئا ئەوە ڕێویە چەند قازێك دەفڕێنێ، خەڵکەکە تۆزێ دەکەوتنە جووڵەو پاشان هەموو شتێ دەگەڕایەوە دۆخی ڕاوەستاوی جارانی. .

ئا لەم کۆڕو کۆمەڵە گریگۆری دەرهێنرا لەمانگی کانونی یەکەمدا کاتێ کە بانگ کرا بۆ بەڕێوەبەرایەتی ناوۆیی لە ڤشینسکایا تاوەکو سەد ڕۆبڵ وەرگرێو بیدات بەئەسپێ بۆ بەجێهێنانی خزمەتی سەربازی کەبەم زووانە یەخەی دەگرێ، بەڵام لەبەرئەوەی سەد ڕۆبڵ ئەسپێکی چاکی پێ ناکڕێ، گریگۆرییو ساشکا ڕێککەوتن لەسەر کڕینی ئەسپێکی (عەیبدار)بەسەدو چل ڕشۆبلو گریگۆری ئەو پارە زیادەیەی لەکرێکەی خۆی لەدێبەرەکەدا نابووە یەکەوە، ئەسپەکە عەیبێکی تێدابوو لەیەکی لەدوسمەکانی پێشەوەیدا، بەڵام ساشکا برادەرەکەی دڵنیا کردەوە کەبەیتاڵی سوپا هەست ناکا بەو عەیبە چونکە لەکاروباری چاوەڕوی تێناگاو ورد نابێتەوە.

کاتێ کە گریگۆری بەتەمای ڕۆیشتن بوو، پانتلای هات بۆ دێبەرەکە ئاگاداری کردنی لەوەوپێش گریگۆری بەخێرهاتنی باوکی کردو بردی بۆ ئە هۆدەیەدا کەئەکسینیای تێدا وەستابوو لە پاڵ بێشکەی منالەکەیدا بەبێدەنگو وەك ستونێکی بەردین، پاشان گفتوگۆ بچڕا لەنێوان باوکی تووڕەو کوڕی لەڕێ لادەردا، بەلام ئەوەندەی نەبرد باوکە پرسی:

ـ خۆت ئامادەکردووە بۆ خزمەت؟

ـ بەڵێ، دوور ڕۆژ دوای جەژنی لەدایکبوون، دەڕۆم.

ـ پێداویستیەکانم بۆ هێناوی، دوو پاڵتۆو زینێك، ئەوانەم پێیە لە ترۆیکادا.

پانتلای هەڵساو چوو بەرەو دەرگاکەو دەیویست دەرچێ.

ـ ئێستا ناڕۆی بابە؟

ـ بەڵێ، دەمەوێ زوو بگەڕێمەوە، دایکت سەلامەت لێ دەکات.

گریگۆری دەرچوە دەرەوە بۆ بەڕێخستنی باوکی کاتێ کەبەرپیچگەدا دەڕۆیشتن باوکی پێی وت:

ـ ئەو ڕۆژەی دەڕۆی لێرە ئامادەدەیمو لەگەڵتدا دێم تا منکۆڤۆ.

دوای ئەوە بەچەند رۆژێ لیستنسکی پیر داوای لە گریگۆری کرد بە گالیسکەکە بیبات بۆ کلێسەو کەلە گەشتەکەیان گەڕانەوە لێی پرسی ئایا سبەینێ دەڕوا ئەمیش وەڵامی دایەوە کەبەڵێ دەڕوا.

ئەوکاتە وتی:

ـ هەموو کرێکەت وەرگرتووە کوڕم؟

ـ بەڵێ.

ـ کەواتە، برۆ ببە بەسەربازێکی چاك، باوکت لەیاری پێشبرکێ ئەسپ سوار گرەوی بردەوە، تۆش کوڕی ئە باوکە بە. لە ژنەکەت مەترسە، ئەو لای ئێمەیە.

گریگۆری هەواڵی درایە کەباوکی هاتووە، ئاغا ڕوخسەتیداو ئەویش بەپەلە چوو بۆ ماڵەوە، لەوێ سەیری کرد باوکی دەلەرزیو هەردوو دەستی خەریکە لەسەرما بیبەستێ، دەموچاویش کەمێ سوربوبوەوەو ئەوەیی دەگەیاند کەشەلە زیادەخۆری کردووە لە ڤۆدگادا، پانتلای وتی:

ـ هاتیتەوە سەرباز؟

ـ بەڵێ، بەلام هەموو لەشم بەستویەتی، ئەکسینیا قۆبچەی تەپڵەکەم بکەرەوە، پەنجە مەیوەکانم پێیان ناکرێتەوە.

کاتێ لەسەرخوان دانیشتن لەهەڵسوکەوتی پانتلایدا ئەوە بەدەرکەوت کەڕازیە لەبوونی ئەکسینیا، وەکو لە ماڵی خۆیدا بێ وا فەرمانیدەدا، تەنانەت بێشکەی منالەکەش بەبێ رشووگرژی رشادەژەند.دەستی بۆ بێشکەکە ڕاکێشاو وتی:

ـ نێرە قەوزاقە؟

ـ ئەو قەڵەو وێنەیەکە لەکریشا.

پانتلای سەیری کچە منالەکەی کردو باش لێی وردبوەوەو پاشان ورتە ورتێکی بۆ کرد:

ـ ئەمە لەخوێنی ئێمەیە! ببێو نەبێ!.

دوای ئەوە گریگۆریو باوکی دانیشتنو جۆرەها بابەتیان باس کرد، گفتوگۆکە خۆش بوو ئەو پەڵەهەورە ڕەشە نەبێ کەبە دەموچاوی هەریەکەیانەوە دیاربوو کەبیری لەو شتە دەکردەوە، ئەو شتەش بابەتی ژیانی ئەکسینیا لەگەڵ گریگۆریدابوو، ئەو شەوە تا درەنگ مانەوە دەمەتەقێ یان دەکرد، بەڵام ئەکسینیا بەشداری نەکردنو هەربەبێ دەنگی مایەوە. کەچوون بۆ نوستن ئەکسینیا زیاتر لەجاران خۆی بەگریگۆرییەوە نوساند، تەنانەت شیرەکەشی لەمەمکی ڕۆیشتبووو کراسەکەی گریگۆریش تەڕ کردبوو، گریگۆریش بۆ خۆی خەویتبوو، بەڵام ئەو خەونەدەچووە چاویو سەیری ڕومەتی گریگۆری دەکرد وەکو بڕوانەکا کەئەو بۆ بەیانی لێی دادەبڕی، لەهێمنی شەوو سەماکردنی تیشکی چراکەدا هەندێ بەشی یادگارییەکانی ڕابوردووی لەمێشکدا زرنگایەوە، چۆن باوکی ئەتکی کردو دایکیو براکەی کوشتیان، پاشان ئاهەنگی شووکردنی بەستێپانو کەوتنە داوی سەودای کریشاوە، قووڵترین بیرەوەری لەناخیدا شەوی ڕاوەماسیەکە بوو ئەوو کریشا لەسەر کۆمەڵە کاکەدا، ئەو کاتەی کە پرشەی ڕوناکیە زیینەکەی مانگەشەو دەیدا لەمێرگە پانوبەرینەکەو هەموو گیانی دەلەرزیو پاشان ئەو هەستەی کە کردی بەگەرمیو بەژیان لەسەر کۆمەڵە پووشەکە.

مناڵەکە لەبێشکەکەیدا جووڵایەوەو زریکاندی، ئەکسینیا لەتەنیشتی گریگۆری هەڵساو مەمکەکەی خستەدەمی.

گریانی مناڵەکە گرێگۆریشی هەڵساند، ئەکسینیا ئەوەی بەهەل زانی بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵیداو وتی:

- کریشا، من چیبکەم، چۆن بژیم بەبێ تۆ؟

- چۆن شەانی دورو درێژ بەسەرببەم؟ بەشەونخونی؟ئەی مناڵەکە؟چوارساڵ..کریشا!

- دەڵێن سەربازی لەڕابوردودا بیست ساڵ بووە.

- ئەمە لەڕابوردودا بووە، بەڵام من باسی ێستا دەکەم.

- بنوو..بنوو، بەئیجازە دەگەڕێمەوە.

- ئاوی زۆر بەدۆن دا دەڕوات تا ئەوکاتە.

ئەکسینیا کەتە گریانو هەنسکدانو فرمێسکەکانی بەسەر کوڵەکانیدا دابارین.

- ئۆ هۆ ئەکسینیا! پێویست بەمە ەکا! ئومێدی خێرت بێ تۆ وەکو بارانی پایزی، بەردەوام نمەنم دەکەی.

- ئەگەر تۆ لەجێگەی من بوایەی کریشا، دەتزانی.

کریشا پشتی تێکردو خەوتو ئەکسینیا بەخەموپەژارەوە مایەوەو خەو نەچوە چاوی، پێش تاریکو ڕشوونی بەیانی وە ئاگای هێنایەوە وتی:

- کریشا...هەستە لەخەو، خێراکە، ڕۆژبوەوە.

دوای ئەوەی گریگۆریو پانتلای بەرچاییان کرد گالیسکەکە لئەسپ بەستراو پانتلای لێی خوڕی، گریگۆریش سواری ئەسپەکەی بوو و دەستی بۆ ئەکسینیا بەرزکردەوە بۆ ماڵاواییو مناڵکەی پێ ڕاسپارەکە اگاداری بێت.

پانتلای بەدرێژایی ڕێگەکە بێدەنگ بوو تا گەیشتە لای تەپۆلکەیەکی لماوی کەخێرایی ئەسپەکانی سوك کردەوەو کاتێ هەردو سوار ەیشتنە تەنیشتی یەك پانتلای وتی:

- کەواتە تۆ بیر لەوە ناکەیتەو بگەڕێتەوە لای ژنەکەت؟

- ئەو کارە بڕایەوەو کۆتایی پێ هات. هەمدیس بگەڕێینەوە سەری!

- ئەو داماوە ویستی خۆی بکوژێ، ئەی نەتبیست؟

ـ هەندێ جوتیار لەمێرگەکەدا ئەو هەواڵەیان دامێ، چۆن بگەڕێمەوە بۆ لایو منالێکم هەیە بابە !
ڕوومەتی گریگۆری تاڵ بوو ئا ئەو باوکێتی پڕیشکی ئەو ئاگرەی تێدەگرێ کەلەمێژەوە گومانی لەدڵدا دەوروژاند.ڕەنگی پێستی ستێپان هەر لەڕەنگی پێستی خۆی دەچێ، ئیتر چۆن بزانێ ئەم منالە خوێنی کامیانە !
بەپێی سروشتی باوك منالەکەی خۆی خۆشدەوێ، چونکە ئەوە سۆزی باوکێتیەیە، بەڵام ئەو هەست بەهیچ سۆزێك ناکا بەرانبەر بەو منالە، وەهیچی ئەوی نایەتەوە یاد ئەو وەڕسیەیە نەبێ کەدایکی بەگالیسکەکە هێنایەوە ئەو ڕۆژە، قێزهاتنەوەی لەقرتاندنی ناوکەکەو بەستنی بۆئەوەی خوێنی لێ نەڕوا، کەواتە لەوانەیە کچەکە کەئەکسینیا لەخوێنی ستێپان بێت. بەڵام ئەکسینیا چەند ساڵ لەگەڵ ستێپاندا ژیاو سکی نەبوو.. کەواتە گومانی تێدانیە ئەم منالە لەخوێنی ستێپان نیە. ئەمانە هەموو بەمێشکی گرێگۆریدا هاتن لە ساتەدا. هەرچەندە ئەو نەگەیشتە هیچ شتێ بەڵام وتی:
ـ وازی لێ ناهێنم هەر کەسێ باوکی بێت، ئەو لای من لەدایك بووە.
ـ ناتالیا خۆی شێواندووە کریشا.. ودیارە دەمە داسەکە دەماری ملی بڕیوە.
—ئەوەیان کەیفی خۆیەتی. .بەڵام ئێستا چۆنە ؟
ـ حەوت مانگ لەجێگەدا کەوت.خەریك بوو بمرێ، بەڵام ئێستا چاکبوەتەوە، لەوانەیە بێت لەگەڵماندا بژێت، پێش چەند ڕۆژێ چاوم پێکەوتو پێم وت کە بێت.
سەرلەئێوارەی ڕۆژی ئایندە گریگۆریو پانتلای گەیشتنە شارۆچکەی مانکۆڤۆ، بۆ سبەینێ کوڕەی لاو چوە پاڵ بەسەربازگیراوەکانی ناوچەکەی..و ئەتمانی ناوچەکە پێشیان کەوت بۆ لای لیژنەی پزیشکی بۆ تەماشاکردنو جیاکردنەوەیان، پاش ئەوەی سەربازە تازە گیراوەکان جلوبەرگەکانیان داماڵی یەك یەك ڕیزبون بۆ کێشانو پێوانی باڵاو پانی سینگو کۆڵینەوە لەدەفتەری سوزەنەك. سەرمایەکی سەخت بوو، لاوەکانیش ڕەوتو قوت بون لەبینای مەڵبەندی ناوچەکەدا، سەرباری وەڕسی سەرماش تووشی وەڕسی عەریفێکی ڕشەزا گران یان کارمەندێك لەکارمەندانی تەندروستی دەبوون، کەهێجگار بێ ماناو هیچو پوچ دەبوو.
نۆرەی گریگۆری هات بۆ سەر قەپانەکە، کێشانەی پێنج پودو شەش پاوەنو نیو بوو، بەڕادەیە کەئەفسەری بەرپرسیار سەرسام ماو پێشنیاری کرد بۆ ئەو هاوکارەی کەبە تەنیشتیەوە ڕاوەستابوو کە گریگۆری لەکەتیبەکانی گاردی تساردا دانێن، بەڵام لێپرسراوی دوەم وتی:
ـ ئەو یەکەم باڵا بەرز نیەو دوەمیش دەموچاوی جانەوەرانەو کولچۆڵ دیارە، لەبەرئەوە ناشێت بۆ پاسەوانی، بیە کەتیبەکانی پیادەوە.
کاتێ کە پزیشك هات تەماشای ناوشانی گریگۆری کرد، پەڵەیەکی سووری پێوەبوو وەکو مەیمون وابوو، ئەمیش پرسیاری ئەوەی لێکرد، لەگەڵ ئەوەشدا کە گریگۆری خەریکبوو لەشەرماندا بتوێتەوە لەو پرسیارە، بەڵام بۆ پزیشکی ڕشون کردەوە کەلە زستانێکی لەمەوپێشدا بەستویەتیو لەسەر بڕیاری ئەفسەرەکەو ڕازی بنی پزیشك گریگۆری یاندا بە کەتیبەی پیادەی دوانزەیەم.
ڕۆژی ئایندە، چارەوی تەماشا کرا، دوای وردبونەوە لەکێشو کردنەوەی دەم بۆ تەمەنزانین،و پێوانی بەشە جۆراوجۆرەکانی لەشی ئەسپەکەی گریگۆریو ئەندامەکان بەیتاڵی پسپۆڕ ئەو عەیبەی دۆزیەوە کە ساشکا وای هەستدەکرد دەرکی پێ ناکرێ. بۆیە لەگریگۆری تورشەبوو فەرمانیدایە کەباوکی بێنێ تا لەبارەی عەیبی ئەسپەکەوە

قسەی لەگەڵ بکەن، بەڵام گریگۆری ئەسپەکەی پێوتەری هێنا کابرای بەیتاڵ کێشایو بەبێ تەماشاکردنی نویێ قبوڵی کرد.
بەم جۆرە گریگۆری سواری ئەسپێکی باوکی بوو، وەکو هەموو قەوزاقێك بانگ کرێ بۆ سەربازیو هەلو مەرجە تایبەتیەکانی بەجێ بێنێ.
کە وەرگرتنی ئەسپ تەواو بوو نۆرەیی کەلوپەل هات، ئا ئەوە ئەتمانی ناوچەکەیە خۆی بادەدا لەنێوان بەسەربازگیراوەکانو ئەسپەکانیدا وەکو ژەنەراڵێکی پیرو کۆمەڵی ئەفسەری(پرشەدار)لەدوایەوە دەرۆیشتنو بەخۆشیو شادیەوە دەمەتەقێیان دەکرد. گریگۆری گوێی لەیەکێکی باڵابەرزیان بوو شانو شکۆیەکی تایبەتی هەبو دەیوت:
"گوندێك هەبوو لەئەستۆنیا، خەڵکەکەی سوروسپی بون.. بەڵام زۆر سەیر بوو، کچەکە ڕەشکەلە بوو کەلەم ئەفسەرە دوورکەوتەوەو گریگۆری پاشماوەی گفتوگۆکەی ئیدی گوێ لێ نەبوو، لەبری ئەوە دەمەتەقێی هاوڕ نوێکانی دەهاتە بەرگوێ، لەوانە هەندێکیان دەیانوت:
ـ ئەو کابرایە بەرازە.
ـ ئەی نابینی، بزمارەکانی ناڵی ئەسپەکەشی دەژمێرێ.
ـ ها ئەو ئەفسەرە درێژە، سەیرکەن، لەسەگ دەچێ!
کۆمەڵێکی دیکە لەئەفسەران هاتنو یەکێکیان لەگریگۆری هاتە پێشەوەو وتی:
ـ ناوتو نازناوت چیە؟
ـ میلیخۆڤ، گریگۆری.
پاشان ئەفسەری کەلوپەل هاتو کەوتە پشکنینی زینو هەردوو خورجەکەو قەنگەکەیو بەری ناوەوە قۆبچەکانی ژمارد، پاشان عەریفێك هاتو نوشتایەوە بۆ ژماردنی بزماری ناڵە ئەسپەکە:
ـ بیستو سێیە. .بۆچی؟
ـ نەخێر، گەورەم، بیستوچوارە.
ـ چی، بۆ من کوێرم؟
گریگۆری پارچە پەڕۆیەکی پێچراوەی هەڵتەکاندو بزمارێکی دیکە دەرکەوتو ژمارەی دیاریکراوی پڕ کردەوە.
بەکورتی کەلوپەلەکەی گریگۆری تەواوبوو لەبەرئەوە باوکی دانرا بەقەوزاقێکی باش کەئەرکی خۆی بەجێ هێناوە بەرانبەر بەسوپای تسار، ئوتومبیلی بارهەڵگری ئاسنین گریگۆریو ئەسپەکەی هەڵگرت لەگەڵ قەوزاقی دیکەدا بەرەو شارۆچکەی ڤۆرۆنیز.
لەبەهاردا هەموو شتێ ژیانی تێدا دەبوژێتەوە، تەنانەت ئافرەتی نەزۆکیش مناڵی دەوێت، ئا ئەوە دڵۆپە سەهۆڵاوە لەبەفری سەربانی ماڵەکانەوە دەکەوێتە خوارەوە، وا تیشکی ڕۆژ سەرکوڵمەکانی بونەوەر بەرەبەرە ئاڵ دەکاتەوەو ئاوڕێژە ڕەشەکان بەدەردەکەون لەزەویە بتۆوی زستان ئاوسەکانەوە.
بەڵام سکی ناتالیا هەر بەپووکاوەیی مایەوەو هەلنەئاوسا، باشە هیچ سۆزو پەرۆشێکی نیە بۆ نەهێشتنی ئەم پوچەڵیە؟ بەڵێ. لەبەرئەوە عەوداڵی گەڕانەوە بوو بۆ ماڵە مێردیو سەرلەبەیانی رۆژێکی ڕوناك ڕۆیشتنەوە بۆ ماڵی پانتلای میلیخۆڤ.

لای دەرکەکەوە پیرەیی خەزوری بینی بەچالاکیەوە، پەرژینی دارکەوتە شکاوەکە چاك دەکاتەوە لەویٚ.

ــ بەیانیت باش مامە.

ــ ناتالیا! بەخێربیٚ کچی خۆم، هۆتوی بۆ سەردانمان؟ پیرەژن بەپەرۆشەوە بۆ بینینت. وەرە ژوورەوە لەگەڵمان دەمێنێتەوە!

ــ ئەگەر. .دەرم نەکەن.

ــ دەرت کەین! وەرە ژوورەوە، وەرە ژوورەوە.

ــ دۆنیا، ڤاسیلیا،ئەوا ناتالیا هاتەوە لەگەڵمان

دۆنیا ڕایکرد بۆ حەوشەو دەستی کردە ملی ناتالیاو دەیوت: ( چەند دڵت ڕەقە! هەموو شتێکت لەبارەی ئێمەوە لەبیرچوەتەوە.

پاشان ڤاسیلیاو پیرەژن بە پرتاو هاتو بەخێرهاتنی بووکەکەی کردو پێی دەوت کە پێویستە لەگەڵیان بمێنیتەوە.

ئەی ئەگەر بوکەکە لەگەڵ ئێمەدا دانەنیشیٚن گوایە لەکویٚ دادەنیشیٚ..بەخێربێی کچی خۆم، حاڵت چۆنە؟

تەنانەت پێوتەریش بەسۆزو پەرۆش بوو ئەگەر چی دەریای ژنی کەمیٚ ڕووگرژی و ناخۆشیی دەربڕی.

ڕۆژی ئایندە پانتلای بە دۆنیای کچی ئەم نامەیەی بۆ گریگۆری نوسی:

کوڕی خۆمان گریگۆری.

"سلاوێکی باوکانەت پێشکەش بیٚ لەمنو ڤاسیلیای دایکتەوە، ئێمە باشینو پێخۆشحاڵ دەبین، تۆش باش نیت. دڵپاکبە لەشەرەفی خزمەتکردنی تساردا،ئ ەوەندە بەفیڕۆ ناچیٚ. ماینە پیرەکە چات بوو گرتی چونکە ملی بە ئەسپەکەدا کە، کە بردمانە لایەوە. کوڕە بچوکەکەی دەریا مرد، ناتالیاش گەڕایەوە...و ئێستا لەگەڵماندا دەژی، بزانە کریشا کەئەو ژنی ڕەوای تۆیەو بیر لەم کارە بکەرەوە،ئاگات لەئەسپەکەی پێوتەر بێتو پێی ناڵ نەکەی. دایکت هەندیٚ شتو مەکی بۆ ناردوی لەوانە، جوتیٚ گۆرەوی ئەستووری خوری تێدایە، ئێمە لەتۆ ڕازین، نامەمان بۆ بنوسە".

لەو کەتیبەیەدا کە گریگۆری خزمەتی تێدادەکرد پۆستە دابەشکراو کوڕەی لاویش ئەو نامەیە وەرگرت کەناونیشانی ئەوی تێدابوو، بەرگەکەی هەڵبچڕیو بەئاستەمو ورد خوێندیەوە..دوای ماوەیە نامەیەکی نووسی بۆ باوکیو وشەکانی بەوردیو بەئاگالێبونەوە هەڵبژارد، بەجۆرێك کەسەبارەت بە ناتالیا هیچ نەدات بەدەستەوەو ئەوەی لەوبارەیەوە نوسیبووی ئەم بڕگەیەی خوارەوەیە:

"لێم دەپرسی گوایە لەگەڵ ناتالیادا بژیم، من ناتوانم هیچ پەیمانێکت لەم بارەیەوە بدەمیٚ، پەتی پچڕاو ناگاتەوە، سەرباری ئەوەش من منالێکم هەیەو تۆ خۆت بینیتو لەوەش گرنگتر لەوانەیە شەڕ هەڵگیرسیٚ لەنێوان ئێمەو نەمساییەکاندا. تسارەکەیان هاتبوو بۆ سەردانی سنووری ولاتەکەی، ئەگەر وابوو شەڕ هەڵگیرسا، کیٚ دەزانیٚ کیٚ لەژیاندا دەمێنێتەوە. ئەگەر سەلامەتیم لەنێوچەوان نوسرابوو، دەکریٚ گفتوگۆ لەکاروباری دیکەوە بکریٚ، دەنا ئێستا سودی باسکردن چیٖیە!.

دۆنیا نامەکەی بۆ باوکو دایکی خوێندەوە بەپەلە، پاشان خێرا پیرە کارەکەی ناتالیای لەبیرچووە هەرچەندە لەدڵی خۆیدا نائومێدیش نەبوو، بڕیاریدا کەلەکۆتاییدا هەر سەرکەویٚ، بەڵام ئێستا ئەوانەی هەموو پێچایەوەو چووە لای کاری ئاسایی خۆیەوە.

ژیان وەکو جاران لە گونددا دەڕۆیشت، ئەو سەربازانەی خزمەتی سەربازییان تەواوکرد گەڕانەوە کوچەو کۆڵان، گەڕەکەکانی گوند پڕ بونەوە لە کراسی بەنەخش چنراو تەنورەی پاش هەڵاوساو. و ڕۆژانی یەك شەممە کڵێسە جمەی دەهات لە تۆبەکارانو ئەوانەش کە بۆ دەسبازیو چاوبازی لەگەڵ کچانو بەڵێنی یەکتربینیندا دەهاتن.

لەناوەڕاستی گونداو بەتایبەتی لەبازاڕی سەوزەدا، بولگارەکان دەیانزریکاندو بانگەوازیان بۆ میوەجاتەکانیان دەکردو لەولاشەوە منالآن کەڵەکەبوبوون سەیری حوشتریان دەکرد، بەکۆپارەکانی سەر پشتیانەوە، تەنانەت لەگۆڕەپانی گوندیشدا ئەو گۆرانییانەی پڕبون لەسۆزو پەرۆشی بۆ خۆشەویستانی دور وڵات،و سەما قەوزاقیەکان لەسەر ئاوازی لێ نەدەبڕا تا دوا دوایی شەو.

ئۆباڵتانە ئەستۆم ژنان ئەمەیان دەویست، لەبەرئەوە دەردەچون بۆ خڕبونەوەی ئێواران بەهیوای سەیرکردنو دەستبازییەوە، بەڵام ناتالیا ئەوەی نەدەکرد، بەڵکو بەرانبەر بەدۆنیا دادەنیشتو نهێنیەکانی دڵی خۆی بۆ باس دەکرد هەموو شەوێ. دۆنیا عازەب بوبوو کیژێکی نەشمیلانەی جوانی لێ دەرچوبوو، بێ ئەوەی کەس هەست بەوەبکات، ئەوا ناتالیا گوێی ڕایەڵ کردووەو دۆنیاش باسی دوا چاوپێکەوتنی لەگەڵ میشا کۆشیڤۆیدا بۆدەکات.

ـ دوێنێ شەو منو میشالای لە عەنباری دانەوێڵەکانەوە دانیشتبووین.

ـ بەڵێ، ناتالیا، کوا دەموچاوم سوورنەبوەتەوە.

ـ بەڵێ، تۆ سەیری ئاوێنەکە، وەکو کڵپەی ئاگری لێهاتووە.

ـ تۆ واز لەمە بێنە، هێن.. گوێ بگرە، ئەو پێی وتم: (تۆ جوانیو ناسکی وەك گوڵە وەنەوشە، بۆن خۆشی وەکو ئەرخەوان، منیش پێم وت: (درۆ مەکە میشا)، سوێندی خوارد کە ئەوە ڕاستە.

دۆنیا دایە تریقەی پێکەنینێکی خۆشی، ناتالیاش بەشداری پێکەنینەکەی کرد، بەخۆشی ئەوەو پێحۆشحاڵی بەبەختیاری کچەکە، پاشان دۆنیا دەستی کردەوە بەقسەکانیو وتی:

ـ داوای لێ کردم یادگارێکی بدەمێ، دەستماڵێکی تەریب دراو یاخود سەرپێچێکی بەنەخش چنرا.

ـ ئەی داتێ؟

ـ نە پێم وت من دەسماڵی خۆمت نادەمێ، برۆ دەسماڵی ئەو ژنە ببە کە لەگەڵیدا بووی. .

دەزانی ناتالیا، ئەو لەگەڵ بوکەکەی برۆڤیڤدا بینرابوو، های. .ژنی نەحلەتی!

ـ وا چاکترە لێی دورکەویتەوە مادام ئەمە حاڵیەتی.

ناتالیا پاشان لەگەڵ کچەکاندا بەڕێگەکەدا ڕۆیشتین، باپیرە میخی پێمان گەیشت، چەند شێتە!، داوای لێکردین ماچی بکەینو بۆ هەر ماچێ دوو کۆپێکی دەدا.. دامانە تریقەی پێکەنینو گاڵتەکردن پێی، نیورا لقەدارێکی وشکی گوڵی تەمەن کورتە، هەروەها تەمەنی بەهاریش.

ئەو ساڵە هاوینێکی وشکی گەرمی وەرسهێنەر هاتە پێشەوەو دوای ئەوەی کە دۆن پێش چەند هەفتە تافەی ئاوی دەهات، ئێستا بوە بەتەنکاوو گا لێی دەپەڕێتەوە، بێ ئەوەی سەر پشتی تەڕ بێ، لەملاشەوە دەشتەکە سەوزایی تیچدا نەما، وشك بوبوەوە، قەدەکانیشیان شکاو پاڵیاندایەوە زەویەکەوەو دەیانویست خۆیان تێدا گۆڕکەن.

تەنانەت شەوانیشی تاڵبوو، هەور دەنیشتە سەر یەك لە هەموو لایەکەوە کەڵەکە دەبوو، پاشان شیری ئاگرینی هەورە بروسکە لەتو پەتی دەکرد، بەڵام هەرگیز بوو بارانی لێ نەدەباری. خەڵکی گوند جاروبار دادەنیشتن بۆ دەمەتەقێو ساردو سڕبوو هیچ هەواڵێکی نوێ گیانی تێدا نەدەبوژاندەوە.

بەسەر گومەزی کڵێسەکەی تاتارسکەوە کوندەبەبویەك هەموو شەوێ دەیخوێند. فرەکەس نیشانەی خاچیان کێشا، کاتێ یەکەم جار گوێیان لێ بوو، رەشبینییان لێ کرد، بەتایبەتی کەئ ەو کوندەبەبووە لە گومەتەکەوە دەفڕی بۆ گۆڕستانەکەو ئەمەش هێمای بەڵایەکی گەورەیە نزیکە بێت بەسەردا. پیرەکان پێشبینیان لەو بەڵایە کردو وتیان ئەمە شەڕە، بەڵام لاوانی کەم تەمەن ئەمەیان بەدوور زانیو هەروەها دایکی منداڵو کچە عازەبەکان ڕقیان لێ بووەوە.

کوندەبەبوو سوێندی خوارد کە بیکوژێ، ئەو شەڕی لەمەدا دەبینیو لەوەش دەترسا. بۆیە ئێوارەیەکیان تفەنگەکەی لەگەڵ خۆی برد، بەتەنیشت دیواری کڵێسەکەوە خۆیدا بەزەویدا. کاتێ کە کوندەبەبوو فڕی زرمەی هەڵساندلەتفەنگەکەی، بەڵام بەفیڕۆچوو، نەحلەتیە دەربازبوو، لەسەر یەکێ لە کێلی قەبرەکان نیشتەوە.

مارتن سەری شۆڕکردو گەڕایەوە بۆماڵەوەو جوێنی بە جەختی خۆیو پەپوەکەش دەدا پێکەوە، کە ژنەکەی بەم پیش کردنو تەوسەوە بینی وتی:

ـ ئەوە چیتە! تۆ پیاوێکی گەوجی، تەنانەت باڵندەش دەترنجێتە کاروبارتەوە! لەخوا ناترسی پێت بنوێنێو من سکم پڕەو لەمانگی خۆمدام!.

ـ وس بە ئافرەت. منداڵیشت دەبێو هەڵیش دەسیتەوە. من ڕقم لە کوندەبەبو نیە، بەڵام ئەو هەمیشە خراپەی بەمەوەیە، ئەی چۆن ئەگەر شەڕ بەرپابوو ڕایان پێچام بۆ بەرە، ئا ئەم دەرزەنە منداڵەی کە بۆت هێناوم چی لێ دەکەی.

دەستنیشانی نەوەیەکی زۆری کرد کە ژنەکەی بۆی هێنابو، ئەوە وەکو کەروێشك هەدەزا.

هاوین پەکی بازاڕ ناخات، بەڵکو پڕ دەبوو لەخەڵکی تەمەڵو تەوەزەلو ئەوانەی کایان پێ ناکر ێلە گەرماداو لەبازاڕی گوندی تاتارسکدا ڕۆژێکیان پانتڵای لەگەڵ پیرەکاندا دەمەتەقێی دەکردو دەیوت:

ـ گریگۆری کوڕمان نوسیویە کە تساری نەمسا هاتوە بۆ پشکنینی سنوری وڵاتەکەی بۆ بەهێزکردنی تاوەکو لەشکری خۆی تێدا مۆڵدا بۆ هێرش بردنە سەر مۆسکۆو پتێربوورگ.

ـ چی! وا تا شەڕ بەرپابون؟ مەحاڵە سەیری بەوبوم کەن پیران. هێشتا نەگەیشتووە.

ـ بەسەیری مەزانە، لەوانەیە ئەوەی پانتڵای دەیلێ ڕوویدات، بەڵام پەیوەندی بەروبوم چیە بە جەنگەوە؟ خۆ جۆ ئاژاوە بەرپا ناکا بەڵکو ئەوانەن کەپێیان دەڵێن "قوتابیان"، ئەوانەن کە پشێوی ئاژاوە دروست دەکەن.

ـ تەنانەت ئەگەر جەنگیش بەرپابو لەگەڵ. .ئێمە لێرە دواکەسین بیبیستین. بەهەر حاڵ هیچ هۆیەك لەئارادا نیە کە نەمساییەکان لەسەری شەڕمان لەگەڵدا بکەن.

ـ ڕەنگە شەڕ لەگەڵ تورکدا بەرپابێ بەهۆی دەریاوە، ئەوان لەگەڵ تساردا ناکۆکن لەسەر دابەشکردنی.

ـ سەیرە! تسارو حکومەتی تورك ناتوانن دەریایەك بەش کەن! دەبوایە ئاوا بەشیان کردایە وەکو چۆن ئێمە زەوی دەکەینە دوو پارچەوە..ئا بەم جۆرە.

هەواکەی بەباڵی کردە دوکەرتەوەو پاشان درێژەی پێداو وتی:

ـ نیوەی بۆ تورکو نیوەکەی دی بۆ تسر، کێشەکە بڕایەوە.

هەموو ئەو پیرانەی کە بەشدارییان کرد لەچارەسەرکردنی کێشەکەدا، دەستیان کردە پێکەنین بە هاودەمەکەیان، پاشان باسەکە بوو بەو گەڕە لاوژەیەی کەپیران بەپیشە حەزیان لێیە.

لەکاتێکدا کەپیرانی تاتارسك یادگاری سەیرو سەمەرەی شەڕی ئەم دواییەی نێوان ڕووس‌و تورکیان دەگێڕایەوە، دەسەڵاتداران لەپایتەخت‌و شارۆچکەکاندا وەخۆکەوتبون بۆ ڕاوەدوونانی ئەوانەی کەبەمایەی پشێوی‌و ئاژاوەیان دادەنان، ڕۆژێکیان سەرۆکی پۆلیسی ناوچەکە هاتە گوندی تاتارسك لەگەڵ ئەفسەرێکدا کەبەرگێکی لەبەردابوو دێهتیەکان لەمەوپێش شتی وایان نەدیبوو.. دەستبەجێ ئەتمانی گوندی بانگ کردو ئەمجار هەموو ڕاستەوخۆ چوون بۆ ماڵی لۆکیشکای خێڵ، کە گەیشتنە ئەوێ سەرۆکی پۆلیس لەئەتمانی گوندی پرسی:

ــ ستۆکمان لەماڵە؟

ــ بەڵێ، جەنابی، پشکنەر.

ــ بەچی دەژی؟

ــ وەرشەیەکی بچوکی هەیە کاری تێدا دەکا.

ئەفسەرە بەرگ سەیرەکە وتی:

ــ پەیوەندی کۆمەڵایەتی چۆنە، کەس دێ بۆ لای؟

ــ بەڵێ، دێن یاری کاغەز دەکەن.

ــ وەکو کێ؟

ــ چەند کرێکارێکی ئاشە مەکینەکە.

ــ ناوەکانیان؟

ــ قەپانچینەکە، داڤیدو چەند لاوێکی قەوزاقیش.

سەرۆکی پۆلیس بەئەتمانی وت:

ــ دوو یاساوڵ ببەو ئەو کەسانەی کە ناوت هێنان بیانگرە.

سەرۆکی پۆلیس‌و ئەفسەرەکە بەئەسپایی چوونە ماڵی ستۆکمانەوەو تەماشایان کرد تەختەدارێکی باریك دەبڕێتەوە:

ــ هەستە لەگەڵم، تۆ بەندکراویت.

ــ بۆچی. .خۆ من..

ــ دوو ژورت بەدەستەوەیە؟

ــ بەڵێ.

ــ دەیان خەینە بەرپشکنین.

ئەفسەرەکە کتێبێکی لەسەر مێزەکە بینی هەڵیگرت‌و ناونیشانەکەی خوێندەوە، پاشان وتی:

ــ کوانێ کلیلی ئەم جانتایەت؟

ــ بەڵام من دەمەوێ تێبگەم، هۆی ئەم هاتنە چیە؟

ژنەکەی ستۆکمان درزێکی خستە دەرگاکەوە بۆئەوەی میوانەکانی مێردەکەی ببینێ، پاشان دەرگاکەی پێوەداو چوو بۆ هۆدەی دووەم، ئەفسەرو بنوسەکەی شوێنی کەوتن بۆ ئەو ژورەو لەوێش کتێبێکی بینی هەڵیگرت‌و بە ستۆکمانی پرسی:

ــ ئەمە چییە؟

ــ ئەوەیە کە دەیبینی، کتێبە.

ـ زمانت نوسی مەکە، بەتەواوی وەڵامی پرسیارەکە بدەرەوە، دەیخوێنیتەوە؟
ـ ئەمە حەزو ئارەزووی منەو بەڕاستیش بابەتەکە چاکە؟
ـ چاکە. .چاکە. .ئەی کتێبەکانی دیکە لەم بابەتە لەکوێن؟
ـ ئێمە لەژورەکەداین.. ئەوەی هەمە لەبەردەمتانە.
ـ درۆ دەکەی، من داوای هەڵسوکەوتێکی بەڕەوشت دەکەم.
ـ وش. .ش. . بێدەنگبە. . ماڵەکە بپکنن.
پشکنین تەواوبوو، ستۆکمان درایە بەر بۆ نوسینگەی کارگێڕیو ئەوانی دیکەش هێنران بۆ ئەوێ: داڤیدو نەگریسو ئیڤانو میشا کۆشیڤۆی. لیکۆڵینەوە دەستی پێکرد لەگەڵ بانگکراواندا هەریەکەو بەتەنیان، کاتێ لێکۆڵەرەوە لێی بوەوە، داوای ستۆکمان کرا کەبە ئەنقەست لێکۆڵینەوەی ئەوی دواخستبوو.
کابرای ئەفسەر خەریکی گەڕان بوو لەفایلی کاغەزەکانیدا لێی پرسی:
ـ گوێت لێ بێ، لەمەوپێش لێپرسینەوەم لەگەڵدا کردی سەبارەت بەو ئاژاوەیەی لەئاشەکەدا ڕویدا، بۆچی نکولیت لەوەکرد کە تۆ ئەندامی لەپارتی کرێکارانی سۆشیالیستی دیموکراتی ڕوسیادا؟
ستۆکمان وەڵامی نەدایەوە، بەبێباکانەو هەندێ بێز لێکردنیشەوە سەیرێکی ئەفسەرەکەی کرد وبەجۆرێکی وا کە وروژاندی بەتەوسەوەو قیڕاندی بەسەریدا:
ـ نکوڵی نەکەی ئێستا، ئەمە لای ئێمەوە سەلمێندراوە.. سزای ئەم کردارەت دەبینی.
ـ تکام وایە دەست کەیتە لیکۆڵینەوە.
ستۆکمان بەزمانی یەکێکی بێزاری چاوەڕێی کردوو ئەمەی وت، پاشان داوای ڕوخسەتی کرد بۆ دانیشتن لەسەر تەختێك لەوێدابوو، بەڵام کە ئەفسەرەکە ڕوخسەتی نەدا، ئەو خۆی چوو دانیشتو ئەفسەرەکەش بەچاوی ڕقەوە سەیری دەکرد.
ـ کەی هاتوی بۆ تاتارسك؟
ـ ساڵێك دەبێ.
ـ بەفەرمانی پارتیەکەتان؟
ـ فەرمانی کەس لەگۆڕێدا نیە.
ـ کەی چوویتە ڕیزی پارتیەکەوە؟
ـ ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟
ـ لێت دەپرسم کەی چوویتە ڕیزی پارتیەکەتەوە، گوێت لێنەبوو، یان ناتەوێ گوێت لێ بێ؟
ـ وابزانم کە. .
ـ من نامەوێ چی بزانی. .دەمەوێ، کەی؟
ـ 1907.
ـ کە لەتاتارسك بووی پەیوەندیت بەڕێکخراوەکەتەوە کردووە؟ ئایا دەزانن کە تۆ لێرەی؟
ـ پەیوەندیم نەکردووە، بەڵام وا بزانم دەزانن لێرەم.
ـ پەویەندیت نەکردووە! ئەی ئەم نامەیە کەلەکاتی پشکنیندا دۆزیمانەوە؟

ـ ئەمە لەبرادەرێکەوەیە، برادەرێکی ئاسایی پەیوەندی بەهیچ شتێکەوە نیە، بیخوێننەوە:

ـ باشە، دەیخوێنینەوە، باشە بۆچی کرێکارانی ئاشەکە هاتوچۆی ماڵی تۆیان دەکرد؟

ـ بۆ ئەوەی کات بەسەر بەرنو یاری کاغەز بکەین. .

ـ وە کتێبی قەدەغەش بخوێننەوە؟

ـ نەخێر، ئەوان نەخوێندەوارن.

ـ هەندێکیان نکولیان لەم ڕاستییە نەکردووە.

ـ ئەمە ڕاست نیە.

نەرمیو ڕووگەشی یەك دەرکەوت لەدەموچاوی ئەفسەرەکەدا ویستی بەشێوەیەکی ئاسایی دەریخات، شێوە قسەکردنەکەی پێشووی گۆڕیو بەشێوەی دۆستێکی دڵسۆزو ئامۆژگاری کەر وتی:

ـ گوێت لێ بێ کاکە، من ناتناسم و حەزیش ناکەم ئازارت دەم، بەڵام وا دەردەکەوێ تۆ بەرژەوەندی خۆت نازانی، پێ لێنان ڕزگارت دەکا، بەڵام نکوولی کردن زەروزیانت پێ دەگەیەنێو ئێمە دەمانەوێ واز لەمەوپێش بێنین، بەڵام حەزیش دەکەین لەناختدا ڕیشەکێشی دەکەینو ئەمەش نابێ تاوەکو هاوکاریمان لەگەڵ نەکەیو سەرەتا پێ لەڕاستی نەنێی. ئەمەیان بەلای کەمەوە، ئەگینا چۆن دەتەوێ من یارمەتیت بدەم، بڵێ هاتووی بۆ تاتارسك لەسەر فەرمانی پارتیەکەت، بۆ ئەوەی چالاکیەکانت لەم گوندەدا ڕاپەڕێنی، ئیتر بۆ دەتەوێ نکوولی بکەی. دەتەوێ ستۆکمان تێگەیشت کەئ ەم ئەفسەرە هێشتا منالێ لەکاروباری لێکۆلچینەوەدا، دەیەوێ بەشێوەیەکی کاڵو کرچ پەردە لەسەر لاچوو یاری بەئەقلێ بکا، بزەیەك گرتی، پاشان جگەرەکی داگیرساندو وتی:

ـ ڕێگەی جگەرەکێشانم دەدەی؟ سوپاس.

ئەفسەرەکە وتی:

ـ باشە ئەم کتێبە زەردەت خوێندوەتەوە بۆ کرێکارەکان؟

ـ ئێمە شیعرمان دەخوێندەوە.

ستۆکمان دوکەڵی جگەرەی کەمێ لەولاو لای دەموچاوی ئەفسەکەوە بەبادا.

بۆ بەیانی ڕۆژی ئایندە گالیسکەیەکی ڕەسمی ستۆکمانی لەنێوان دوو یاساوڵی قەوزاقی چەکداردا هەڵگرتبوو بە شەقامە سەرەکیەکەی تاتارسکدا تێدەپەڕی بەرەو شارۆچکەکە، لەبەردەرگای ماڵێکدا لەوپەڕی دێوە ئافرەتێکی بچکۆلانە ڕاوەستابوو، کە گالیسکەکەی بینی کەوتە سینگ کوتانو هاواری کرد.

ـ ئۆسیپ! دلڤیدۆڤیچ.

ستۆکمان ویستی هەڵسێتو دەستی بەرکاتەوە، یاساوڵەکە گرتیو وتی:

ـ نەجوڵێی، بجوڵێیتەوە پارچە پارچە دەکەم.

یاساوڵەکەی دیکەش بەسەرسامییەوە هەر لەستۆکمان ورد دەبوەوە، پیاوێکی ئاساییەو بەرەنگاری حکومەتی تسار دەبێتەوە!.

وێنەی وێستگەو ساردو سڕەکانو ئەو خانووانەی جێگای سەرسوڕمان بوون، بەرچاوی گریگۆری دەکەوێت لە یەکێ لە فارگۆنەکانی سەربازاندا لەنێوان مانکۆڤۆو شارۆچکەی ڕادزیڤیلۆڤۆی بچوکدا.

بۆنو بەرامی شیاکەی تەڕ، هەناسەی ئەسپو کەرەسەو کەلوپەلی نوێ هەموو ئەمانە کونە لوتی گریگۆرییان دەتەوساندەوە، لەکاتێکدا کە دانیشتبوو سەرەکوتەی بوو لەبەر تەقو تۆقی پێچکەکانی شەمەندەفەەرکە لەوێستگەکەدا کەبەسەربازگیراوە نوێکان سەرکەوتن، گریگۆری هەندێ ئەفسەرو سەربازی بینی. . بەڵام زۆر جیاواز بوون لەو قەوزاقانەی ئەو دەیناسین،ئ ەمانە ڕیش تاشراوو سپی بوون وەکو ئافرەت، بەڵام قەوزاقەکانی ئەو ڕەشکەلەو سوربوون،ئەمانە بەشێوە زمانێك گرنگە گرنگیان بوو کە کریگۆری بە بیستنی ڕانەهاتبوو لەتاتارسکدا. ئەوساکە دڵنیابوو کەلەجیهانێکدایە بە ئەو نامۆیە.

ئەسپەکان ڕیزکرانو ئیەك دەهات، دەستە دابەشی کردن بەپێی ڕەنگەکانیان ئەسپی ڕەش بەلایەك بەلایەك، ئەسپەکەی گریگۆری ڕەشکەلەو ئاڵتونی بوو، لەبەرئەوە کەوتە دەستەی چوارەمەوەن لەڕەش بەختی یاخود خۆش بەختی گریگۆریدا ئەو رئیس عرفایەی ئەو دەستەیە پێ سپێررا دووچاوی هەڵاوساوی پێوەبوو، حەزی بە لاقرتێ کردن دەکرد، هەموو گیانی بریتیبوو لە گومڕاییو لەخۆڕازیبون.

ئەوەندە پیسو بەو ڕادەیەی کەخزمەتی عەسکەری دەدا بەخاوەنەکەی لەئاکارو ڕەفتاری لەگەڵ خەڵکی دیکەدا، ئەو عەریفە لە گریگۆری هاتە پێشو لێی پرسی:

ـ خەڵکی چ شوێنێکی؟

ـ ڤیشنسکایا.

ـ ئێ. .. کەواتە تۆ کلك بڕاوی!

ئەمەش نازناوێکی ناوو ناتۆرە لێنانی خەڵکی ڤیسنسکایا یە لەسوپاداو قەوزاقی شوێنەکانی دیکە هەر کە ئەم سوکایەتی پێکردنە ڕاستەوخۆیەیان گوێ لێ بوو دەستیان کردە پێکەنین. ئەم گاڵتەیە کارێکی خراپی کردە دڵو دەروونی گریگۆری، بەڵام چار چیەو چی بکات؟ لەسەریە بەبێ دەنگی بۆی قووت چێ. گریگۆریش هەر وای کرد. وێستگە چوار ڤرێست لەشارۆچکەکەوە دووربوو، دەستەی چوارەم بەرێگە چەوڕێژەکەدا بەرەو ڕووی رۆیشتن. لەبەرئەوەی ئەسپی دۆن ڕانەهاتبوو بەرۆیشتن لەو ڕێگایانەدا، یەکەمجار رێكوپێکی دەستەکە تێکچووو ئەسپەکان کەوتنە پرمە پرم بەهۆی ئەوەوە، بەڵام زۆری نەخایاند ڕێگەیان لەژێر پێدا نەرم بوو و بەچالاکیەوە کەوتنە قەڵەمبازو کوتان.

قەوزاقێکی لاو لەرەئیس عرفاکەی پرسی:

ـ ئەمە چی گوندێکە، مامە؟

ـ ئێستا تۆ لەناوچەی دۆن دا نیت، ئەو گوندانەی لەوێ شارەزایی لەبیر خۆتی بەرەوە.

ـ ناوی چییە، مامە؟

ـ من مامەتم! بەخوا جوانە.لەکەیەوە! ئەمە شازادە یورسۆڤایەو بارەگای خۆشمانە.

گریگۆرىو سەسەربازگیراوەکانی قوزاق لە دێبەرەکەی شازادە یۆرسۆڤدا جێگیربون، لێرە ژیانی سەربازی ناڕەحەتیو وەڕسی هەڵدەهێنجا، هیچ مانۆڕو جموجوڵێکی ڕاستەقینەیەك نەبوو، پێویست بوو لەسەر قەوزاق مەشق بکەنو ئاگاداری ئەسپەکانیان بکەن، بەپێی دەستورێکی سەربازی توندوتۆڵ کە هەموو کۆتو پێوەندبوو بەسەری ڕانەهاتبون نە لەو دەشتە پانو بەرینەداو نەلە لێواری دۆنی سەرفرازی با ئاسادا.

بەیانی  زوو لەخەو هەڵدەستێنران، لەماوەیەکی کورتدا نان خواردنی بەیانیدا هەڵدەپروکاندو ئالیکیان دەدایە ئەسپەکانیان، پاشان قاشاو تابور دەستی پێدەکرد، ئا بەم شێوەیە ژیان لەو دێبەریەدا دەڕۆیشت، لەبەرئەوە تاسەو سۆزێکی هێجگار لەدڵی قەوزاقدا بوژایەوە بۆ گوندەکانیان لەدەشتی دۆندا، تەنانەت گریگۆریش کەبەسەرچڵ دانانرێ، شەوێکیان وا بەخەیاڵدا هات بڕواتە تەویلەوەو سواری ئەسپەکەی بێتو بۆی دەرچێ بۆ لای کەس‌وکاری، بەڵام هاوڕێکانی دیکەی ئەمە قسەو باسیان بوو:

ـ ئۆف. .لەم ژیانە دۆزەخە!

ـ ئەی ئەو بەرازە... تەنانەت سمی ئەسپەکانیشمان پێ دەشوا!

ـ ئای. .خۆزگە دەمزانی ژنەکەم ئێستا چی دەڵێ؟

ـ ژنەکەت خۆی لەباوکت هەڵدەسوێ..ئەوا لەماڵنەبونت درێژەی کێشاوە...و..

ـ گوێ ڕاگرن، من بیگۆز زۆر کۆڤمم، ئێوە دەمناسن..ئەم حەکایەتەتان بۆ دەگێڕمەوە:

"پیرەمێردێکی نەحلەتی هەبوو هەر شوێنی بووکەکەی دەکەوت، بەڵام کوڕەکەی بەردەوام ڕێگەی لێ دەگرت، پیرە چی بکا؟ دەبێ فێڵو تەڵەکە بەکاربێنێ،  شەوێکیان دەرچوە حەوشەکەو دەرگاکەی کردەوەو مەڕو ماڵاتەکەی دەرکرە سەر شەقامەکە، ئەمجار بانگی لە کوڕەکەی کرد: ( هەستە، مەڕەکان ڕایان کرد.. خێراکە بیانگێڕەوە)، بەم کارە پیرە نیازی بوو کەیفو هەوەسبازی خۆی ەلگەڵ ژنەدا بەجێ بێنێ، لەکاتێکدا کوڕەکەی لەدووی مەڕەکان دەگەڕێ..بەڵام کوڕە بە ژنەکەی خۆی وت: هەستە تۆ بیگێڕەوە، خۆشی لەجێگە نوستنەکەدا مایەوە بەڕاکشاوی، پیرەش بە گاگۆڵکێ لەسەر هەرچوار پەلی خۆی خزاندە لای جێگەکەوە، کە پێی نزیك بووەوە سەری بەرزکردەوە، کوڕە کێشای بە کاپۆڵیدا بە کوتەکێکی قورس کەلەتەنیشت جێگەکەیەوە هەڵیگرت، کە لێ یدا هاواری کرد: دورکەوەرەوە،  نەفرەتت لێ بێ،  چمکی پەتوەکەم مەجوو. چونکە گوێەرکەیەکیان هەبوو هەردەم چمکی پەتووی دەجووی.

پیرە کەسەری شکا بەلێدانەکە، هیچ ئاهێکی هەڵنەکێشا..بەڵکو (سوك‌وباریك)بەگاگۆڵکێ گەڕایەوە شوێنەکەی خۆیو لەوێوە وتی:

ـ ئیڤان، ئەوە لەچیتدا؟

ـ ئەو گوێرەکە نەحلەتیە بوو.

ئەمیش دەستێکی دا لەسەرە قڵیشاوەکەیو وتی:

ـ ئای چ جوتیارێکی سەرکەوتوو دەبیت ئەگەر بەم جۆرە لەئاژەڵو پاتاڵ بدەی.

مەشق پێکردنەکانی قەوزاق بێ ڕوداوی دڵتەزێن نەبوو، ئا ئەوە برۆخۆریکۆڤە لێدانی قامچیەیەکی بەتوندی (رئیس عرفا)ی بەردەمو چاو دەکەوێ چونکە ئەسپەکەی لەقەی داوە لەئەسپی (رئیس)، ئا ئەوە گریگۆریشە دۆلکەیەك دەخاتە بیرەکەوە، رئیس عرفا هەڕەشەی لێ دەکات، ئەویش ئەم سووکایەتی پێکردنەی پێ هەڵناگیرێو دەڵێ:

ـ نەکەی لێم بدەی. . ئەگینا دەتکوژم.. خۆت تووشی سەرێشە مەکە لەگەڵ مندا.

رئیس عرفا ڕقی هەڵدەگرێو دەیەوێ لەوەو پاش تۆڵەی لێبکاتەوە.

کەواتە، ژیانی وەستاو ڕەتاندنی بێ وچان لە دێبەرەکەی شازادە یۆرساڤادا بەتوندی قەوزاقیان دەهاڕی، لەم کەس نەبوو بتوانێ باری هەستی کردن بەم نامۆییو وەڕسیەی ئەو لاوانە سوك بکاتەوە.

ئێره کەسی تێدا نەبوو جگە لەبریکاری موڵکەکانی شازادە نەبێ، کە ورگێکی شۆڕی بە ئاوبەن تووشی بووی پێوەبوو، لەگەڵ ژنە پیرە پشت کوڕەکەی‌و کچێکی پوڵەندی کە کارەکەریان بوو، ڤرانیای کارەکەر زۆر جار دەچوو بۆ چێشتخانەی سەربازان بۆ ئەم پێویستی یاخود ئەوی دیکە. ئەو دەمە بەلای حەزیرەی دەستە ڕیزبوەکانی مەشقکردندا تێدەپەڕی،ئ یدی بەجارێ شەش سەد چاوی قەوزاقی، کە ئەوەندەیان نەدەما ماڵە پێڵووەکانیانەوە دەرپەڕن، دەیان ڕوانیەیە چرچو لۆچەکانی تەنورەکەی ڤرانیا. قسەوباس زۆر دەکرا لەمەڕ ڤرانیا ملەخڕەکانی، بەڵام وەکو دەوترا تەنیا فەرماندەی سریە خۆی پێ گەرم کردبوەوە.

ڕۆژێکیان ماینێك کەوتبوە نێو ئەسپەکانەوە، تەویلەکە شڵەژا، ئۆمامایس‌و بکەوێتە نێو نێرە ئەسپەوەئەو ڕژە نۆبەی گریگۆری بوو ئاگای لەتەویلەخانە بێت، چووە ژورەوە تاوەکو ئەسپەکان هێمن کاتەوە.بەڵام ەر کەچوە ژورەوە دەرگاکەی لەسەر داخراو کەوتە تاریکی‌یەکی ئەنگوستەچاوەوە، زڵەزڵ‌و هاوارێکی خنکاوی هاتەگوێ، هەستی کرد لەسوچەکەی ئەوپەڕی تەویلەکەوە جموجوڵێك هەیە، چاوەکانی ریشکەوپێشکەیان کردو وەستاو چی ببێت باشە:

ـ خێراکەن، کوڕینە

گریگۆری هاواری کرد:

ـ ئەوەکێیە لەوێ؟

دەنگی عەریفەکە هات:

ـ ئەمە تۆی میلیخۆڤ..ئێمەین خۆمانین.

چاوەکانی گریگۆری ڕاهاتن بەتاریکی‌و ڕای کرد بەرەو دەنگەکە تەماشای کرد زارکۆڤ قۆبچەی پانتۆڵەکەی دادەخا.

ـ ئەوە چیتە. .چی دەکەی لێرەدا؟

ـ خێراکە..ڤرانیسا لێرەیە، ئەو خۆش‌وبەتامە.

ـ گریگۆری کەمێ چوە پێشەوە سەیری کرد ڤرانیا ڕاکشاوە لەسەر ئەرزەکەو قەوزاقێك لەسەری هەڵسایەوەو دەستی کردە قۆپچەدانی پانتۆڵەکە. کچە بێهۆش کەوتبوو هەردوو لاقی وەکو مەقەسێکی کراوە بڵاوبوبوەوە، لەگەڵ ئەمەشدا قەوزاق پارێزگاری دەکرد لێرەدا، ئەوان کردبویانە نۆرەو رابواردن بۆ هەمووان بوو.

گریگۆری بێزی لەم جانەوەرێتی‌یە هاتەوەو درِنی بەرِێگەکەی دا بەەرو دەرگاکەو دەیقیڕاند:

(رەئیس عورەفا))بەڵام قەوزاقێك گرتی‌و دەستی خستە سەردەمی‌و ڕایکێشایە ژورەوە، لەوێ دایان ناو هەردوو چاویان بەستەوە، پاشان دەست‌وپێیان بەستەوەو تووڕیان دایە ئاخوڕێکی ئەسپەکانەوە، ئەمجار کەوتنە سەرەگرتن بۆ ڤرانیا، کە یەکێك هەڵدەسایەوە ئەوی دوایی دادەنیشتەسەری.

کاتێ گریگۆری بەردرا کەسی لەتەویلەکەدا نەبینی، دەرچوە دەرەوەو لای دەرگاکەوە رەئیس عورەفاکەو دووقەوزاق لەدەستەیەکی دیکە وەستابون. رەئیس عورەفا چاوی لێداگرتو پێی وت:

ـ ئاگات لێ بێ یەك وشەت لە زار نەیەتە دەر.. ئەو حەلە تۆ زیان دەکەی.

پاشان دوو قەوزاقەکە چونە ژورەوە، جل‌وبەرگەکانی ڤرانیایان کۆکردەوەو دایان بەسەریداو هەریەکەیان لەلایەکەوە هەڵیاندەگرت‌و سەریان خستە سەر ئاوخوڕێك کە تاقێکی کراوەیی لەلاوەبووو تۆپەڵە گۆشتی ساردو سڕیان فرێ دایە ناو باخەکەوە، کچە ماوەیەکی زۆر بەسەر بەفرەکەوە بەڕاکشاوی مایەوە، دواجار هاتەوە هۆشی خۆیدا، لەبێ هێزیدا کەوتە تەسکەخشێ بەسەر هەردوو ئەژنۆیدا..

پاشان بەلەتر بردن هەڵساو بەگەڵە گەڵ ڕۆیشت دوورکەوتەوەو سەیری ئەو قەوزاقانەی دەکرد کە دەیانڕوانیە ئەو دۆخە، سەیرکردنێکی جانەوەرانەی پڕ لەڕقو دژایەتی.

لەکاتێکدا گریگۆری ژیانی هەر ئێشو ئازاربوو لە دێبەەرکەی شازادەیۆرسوڤادا لەوڵاتی پۆڵەندە، ناتتالیا ئارەقی دەچۆڕا لەتاوی گەرمیی دەشتەکەی نزیك بەدۆندا، چونکە وەرزی دروێنە هاتبوو، تاتارسك سەرلەبەری وروژا بوو بۆ کۆکردنەوەی بەروبومی زەوی پڕ لە پیتو بەرەکەت.

پانتلای لەوێ بوو بەکراسی تەنکی لەسەر سنگ هەڵدڕاویەوە کە توکێکی چڕی زبری لێوە دەردەکەوتو ئارەق جۆگەلەی زۆری تێدا دەبەست، هەروەها دۆنیای نەشمیلانەش لەوێ بوو لەگەڵ دەریادا کە جووتە مەمکی قوتی نوساندبوو بەکراسەکەیەوەو هەردوو گۆکەی بەشێوەیەکی یاخی بووانە دەرپەڕیبوون، تەنانەت تەنورەکەش لەئارەقدا نووسابو بەنێوان هەردوو زیپکەی قنگیەوە، لەملاشەوە پێوتەر ئەو بەیانیە نیو دۆلکە ئاوی خواردبوەوەو توشی وشك بوونو ئارەق کردنێکی زۆربوەوە.

هەموو درەویان دەکرد، ئارەق دەڕژایە دووچاوە پڕو ناتالیا، هەروەها دەرژایە سەر پەڵە سورەکەی شوێنی ئەو دەمەداسەی کە ویستی خۆی پێ بکوژێ ڕۆژێ لەڕۆژان. دەریا وتی:

ـ ئێستا ئیدی بەسە درەوکردن وا من خەریکم بخنکێم، پێوتەر، گۆمەکە لێرەوە دورنیە، دەمەوێ خۆم فرێدەمە ئاوەڕۆکەوە.

ـ دور نیە سێ ڤرێستی تەواو لێرەوە دوورە.

ـ کەواتە سواری وواڵخەکان دبین.

پێوتەر وڵاخەکانی بەرداو یارمەتی ناتالیای دا بۆ سواربون، بەڵام دەریا بازیدایە سەر پشتی ماینەکەو تەنورەکەی هەڵکرد بۆ سەر ڕووی ئەژنۆی ماینەی دا لەچەشنی هەموو قەوزاقێك کە پێوتەر دەریای بینی بەسەر ماینەکەوە وەکو تیر بۆی دەرچووە، بانگی کرد:

ـ ماینەکە مەوژە.. لاقت داپۆشە، ئەگینا هەردوو ڕانت ڕەش دەبنەوە.. کەوتە پێکەنین لەدوور، تەپو تۆزێکی دەبینی لەڕێگەکەدا بەرزەبوەوە، کاتێ کە لێی وردبوەوە بۆی دەرکەوت سوارێکە وەکو با ئەسپەکەی دەفڕێنێ، وەختێ ئەسپ سوار لێیان نزیك بوەوە پێوتەر تەماشای کرد، ئاڵایەکی سوری هەڵگرتوە ، بانگی لیچکرد: (هۆ برا، هەواڵ چییە؟)وەڵامەکەی یەك وشە بوو:

ـ وە خۆ کەوتن.

پێوتەر چاوێکی گێڕا بە دەوروپشتی خۆید، سەیری کر قەوزاق لەهەموو لایەکی دەشتەکەوە ڕادەکەن، هەریەکە ئەسپو ماینی خۆی تاو دەدا بەەرو گوند، ئەمیش جڵەوی ئەسپەکەی ڕاکشاو هەڵیچەرخاندەوەو چوە پاڵ ڕاکردوەکانو گەردەلول تۆزێکی دیکە چوە سەر گەردەلولی تەپوتۆزی زۆر.

کە پێوتەر گەیشتەوە گوند ئەفسەرێکی سوپای بینی لە گۆڕەپانی پاڵ کڵێسەکەدا وەستاوەو ئەندامانی کەتیبەکەی ئەتمان لەبەردەمیدا ڕیزبوون بەشەبقە شینەکانیانەوەن، ئەفسەرەکە ماتوخەمناك بوو وڕاوەستابوو چاوەڕێی ئەندامانی داواکراوی دیکەی دەکرد. لەدەرگای حەوشەی کڵێسەکەوە قەوزاقێك بەپێکەنین دەرچووە دەرەوەو خەریك بو قۆبچەی پانتۆڵە کۆنەکەی دادەخست، ژنێکیش بەدوایەوە دەیقیژاندە سەریا:

ـ دەیبینی.. بەو خوایە سزای ڕۆیشتنت لەگەڵ ئەو ژنە هیچوپوچەدا دەبینی.

ـ لێم دوورکەرەوە ماشکا.

ـ دوورکەومەوە هەی جانەوەر، هەی مێباز.

هیچ کەس لەڕیزبوەکان گوێی نەدا بە ژنەو مێردەکەی. . ئەوان هەموویان ئەوەندە مێشکیان جەنجاڵ بوو کەهەر بەلای حەوشەی کلێسەو ژنەی سەرخۆشیشدا نەدەچون. ڕەئیس عورەفای کەتیبەی ئەتمان وتی:

ـ ئەمە خۆ کۆکردنەوەیە بۆ چەند ڕۆژێك، پاشان دەگەڕێینەوە ماڵی خۆمان سەرلەنوێ.

ـ ئەی ئەگەر شەڕ بەپابوو؟

ـ بەرپا نابێ، هیچ هێزێك هەیە لەبەردەممماندا خۆی ڕگرێ

ـ هەراوزەنا کەوتە نێو پیاوانەوە:

ـ مانگاکان، مانگاکان، شارا دوراوەکان دەخۆن.

ـ باشە بیستوتانە؟ دەڵێن تساری نەمساییەکان کوژراوە؟

ـ تەنیا خۆ کۆکردنەوەیەکی کەم خایەنە.

ـ تۆ خەوت دەبینی، لەناوچوینو تەواو، ئەمە شەڕەشەڕ.

ـ ئێ. .بۆچی مەیخانەکەیان داخستوە؟ئەمە وەختی سەرخۆشییە. وەرە لەگەڵم بۆ لای مارڤۆنکا، لەوێ بۆشکەیەکی لێیە.

قەوزاقێکی سەۆخۆشیان هێناو خوێن لەهەدوولاکەلەکەیەوە ڕێی دەکرد، دەیقیراند:

ـ موجیك، موجیك، دەرزێکم داون لەبیریان نەچێتەوە، چۆن لەقەوزاقێك دەدەن.

خەڵکەکە پێکەنینو یەکێکیان وتی:

ـ چاکە، بێگومان دەرزێکی پڕ ئێشت داداون، ئا ئەوە خوێنەکانیانە بەلاکەلاوەکەوەتەوە..

دوای چوار ڕۆژ بارهەڵگری ئاسنین قەوزاقی تاتارسکی دەبرد بۆ جێگایەکی نەزانراو، لە بازاڕیشدا لێپرسراوەکان ئاگاداریەکیان هەڵواس کە پوختەی یەك وشەبوو: (جەنگ).

هەندێ پیرە لاوانی گوندی خۆیان دەبینی ئەسپەکانیان سەردەخەن بۆ بارهەڵگرەکانو پێوتەر دەخورێتە ئەسپەکەی بچێتە لای تاقمەئەسپەکەوە، لەکۆمەڵێکیان نزیك بونەوەو پیرێکیان وتی:

ـ ئۆغر دەکەن؟

ـ بەڵێ، بۆ جەنگ، وەرە لەگەڵمان باپیرە.

ـ کوڕی خۆم، من پیرم، ئێوە دەچن بۆ سەربڕین. .گای لیدەخوڕین بۆ قەسابخانە.

وشەی (جەنگ)ئەوپەڕی ترسو لەرزو شڵەژانی بەرپاکرد لە تاتارسکدا، لاوانی ڕەنجدەر کێلگەکانی گوند ڕەوانەکرانو پیرە پیاوو پیرە ژنەکان مانەوە بۆ بەرەو ڕووبونەوەی تەنگو چەڵەمە جۆراوجۆرەکانی ژیان لەو بارودۆخەدا: منالانی باوك ڕەوانەکراو، کیژۆلانی بەپەرۆشن بۆ دەزگیرانەکانیانو ژنانی برسی بەو پیاوانەی لێیان دورکەوتنەوە بۆ شوێنێك کەنازنن کوێیە، ئیدی دەبێ ئەم وشەیە چ وروژانێك پەیدا بکا لەناو دەستەکانی قەوزاقدا؟ بێگومان شێت دەبن.

دوای زنجیرەیەك لە مانۆڕی قورس کەلەحەفتەی چوارەمی حوزەیرانی ساڵی 1914دا تەواوبوو، سریەکەی گریگۆری لە گوندی ڤلادیسلاڤگکادا بەزی بۆئەوەی کەمێ بحەسێتەوە. سەربازان لە ئۆردوگاکەدا بڵاوەیان لێکرد بۆ بەجێ هێنانی

کاروباری تایبەتی خۆیان،ئەمیان گۆرەویەکی هەڵتەقاو دەدورێتەوەو ئەویان قۆبچەیەکی پچڕاوی پاڵتۆکەی پێودەنێ‌و یەکێکی دیکە لەڕووی کیسە توتنەکەی دەگەڕێ کەئەمرۆ ونی کردووە.

ـ پێم وایە سەرلەنوێ دەڕۆین، وا نیە عەریف؟

ـ ەوانەیە بڕۆین، فەرماندەی (لیوا)سەرمان لێدەدا.

دەنگی بۆقی‌یەك هاتەبەرگوێ، قەوزاق هەیە کەلەشوێنی خۆی ڕاپەڕی‌و بەتەنیشت ئەسپەکەیەوە وەستا دوای فەرماندان بەپێچانەوەیی خێوەتەکان‌و لەکاتێکدا گریگۆری دوا سنگەکانی هەڵدەکەند، عەریفەکە ورتەورتێکی لێوەهات:

ـ ئەمجارەیان شەڕە!

ـ گاڵتەی وا مەکە، خوانەکا..

ـ ئێستا کاتی گاڵتە نیە، ڕەئیس عورەفا ئەمەی پێ وتم.

دەنگی عەریفەکە بە دەستورێی سەربازییانە بەرزبووەوە:

ـ حەزیرەکان ڕیزێکی جووتە، درو‌و..وو..وو ست کەن.

سەربازان ڕیزبوون بۆ سریەکە گوێزرایەوە بۆ شوێنێك کە 35 ڤرێست لەسنووری نەمساوە دورە، دەستەکەی گریگۆری، چوارەم فەرمانی درایە پێشکەوێ بەرەو سنور، لەکاتی ڕێکردندا برۆخۆر زیکۆڤ بەدەم نزیکخستنەوەی ئەسپەکەیەوە لەئەسپەکەی گریۆگری، وتی:

ـ میلیخۆڤ!تۆ ناترسی؟

ـ نەخێر، پێویست بەترس ناکات.

ـ لەوانەیە، دەستەویەخە ببینیەوە لەگەڵ دوژمندا، ئێستا!

ـ جا چی‌یە!با دەستەو یەخەش ببینەوە.

ـ بەڵام من دەترسم، بەخوا بەدرێژایی ئەمشەو نەنوستووم، خوێن! کوشتن!مردن!

سریەکە بەردەوام پێش دەکەوت‌و ئەسپیش بەڕەوتی ڕێك‌وپێك دەڕۆیشت‌و نێزەی سوارەکانیش بەئیقاعێکی ڕێك‌وپێك دەلەرینەوە، ڕۆیشتن بەردەوام بو تاوەکو ئاسۆ سور هەڵگەڕا بەتاڵە زیڕینەکانی تیشکی ڕۆژ. گریگۆری بەدەنگی ئەسپەکان خەو بردبوویەوەو لەناکاو گرمەو ناڵەیەك بەئاگای هێنایەوە:

بۆردومانە بەتۆپی قورس.

سریەکە ڕاچڵەکی وەکو تەوژمێکی توندی کارەبا گرتبێتی، خێرا ڕاکردن لەفەرماندەکەیەوە دەرکرا، لەدورێیانێکدا لەوێ قەوزاق گالیسکەی پەناهەندەکانیان بینی بەدوای‌یەکدا قەتارەیەکی درێژیان بەستوە، ئەم گالیسکانە بەڕیتەوپیتە باکرابوون، فەرماندەی سریەکە بەڕق‌و قینەوە سەیرێکی کردن ورتەیەکی لێوەهات: (ئا ئەوانە ڕووسن گوندەکانیان چۆڵ دەکەن کە کەوتوونەتە سەر سنوور!).

پاشان سریەکە گەیشتە بەتەریەیەکی تۆپی مەیدان، پێچکەی یەکێ لەتۆپەکان تێکچوو بوو تۆپچیەکان خەریك بون چاکیان دەکردەوە، دوای ئەوە سریەکە بەلای کەتیبەیەکی سەربازانی پیادەدا گوزەری کرد، کەبەچوست‌و چالاکی ڕێیان دەکرد، سەربازێك وتی:

ـ قەوزاق، سلاومان ڕاگەیەنن بەنەمسایی‌یەکان، بەخێرهاتن‌و پێشوازییان لێبکەن‌و چاوێکی داخست.

گریگۆری وەڵامی دایەوە:

ـ ئەو هەلە بەرخۆشتان دەکەوێ بەخێراتنیان بکەن..

بەدرێژایی ڕێکردنی قەوزاق تێدەپەڕین بە(کەتیبەو سریەو فەسیلی)پیادەدا کە وەکو کرم پەرشو بڵاوبوبونەوە لەو ناوچەیەدا، بارهەڵگر بتەریەی تۆپو گالیسکەکانی خاچی سوریان کەوتبونە تەك، جلوبەرگەکانیان بۆنی نەبەردێکی هاکا بەرپابووی لێدەهات. نەچەکەکانی ئەوانو نەچەکی دوژمنەکانیشیان ژەنگی هەڵنەهێنابوو، سروشتی ئاسنیش بوونی داپاچینی گۆشتە، بەتایبەتیش گۆشتی ئادەمیزاد.

لەکاتێکدا کە سریەکەی گریگۆری دەچوە گوندێکەوە کالیدینی فەرماندەی کەتیبەکەشی گەیشتێ لەگەڵ یاوەرانی حەنگیدا کەیەکێکیان نارێك بوو لەگەڵ سەرهەنگ سەبارەت بەگوندێك کە نیشانە نەکراوە لەسەر ئەو نەخشەی حەنگەکە کەپێیەتی، بەڵام سەرهەنگ بەتوندی بێ دەنگی کرد، چونکە چەندوچونو بەرەنگاربونەوە بۆ سەرباز نابێت، ئەی ئیدی سەرهەنگ چۆن دەبێت!

کەتیبەکە هەمیشە خێرایی خۆی دەگۆڕێ لەم کاتانەدا، ئەو خێراییەیە لەدەشتدا وەکو گۆلکاوو نەبوو، لە نشێوی چەمەکەدا بەجۆرێکی دیکەبوو، کاتێ گەیشتە ناو شیوێك، ڕوانی خەڵکەکەی کەلوپەلیان دەپێچنەوە بۆ ڕۆیشتن، گریگۆری بینی خەڵکی گوندەکە بجارێ حەپەساون لەگەورەیی ئەم ڕوداوە:

ئا ئەوە سەربازێکە بنمیچی ماڵێك دەسوتێنێ، لەولاشەوە خاوەن ماڵی باڵابەرزی ڕیش پی گوێی پێنادات،ئ ەو هەر هەندێ شتی دەخستە گالیسکەکەیەوە بۆ ئەوەی سەری خۆی دەرکا. ئا ئەوە ژنانیشە کەلوپەلی بێ سود دەپێچنەوە وەکو چەرچەفو بەرگەپشتیو چنینو گرنگی نادەن بەبردنی دانەوێڵەو دەفروئامان بۆ نمونە، گریگۆری لەبەرخۆیەوە وتی: (ئەمە هیچوپوچی ژنان: مەترسی لەدەرگا دەداو ئەوان پەرۆشی دانتێلان تاوەکو نەدرێ!.

لەوپەڕی گوندەوە قەوزاق گەیشتن بەجوولەکەیەك بەەرو ڕوویان ڕایدەکرد، جوولەکەکە هاواری دەکرد:

ـ قەوزاقی، گەورەم قەوزاقی!

قەوزاقی بانگ کراویش سەری نزمکردەوە تا ئاستی ملی ئەسپەکەیو بەخێرایی بۆی دەرچوو چونکە گوێی لەفەرماندەی سریەکە بو تێخوڕی:

قەوزاقی، ڕاوەستە، تۆ لە چ کەتیبەیەکی؟

فەرماندە ئاوڕی دایە لای جولەکەکەوەو وتی:

ـ ئەوە چیتە، چی لێ سەندووی؟

ـ سەعاتەکەی بردم.

فەرماندەکە تۆزێ مۆن بوو.. پاشان سەیری جوولەکەکەی کرد، کە کەوتبوە کلکە ەقێ بۆی، پێی وت:

ـ بەهەرحاڵ خۆ ئەڵمان دەیان برد.

جوولەکەکە هەر لەبەردەمیدا وەستابوـ لەوانەبوو چاوەڕێی بژاردنی بێتــ فەرماندە تێی خوڕی:

ـ دورکەوەرەوە لەڕێگەکە، حزقیاڵ، دورکەوەرەوە.

کاتێ سەرابزەکان لەناوخۆیاندا باسی ئەوەیان دەکرد هەندێکیان وتیان:

ـ هیچی تێدا نیە دزی بکەین، ئێمە قەوزاقینو ئەویش جولەکەیە، لەوانەشە سەعاتەکەی لەسوودو سەلەمەوە دەست کەوتبێ.

لای نیوەڕۆ کەتیبەکە چووە سنووری نەمساوە لەدورەوە     دەهات کاتێ کەهەتاو بەڕاسەوە بوو لای ڕاستەوە تۆپەکانی دوژمن بێ نیشان کردن بۆردومانیان دەکرد.
ئەوکاتە فەرماندەی کەتیبە فرمانیدا بەدەرکدنی   هەواڵی زانین، کە ئەم چەرخەچیانە گەڕانەوە، کەتیبەکە چوە پێش بۆ جێگایەکی کە، مولازیم سیمیۆنۆڤ سەرکردایەتی دەورەیەکی هەواڵ زانینی کرد زۆربەی ئەندامانی قەوزاق بوون تاوەکو ڕوانیە سر گوندێکدا لەدوربینەکەوە وا دەردەکەوت چۆڵەو کەسی تێدانیە.
ەلوێ نەخشەیەکی شەڕی لەپشتێنەکەی دەرهێناو سەیری کرد، پاشان بەرەیس عورەفاکەی وت:
ـ وابزانم ئەمە گوندی کۆرۆلیڤکایە. بەدزە دەڕۆینە دەوروبەری‌و لەوانەشە بچینە گوندەکە خۆیەوە.
ـ ئێمە دەوریی هەواڵ زانینین مولازیم لەوانەیە سەرمان بەسەریاندا بتەقێتەوە لەوێ!
ـ هەوڵ دەدەین خۆمان لەوە بپارێزین.
دەورێکە چوە پێشەوە بۆ دەوروپشتی ئاوایی..پاشان چووە ناوەوەی ئەندامەکانی بەجادەکاندا گەڕان.
کەس لەوێ نەبوو: شەقامەکان چۆڵ بوون، ماڵەکان دەرگایان خرابوە سەرپشت، گوند کپ‌و خامۆش بوو دەتوت خۆلچی مردووی بەسەردا بێژراوەتەوە، لەپەنجەرەیەکی کراوەوە شوێنەوارێکی ژیان لە ئاواییدا دەرکەوت، سەعاتێك لێی دەداو هێشتا بەندۆڵەکەی هەر هاتوچۆی دەکرد.
ئای لەو نەخشە دڵتەنگیەی قەوزاقی داگرت کاتێ کە خۆیان دەبینی لەدەوروبەرێکدا ژیانی پێ گوشرابوو!
بەڵام بەهەرحاڵ ئەوان سەربازن، کە مەشقکدنیان تەواو دەبوو ئەمجار ڕیزبون‌و چای نەدەدان بۆ ئەوەی هەستی تاکێتی‌و مەترسییان بمرێت. قوڵترین بیرەکانیان پەرش‌و بڵاودەبوەوە بەئاسماندا بەتەنیا یەك وشەی فەرماندە کەلەزاری هاتەدەر بەهەر حاڵ ئەمەیە یاساو ڕێ‌و ڕەسمی سەربازی.
سەرکردەی دەورێ وشەکەی لەزارهاتەدەر، وتی: بەوپەڕی گوند، ئەسپی لەئارەقدا شڵپەهاتوو بەرەو ئەوێ کۆتایی بەسوارەکانیەوە کە خەریك بوو لەتینواندا بخنکێن، گریگۆری بەلای گۆلکاوێکی لێلدا تێپەڕی کەئاوەکەی ڕەش‌و بۆگەن بوو، لەگەڵ ئەوەشدا خۆزگەی دەخواست لێوی تەڕکات، بەڵام فەرمانی ڕێکردن ڕەپ‌و ڕەوان بوو، ئاوەکە هەر بەخەون لەدەرونی گریگۆریدا مایەوە.
بەسەر تەپۆلکەیەکەوە لەپەڕی ئەوپەڕی گوندەوە مولازمەکە ڕاوەستابوو دوور سەیری دەکرد ب ۆگوندەکەی بەرانبەر، پاشان بەپەنجە ئیشارەتی کردو وتی:
ـ ها ئەوە ئەوانن، جلی بۆریان لەبەردایەو لەشەقامەکاندا ڕادەکەن، برۆ خۆر لێیان وردبوەوە وتی:
ـ چەند زۆرن!
لەو کاتەدا مولازیم هەندێ تێبینی لەدەفتەرێکی بچوکدا نوسی، پاشان پارچە کاغەزێکی لێکردەوە، بانگی گریگۆری کرد بیگەیەنێ بەفەرماندەی کەتیبە، گریگۆری پەڕیەوە سە ئەسپەکەی‌و پێی پێوەناو جڵەوی بۆ شل کرد، تاوەکو گەیشتە گوندی کۆرۆلیۆڤکاو لەوێ ب کەتیبە گەیشت‌و نامەکەی مولازیمی داب ە فەرماندەی کەتیبەو وەستا چاوەڕێی فەرمان بو بەڕۆیشتن. لەچاوەڕێکردندا گریگۆری سریەی چوارەمی بینی وەکو دەمی شانە دیتە کۆرۆلیۆڤکاوەو پاشان لە کێڵگە سارایینەکانی پشتیدا بڵاوە دەکەن، مولازیم سیمیۆنۆڤی سەرکردەی دەورێکی گەیشت‌و سەربازەکانی چونە پاڵ سریەکە کە خڕبونەوە تەواوبوو، فەرماندەی سریە هاتەپێش هەمووان‌و شمشێرەکەی هەڵکێشاو دەستوری چونەپێشەوەی پێ دەرکرد: (بەنیزە، شیری هەڵکێشراوەوە، بۆ هیرش بردن، پێشکەوە).

قەوزاق بۆی دەرچون..زەوی هاتە نکەنك لەژێرپێدا و لە لێشاوێکی بەیەکداچوونی ئەسپدا، ئەسپی گریگۆری لەسەرداهاتو سوارەکەی نەیتوانی بیگرێتەوە.

گیزەی گوللە دەهات، ڕەشاشێکی نەمسایی کەوتە دەستڕێژ کردنو گوللەکانی دەچووە کەشکەلانی ئاسماندا، پاشان نزمدەبوەوە، دەکەوتە تەپوتۆزکردن لەبەردەمی قەوزاقو لەنێوان سمی ئەسپەکانیاندا، ئیدی ئەوکاتە گریگۆری بەغەریزە تێگەیشت، نەك بەبەکارهێنانی بیر، کە مردن دانەکانی ڕیچ کردوەتەو، لەوانەیە بەم زووانە ببێتە میوانی، لەبەرئەوە ئەو ئامێرەی خوێن هەڵدەدا بۆ بەشی وەستاو بوو بەبەردو دەمارەکانی بەتەواوی پەکیان کەوت ئەو دەمارانە نەبێت کە ئازاری دەگەیاند.

گریگۆری ئێستا ورچێکی برسیەیە، گیانی کۆمەڵی تێدا زاڵ بوە،ئ ەو بەگوڕ دەچێتە پێشەوە بەبێ ئارەزووکردنی ئەم چونەو بەبێ ڕەتکردنەوەشی، لەهەمان کاتدا وای لێهاتووە هیچ شت ێلە کەللەی سەریدا نەماوە.. ئەو تەنیا بەئەسپەکەی عاردەدا بۆ پێشەوە.

مولازیمی سوارە لیاخۆڤسکی یەکەم کەس بو کە گوللەیەکی دوژمن کوشتیو لەسەر ئەسپەکەی کەوتە خوارو لەخوێنی خۆیدا دەگەوزایەوە، بەئاخو ئۆفەوە هاواری دەکرد، بەڵام ئەسپی هاوڕێکانی هاوارەکانیان نەبیست، بەڵکو پێشێلیان کرد بەسمی تازە ناڵکراوەوەو مێشکی پژایە سەر بزمارەکانی ئەو سمانە، هەروەها ماسولکەکانی لەشیشی هەرزاڵ هەرزاڵ بونەوە بەم بزمارانە.

گریگۆری مولازیمی کوژراوی بینی، ئەو دیمەنەی کەلە ژێر پێی ئەسپەکاندابوو، قووڵ قووڵ لەناخی دەرونیدا چەسپا، خەیاڵی، ئەو پارچە لەوحێکی لوسو بێ گرێ بوو، بەڵام کوشتنی لیاخۆڤسکی قوڵو فراوانی تێدا هەڵکەند.

قەوزاقی دیکە پێوەبونو ئەو ئەسپانەی گوللە دابویە نێوان هەردوو گوێیاندا سەرە سوەیان پێ دەکەوتو لاقیان بەرزدەکردەوەو دەکوەتن. ئەو ئەسپانەی لەدوایانەوە دەهاتن لێیان هەڵدەکەوتنو ئەوانەیی لەوەو پاش دەهاتن ئەمانی پێشەویان دەشێلا، تەپوتۆز پیاوی دەخنکاندو هێرشی بەرانی تیادا نوقم بوبوو، وەکو تەمو مژێکی ڕەشو چڕ، سریەکە پەرشو بڵاوبوەوەو ڕێكو پێکی نەما. لەگەڵ ئەوەشدا ئەسپەکان هەردەم نزیك دەبونەوە لەسەنگەری نەمساییەکان، هەریەکە گەیشتنە ئەوێ نەمساییەك هەڵسایە سەر پێو ڕاستەوخۆ تەقەی لەگریگۆری کرد، مشت لێگرتنەوەی تەواوبوو، هاڵاوی گوللەکە سەرکوڵمی گریگۆری برژاندەوە، ئەمیش هەموو هێزی دایە بەرخۆیو ڕمەکەی وەشاند، هاواری یەکێکی بەگیانەڵاکەوتوو هات.. نیوەی ڕمەکە چوبووە جەستەیی کابرای نەمساییەوە، لەبەرئەوە گران بوو گریگۆری ڕمەکەی دەبکێشێتەوە، کابرای نەمسایی کەوتە سەر زەویو ئەمجار گریگۆری ڕمەکەی ڕاکێشایەوەو لەوکاتەدا هەستی بەراتەکاندنێکی دەستی دەکرد، ژیان کەوتبووە لەرزینو پل دان پێش ئەوەی ببڕێتەوە..ئا لەم لرخە لرخو لەرزینەدا نەمساییەکە ڕمەکەی گرتبوو نینۆکی لێگیر کردبوو، گریگۆری بۆ بەجێهێشتو شمشێرەکەی هەڵکێشاو ئامادەبوو بۆ نەمساییەکی دیکە.

نەمساییەکان سەنگەرەکانیان چۆڵ کردو هەڵاتن بۆ جادەکانی گوندەکەن ئەسپی قەوزاق دوایان کەوتن، بەهەرکەسیاندا دەگەیشتن دەیان شێلا، ئەسپەکەی گریگۆری لەپێشەوە غاری دەکرد تاوەکو گەیشتە شورەیەکی ئاسنینی درێژ، لەوێ گەیشتە نەمساییەکی بێ چەك خۆدابوە پاڵ شورەکە. ئەمیش بەپەلە چوو بۆ لایو شمشێری هەڵکێشا بۆ ئەوەی بیکوژێ. پێی گەیشت..

لەهەڵچونێکی شێتیدا شمشێرەکەی کێشا بەتەوقی سەریداو کردی بەدوو کەرتەوە، هەردوو چاوی لەگەڵ چاوەکانی نەمساییەکەدا بەکانگیربوون کاتێ کەبەسەر ئەژنۆیدا دەکەوت و لەچاوەکانی نێچیرەکەیدا تۆقین و سامێکی بێ پایانی بینی.

لەتە سەرەکەی کابرای نەمساییەکە کەوت دای بەبەردێکی گەورەداو ئەسپەکەی گریگۆری ڕاپەڕین بەو دەنگە ناسازەو سوارەکەی فڕاند بۆ ناوەڕاستی شەقامەکە. لەوێ لە کۆڵان و جادەکانی ئەمبەرو ئەوبەرەوە گوللەی زۆر دەتەقین، هەروەها گریگۆری ئەسپێکی تۆری بینی لاشەی خاوەنەکەی کە پێی بەئاوزەنگیەکەوە گیر بوبو بەکێش دەکرد. ئەسپەکە ڕای دەکردو سەری قەوزاقی کوژراویش بەسەر بەردەکانی ڕێگەکەدا تەقەی دەهات و هێلێکی سوری پچڕ پچڕی نارێك و پێکی دەکێشا.

ئەم دیمەنانە گریگۆری دڵتەنگ کردو لە ئەسپەکەی دابەزیو بدی بۆ لای شورەکەی کە لاشەی سەبازە نەمساییە سەر لەت کراوەکەی لێ هەڵکورمابوو. لەوێ گریگۆری‌سەیری کوژراوەکەی کردو ڕوانی کە لەسەرپشت پاڵ کوەتووە،و هەردوو دەستی پان کردوەتەوە وەکو یەکێك سواڵ بکات، ناو لەپی ڕەش و پیس بوو، تۆ بڵێی ئەوە ئێشی سەختەوەبێ یان لەئازاری گیان کیچشانی کورتدا بێت!

گریگۆری لەدەم‌وچاوی داقڵیشاوی وردبوەوە، جوتێ سمێڵی بچکۆلەیی پێوەبوو، ڕوخساری خاوەنەکەی لە منالیەوە نزیکتربوو هەرچەندە بەشێوەیەکی سەرسام شێوابوو، گریگۆری ڕۆیشتەوە بۆ لای ئەسپەکەی‌و دەتوت کەوتوەتە ژێر باری قورسەوە. ئەی ئەوە نیە گیانی پڕبوە لە بێزکردنەوەو واق وڕمان‌و دایگرتووە! و بەو کارتێکردنە مواەیەك مایەوە قاچی بەئاوزەنگی‌یەکەوە بوو، بەڵام نەیدەتوانی سواربێت.

پێوتەرو هاوڕێکانی لە قەوزاقی تاتارسك شەوی دوەمی دوای ڕەوانەکردنیان لە گوندێکی بچوکی سەر ڕێگاکەدا بردەسەر، پێوتەرو ئەنیۆشکاو کریستۆنیاو ستێپان‌وتوملین لەیەك ماڵدا کۆبونەوە، لەوێ پەتووەکانیان ڕاخست‌و دانیشتن کەوتنە دەمەتەقێ پێش ئەوەی بنون.

خاوەن ماڵەکەش هات‌و حەزی کرد بەشداری گفتوگۆکەیان بکات، لەسەر پەتووی یەکێکیان دانشت‌و وتی:

ـ کەواتە ئێوە دەچن بۆ شەڕ!

ـ بەڵێ، باپیرە.

ـ ئێ. .ئەمەش وەکو ئەو وایە، وەکو چۆن لەشەڕی تورکدا خەڵکیان دا بەکوشت لەم شەڕەشدا خەڵکێکی زۆر سەردەبرڕێن.

توملین ئەمەی وت بەڕق‌و پیش خواردنەوە لەشتێك کەس نەیدەزانی، بەڵام پیرە زەردەخەنەیەکی بزەیی گرتی‌و وتی:

ـ نەخێر، کاکەی قەوزاق، ئەم شەڕە بابەتێکی نوێ دەبێ.

پێوتەریش زوتی:

ـ کوشتار کەم دەکەین. .و..

ـ زۆر دەکرێ، کوڕی خۆم، لەبەر ئەوەش هاتووم کەڕاتان سپێرم چاودێری یاسای مرۆڤایەتی بکەن ئەگەر ویستتان لەم گێژاوەدا بەزیندوێتی بگەڕێنەوە.

ـ کام یاسا!

- شتومەکی خەڵك مەبەن، خراپە لەگەڵ هیچ ژنێکدا مەکەن، مەچنە هیچ شەڕێکەوە تاوەکو دۆعای سەلامەتی نەخوێنن.

- ئەم دوعایە چییە؟

پیرەش سێ دوعای بۆ خوێندن کەلە خوا بپارێنەوە سەلامەتییان لەنێوچاوان بنووسێو ئازاری ئاسنو گوللە لەلەشیان دوربخاتەوەو داوای لێ بکەن بەتواناو جەبەروتی خۆی بیان پارێزێ لەهەموو تیرو چەقۆو نێزەو خەنجەرێكو بیانگێڕێتەوە بۆ کەسوکاریان بەسەرکەوتوویی‌و سەلامەتی.

قەوزاق دۆعاکانیان نوسی، هەندێك بۆ خۆشی‌و هەندێك بۆ گاڵتەجاڕی، بەڵام کاغەزەکانیان بولدایە گیرفانیان بۆ لای خاچەکان، کاتێ کە مردن شاڵاوی بۆ هێنان جیاوازی نەکرد لەنێوان ئەوانەی نوشتەکەیان پێبوو ئەوانەش پشت گوێیان خست، چونکە گوللە ڕێ زلە کەس ناگرێ.

قەوزاقە بەسەربازگیراوەکانی تاتارسك درێژەیان بەسەفەرەکەیاندا تا گەیشتنە گوندێکی بچکۆلەی سەر هێڵی شەمەندەفەری ئاسنین، لەوێ فەرمان دەرچوو بەدابەشکردنی کەتیبەکە بۆ سریە سریەو هەموان بەبارهەڵگر گوێزرانەوە، لەبیستو حەوتی تەمموزدا رەیس عورەفا ئەستاخۆڤ لەچاوپێکەوتنی فەرماندەی سریەکە گەڕایەوەو وتی:

- سبەینێ سریەکەمان دەردەچێ بۆ لیۆپۆڤ لەهێڵەکانی پێشەوە.

- ئەم قسەیەی میتکا کرۆشۆنۆڤی ڕاچڵەکاندو بەپەرۆشەوە پرسی:

- کێن ئەوانەی دەردەچن؟

- کوڕەکانی، بەڵام تۆ لێرە دەمێنێتەوە.

- کەواتە، بڕۆن بۆ جەهەننەم.

بەیانی زوو حەزیرەیەکی قەوزاق بۆی دەرچوو ڕۆیشتو لەوپەڕی دێوە میتکا کچێکی بینی ئاوی لەبیرێك هەڵدەگۆست، لای دایە لای‌و داوای ئاوی لێکرد، کاتێ ئاوەکەی خواردەوە وتی:

- خوا بتپارێزێ چاوکاڵ.

- سوپاس بۆ خوا.

- وەرە لەگەڵم پیاسەیە بکەین بەسەر ئەسپەکەوە، بێگومان پێی دڵشاد دەبیت.

کچەکە وەڵامی نەدایەوە، بەڵام دەنگی رەیس عورەفاکە هاتە بەرگوێی‌و تێی خوڕی.

- یاڵڵا، بجولێ.

بەڵام هەردوو چاوی میتکا چەسپ بوبونە سەر نێوان هەردوو لاقەسورەکانی سەربازێك کەناوی بۆبۆڤ بو وتی:

- ئاخ.. خۆزگە مارەم کردیتایە!

رەیس عورەفا قیڕاندی:

- ئەی چی دەڵێی ئەگەر ئێستا ئەم قامچی‌یەی خۆمت لێ مارە بکەم! خێراکە.

قەوزاق درێژەیان بەڕۆیشتنی خۆیاندا، کاتێ گەیشتنە گوندی لیۆپۆڤ دوا کێڵگەکەیان هەڵبژارد کەبیکەنە جێگەی چاودێری کردنی دوژمن. لەکێڵگەکەدا کە پرێك هەبوو خاوەنەکەی ئاگاداری کردن کە دەتوانن بیکەنە تەویلەی ئەسپ، ئەستاخۆڤ نۆبەی پاسەوانی دابەش کرد بەسەر سەربازەکانداو کوەتە هەواڵ کۆکردنەوە لەبارەی دوژمنەوەو هەروەها چاودێری کردنی جووڵانەوەشی.

بەیانی ڕۆژی ئاینده میتکا له کەپرەکەوه بانگی برادەرێکی خۆی کردو وتی:

ـ وەره ئیڤانکۆڤ برۆین بۆ گوندەکه، لەوێ کەمێك دەخۆین‌و دەخۆینەوه.

ـ تۆ خواردنەوه دابین دەکەی!

ـ بەڵێ، خاوەن کەپرەکه پێی وتم کەله گوندەکەدا جوولەکەیه هەیه مەیخانەی هەیه.

لەبەردەرگای مەیخانەیەکی جولەکەیەکی زوڵف درێژ بۆ هەردوو قەوزاقەکه نووشتایەوەو خێراتنی لێکردن، ئەمانیش وتیان:

ـ بیرەت هەیه؟

ـ ئێستا هیچ نەماوه قوربان.

ـ درۆ مەکه حزقیاڵن خۆ ئێمه پارەکەی دەدەین، سەیرکه، وەرگره.

کاتێ توورەکەی پارەکەی دەرهێناو زره زری پێکرد، پاشان پاشان پارەیەکی بۆ جولەکەکه هەڵدا. کاتێ پارەکه کەوته دەستی جولەکەکەوه چاك گوشی، پاشان چووه ژێر زەمینێکەوەو بەشوشەیه ڤۆدکاوه هاته دەرەوه.

میتکاو هاوڕێکەی ئەو ئێوارەیه له مەیخانەکه گەڕنەوەو سەرخۆشی پرزەی لێ بڕیبوون.. بەڕەشبەختی ئیڤانکۆڤ ئەو شەوه نۆبه پاسەوانی ئەوبوو، لەتاریکیدا چاوەڕێی بۆ دوایی ئەوەی گوێی لەدەنگی ئەسپ بوو لەجادەکەی ناو ئاواییدا. بەچاکی لەتاریکیەکدا وردەبوەوەو بەڵکو ئەوانەیی بەەرو ڕووی دێن بیانبینێ، بەڵام پەڵە هەورێ ئەوکاته بەری مانگی گرت لەبەرئەوه نەیتوانی بیانبینێ. لەگەڵ ئەوەشدا ڕای کرد بۆ کەپرەکەو هاوڕێیەکی هەڵساندو وتی:

ـ میتکا، میتکا، ئ ەسپ بەرەو ڕوما ندێت!

میتکا هەڵساو لەگەڵ برادەرەکەیدا چون بۆ ئەو شوێنەی توانیان ئەسپەکان بەباشی ببینن. سوارەکان چوار دەڕۆیشتن. میتکا بانگی کرد:

ـ ڕاوەسته. . کێیه لەوێ! ئاگربارانت دەکەم.

بەڕوسی دەنگێك هات‌و وتی:

ـ ئێمه پاسەوانی سنوورین، ئێوه پایەگان؟

ـ بەڵێ.

ـ چ کەتیبەیەکن؟

ـ سێیەمی، قەوزاق.

ـ کەواته، بەخێربێن قەوزاق، کەتیبەکەی ئێم ئێستا دەکێشێتەوه، لەبەرئەوه ئێوه ئەمشەو مەڵبەندی پێشەوەن، ئاگاداربن لەوانەیه دوژمن هێرشتان بۆ بێنێ بەیانی.

دەنگەکه بڕاو کەتیبه کشاوەکه درێژەی بەڕێکردنی خۆیداو قەوزاقی خسته بارێکی شڵەژاوو هەموارەوه، ئێستا هەستیان بەترس‌و سام کرد چونکه بونه یەکەم کەس که دوژمن بەگژیاندا بچێ، زینی ئەسپەکانیان نەکردەوەو بەرەڵلایان نەکردن بلەوەڕێن، بەڵکو له کێڵگەکه شەوەیان بۆ دوورین تاوەکو تێر و ئامادەبن.

بۆ بەیانی ڕەئیس عورەفا دوربینەکەی بەرەو لای دوژمن کردەوه، له (عدسه)کەدا مێرمناڵێك دەرکەوت بەرەو گوندەکه ڕای دەکرد، که گەیشته ئەو کێڵگەیەی سەربازەکانی تێدابوو دەستی ڕاوەشاندو وتی:

ـ ئەڵمان! ئەڵمان بەڕێگەوەن!

رەئیس عورەفا فەرمانی دەرکرد بە کۆکردنەوەی سەربازانی مەفرەزەکە کەخەریك بون شەوەریان دەدوری بۆ ئەسپەکانیان، کەخڕبونەوە بازیان دایە سەرپشتی ئەسپەکانیانو کەوتنە چاوەڕێکردنی فەرمانی فەرماندەی سریەکە کە رەئیس عەرەفا پەیوەندی پێوەکرد. فەرمان هات:

ـ هەڵکوتنە سەریان، ئێمەش بەتەقەکردن پاڵپشتتان دەکەین لەبارەگای سریەوە.

قەوزاق گوڕمی خۆیاندا بەرەو ئەو گردەی ئەڵمان لێی نزیك بوبونەوە، بەپێوە کەوتنە ئاگرباران، بەڵام ئەڵمان ئاراستەی خۆیان گۆڕی بۆ لای چەپو قەوزاق شوێنیان کەوتن، بەڵام ئەڵمان تەقەیان نەدەکرد، دوو ئەڵمان لەئەسپەکانیان کەوتنە خوار. .لەگەڵ ئەوەشدا دەورێکەیان درێژەی بەڕێکردن دا، بەڵام هەر کە گەیشتنە شیوێکی تەنگەبەر سەری ئەسپەکانیان بادایەوەو شاڵاویان هێنایە سەر قەوزاقو لەبەرئەوەی ئیڤانکۆڤ لەپێشەوە بوو، ئەڵمانەکان تەنگەتاویان کردو یەکێکیان کەوتە شوێنیو نوکی نێزەکەی سرەواندە پشتی، ئیڤانکۆف لە ئێشو ئازاری برینی قوڵیدا وەکو شێتی لێهات، جڵەوی ئەسپەکەی بادایەوەو شاڵاوی بردەسەر ئەڵمانو دەمی شمشێری لەئاسماندا دەدرەوشایەوە.

ئیڤانکۆڤ ئەڵمانێکی کوشتو لەسەر ئەسپەکەی گلی کردە خوارەوە، بەڵام هاوڕێکانی کابرای کوژراو گەمارۆیان داو دەیانویست بەزیندوێتی دیلی کەن.

ئا لەم بارە ناسکە ئەستاخۆڤ گەیشتە فریای ئیڤانکۆڤ، گەمارۆدەران جەنجاڵی ئەوبون، بەڵام یەکێکیان شمشێریچکی دا لەئیڤانکۆڤو ملی بریندار کرد، ئەڵمانێکی دیکە نێزەیەکی کرد بەکەلەکەیدا.

سێیەمیش شمشێری هەڵکێشابوو لێی نزیك بوەبوەو دەیویست بیکات بەسنگیدا خەریك بو بیوەشێنێ ئەگەر میتکا لەوکاتەدا نەگەیشتایە کە شیرێکی بەگێپەڕەی ملیدا کێشاو لەزینەکە خستیە خوارەوە، کەئەڵمان ئەوەیان بینی هەشت کەسیان گەلەکۆمەکیان لەمیتکا کرد دەیانویست دیلی کەن، ئەمیش بەدڕندانە شەڕی لەگەڵ دەکردن، بەڵام ئەوان شیرەکەیان لەدەست خستەخوار، ئەمیش کە مردنی بەچاوی خۆی بینی لێی نزیك دەبێتەوە، پڕیدا بەیەکێکیانو ڕمەکەی لێی هەڵپروکاندو یەکێکی دیکەی پێ پێکاو کوشتی، ئەوکاتە ئەڵمان چونە دواوەو قەوزاق کە دواکەوتبون گەیشتنو هەردوولا لەهەڵچونێکی شێتیدا هاتن بەیەکداو لەیەکیان دەدا بەدەستو پێو بەسینگو دەستی ئەسپەکانیانو گوللەیان ڕوبەڕو دەنایە سنگی یەکترەوە هەریەکەیان پڕی دەدایە ئەوی دیکەو دەیویست لەتوپەتی کات. بونەوە دڕندەو جانەوەرانی دارستانێك ئەگەر چی مرۆڤیش بون.

ئەستاخۆڤ توانی ئەفسەرە ئەڵمانەکەی لێپرسراویان بکوژێ، بەمەش باری شەڕەکە گۆڕا، ئەڵمان بەبەزیوی کشانەوە، قەوزاقیش نەیانویست شوێنیان کەون بەڵکو ئەوانیش کشانەوە، لەکاتی ڕێکردنیاندا شیڤانکۆڤ لاوازبوو ئەوەندەی خوێن لێ ڕۆیشتبو خەریك بوو لەسەر ئەسپەکەی بکەوێتە خوارەوە، بەڵام رەئیس عورەفاکە ئازایەتی دایەبەر ئیڤانکۆڤی بریندار هەرچۆنێك بوو خۆی ڕاگرت، تاوەکو هەموویان گەیشتنە بارەگای سریەکە لەوێ ئیڤانکۆڤ بەمردوویی کەوتە خوارەوەو پەنجەکانی بەرخوێنێکی لینج کوەتن. کەواتە، ئەویش برینداربوو.

هەر خێرا کارەکەی میتکا کرۆشۆنۆڤ بوو بەمایەی شانازی بۆ سوپا، ئازایەتیەکی تایبەتیش بۆ خۆی، فەرماندەی سریە ستایشی کردو پێشنیازی نوسی بۆ سەرکردەکان ڕێزی بۆ دانێن، ئەوانیش بەدەنگیەوە هاتنو ویسامی سانت جۆرجیان دا بەمیتکا گواسترایەوە بۆ بارەگای دەستەی ئەرکانی تیپ و لەوێ تا کۆتایی جەنگ بەڕێزو نەوازشەوە مایەوە.

ژنی فەرماندە گەورەکانو ئەو ئەفسەرانەی لەپایتەختدا دەستیان دەڕۆیشت دەهاتن بۆ بینینی ئەم قەوزاقە مەزنە،ئ ەوانەی دەهاتن هەندێ پرسیاریان لێدەکرد بەچاوی پڕ لەڕێزو سامیەوە تەماشایان دەکرد، پاشان بەو دیاریانەی

لەگەڵ خۆیان هێنابویان دایان دەباراند، ئەویش لەسەرەتادا ئەم بارودۆخە ئەفسانەییە دروستکراوەی بەلاوە خۆش نەبوو، بەڵام لەدواییدا ڕاهاتو باسی ئەم ئازایەتیە نەمرەیەی بەشێوەیەکی خۆهەڵکێشانو گومڕایی دەگێڕایەوە.

تەنانەت تساریش کەهات بۆ سەرکردایەتی داوای کرد میتکا کرۆشۆنۆڤ ببینێ، کاتێ کە بۆیان هێنا کەمێ تەماشای کردو پاشان وتی: (ئەمە لاوێکی قەوزاقی باشە).

ڕۆژنامەی زۆر لاپەڕەکانی یەکەمیان بەوێنەی ئەم قەوزاقە پاڵەوانە دەڕازاندەوە، چەند کارگەیەکی جگەرە جۆرێك لەجگەرەکانیان تەرخان کردو بەناوی ئەوەوە ناویان نا، چەند بازرگانی بە پارەیان کۆکردەوە، بۆئەوەی شمشێرێکی پێشکەش کەن.

لەملاشەوە دەستەجلی ئەو ئەفسەرە ئەڵمانەی کەرەئیس عورەفا ئەستاخۆڤ کوشتی، بەکەش‌و فشێکەوە بەپشتی کورسیەیەکەی فەرماندەی تیپدا هەڵواسرابوو، پاشن بوو بەشێوە نوشتەیەك بۆ ئەو کەتیبانەی دەکشان بۆ کوشتاری ئەڵمان، زۆرجار ئەستاخۆڤ لەگەڵ خۆی هەڵیدەگرت‌و پاشان وتارێکی توندوتیژی دەدا لەبەرەدەم کەتیبەیەکدا دەچوو بۆ بەرەی شەڕ.

هەموو ئەم هەراو زادەی ئەو ڕوداوەبوو، بەڵام خۆی لەڕاستیدا چیبوو؟

تاقمێك سەربازی ئەڵمان بەەرو ڕووی تاقمێکی قەوزاق بوونەوە لەهێڵەکانی پێشەوەدا، سەربازەکان بەهاری‌و شێتیەیەوە دەستەویەخەی یەکتربونەوە، خوێنیان ڕشت‌و گیانی یەکتریان دەردەهێناو وەکو کوێر کوشتاریان لەیەك دەکردو بەڕێکەوت یەکێك سەرکردەی لاکەی دیکەی کشت، ئەولایە کشانەوە. ئەمەبوو ئازایەت‌و قارەمانێتی.

ئەگەر چی سەرکەوتنە بێ بایەخەکەی ئەستاخۆڤو هاوڕێکانی ئەوەندە زل بوەوە لەبەرەی ڕوسدا تا وای لێهات‌و بەهێمای سەرکەوتنێکی مسۆگەر لەپاشەڕۆژدا بەسەر ئەڵماندا، زۆری ەنخیاند ئەڵمان دەوری درو بەیهزیان ناردە بەرەوە کە دەرزێکی قوڵیان دا بەئەستاخۆڤو ئەوانەی وەکو ئەون. تەنانەت نەمسایی‌یەکانیش تیپێکی بەجەرگی سوارەی مەجەریان ناردە بەرەو سەرکردایەتی ڕوسیان بەترس‌و لەرزەوە ناچاری پاشەکشەکرد.

لەم کاتانەداو لەدوای ئەو ڕوداوەی پێشووی گریگۆری– واتە کوژرانی نەمساییەکەی تەنیشت شورەکە گریگۆری توشی ئازارێکی سەختی ناوەوە بوو، ئەوا لەڕو لاواز بوەو ڕەنگی زەرد هەڵگەڕاوەو زۆرجار تووشی دڵە ڕاوکێ‌و داڵغە دەبێت. وێنەی نەمساییەکە یەخەی بەنەدەدا لەهەموو شوێنێك،ئ ەو دانیشتایە برۆیشتیایەو لەکاتی ئیشداو لەحەسانەوەدا ڕوخساری ئەو دەم‌وچاوە پڕ ئێش‌و ئازار گوڕاوەی ئەوی دەدی، تەنانەت لەکاتی نوستنیشدا گریگۆری تارمایی نەمساییەکەی دەبینی دانی ڕیچ کردوەتەوە دوای ئەوەی کە مێشکی پرژایە سەر بەردەکە، ئەوکاتە گریگۆری بەترس‌و لەرزەوە بەئاگادەهاتەوەو وێنەکەی بەدەستی لەدەم‌وچاوی دوور دەخستەوە، ئەمجار هەوڵیدەدا سەرلەنوێ بخەوێتەوە.

مۆتەکانی گریگۆری بەرگریان لەبەردەوام بونی جەنگ دەکرد. ئەسپ سواری قەوزاق‌و مەجەری قەدە زێڕینەکانی گەنمی کێڵگەکانیان وردوخاش کرد، بەردەوام هەر لایەك خۆی لەلاکەی دی موسەدەدا، دەورێ‌و سەربازەکان هەردەم قوڕولیتەی نێو شیوو لێواری زەلکاوەکانیان دەشێلا. لەملاشەوە زەوی تووشی ئاوڵەبوو بوو بەو بۆمبایانەی چاڵی بۆگەنیان تیادا هەڵدەکەندو ڕوومەتە جوانەکەیان دەشێواند. تەنانەت ئاسمانیشی بێ بەش نەدەبوو لە بریسکەی ئاگری سور کە دەیگیزاند بەپاشکۆی گوللەیەکی ئاگرینەوە، پەڵە هەوری ڕەشی چڵکنیشی کەم تێدا بەدی نەدەکرا

کەلە تەقینەوەی بۆمبای ئاسنەو بەجێ دەما، بەڵێ، پۆلا، بەبریقەدارو ژەنگ هەڵهێناویەوە تینووی تێرخواردنەوەی خوێنی مرۆڤ دەبوو، ئەوا هەلی بۆ هەڵکەوت.

ئا لەم بەلایەدا دارەکان گەلاکانی خۆیان دەوەراندو دەگریان بۆ سروشت، قەدو چڵەکانی ڕوت بوون‌و بەکزو کۆڵەوار دەهاتنە بەرچاوو دەتۆ تووشی برینی کاریگەر بوون‌و خوێنیان تێدا نەماوە.

ئەو گۆڕانانەی بەسەر هاوڕێکانی گریگۆریدا هاتبون سەرنجی ئەوی یەکەمجار ڕاکێشا، پاشان کەوتە حەپەساوییەوە دەمی نوقاندوە، تەنانەت چاوە پانەکنی کە دەتوت چاوی گوێرەکەیەو پرەو پێڵووەکانیان بەردەوام دەجولان.

ئا ئەوەش زارکۆڤە هەمیشە تورەیە بەهۆو بەبێ هۆ هەر هەڵدەچێ، پاشان پیسترین جوێنی بەدەمدا دێت‌و بەردەوام نا ئاساییە.

کرۆشیف، ئەو قەوزاقە دڵرەقەی کە هەمیشە بە کۆشش بوو لەئیش‌وکاریدا، ڕەنگی دەم‌وچاوی ڕەش هەڵگەڕابوو سەرو فەسالی تێك چوو بوو، بەتوندیو دەمارگیری دەیدایە قاقای پێکەنین.

گریگۆری سەری سوڕمابو لەهۆی ئەم هەموو گۆڕانەی هاوڕێکانی، بەلام نەیدەتوانی تێی بگاو هەستی نەدەکرد کە ئەمە تۆوی ئەو کارەساتەیە کەجەنگ چاندویەتی لەویژدانی هەموو ئەوانەی بەشدارییان تێدا کردوە.

دواجار سەرکردایەتی بڕیاریدا کەتیبەکەی گریگۆری بکێشێتەوە بۆ هێڵەکنی پشتەوە بۆ حەسانەوەو پشوودان‌و سریەکە لەوەداب بگوێزرێتەوە بۆ جێگەیەك دی، کەکۆمەڵێکی فراوانی ئەسپ سوار بەدیارکەوتن، ئەو تابورەی کە بەرەو لایان دەهاتن نزیك کەوتەوە برۆخۆر زیکۆڤ ناسینیەوە کەوا خەڵکی تاتارسك هاتن، ستێپان‌و پێوتەر خەڵکی دیکەشی تیایاندا بەدی کرد، ئەوکاتە ئیتر قەوزاق ڕایان کرد بەرەو ئەسپ سوارەکان بۆ بەخێراتن‌و خۆشحاڵی دەربڕین، گریگۆری بانگی کرد:

ــ بەخێربێی پێوتەر.

ــ سەلامەت بی، سوپاس بۆ خوا کەتۆ لەگەڵمان دەبیت، چۆنیت؟

ــ خراپ نیم.

ــ کەواتە، هێشتا زیندووی؟

ــ وەکو دەبینی، ماڵ‌و خێزان چۆنن؟

ــ باشن. سەلامەت لێ دەکەن.

قەوزاقی تاتارسك کەوتنە پرسایرکردن لەکەس‌وکاریان‌و هەردو تاقمەکە بەیەکتر شادبوونەوە.

ــ مەرحەبازارکۆڤ. چۆنی ئەسپەتۆڕ؟

ــ باشم.ــ دوەم پرسی:

ــ دایکم چۆنە؟ــ سلاوی بۆ ناردوی، دیاریشمان بۆنەهێنای بارمان قورس بوو.

سێیەم بانگی کرد:

ــ ئای. .ئەلیکساندەر چۆنی؟

ــ زۆر باشم.

چارەم وتی:

ــ ئەندریان..هۆی گوێبراو ئەوە نامناسیتەوە؟

ـ بەڵێ، چۆن ناتناسمەوە، ژنەکەت سلاوی تۆی پێ ڕاسپاردوین‌و ئەا ئێمەش دەیگەیەنین..
ـ ەئوە بۆ ریس پیلۆڤ لەکوێیە؟
ـ پێم وایە لەسریەی چوارەم، بۆچی پرسیار دکەی؟
ـ کەس‌وکاری نامەکەیان داومەتێ بۆی، دەمەوێ بیدەمێ.
ـ ئای. .کوژرا.
ـ تۆ دڵنیای؟ـ بەڕاکشاوی بینیم، گوللەیەك بەسنگیەوە بوو لەژێر مەمکی چەپدا.
ئا بەم جۆرە بوو گفتوگۆی یەکتر بینین لەنێوان ئەوانەی ڕوبەڕوی جەنگبوبونەوەو ئەوانەش کە هاتبون بۆ نوقم بون لە گۆلاوە پڕ قوڕولیتەکەیدا.
ئێوارە گریگۆری لەپاڵ پێوتەری برایدا ڕاکشاو بەئاخ هەڵکێشانەوە قسەی بۆ دەکرد:
ـ پێوتەر، هێزم لێ براوە، بووم بەقامیشێکی بۆش‌و بتاڵ، ئێستا من وام لێهاتووە پەنجەیەکم پێوە درێ‌بەسەردا دەکەوم، پێوتەر من کەوتبومە نێوان دو بەرداشەو، هاڕییانم‌و پاشان دوور تڕیان هەڵدام.
دەنگی قووڵی کزی گریگۆری پەژارەو داخی قووڵایی دەرونی دەرخست،ئەو دەنگە دەنگی سەربراوێك یان دەنگی یەکێك بو لەسەرەمەرگدا.
پێوتەر واقی وڕما لەو گۆڕانە گەورەیەی ناخی براکەی، تەنانەت لە ڕوخساریشی کە نامۆو تاڵ دەبوو کاتێ ك قسەی دەکرد،وتی:
ـ گریگۆری. .چیت بەسەردا هاتووە؟
ـ هیچ پێوتەر. .گوێت لێ بێ.. ئەوان وایان لێکردبوین کەبەجانەوەرێتی وا شەڕ بکەین مەگەر هەر لەگەلە گورگدا بێت..پێوتەر..بۆگەنیم لەهەموو شوێنێکدا دەبینی، ڕقوکینە، ڕقوکینە، من بەخۆم دەڵێم ئەگەر گازم لەیەکێك بگرتایە هاردەبوو.
ـ کەست کوشتوە گریگۆری؟
ـ ئای پێوتەر. .ئا. .ی.. بەڵێ، کوشتومە.
گریگۆری ئەمەی ت پاشان دەستی خستە بەربینی خۆی بەهەڵچوونەوەو گوشی، وەکو بیەوێ وشەیەکی دیکە بنکێنێ کەلەوانەیە لەدەمی دەرچێ‌ز
پێوتەر هەستی کرد کەبراکەی توشی بارێکی تۆقێنەرو سامناك بووە، لەگەڵ ئەوەشدا پرسیارەکانی دەست پێ کردەوە:
ـ پێم بڵێ، چۆن بوو؟
ـ یژدانم، ویژدانم پێوتەر. . شڕووڕم دەکا..نەمساییەك. . بەنێزە کوشتم، چەقاندم بەلەشیدا.. من لەکوڵی هەڵچوندا بووم، بەڵام گریگۆری سەری داخست‌و پاشان قسەکەی تەواوکرد:
ـ بەڵام. .ئەی ئەوی دیکەم بۆ کوشت؟
ـ باشە نەخێر ئەم کارە هەرگیز باش نیە، ئەم پیاوە لەکۆڵم نابێتەوە، ئەم بەرازە، تەنانەت خەونەکانیشمی لێ پڕ کردوم! ! باشە تاوانی منە؟
ـ تۆ هێشتا بەجەنگ ڕانەهاتووی..زاڵ دەبی بەسەر ئەم ختوورەی داڵغانەدا گریگۆری.

پێوتەر هیچ هۆیەکی گۆڕانی زمانی براکەی نەزانی کەلەناکاو بانگی کرد:

ـ باشە سریەکەتان لەگەڵ ئێمە دەمێنێتەوە؟

ـ نە، ئێمەیان داوە بەکەتیبەی 27، هاتنیشمان بۆ لای ئێوە لەبەرهەندێ پشتگیری بوو.

ـ باشە، مەلەوانی بکەین؟

گریگۆری و پێوتەر جلەکانیان داماڵیو بازیان دایە ناو ئاوەکەوە، کەوتنە مەلەکردن بەرەو لای تاقمێکی قەوزاق کەلەلێواری ئەوبەرەوە بوون.

وا دیاربوو تەڕی ئاوەکە هەندێ ئازاری گریگۆری سوک کردو گرژی دەمارەکانی خاوکردەوە، لەبەرئەوە قسەوباسەکەی بادایەوە بۆ لای تاتارسکو خەڵکەکەیو مێرگەکەو ژیانی قەوزاق بەگشتی، وتی:

ـ لەهەمو شتێ وەڕس‌وبێزار بوو پێوتەر، تەنانەت مەلەکردنو خۆشۆردنیش هەست بەسەغڵەتیو بێزاری دەکەم لێیان.

ئەسپێ هەموو لەشی خواردووم، ئای خۆزگە ئێستا دوو باڵم دەبوو!، ئەوکاتە دەفڕیمەوە بۆ ماڵ هەر تەنیا بۆ یەکجار بینیان، حاڵوباڵیان چۆنە؟

ـ ناتالیا هاتوەتە ماڵەوەو لەگەڵ ئێمە دەژی.

ـ ئەی باوکودایکم، حاڵیان چۆنە؟

ـ خراپ نیە، بەڵام ناتالیا هەرچاوەڕێی گەڕانەوەتە،ئەم ژنە لەپێناوی تۆدا دەژی، هەر بە وشەیەك ناوێکی بێنە لەنامەیەکی خۆتدا.

ـ ئەوەی بچڕا لەنێوانماندا هێشتا هەر خەریکە بیداتەوە یەك؟

ـ ئەو بۆ تۆ دەژی، ئافرەتێکی باش‌وپاکە ریگۆری، ڕێگە بەکەس ندا چاوی لەئاست هەڵبڕێ.

ـ چاکتر وایە مێردێ بۆ خۆی پەیدا کات.

ـ سەیرە ئەم قسەیە لەتۆوە دەرچێ!

ـ نەخێر، ئەمە شتێکی ئاساییە.

ـ بەهەرحاڵ تۆ کەیفی خۆتە، ئەمە پەیوەندی بەخۆتەوەیە، من خۆمی تێناگەیەنم.

ـ دۆنیا چۆنە؟

ـ بوە بەژنێك، بەم زوانە شوو دەکا، بەڵام گریگۆری.. ئێمە لەو بۆنەیەدا ڤۆدکا هەڵنادەین، لەوانەیە لەلیستەی کوژراوەکاندا بین ئەوکاتە.

ـ هیچت لەبارەی ئەکسینیاوە بیستووە؟

ـ بەڵێ، هت بۆ گوندو داوای کەل‌وپەلەکانی خۆی دەکرد لەستێپان..پیاو هەق بڵێ، کردەوەی ستێپان لەگەڵیدا ئەوپەڕی پیاوانەبوو، هەموو ئەو شتانەی بۆی هاتبوو دایە.

ـ ئەی تۆ، قسەت لەگەڵ نەکرد؟

ـ لەڕاستیدا، نەخێر، موەی سەردانەکەی کورت بوو نەمتونی، بەڵام پێیدا دیاربوو لەژیانێکی ئاسودەدایە لەدێیەرەکەدا، وا دیاربوو.

ـ ئەی ستێپان؟

ـ دەبێ بەئاگابێ لێی گریگۆری، واباس دەکرێ کە سوێندی خواردووە گوللەیەکی ئەو تفەنگەی خۆتت پێوەنێ.

ـ ازبێنە لەوە، ئەوە بایەخی نیە، ئەی مەزرا، بەروبومو چارەوی چۆنن؟

ـ ئەسپێکم بۆ خۆم کڕی، بەروبومیش ئەمساڵ باش بوو، بەڵام پێش ئەوەی کۆی کەینەوە ڕاپێچیان کردین.

گفتوگۆی خێزانی‌ی گریگۆری‌و پێوترە تەواوبوو، بازیاندایەوە ئاوەکەو دەستیان کردە مەلەکردن بەرەو ڕۆخەکەی ئەبەرەوە کەتاقمێ قەزاقی لێی بوو، خەریکبون جلەکانیان لەبەردەکرد دوای ئەوەی لەئاوەکە دەرچبوون، ستێپانی، مێردی ئەکسینیا لەوێ سەری دادەهێنا، کاتێ گریگۆری بینی کەمێ لێی نزیك بوەوەو وتی:

ـ مەرحەبا برادەر.

ـ مەرحەبا.

دەنگی گریگۆری زرنگایەوە لەگەڵ هەستێکدا بەتاوانبار بەرامبەر بەم پیاوەو هەستێکی دیکە بە سڵ لێکردنەوەی.ـ باشە هێشتا هەر منت لەبیرماوە؟

ـ خەریك بوو لەبیرم بچیتەو.

ـ بەڵام من تۆم لەبیر ناچیتەوە.

ستێپان لێیدا ڕۆیشت لەگەڵ نایب عەریفێکدا کە برادەری بوو لەوێ.

لەئێوارەی ئەو شەوەدا کەتیبەکەی گریگۆری کۆکرایەوەو فەرمانی درایە یەکسەر بجووڵێ بۆ بەرە، لەبەرئەوەی دوژمن کەلەبەرێکی لەهێڵەکن پێشەوەی ڕوسدا کردبووەوە، وای پێوست دەکرد بەزووترین کات ئەو کەلەبەرە بگیرێ.بەدرێژایی مانگی ئاب کەتیبەکەی گریگۆری بەسەرکەوتندابوون، هەروا شاربویەك لەدوی یەك داگیر دەکرا، لەدوا دوایی مانگدا قەوزاق بەتەوای کۆنترۆڵی بەرەبەیان کردبوو، سوپا گەورەکەش بە پیادەو تۆپخانەوە، کەوتبوە خۆ چەسپ کردن لەپشتی قەوزاقەوە بەوێنەی کەڵەکەبونێکی گەورە، بەو نیازەی سەرکردایەتی هێرشێکی فراوان بکاتە سەر دوژمن، لەبەرئەوە هەزارەها سەرباز دەهاتن بەرەو شوێنێ خڕبوونەوە بۆ ئەوەی لەوێوە گوژمی خۆیان بدەن بۆ مردن.

لەم کاتانەدا گریگۆری هەموو کارێکی دەکرد بۆ دەرپەڕاندنی تارمایی بیرە ئازارهێنەرەکانی هەوڵیدا ۆی برەتێنێ بەکارکردن بەڵکو بتوانێ دڵنیایی دەروونی خۆی بگێڕێتەو، بەڵام بیهوودەبوو، لەشی هەر دەپووکایەوەو بیروهۆشی بەردەوام پڕ لەمۆتەکەو نیگەرانی بوو.

لەناو ئەو هێزە پاڵپشتەی تاقمە قەوزاقەکەی ئەم دواییەدا کەتەرخان کرابوو بۆ کەتیبەکەی ریگۆری، پیاوێك هەبوو هاوڕێکانی نزناوی بژن یان لێنابوو، ئەمەش قەوزاقێك بوو لەهەمان سریەی گریگۆریدا، درێژێکی سەر ڕوتاوەی هەردو شان خڕبوو، حەزیان بەپەلامارو دژایەتی دەکرد. ئەلیکس ئۆریۆبین ئەمەی سەلماند کەرۆژێکیان دوایی لێبونەوە لەشەڕێکی گەرم دانیشتو کەوتە دەمەتەقێ لەگەڵ گریگۆریدا:

ـ باشە ملیخۆڤ دەزانی تۆ لێت قەوماوە؟

ـ لێم قەوماوە! چۆن؟

ـ واتە تۆ بەجارێ نەموی وەکو نەخۆشی بی وایە.

ـ من زۆر باشم، لەمەگەڕێ.

ـ درۆ دەکەی، خۆمن جووتێ چاوم بەسەرمەوە پێیان دەبینم.

- کەواتە..پێم بڵێ، چی دەبینی؟
- تۆ دەترسیت.. مردن دەتتۆقێنێ.
- بەڕاستی تۆ گەوجی.

گریگۆری شوێن گومکێ ئەمەی وت، بەڵام لەناخیدا موچڕکەی پێداهات، چاوەکانی تەسك بونەوەو سەیری نینۆکەکان ەکرد.

- پێم بڵێ میلیۆخڤ، کەست کوشتوە؟
- بەڵێ، پەیوەندی ئەوە چیە بەمەوە؟
- باشە ئەوە گرانی خستوەتە سەر مێشکت؟
- گرانی ستوەتە سەر مێشکم!

گریگۆری پێکەنیو ئەلیکس ئەم پێکەنینەی هاوڕێکەی بەبەکەم زانینی ئەو دانا، شمشێرەکەی هەڵکێشاو بەهەڕەشەکردنەوە وتی:

- دەتەوێ سەرت بپەڕێنم؟ بێ چەنو چونو بێ بەزەیی دەیپەڕێنم.

گریگۆری سەری سوڕما لەگۆڕانی باری هاوڕێکەی، بەهێدی کردنی مەسەلەکەو ئاگالەخۆبونەوە وتی:

- تۆ کردەوەکانت سەیرە ئۆریۆبین، تۆ کێویت.
- من وەکو تۆ نیم، تۆ دڵت وەکو ئاو شلە، گوێت لێ بێ، ئەم شمشێر لێدانە دەزانی؟

ئۆریۆبین بەشمشێرەکەیەوە چوو بۆ لای دارێکی نزیكو باڵی بەلارەوە بەرزکردەوە پاشان بەهێزێکی توند کێشای بەشمشێرەکەیەوە چوو بۆ لای دارێکی نزیكو باڵی بەلارەوە بەرزکردەوە پاشان بەهێزێکی توند کێشای بەقەدی دارەکەد، لقوپۆپەکانی کەوتنە زەیەکە، چونکە لێدانەکە لەژێر کۆمەڵی لقەکاندا بوو، گریگۆری تەماشای کرداری ئۆریۆبینی کردو سەرسام مایەوە، ئۆریۆبین تی:

- پێویستە لەسەرت فێری ببی. من ئەتمانێك دەناسم شمشێرەکەی بەرزدەکردەوو پاشان ئەسپێکی پێ دەکردەوە دووکەرتەوە.

ئۆریۆبین کەوتە مەشق پێکردنی گریگۆری لەسەر ئەو لێدانە بە زەبرە تا بەچاکی فێری کرد، لەوکاتەدا جارێکیان ئۆریۆبین وتی:

- تۆ بەهێزی میلیخۆڤ، بەڵام نەفامی لەبەکارهێنانی شمشێرەکەتدا، دەبێ بەتوندیو بەئازایەتی پێی لێبدەی ئەگەر ویستت مرۆڤێك بکوژی با لێدانەکە توندو سەخت بێ،چ ونکە ئادەمیزاد شلە وەکو هەویر، مرۆڤ زەوی پڕکدووە لەخۆایە بیکوژەو خاکی لێ سەرئاسودەکە، خۆ ئەوە دوژمن ئەگەر بیکوژێ ئەرکێکی پیرۆزە لەسەرت، پاداشتی هەر یەکێکیان کەدەیکوژێ سڕینەوەی گوناهێکی گەورەیە لەگوناهەکانت.

گریگۆری سەرنجی دەدا کەئەسپەکان لەئۆریۆبین دەترسانو دەبینن ڕادەچڵەکێنو گوێیان ڕەپ دەکرد، کاتێ ئەو کابرایە لێیان نزیك بکەوتایەتەوە، تەنانەت ئەسپەکەی ئۆریۆبین خۆیشی، کەخاوەنەکەی هێجگار دڵنەرم بو بەرانبەری، گوێی ڕەپ دەکردو پشتی دەلەرزی کاتێ ئاغای خۆی دەبینی وادێت بۆ لای.

ئۆریۆبین نۆرەی قاشاوی ئەسپی نەدەکرد، جارێکیان عەریفەکە لەوبارەیەو لێی پرسی ئەمیش وەڵامی دایەوە: ( ئەسپ لێم دەترسێ، لەبەرهۆیەك خۆیشم نازانم چیە)، دیسان گریگۆریش جارێکیان ئەم پرسیارەی لێ کرد هەر هەمان وەڵامی دەستکەوت، گریگۆری وتی:

ــ بەڵێ، ئەسپ بەدمەست دەناسێو لێی دەترسێ، بەڵام خۆ تۆ بەدمەست نیت!

ــ لەوانەیە هەست بکات کەدڵێکی ڕەقم هیە.

ــ وادیارە، چونکە ناوسکی تۆ دڵی گورگێکی تێدایە،ئەگەر بەردێکی سەخت نەبێت.

ــ لەوانەیە هەست بکات کەدڵێکی ڕەقم هەیە.

ــ وا دیارە، چونکە ناوسکی تۆ دڵی گورگێکی تێدایە،ئەگەر بەردێکی سەخت نیت!

ــ لەوانەیە وابێ.

سەلماندنی ئەمەش خێرا هاتەپێش، چونکە فەرماندەیی کەتیبەکە لەکاتی قسەدەرهێنان لەدیلێکی نەمسایی زانی کەوا دوژمن هێرشێکی گەورەیی بەدەستەوەیە لەم نزیکانەدا، لەبەرئەوە پێویست بوو چاودێریکردنی جموجوڵی دوژمن لەهێڵەکانی پێشەوەدا توندوتۆڵکرێ، دەورێی هەواڵزانین نێررا بۆ ناوچەیی جۆراوجۆر، عەریفێك لەیەکێ لەم دەورێیانەدا بو گریگۆریو میشا کۆشیڤۆیو ئۆربینو قەوزاقی یەکی دیکەی لەگەڵ بوو، ئەفسەری دەورێکە بەجێی هێشتن بۆ پاراستنی تەپۆلکەیەکی بچوك کەلەبەردەمیدا دارستانێکی چڕو بڵاوبوبوە، خۆیشی ڕۆیشت بۆ دەوروبەری گوندێکی نزیك.

لەکاتی حەسانەوەی ئەم مەفرەزەیەدا میشارکە نۆبە پاسەوانی بوو ئەوکاتە شەش ئەسپ سواری دوژمنی بینی بەرەو تەپۆلکەکە دێن، مەفرەزە تەقە تفەنگی لێ دامەزراند، ئەسپ سوارە مەجەرییەکان پاشەکشەیان کردەوە، یەکێکیان نەبێ کەئەسپەکەی برینێکی کاریگەری تێکرابوو، خاوەنەکەی بەتەنیشتیەوە ڕاوەستابوو، دەستی لەئەژنۆی دەدا دوای کەوتنە خوارەوەی لەئەسپەکەی، میشا ئەمەی بینیو هاوڕێکانی لێ ئاگادارکرد، کاتێ ئۆریۆبین هاتە پێشەوەو دەستی لەسەر بەلەپیتکەی تفەنگەکەی بوو کابرای مەجەری هێشتا هەر سەرقاڵی ئازارەکەی خۆی بوو ئاگای لەو گیرۆدەبوونەی نەبوو، ئۆریۆبین زریکاندی:

ــ چەك بە.

مەجەریەکە بەدەم خۆ بەدەستەوەدانەوە هەردوو دەستی بەرزکردەوەو کەوتە ورتەورتو چەند وشەیەك، ئۆریۆبین هاتەپێشو شمشێرەکەی لەدیلەکە داماڵی، لەم تاوەدا گریگۆریو ئەوانی دیکە گەیشتن، تەنانەت گریگۆری یارمەتی دیلەکەشی دا لەکردنەوەی شیر هەڵگرەکەدا، وادیاربوو دیلەکە پێی خۆش بوو چەکی بکەن، چونکە بزە دەیگرت، بەڵکو گیرفانیشی پشکنیو کیسەیە توتنی دەرهێناو ئیشارەتی کرد بۆ قەوزاق کە جگەرە بپێچنەوە لەتوتنەکەی ئەمانیش جگەرەیەکیان پێکردو پێخۆشحاڵ بون بەبۆنو بەرامی توتنی نایابی کابرای مەجەری، دوای ئەوەی یۆربین تفەنگی دیلەکەی لەسەر ئەسپەکەی کردەوە، بەعەریفەکەی وت:

ــ واچاکە بیبەین بۆ بارەگای سریە، لەوانەیە بیانەوێ قسەی لێ دەربێنن.

ــ بەڵێ، کێ چاودێری دەکات تا ئەوێ؟

ــ من.

ــ کەواتە، هەرئێستا بیبە.

وادیاربوو دیلەکە بەمەزەنە هەستی کرد کە قەوزاق چی لەبارەوە باس دەکەن، چونکە گیرفانەکانی گەڕو هەندێ پارچە شوکولاتەی دەرهێناو بەسەری ئیشارەتی دەکرد کە بەشداریم کەن برایان، قەوزاقیش شوکولاتەکەیان لەنێو خۆیاندا دابەش کرد، پاشان عەریفەکە لێی پرسی:

ـ چەکت پێیە؟ واتە دەمانچە، تاق. .تاق؟

بەپەنجەی ئیشارەتی کرد وەکو چۆن دەمانچە بتەقێنێ بەئاسماندا، بەڵام دیلەکە وەڵامی نەدایەوە، ڕەنگە تێ نەگەیەشتبێ، عەریفەکە پشکنیو هیچی نەدۆزیەوە دەفتەرێکی تێبینی بچوك نەبێت دایە ئۆریۆبین کەلەبارەگای سریە داینێ.

ئۆریۆبین سواری ئەسپەکەی بوو، خوڕیە دیلەکەو وتی:

ـ ئادەی، پێشم کەوە،هەوڵ نەدەی فریوم تاوەکو ڕابکەیت.

شۆریۆبین دیلەکەی دایەبەر و دیلەکەش دەیڕوانیە قەوزاقەکان دیکەو چاوەکانی ترسو پاڕانەوەیان دەنواند، عەریفەکە فەرمانی دا بەگریگۆری کەزینی ئەسپە بریندارەکە بپشکنێ، گریگۆریش زینەکەی هەڵگرت بۆ شوێنێكو لەوێ قەوزاق لەبێشەڵانێکی نزیکدا شاردیانەوە چونکە دەست ڕەنگینی دروستکردنی زینەکەیان بەلاوە جوان بوو، خۆیشی شەبقەی دیلەکەی گل دایەوە کەبۆنی ئارەقی لێدەهات. کاتێ کەهێشتا هەر خەریکی پشکنینی هەگبە بون، ئۆریۆبین لەدارستانەکەوە سەری دەرهێنا، تەنیا بوو هیچ دیلێکی لەگەڵدا نەبوو، عەریفەکە لێی پرسی:

ـ کوانێ دیلەکە! هەڵات لێت؟

ـ ویستی هەڵبێ.

ـ بەرەڵلات کرد ڕابکا.

بەم جۆرە عەریفەکە بە تەوسەوە قیڕاندی، ئۆریۆبین وەڵامی دایەوە:

ـ لای دارستانەکەدا، ویستی. .بەڵام لێ هاتمە دەست.

گریگۆری هاواری کرد:

ـ درۆزن! هەی جانەوەر بەبێ هیچ هۆیەك کوشتومە.

ـ ئەی بۆچی هاوار دەکەی؟ چیت داوە بەسەریەوە، وادیارە حەزدەکەی بچیتە لای ئەو؟

گریگۆری بەتووڕەییەوە هەڵساو پەلاماری دایە تفەنگەکەی پەنجەی خستە سەر بەلەپیتکەو پەنجەی پیانا بەڵام عەریفەکە سەرنجی گرژبونی دەمارەکانی گریگۆریداو دای لەتفەنگەکەو لەدەستی خستیە خوارەوە، پێش ئەوە گولەکە بتەقێ، لەم کاتەدا گولله دوور گیزاندی بەئاسمانداو بەرئۆریۆبین نەکەوت.

گریگۆری تفەنگەکەی خۆی هەڵگرتەوەو بەرانبەر بە ئۆریۆبین ڕاوەستاو هەموو ماسولکەیەکی لەشی کەوتبوە لەرزین.

ئۆریۆبین وتی:

ـ ئەوە منم لەبەردەمتا، تفەنگەکەت هەڵگرەو سەرلەنوێ بیتەقێنە.

گاڵتەپێکردنێکی سەختو تاڵ لەقسەکانیدا دەردەکەوت، دەستی لەسەر مشتووی شمشێرەکەی بوو، کەئەگەر گریگۆری بەجۆرێك بجوڵایەتەوە بۆ هەڕەشەکردن لەژیانی، ئەوکاتە ئۆریۆبین شمشێرەکەی دەیکردە دولەتەوە، وەکو پارچە پەنێرێك.

ئەم ڕوداوە دەماری قەوزاقەکانی دیکەشی گرژ دەکرد، لەبەرئەوە عەریفەکە فەرمانیدا سواربن و بگەڕێنەوە بۆ بارەگای سریە، نەوەك شتێکی وا ڕوبدات ئەنجامی بەخراپە بشکێتەوە، پەڵە هەورێکی تاڵی نێوچەوانی گریگۆری شڵەژاوی داپۆشیبوو، بەرانبەر بەو ڕوخسارە سەخت و ڕەقی نێوچاوانی ئۆریۆبیندا بەدی دەکرا.

ئۆریۆبین وتی:

ـ ئەو درۆ دەکا، نامکوژێ، ئەو ناوێرێ ئەوە بکات.

گریگۆری هچی نەوتەوەو بەڵکو لەگەڵ مەفرەزەکەدا ڕۆیشت. لای ناو دارستانەکەدا ئەو یەکەم کەس بوو دیلە مەجەرییەکەی بینی لەناوەڕاستی گۆلاوێکی خوێنی خۆیدا گولۆلەبوبوو، ئۆریۆبین بەشمشێر دابووی بەتەپڵی سەریداو ناوکی لەت کردبوو، گۆشتی ئادەمی سوریشی خوێن لێ چۆڕاو لەهەردوو لاوە دەرکەوتبوو.

لەپێش هەمووش تێکەوە دەوایە سریەکەی گریگۆری و چانێکی بدایە دوای ماندوو بونەکەی ئەم دواییەی و بەتایبەتی گریگۆری، بەڵام فەرمانی عەسکەری توندو سەختەو ئەملاولای بۆ نیە، سەرکردایەتیش گرنگییەکی ئەوتۆ نادا بەمانەوەی ئەو مرۆڤانەی یاری دەکا بەتواناو دەسەڵاتیان، جەنگیش جەنگە، لەبەرئەوە قپەلاماردانی ڕوس بۆ سەر گوندەکە بۆ بەیانی ئایندە دەستی پێکرد. نەخشە وادانرابوو کە دوو کەتیبەی پیادە لەناوەڕاستەوە دەست کاتە هێرش بردن و لەهەردوو باڵیشەوە دوو سریەی سوارەی قەوزاق پشتگیرییان بکەن، بەڵام لەبەر هەر هۆیەك بوو پیادەکان دواکەوتن بگەنە ئەوێ لەکاتژمێری دیاریکراودا، سەرکردایەتی لەبری ئەوان کەتیبەیەکی تر لەتفەنگچییان دانا، هەروەها وا بڕیار بوو بەتەریەیەکی تۆپی مەیدان پاڵپشتی ئەو هێرشە بکات، بەڵام ئەو بەتەریەیە کەوتە هەڵەیەکی گەورەوە لەدیاریکردنی گۆشەو مەودای هاویشتنداو گوللە تۆپەکانی باراند بەسەر سریەکەی قەوزاقدا لەجیاتی سوارە نەمساییەکان،س ەرباری ئەمەش شەستیرێکی نەمسایی بەتوندی قەوزاقە پێشکەوتووەکانی ئاگرباران دەکرد.

ئا لەم بارودۆخە سەختەدا فەرمان درا بەسریەکە گریگری کەلەدارستانە چڕەکەوە هێرش بباتە سەر گوندەکە. شتێکی ئاسایی بوو کەئەفسەری لێپرساو نەتوانێ لەوێدا ڕێكوپێکی سریەکەی بپارێزێ، چونکە قەدی دار سنەوبەرەکان بواری ڕێکردنیان نەدەدا بە تەشکیلاتی عەسکەری ویستراو، هەروەها گولە تۆپەکانی بەتەریەکەو ڕەشاشی نەمساییەکان قەوزاقیان ناچار دەکرد پەرش وبڵاوببنەوە.

لەکاتێکدا کەسریەکە لەدارستانەکە دەپەڕییەوە نرکەی تۆپی نەمساییەکان لەپشتیانەوە جاجار دەهات، پاشان دەبوو بەخرمە گوللەو حیلکە حیلکی ئەسپ و هەراو هوریای شەڕ بەردەبویەوە، بەڵام دیسان هەر لەپشتیانەوە ئەمانیش سەریان سوڕدەماو دەیانپرسی: تۆ بڵێی نەمساییەکان لاباڵەکەی دیکە ڕوسیان لەناوبردبێ ! .

لەڕاستیدا هەرواش بوو، ئەو گەمارۆدانەی ڕوسەکان دەیانویست سەرنەکەوت، سوارەی مەجەری لەسوپای نەمسادا توانیان لاباڵی هێرش بەری لای چەپ تێك بشکێنن، پاشان کەتیبەی تفەنگیش ببەزێنن، گریگۆری دوای تۆزێ سەرنجیدا ئاراستەی ڕێرەوی، پاشان سریەکە وەرگەڕایەوە، ئەو ئێستا لەپاشەکشێ دەکات لەدارستانەکە لەجیاتی بەرەو پێش چوون بۆ گوندەکە، کاتێ سریەکە پاشەو پاش لەدارستانەکە دەرچوو، گریگۆری شەش کەسی لەسوارە مەجەرییەکان بینی جەنجاڵی ئەسپەکان بوون لەگەڵ تۆپێکی مەیداندا.

فەرماندەی سریەکەی گریگۆری بانگی کرد:

سریە، بەشمشێرەکانەوە، بۆ پێشەوە، دەرچۆ.

تاویاندا بەتەریە مەجەڕیەکە، قەوزاق ئابلۆقەی شەش کەسەکەیانداو ێرا کاریان تەواوکردن. گریگری لەیادیەکە چۆن پاسەوانی بەتەریەکە کەوتبوو بەسەر ملی ئەسپەکەیداو باوەشی پێداکردبووو خوێنو مێشك پژابووە سەر کراسەکەی، ئ ەسپەکەی گریگۆری بەسەر لاشەی پاسەوانی کوژراودا ڕۆیشتو شێلای، پەراسووەکانی تێك شکاندو قرچێکی ناهەمواریان لێوە هات.

بەتەنیشت ئەو لاشەیەشەوە دوو مەجەری ڕاکشابوون، چوارەمیش بەسەر گالیسکەی تۆپەکەدا بەدەمدا کەوتبوو، ئەفسەری بەتەریەکە هێشتا زیندووبوو، تەقەی کرد لەقەوزاقێك کەراستەوخۆ لەبەردەمی گریگۆریدا بوو، کابرای قەوزاقیش لەسەر پشتی ئەسپەکەی کەوتەخوار بەتەنیشت هەردوو مەجەریەکەوە ڕاکشا.

لەبەرئەوەی گریگۆری ڕووبەڕوو بەرانبەری ئەفسەرەکە بوو، ویستی ئاراستە بگۆڕێتو هێرش بباتە سەر ئەفسەرەکە لەلای چەپەوە، بەڵام ئەو بەلادا تەقەی لێکرد، ئەوکاتە گریگۆری پڕی دایەو شمشێرەکەی چەقاندە ژێر دەفەی شانی ئەفسەرەکەداو شمشێری دوەمیشی کێشا بەلای سەروی بڕبڕەی پشتیداو پاشان بەشمشێری سێیەم کەللەی سەری تاوەکو هەردوو گوێی لەت کرد. ئەفسەری مەجەری بەسەر کەوتە خوارەوە دوای ئەوەی پشتی کوڕبوەوەو ڕوخساری ڕەشی هەڵگەڕا لەتاو ئێشو ئازاردا.

پاشان گریگۆری بەتوندی لەدواوە لێدرا بێهۆشی کرد، تامی خوێنی لەدەم فیچقەی کردوی چەشتو زانی کەوا دەکەوێتە سەر زەوی‌و دوا شت کە بینی زەوییەکی ڕەق‌و تەق بەشێوەیەکی تەمژاوی دەجووڵێ‌و هەردوو کونتە لووتی ئەسپێك‌و پێی سوارێك بەئاوزەنگی ئەو ماینەوە لەبەردەمی ئەسپەکەیدا ڕاوەستابوو لە دەرونی خۆیدا هەستی کرد کە: (ئا ئەمەیە کۆتایی ).

لەناوەڕاستی مانگی ئابدا مولازیم یەڤگینی لیستنسکی بڕیاری خۆیدا، بۆ سەکردەکانی خۆی نووسی تکای کرد کە بیگوێزنەوە لەکەتیبەیەکی گاردی..ئەمپەراتۆریی شکۆمەندەوە بۆ کەتیبەیەکی ئاسایی، واتە لەگەڵ قەوزاقەکانی دیکەدا بێت.

سەرکردایەتی داواکاریەکە جێبەجێ کرد، دوای سێ حەفتە فەرمانی ڕاگوێزانەکەی پێ ڕاگەیەنرا. لەبەرئەوەی یەڤگینی لەبەرهەڵستی باوکی دەترسا بەرانبەر ئەم هەنگاوەی، نامەیەکی بۆ نوسی‌و هۆی ئەم ناچاربونەی بۆ دورکەوتنەوەی لەتسار دەربڕی.

کورتەی ئەوەی کەلە نامەکەیدا هاتبوو، کەئەو یەڤگینی وەڕس بووە لەگیانی نادڵسۆزی کە تەشەنەی کردووە لەنێو ئەفسەرانی گاردی ئەمپەراتوریداو بێ ئەمەکی‌و نکوولی کردنیان لەچاکەی خاوەن شکۆ. لەبەرئەوە بڕیاری گواستنەوەی داوە بۆ یەکێك لەکەتیبە ئاساییەکانی سوپاو هیچ مەبەستێکی نیە لەوە جگە لەدوورکەوتنەوە لەو دەوروبەرە نەخۆشە کە شیاوی ئەمپەراتوور نیە لەلایەن ئەو ئەمپەراتورە پیاوچاکە، کەلەوێنەی فریشتەدا لەڕوخسارو ئاکاریدا، تەنانەت خانمی ئەمپەراتوورەش ئەفسەرانی گارد ڕێزی لێ ناگرن بەڵکو ئابڕووی لەکەدار دەکەن‌و بەسووکیش باسی دەکەن، هەمووان هەست بەهیچ خۆشەویستیەك ناکەن بەرانبەر بنەماڵەی پاشایەتی، ئەمەش ژیان نیە لەنێو ئەمانەدا.

لیستنسکی بەشەمەندەفەر چوو بۆ بارەگای ئەو کەتیبەیەی تێیدا دانرا. لەشەمەندەفەرەکەدا قەشەیەکی ڕوخسار لادێی بەرانبەری دانیشتبوو فەرموی لێکردو هەندێك لەشیرینیەکانی خۆی لەگەڵدا بخوات، مولازمیش پۆزشی بۆ هێنایەوە کەناتوانێ، پاشان بەکەمێ سلوکیەوە کەوتنە دەمەتەقێ‌و کورتەی بیروڕای قەشەکە ئەوەبوو کەسەربازانی

تسار بەباوەڕهێنانەوە شەڕناکەن، لەبەرئەوەی خواناسی زاڵ بوە لەنێوانیاندا، چونکە خەڵکی شارەکانو ڕوناکبیرـ بەڵام سەربازانی جوتیارو قەوزاق ئەوا بەڕاستی بەبڕوان، هەر لەسەر دەستی ئەواندا سەرکەوتن بۆ ئەمپەراتوور وەدەس دێت، ئەو هۆیەی کەپاڵی بەقەشەوە ناوە بچێت بۆ بەرە مووچە کەمیو خیچزانی فرەسەریەتی، کەواتە ئەم پیاوە ئایینیەی خۆی لەخاچێکی گەورەوە پێچاوە بەتەمای قازانجێکی زۆرتربوو لەڕێگای هاندانی جوتیارانەوە بۆ سەربڕینی دوژمنیان!.

ئەو شەمەندەفەرەی لیستنسکی سواری بوو بوو نەدەگەیشتە جێگای دامەزرانی، بۆیە ناچار بوو سواری شەمەندەفەرێکی دیکە ببێ کە خەستەخانەیەکی مەیدانی تێدابوو، پزیشکە جەنگیەکە لەگەڵیدا دەدواو دەیوت:

ـ تۆ بیر لەمە بکەرەوە جەنابی مولازم ئەم خەستەخانەیە ئێستا لەکەرتێك دەگوێزرێتەوە کە شەڕێکی خوێناوی تێدا بەرپابووە، لەئەنجامیدا زیانی زۆرمان لێکەوتوە، هەزارەها بریندارو سەدەها کوژراوو هەموشیان لەوپەڕی پێویستیدان بۆ خزمەتگوزاری ئێمە، کەچی لەگەڵ ئەمەشدا ئەفسەرانی ئەرکان ئەم خەستەخانەیەیان گواستەوە بۆ کەرتێکی دیکە نازانین چۆنی کات تێدا بەسەر بەرین. پێش چەند ساڵێك جەنگمان لەگەڵ ژاپۆندا دۆڕاند، بەڵام لەو دوڕاندنە هیچ شتێ فێر نەبوین.

ئەوەی کەئێمە چاکی دەزانین خۆهەڵکێشانی بۆشو بەتاڵە.

لیستنسکی عەوداڵو بەبەرۆش بوو بۆ خزمەتکردنی ئەمپەراتوور بەوپەڕی دڵسۆزی نیگەران بو لە قسەکانی پزیشکەکە، بەڵام لەبەرئەوەی پلەی نزمتر بو لەپلەی پزیشکەکەو هەروەها ئەو پزیشکەش فەرماندەی لێپرساو بوو لەفارگۆنی خەستەخانەکەدا، نەیویست تەنگوچەڵەمەی نوێ بۆ خۆی ساز بکات، بەڵام ئەو سەربازەی لەگەڵ لیستنسکیدا دانیشتبوو بەتەواوی وروژاندی، ئەوش ئەوەبوو کەئەم سەربازە کەلاکی ئەسپێکی بینی لەتەنیشتی ئەسپێکی بیی لەتەیشت ڕێگەکەە و تی:

ـ کەلاکە تۆپپێك لەچەقی ڕێگەکەدایەو ەس نایئاوزێ بیخاتەچاڵێکەوەو دایپۆشێ ئا بەم جۆرەین ئێمەی ڕوس، بەڵام ئەڵمان خۆ ئەوە کارەکە جیاوازە لەلای ئەوان.

لیستنسکی قیڕاندی بەسەریدا:

ـ ئەی تۆ چی دەزانی؟ بێدەنگ بە.

ـ من شتی زۆر دەزانم، سێ ساڵ لەئەڵمنیادا ژیاوم. لەکارگەیەکی جگەرە لەوێ کارم دەکرد.

لەکۆتاییدا فارگۆنی خەستەخانە گەیشتە گوندی بتریزنیاکی کە کەتیبەکەی لیستنسکی تێدا جێگیر بوبو. لەقەراخی گوندەکەدا فارگۆنەکە بەلای کاروانێکی سەربازانی برینداردا گوزەری کرد. کاروانەکە لەفارگۆنەکەدا بون، مولازم بریندارەکانی بینی، یەکێك نانی وجوی بەڕشانەوەیەکی ڕەش هەڵیدەهێنایەوە، یەکێکی دیکە هەردوو کوڵۆکی پچڕابوو ڕاکشابو دەینکاند، سێیەم جوێنی دەدا، هەروەها لەفارگۆنێکەوە شەش برینداری تێدابوو، دەیبیست، یەکێك دەیوت:

ـ وادیارە ئەمبەراتوورەکەیان ناردوێتی بۆ لای تسار داوای ڕاگەیاندنی ئاشتی دەکات، پیاوێکی ڕاستگۆو جێگەی بڕوا ئەم هەواڵەی دامێ، ئەو در ناکات.

لیستنسکی بایەخی بەوەنەدا، چوو بۆ فارگۆنی کەسێ قەوزاقی تیادا کەوتبوو وتی:

ـ ئێوارەتان باش قەوزاق، ئێوە لەکام کەتیبەن؟

ـ دوانزەمین، باشە تۆ خەڵکی فیشنسکایای؟

ـ بەڵێ، لەکوێ بریندارببوون؟

ـ لەشەڕی گوندەکەدا، لەوانەیە مولازم لیستنسکی بیت؟

ـ بەڵێ، ئەی ئێوە چۆنن؟

ـ وەکو دەبینی، هیچ جگەرەت پێیە خاوەن شکۆ؟ تکایە، بماندەیتێ.

ـ بیبەن.

ـ لیستنسکی ئەمەی وتو پاکەتی جگەر نایابەکەی بەتاڵ کردووەو قەوزاق لەدەستیان فڕاند، بڕوایان بەخۆیان نەدەکرد کەئەمەیان دەستکەوێ، پاشان پرسیاری زیانەکانی کەتیبەکەی لێکردن لەشەڕی ئەم دواییەداو ئەوەی کە بیستی ئەمەبوو:

ـ زۆرمان لێ کوژراوە، هەر مەپرسە خاوەن شکۆ، لەتاتارسك سیان کوژراوە، ئای. . قەوزاق. .زۆرمان لێ مردن لیستنسکی بریندارەکانی بەجێهێشتو ڕۆیشت بۆ چاوپێکەوتنی فەرماندەی کەتیبەکە دەبێ بەسەرکردەی ڕاستەوخۆی لەمەوپاش ڕەیس عورەفایەکی کورتەباڵای ڕیش درێژ، پێشی کەوت بۆ ماڵی فەرماندە، لەوێ لیستنسکی چەند کاتبێکی بینی لەهۆڵێکی دەروەدا سەریان شۆڕکردوەتەوە بەسەر مێزەکانیداو کۆمڵە کاغەزیان لەژێر دەستایە. پاشان ڕاڕەوێکی کورتی بینی دەچێ بۆ ژورێکی تەنگەبەر کەمێزێکی گەورەی تێدایە، چەند ئامێرێکی تەلەفۆنی لەسەرە، لەپشتی مێزەکەوە پیاوێکی سورسێی درێژ دانیشتبوو، برینێکی قووڵ بەچەناگەیەبوو، ئەمە بوو کۆلۆنیل فەرماندەی کەتیبە، کۆلۆنیل وتی:

ـ سەرکردایەتی دامەزراندنی تۆی لای ئێمە پێ ڕاگەیاندمو من چاوەڕێی هاتنت بوم مولازم لیستنسکی کۆلۆنیل لەوکاتەدا بەئستەم چاوە ماندوەکانی لەمێزەکەی بەرزکردەوە، مولازم بەزەیی پێداهاتەوەو بەڕێزیشەوە سەیری دەکرد لەهەمان کاتدا لەدڵی خۆیدا وتی:

چ کۆلۆنیلێکی ئیشکەرە ئەوەتا ئەو برینەی چەناگەی بەڵگەی قارەمانێتییە ، بەڵام دوایی ئەوەی کە کۆلۆنیل پرسیاری لەناخۆشیو بێزاربوونی سەفەرەکەی کرد وتی: (مولازم هیچ شتێك نیە کاتی پێوە بکوژی، ڤۆدکا خواردنەوەو یاری کاغەز نەبێ)، لەبەرچاوی لیستنسکی کەوت کە چاوپێکەوتنەکەی بەسەرنەکەوتوو دانا کۆلۆنیلیش بەشیاوی پلەکەی دانەنا.

چەند حەفتە تێپەڕبو پێش ئەوەی لیستنسکی بەشداری بکات لەشەڕی فیعلیدا، ئەوکاتە کردنەوەیی ڕێگایەکی ستراتیژی خوایە ئەستۆی ئەم تیپە کەئابلۆقەی بەرەبدات ب پشتی هێڵەکانی دوژمن، تیپەکە بەچاکی بە ئەرکە هەڵسا: دەستەی نەمساییەکانی بەرانبەری لەناوبردو ئەو جێگایانەی پێویست بوو بۆ دروستکردنی ڕێگەکە گرتنی، لەوکاتانەدا سریەکان کەتیبەی دوانزەمین لەزۆر جێگادا دەستەویەخە بوونەوە لەگەڵ دوژمندا، مولازیم لیستنسکی ڕۆڵێکی چاکی دەبینیو ئەوە دێتەوە یادی کە چۆن سریەکەی بەفەرماندەیەتی کۆلۆنیل کالمیکۆڤ ڕۆژێکیان لەبەرە دەگەڕایەوەو بەقەوزاقێکی بریندارداتێپەڕی کەلەژێر لاشەی ئەسپە کوژراوەکەیدا دەینکاند. کابرای قەوزاق هاواری کرد:

ـ ڕزگارم کەن برایان، وازم لێ مەهێنن دەمرم، هیچ نەبێ بمکوژن.

بەڵام لیستنسکی گوێی خۆی لێ کەڕکرد، کابرای قەوزاقیو ئەسپەکەی بوون بەژێر پێی ئەسپەکانی سریەکەوە، کاتێ کەسریەکان گەڕانەوە بۆ بارەگان هەر دوانزە ئەفسەرەکە خۆیان ترنجادە کۆڵینێکی پیسەوە تاوەکو تێیدا بنوون، پێش نووستنیان خەریکی قسەو باسی جۆراوجۆر بوون، بۆ نمونە کالمیکۆڤی بەڕەچەڵەك منگۆل وتی:

ـ ئای، من کۆتایی ئەم جەنگە نابینم، دەمرم، من بۆ ئەم شەڕە پیسە دروست نەبوو، خۆزگە لەپێش چوار سەدە دەهاتمە دونیادا، ئەوکاتە ڕوبەڕوو شەڕم لەگەڵ دوژمنەکەمدا دەکرد، بەڵام ئەوەی بیانبینین باشە لەشمشێرنێزەپیاوانەتر هەیە.

ئەوانی دیکەش گفتوگۆیان لەگەڵ یەکتر دەکرد:

ـ تۆ پێکی گەمارۆیی نەمسایم بینی. . دیویکە بۆ خۆی.

ـ ئای کەبلیمتن لەنیشان پێکاندا.

ـ بواری سوارە لەپاشەڕۆژدا نامێنیو تیپەکانی سوارە هەڵدەوەشێنەوە.

ـ بەڵێ، کار دەبێ بەشەڕی مەکینەو ئامێر.

ـ باشە تۆ بڵێی مەکینە شەڕ بکات پێویستی بەسوارە بەردەوام دەمێنێ.

ـ ئەی سوارە چی بکات لەبەردەمی مەکینەو ئامێردا مەکینە نامرێو قایل نابێ بەشێلانی پیاوێك یان کاول کردنی جێگەیەك.

ـ باشە مولازم پێم بڵێ، ئەسپ سوار چیبکا ئەگەر ئەڵمان بەدرێژایی بەرە خەنەکێکیان هەڵکەند.

ـ ئەسپ سوار هەڵدەکوتنە سەری.

ـ قسەی هیچ.

ئەفسەرەکان تێربون لەدەمەتەقێو زۆربەیان بەشدارییان تێدا کرد، یەکێکیان وتی:

ـ بەسە... لێمان گەڕێن با وچانێ بدەین بە پاشی خۆمان.

بەڵام هەر ئەم ئەفسەرە بەلیستنسکی وت: ( پێویستە قسە لەگەڵ سەربازێکدا بکەی لەدەستەکەی خۆتدا ناوی پۆنچۆکە، ئەو پسپۆری مەکینەیە، قەوزاقە بەڵام لەڕوسیادا ژیاوە).

ڕۆژی ئایندە فەرمانیچك لەفەرماندەی کەتیبەوە دەرکرا بۆ لیستنسکی کەسەرکردایەتی دوریەکی هەواڵ زانین بکات، کاتێ لەگەڵ چوار سەربازدا لەسواربوندابون قەوزاقێك هات سکاڵای لەعەریفەکە کرد کەڕێگەی نەداوە لەدەورێکدا دەرچێ. لیستنتسکش وتی:

ـ من ڕێگەت دەدەم، وەرە، تۆ موتەوعی؟

ـ بەڵێ، ناوم پۆنچۆکە.

ـ لەلای منەوە بە، دەمەوێ قسەت لەگەڵ بکەم.

کاتێ کەئەسپەکانیان لەپاڵ یەکدا دەرۆیشتن مولازم وتی:

ـ پۆنچۆك، بۆچی تەتەوعت بۆ سوپا کردووە؟

ـ بۆ ئەوە هونەر جەنگ چاك فێربم، من زۆری ئارەزوو لێدەکەم.

ـ بەڵام خۆ قوتابخانەی جەنگ هەیە.

ـ لەبوری پراکتیکدا دەمەوێ گەورەم.

ـ باشە، کارت چیبوو ئەوەی تەتەوع کەی؟
ـ من کرێکاربوم لەپێتێر بوورگو لەکارگەکانی چەکدا لەتولا، خۆزگە دەگوێزرامەوە بۆ مەفرەزەکانی ڕەشاش.
ـ دەزانی چاك بەکاری بێنی؟
ـ هەموو جۆرەکانی، برێنو هۆچکیسو ماکسیمو فیکەرزو هی دیکەش.
ـ کەواتە من باسی تۆ دەکەم بۆ فەرماندەی کەتیبە.
لیستنسکی ئەرکی دەورێی هەواڵ زانینی بەرێوەبرد، بۆی ئاشکرا بوو کە مەفرەزەیەکی ڕەشاشی نەمسایی لەمەبەستەکەیانەوە نزیکە، بەم زانیاریانە لەگەڵ سەربازەکانیدا بەغاردان گەڕانەوە بۆ بارەگای کەتیبە، لەملاشەوە ڕەشاشەکە کەوتە هاندانی ئەسپەکانیان بۆ ڕاکردن لەبری قامچییەکانی خۆیان، چونکە بەدرێژایی زۆربەی ڕێگەکە نەبڕا.
مولازمەکە سەرنجیدا کەهاوڕێ چوار شانەیەکی، تووکنی، تێکسحراوبوو، ئەوەندە بەسام بوو دەتوت ورچی شکێنەرەو چاوەکانی بریسکەیەکی جانەوەرانەی سەیریان لێوەدەهات.
هەوڵیدا رشوخساری پۆنچۆك بخوێنێتەوە چۆن پیاوێکە، بەڵام دەموچاوی ئەو پەردەیەکی شاراوەو نادیاری وا پێچرابوە کە مولازم نەیدەتوانی تەلیسمەکانی بکاتەوە، تەنانەت دوای ئەوەش کە زۆرجار یەکتریان دەبینی، جارێکیان لێی پرسی:
ـ کەاتە، تۆ خەریکی هونەری جەنگ فێر دەبیت.
ـ بەڵێ، گەورە.
ـ ئەی دەتەوێ چ کارێك بکەی دوایی جەنگ؟
ـ خەڵکی ئەوە دەدرونەوە کە دەیچێنن.
لیستنسکی سەری سوڕما لەکاری ئەم مرۆڤە کەتەلیسمو نهێنی لێی ئاڵابوون.
ئەگەر چی کەئەتمانی گوندی تاتارسك لەرۆژی یەکەمدا وتی: (چەند رۆژێکەو پاشان دەگەڕێینەوە ماڵی خۆمان).
بەڵام هەواڵو ڕووداوی بەدووی یەکدا هاتوو بەڕویدا هاواریان دەکرد: (کەوابوو تۆ قەوزاقت تەفرە دەدا ئەتمان ).
وەجبەی ئیحتیاتی دومیش بانگ کرا دوای رۆیشتنی پیۆتەر لەوەجبەی یەکەمدا، پاشان وەجبەی ئیحتیاتی سێیەمیش هات بەدوایدا، تا وای لێهات دەتوانرا بووتری: (تاتارسك لاوانی قەوزاقی تیادا نیە). ئەگەر چی مێرگەکان کەس نەبو بیانورێتەوەو گژوگیای دەشتەکە کەس نەبوو گزرەی کات، خۆ گردو یاڵەکانی سنوری نێوان روسیاو نەمسا بەهیچ کلۆجێ بێ قەوزاق نەبوو.
لاشەکانیان لەو ناوەدا لەوێ پەرشو بڵاوبوبونەوە یاخود گولە سمی بونی، یان شمشێرو نێزە شێواندنی.
بۆگەنی پیسی لاشەکانیان ملی پیاوی دەشکاندو بەتەواوی جیاوازی لەگەڵ بۆنی ئرەقی ژیاندا کەلە خاوەنەکانیان دەهاتت، کاتێ دەگەڕانەوە لەکارەکانیان بەسەر لێواری دۆنی خۆشەویستەوە.
ئەگەر چی تاتارسك ئەمی بەسەر هاتبوو، خۆ گوندەکانی دیکەی ئەوناوەش بەشیان لەم بەڵایە کەمتر نەبوو، سەر تۆپی خونچە گوڵی لاوەکانیان لێی دابڕابون و بوبون بەخۆراکی ئەسپێو گوللە لەگۆڕەپانەکانی کشتاردا.

دایکانی جەرگ سوتاوو ئافرەتانی بێوەژن کەوتوو، کچانی خاوەن دەستگیرانی نامۆو دڵدارو خۆشەویست..بەجارێ گریان ڕۆ ڕۆیان بوو بۆ پیاوەکانو (وای خۆشەویستەکەم..چۆن لێمیان سەندی)چەندەها جار لە زاری ژنانەوە دەردەچوو کاتێ دەڕۆیشتن بۆ مێرگەکەو داسی درەویان هەڵگرتبوو.

تەنانەت ئاسمانی تاتارسکیش وادەهاتە بەرچاو، جەرگ سوتاوو نێوچەوان گرژبوو، هەرچەندە سافو ساماڵ بوو بەشێوەیەکی نافەساڵ. خۆ دارستانەکەی پشتی دۆنیش وادەهاتە بەچاو کە تووشی زەردوویی بووە، دارەکانی سیسو زەردو دار بەڕووەکانیشی زۆر گەڵایو شکیان دەوەراند.

دۆنیش، ئەو باوکە ئازیزەی وا دیاربوو ئاوەکەی لێڵەو ڕەش دەچێتەوە، کە هەمووی خۆشیو شادی بوو، ئەو گۆستاخییە پڕ تەوژمو کەفەی لێ بڕابوو، وای لێهاتبوو خۆشیو دیقدار کەوتبوو زیاتر بەلای هێمنیو وەستاندا دەچوو.

لەم ڕۆژە ڕەشو تاڵەدا پانتلایە نامەیەکی لە پۆستەچی وەرگرت، ئەم پۆستەچیەش پیرێکی سەر ڕوتاوەی کوتو کوێر بوو، نامەکەی دایە دەستی دۆنیاو وتی:

ـ داوای لێبوردن دەکەم، شتێ کەهەواڵی جەنگ بزانم، تکام وایە ئەم کارەم ببەخشن.

دۆنیا بەنامەکەوە ڕای کرد بۆ لای باوکی ئەمیش بەپەلە وتی:

ـ لەگریگۆریەوەیە؟ یان لەپێوتەرەوە؟

ـ ئەمە دەسنوسی هیچ کام لەبراکانم نیە.

ناتالیاو ژنەکەی پانتلای لەدەوری پانتلایو کچەکەی کۆبونەوەو هەموویان هانی دۆنیایان دەدا کەبەپەلە بیخوێنێتەوە، بەڵام ئەو نامەکەی کردەوەو کەمێ منجە منجی کردو پاشان قیژاندی:

ـ وای. .بابە، دایە، کریشا، خۆشەویستەکەم، براکەم، کوژراوە.

هەموو بەشێك لەلەشی ناتالیادا کەوتە لەرزین، پانتلای هەڵسایە سەرپێو سەری وەکو یەکێکی دەلەرزی، دایکی گریگۆری زمانی بەستراو قسەی پێ نەکرا...دۆنیا بەهەموویاندا دەیڕوانی بەچاوێکی نەتروکاوەوە وەکو شێت.

لەنامەکەدا هاتبوو:

(پێویستە ئاگادارتان بکەمەوە کە کوڕەکەتان گریگۆری میلیخۆڤ، کەتیبەی دۆنی 12، بە قارەمانێتی مرد لە( 16)ی ئەیلوولدا لەپاش نەبەردێك کەناوی خۆی تێدا شەرەفمەند کردب ە ئازایەتیەوەو هیوام وایە ئەم مردنە پڕ ڕیزەی ببێ بەباشرین دڵنەوایتان کەلوپەلەکانی دەدەینە دەستی پێوتەری برای، بەڵام ئەسپەکەی لەکەتیبەدا دەهێڵینەوە).

پانتلای لەناکاو پیربوو دوای وەرگرتنی ئەو نامەیە، پشتی چەمایەوەو هەنگاوەکانی قورس بوو، ئەو بریقەیەی لەچاوەکاندا نەما کە پانتلای پێی ناسرابوو، لەکاتێکدا ژنەکەی ڕۆژانی ئازێتباری بەسەردەبرد، پانتلای دەمی لەخۆراکەوە نەداو هەمیشە تای لێهاتبوو، لەملاشەوە ناتالیا هەواڵی بێوەژن کەوتنی بەتەوای کۆڵۆلو بێچارەی کردو بەجارێ کۆستی کەوت، شێواوییەکەی دەموچاوی زیادی کردو لوەکەی ملی شوێنی ئەو داسەی کە ویستی خۆی بیکوژ بەرزبوەوە، بەڵام دەریا هەروەکو خۆی مایەوە، بەڵێ، یەکەمجار بەشداری ئەم خەمولێقەومانەی خێزانەکەی کرد، بەڵام هەر زوو بەزوو گەڕایەوە دۆخی جارانی خۆی، ئەگەر چی گریگۆری مردبێ خۆ پێوتەر هێشتا زیندووە، بەهەر حاڵ.

پانتلای زۆرجار لەدەرگای کەپرەکەدا وەستا پشان ئیشارەتی بۆ دۆنیا دەکرد بێت بۆ لای، ئەوکاتە نامەکەی دەدایە کەبەردەوام لەگیرفانی کراسەکەیدا هەڵیگرتبوو، پێی دوت: (بیخوێنەرەوە.. بەوپەڕی لەسەرخۆیی)، کاتێ کەئەویش دەیخوێندەوە، پانتلای ڕیش بەفرمێسك تەڕ دەبوو، پاشان نامەکەی وەرگرتەوەو قەدی دەکردو دەیخستەوە گیرفانی سەرلەنوێ.

خێزانی پانتلای نۆ ڕۆژ لەم حاڵەدابوونو دەردو ئازاریان دەچەپاندە دڵ، پاشان پیرەمێرد بانگهێشتنێکی کرد بۆ بایەڤیساریۆنی قەشە، لەبەرگیانی کوڕی کوژراوی، دوای ئەوەی بابەڤیساریۆنو هاوەڵەکانی نانیان خوارد، کەوتە دڵنەوایی کردنی باوکی جەرگبڕاوو وتی:

ــ (خێرەت بدە بەخۆت پرۆکۆڤیچ، تۆ خۆت دەزانی خەمو پەژارە سودیان نیە، ئەو کوڕەکەت بەئازایی مردوە، تا جەگولێنەی بەدەست هێناوە لەپێناوی تسرو نیشتماندا کاری ئەو تێکمەدە بەم زویریەت، زویری تۆ گۆناهێکی وایە لەوانەیە خوا نەیبەخشێ لێت).

ــ بەڵێ بابە (ئەو بەئازایی مرد)، ئەمە فەرماندەری ئەو یەکەسەربازییە نووسیبوی (کە..کە)تێدابوو.

ئەگەر چی ناتالیا جۆرێك خنورەو گومانی نادیاری بەدڵدا دەهات لەبارەی کوشتنی کریشاوە، خۆ ئیتر ئەو تاڵە دەزوە بێ هێزو خۆشەویستە بچڕا لەدوای بانگهێشتن بۆ گیانی ئەو.

ئەو ڕاستییە تاڵەی بەگرژو مۆنی بۆ دەرکەوت وەکو دانی گورگێك کە زستان زۆری برسێتی بۆ هێنابێ، بڕیاریدا نەمێنێ لەدوای کریشاکەی خۆیو بەپرتاو چو بۆ حەوشەکەو هاواری دەکرد:

(خۆم دەکوژم، هیچم بۆ نەمایەوە، هیچم بۆ نەمایەوە!)، بیرو خەیاڵی خۆ کوشتن وەکو ئاگر کەتبوە کەوڵی،ئەو بەڕاستی دەیویست خۆی بکوژێ، ئەگەر بهاتایەو دەریا نەیگرتایە، پاشان بۆ ماوەیەکی دوور بێهۆش نەکەوتایە ئەو نەیدەتوانی بەگری بەجێهێنانی ئەو بیرەی لێبکات.

ناتالیا بەنیوە بێهۆشییەك چەند رۆژێك مایەوەو هەر کاتێ نامەکەی بیردەکەوتەوە لەجێگەکە ڕادەپەڕیو دەیویست لەحەوشەکەدا خۆی بکوژێ، بەڵام دەیانگرتو نەیاندەهێشت ئەو کارە بکات.

دوای بانگهێشتنەکەی بابەڤیساریۆن بەسێ ڕۆژ پانتلای دوونامەی لەپێوتەری کوڕیەوە پێگەیشت، دۆنیا لەڕێگەدا خوێندنیەوە، پاشان بەرەو ماڵ ڕایکردو دەموچاوی خۆشی لێدەباریو هاواری کرد:

ــ کریشا زیندووە! بریندار بوەو نەمردووە، پێوتەر ئاوهای نوسیوە، ئەمە نامەکەیەتی.

هەموو خێزان دەوری کچەیان داو ئەمیش نامەی یەکەمی بۆ خوێندنەوە، ناوەڕۆکەکەش وابو کە کەتیبەکەی گریگۆری لەشەڕێکدا دەستەویەخەی بوەتەوە لەگەڵ سوارەی مەجەریداو ئەو سوارانە کەتیبەکەیان شپرزەکردووەو زیانی زۆریان لێداوەو قەوزاقێکی زۆریان کوشتووە، بەڵام گریگۆری سەری برینداربووو کەتیبەکەی بە کوژراو داینـاوە، میشاکوشیڤۆی بەپێوتەری وتوە کەگریگۆری ئەوش ەوە لە مەیداندا بوراوەتەوە، پاشان هۆشی هاتوە خۆیدا لەنیوەشەوداو بەسکەخشێ، بەرەو شوێنەکانی کەتیبە هاتوە، لەکاتی خشانیدا ئەفسەرێکی ڕوسی هاتوەتە ڕێگەو پارچە تۆپی لێیداوە..

سکی دڕیوە، یەکەمجار یارمەتیداوە پاشان لەگەڵ خۆیدا بەکێشی کردووەو هەڵیگرتووە تا گەیاندویەتیە سەربازانی فریاکەوتن، بەوشێوەیە لەمردن ڕزگاری کردووە.

بۆ ڕێزگرتنی ئەم پاڵەوانێتیە گریگۆری بەرزکراوەتەوە بۆ پلەی عەریفو ویسامی سانت جۆرجیشی پێدراوە، برینەکەشی سووکەو مەترسی نیە لەسەر ژیانی، بەڵکو دوبارە چوەتەوە بۆ بەرەش.
بەڵام نامەی دووەم پیۆتەر تێیدا داوای هەندێ بەرەگێلاسی وشککراوەی کردبوو، تکای لەکەسوکاری کردبوو نامەی لێ نەبڕن، هەروەها سکاڵای کردبوو لەگریگۆری کەئەسپەکە پشت گوێ دەخات، هانی باوکی دابو کەبنوسێ بۆ گریگۆریو ئاگاداری ئەوەی بکاتەوە، هەڕەشەی ئەوەشی لێبکات کەپیۆتەر کاتێ پێی گەیشت لێی دەدات، هەرچەندیشە کچەنابی ویسامی سانت جۆرج هەڵدەگرێ:
شتێکی ئاسایی بوو کەدڵخۆشی پانتلای بۆ پێدانی ویسام بەکوڕەکەی هیچ خۆشییەك بارتەقای خۆشی بەزیندوێتی ئەو کوڕە نەبێ، لەبەرئەوە هەردوو نامەکەی هەڵگرتو لەماڵ دەرچوو هەرخەریکبوو لەشادیدا لەکراسەکەی خۆی دەرپەڕێتە دەرەوە.
لەشەقامە گشتیەکەدا پانتلای هەر کەسێك بیزانیایە خوێندەواری هەیە هاواری لێدەکردو دەیوەستاندو ڕایدەکرد بۆ لای، ئەمجار لەبەردەمیدا هەردوو نامەکەی دەردەهێناو داوای لێدەکرد بیانخوێنێتەوەو لەوکاتەدا خۆشی لەچاوەکانی پانتلایدا هەڵدەبەزییەوەو دەموچاوی بەبەختەوەری سەرلێژیان دەکرد.
کاتێ کابرا لەخوێندنەوە دەبوەوە پانتلای پرسیاری لێدەکرد:
ـ بیروڕات چیە بەرانبەر بەکریشای کوڕم! ویسامی سانت جۆرجی بەدەست هێناوە، ئەو یەکەم کەسە لە گونددا ویسامی بەبەرۆکدا دەکرێ.
بێئەوەی چاوەڕێی هیچ وەڵامێك بکات پیرە دەستی دەکردەوە بەبازدان، بەڵکو بگاتە خوێندەوارێکی دیکە لەڕێگەکەدا، ئەلهەقی گوندەکە سەرتاپا ئەم هەواڵە هەژاندی، خەلچکەکەی باسیان دەکردو شادمان بوون بەو هاوولاتیەیان، تەنانەت سێرگی مۆخۆڤیش ئەم مەسەلەیە کاری تێکرد، لەدوکانەکەی دەردەچێ بۆ لای پانتلایو بەهەڵبڕینی شەبقەکەی سلاوی لەباوکی کوڕەی قارەمان دەکاو دەڵێ:
ـ دەقیقەیە وەرە ژوورەوە پرۆگۆڤیچ!
کاتێ پانتلای چوە ژوورەوە، مۆخۆڤ تەوقەی پیرۆزبایی لەگەڵدا کردو پاشان وتی:
ـ قارەمانێتی کوڕەکەتم لەڕۆژنامەکەدا خوێندەوە، تکام وایە کە دیارییەکی خۆتت بۆ نارد ئەمەی منیشی با لەگەڵدابێت.
ئەمەی وتو نایابو شیرینی گرانبەهای هەڵگرتو خستنیە دەستی پانتلایەوە، ئەمیش بردنیو لەخۆشیدا بڕوای بەخۆی نەبوو.
کاتێ کەبەم کارتێکردنە چاوەکان فرمێسکیان تێزا، لەدڵی خۆیدا دەیوت: (ئای، پیری پەی پێ بردم،ئێ ەمە منم لەسۆزدا دەگریم، من ئەو پیاوە ڕەقەبوم کەپریشکە ئەستێ نەیدەتوانی فرمێسك لەچاوم بێنێ.
بەبێ ماندووبوون هەشت پوو دانەوێڵەم بەسەرپشت هەڵدەگرت، بەڵام ئێستاکە بەسەر دار عەساکەدا دەنووشتێمەوە..ئای زەمانە ڕوت ڕەش بێ! بەڕاستی کریشا هێزی لێ بڕیم..)

کاتێ پانتلای بەنزیکی ماڵی میرۆن کۆرشۆنۆڤی باوکی ناتالیادا گوزەری کرد، بەپێچەوانەی جارانەوە بانگی لێکرد، چونکە وازهێنانی کریشا لەناتالیا بارودۆخێکی لێکدوورکەوتنەوە، بەڵکو ڕقیشی لەنێوان هەردوو خەزودا دروست کردبوو، زۆرجار میرۆن لەبارەی کچەکەیەوە بەژنەکەی خۆی دەوت:

ـ ئەو قەحپەیە، خۆیشیو منیشی سەرشۆڕکرد بەمانەوەیی لەماڵی ئەواندا، ئەو بەشوێنی کریشادا ڕادەکا، بەڵام ئەو دەریکردو بایەخی بۆ دانەنا..

ئەوکاتە ئیدی ژنەکەی بێدەنگدەبوو.

بەڵام ئێستا، کەگریگۆری بوو بە قارەمان لەبەرچاوی گوند، میرۆن لەپیشەیجارانی هاتەخوارو دەستپێشکەری کرد بەقسەکردن لەگەڵ پانتلایدا:

ـ تەندروستیت چۆنە؟

ـ باشم.

ـ بازاڕت دەکرد؟

ـ نە، ئەمە دیارییە بۆ کوڕەکەم، کریشای قارەمانمان فەرموو هەندێ شیرینی بخۆ.

پانتلای هەردوو پاکەتەکەی بۆ ڕاگرت، بەڵام ئەو ڕووی وەرگێڕاو دەیویست بڕواو دەیوت:

ـ ئێ.. کەواتە ئاوەها. .

ـ پێم وتی فەرموو، ئەمە شوکولاتەی کوڕەکەمە بۆم ڕاگرتوی. .نایابەو هێجگار شیرینە، وا هەست ناکەم ژیانیشت وەکو ئەمە شیرین بێت، بخۆ، لەوانەیە کوڕەکەی تۆش ڕۆژێ لەڕۆژان ڕێزێکی دەست کەوێ.

ـ خۆت هەڵمەقورتێنە لە تایبەتیەکانی ژیانم، ئەمەی بەبێزکردنێکی ئاشکراوە وت.

ـ بەهەرحاڵ یەکێکی لێ هەڵگرە، لەبەرخاتری من.

ـ ئێمە رشانەهاتوین لەدیاریی خەڵکی غەریب بخۆینو کەسیش لەخێزانی ئێمەئەوەی نەکردووە، بەڵام وادیارە تۆ لەڕادەبەدەر لووت بەرزی.

ـ گوێ بگرە، گوێبگرە..من ڕامنەوەستاندووی بۆئەوەی بچین بەگژی یەکتردا، من ویستم لەبارەی کارێکەوە قسەت لەگەڵدا بکەم.

ـ نە، هیچ کارێك نیە لەنێوانماندا قسەی لێوە بکەین.

ئەمەی وتو بەتووڕەییەوە پشتی تێکرد، بەڵام میرۆن بەنەرمی قۆڵی ڕاکێشاو پانتلای هێدی بوەوە، میرۆن وتی:

ـ حەزدەکەم لەبارەی ناتالیاوە قسەت لەگەڵدا بکەم، خوێن لەئاو خەستترە پانتلای بەهەر حاڵ ئەو کچمە، تاکەی کوڕەکەت دەیکا بەگاڵتەجاڕی خەڵك؟

ـ ئەمە پرسیارێکە تەنیا کوڕەکە خۆی دەتوانێ وەڵامی بداتەوە، نەك من، لێی بپرسە.

ـ تۆ خۆت گەورەیی ماڵی، ئەی چۆن لەو بپرسم!

پانتلای وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو خۆی خەریککرد بەپارچە شوکولاتەیەکەوە کەوتە جوینی پارچەیەکی دیکەی ڕاگرت بۆ میرۆن..

پاشان سەری قوتووە توونەکەی هەڵپچڕیو ڕایگرت بۆ میرۆن، ئەویش جگەرەیەکی لێ پێچایەوەو ئەمجار دایگیرساندو بەشلەژاوییەوە دوکەڵەکەی دەکرد بەهەواداو وتی:

ـ ئەمە توتنێی بێ هێزە پانتلایی، لە پووش دەچێ.

ـ بەڵێ، وادیارە.

ـ تۆ وەڵامت نەدامەوە سەبارەت بەمەسەلەکەی ناتالیا.

ـ ئەی وەڵامی چ بدەمەوە، گریگۆری بەلای ئەم مەسەلەیەدا ناچێ لەنامەکەیدا..ئەو ئێستا بریندارە.

ـ دەزانم، بەڵام ئەمە ئەنجامی بەچی دەشکێتەوە؟

ـ نازانم، لەوانەشە بکوژرێ، ئەمە شەڕە.

میرۆن بەدالغەوەو پەژارەوە ڕوویدا بەیەکداو وتی:

ـ بەڵام ئایا شتێکی بەجێیە ئەم کارە بەشێوەیە بمێنێتەوە؟ ئەو نەکارەکەرەو نەژنەو نەبێوەژنە، ئای. .ئەگەر دەمزانی کار دەگاتە ئەم ڕادەیە، ئەوکاتە ڕێگام بەخوازبێنی کەران نەدەدا بێنە ئەم دیوی دەرگاکەمەوە..بەڵام..!

ـ پێم بڵێ..من چیم لەدەست دێ بیکەم، وادەزانی من ڕازیم بەدەرچونی کوڕەکەم لەماڵ، بەوشێوەیەی کە دەیزانی!!

ـ بۆی بنوسە کاکەبرا، داوای بڕیارێکی یەکجاریی لێ بکە.

بەزمانێکی گلەییو پێلێنان لەڕاستی پانتلایی وتی:

ـ ئاخر لەویش کچێکی منالی هەیە..

ـ لەمیش منالی دەبێ..باشە ئەو پیاوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات!! ئەم کچەم شێواوە بەوە ەویستی خۆی بکوژێ، باشە دەتانەوێ بینێرن بۆ گۆڕستان؟ ئەم دڵسۆزێتی، بەڵام ئەو لەقەی لێدەدا باشە ئەم کچە کۆیلەیە لای ئێوە؟

ـ کۆیلەیە! ئەو لەکچێکی خۆم خۆشەویستترە لەلام، لەوە زیاتر وڕێنە مەکە.

ئەگەر ژیان لەڕێڕەوی ڕاستەقینەی خۆی لایدا هەربەزوویی لەهەر دەو هەڵەتی نامۆدا ون دەبێ، ئەوەی دوێنێ تەنکاو بوو بۆ سبەینێ وەردەگەڕێ بۆ تەوژمێکی قووڵی بێ پەی..

ئا بەم جۆرە ژیان لەلای ناتالیا وو بوو دوای ئەوەی ڕۆژانی دورودرێژ بەوەستاوی مابوەوە.

نامەیەك لەگریگۆرییەوە گەیشتە کەسوکاری، ڕازاندبویەوە بەسڵاوو ڕێزی بۆ ناتالیا، هەر ئەمەش کەم بو لەناتالیادا بۆ ئەوەی بابداتەوەو بەلایەوەو جموجوڵ بکات، لەبەرئەوە دەبینین لەناکاو بڕیاری پێویستی چاوپێکەوتنی ئەکسینیا دەدات، بەڵام ئەکسینیا نیشتەجێی یاکۆدنایەیە، کەواتە دەبێ ناتالیا پێ هەڵگرێت بۆ ئەوێ.

ناتاليا بۆ مێردەكەی رۆحو جەستە بوو سەرەڕای هەموو ئەو كردەوانەی مێردەكەی كردی، لەبەرئەوە ئەم نامەیە وروژاندیو وای بۆچوو كەدەبێ بكەوێتەكار بۆ گێڕانەوەی مێردی تۆراو، وای دانا كە بەتەنیا گفتوگۆكردن لەگەڵ ئەكسینیادا بەزمانێكی خۆشو لەگەڵ ژیریو پاڕانەوەدا، بەسە بۆ گێڕانەوی ئەو مێردەو گەڕانەوەیئەكسینیا بۆ ڕێگەی ڕاستو هەق.

بۆ ئێوارەی ئایندە ناتاليا بەدەریای وت:

ـ من دەڕۆم بۆ سەردانی ماڵی خۆمان.

بەڵام، دەریای حەوكڵاو بەم قسەیە تەفرە دەدرێ! دەریاش وەڵامی دایەوە:

ـ گوێت لێ بێ ناتاليا، بۆچی بەخەمناكو وەڕسی دەتبینم، بۆ ئێوارانێك لەگەڵمدا دەرناچی رابوێرین؟

ـ من ئەوەم ناوێ.

ـ تۆ چ راهیبەیەكی! كاتێ كاتێ مێردەكانمان لەماڵ نابن نۆبە بەخۆمان دێت، بەڕاستی ئەمەس امناكە، گشت پیاوەكانیان لەگوند كشایەوەو مێرمنداڵو پیریان بۆ هێشتوینەتەوە، باشە هیچ سودێك چاوەڕوان دەكرێ لەبابەتی ئەوانە!.

ـ جا تۆ چیت داوە بەسەر ئەوەوە؟

ـ چیم داوە بەئەسەوەوە! كەاتە لەگەڵ كێدا ڕابوێرم! دەتوانی بەدرێژایی ئەم ماوەیە ئارام بگری بەبێ قەوزاقێك؟

ـ دەك ئابڕووت چێو بەنەحلەت بی.

ـ ئەی لەلەشی تۆدا هەوەسو ئارەزوو نیە؟

ـ ئەمە لەچاوەكانی تۆدا دیارە.

ـ من نكولایی لێ ناكەم، ئەوەندە گەرمو بەكوڵم پیرێكیش بێت گڕی تێبەردەدەم..دوو مانگە ناتاليا پێوتەر لێم دووركەوتووەتەوە!!.

ـ چاوەڕێی خەموپەژارەو نارەحەتیە بەدەریا.

ـ تۆی..پیرێژنی داویچن پاك! من بابەتی تۆ دەناسم، وادەڵێن..لەولاشەوە ئاگر هەناوتان دەسوتێنێ.

ـ لەڕاستیدا من هیچم نیە بڵێمو پێی لێ بنێم.

ـ گوێت لێ بێ، پێش چەند رۆژێك كوڕەكەی ئەتمان بەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، ئەو مێرمناڵە شلوشاوەو بەهێمنی دەستی كرد بەژێر باڵمدا، منیش دەنگم نەكرد تاوەكو بزانم مەبەستی چییە، ئەو واهەستی كرد كاری لەم بابەتەی لێ دەوەشێتەوە، بەڵام ئەو تەنیا شانزە ساڵی تەمەنە، خۆزگە قەوزاقێكی كامڵ بوایە..پاشان كەدڵنیابوو لەبێدەنگی من، وتی: وەرە لەگەڵم بۆ گەلەخانەكە. ئەوكاتە ئیدی دەرزێكم دادا كەشیاوی ئەكەسانەبێت، وتم تۆ هەی واوا لێكراو..ئەوە كەی بۆ دواجار جێگەت تەڕكردووە، پێت وایە ئەو پیاوەی گڕو دەوری من بدەیو چاكترین سزامدا.

دەریا بەتامو خۆشی باسەكەی، دایا قاقای پێكەنین، بەڵام ناتاليا بەبێزو ساردییەوە لێوی هەڵقرچاند.

لەراستیدا دەریا هەوەس‌و ئارەزوو گڕی تێبەردابوو، لەماوەی دوو هەفتەی ئەم دواییەدا، درێژەی دەدا بەمانەوەیی لەملاولا، لای ئەم دەستە خوشکی دەچوو بۆ لای یەکێکی دیکە، بەڵکو ئەمە خوایە تینوێتی بشکێنێ..بەڵام پیاوان لەگۆڕەپانی شەڕدابوون!.

تەنانەت ئەمشەویش کات ناتالیای بینی جلەکانی لەبەرکردەوە، لێی پرسی:

ـ دەرکەکەم بۆ دەکەیتەوە ئەمشەو؟

ـ لەوانەیە لەماڵەوە نەبم، بچم بۆ ماڵی باوکم‌و ئەمشەو لەوێ بم.

ـ کەواتە بەدڵنیا دەڵێم، هەرچەندە حەزیش ناکەم ئەوەی پێ بسپێرم.

ناتالیا ماڵاوایی لەخەسوی کردو پێی وت کەدەچێ بۆ سەردانی ماڵی باوکی..و خێرا جادەکە کەجمەی دەهات لەعەرەبانەی ئەسپدا هەڵی لووشی.

کەجارێ جەنگ درا لەهەواری قەوزاقدا، یاکۆدنایەش گوێی خۆی لێ کەڕ نەکرد.

بەم جۆرە ئەو مولکەش چۆڵ بوو ئەو پیاوانەی کەڵکی کاریان هەبوو تێیدا نەمان، بەتەنیا ئەسپەکانیان نەبێ کەبەکەڵکی شەڕو کوشتار نەدەهاتن وەکو پیرە لیستنسکی‌و عەرەبانچییەکەو لەخزمەتی ئەوانیشدا لۆکیریای دەم‌وچاو ئاوڵەیین‌و ئەکسینیا کەبۆ دوری گریگۆری خەم‌وپەژارەکانی کۆدەکردەوەو پاشان دەیڕشتە سەر قوماتی مناڵەکەیدا بەشەوان.

ئەگەر چی پیرەی ژەنەراڵ بەخۆی بەشداری نەکرد لە نەبەردەکاندا، خۆ بەڕێگەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداری کرد، ئەو لەتەویلەکەی خۆی بیست ئەسپی دا بەسوارە جەنگاوەرەکان‌و چوار یان پێنجی هێشتەوە..

تەنانەت ئەکسینیاش بەشداری لەشەڕدا کرد بەسۆو پەرۆش بەرانبەر بەخۆشەویستەکەی گریگۆری نامەی کەم بۆ دەنوسی، بەڵام کەدەینوسی لێشاوی سۆزو تاسەی تێدا دەڕژاند بەسەر کچەکەیداو بەئاشکرا بێزکردنەوەی خۆی لەو کوشت‌و کوشتارە دەردەبڕی کەخۆی تێیدایە، ئەو بۆ نمونە دەڵێ: (وەڕس بووم لەهەمیشە هەڵگرتنی مردن بەکۆڵمەوە).

یاکۆدنایە ئا لەمبارودۆخە خەمناکەدا بوو کەناتالیا دەرگای کردەوەو چوە حەوشەوەو ئەکسینیا لەکاتێکدا کەلە دەستەیە خانوی لیستنسکیەوە دادەبەزی، چونکە دوای ڕۆیشتنی تیخۆن ئەو خزمەتی دەکرد، ناتالیای بەرچاوکەوت، خێرا هاتەخوار بەسەرسامی‌و واق وڕماویەوە تاوەکو لەبەردەمیدا وەستاو پێشی کەوت بۆ هۆدەکەی خۆی بێ ئەوەی هەردوکیان هیچ وشەیەکیان لەزار بێتە دەرەوە.

کاتێ ناتالیا لەژوورەکەدا دانیشت، ئەکسینیا دەرگاکەی داخست، لەناوەڕاستی ژورەکەدا ڕاوەستاو هەردوو دەستی خستە ژێر چارۆکەی‌و بەدەنگێکی ئەسپایی‌و چپە ئامێزەوە وتی:

ـ بۆچی هاتووی؟

ـ تینووم، هاتم ئاو بخۆمەوە.

ئەکسینیا کەمێ چاوەڕێیی کرد، ئەمجار ناتالیا بەدنگێکەوە کەزۆری لەخۆی کرد بەرزبێتەوە وتی:

ـ مێردەکەت لێی داگیرکردم..بەمە ژیانت وردو خاش کردم..حاڵی من نابینی. .گریگۆریم بۆ بگێڕەوە، ئەو مێردی خۆمە..

ـ دەتەوێت! مێردەکەت دەوێت؟ کاتی ئەوەت بەسەرچوو، درەنگ هاتی پاش وادە..

ئەکسینیا ئەمەی بەئاشکراوو دیارەوە وتو پاشان لەناتالیا نزیکبوەوەو چاوێکی سەختو دڵڕەقانەی تێبڕیو کەوتە گاڵتەپێکردنی بەشێوەیەکی تاڵو ناهەموار.

ئا ئەوە ناتالیای ژنی ڕەوای سەرنەکەوتوو، لەبەردەمی ئەکسینیای دڵداری سەرکەوتوودا وەستاوە.

ئەکسینیا وای دادەنا کەناتالیا لەنێوان ئەو (ئەکسینیا)و دڵدارەکەیدا وەستاوە هەرچەندە کە دڵنیاشە لەخۆشەویستییان، ئیدی بۆچی خۆی ترنجاندوەتە ئەم ڕێگایە! و دەیوت:

ـ کەواتە، هاتووی داوام لێ بکەی وازی لێ بێنم بۆت؟ تۆ ئەوت لەمن داگیر کرد، تۆ دەتزانی کە من سەوداسەری لەگەڵدا دەکەم، بۆچی شووت پێکرد؟ من کچێکم لێ هەیە..خۆ تۆ..

دەیویست ناتالیا بتەزێنێ بەم قسەیەی، خۆ تۆ ژنێکی نەزۆکی. .بەڵام لەدواساتیدا ئەوەی نەوت..بەڕقێکی هێجگار زۆرەوە سەیری دەموچاوی ناتالیای دەکرد، تەماشای ملەلارەکەیو نوەشێواوەکەی دەکرد بەشاوەکامی پێخواستنێکی گوناهکارانەوە، پاشان وتی:

ـ گریگۆری هی منە، ئەو هی منە، گوێت لێیە؟ ئەو چی لەتۆ یەکی شێواو بکات! وای دادەنێی دڵی بۆت دەبزوێ! تۆ ساغبووی ئەو وازیلێ هێنای و ئێستا دەگەڕێتەوە بۆلات، بەم حاڵو شێوەیەوە! !لەوە تاڵ ترینە کەئافرەت تانەوتەشەری جوانی لێ بدرێت، تەنانەت ئەگەر ناتالیاش بێت کە ئەو ژنەبوو وازی لێ هێنرا لەبەر سەرنەکەوتنی، لەبەرئەوە ناتالیا قیژاندی:

ـ تۆ لەمێردەکەت هەڵاتی، تۆ مێردت هەیە، بگەڕێوە لای.

ـ مێردم نیە کریشا نەبێ، کەسم نیە جگە لەئەو. . تێگەیشتی؟

ئێشو ئازار شەڕی ناتالیای هێنایە سوڕانەوە، بەڵام پێی ستەم بوو دەریبڕێتو وتی:

ـ باشە وادەزانی هیوام وایە بەتکا لێت بسێنمەوە؟

ـ کەواتە، بۆچی هاتووی؟

ـ تەنیا پەرۆش بون..

ناتالیا سەیری مناڵەکەی ئەکسینیای کردو بەلایەوە سەیربوو کەمناڵەکە لەشێوەی گریگۆری خۆیدایە.

بێگومان کچی ئەوە، ئا ئەوە هەردوو چاوە زیتەکانێتیو پێستە رەشکەلەو وشکەکەیەتی.

ناتالیا بەدەم گریانو هەنیسکەوە چوە دەرەوەو بەرەو کەپری دەرگاکە، چونکە کریشا لەنێو برژانگەکانی مناڵەکەوە بەدڵرەقانە تەماشای دەکرد!.

بەم شێوەیە ناتالیا دیبەرەکەی بەجێهێشت، ڕێگەکەی تەی کرد بەرەو گوندەکەو کەوتبوە باریکی وون بوون نەمانەوەو لەپاڵ دارێکدا لەڕێگەکەدا دانیشت کیمێ بحەسێتەوە، بەڵام وێنەی کریشا هەردەم بەرانبەری لێ گرتبوو لەوێش ژنەی لێقەوماویش هەر بەبێهێزیی جەستەو دەروون مایەوە.

ئای کەچەد قووڵ بوو مۆرکی ئەو شەوەی بەدوای شەڕەکەدا هات لەمێشکی گریگۆریداو چەند دەردوئازاریشی سەخت بوو لەوشەوەدا! بەبێهۆشی ڕاکشا تاوەکو کەمێك پێش بەرەبەیان، پاشان تۆزێ تەپاوەتلی کرد، دەستە سڕبوەکەی لەلاکەشی دەرهێناو هێنای لەبرینە قووڵەکەی سەریدا.

کاتێ کەپەنجەکانی بەرخوێنە مەیوەکەی دەمی برینەکە کەوت لەگەڵ تووکە بەیەکەوە لکاوەکاندا بەهۆی خوێنەکەوە، گریگۆری وای هەست کرد کەپشکۆیەکی سور چزا بەپەنجەکانیدا، سەیرێکی ئاسمانی کرد، ئەستێرەکانی دور دوردەدرەوشانەوە لەئەدیمێکی شیندا، بەبەرێکی نامۆی زەردی دەهاتنە بەرچاو کەلەدارێکی نادیارەوە شۆڕبونەتەوە.

گریگۆری هۆشی بەخۆدا هاتەوە، زانی کەچی بەسەرهاتووە، لەبەرئەوە کەوتە سکەخشێ لەسەر هەر چوارپەلیو دەیویست مەیدانی شەڕەکە بەجێ بێڵێ، بەڵام ئازار زۆری بۆ هێناو کەوتە زەویو ماوەیەك لەوێدا پاڵکەوت. حەزکردن بەمانەوە لەژیاندا بەسەریا زاڵ بوو، سەرلەنوێ گوڕیدا بەخۆیو جارێکی کە دەستی کردە خۆبەکێش کردن، بەسەر لاشەی کوژراوێکدا خشاو هەردوو ئانیشکی لەورگی ئەو لاشەیەدا نوقم بوو، هەردوو پێیشی بەسەریدا بەکێش کرد..لەگەڵ ئەوەشدا پەرۆشی بوونی بۆ ئەوەی بەزیندوویێتی بمێنێتەوە هێجگار بەتین بوو.

ئەوا لەسندوقە بەتاڵێکی نارنجۆك هەڵدەکەویو کەڵکی لێ وەردەگرو خۆی دەدا بەسەریدا بۆئەوەی هەڵسێتەوە، یەکەمجار لەڕێکردندا لەتری دەدا، پاشان هەردوو لاقی خۆیان گرتو بەباشی هەڵیان گرت.

گریگۆری بەرەو لای رۆژهەڵات ڕۆیشت، بەو ئەستێرەی حەوتەوانەی بۆ ئەم مەبەستەی کردە ڕینوما.. کە گەیشتە پەرشی دارستانەکە گوێی لەدەنگێك بو تێی دەخوڕی:

ـ ڕاوەستە، ئەگینا ئاگرت دەدەم.

دەنگەکە ڕووسی بوو، بەوە دەبوایە گریگۆری دڵخۆشی ببوایە، بەڵام کوتوپڕیو بەرزبونەوەی دەنگەکە لەئارامی شەودا ڕایان چڵەکاند، کەمێ ماتڵ بو پێش ئەوەی وەڵام بداتەوە:

ـ تۆ کێی؟

ـ ڕووسم..

ـ وەرە بۆ ئێرە.

گریگۆری سەیری ئەو لایەی کرد دەنگەکەی لێوەدێ پیاوێکی بینی پاڵی دابوە دارکاژێکەوەو ئەوەندەی پێنەچوو بەربوەوە سەر زەویەکە، کاتێ گریگۆری چوو بۆ لای پیاوەکە وتی:

ـ داچەمێوە..

ـ ناتوانم، برینەکەم قووڵەو لەسەرمدایە، ئەگەر دانەومەوە ناتوانم سەرلەنوێ هەڵسمەوە.

ـ تۆ لەکام کەتیبەی؟

ـ دوانزەمینی قەوزاق.

ـ فریام کەوە کاکەی قەوزاق. .

کابرای خاوەن دەنگ ئەمەی وت‌و گریگۆریش سەیری ئەو قایش‌و قوروشەی ئەفسەرانی دەکرد کە چاکەتەکەی ڕازاندبوەوە، گریگۆری وەڵامی دایەوە:

ــ دەکەومە سەر زەوی خاوەن شکۆ.

ــ هیچ نەبێ تۆ دەستت بێنە.

ــ گریگۆری یارمەتیداو هەردوکیان بەلەتربردن لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ ڕۆیشتن، بەڵام ئازار هێزی لەبەر ئەفسەرەکە بڕی‌و دەستی لەگریگۆری بەرداو وتی:

ــ سوودی نیە! وازم لێبێنە کاکەی قەوزاق، خۆت دەربازکە، من گەدەم بریندارە..

ئەفسەرەکە کەوت‌و بووراپەوە بێ ئەوەی قسەکەی تەوا بکات.

گریگۆری دەیتوانی ئەم ئەفسەرە بەجێ بێڵێ بۆ چارەنوسی کولۆنی خۆی، ئەو خۆی پێویستی بەیەکێکبو یارمەتی بدات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ خۆیدا ڕایکێشا بۆ ماوەیەکی دور، تاوەکو گەیشتنە دەورێکی فریاکەوتن‌و هەردووکیان بردن بۆ مەڵبەندە برینپێچی.

بۆ سبەینێ، گریگۆری گەڕایەوە بۆ کەتیبەکەی خۆی دوای ئەوەی کە پێچەرەکەی لەسەری داماڵی، گاڵتەی بەپزیشکی‌و کلکە لەقێی برینپێچەکان دەکرد، فەرماندەی سریەکە بینی‌و لێی پرسی:

ــ ئەوە لەکوێوە هاتی؟

ــ گەڕامەوە بۆ سەر ئەرك‌و فەرمانی خۆم گەورەم.

گریگۆری چاوی بەعەریفی کەوت‌و لێی پرسی:

ــ ئەسپەکەم، لەکوێیە؟

ــ لەدوای تەواو بوونی شەڕەکەمان لەگەڵ نەمساییەکاندا گرتمانەوەن ئەمەتا لەوێیە، بەڵام تۆ لەکوێ بوویت، خۆ نوێژمان بۆ کردیت!.

ــ کەواتە پەلەتان کردووە لەوەدا.

سەرلەئێوارەی ئەو ڕۆژە کاتێ کەفەرمانەکان خوێنرانەوە، تێیدا هاتبوو کە:

(لەبەرئەوەی گریگۆری میلیخۆڤ لەکەتیبەی 12ی قەوزاق، موقەددەمی فەرماندەی کەتیبەی سوارەی 9ی ڕزگارکردووە، بڕیاردرا کەبەرزبکرێتەوە بۆ پلەی نایب عەریف‌و ویسامی سانت جۆرجی دەرەجە چواری پێ بدرێت).

ئەمەبوو ئەو ویسامەی کەپێوتەر لەبارەیەوە نوسی بوی بۆ باوکی ئەمیش خەریکبو لەخۆشیاندا شێت ببێ لەتاتارسکدا.

هەندێ بارودۆخ هەن کە تیایاندا خۆشی‌و ناخۆشی لێك جیاناکاتەوە، بەڵکو سست دەبێ‌و بەتاڵ دەبێتەوە لەهەموو هەستێکی دیاریکراو، گریگۆری لەبارودۆخێکی لەم جۆرەدابوو برادەرەکانیشی لەکەتیبەکەدا لەبارودۆخێکی کەمێك لەو سوکتردابوون، ئەوان کەل‌وپەلەکانی گریگۆریان لەنێوخۆیاندا دابەشکردبوو بەپەژارەو داخەوە، لەهەمان کاتیشدا ویستبوویان کەڵکی لێ وەرگرن..

کاتێ کەگریگۆری لەخاولییەکەی پرسی میشاکۆشیڤۆی پێی وت:

ـ دزیان، خاولیەکەی من ببە لەجیاتیدا..

ـ نەخێر، من پێویستم نیە، بەڵام ویستم سەرمی پێ بپێچم.

ئۆریۆبین هات.. تەوقەی لەگەڵ گریگۆریدا کردو پاشان سەیری سەری کردو وتی:

ـ ماڵت برمێ گریگۆری. .خۆ ئەوە خوێن لەسەرت ڕێ دەکا.. بیسرە، وادیارە برینەکەت قووڵە، باش بۆیان تیمار کردوی؟ بەڵێ، دیارە بۆیە توکەکەی دەوروبەریان هەڵقاچیوە، بەڵام چاوەڕێکە...ئەوجا فیشەکێکی هێناو گوللەکەی لێدەرکرد، پاشان باوتەکەی کردە ناولەپیو برژاندیە برینەکەی گریگۆریەوە، دوای ئەوەی کەتێکەڵی کرد لەگەڵ هەندێ وردە گڵو چنینی جاڵجاڵۆکەدا، وتی:

ـ ئەمە لەدەرمانی ئەوان چاکترە، دوای سێ ڕۆژ هیچ شتێك نامێنێ.

پاشان بەژێر لێوەوە وتی:

ـ ئەوا من تیماریشت دەکەم میلیخۆڤ..هەرچەندە کە تۆ ویستت بمکوژی!تۆ کوڕێکی ساویلکەی گریگۆری. .

ـ لەوانەیە ئەی برینەکە چۆنە؟

ـ نزیکەی نیو ئینج دەبێ، نەمساییەکان شیرەکانیان چاك تیژ ناکەن، ئەگینا تۆ ئێستا لەخاکێکی بێگانەدا نێژرابوی کوڕە. .

گریگۆری ئەم گاڵتەیەی ئۆریۆبینی پێ خۆش نەبو، هەروەها گاڵتەیەکی لەو بابەتەی میشاکۆشیڤۆیشی لەبەرئەوە وای بەچاکتر زانی کەلە ئەسپەکەی بپرسێتەوە، میشا ستایشی کردو باسی ئەوەی کرد کەئەم گیانەوەرە خۆراکی نەدەخوارد، بەڵکو هەردەم خەمناکبوو، بەتاسەوە بوو بۆ خاوەنەکەی. بەڵکو بواری کەسیشی نەدەدا بیگرن تا فێڵیان لێکردو بەپەتێك گرتیانەوەو هەردوو چاوی گریگۆری فرمێسکیان تێزا بۆ ئەو وەفاو ئەمەکەی ئەم گیانەوەرە هەستی پێدەکات، وتی:

ـ ئەمە ئەسپێکی باشو بەخشندەیە.

دەنگێك هاتە بەرگوێی بانگەوازی هاتنی چێشتخانەی مەیدانی دەکرد، سەربازەکان بڵاوەیان لێکرد تاوەکو هەریەکەیان بەشی خۆی لە خۆراك بەرکەوێ، کاتێ کەشلەی خەستیان کردە قاپەکانیانەوە کۆمەڵ کۆمەڵ لە دەوری خڕبونەوە،و بەدەم قسەکردنەوە نانەکەیان دەخوارد، برۆخۆر زیکۆڤ لەوکاتەدا سەیری گریگۆری کردو ووتی:

ـ ئای. .کریشا، ئەوە لەکوێوە هەڵقولاوی؟

ـ لەو دنیاوە، تۆ ئێستا نانەکەت بخۆ.

بەڵام برۆ خۆزیکۆڤ حەزی دەکرد بخواو قسەش بکا لەهەمان کاتدا، بۆ تاقمەکەی گێڕایەوە کە گوێی لەئەفسەرێك بووە وتویەتی: هاوپەیمانەکانی ئەڵمان کەوتونە بەزین، بەم جۆرە لە ڕۆژنامەدا خوێندویەتیەوە، هەروەها بە تەریەیەکی تۆپخانەی چیاییان ئێستا بە تەنیشتەوەیە، هێنراوە بۆ وەخۆکەوتن بۆ هێرشێکی نوێ.

هەروەها ئۆریۆبین بە دەمی پڕ لە شلەوە کەوتە گڵمە گڵم:

ـ خۆزگە لەوێ بوایەی میلیخۆڤ، فەرماندەیی تیپ سوپاسی کردین بۆ لەناوبردنی سوارە مەجەرییەکانو دەیوت: (تسارو نیشتمان قەوزاقیان لەبیرناچێ).
لەکات ئەم قسانەدا ویزەی فڕۆکەیەکی دوژمن هات، فڕۆکەکە نزم لبوو، مەبەستی بۆمبابارانو بەکارهێنانی ڕەشاشەکانی بو لەهەمان کاتدا، لەبەرئەوە دەستورێکی خۆرسك هات:
ـ خۆتان بدەن بە زەویدا کوڕینە..ئەمە دەردو بەڵای بەدەمەوەیە.
نزمبونەوەی فڕۆکەکە پتر بوەوە..تارماییەکی لوولەکی لەئاسماندا دەرکەوت..و بەدوای ئەوەدا ناڵەیەکی هێجگار زل هات، دیوارەکانی خانوەکەی هێنایە لەرزەو بروسکەیکی سوری تیژڕەو تیشکیدایەوە لەو شوێنەدا کە قەوزاق شێویان دەکرد،و خانوەکە ژێرەوژوور بوو.
بۆمباو لەرینەوەکە بەدوری شەش پێ گریگۆری هەڵدایە دەرەوەو سەری کێشای بە سوچی دەرگاکەدا،و برینەکەی ئازارێکی هێجگار زۆری پێگەیشت، بەڵام کولۆڵیەکە بەریگۆر زارکۆڤ کەوت.
پێکرانەکەی ڕاستەوخۆبوو..هەردوو چاوی لەپێڵووەکانیەوە دەرپەڕیبونە سەر ڕومەتی،و هەردوو جێگاکەیان سور دەینواند لەڕەنگی گۆشتی کاڵی ئادەمیزاد کە تێکەڵ بە خوێن بوبێ، هەردوو لاقیشی، یەکێکیان لەبنەوە برابوەوە، دوەمیشیان بەدوایەوە تەکەی دەهات کە دەخشا،و هیچی پێوەنەمابوو تاڵە پێستێ نەبێو دەمی لاربوبو بە هاواری پڕ تۆقینو ترسو لەرز.
ئای چ دیمەنێکی سامناك بوو!
لەگەڵ ئەوەشدا تۆپەڵە شێواوەکە نەیدەویست دەستبەرداری ژیان بێ، ئەوا بەسکە خشێ دەڕوا لەترسی بۆمبایەکی دیکەو شێواندنێکی لەوە خراپتر.
گریگۆری ئەوەی بینیو هاواری لەوانەی دەوروبەری کرد:
ـ کۆی کەنەوە، هەڵیبگرن، نەقالەیەك نیە؟
بەڵام کەس لە شوێنی خۆی نەدەجوڵا، بەڵکو ڕیزێك لەسەربازانی پیادە وەستابونو سەیریان دەکرد وەکو ئەم کارە هیچ پەیوەندییەکی بەوانەوە نەبێ.جەنگ هەستەکانی سست کردبون، تەنانەت یەکێکیشیان قیڕاندی بەڕوی گریگۆریدا چونکە هەر بانگەبانگی بو بۆ هەڵگرتنی بریندارەکەو بردنی بۆ فریاکەوتن:
ـ ئەوە چیتە هەر دەلورێنی هەڵیگرن، بۆ کوێ؟ ئەی نابینی ئەو لەسەرەمەرگدایە؟
ئۆریۆبین لەگریگۆری نزیك بوەوەو دای بەسەر شانیداو وتی:
ـ وەرە یەکێکی راپترت پیشاندەم.
لەگەڵ گریگۆری هەنگاویان هەڵهێنایەوە بۆ ئەو شوێنەی زارکۆڤ بۆی کشابوو..و سەیریان کرد کە ریخۆڵەکانی زارکۆڤ لەسکی هەڵدرایەوە هاتونەتە دەرەوەو لەسەر لمەکە کەوتبون، سورێکی ئاڵی بونو هێشتا هەڵمی ژیانیان لێ هەڵدەستا.
زارکۆڤ سەری بە پشتدا لارکردەوەو هواری کرد بە دەنگێکی پڕ لەئازارەوە، تەنانەت لەشێوەی دەنگی مرۆڤیشدا نەمابوو:
ـ برایان، بمکوژن، بەزەییتان پێمدا بێتەوە..سەیر مەکەن.
بەڵام هەموان مردنی هاوڕێکەیان بەلاوە گرنگ نەبوو... ئەویش بەدەم هەڵبەزودابەزەوە کەوتە سەر زەوی.

ئۆرێۆبین باش بۆی نەچوو کاتێ کەب رینەکەی گریگۆری بەسوك داناو بەها ڕاوەی باروتو ماڵە جاڵجاڵۆکە تیماری کردو زۆر ئازاریدا، و ناچاری کرد بچێتە لای پزیشك لەخەستەخانەی مەیدانو لەوێ پزیشکێکی جوولەکە پێی وت:

ـ حاڵەتی چاوت هێجگار خراپە، پێویستە تیمار کرێت،و لەوانەیە پێویستیشی بە عەمەلیات بێ.

گریگۆری کە ئەمەی بیست بەدەنگێکی پڕ لەترسو لەرزەوە کەوتە پرسیارکردن لەپزیشکەکە، بەڕادەیەکی وا کە پزیشکەکە ناچاربوو دڵنیای بکاتەوەو بڵێ:

ـ لەهیچ شتێ مەترس، لەمۆسکۆ یان پێترۆگراتیمارت دەکەن.و ئێمەش دەتنێرین بۆ ئەوێ.

گریگۆریش چەند ڕۆژێ چاوەڕێی کرد پێش ئەوەی بچێ بۆ وێستگەو سواری ئەو شەمەندەفەرەبێت کە دەگەڕایەوە بۆ مۆسکۆ.

لەشەمەندەفەرەکەدا قەوزاقی لەشی بەئێشوئازار هەستی بەنەرمی پەتووی نوێ،و جێگەی گەرم کرد، ئەگەر چی بۆ ماوەیەکی کورتیش بێ،و ئەندێشەی بۆئەوە دەچوو کە جیهانکی کۆن لەبەردا دەماڵێ کە هەمووی بۆگەنیو پیسیەیە، دەچێتە جیهانێکی نوێوە کەهێشتا دەرگاکەی بۆ ئاواڵەتەکراوەتەوە.

بەدرێژایی ڕێەکە بۆ مۆسکۆ فارگۆنەکانی شەمەندەفەرەکە بەم لاوبەولادا دەلەرینەوە، کاتێ گەیشتنە ئەوێ گریگۆری لەسەر شۆستەی وێستگەکە وەستا گوێی لێبو ئەو پیشکەی لەگەڵ شەمەندەفەرەکەدا هاتبوو ناوەکەی دەخوێنێتەوەو پاشان سەر سستەرێکی پاکوخاوێندا کەبێت بۆ لای. کاتێ کە سستەرەکە هات پزشك تێیگەیاند نەخۆشەکە بۆ چ شوێنێكو چ خەستەخانەیەك ببات، ئیدی سستەریش وتی:

ـ کەلوپەلت پێیە کاکەی قەوزاق؟

ـ پاڵتۆیەكو جانتایەکی مەیدانم پێیە.ئەمە هەموو شتێکی قەوزاقە لەبەرەدا.

ـ کەواتە، شوێنم کەوە.

سستەرەکە گالیسکەیەکی بەکرێگرتو بەشەقامەکانی پایزی مۆسکۆدا بردنی کە بەتیشکی کارەبا دەدرەوشانەوە،ئەمەش شتێکی تازە بو لای گریگۆری، بۆیە هەستی بەواق وڕمانو سەرسامی دەکرد. کاتێ کە گالیسکەکە لەبەردەمی خانوویەکی سێ نهۆمدا وەستا گریگۆری بازیدایە خوارەوەو پاشان یارمەتی سستەرەکەشی دا بۆ دابەزینو لەکاتێکدا کە زەنگی دەرگاکەی لێدەدا بەپێکەنینەوە پێی وت:

ـ بۆنی ئارەقی سەربازیت لێ دێت.

گریگۆری ئەم ووشانەی بەم جۆرە سوکایەتی پێکردنێك داناو بەوشکی وەڵامی دایەوە:

ـ ئەگەر اوەیەك لەبەرەدەمایتەوە، ئێستا بۆگەنێکی دیکەت لێدەهات.

چوونە ڕاڕەوێکی درێژەوەو گریگۆری بەوبەردا دەرگای زۆری دەبینی تاوەکو گەیشتنە هۆدەیەیك بچووکی چاوەڕێکردن. لەوێ سستەرەکە چپاندی بەگوێی ئافرەتێکدا کراسێکی سپی لەبەردابوو، خزمەتکارێ هات کەئەویش لەبەرگی سپیدابوو و داوای لەگریگۆری کرد شوێنی کەوێ،و پاشان پێشی کەوت بۆ گەرمو.

کاتێ گریگۆری جلەکانی دادەماڵی ڕوانیە پەنجەرە شوشە لێڵەکانیو چینیەیە پانەکە کە خزمەتکارەکە پڕی کردبو لەئاوی گەرمو لەبەرخۆیەوە وت:

ـ ئەم ددی من نادات. ."دۆن"ئێسا لەکوێت بێنم!

گریگۆری لەخۆشتن بوەوە،و خزمەتکارەکە جلوبەرگی سپیو خاوێنی دایە، لەگەڵ جوتە پێڵاوێکی ناومالدا ئەوجا گریگۆری لەجلە عەسکەرییەکانی پرسیەوەو خزمەتکارەکەشی پێی وت کە هەڵدەگیرێن تاوەکو تیمارکردن تەواو دەبێت، پاشان لەکاتی دەرچوندا وەری دەگرێتەوە.

گریگۆری بەم جلە تازانەیەوە هەستی بەجۆرە سوکیو چالاکی ەکرد، تەنانەت کاتێ کە سەیری ئەو ئاوێنەیەشی کرد لەڕاڕەوەکەدا چەسپ کرابوو وتی: (چەند ساڵێك مناڵ بومەتەوە)، هەروەها هەر خێراش ئالوودەی ئەم جلە نوێیەی بوو.

لەقاوشی شەشەمدا، کە جێگەکەی گریگۆری تێدا دانرابوو، دراوسێیەکی بۆبوو، قەشەیەك کە جلی نەخۆشی لەبەردابوو،و چاویلکەیەکی پزیشکی کردبوە چاوی، هەر بەزوویی دوای چەند دەقیقەیە یەکتریان ناسیو پێش ئەوەی سستەرێکی دەموچاوی پان بێتو دەست ڕاکێشێ بۆ گریگۆریو بڵێت:

ـ میلیخۆڤ، وەرە سەیرێکی چاوت بکەین.

لەکاتێکدا کە گریگۆری لەخەستەخانەدا دووچاری پزیشکەکان بوبو لەگەڵ پەیڕەوی کردنی دەستورێکی تایبەتی بۆ خواردنەکانی لەملاشەوە لیستنسکی لەیەکێك لەخەستەخانەکانی وارشۆدا لەپۆڵەندە لەژێر تیمارکردندا بوو.

ئەویش ئەوەبوو کەسەرکردایەتی سوپا بڕیاری هێرش بردنێکی درێژخایەنیدا بوو بۆ سەر دوژمن لەبەرەی باشووری ڕۆژاووە.و لەبەد بەختی لیسنتسکیشدا کەتیبەکەی یەکێك بو لەو کەتیبانەی لەو هێرشەدا بەشدەریان کرد.

لیسنتسکی لەگەڵ کەتیبەکەیدا شەش ڤرێست چوونە پێشەوە بێ ئەوەی هیچ شوێنەوارێکی نەمسایییەکانیان بێتەڕێ..تەنانەت سەنگەرەکانیشیان چۆڵو هۆڵ بوون.

لەکاتێکدا سوارەیی قەوزاق لەپشتی سەنگەرەکانەوە دەچونە ناوەوە، ڕەشاشی بۆسەکانی نەمساییەکان کەوتنە ئاگربارانکردنیان بەجۆرێك کەوچانیان نەدانو ئارامیان لەبەربڕین. لەسەرەتادا کەتیبەکانی پیادە شکانو حەزیرەکانیان یەك لەدوای یەك لەناودەچوو لەڕووی نەفەرو چەکەوە، پاش ئەوە پیادە سەرتاپا پاشەکشەی کردەوە، ئەمجار ئاگری نەمساییەکان ڕژا بەسەر سوارەداو زەبرێکی زۆریان بۆ هێنانو کەوتنە وێزەی قەوزاق بەڕادەیەکە کەتیبەی هێرشبەر (داری بەسەر پەردوویەوە نەما).

سەری لیستنسکی بریندارببوو، هەروەها ئەسپەکەشی لەژێریدا کوژرا، ئەگەر رەئیس عورەفایەك نەبوایە کە هەڵیگرتو خستیە سەر ئەسپەکەی خۆی، نەیدەتوانی سەر خۆشی دەرکات لەو گێژاوەدا.

چوار سەد کەس لەقەوزاق تێداچون لەنێوان کوژراو بریندارردا، لەگەڵ شانزە ئەفسەریشدا. ئەمە تەنیا لە کەتیبەکەی لیستنسکیدا،ئەی سەرجەمی زەروریان لە گشت کەتیبەکاندا دەبێ چۆن بوویێت!.

لەڕاستیدا، ئەو هێرشە ڕیسواییەك بوو بەنێو چەوانی ئەو سەرکردایەتیەوە بەو شێوەیە خۆی بۆ سازدابوو بەڕێوەی برد.

وەلەخەستەخانەوە یەڤگینی لیستنسکی نامەیەکی نارد بۆ باوکی لە یاکۆدنایە کە مۆڵەتی نەخۆشی دراوەتێو دێتەوە بۆ دێبەرەکە، پیرەی ژەنەراڵیش وەڵامی دایەوە: (ئێستا کرا بەئاگر کوڕی خۆم، و ڕێڕەوی ئەندامانی خێانەکەمانت گرت، گۆڕەپانەکانی گوشتار جێگای شیاوی ئەوانە نەك هۆڵی کۆشکەکان. بەڵام، تۆ بڵێی مەترسی ئەوە ببێ ئەم هێرشەمان بدۆڕێنین یەڤگینی؟ من بڕوا بە هەواڵی ڕۆژنامەکانی لای خۆمان ناکەم، وەکو خۆت دەزانی. .. بەوپەڕی بێ ئارامیەوە چاوەڕێم. .).

لەکاتی خۆشیو شادی پیرەدا بەخۆکەوتنی بۆ بەدیدار گەیشتن  کوڕەکەیت کچەکەی ئەکسینیا نەخۆش کەوت، ژنە ئیدی کەوتە کەمتەرخەمی لە کاروباری پاکوخاوێن کردنەوەی ماڵەکەدا، پیرە لەمە توڕەبووو بەتوندی  .  ژنەش بە نەخۆشی کچەکەی پۆزشی هێنایەوە، ئەوکاتە ئیدی پیرە سۆزو دڵنەمی خۆی دەربڕی بەشێوەیەك کە ئەکسینیا چاوەڕێی نەدەکرد،و عەرەبانچییەکەی نارد بۆئەوەی دەست بەجێ پزیشك بهێنێ.

پزیشکەکە تەماشای کچەکەی کرد، چارەسەری شیاوی بۆ دانا، پاشان سەرکەوت بۆ هۆدەی میوان بۆ ئەوەی پیرە ببینێ، ئەمیش لێی پرسی:

ـ مناڵەکە چیەتی؟

ـ گرانەتایەتی خاوەن شکۆ.

ـ باشە چاك دەبێتەوە... هیچ هیوایەك هەیە؟

ـ دەردەکە پیسە،و مناڵەکەش لاوازە، لەگیانەڵادایە.

پیرە هەڵچوو.

ـ کەواتە بۆ پزیشکیت خوێندوە گەوجە؟ تیماری کە!.

کاتێ کەئەکسینیا سەرکەوت بۆ هۆدەکەی پیرە بۆ ئەوەی ئاگاداری بکات کە پزیشکەکە داوای چاروی دەکا بیگەیەنێتەوە عەیادەکە لەشرۆچکەکەدا، پیرە دیسان هەڵچووەوە و قیڕاندی بەڕویدا:

ـ بڵێ بەو گەوجە کە یاکۆدنایە بەجێ نایەڵێ تاوەکو مناڵەکە چاك نەبێتەوە.

بەڵام لەدواییدا پزیشکەکە دانیشتبوو ئاگری تێپەڕبوبو مناڵەکە تایەکی سەختو ناهەمواری لێهاتو کردی بە نۆبەی پچڕپچڕ دایکی بەرانبەری دانیشتبوو ئاگری تێبەربوو بۆ جگەر گۆشەکەی، بەڵام چیبکا دەسەڵاتی هیچ شتێکی نیە، مرۆڤی بێ هێزیش هەست بەئازاری ویژدان دەکات لەکاتی بێهێزی خۆیدا، لەبەرئەوە هاتەوە یادی ئەکسینیا کەئەمەی ئێستا تووشی دەبێ سزایەکە لەلایەن خواوە سەبارەت بەوەی کە مێردەکەی نتالیای زەوت کردووە بۆ خۆی بەدرێژایی ئەو شەوە بەردەوام مناڵەکە تای لێهاتبوو سەری برزنەدەکردەوە، جارێکیان پێڵوەکانی کردەوەو وتی:

دڵی ئەکسینیا کەوتە قرچە قرچ لەتاو داخو پەژارەدا،و وەڵامی دایەوە:

ـ کچەکەم، گوڵەکەم، لەلام مەڕۆ تانیا... چاوەکانتن بکەرەوە...بۆچی. .خوایە!!

مناڵەکە لەباوەشی دایکیا مرد، هەنسکێکی داو پاشان سەری کەوت بەلاداو بەرەبەرە هەموو گیانی کەوتە ساردبونەوە.

ساشکای پیرەمێرد گۆڕێك بچوکی هەڵکەندو لاشەی مناڵەکەی تێدا ناشت پاشان بەپەلە چوو بۆ تەویلەو لەوێ شوشەیە کۆڵۆنیاو یەکێکی دیکە ئەلکولی هێناو هەردوو خواردنەوەکەی تێکەڵ کردو بۆ گیانی ئەو (فریشتە بچکۆلەیەی کە گیانی سپارد)وەکو دەیوت، خۆی پێ سەرخۆش کردن.

دوای مردنی مناڵەکە بەسێ هەفتە، یاکۆدنا بەپیشوازی لەئاغای لاوی خۆی کرد،ئەو سازدانەی کە پیرە سازی کردن بۆ چاوپێکەوتنی کوڕەکەی شیاوی ڕێزگرتنی سەرکرەیەکی عەسکەری گەروەبوو.قەلەمون سربڕاوبون، مەیی کۆن لەگەنجینە دەرهێنرابوو، تەنانەت چارەویش یاڵەکانیان رازێنرابوەو ئەو گالیسکەیەش کەڕایان دەکێشا پاکوخاوێن کرابوەوە.

ئەکسینیا ئەو ڕوو گەشییەی پیرەی دێتەوە یاد کەلەدەموچاوی سەرلێژی دەکرد، بەپێچەوانەی سروشتی گرژو مۆنیەوە، کاتێ کە سەرکەوتە نهۆمی سەرەوە ئەو ڕۆژە بۆ ڕێکخستنی وانەکە، لەوێ باوکەی بینی دەستی دەکردە مل کوڕەکەی بەسینگ فراوانیو ڕوخۆشییەوە.

ئەو ڕۆژانە بەختیاریی باڵەشەکێی بوو بەسەر ئاغاکانی یاکۆدنایەوە، تۆ بڵێی کارەکەری جەرگ سوتاویش بەشێکی تێدا هەبێ!.

ئەکسینیا مناڵەکەی وەبیرهاتەوە کاتێ وشیو شادمانی بە هەنیەی پیرەوە بینی، بەڵام ئەو لەوپەڕی دڵتەنگیدا بوو، ئەگەر چی ئەکسینیا لەوکاتەدا نەیدایە کوڵی گریان، بەڵام بۆ شەوی ئایندە کوڵی نەدەنیشتەوە.. دەیڕوانیە ئەستێرەکانو دەیپرسی: ئایا ئەمە ڕەوای هەق مناڵەکەم لێ بسەنرێتەوە! !پاشان دەچوو بۆ لای ئەو بێشکەیەی کە مناڵەکە تێیدا دەنوستو دەستی دەدایە ڕاژەندنو جێگەو بانەکەی دەلاواندەوە..ئەو شەوە خەریکبوو ئەقڵی تێك بچێ..چونە دڵتەنگیو خەمناکی کەڵەکەبون لەهەستەکانی ئافرەتێکدا لەژیانیدا ساتێ بەختەوەری نەبینیوە مەگەر ئەوەی بەدزییەوە بووبێت لەگەڵ پیاوێکدا لەژنەکەی دایماڵیوەو لەپێناویدا وازی لەمێردەکەی خۆی هێناوە.

ئەکسینیا ئا لەم بارودۆخەدا بوو لەدوای هاتنەوەی یەڤگینی بۆ دێبەرەکەی باوکی. .بەڵام ڕۆگار دەرمانی دەردەو دڵنەوایی‌یش خێرێکە دڵی مرۆڤ پەنای پێ دەبا، پاش ئەوەی بیرکردنەوە مێشکی خاوەنەکەی لەکار دەخا.

لەبەرئەوە دەبینین ەکسینیا بەزەبەرە خۆی دەهاوێتە ئەشکەوتی دڵنەواییەوە بە هاوتایی سۆزو جێبربوونی مێشک دەگێڕێتەوە، ئەگەر چی هەر خێرا هەڵدەچوو بەئاسانی ڕام دەبو

وادیاربو یەڤگینی ئەوەی تێدا بینیووەو لەبەرئەوەش پیاوێکە ناتوانین بڵێین لەبنەچەی خۆی پیاوترە. شەوێکیان بەدزییەوە چوو بۆ ئەو هۆدەیەی کەئەکسینیا تێیدا نیشتەجێیە، دەسکی دەرگاکەی ترازاندو چووە ژوورەوە، ژنەکە بەترسو لرزەوە لەخەو ڕاپەڕیو بانگی کرد: ــ ئەوە کێیە لەوێدا؟

ــ منم.

دەنگی ناسییەوە، بەلایەوە شەرم بو ئەو بەجلی نوستنەوە ببینێ، وتی:

ــ هەر ئێستا جلەکانم لەبەردەکەم.

ــ پێویست بەوە ناکات، تەنیا تۆزێك دەمێنمەوە، کەواتە کچە مناڵەکەت مرد.

ــ بەڵێ، مرد.

لەدڵی دایکی جەرگ سوتاودا کەوتە جووڵە،و خۆی دایە دەستی سۆزەکانیو وای لێهات پێویستی بەیەکێك بو هەستی بەسۆزو بەزەیی بکات بەرانبەری.

چەند لاوازە ئەو کەسەی پێویستی بەسۆزو بەزەیی خەڵکی دیکەبێت،و بەتایبەتی ئەگەر ئافرەتێك بێتو اوەنی لەشولاربێت!.

کاتێ ئەکسینیا بەئاگاهاتەوە لەبێهۆشیو مەستی بێ پایاندا، گەڕایەوە دۆخی خۆیو بەنیمچە ڕووتیو بەپرتاو ڕایکرد دەیویست بەپیپلیکانەکەدا سەرکەوێ بۆ لای یەڤگین، لەوانەیە بۆئەوەی سزای بدات، یان سزای خۆی بدات لەبەر ئەم پێ خزانەیی.

بەڵام لیستنسکی پێش ئەوەی بچێتە جێگەکەی خۆیەوە، دەستی هێنا بەسنگیدا، پاشان کەوتە پاکانەکردن لەو کردارەیو وتی:

(بەڵێ ڕاستە، من ئابڕووی دراوسێ کەمم شکاند، ئەمەش خیانەتە، بەڵام، ئەگەر ئەو گوللەیەی برینداری کردم بەلای ڕاست یان چەپدا لار بوایەتەوە سەری لەت کردمایە، باشە ئەوکاتە دراوسێم دەبو! ! خوێنی خۆم لەبەرەدا ڕشت و گیانی خۆم لەمەترسیدا بوو، باشە کەوابوو مافی ئەوەم نیە لەژیاندا ڕابوێرم دوای ڕزگاربون!).

کاتێ کە یەگڤینی بۆ بەیانی بە لەخەوهەڵسا چوو بۆ سەرخوانی بەرچایی کردنو لەوێ ئەکسینیای لەژووری نان خوارندا بینی سەرقاڵی ڕێکخستنی وانەکەیە، کەمێ لێی نزیکبووەوەو بزەیە گرتی، بەڵام خۆی نوساند بە دیوارەکەوەو دەیویست پاڵی پێوەنێ لێی نزیك نەبێتەوەو بەچپەوە پێی وت:

ـ دورکەوەرەوە، شەیتان.

بەڵام لەچپەکەیدا هاندانێکی نادیار هەبوو، سێ ڕۆژ ڕانەبورد یەڤگینی دیسانەوە بەشەودا دای لە دەرگاکەیو ئەمیش بەڕویدا داینەست. ئەگەر چی ئەکسینیا دڵتەنگی لەدەست چوونی منداڵەکەی بوو، خۆ مۆسکۆ سەرتاپا نەیتوانی دڵتەنگی لەناخی گریگۆریدا بڕەوێنێتەوە، زۆرجار دەیڕوانی ئەو باخچە بچکۆلەیە لقو پۆنەبڕاوەی دەوری بینای خەستەخانکە،و پاشان ڕوی دەکرد بەولاوو ئەندێشەو خەیاڵی دەڕۆیشت بۆ گەڕان لەو دارستانە خۆڕسکییانەدا، کەخۆی ئاشنابو پێیان، یان گەشتی دەکرد بە دەشتە پانو فراوانەکانی دۆندا.

ئەوەی کە کارەکەی گرانتر دەکرد بەسەر دڵی گریگۆرییەوە، زۆربەی نخۆشەکان شارستانی بون، لەسەرەتادا پێنج سەربازی لێبوو، پاشان یەکێکی دیکەیان لەبەرەوە هێنا دوای ئەوەی پارچە بۆمبێکی ئەڵمانی چاوێکی داڕزاندبوو، ناچار نەشتەرگەریش پاشماوەکەی دەرهێنا.

جێگەی ئەم سەربازە بەتەنیشت جێگەکە گریگۆرییەوە بوو لەبەرئەوە دۆستایەیەکی تایبەتی لەنێوانیاندا پەیدابوو، ڕۆژێکیان کارانجا بە برادەرەکەی وت:

ـ کاروبارت چۆن بەڕێوەدەچێ؟

ـ لەوپەڕی خراپیدایە.

ـ مەبەستت ئەوەیە کە چاوەکەت دەردێنن.

ـ نە، ئەوان دەرزیشم لێەدەن.

ـ داواکە هەڵیکۆڵن ئیتر سەر ئاسوودە دەبێت.

ـ نەخێر، پێویست ناکات هەمووان تاك چاوبین.

ئەم کارانجایە لەهەموو شتێك وەڕس بوو: حوکوومەت، سەرکرایەتی، خەستەخانە، بەخت، چێشت لێنەرەکانو پزیشکەکانو هەمیشە لەبەردەمی گرێگۆریدا کێشەی رنگی دەوروژاند کەبەبیری ئەم قەوزاقەدا نەدەهات لەتاتارسکدا، تا وای لێهات کەوتە پرسیارو دوو دڵی سەبارەت بەڕاستیو دروستی ڕژێمی پاشایەتیو مافی تسارو پێویستی خزمەتکردنو ملکەچ کردن بۆیو بەرەبەرە نزیکدەبوەوە لە بڕواهێنان بەوەی کەئەم ڕژێمە لەبنچینەوە بۆگەنەو لەسەر پۆلێن کردنی مرۆڤ دامەزراوە، لەبەرئەوە دەبێ نەمێنێت.

بەڵام ئەم بیرانە هێشتا لەناخیدا نەچەسپابوو، چونکە ئەقڵە قەوزاقیانە وەستاوەکەی لەڕۆژگارێکی دورودرێژەوە بڕوای هێناوە بەپیرۆزیی تساری پادشا، ئەوەی لەچەسپاوە کە دڵسۆزی بۆ ئەو دڵسۆزییە بۆدەشتەکانی دۆن، واتە نیشتمان بچکۆلەکەی.

شەوێکیان سەرسوڕمان ئەقڵی گریگۆری هەراسان کرد،و خەونەچوە چاویو بەڕێکەوت کارانجا لای نیوەشەوەوە تەپاوتلێکی لجێەیدا کرد، گریگۆری بەئاگای هێنایەوەو وتی:

ـ کارانجا. . هەستە لەخەو.

کابرای ئۆکرانیش لەخەوهەڵساو سەیری گریگۆری کرد کە بیر شڵەژاوی بەچاوەکانیەوە دیاربو،و وتی:

ـ بۆچی نەخەوتووی؟

ـ بیر دەکەمەوە، ێستا ئەو کارەم بۆ ڕوون بکەرەوە لەوانەیە بتوانم بخەوم.

ـ کام کار؟

ـ تۆ وتت کە جەنگ کەڵکی هەندێکو زیانی هەندێکی کەی تێدایە، هەروەها وتیشت: کەتۆ لەجەنگدا بە پێچەوانەی خوایشتی خۆتەوە دەڕۆی بۆ مردن. . بەڵام، نەوەکانی گەل ئەوە بۆ تێناگەن؟ باشە ئەوە تیَ ناگەن؟ یان کەس نیە ئەوەیان تێگەیەنێ؟ئەی باشە یەکێکیان نەدۆزیوەتوە پێیان بڵێ:

(گوێتان لێ بیچ برایان، ئێوە دەمرن لەپێناوی ئەوەدا کە تسار بەردەوام تاڵانتان بکاتو سامانی دەوڵەمەندەکان زیاتر بێت!)

ـ کەس نەبڕاوە ئەوەیان تێگەیەنێ، بەڵام ئەگەر تۆ یان من هەوڵێدا بڵێت: ( گوێتان لێ بێ برایان. .) تسارو دەوڵەمەندەکان خێرا گوللەیەکت بۆ ئامادەدەکەن، نەوەکانی گەل نەزانن، دەسەڵاتداریش بەنەزانی دەیانهێڵنەوە لەترسی ئەوەی نەوەك بیانڕوخێنن، بەڵام ئە نەزانیە درێژە ناخایەنێ، جەنگو ناسۆڕییەکانی جێگەی پیَ لێژ دەکەن، هەورە گرمەش زریانی لەشوێنە تێگەیشتی؟

ـ نازانم، دڵنیانیم.

ـ کەواتە تێبگە ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە تفەنگەکانمان وەرچەرخێنینەوە بۆ سینگی ئەوانەی بۆ جەنگ، پاش ئەوە ڕژێمەکەیان بەتەواوی لەشەپۆلێکی مافەکانی گەلدا نوقم دەبێت.

ـ کەواتە، تۆ وای دەبینی هەموو شتێ سەرەوژێر ببێتەوە؟

ـ بەڵێ، ماوەیەکی دووروردرێژ خوریان لەسەر پشتی ئێمە بڕیەوە..با لەئێستا بەدواوە بۆ خۆمانی ببڕینەوە..

ـ ئەی شەڕ! چی لێ دەکەی دوایی وەرگێران حوکومەت! خەڵکەکە بەردەوام هەر شەڕ دەکەن..ئەمە چەند پشتە وابوون، ئەوکاتەش خووی خۆیان ناگۆڕن.

ـ ئەمە ڕاستە، شەڕ هەر بەردەوام دەبێت تاوەکو فەرمانڕەوایەتی بۆگەن ڕادەماڵرێ، واتە فەرمانڕەوایەتی تسارو پادشاو دەوڵەمەندەکان، بەڵام کتێ فەرمانڕەوایەتی بۆ کرێکاران بوو ئەوو ڕوسیا فەرمانڕەوایەتی وڵاتەکانیان بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان، ئەوکاتە ئیدی کەس بەرژەوەندی لەشەڕدا نابێتو هەموان بەبرایەتیو خۆشەویستی دەژین..ئای. . خۆزگە ئەو ڕۆژەم دبینی، من هەموو دڵۆپەکانی خوێنم دەکەمە قوربانی. .

گفتوگۆکەیان کەمێ پێش بەرەبەیان تەواوبوو خەوبردنیەوە، بۆ بەیانی ڕوانیان سەربازێکی دیکەی یەکچاو یەکەمجار بۆڵەبۆڵی بوو پاشان کەوتە جوێندانو نەفرەت کردن، کاتێ گریگۆری هۆی ئەوەی لێپرسی، سەربازەکە بەقڕەو هەراوە پێی ڕاگەیاند کەچاوە شوشەکەی لەدەست داوە، کەوتە سەر کاشی خەستەخانەکەو وردو خاش بوو، سەربازەکانی دیکە دڵنەواییان کردو دڵنیایان کردەوە کەپیاوێکی ئەڵمان هەیە ناسنامەی ڕوسی دەرهێناوەو

بەخۆڕایی چاوی شووشە لەخەڵك دابەش دەكا، لەبەرئەوە بەتاكو چاوی ئەوی دیكە سوری هەڵكۆڵراوەوە ناڕواتەوە بۆ گوندەكەی خۆی.

مانگی ئەیلوول بەسەرچوو گریگۆری هێشتا هەر لەژێر تیماركردندابوو، زۆربەی سەربازان‌و تێكراوان ڕۆیشتن، لەدواییدا نۆرەی گریگۆریش هات.. بەڵام نەنێررایەوە بۆ گوندەكەی خۆی بەڵكو بۆ خەستەخانەیەكی دیكە، چونكە لەناكاو برینەكەی دەمی دایەوەو چڵكو كێمی دەركردبوو بەجێگای مەترسی‌و پێش ئەوەی بگوێزرێتەو بۆ خەستەخانە تازەكە، كارانجا ڕایسپارد كەهەموو ئەوانەی لەوی بیستووە باسی بكات بۆ قەوزاقەكانی هاوهۆزی لە(دۆن)دا كاتێ گەڕایەوە لایان. هەروەها ناونیشانی خۆیدایە لەناوچەی چێرنیكۆڤو دوای لێكرد ئەگەر بۆی هەڵكەوتو هاتە ئەو ناوچەیە سەری لێبدات.

پاش دە ڕۆژ لەخەستەخانەی دووەمدا پیاوێكی پایەبڵند هات بۆ سەردانی سەربازانی بریندار لەوێ‌و ژمارەیەكی زۆر ئەفسەرو دەستو پێوەندی لەگەڵدابوو، لەراستیشدا ئەم پیاوە لەبنەماڵەی پاشایەتی بو گریگۆری كەوتبوە ڕق لێبونەوەی.

پزیشكەكان كەوتنە بەپێدانی لەبارەی پاكوخاوێن ڕاگرتنی خەستەخانەكەو بۆ ئەوەی بەدیمەنێكی شیاو دەركەوێ، هەروەها بەپەرۆش بوون بۆ گۆرینی جلی نەخۆشەكان بەڵكو فێركردنیشیان بەوەی چۆن وەڵامی پرسیارەكانی خاوەن شكۆی ئەمپەراتووری دەدەنەوە، ئەگەر پرسیاری لێكردن.

كاتێ گریگۆری سەیری ئەو پیاوە گەورەیەی كرد لەدڵی خۆیدا وتی:

كەواتە ئا ئەمانەن وەبەرمان دەدەن بۆ مردن لەشەڕدا.  چەند خۆشگوزەرانە ڕوخساری‌و چەندیش گەستنی ئەسپێ سەخت بووبە پشتی منەوە! خۆزگە دەڕۆیشت بۆ بەرەو نانی كەڕو هەنلهێناو گوشتی كرم تێداوی دەوارد لەوێ! ئەوكاتە دەم‌وچاوی بریقەدارو قەڵەو نەدەبون وەكو ئێستای.

پیاوە پایە بەرزەكە  بەنێو هۆدەی نەخۆشەكندا دەڕۆیشت كە ڕیزبوبون بەلای جێگەكانیانەوە، تاوەكو گەیشتە ئەو شوێنی گریگۆری لێی ڕاوەستابو، ئەوكاتە گەورەی پزیشكان خۆی هێنایە پێشەوە بۆئەوەی دەستنیشانی گریگۆری بكاتو بڵێت:

ــ ئەمە لەقەوزاقی دۆنەو ویسامی سانت جۆرج هەڵدەگرێ.

شازادە بۆ ڕێز لێگرتن لەگریگۆری پرسی:

ــ خەڵكی كام ناوچەی؟

ــ ڤیشنسكایا خاوەن شكۆ.

ــ ئەی چۆن ئەم ویسامەت بەدەست هێنا.

لەم كاتەدا ژان‌و پێچێكی سەت هات بەگریگۆریدا بەڕادەیەك ئیدی نەیتوانی ئازاری سەختی كۆم‌و میزڵدانی پێ هەڵگیرێ‌و بەزمانگیریەوە وتی:

ــ بمبورە خاوەن شكۆ..تۆزێ، پێویستیەكی بچوك.

ئیشارەتی بۆ ژێر جێگەكە كرد..

شازادە دەمی داچەقی بەاق وڕمانەو لەوەی کە گوێی لێبوو تێی گەیشت، ئاوڕیدایەو لای یاوەرێکی پلە بەرزەوە کلەگەڵیدا بوو، پاشان بەئینگلیزی ورنگە ورنگیکی لەگەڵ ئەفسەرێکی درێژداکردو خێرا کۆتەلۆکەیەکی خستە دەستی گریگۆریەوە کەوا دیاربوو پەلەی ڕزگاربونی لەوەش‌و لەگریگۆریش پێکەوە.

دوای ئەوەی کەسەردانەکەت تەواو بوو، گەورەی پزیشکەکان گریگۆری بانگ کردو قیڕاندی بەڕویدا:

ــ ەوە چیت کرد هەی پۆخڵ؟

ــ من پۆخڵ نیم هەی مار من تۆم نەبینیوە لەهیچ کام لەسەنگەرەکانی بەرەدا، بمنێرە بۆ گوندەکەی خۆم‌و بەلای سەرۆکی پزیشکانەوە، ئەمە سزایەکی گونجو بوو بۆ گریگۆری لەجیاتی ئەو کردەوە ناشرینەی لەبەردەمی شازادەداو هەر زوو بەزوو قەوزاقی پۆخڵ لەدەستەخانە دەرکرا.

چەند خۆش بوو ئەو ووشانە لەدڵی گریگۆریدا، کاتێ کە سەرۆکی پزیشکەکان بەهەڵچونەوە پێی ت:

ــ ئێمەش هەروا دەکەین، هەرئێستا بڕۆرەوە بۆ گوندەکەی خۆت.

هەرخێرا ڕۆتینی کەلەو حاڵەتانەدا دەکرێ تەواوکرا، گریگۆری ڕەوانەکراو سێ بەرد لەشوێنی.

ئێوارەی چواری تشرینی دووەم گریگۆری پێی خستە سەر زەوی یەکەم گوند لەگوندەکانی قەوزاقی دۆن‌و بەشەقامی گوندەکەدا تێدەپەڕیو گوێی لەناڵانی قەوزق بوو گۆرانیان دەوت:

(قەوازق بەسوارە ڕێ دەکەن‌و شیرەکانیان بریقەی لێوەدێت).

دڵی کەوتە تەپەتەپ بۆ بیستنی گۆرانیەك چەندەها جار لەمناڵیدا دەیوتەوە، لەناخیدا هەموو سەردەمی مێرمناڵی‌و خۆشییەکانی دەوروژاند.تەننەت لەدڵی خۆیشیدا وتی: (دیسان منیش ئەم گۆرانیەم دەچڕی، بەڵام ڕونی ژیانم ئێستا لێڵ بووە، سەری خۆم هەڵگرتووە وەکو گورگ نەزەویم هەیەو نەجێگەو ڕێگە، بەڵکو دەچمەوە تاوەکو لەگەڵ ژنی پیاوێکی دیکەد بژیم..ئاخ..

شریتی قۆناغی ئەم دواییەی ژیانی پڕ لەگەردای خۆی هاتەبەرچاوی‌و زەردەخەنەیەکی تاڵ گرتی:

پێش خۆراوابونی ڕۆژی ئایندە گریگۆری نزیکی یاکۆدنایەبوەوە، لایدایە تەویلەکەو لەوێ گوێی لەکۆکەکەی ساشکای پیرەمێردبوو، سڵاوی لێکرد، هەردووکیان دەست لەملانێکی دورودرێژیان کردو گریگۆری لەتەندروستی خۆی‌و هەواڵی ئەکسینیا پرسیاری کرد، لەڕووی تەندروستیەوە ساشکا دڵنیای کردو وتی: (من دەژیم وەکو بەردەئەستێ وام کەهیچ بایە کاری تێناکات)،بەڵام لەبارەی ئەکسینیاوە ساشکا پیشی خواردەوەو وادیاربوو دەیەوێ قسەیەك بڵێ، بەڵام وای بەچاك دەزانێ ماتڵی بکات.

گریگۆری هەستی بەگومانێك کرد لەم کرەداو زۆر هەوڵی لەگەڵ ساشکدا تاوەکو شتێکی بۆ ڕون بکاتەوە.ئەوکاتە ئیدی ساشکا بۆمبایەکی لەجۆری قرسەکان بەهەردوو گوێی گریگۆریدا تەقاندەوەو وتی:

ــ تۆ مارت بەخێو دەکرد. ئەو لەگەڵ یەڤگینیدا ڕادەبوێرێ کە هەموو شەوێ دەچێتەلای، پێم وایە ئێستاش لەگەڵیدابێت.

گریگۆری بەرچاوی تاریکبوو هەستی دەکرد کە چەکوشی قورس هەردوو لاجانگی دەکوتێ.پاشان ماسولکەکانی ڕومەتی کەوتنە فرتەفرتو بەپشتی کوڕەوە دانیشت وەکو یەکێك لەپڕ پیرو کۆتەساڵ بوبێت، بیروهۆشی لای خۆی نەماو نەیدەزانی دبێ چی بکات.

ساشكا جگەرەیەكی بۆ پێچایەوو گریگۆری مژێ دوانی لێدا بەپەنجە شڵەژاوو لەرزۆكەكانیەوە، پاشان تووڕیداو هەڵسا چوو بۆ دەستەخانووی خزمەتكاران‌و هەرچەندی دەكرد دەستی دانەدەهاتەوە جارێ دوان لەدەرگاكەی ئەكسینیا بدات، بەڵام تورەییەكەی كەڵەكەبووو تینیدا بەدەستی‌و بەتوندی دەرگاكەی لێدا وەكو یەكێك بیەوێ بیشكێنێ یان لەبن دەری بێنێ.

لەپەنجەرەكەوە دەم‌وچاوی بەترس لەرزی ئەكسینیا دەركەوت..پاشان دەرگاكەی كردەوە ژنە لەسەرخۆ هاواری كرو وتی:

ـ تۆقاندمت كریشای خۆشەویت، بەتوندی لێتدا.

بەمۆنیەكی دیارەوە گریگۆری وتی:

ـ من ڕچیوم. ئەكسینیا سەرنجیدا كەلەشی بەتوندی دەلەرزێ‌و ەرمی ناو لەپی لەگەرمی تا لێهاتوەوە نزیكەو لەگەڵ ئەوەشدا گومانی هیچ شتێكی نەكرد، بەڵكو لەهۆدەكەدا بەئەنقەست جرت‌و فرتێكی دروستكراوی بەرپاكرد، كاتێ ڕایكرد بۆ ئاگردانەكەو بەدەم ئاگركردنەوەوە دەیوت:

ـ نمەكەی ئەم دواییەمت وەرگرت؟دەمویست نامەت بۆ بنێرم، بەڵام دوام خست تاوەكو وەڵامی ئەو نامەیە بدەیتەوە.

گریگۆری وەڵامی نەدایەوە، بەڵكو خۆی خەریك كرد بەلەدوو گەڕانی كیسە توتنەكەیەوە، بەڵام بەگۆشی چاوی سەیری كردو لەدڵی خۆیدا وتی: (نەحلەتیە ئەوەندەی كەجوانی خستووەتەسەر جوانیە شەیتانانەكەی خۆی).

ئەگەر بارودۆخ ئاسایی بوایە ئەوكاتە ئارەزووی دەكرد كە شاڵە ڕیشاڵدارەكەی كەمێ لاچوبوو لەسەر هەردوو شانە ڕەنگەكەیەوە، بەڵام گریگۆری ئێستا وای تێدەڕوانی دڵدارێكە لەباوەشی كرِی ئاغای یاكۆدنایەدا. هەر لەڕوانگەی ئەم تێڕوانینەشەوە نەیتوانی زمانی خۆی بگرێت لەوتنی:

ـ تۆ پتر لەكەنیەكی كۆشكێك دەچی تاوەكو كارەكەرێك.

ئەكسینیا بەڕاچڵەكینەوە سەیرێكی كرد...پاشان پێكنینێكی بەزۆر دەرهاتووی بۆ كرد، بەڵام پێكەنینەكەی گریگۆری پاشگەزنكردەوە لەوەی كەپریاسكەكەی ڕاكێشێ‌و بەرەو دەرگاكە بڕوات.

ـ بۆ كوێ؟

ـ تاوەكو لەدەرەوە جگەرەیە بكێشم.

ـ هێلكەو ڕۆنم بۆ كردووی.

ـ كەواتە، كەمێكم پێ دەچێ‌و دەگەڕێمەوە.

لەدەرەوە گریگۆری گرێی پریاسكەكەی كردەوە، سەرپێچێكی ئاوریشمی دەرهێنا كەبەدوو ڕۆبڵ كڕیبووی بۆ ئەوەی بەدیاری بیداتە ئەكسینیا بەڵام ئێستا بەشێوەیەكی پارچەپارچەی درێژ كوولانە دادڕی‌و لەدڵی خۆیدا دەیوت:

ـ ئەمە چیە لەپاڵ دیارییەكنی كوڕ خوەن موڵكێكی دەوڵەمەنددا وەكو كوڕی خاوەنی یاكۆدنایە ! كەلەوە بوەوە گەرشایەوە ژورەكەو ئەكسینیا لەبەردەمیدا هەڵتووتاو كەوتەكە پێڵاوە عەسكەرییە قورسەكانی لەپێ دادەكەندو گریگۆری وازی لێهێنایە بەكەیفی خۆی بگری‌و خۆی خزاندە ژێر جێگەكەوو نووست.

بۆ سبەینێ گریگۆری ڕۆیشت بۆ دەستە خانووی پیرەی ژەنەراڵی بۆ سڵاو لێكردنی، پیرەش بەڕوو خۆشیەوە پێشواز لێكردو داخ‌و پەژارەی خۆی دەربڕی بۆ مردنی مناڵەكەو پیرۆزبایی ویسامی سانت جۆرجی لێكرد.

یەڤگینی هتە ئەێو وتی:

ـ چیە گریگۆری مۆڵەت درای؟ لەمۆسکۆوە هاتوی؟

ـ بەڵێ، مۆڵەتی دوو هەفتەم پێدراوە.

یەڤگینی ئیشارەتی کرد بۆ مەیتەرەکە کەفلانە ئەسپی بۆ ئامادەبکات، گریگۆریش وتی:

ـ با گالیسکەکەت من لێی خورم خاوەن شکۆ، بەیادی جارانەوە. پیرەەی ژەنەراڵیش دایە قاقای پێکەنین:

ـ بەم خێراییە ژنەکەت بەجێ دێڵی!

ـ خۆ ژن ورچ نیە هەڵبێت بۆ دارستانەکە.

یەڤگینی بەدەنگێکی خۆ بەزل گرتنو سەر شۆڕکردنەوە وتی:

ـ چاك لێخوڕە، شتێکت دەدەمێ.

ـ چاکەو پیاوەتی نوقمی کردووم خاوەن شکۆ، ئەوە بەس نیە ئێوە ئەکسینیاتان ژیانەوە بەدرێژایی لەماڵ نەبووبم؟! بەڵام لەناکاو دەنگی پچڕا، هەروەها شتێکی شارراوەو نادیاری تێدابو.

یەڤگینی سواری گالیسکەی درۆشکی سووك بوو، گریگۆریش جڵەوی ئەسپەکەی گرتو بەغاردانێکی خێرا بۆی دەرچون تاوەکو گالیسکەکە گەیشتە تەپۆلکەیەکی نزیك، کە کەوتنە پشتی یالچەکەوە گریگۆری لەگالیسکەکە بازیداو قامچیەکەی هەڵگرتو دەمچاوی یەڤگینی شکاو برۆی بریندربوو خوێنێکی زۆر ڕژا بەسەر ڕوومەتو ملو یەخەی کراسەکەیدا..

گریگۆری بواری مێملەکەی نەدەدا بەرگری لەخۆی بکات، بەردەوام لەئەفسەرەکەی دەدا، شەقی تێهەڵدەدا، کاتێ کەدابەزییە خوارەوەو بەسەر چاڵو چۆڵی ڕێگەکەدا تەپاوەتلی پێدەکردو دەیوت

ـ (ئەمەیان لەبەرمنو ئەوەیان لەبەر ئەکسینیا..لەبەرمن، لەبەرئەو...).

کە گریگۆری ئیتر وازی هێنا بازی دایە گالیسکەکەوەو وەری چەرخاندەوە بۆ یاکۆدنایەو ڕۆیشت لغاوەکە ئەوەندە توندبوو لەوەدابوو شەویلگەیی ئەسپەکەدا بچڕێ، تاوەکو گەیشتە بردەرگای ماڵو بەپەلە دابەزیو ڕایکرد بۆ هۆدەکەی ئەکسینیا، بەڕقەوە دەموچاوی دایە بەرقامچیو پاشان دەرچوە دەرەوەو کەوتە ڕاکردن بەڕێگەکەدا بەرەو تاتارسك.

لەبەردەمی حەوشەی ماڵەکەیاندا کیژێکی تازەهەڵچوو، باوەشی پێداکردو سەری خستە سەرسنگی، کەتەماشای کرد دۆنیای وشکێتی کەخەریك بوو نەیناسێتەوە، پاشان پانتلای باوکی هات، دایکیو دەریا..لەدوایشدا ناتالیا بەشەرمەوە چوو بۆ لای .

لەوساتەوە بەرخی وون بوو گەڕایەوە بۆ کۆزەکەی ۆی، تەنانەت پانتلایی بۆ دڵنیابوونیش لەوەی کەبزانێ گریگۆریو ناتالیا لەیەك جێگەدا پێکەوە ڕاکشاون ئەو شەوە، ژنە پیرەکەی نارد بەدزیەوە لەیەکێك لەدرەکنی دەرگاکەوە سەیر کات.

1916 تشرینی یەکەم، بارانو زریان لێڕەوارودارستان، سەنگەرەکانی نزیك تەلە دڕکاوییەکانی بەردەم سەنگەرەکان، قوڕو لیتەیەکی بەستەلۆکی خلیسك لەبنی سەنگەرەکەدا، قوڵەی چاودێری، ڕوناکی پەرشوبڵاو لێرەو لەێ لەحەشارگەکاندا تیشك دەداتەوە.

لەبەردەرکەی حەشارگەیەکی ئەفسەراندا ئەفسەرێکی چوار شانە کەمێ ڕاوەستا، پاشان پێڵاوەکانی سڕی بەکۆمەڵە پوشکێکداو قۆپچەکانی پاڵتۆکەی شۆڕکردەوە چوە ژوورەوە، جێگە خەوتنێکی تەحتەی ڕووت لەوێدابوو ئەفسەرێکی موو سپی لەسەر ڕاکشابوو، هێندەی نەخایاند باوێشکێکی داو پاشان وتی:

ـ بارانە؟

ـ بەڵێ، بەڵام حەشارگەکەتان گەرمە هەرچەندە ناوەەی پیشاوە.

ـ ئەوە هی ئاگردانەکەیە، ئێستا پێش تۆزێ دامانگیرساند، بەڵام ئەمە بایەخی نیە، دەردی سەری ئەوەیە بنی حەشارگەکە یەق دەکاتەوە، نەفرەتی لێ بێت چی دەڵێی پونچۆك؟

ـ چی بلێمئەمە حەشارگەی خۆتانە، چاکی بکەن، ئێمە بنی حەشارگەکەی خۆمان بەلەوح ڕاخستووە. لیستنسکی لەکوێیە؟

ـ نوستو، هەڵیسێنە، تاوێ یاری شەترەنج دەکەین.

یەڤگینی لیستنسکی لەخەو هەستێنراو شەترەنجو داشەکان هێنران، ئەفسەرەکان دەستیان کردە یاری. تۆزێ پێش تەواوبوونی گێمی یەکەم یاریەکە دوو کەس هاتن بۆ حەشارگەکە ئەوانیش کاڵمیکۆڤو مولازم چۆپۆڤ بوون. ڕەئیس وتی:

ـ گوێ ڕارگن، هەواڵێکی پێیە بۆتان، لەوانەیە کەتیبەکە بگێڕدرێتەوە، ئەمەم پێش کەمێك لەفەرماندەی بەتەریەکە بیست بەتەلەفۆن.

ئەفسەران کەوتنە چەندو چون کردن لەسەرئەوە، یەکێك ستایشی خۆشتنی چاکی دەکرد دوور لەقوڕو لیتەی سنگەرەکان، یەکێکی دیکە گاڵتەی بەئاواتی هاوەڵەکەی دەکرد، تاوەکو پونچۆك هەڵیدایەو وتی:

ـ بۆچی سکاڵا لەزەلکاو دەکەن سوپاسی خوا بکەن کەئێوە لێرەن، لەشوێنەکانی دیکە یەکبینە کوشتار گەرمە، کەچی ئێوەش لێرە لەحەفتەیەکدا چەند گوللەیەك دەتەقێنن‌و هیچی دیکە.

ـ ئێمە گەنیوین لێرەدا، شەڕو کوشتار باشترە لەخۆ مەڵاسدان لەم کونەدا.

ـ ئەوان قەوزاقیان بۆ ئێرە نەهێناوە تاوەکو بمرن لەشەڕەکند، بۆچی دەتبینم خۆت گێل دەکەی میرکۆلۆڤ؟

ـ کەواتە بۆچی سەرکردایەتی ناردویی بۆ ئێرە بەبیرڕای تۆ؟

ـ تەنیا بۆ ئەوەی بەجەنجاڵی بمان هێڵێتەوە تاوەکو حوکومەت بەسەر پشتی ئێمەوە یاریە کۆنەکەی خۆی بکات..

ـ منای؟

ـ مانای بۆ ئەوەی لەسەر حیسابی ئێمە خۆی بپارێزێ، هێشتا هەر تێنەگەیشتی؟

ـ هەم دەستت کردەوە بەفرۆفیشاڵەکنت برا؟

ـ فرۆفیشاڵ لەئارادا نیە، ئەمە ڕاستییە، ئایا نکوولی لەمەدەکەی.. کالمیکۆڤ؟ لێرەدا مولازم چۆپۆڤ خۆی تێهەڵقورتاندو بەشێوەیەکی شانۆگەرییانە نوشتایەوەو هاواری کرد:

ـ تکایە بەڕێزان سەرنج بدەن: ئێستا جێگری ئەفسەر پۆنچۆك دەست دەکا بەڕوونکردنەوەی خەونەکانی شۆشیال دیموکراتەکان.

ـ ئێستاش. .دەتوانی بفەروی: پۆنچۆك بزەیەکی لاقرتی‌و ڕق لێبونەوەی کردو تی:

ـ وادیارە تۆ هەر بەخۆڕسکی(پاڵوانبازیت).بەهەرەحاڵ ئەمەش لێهاتووی خۆتە، بەڵام ئەمە ڕێگەی ئەوەم لێناگری بڵێم: ئێوە هەمووتان تێبینی ئەوە دەکەن کە کەتیبەکانی قەوزاق لەپشتی هێڵەکان کوشتارەوە هێڵراونەتەوە، بەمنا لەناوچە پارێزراوەکاندا، دیسانیش تێبینی دەکەن کە وەڕس بون لەهێڵەکانی پێشەوەدا دەستی پێکردووەو کاتێ ئەم وڕسبونە بڵاودەبێتەوەو ئێوە ئاگادارن لەبەرفراوانی ئێستای لەئەنجامی زۆربونی هەڵاتوەکاندا لەخزمەت ئەوکاتە حوکومەت قەوزاق دەنێرێو تەرخانیان دەکات بۆ لەناوبردنی سەرەتاکان شۆڕش.

لێرەدا لیستنسکی بەرەنگاری بوەوە:

ـ زۆر رۆیشتنی بەناو ئەندێشەو خەیاڵەکانتدا برام، تۆ چۆن دەتوانی پێشبینی ڕێرەوی ڕودوەکان بکەی بەم شێوە ساکارە؟ بۆچی وات دانەنا کەجەنگ بەم زووانە لەبەرژەوەندی سوێندخۆرەکان ببڕێتەوە،و کار تەواو ببێت؟

ـ یەکەم، وا هەست ناکەم بەم زونە ببڕێتەوەو دوەمیش، هیچ شتێ لەئارادا نیە ببێتە بەڵگەی ئەو کۆتاییە خۆشەی تۆ خەونی پێوە دەبینی جەنابی رەئیس.

رەئیس کالمیکۆڤ وتی:

ـ وازمان لێ بێنن لمە، کەی لەئیجازەکەت گەڕایتەوە بۆنچۆك؟

ـ دوو رۆژە.

ـ ئەی لەکوێ ئیجازەکەت بەسەربرد؟

ـ لەپێترۆگراد.

ـ ئای. .خۆزگە لەوێ دەبووم.. بۆ تەنیا یەك حەفتەش بوایە..دەنگوباس چیەیە؟

ـ شتێکی خۆش نیە، خۆراك کەمە، برسێتی گەل دەهاڕێت، هەراو هەڵچونیش لەبەربونەوەدایە، نێوچەوانی میرکۆلۆڤ دیاربوو کە بەم هەواڵە تێکچوو وتی:

ـ کۆتایی جەنگ دڵخۆشکەر نابێ بۆ ئێمە، چۆنی دەبینن بەڕێزان؟

ـ جەنگی دژ بەژاپۆن شۆڕشی 1905 ی لێوە بەرپابوو، ئەم جەنگەش شۆڕشێکی سەختترو توندتری لێوە بەرپادەبێ، بەڵکو لەوانەشە شەڕێکی ناوخۆیی بێت.

پۆنچۆك بەمە وەڵای دایەوەو ئێش‌و ئازاریشی گەیاندە لیستنسکی وەکو چقۆیەك بێی بەملیدا، لەبەرئەوە رشاچڵەکی‌و هەڵسایە سەر پێ‌و وتی:

ـ من ناتوانم تێبگەم لەبونی ئەمە لەنێوانی ئێمەی ئەفسەرندا دەستێکی بۆ پۆنچۆك ڕاکێشا، پاشان بەدرێژەی پێداو وتی:

ـ پێش چەند رۆژێك هەڵوێستی لەجەنگ تەمومژاویبوو، ئێستا وا دەردەکەوێ وەکو ئاواتەخوازبێ بۆ بەزینی نیشتمانەکە. . وایە پۆنچۆك ئەمەت پێخۆش نیە؟

ـ بەڵێ. . بەزینی ئەم ڕژێمەم پێخۆشە، بەڵام نیشتمانی ڕاستەقینەم نابەزێت.

ـ ئاواتەخوازیت بۆ بەزینی نیشتمانت خیانەتێکی گەورەیە، خیانەتیش ڕێزو شەرەف بەکەس نادات. .بێ ئەوەی سەیری بیروڕا سیاسیەکانی بکەین.

میرکۆلۆڤ بەرەنگاربووە:

ـ ئەی نایەتەوە یادتان کەئەندامانی پارتی سۆشیالیستی دیموکراتی هانە هانەی گەلیان دەدا دژ بەحوکومەتو بەم شێوەیە ڕێ خۆش دەکەن بۆ بەزین  باشە تۆ لەگەڵ ئەواندای پۆنچۆك؟

ـ بەڵێ،  من لەگەڵ هاوڕێکانمدا لەئەنجومەنی دۆمادا، بەڵام بەڕاستی سەرسامم لەوەی کە نەزانی ئاغای یەڤگینی لەسیاسەتدا بگاتە ئەم ڕادەیە. —من؟ سەربازێکم ژیانی خۆمم تەرخان کردووە بۆ پادشا، تەنیا سەرکردنم بۆ هاوڕێکانت بێز کردنەو لەناخمدا دەوروژێنێ.

پۆنچۆك لەبەرخۆیەوە ورتەورتێکی بۆ کرد، یەکەم تۆ گەوجو نەفامیو دووەم عەسکەرییەکی پووچیتو گومڕایی بۆشو بەتاڵ یاری بەمێشکت کردوە، بەڵام لەجیاتی ئەو قسەیە بزەیەکی ماناداری بۆ کرد..

ڕەئیس میرکۆلۆڤ حەزی کرد مەسەلەکە کۆتایی پێ پێنێتو وتی:

ـ لەڕاستیدا ئێمە لێرەدا دوور لەسیاسەت دەژینو ناشزانین ئەوانەی ڕاستی بارودۆخەکان دەزانن چیمان بۆ ئامادە دەکەن،ئێمە لەسوپاداینو بەس.

پاشان لەسەر جێگەکە ڕاکشاو کەوتە تێڕوانینی وێنەیەکی جوان کەبەڕاسەریەوە هەڵواسرابوو، وێنەکە ئافرەتێك بو لەتەنکو تۆڵدا کەجوانیەکان لەشی دەردەخستو بزەیەکی خەواڵووی پڕ لەئارەزوو بەسەر لێوەکانیەوە بوو، ملازم چۆبۆڤیش بەشداری چاوڕژتنی خۆی کرد بەم جوانیەیەو نوقم بوو لەسەیرکردنی ڕشوخساری ەم ئافرەتە شۆخو قەشەنگە. پاشان خۆتی ڕزگارکرد لەم    وتی:

ـ ئەمە جوانە.

هەر لەوکاتەشدا پونچۆك قسەکنی خۆی ئاڕاستەی ئەفسەرەکانی دیکە دەکردو دەیوت:

ـ بەتەواوی دڵنیابن کە تساریەت(تساریزم)لەناو دەبرێت.

وشەکەی چۆبۆڤ، لەوساتەدا واهات وەکو مسۆگەرکردو پەسەندکردنی دەستەواژەکەی پونچۆك بێت.

ئەوکاتە کالمیکۆڤ ئاوڕی دایە لای پۆنچۆکەوەو وتی:

ـ بەڵام. .گریمان ئێوە حوکومەتی ئێستاتان هەڵگێڕایەوە، چ حوکمەتی لەبری ئە دادەنێن؟

ـ بێگومان،  حوکومەتی چینی کرێکار.

ـ پەرلەمان؟

ـ لەوە فراوانترە.

ـ پاشان چی؟

ـ دیکتاتۆرێتی چینی کرێکار.

ـ ئێ. . تێگەیشتین ئەی ڕشوناکبیران،  جوتیاران، ڕۆڵیان چییە لەلاتان؟

ـ جووتیاران پشتمان دەگرن، هەروەها بەشێکیش لەڕوناکبیران، بەڵام بەشەکەی دیکەیان شۆڕش دوور تووڕیان دەدا وەکو گەڵای وشك.

لیستنسکی زەردەخەنەیەکی لاقرتی خستە سەرلێویو بەسووك ڕوانینێکەوە وتی:

ـ دەتان بینم بەرز دەفڕن بەئاسماندا.

ـ هەر بەرزیش دەبین کاتێ کە دەشنیشینەوە.

ـ کەواتە بەڵم ڕاخەن ئەگینا پاشەڵتان دەشکێت.

پۆنچۆك وەڵامی ئەم قسەیەی نەدیەوەو لیستنسكی وتی:

- پێم بڵێ، چەند كرێكاری ئەڵمانت كوشتوە بەڕەشاشەكەت؟

- پرسیارێكی هیچو پووچە، من كردووە لەجەنگدا چونكە ئەوان هەرچۆن بوایە بەسەربازیان دەگرتم ئەمە یەكەم، دوەمیش ئەو شارەزاییەی كە من لەجەنگدا دەستم كەوتوە بۆ لەمەو پاش كەڵكم دەدات.

پاشان پۆنچۆك بڵاوكراەیەكی لەگیرفانی دەرهێناو بەسەر مێزەكەدا پەخشی كردەوەو دەستی خوێندنەوەی وتەكنی لینین بۆ ئەفسەرەكان كەتێیدا داوا لەهاورێكنی دەك سود وەردەرگرتن لەهەر بوارێكی ڕێكخستن كە حوكمی بۆ رژاو لەڕوسیادا ڕێگەی پێ دەداتو داوای ڕەق كردنی دڵیان لێدەكا لەجەنگدا، چونكە لەجیهاندا زۆر هەیە دەبێ ئاگر بیخواو ئاسن بیفەوتێنێ پێش ڕزگاربونی چینی كرێكار. داوایان لێدەكات (تفەنگەكانیان بەكاربێنن دژبە تساریەتو بۆرژواكان).

پۆنچۆك ئەمەی خوێندەوەو پاشان لەحەشارگەی ئەفسەران دەرچوو ڕۆیشت بۆ جێگە تایبەتیەكەی خۆی لە حەشارگەیەكی دوور، لەوێ كۆمەڵێ كاغەزی لەگیرفانی دەرهێناو ئاگری تێبەرداو قووتویەك گۆشتی لەسەر ئاگرەكە سوركردەوە.

لیستنسكی دەرچوونی بۆنچۆكی بەهەل زانیو ئاوڕیدایە لای میركۆلۆڤەوەو وتی:

- بیرورات چیە؟

- ڕوویەكی مۆنی هەیە، خۆشەیستیەكی گەورەی هەیە لەنێو قەوزاقی مەفرەكانی رەشاشدا.

- بەڵێ.

- وادیارە سەربازی مفرەزەكان هەموو بەلشەفكین.. ئەو ڕایكێشاون بۆ لای خۆی، بەڵام باشە چی پاڵی پێوە نا كەپەردە لەڕووی راستەقینەی خۆی بەم شێوەیە هەڵماڵێو ئەو دەزانێ كە كەس لەئێمە بیروڕای بەلای ئەودا نیە؟

- نازانم..

میركۆلۆڤ بەئەنقەست دانی توندكرد لەدوا دەستەواژەی چونكە هەستی بەمەبەستی لیستنسكی كرد كاتێ لێی پرسی (بیرورات چیە؟)، چونكە لیستنسكی دەیویست لەوبارەیەوە راپۆرتێك بنوسێو لەراپۆرتەكەدا هاتبوو:

(ئێستا ئەو دوو دڵیو گومننەم بۆ ساغ بوەوە كەلەبارەی نایب زابت پۆنچۆكەوە پێم ڕاگەیاندبون، ئەو ئەندامە پارتی كۆمۆنیستدا، لەمێژەوە دەستی كردووە بەپشت ساركردنەوەی قەوزاقو بەتایبەتی تیرهاوێژانی ڕەشاشەكان، وادیارە ڕایكێشاون بۆ لای خۆیو ئەفسەرانی دیكەی كەتیبە شایەتی ئەمە دەدەن، ئەوانەی كەئامادەبون لەچەندو چونەكەی ئەمشەوم لەگەڵیدا. لەبەرئەوە من وا دەبینم:

1- بگیرێتو ڕەوانەی دادگایەكی سەربازی بكرێت بەتۆمەتی هەوڵدان بۆ ڕوخاندنی رەی سەربازان لەبەرەداو هاندانیان بۆ یاخی بوون.

2- هەڵوەشاندنەوەی مەفرەزەی ڕەشاشەكان لەكەتیبەداو دابەشكردنی سەربازەكانی بەسەر كەتیبەكانی دیكەد.

بۆ بەیانی رەئیس راپۆرتەكەی خۆی نارد بۆ ئەركانی سەركردایەتی تیپ، پاشان دەرچوو بۆ پشكنینی ئاسایی بۆ سەر پاسەوانان لەپایەگاكاندا، هەندێ قەوزاقی بینی ئاگریان كردبوەوە لەسەر پارچە تەنەكەیەك كە دەریان هێنابوو، ئەوكاتە لەمەیخەڵێكی گەورەدا چایان لێ دەنا، ئەمیش تێی خوڕین:

- چەند جار تێگەنراون كەنابێ ئاگر بكرێتەوە لەسەر تەنەكە؟ هەی بەراز نیە.

ــ بەلاَم، ئایا بەبرسێتی بمێینەوە، ئەمەیە حاڵی بەرەی جەنگ؟
ــ ئاگرەکە بکوژێننەوە، خێراکەن ئادەی.
قەوزاقەکە ئاوڕی دایە لای سەربازەکانی هاوڕێیەوەو وتی:
ــ بەهەر حاڵ ئێوە خۆتان خواردوەتەوە..
پاشان دەستی کردە کژاندنەوەی ئاگرەکە.
لیستنسکی گەڕایەوە بۆ حەشارگەی ئەفسەران، بەلاَم پێش ئەوەی بیگاتێ لەڕێگادا بەمیرکۆلۆڤ گەیشت، بەهەناسە بڕکێوە وتی:
ــ باشە بیستوتە.. پۆنچۆك هەلاَتووە! رەئیس عورەفا ئەم هەواڵەی دامێ.
ــ ئەی تۆ بۆ ا شڵەژاوی!
ــ تەنیا هەواڵەکەم بەلاوە نخۆش بوو، هیچی دیکە.
دوو رۆژ بەسەر هەلاَتنی پۆنچۆك دا تێپەڕیبووو لەبەیانی ڕۆژی سێهەمدا رەئیس عورەفای کەتیبە هات بۆ بارەگای رخئیس لیستنسکیو بەتووڕەییەوە وتی:
ــ خاوەن شکۆ قەوزاق لەسەنگەرەکانیاندا ئەم بلاَوکراوانەیان سەرلەبەیانی ئەمڕۆ دۆزیوەتەوەو ئەم کارەم بەنائاسایی دانا، لەبەرئەوە هاتوم پێت ڕاگەیەنم.
ــ کام بلاَوکراوە؟
رەئیس عورەفا کەهەندێ کاغەزی چاپکراوی چرچو لۆچی دایە دەست، لیستنسکی کەوتە خوێندنەوەی:

ئەی کرێکارانی جیهان یەکگرن

هاورێییانی سەرباز:
ئەا دووساڵ تێپەڕ بوو بەسەر ئەم جەنگە نەفرەت لێکراوەدا، بیستو چوار مانگی ڕەبەقە بۆگەن دەتان خواو ئێوەش داکۆکی لەبەرژەوەندییەکانی خەڵکی دیکە دەکەن، خوێنی کرێکارانو جووتیارانی زۆر ڕژان، لەگشت وولاَتەکاندا، سەدەها هەزار کوژراو، بێوەژنو هەتیوی زۆریان بەجێهێشت، ئەمەیە ئەنجامی کوشتار، لەپێناوی کێدا دەجەنگن؟بۆ بەرژەوەندی کێ داکۆکی دەکەن؟ حوکومەتی تسار ملیۆنەها سەربازی راپێچ کردووەتە سەر هێڵی ئاگر بۆ ئەوەی زەویو خاکی نوێ بخاتە ژێر جنگیو پاشان خەڵکەکەی بچەوسێنێتەوە وەکو ئەوەی ئێستا دەیکا لەگەڵ پۆڵەندییەکانو نەتەوەکانی دیکەدا، هەروەها خاوەنی پیشەسازیەکان لەجیهاندا، بەشێوەیەکی ئاشتی بازاڕەکان دابەش ناکەن لەخۆیان بۆ ساغکردنەوەی کەلوپەلەکانیان، بەڵکو ئەو بازاڕانە بەڕێگەی خوێن ڕشتن لەشەڕو شۆڕدا دابەش دەکەن، ئەی ئێوە چیتان لەوە دەست دەکەوێ، ئێوە لەزۆرانبازییەکەدا گیانی خۆتان لەدەست دەدەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانیانو لەم مللانیەشدا برای هەژاری وەکو خۆتان دەکوژن.
دەست هەڵگرن لە کوشتنی براکانیان! لەخەو ڕاپەڕن ڕەنجدەران! دوژمنی ئێوە سەربازی ئەڵمانو نەمسایی نیە، نەخێر، بەڵکو تسارەکەتان خۆیەتی، خاوەن پیشەسازییەکانو خاوەن موڵکی زەویوزارەکانی کەبۆ خزتکردنی خۆیان داتان دەپلۆسن.

بەرەو ڕووی ئەوان لوولەیی تفەنگەکانتان وەرچەرخێنن، بەڵام سەربازانی ئەڵمانو نەمساییەکان ئەوان دەستی تەوقەکردنیان بۆ درێژکەن بەسەر تەلی دڕکاوی سەنگەرەکاندا، ئەوان برای ئێوەن، براتانن لەرەنجکێشان دەردی سەریدا، ئەوانیش وەکو ئێوە لێقەوماون، ئێوە هەمووتان هیچ شتێکتان نیە دابەشی کەن یان شەڕ بکەن لە پێناویدا.

بڕووخێ ئۆتۆکراسیزم!

بڕوخێ شەرشی کۆلۆنیالیزم!

بژی یەکێتی ڕشەنجدەران لەسەرتاپای جیهاندا!.

لیستنسکی لەخوێندنەوەی بڵاوکراوەکە بوەوە، بەشڵەژاوییەوە هەڵساو بەتەلەفۆن فەرماندەی کەتیبەی تێگەیاند، پاشان لێی پرسی چی بکات، وەڵامەکەش ئەمەبوو:

ـ هەموو کەسێك لەکەتیبەکەدا بەوردی بپشکنە، ئەفسەرەکانیش مەبوێرە، ئاگادارمکە لەئەنجام ئەگەر شتێکتان دۆزیەوە.

لیستنسکی تفی بۆ قوت نەدەدرا لەکاتێکدا کەپێشنیارێکی دەوتەوە:

ـ وابزانم سەربازانی مەفرەزەی ڕەشاش ئەم بڵاوکراوەیان دابەشکردووە.

ـ کەواتە بەفەرماندە دەڵێم دەست بەجێ قەوزاق بپشکنێ.

کاتێ کەئەفسەری دەستەکان لەبارەگای لیستنسکدا کۆبونەوە، ئەویش فەرمانی فەرماندەی کەتیبە ئاگاداری کردن، بۆیە میرکۆلۆڤ وتی:

ـ چ بارێکی تاڵو ناهەموارە، باشە دەبێ یەکتر بپشکنین!.

یەکێك لە مولازمەکان وتی:

ـ بایەمجار نۆرەی تۆ بێت لیستنسکی.

ئەمیش وەڵامی دایەوە:

ـ لەگاڵتەو سوعبەت گەڕێن، یەکێکمان تێدابوو ئەویش پۆنچۆك بوو، کاری تەواوبوو ئەوانی دیکەشمان وەکو ژنەکەی یۆلیۆس قەیسەر وان، ئێمە قەوزاق دەپشکنین.

کەمێ دوای ئەوە لیستنسکی ڕەئیس عورەفاکەی بانگ کرد، ئەمیش قەوزاقێك بوو لەتەمەنی پیریداو بە ازایەتی خۆی سێ ویسامی سانت جۆرجی پێدرابوو، لیستنسکی بە وشکیەوە پێی وت:

ـ کێن ئەو کەسانەی گومان لێکراون لەسریەکەتدا؟ بەڵکو بزانی دەبێ کێ بێت ئەم بڵاوکراوانە پەخش کاتەوە؟

ـ کەس ئەوە ناکات لەسریەکەدا خاوەن شکۆ.

ئەمەی بەبڕوا بەخۆبونی قەوزاقێکەوە وت کەنایەوێ سیخوڕی لەسەر تاقمەکەی بکات.

ـ بەڵام بەهەر حاڵ خۆ بڵاوکراوەکان دۆزرانەتەوە، باشە هیچ کەسێکی نامۆ سەری لەسریەکەداوە؟

ـ نەخێر گەورەم.

ـ ئەمە سەرسورهێنەرە!

ڕەئیس عەرەفا لێیدا ڕۆیشتو لیستنسکی ئەفسەریش فەرمانی سەرکردەی کەتیبەی بەئەنجام گەیاند سەبارەت بە پشکنینو خەریك بو هیچ شتێك نەدۆزنەوە، تەنانەت هەندێ گاڵتەو لاقرتیشیان لەسەیرکردنەکنی قەوزاقدا دەبینی، بەڵام لەدواییدا بڵاوکراوەیەکی چرچو لۆچ کراویان لەگیرفانی سەربازێکدا دۆزیەوە، میرکۆلۆڤ لێی پرسی:

ـ ئەمەت خوێندوەتەوە ؟

ـ هەڵمگرت بۆ ئەوەی جگەرەی پێ بپێچمەوە. ئەفسەرەکە رشووی گرژکردو تووڕەبوو وایزانی قەوزاقەکە پێچەو دەورە دەکا لەوەڵامدانەوەی پرسیارەکەیدا. وتی:

ـ دەڵێم. .خوێندووتەتەوە ؟

ـ من وێندەواری نازانم اوەن شکۆ، بەڵکو تەنیا ئەوەیە کاغەزم بۆ جگەرە پێچانەوە دەست نەکەوتو ئەم کاغەزەم لەزەویەکە هەڵگرت.

لێپرسینەوە تەواوبوو، لیستنسکی لەنێو دانەکانیەوە تفێکی ڕۆ کردو لێیدا رۆیشتو ئەفسەرەکانی دیکەش شوێنی کەوتن.

رۆژی ئایندە فەرماندرا بەگێرانەوەی ئەم کەتیبەیەی قەوزاقە بەماوەی چەند ڤرێستی بۆ پشتەوە هەروەها هاوڕێیشیان گوێزرانەوە بۆ یەکەکانی دیکەی سوپا.

بەڵام کەتیبە خۆی وەکو وەحدەیەکی تەواو بەشێوەی ئاسایی مایەوە، ئەگەر چیش هەندێ جموجووڵو چالاکی تێکەوت. لەو جموجولانەش ئەوبوو کە قەوزاق خۆیان شتو ڕیشیان تەراش کرد لەسەر شێوەی بەراز داخ کردن، ئەویش ئەوەیە کەئاگرێك دەکەنەوەو پاشان ڕیشیان لەسەر بڵێسەکەی دەسوتێنن تاوەکو دەگاتە سەر پێستی ڕوومەت ئەوکاتە بەدەستە ئەستوورەکانیان دەیکوژێننەوە.

لەم شوێنە نوێیەدا قەوزاق دڵخۆش دیاربونو ئەم دڵخۆشیەیەشیان مانای ڕق لێبونەوەی دەگەیاند بۆ گەڕانەوە بۆ بەرە، لیستنسکی بەم دڵخۆشیە ڕووکەشیە گومرانەبوو، چونکە دەیزانی ئەو قەوزاقانە کە وەڕس دەبن چۆن هەڵدەگەڕێتەوە، ئەوکاتە سەرپێچی کردن بڵاودەبێتەوە، سەری سەختی خۆی دەردەهێنێ وەکو شاخەکانی شەیتان.

ئەو هێشتا ئەو خۆراگریو قارەمانێتیی لەبیرنەچوەتەوە کەئ ەو سریەیە نواندی کە جار لەدوای جار شەست کەسی لێ مایەوە، ئەوکاتە ئیدی ئەو سریەیە نەیویست شەڕ بکات، لەبەرئەوە سەرکردایەتی قەوزاقی ناردە سەریانو کەوتنە لەتو پەتکردنی سەربازەکان بەشمشێر، ئەوکاتە لیستنسکی بەچاوی خۆی ئەو بێچارەو ولۆلانەی بینی چۆن بەجانەوەرانە شەڕی مانو نەمانیان دەکردو گوێیان نەدەدا بەسەر دەرچونیشیان، ئای لەشەڕکردنی مرۆڤی نائومێدو کولۆڵ چەند دڕندانەیە !

لیستنسکی ئەو دیمەنەی هێنایەوە بەرچاوی خۆیو بەراوردی کرد لەگەڵ بارودۆخی سوارە قەوزاقەکانی سریەکەی ئێستایداو ئەنجامی دادوەریەکەی ئەوەبوو کە قەوزاق لەوانەیە هەڵگەڕێنەوە،ئ ەی خۆی چەند جار گوێی لە گۆرانیە ەمناکەکانیان نەبوە کەهەمووی تا سەو پەرۆشی سوێبوونەوەیە بۆ گوندەکانیان ! ئەو ووشە پڕ کێشە بەهێزانەی پێی ناسارون لەئاوازەکانیاندا نەماون، گۆرانیەکانیان ئەوەندە دڵتەنگە لەلاواندنەوە دەچێ.

تەنیا جارێك لیستنسکی گوێی لە گۆرانیەکی قەوزاقی بەهێزبوو، ئەویش ئەوەبوو کەرۆژێکیان بەلای کەپری سەربازەکاندا تێدەپەڕی، قریوەو قاقای پێکەنین بوو بە قریوەی قەوزاقی نیوە سەرخۆش نرکەی دەهات بەخۆش ئاوازیو توندەوە نزیکەی سێ قەوزاق یەك برگەیان دەوتەوە، لەوانەیە خەریکی ئاوازدانان بووبن بۆی، لەولاشەو یەکێکیان لەسەر هەندێ تەختەدار سەمای دەکرد.

لیستنسکی کە ئەوەی گوێ لێبوو بزەیە گرتی، لەناخی خۆیەوە وتی: (وا هەست ناکەم سەربازانی پیادە بەسۆزو پەرۆش بن بۆ ماڵی خۆیان بە ئەندازەی سۆزو پەرۆشی قەوزاق)، بەڵام ئەو هەڵەبو لەبۆچوونیدا، چونکە بەسەربردنی

دووساڵ لەسەنگەرە پڕ قوڕو لیتەکاندا، لەبارێکی خۆمەڵاسدانی بێ ووچاندا وەڕسیو حەزکردن بەگۆران لەدڵی بەردیشدا دەوروژێنێ، بەڵام هەست کردن بە دڵتەنگیو لەو بەزۆر هێشتنەوەیەدا لەسەنگەرەکاندا، بێگومان توندو تیژترە لەدەروونی قەوزاقدا.

چونکە ئەانە هۆرێکن سروشتی کاری چوستوچالاکیان ڕایهێناون لەسەر هەمیشە جووڵان، بەڵام سەرکەوتنی خێراو سەرچڵی گەورەو فراوانی ببێت، بەڵام ئێستا ئەوە دووساڵە لەسەنگەرەکاندا داکوتراون، قەوزاقی ئارەزووی ئەوە دەکات دەسەڵاتی بەهێزو سەرکەوتنی خێراو سەرچڵی گەورەو فراانی ببێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەو لەکاتی تەنگانەدا بەپشووەو هەردەم ورەی بەرە لەکاتێکدا کەلای خەڵکی دیکە نرم دەبێتەوە، تەنانەت کاتێکیش تووشی لاوازیو لەهەرچیو پەرچی کارگەکانو میشك پووچانی جووتیاران نیە.

بەدوای ئەو گۆرانیە پڕ هەراو هۆریایەدا گۆرانیەکی غەمگین هاتو لیستنسکی دیسان گوێی لەویش بوو، ئەم گۆرانیە دەیوت:

(ئەفسەرە لاوەکە لەخوای خۆی دەپاڕێتەوە).

قەوزاق لاوەکەش تکای لێدەکا بگەڕێتەوە لای کەسوکارەکەی

گەورەی ئەفسەرم

لێم گەڕێ بچمەوە لای کەسوکارەکەم

باوکێکم هەیەو دایکێك

ژنێکی لاوم هەیە

وازم لێبێنە بگەڕێمەوە لای گشتیان

سوپای ژمارە $13$ کە ناوێ گۆڕا بۆ سوپای تایبەتی، بەناهەق کەرتی ڤلادیمیر –ڤۆلیانسکی داگیرکردبوو. لەدوادوایی ئەیلوولی $1916$دا سەرکردایەتی نەخشەو پلانی خۆی ئامادەکردبوو بۆ هێرش بردن لەم ناوچەیەوە بۆ ڕێگە خۆش کردن بۆ پەلاماردان تۆپە قورسەکان ئاگری خەستی داباراندە سەر سەنگەرەکان ئەڵماندا.

هەر کە ڕۆژی یەکەمی تۆپبارانەکە تەواوبوو تاوەکو ئەڵمان لەهێڵی یەەم کشانەوە، پاشان تۆپەکان دیسانەوە ناچاریان کردن لەسەنگەرەکانی هێڵی دوەمیشیان چۆڵ کەن، هیچیان تێدا نەهێشتەوە هەندێ دەوری کەم نەبێ کەئ ەرکی چاودێریکردنیان بەڕێوەدەبرد.

دوای ئەوەیەکەکانی فەیلەقی تفەنگچیە تورکستانیەکان پەلاماریاندا، بەڵام تۆپەکانی ئەڵمان کەلەدارستانەکەدا دامەزرابون لەپشتی هیڵە چۆڵکراوەکانیانەوە، ئەو تورکستانیانەیان بەجارێ قەڵاچۆکرد لەشانزە جار هەوڵی پەلاماردان لەلایەن تفەنگچیەکانی ڕوسەوە، سیانزە جاریان بەفیڕۆچوو، قوربانیەکانی ئەم پەلاماردانە ژمارەیان خۆیدا لە نۆ هەزار کوژراو..

هەموویان گیانیان سپارد پێش تێپەڕاندنی تەلەدڕکاوییەکانی دەوروپشتی ئەو سەنگەرنە.

کەسەرکردایەتی باڵا ئەوەی بینی، فەرمانێکی ئاراستەی ماریشال کاڤریلۆڤ کرد، کەسەرکردەی فەیلەقی $30$ سوپای تایبەتی بوو، بەناردنی دوو تیپی نوێی فەیلەقەکەی بۆ ئەو ناوچەیە.

کەتیبەی 318ی چیرنۆیارسك بەشەو کێشرایەوە لەبەرەی سەر ڕوباری ستۆخود، پاشان دبارە گێڕرایەوە بۆ ناوچەی عەمەلیات دوای مەشق پێکردنێکی کورت لەسەر بەکارهێنانی نارنجۆکی دەستیو پەلاماردان بەشێوەی فەرەنسەیی، ئەمەش شێوەیەکی هێرش بردنە بەنیوەی سریەکان لەجیاتی فەوجەکان بەتەواوی.

دوای ئەو ماوەیەی مەشقدان کەتیبە بەدرێژایی سێ ڕۆژ ڕێی کرد بەنێو بێشەڵانو هەردەو هەڵەت، زەلکاوی تەڕو تووشیو بۆگەندا، کاتێ گەیشتە گوندێکی بچووکی بەرانبەر بەهێڵی ئاگر، ماندوێتی بەتەواوی لێی بڕیبوونو کفتی کردبوون، لەبەرئەوە زۆر پێویستیان بەچەند ساتێکی حەوانەوە بوو.

بەڵام، حەوانەوەی چی ئەوان دەنێررێن بۆ دواگەشتیان، گەشتی مردن! لەهەمان کاتدا سریەیەکی قەوزاق، کەهاتبوو بۆ پرێزگاری ئەرکانی جەنگی تیپی 80، دەجووڵا بەرەو گۆڕەپانی کوشتار هەندێ پیاوانی فەوجی احتیاتی دووەمی قەوزاقی تاتارسك لەگەڵ ئەم سریەیەدابوون، لەوانە هەردوو براکەی ئەلیکس شامیلی یەك باڵو ئەڵمانی پێشوو، لیخۆڤیدکۆڤ ئە قەوزاقەی هەردەم لەژێر چەپۆکی توندی دایکە پیرەکەیو ژنە لاسارەکەیدابوو،ئەم ژنە زۆر دڵڕەق بوو بەرانبەری، هەرچەندە دزێوو ناشیرنیش بوو لە نێو ژناندا.

ئەم سریەیە چووە گوندێکەوەم لەکاتێکدا کەتیبەی چیرۆیارسك بەجێی دەهێشتو لێرە نەگریس کەلە کەتیبەی کشاوەدابوو، هاوولاتی تاتارسکی خۆی ئیڤان شامیلی بینی، ئیڤان هاواری لێکرد:

ــ ئای. ..ئەمە لەکوێ زەوی دەری هێنای؟

ــ لەکەتیبەی چێرنۆیارسکی 318.

هەردوکیان بەیەکتر شادبونەوە، چونکە لەمێژبوو لە گوند دابڕابوو،، بەڵام لەبارەیەوە گفتوگۆیان نەکرد، بەڵکو دەمەتەقێ کورتەکەیان ڕێگەیەکی دی گرتەبەر، نەگریس لەکاتێکدا دەیویست بگاتە هەنگاو هەڵهێنانی ئیڤانداو وتی:

ــ ئێمە لەسەر پەلامار داین.

ــ هەروەها سریەکەی ئێمەش.

ــ حاڵوباڵت چۆنە ئیڤان.

ــ باش نیم، هیچو پووچیو وەڕسیەیە.

ــ منیش هەروام، لەساڵی 1914 ەوە لەسەنگەر دەرنەچوم، نەکەسوکارم هەیەو نەهیچ شتێك شك دەبەم، لەگەڵ ئەمەشدا من لەپێناوی بەرژەوەندی خەڵکی دیکەدا شەڕدەکەم.

ــ ستۆکمانت وەبیر دێتەوە؟ هەموو شتێکی شارراوەی دەزانی، ئەگەر ئێستا لەگەڵماند بوایە ڕاستی بۆ ڕوون دەکردینەوە. ئای پیاوێکی باش بوو.

ــ لێم دەپرسی وەبیرم دێتەوە! من لەباوکی خۆم پتر لەبیرمە..باشە هیچی لەبارەوە دەزانی؟

ــ ئای. .من زۆر دلگرانم بۆی، هەواڵم زانیوە کە لەسیبریایە.

نەگریس راچلچەکی لەوەی کە گوێی لێبوو، داخو دەربڕینێکی ئاشکراوە وتی:

ــ چی؟

ــ بەندییان کردووە، ئەمەو ئەگەر ئێستا نەچووبێتە ڕیزی ردووانەوە.

بێدەنگی وی کێشا بەسەر هەردوکیاندا لەکاتێکدا ڕێیان دەکرد.. پاشان نەگریس ئاوڕی دایە لای ئیڤانەوە، بەزمانێکی بەئێشو ئازارو پاراوەوە وتی:

ـ ئێستاش، ماڵاوا، هەست ناکەم جارێکی دی یەکتر ببینینەوە.

هەردوکیان تەوقەیان کردو یەکتریان ماچ کرد بەدەست لەملانەوە، پێیانەوە دیاربوو هەردووکیان پێشبینی لێك دابڕانی هەتا هەتایی دەکەن.

خوێڕی کشایەوەو خێرا ڕۆیشت بەدلگرانیو سەری شۆڕکردەوە بەسەر سنگیدا، ئەوکاتە ئیڤان لەڕیز دەرچووو بانگی لێ کرد:

ـ برا! من بەپیاوێکی ڕەقت دادەنێم.. بەم جۆرە بۆی، لەیادتە؟

نەگریس رشووی وەرچەرخاندەوەو فرمێسك بەچاوەکانیدا هاتبوو خوار، پاشان سنگی بەتوندی هەڵوڵیو بەدەم هەنسکدانەوە وتی:

ـ بەڵێ، پیاوێکی ڕەق بووم! بەڵام هاڕیمیان برام..ئەسپی پیریان راپێچی مردن کرد:

وا بزانم قسەیەکی دیکەشی کرد، بەڵام سریەکەی قەوزاق بای دایەوە کۆلانێك لەگوندەکەداو لەبەرچاوی یڤان ون بووو ئیدی هیچی نەبیست.

برۆخۆ شامیل بەبراکەی وت:

ـ ئەوە نەگریس نەبوو؟

ـ بەڵێ، ئای چ پیاوێکە! بەڕاستی پیاوە.

دوای دەرچونی قەواق لە گوندەکەدا، کەوتنە گوزەرکردن بەلای بریندارەکاند، تاك تاو جووت جوت، پاشان ژمارەیان زیادی کردو کۆمەڵ کۆمەڵ دەردەکەوتن، ئەمجار بە ئاپۆرەی گەورە، گالیسکەی زۆر لەسەرخۆ بەڕێگەکەدا دەڕۆیشتنو ئەو خەلکانەی تیایاندا بوون زۆربەی برینەکانیان کاریگەربوونو لەمەترسیدابوون، چارەوێکانی ئەو گالیسکانەش پەراسووەکانیان دەرپەڕیبوون لەلەڕیو لاوازیداو ئەگەر ئەو قامچیانە نەبوایەن کەدەیان گەستنو پێستی ئەسپەکانیان لەت دەکردو ئەو پاشماوە کەمە خوێنەیان لێودەردەچوو دوای کێشانەوەی قامچییەکان، ئامادەنەبوون ئەو گالیسکانەی دوای خۆیان ڕاکێشێ.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم گیانەوەرانە لەتریان دەبرد کەدەڕۆیشتنو قەراخو ئیچاخە شەڕو شڕەکانی گالیسکەکان لەهەموو لایەکەوە سەربازا نی بریندار خۆیانیان پێدا هەڵواسیبوو و هەر بەپێی خۆیان دەکرد، لەترسی ئەوەی بکەونو دوبارە نەتوانن هەستنەوە.

فەرماندەی سریەکە لەیەکێ لەو بریندارانەی پرسی:

ـ تۆ لە چ کەتیبەیەکی؟

ـ تیپی 3، فەیلەقی تورکستان.

ـ ئەمڕۆ بریندار بویت؟

سەربازەکە وەڵامی نەدایەوە، لەوانەیە لەبەر ڕق لێبونەوە بووبێت.

سریەکەی قەوزاق ڕێگەکەی بەجێهێشتو دارستانەکە قوتیداو سریە پیادەکانی کەتیبەی 318 بەدوایدا جووڵان، لەئاسمانی ڕەنگو بزرکاودا هەسارەیەکی بۆری زەردباو دەرکەوت، بالۆنێکی ئەڵمانی بوو یەکێك لەسەربازەکان وتی:

ـ سەیر کەن کوڕینە. ئا ئەوە موعجیزەیەکە!

ـ وەکو سجووق وایە.

ـ ئای. .کەواتە دوژمن لەوێوە چاودێریمان دەکات.

ـ ئۆۆنی. ..چەند بەرزە !

ـ تەنانەت گوللە تۆپیش ناگاتە ئەو شوێنە.

لەوێ لەدارستانەکەدا ئاگرکردنەوە لەقەوزاق قەدەغەکرا، بەهەرحاڵ خۆ باران کە ئەوکاتە وەکو کوندەی سەربەرەو خوار لەسەر هەوڵی ئەوەیان بدایە. لەبەرئەوەی دنیا ئێوارە وەخت بوو، قەوزاق بران بۆ سەنگەرێکی هاتوچۆی درێژ کە پڕ بوو لەئاوو بۆنی بەرە سنەوبەری گەنیوی لێدەهات، پێیان وتا: (لێرەدا دادەنیشن).

لەدەوروپشتی سەنگەرەکە دانیشتن، پاشان دەستیان کردە جگەرەکێشان لەو توتنەی پێش هانییان لێیاندا دابەش کرابوو، کۆمەڵ کۆمەڵ لەنێوخۆیاندا بەشدارییان لە مژلێدانی جگەرەدا دەکرد، هی وایان هەبوو ئەوەندەی مژ لە ئاغزە جگەرەکە دەدا تاوەکو پەنجەکانی دەسووتا.

حەوانەوەکەی قەوزاق فرەی نەخایاند، دوبارە فەرمانیاندا درایە بەڕێکردن لەدارستانەکەدا.. لەڕێگایاندا بەڕێزێکی درێژی لاشەدا تێپەڕین، کە شان بەشانی یەکتر ڕیزکرابون لەبارو شێوەی هێجگار سامناکو دڵتەزێندا.

سەربازێك بەتەنیشتی ڕیزەکەوە رشاوەستابوو دەموچاوی پۆشێکی دژی غازی لەسەرکردبوو، بۆ خۆپاراستن لەبۆن.

قەوزاق بەسامناکی ئەم دیمەنە مووچڕکەیان پێدانەهات، بەڵکو وەستانو بەبێدەنگی دەیانرشوانیە لاشەکانو ئەو شێواوییەی تووشیان هاتبوو، ئەمانە زیندوبون و تەماشای مردنیان دەکردو نهێنی ئە سەرسامی دەکردن، بەڵام لێی دەترسان، فەرماندەی سریەکە چوە پێشەوە بۆ لای سەربازەکەو ڕووەستا قسەی لەگەڵدا بکات، قەوزاقیش چلوحەوت لاشەیان ژمارد، کەهەموویان ئەفسەری لاوبوون وەکو لەجلەکانیدا دەردەکەوت. لەنێو لاشەکاندا یەك پیر هەبوو پلەی رەئیسی هەڵگرتبوو بەپشتدا کەوتبوو دەمی داچەقاندبوو زەردە ڕەنگی مردووی لێ نیشتبو، دیمەنیشی وای دەگەیاند لەکاتی هاوارکردندا گیانی دەرچووە.

یەکێك لەقەوزاقەکان لەسەروسیمای مولازمێکی رشاکشاویان وردبوەوە وادیاربوو بۆ قۆزو سیمو قەشەنگەبوو تەنانەت کەلەجیهنی نەمایشدا بوو.

ئەم مولازمە لەسەر پشت پاڵ کەوتبوو، باڵێکی لێ راکێشابوو پرباڵەکەی دیکەشی توندکردبوو لەدەمانچەیەكو کەوتبوە سەر سنگی، تۆزێك ڕوشان لەسەر قوڵی بوو، لەوانەیە یەکێك ویستبێتی دەمانچەکەی لەدەست دەربێنێ بەڵام دەمانچەکە لکابوو بەگۆشتی مردوەکەوە. شەبقەکەی لەپشتی سەریەوە بوو چوبوە دواوەو قژێکی کەتانیی لولەیی لێوە دەرکەوتبوو.

بەتەنیشت ملازمەکەی پێشوەوە لاشە ڕێکخەرەکان پیاوێکیان دانابوو بەدەمدا کەوتبوو پاڵتۆکەی لای سەروی لەشیە کۆمەڵەبوبو و قایشو قرۆشەکەی پچڕابوو ماسولکە بەهێزەکانی هەردوو لاقی دەرەوتبوو کورتی بۆیەکرای لەپێدبوو، شەبقەی لەسردا نەبوو، بەڵکو کەللە سەریشی نەبوو تاوەکو هیچ شەبقەیەکی لەسەربێ، پارچە بۆمێك بێ بەزەییانە تەوقی سەری هەڵگرتبوو بەپاشماوەی خوێنی ئەوسەرە.

بەتەنیشتی خاوەنی سەری پەرپوەوە ئەفسەرێکی چوار شانەی گۆشتن ڕاکشابوو چاکەتێکی پێستی لەبەردابوو قەمسەڵەیەکی دراویش، لاکەلاوەی بەسەر سنگیەوە بوو، بەڵام پێش شەڕی پیچستە سپییەکەی سوتابوو و لوول ببوە بەسەریەکدا بەشێوەی پڵیتەی ڕەش ڕەش، لەنێوان و چەناگەیدا ئێسقانەکان بەتەوای وردوخاش بوبونو ڕەنگێکی قرمزی ڕەشباویان لێ نیشتبوو.

لەپشتی پاشماوەی ئەفسەرە چوار شانەکەوە قەوزاق لاق پەلی ئادەمیزادی پەرش‌وبلاویان بینی‌و چەندەها پارچەو بەشی ئە لاشانەی کە خاوەنەکانیان ئادەمیزادبوون، لاقێکی بڕاوەو سنگێك پەراسووەکانی تێکشکابوو بەسەریداو پاشماوەی ناوسکی دەرهاتوو..و هەموو شتێك کەشەڕ دروستی دەکات.

قەوزاق ئیدی لەتوانایاندا نەما ڕادەیەکی زۆرتری ئەم دیمەنانە ببینن، لەبەرئەوە خێرا سەری گەرشانەوە بۆ شوێنەکانی خۆیان‌و نیشانەی خاچیان لەسەر سنگیان دەکێشا، پاشان سریەکە درێژەیدا بە ڕێکردنی خۆی تاوەکو گەیشتنە چەند حەشارگەیەکی چۆڵکراوو بەدەم یەك دراو. لێرە ئەفسەرە رەعیلەکانی خۆیان وەستاندو چوونە حەشارگەیەکەوەو کۆبونەوە تێیدا بەفەرمانی فەرماندەیی سریەکە لەم حەشارگەیەکدا فەرماندەی سریە کاغەزێکی قەد کراوی، کەلەوەپێش وەریگرتبوو، لەپامبەرێك کەلە کەتیبەی چیرنۆیرسك ناردبوی، بۆ ئەفسەرانی خوێندەوە، کاغەزەکەی ئەمەی تێدابوو:

(دوژمن غازە خنکێنەرەکانی بەکارهێناوە دژبەسەربازانی هێڵی یەکەمی فەوجی سێیەممان لەکەتیبەی 256. دەرفەتی داگیرکردنی سەنگەرەکانمانی بۆ ڕەخساوە،ئەرکی ئێوە وەدەست هێنانەوەی ئەو سەنگەرانەیە لەهێرشبردنی ئەمشەوتاندا، لای ڕاستەوە دوو سریەی پیادەو فەوجی کەتیبەیەکی سەر بەتیپی نارنجۆك هاوێژران پاڵپشتتان دەکەن).

فەرماندەی سریە ئەوەی خوێندەوەو ئەفسەرەکان کەوتنە چەندچۆن کردن لەسەر ئەو دۆخە، بەڵام قەوزاق کەمێ حەسانەوە لەحەشارگەکاندا، پاشان سریەکانی کەتیبەی چیرۆنۆیارسك یان بینی بەپەلە بەلایاندا تێدەپەڕن‌و لەتەشکیلەکانیدا باری هێرش بردنی جەنگی وەردەگرن، پاشان دەست دەکەن بەداباراندنی دوژمن بەلێشاوی گوللە.

سەربازەکانیان دەچوونە پێشەوە.. هەنگاو بەهەنگاو هەر لێیان دەهوت. نەگریس لەوپەڕی لای ڕاستەوەبوو، گوێی لەئەفسەری رەعیلەکەی بوو دەیوت:

ــ ئای. ..من نتوانم، برینەکەم دەمی کردەوە، لەناکاو.

ئەم ئەفسەرە لەشەڕێکی پێشوودا بریندار بوبوو، ئەو ئێستا دەیەوێ لەپشتی رەعیلەکەیەوە بڕوات بەبیانووی دەمدانەوەی برینەکەیەوە، پیاوێك کە ئاڵاکەی هەڵگرتبوو پێی وت:

ــ ئەمە چی‌یەتی ئەم برینەی تۆ هەمووجار لەسەرەتای شەڕدا دەم دەکاتەوە !

ــ چۆن دەوێری ئەم قسەیە بکەی؟

ــ برۆ بۆ هەر کوێیەك دەچی بچۆ.

نەگریس لەبەرخۆیەوە وتی:

ــ ئەوە بەرازە، بۆنی مەترسی کردوە، ئیدی برینەکەی کراوەتەوە !

لەوکاتەدا نەگریس گوێی لەچپەیەك بوو لەتەنیشتیەوە:

ــ ئێ، دراوسێ، ئەرێ تۆ باشیت؟

ــ باشی یەك !

نەگریس پێی هەڵکەت‌و خزاو کەوتە ناو چاڵێکەوە کەپ ڕبوو لەئاو، کابراش وتی:

ــ ئای، تاریکی، نەحلەتی لێ بێ، با پێکەوە برۆین ئەوە کەم بەلاترە.

هەردووکیان پێکەوە بەبێدەنگی ڕۆیشتن تاوەکو هوەڵەکەی نەگریس لەپڕ وەستا، وتی:

ـ ئا لەوێدا. .سەیرکە.

پیاوێك لەژێر دارکاژێکدا وەستابوو و پاڵی دابوە قەدەکەیەوەو هەردو لاقی بڵاوکردبوەوە خوێڕی وتی:

ـ پیاو!

ـ هاورێکەی دەستی دایە تفەنگەکەیو خوڕیە ئەوەی پاڵی بەدارەکەوە دابوو:

بازی دایە دەرەوەو تاریکی لەچا وونی کرد.

لەوانەیە ئەڵمانەکە زۆر دورنەکەوتبێتەوە کە تابووری ڕوس گەیشتینە ئەو سەنگەرەی لێی هەڵاتبووو هاوەڵەکەی نگریسیان بینی بەسکەخشە لەحەشارگەیەك دەردەچێو خەریك بوو تەقەی لێبکەن، بەڵام ئەو کەلوولە تفەنگێك بینی هەڕەشە لەژیانی دەکات هاواری کرد:

ـ منیش ڕووسم وەکو ئێوە.

سەربازەکان نەگریسیان ناسیەوەو وازیان لێهێنان، ئەفسەری ڕەعیلەکەی نەگریس بەسەریدا هاتو پێی وت:

ـ ماڵت کاول بێ، تۆ فەرمانەکان نازانی، لەکوێ بووی؟

ـ پێش ئێوە ەیشتینە ئێرە.

ـ دەتتۆپێنم، بۆچی ملکەچی نیزام نەبووی، خۆ تۆ تازەنیت لەسوپادا!

ـ پێم وتی، پێشتان کەوتین، تورە مەبە بەم شێوەیە.

لەوانبوو ئەم بەسەرداهاتنە درێژەی بکێشایە، بەڵام ئەفسەرەکە پێویستی بەتووتن بوو، نەگریسیش لەوانەبوو ئەم بەسەرداهاتنە درێژەی بکێشایە، بەڵام ئەفسەرەکە پێویستی بە تووتن بوو، نەگریسیش هەندێکی پێبوو، لەبەرئەوە ئەفسەرەکە جگەرەیەکی داگیرساندو بەرێی خۆیدا ڕۆیشت.

گولله تەقی، یەکەم گولله بوو لەملیۆنەها، بەدوایی ئەوەدا لافاوی گوللەی ڕەشاشە ئەڵمانیەکان تابوورەکانی ڕووسی پەلاماردەری داباراند، پاشان ئەڵمان لای خۆیانەوە کەسافێکیان هەڵکرد، نەگریس لەبەر رۆشنایی‌یەکەی سەیری کرد سەرباز وەك مێرووله دەخشێن بەسەر زەویداو باری پاڵکەوتنیان وەرگرتووە، کاتێ کەرۆشنایی‌یەکە دەری خستن هەریەکەیان دەیویست سەری خۆی بشارێتەوەو بەرشوومەتی تەوقە لەگەڵ قورش‌و لیتەی دارستانەکەدا بکات.

بەڵام ئەڵمان هەروا بێهوودە کەشافەیان هەڵئەکرد. خشاوەکانیان دا بەردەست ڕێژی گوللەی ڕەشاشی خوێنـــ خوێنی کوشندە. ئەوساکە ڕووس کەوتنە شکست هێنان‌و بەزین و دەتبینین بەرەو پشتەوە قەڵەمبازیان دەکوتا یان بەسنگە خشێ خۆیان بەکێشی دەکرد.

هەر یەك تاودا حەڤدە کەس لەنێو سری بێ گیان بوون، بەڵام سریەکەی قەوزاق توانی بە دزە بگاتە نزیکی هێڵەکان ئەڵمان، دەیتوانی لەپڕ دایان بگرێتەوە، ئەگەر چەند تەقەیەکی دەرێکی چیکی نەبوایە کەلە پێشیاندا بوون‌و ئەڵمانیان لێ وەئاگا هێنان‌و خۆیانیان بۆ ئامادەکردن.

لەیەکەم ڕیزی گوللەدا کەبەرەو ڕووی قەوزاقیان کردەوە دوو کوژراویان لێ کەوت‌و کەس نەبوو لاشەکانیان لەو شوێنە بکێشێتەوە. قەوزاق لەوپەڕی دارستانەکەوە خۆیان حەشاردابوو، بەڵام فەرمان لەسەرکردایەتی کەتیبەوە هات:

هەرئێستا دەستبەجێ بچن بۆ پێشەوە.

هەر کەڕێگە خۆشکرا بۆ ئەوە بەبۆردومانێکی سەختی تۆپەکان، ڕوس لەپەنایی بەرەوە بەهێرش بردنێکی گشتی ڕاستەوخۆ هەڵسان، پیادە بۆ مەودایەکی کورت دەخشان، پاشان ڕادەوەستان‌و پەنجا هەنگاو ڕایان دەکردو عەماری

تفەنگەکانیان بەتاڵ دەکردەوەو لەوکاتەدا، تاوەکو ئیدی گوێیان لەدەستووری (چەك، پرکە)دەبوو و جارێکی دی پڕیان دەکردەوە.
بێگومان چەکەکانی ئەڵمانیش تەمەڵو بێ مێشك نەبوون، ئەان لەسەنگەرەکانی خۆیاندا دامەزرابوون، مشتیان لەڕەشاشەکانیان گرتبووو فیشەكو زەخیرەی زۆریان لەلابوو، ئەمەو سەرەرای ئەوەش کە دەورپشتی سەنگەرەکانیان بەتەلی دڕکاوی چڕ تەنیبوو.
هێرش بەران گەیشتنە دوری پەنجا هەنگاو لەتەلە دڕکاوی یەکانەوە، ئەوجا پاڵکەوتنو دەستیان دایە تەقەکردن بێئەوەی سەریان بەرزبکەنەوە، هەروها هەندێکیان ڕایان کردە پێشەوەو چەند نارنجۆکێکی دەستییان هاویشت بەرەو سەنگەرەکان.
لەماوەی نیو سەعاتدا وەپێشچوەکان هەشت کەس لەپیاوەکانیان لەدەستداو ئاگر بارانی خەستی ئەڵمانی ڕێگەی لێگرتنو ناچاربون لەشوێنی خۆییاندا بگەڕێنەوەو کوژراوەکانیان بەجێبێڵن.
ئەفسەری رەعیلی دووەم لەنێو کوژراوەکاندا بوو، لەبەرئەوە بەناچاری ڕەعیلەکەی لەدەرەوەی مەودای گوللە هاویشتندا خڕبوونەوەو پاشان بەرێكوپێکی کشانەوە.
لەم شوێنی خڕبونەوەدا رەعیلەکە سەیریان کرد نیوەیان کوژراونو لەگەڵ ئەوەشدا لەسەرردایەتی کەتیبەوە فەرماندرا سەرلەنوێ هێرش بکرێتەوەو ئەو فەرمانەی کە ڕاگەیەنرا بم جۆرە بوو:
(پێویستە دوژمن لەهێڵی سەنگەرەکانی یەکەم دەرکرێت، ئەگینا گشتی هێرشەکەی تەواوی سەرناگرێ، یەکسەر جێبەجێ بکرێت).
بۆ بەجێهێنانی فەرمانەکانی سریەکەی قەوزاق هاتەوەو بەشێوەی رەتلێکی تاك ڕیزبوو و کەوتە هێرش بردن، بەڵام ئاگری خەست دووبارە بەرەو رشویان بوەوەو ژمارەی سەربازان هاتە کەمی، زەبرو کاریگەری ئاگرین لاوازبوو، سەربازان بەزەویدا نووسابونو بەهیچ کلۆجێ سەریان بەرز نەدەکردەوە:
لەم ساتە تەنگەتاوەدا یەکێك هاواری کرد:
ــ وا دوژمن ئابلۆقەی داوینو ڕێگەی گەڕانەوەی لێ بڕیوین.
وەکو گەلە گیانەوەرێکی کە ئاگر لەدارستانەکەی بەردەبێت، پیاوەکان بەترسولەرزەوە گەڕانە دواوە، پشتاوپشتو هەڵاتن بەنێو چڕە دارو دەوەنەکنداو چەکەکانیان لەخۆکردەوەو پشوویان لەخۆبڕی، (وەکو نەمشکیان لێ بوو بەقەیسەری).
ئا لەم کاتە ناهەموارەدا کاڤریلا لیخدۆڤ دەنگی گۆرانی لێ هەڵبڕی، کەوتە کردنی بەشەکانی سوپاو پیاوانی هەر بەشێك جۆرە وەسفێکی دەکردن لەلایەن خۆیەوە، باڵێکی تەکەی دەهات پێوەی بەتاڵێکی پاشمەوەی ماسولکەیەك، بەڵام دەستەکەی دیکەشی بەڕومەتیەوە لکابوو لێی نەدەبوەوە، داماوە شێت بوبو!.
لەڕاستیدا ئەو دەنگەی گۆرانی نەبوو، بەڵکو لە لوورەی گورگێکی بریندار دەچوو، چۆڕاوگەیەکی لیکی سوور لەدەمی دەتکا، هەردووچاوی لەپێڵووەکانیدا زاق بوبونەوە، بەچەسپاوییەوە بێ سەیرکردنی هیچ شتێ دەیانرشوانی،ئ ەمە ئەوبارەبوو کەئیڤان شامیل بینی کاتێ کە ویستی گۆرانی وتن بەهاوەڵەکەی ببڕێتەوە، بەپاڕانەوەوە وتی:
ــ ئەم قرەو هەرایە مەکە، بەسە برام.

بەڵام شێتە هەر درێژەی بەگۆرانی وتندا، تاو ناتاوێك دانەكانی دەهاڕین بەیەكداو دەیكێشا بەهەردوو كوڵمیداو كەلاوەی دەكەوتە لەرەلەرو شالاوێكی نوێی شێتیی دایدەگرتەوە.
لە دووری بیستو پێنج میل لەخوارووی ڕووباری ستۆخودا شەڕێك هەڵگیرسابوو لەنێوان ئەو رشووسو نەمساییانەی لەوێ سەنگەریان گرتبوو، لەم شەڕەدا كەتیبەی دوانزەیەم، واتە ئەو كەتیبە قەوزاقەی گریگۆری تێیدا زمەتی دەكرد، بەشداربوو، بەدرێژایی دوو حەفتە بەردەوام تۆپ نركەی دەهات بۆ زەمینە خۆش كردن بۆ دەستەویەخە بونەوە، بەڵام ا بەچاك زانرا كە چەند ماوەیەك ئەمە دوابخەن، لەبەرئەوە قەوزاق بەشەان بۆ خۆیان لەسەنگەرەكانیاندا دەنووستن، ئەركی پاسكردنیان دابوە سەربازانی ئێشككرتن.
گریگۆری لێرەدابوو، شەوێكیان وای بەخەیاڵدا هات دەرچێتە دەرەوە لە بۆگەن لێهاتوەكەیو لەسەر زەوی دارستانە نزیكەكەی تەنیشتیان رشاكشێو شەو لەوێ بەسەربەرێت، دوای ئەوەی قۆڵی خستە ژێر سەرىو هەستی بەدڵتەنگی كرد، وەكو هەركەسێك كەتەنیا بێو كشوماتیو خامۆشی دەوروبەری گرتبێتەوە.
لەم كەنارگیرییەدا تووشی باری كاوێژكردنەوەیەكی دەروونی بوو، بەهۆی تەنیاییو دڵتەنگ بوونیەوە شارراوەی بیرەوەرییەكنی كەوتنە كارو بەشێوەی شریتێكی درێژ لەئەندێشەیەوە دەردەهاتو بیرەكانی گەڕانە دواوە، دیارترین وێنە لەبەرچاوی وێنی ئەكسینیابوو.. وا دەردەكەوت وەستاوە لەبەردەمیدا، بەهەناسە بۆنخۆشەكانیو قژە زەردە جوانەكەیەوە، ەا دەست لە دوو لێوە پڕ هەوەسو ئارەزووەكانی دەدات، وا ئەكسینیا بەو پەرۆشەوە سەیری دەكا كە دەرگاكەی بۆ كردەوە لەیاكۆدنایە، بەڵام، ئاخ! ئەو نیشانە شینەی كە هێور بوو بەسەر كوڵمە هێجگار سپییەكەیەوە كاتێ كە قامچییەكەی لێدا هێشتا هەر دیارەو ڕۆژگار نەیسرپیوەتەوە جارێ.
ئەو وێنەیە ڕەوییەوە، لەشوێنی ئەوە ئەو ڕەنگو ڕوخسارەی ئەكسینیای ئەو ڕۆژە دەركەت كەلەمێرگەەدا یەكیان گرتەوە ئێوارەی ڕۆیشتنەكەیان بۆ دێبەرەە، گریگۆری لەوەدابوو كەدەستی درێژكات بۆ ئەوەی ئەكسینیای دوور لەئەو باتە ئامێزی. . بەڵام ئەكسینیای وێنەش خێرا نەما.
وێنەیەكی دیكەشیان پیشان درا، ئەویش ناتالیای دەموچاو لارو ئارەزوو بەترەف لەم شەوانەی ئەم دواییەدا پێش گەڕانەوەی گریگۆری بۆ مەیدا نی شەڕ، تۆ بڵێی ئەو ویستبێتی لەڕێگای دەست لەملانێ دوورو درێژیەوە، سەیركردنی چاوە پڕ حەزو ئارەزووەكانی بۆ گریگۆری ئەو ساردو سڕییەی سەردەمی بوكێنی خۆی ببژێرێتەوە! لەوانەیە وابێت.
وێنەكەی ناتالیا، ئاووهەوای تاتارسكی لەگەڵ خۆی هێنا، ئەوە باوكێتی شەلەشەل بەشەقامەكانی گونددا دەڕواو پڕە لەشانازی كرد بە بەورەكەیەوە، ئەوە گریگۆری خۆیشێتی هەست بەجۆرە لەۆبایی بوونێك دەكات لەكاتێكدا تێپەڕدەبێ بەگۆرەپانی نزیك كلێسەكەدا، لەولاوە خەڵكی تاتارسك سەیری ویسامی سانت جۆرج دەكەن ەبەسنگیەوە هەڵواسراوە، تەنان ەت گەورەپیاوانی گوندیش بەشەبقەكنیان سلاویان لێدەكردو ئەگەر قسەیان لەگەڵدا بكردایە بەهاوشانی ۆیان لەقەڵەمیان دەدا، ئەی گوایە ئەو مافی ئەوەی نیە، ئەوێ كە سەری تاتارسكی بەرزو بڵندكردەوە بەو ویسامە مەزنەكەی!.
لێرەدا گریگۆری هەستی گومڕایی تێدا پەیدابووو گەڕایەوە سەر سروشتە قەوزاقییەكەی جارانی، ئەم هەڵسانە بەری ئەو پرسیاركردنو بیرانەی لێگرت كە كارانجا وروژاندبوی لەنایدا.
كەوتە، گریگۆری رۆیشتەوە بۆ تاتارسك پیاوێك بوو، كە گەڕاوە بۆ بەرە پیاوێكی دیكەبوو، ئەو ئێستا قەوزاقێكی راستەقینەیەو ئەوپەڕی بڕوای هەیە بەدابونەریتی قەوزاق.

گریگۆری وێنەیەکی دیکەی هاتەوەیاد:

لەمایسی 1915 دا هەلگری ویسام پاڵکەوتووە بەرانبەر بەهێڵەکانی ئەڵمان، بەبایەخدانو دەست پێوەگرتنەوە تەقە دەکاتو ناو بەناو گوێ ڕادەگرێ بۆ فەرمانەکانی ئەفسەری رەعیلەکەیو سەبارەت بەنیشان پێکان، پاشان هێرش بردن هاتو لەم شەڕەدا گریگۆری ئەفسەرێکی ئەڵمانی بریندار کردو سێ سەربازیش بەدیل گرت.

بەڵام لەتەمووزی ئەو ساڵەدا (رۆڵەی تاتارسك)لەباغت هەڵدەکوتێتە سەر دەورێیەکی نەمسایىو لەپشتەوە بە شەستیرێك پەلاماریاندەدا، نەمساییەکان ناچاری هەڵاتن بونو گریگۆریش ئەفسەری دەورێکەی بەدیل دەگرێ، توڕی دەداتە سەر کەڵپوسی زینەکە وەکو بەرخو پێی بەئەسپەکەوە بەرەو سەرکردایەتی کەتیبەکەی.

هەموو ئەمانە هاتنەوە یادی گریگۆری لەکاتێکدا کەلە دارستانەکەدا ڕاکشابوو، بەڵام ڕوداوێك ماوەیەکی زۆرتر لەبەرچاویدا مایەوە، ئەویش رۆژی ڕزگارکردنی ستێپان بوو لەمردن، ئەوەش ئەوەبوو پشتی کەوتە خوارەوە، قەوزاق گوشادیان بۆ هاتبوو بۆ کشانەوەیەکی نارێكو پێك، ئەوا ئەسپەکانیان پاڵ پاڵێنیانە لەپاشەکشێداو خەریکن ستێپان لەژێر پێیاندا بهاڕن. گریگۆری پەری بەو هۆیە نەبرد کەپاڵی پێوە نا کەمێك لەڕەعیلەکەی دواکەوێت، بانگ لەستێپان بکات:

ـ ئاوزەنگییەکە بگرە.

کاتێ کەستێپان گریگۆری چەندی لەتوانادابوو بەوپەرشی خێراییەوە بەغار دان بۆی دەرچوو:

بەڵام ئەڵمان لەپشتی ردەکەوە هاتنەدەر لەقەوزاقە هەڵاتووەکان.

گریگۆری سەرنجیدا کەستێپان هەوڵدەدا خۆهەڵواسێ بەلاوازترین تاڵە دەزووی ژیانەوە، ئەمیش بانگی کرد:

ـ سەرکەوەرە سەر ئەسپەکەم.

گریگۆری لەئەسپەکەدا بەزیو ئاوزەنگییەکەی ژێر پێی ستێپانی گرتو کەوتە ڕاکردن.

لەدواییدا هەردوکیان گەیشتنە دارستانەکە، ستێپان هاتەخوارو وتی:

پاشان کەمێ سەری داخست، وتی:

ـ کریشا. ..من دەمویست لەکاتی هێرش بردندا بتکوژم، تفەنگەم بەرەو لای تۆ سوڕانەوە، بەڵام چارەنووسی پاراستیتی، ئێستاش وا تۆ ژیانی منت ڕزگار کردو منیش سوپاست دەکەم، بەڵام ناتوانم بتبوورم لەوەی کەبە ئەکسینیات کرد.. ئەمەم لەتوانادا نیە. .ز زۆرم لێ مەکە.

گریگۆری بەچاێکی سەخت سەیرێکی کرد. . وتی:

ـ زۆرت لێ ناکەم.

بەم جۆرە هەردوك هەر بەدوژمنایەتی لێك دابڕان وەو چۆن بوون لەمەوپێش.

گریگۆری کە ئەم ڕوداوەی وەبیرهاتەوە بزەیە گرتی، بەڵام دڵە قەوزاقییەکەی هیچ هەستێکی بەزەیی گریگۆری بەرانبەر بەسیتێپان فریا نەخست. لەڕاستیشدا گریگۆری بەزەیی لەدڵدا نەمابو بەرانبەر بە ستێپانو خەڵکی دی تێکرا،ئەو ئێستا بەرێبازی قەوزاقە دێرینەکاندا دەڕوات. ەو بازی بە ژیانی زۆر کردووە، هەندێکی بێ گیان کردو هەندێکیش ڕێگای بۆ خۆش کردوە بۆ نەمان لەدوای ماوەیەك، شەڕی زۆری گێراوە بەسەختیو توندی، لەبەرئەوە دڵی بوو بەبەردو پێکەنینی قووڵ ڕێگای نەماوە بۆ ناخی دەروونی.

ئەوا چاوەکانی چوون بەقووڵداو ئێسکەکانی هەردوو کوڵمی دەرکەوتوون، بریسکەی پێشووی چاوەکانی گۆڕاوە بەبریقەیەکی جانەوەرانە،ئەو چوار ویسامەی کە وەدەستی هێناوە، پاداشتیەتی لەبری ئەو هەموو گۆڕانانەی تێیدا دروست بوون و لەپێناوی ئەم ویسامە ئاسنینانەدا سروشتی ڕووگەشی گریگۆری لاچوو بەجانەوەرێك کەجەنگ ڕواندی.

هەموو ئەمانە گریگۆری لەتەنیایی ئەو شەوەیدا دەرکی پێکرد، دڵی پڕ بوو لەخەم و پەژارەو هەستی بەخەمناکیەکی تاڵ کرد، لەبەرئەوە گەڕایەوە سەنگەرەکەی، بەڵکو دڵنەواییەکەی بۆ بێت لەنێو اوەڵانی قەوزاقیدا لەوێ.

کاتێ کەبینی یاری کاغەزو گاڵتەو گەپیان دەکرد، (جۆ)کەی پێ خۆش نەبوو، پەتووەکەی ڕاخست و نووست.

گریگۆری ڕۆژی ئایندە لەخەو هەڵسا بەخەمناکی و دڵ گوشراوییەوە، هەستی بە وشکیە دەکرد لەهەموو لەشیدا، وەکو دڵگوشراوییەکی تووشی چوار پەلیشی بووبێت.

لەخەوەکەیدا بینی دەشتە بەرینەکەی بەردەمی تاتارسك بانگەوازی لێدەکا وەرە، لەوێ جاتیرەی بۆن خۆش و گوڵە کێویلەی پشکوتوو، ئەو تووڵە ڕێگایانەی کەشوێنی پێان تێیدا ئاویان تیدەزا، لەوێ چارەوی دەیحیلکندو گوێرەکە لەخۆشیاندا هەڵدەبەزییەوە و کیژۆڵە قەوزاقەکان بڵاوبوبونەوە لەمێرگەکەدا کەس ەوزایی بەهار ڕازاندبیەوە.

کاتێ ئۆریۆبین گریگۆری هاوەڵی بینی ەنائاساییە، لێی پرسی:

ــ چیتە ئەمڕۆ وا لووتەلای، تۆ میزاجت تێکچووە، باشە خەونت بەکەس و کارتەوە بینیوە؟

ــ بەڵێ، دەشتەکەم بینی، دڵم خەریکە بتەقێ، ئای خۆزگە دەگەڕامەوە ئەوێ! بەتەواوی دڵ و دەروونم بێزراوە لەخزمەتکردنی تسار.

ــ تۆ ڕاست دەکەی، وا هەست ناکەم ئەم شەڕە بەرەو خێر بچێ، خێری چی، ە خامی تسار خوێنی ئەڵمانی بەدەمارەکانیدا هاتوچۆ بکات! ئەو ئەگەر بیتوانیایە دەیفرۆشتین بە هۆزەکەی خۆی.

ئەو بێگانەیە بەئەرزی نیشتمان.

کەواتە، ئۆریۆبین شەرش گۆڕیبوی و سروشتی جانەوەرانەیی سووك کردبووەوە وای لێکردبو ڕقی لە خوێن ڕشتن بێتەوە.

گریگۆری لەمەوپێش هەولچی دابوو بۆ ئەوەی لەبیروڕاکانی کارانجای هەڵکراندبوو، بۆ هاوەڵەکەی باس بکات، بەڵام ئۆریۆبین هەردەم وەکو بەردی ڕەق بوو بەرانبەریەوە، کە گریگۆری هەوڵیدا ئێستاش ئەوە باس کات، وەڵامەکە ئۆریۆبین بێدەنگی کرد:

ــ ئەمە گۆرانیەکی جوان، بەڵام دەنگەکە گڕە، قەوزاق پێویستیان بەشۆڕش نیە، چونکە کەڵکی چیە بۆیان؟ ئەان پێیستیان بەتسارێکی چەپۆك ئاسنینە بەتوندی لێیان خوڕێ، ئەوکاتە کاری سەرسامکەر بەجێ دێنن، چی ئێمە کۆدەکاتەوە لەگەڵ مووجێکدا! هیچ. . مووجیك دەیانەوێ بخەنە ژێر دەستی خۆیان و کرێکارانیش داوای کرێی زۆرتر دەکەن...بەڵام ئێمە، داوای چی بکەین؟

تەنانەت لێدانی داهاتوو ئاڕاستەی ێمە دەکەن.

ــ سەیرە، سەیرە کە بیروڕاکانت هەردەم یەك شێوەیان هەیە.

وت‌وویژەکە بەسەر نەکەوتنێکی تەواوی هەموو هەوڵەکان بڕایەوە.

ئەو ڕۆژە گریگۆری خۆی تووشی ڕشوداوێکی ناخۆش کرد، درێژەی باسەکەش ئەوەبوو کە میشاکۆشیڤۆی بەشی دیاریکراوی حەزیرەکە خۆراکی وەرگرت نیوەڕۆی ئەوڕۆژە، پاشان گەڕایەوە بۆ حەشارەکەو تی:

ـ برایان، ئا ئەمە خۆارکەکەیە، سەیری کەن، هێجگر خراپە، باشە ئێمە سەگین! !بۆنی کە ئۆریۆبین ئەرێ گۆشتەکە نەگەنیوە؟

ئۆریۆبین دەورییەکەی خۆی لەکونە لووتی نزیك کردەوەو، ڕووی گرژ کرد، بۆگەن لووتی تەساندوە، وتی:

ـ خۆ ڕاستە، گۆشتە گەنیوە، تەماشاکە گریگۆری. .

گریگۆریش سەیری دەورییەکی کرد، پاشان شەقێکی تێهەڵداو وتی:

ـ تەنیا گەنیوە، ئەو کرمی تێدایە، باشە تۆ کوێری کە نەتبینیوە

قەوزاقەکانی دیکە کۆبونەوەو لەشلەکەدا چەند کرمێکی کولاویان بینیو ڕایان لەسەر ئەوەدا کەپێویستە بەئەفسەری رەعیلەکەی ڕاگەیەنن‌و راپۆرتێك لەم بارەیەوە ئامادە بکەن.

ئۆریۆبین‌و میشا کۆشیڤۆی مەنجەڵی شلەکەیان هەڵگرتو شمشێرەکانیان هەڵکێشاو رۆیشتن بەرەو بارەگای ئەفسەرەکە، لەڕێگەیاندا بەقەوزاقی دیکەدا تێپەڕین کەلە مەسەلەکەیان پرسی‌و ئۆریۆبین تێی گەیاندن کە کە کرمی تێدایە، ئەمانیش تەواوی پشتگیریی خۆیان دەربڕی، کاتێ هەردوکیان گەیشتنە حەشارگەی ئەفسەرەکەی، ئەویش دەرچوە دەرەوەو لەو هەورازە نایەی پرسی‌و وتی:

ـ مەسەلە چی‌یە کوڕینە؟

گریگۆری، کەبەدوای ئۆریۆبین‌و کۆشڤۆیدا هاتبوو، وەلامی دایەوە:

ـ دیلە.

ـ کام دیل، لەکوێیە؟

ـ لەم مەنجەڵەدایە جەنابی ئەفسەر بۆنی ئەو خۆراکە بکە کە دەیدەنە قەوزاق

کاتێ کەئەفسەرەکە بۆنی شلەکەی دەکرد میشا وتی:

ـ گۆشتی چارەوی تۆپیومان دەرخوارد دەدەن

هەراوهاواری قەوزاق بەرزبوەوە:

ـ عەریفی ئازووقە. . هەر ئێستا بیگۆڕن ئەو شلەی پڕ لە کرممان بۆ دێنێ .

ئەکاتە ئەفسەرەکە بەناچاری کەوتە هاوارکردن:

ـ بەسیە قەوزاق، بەسە، ئەمڕۆ دەیگۆڕم. بڕۆن.

پاش ئەوە بەچەند سەعاتێك فەرمانێك هات لەسەرکردایەتیەوە بەکشانەوە لەبەرە، پاشان بکشێن بۆ رۆمانیا لەبەرئەوە قەنناسەی سیبرییا هێنران بۆ جێگەگرتنەوەی سەنگەرەکانی کەتیبەی دوانزەیەم کەئێوارەی هەمان ڕۆژ جوولا بۆ مەڵبەندێکی کۆبونەوە لەگوندێکی پشتەوەدا، کاتێ کە خڕبوونەوە تەواوبوو، قەوزاق پەڕینە کۆڵی ئەسپەکانیاو بەرەو ڕۆمانیا کەوتنەڕێ.

بەدرێژایی حەڤدە ڕۆژ ئەسپەکانی قەوزاق بەردەوم ڕەوی ڕەق‌وتەقیان دەکوتا بەڕێگەدا.

سوارەکانیان بەچەندین ناوچەدا تێپەڕین لەوە دەچوو تەنانەت گیانلەبەرە کێوییەکانیش ڕەویان لێ کردبێت. ئەم ناوچەیە راستەوخۆ دەکەوێتە پشتی بەرەوەو خەڵکەکەی ئاوارەبوبون بەدوای شوێنێکی ماوەیەکی بێ وەییدا. ئەو ناوەیان جێهێشتبوو بابنکێڵی پەنایان بردبوە دارستانەکان یان ناوچە دوورەکانی ناوەوە. برسێتی ئەسپەکانی قەوزاقی

شپرزە کردبوو، هەروەها ماندوێتیش تێبینی لەبەر برپیوون و پەکی خستبوون و زۆربەیان چوار پەلیان بەکێش دەکرد یان بەلەتر بردنەوە هەنگاونان هەڵدەهێنایەوە هەرئەوە نەبوو لەژێر سوارەکانیاندا بکەون.

ئۆریۆبین بەزەیی بەئەسپەکەی خۆیدا هتەوە، لەبەرئەوە مشووری خوارد وتووەکەیە جۆری بۆ دزی لەماڵی پیرەمێرد بیسارابیدا کەلەخێزانە کۆچ کردووەکەی دواکەتبوو، پیرە بەدزێتێکەوە گرتی، هاواری لێکرد نەییات، بەڵام ئۆریۆبین سیخورمەیەکی تێی سرەواندو خەریکبوو بکوژێ.

کەئەفسەری رەعیلەکە بینی ئۆریۆبین دزی دەکا، لێی تووڕەبوو، هەڕەشەی لێکرد بیداتە ددگایەکی سەربازی، بەڵام ئەو کە وەڵامی ئەفسەرەکەی وادایەوە:

ـ گولله بارانم کە، بمنێرە بۆ هەر شوێنێ خۆت دەتەوێ، بەڵام واز ناهێنم لەم جۆیە!..ئایا ئەسپەکەم ببینم بەبەرچاوی خۆمەوە لەبرسا بمرێ!

ئەفسەرەکە کە نیازی خراپەکاری لەچاوەکانی ئۆریۆبیندا بەدی کرد ناچار وازی لێهێنا.

دواجار کەتیبەی قەوزاق گەیشتە شوێنە تازەکەی و پاش ئەوەی کەمێ حەسایەوە فەرمانی سەرکردایەتی گشتی بۆ هات ەدەبێت بەرزایی ژمارە( 320)لەدەستی نەمیسالییەکان بسەنیێتەوە، کەشەی پێشوو داگیریان کردبووو پارێزگەیەکی سەکسۆنیان هێنابوو سەنگەریان تێداگرتبوو، بەمەترسی پەلاماردانێکی ڕووسی چاوەڕوانکراوەوە.

قەوزاق چوونە پێش و هەلگران بەو بەردانەدا کە داپۆشرابون بە توێژاڵێکی تەنکی سەهۆڵ، کاتێ ئۆریۆبین هەنگاوی هەڵدەهێنایەوەو بەتەنیشتی گریگۆری گوێی لێبوو دەڵێ:

ـ من زۆر بێ ئارامم ئۆریۆبین.. بەڵێ بۆ یەەم شەڕ دەچم لەژیانمدا.

ـ دەموچاوت رشەنگی هەڵپرکاوە، باشە بڕوات بەخۆت نەماوە؟

قەوزاق بەتەشکیلێکی نارێك و پێك بەلاپاڵەکەدا بلاوەیان لێکرد، چونە پێش بۆ سەرەوە..بەڵام نەلەتفەنگی قەناسی سەکسۆنیەکەوە نەلە ڕەشاشی مەفرەزەیەکەوە یەك تەقە کرا..ئەمانە وەکو دز دەچوونە پێشەوە.

ئەو ناوە خامۆش و کش و مات بوو مەگەر تەقەی پێڵاوە قورسەکانی قەوزاق بهاتایە سەر بەردەکانی بەرزاییەوە. باری لەم چشنەش کارێکی گەورە دەکاتە دەروونی سەربازە هێرشبەرەکان، ئەمە مانای ئەوەیە بەرگری ەران فەرمانی سەرکردایەتیەکی ژیرو دنا جێبەجێ دەکەن، کەدەماری خۆی توندگرتوە، کۆنترۆڵی تەواوی بەسەر جموجوڵی سربازی خۆیدا هەیە.

لەبەرئەوە گریگۆری هەستی بەترسێك کرد کەلەزیادبوندا بوو تاوای لێهت بوو بە تۆفینێی دەرنەبڕاوو وتی:

ـ ئۆریۆبین. .ئەوان چاوەڕێ دەکەن نزیك ببیەوە.. پاشان. . من دەترسم!!

ـ ئەگەر بڕوات بەخۆت نەمابێ کارت تەوو بوە، تۆ ئەمڕۆ تووشی دەبی، ئەمە بەدەموچاوتا دیارە.

سکاڵای پۆستاڵەکەی دەکرد کەپاژنەی دەگرێ، هەروەها بیمیلیان کرۆشڤیش کەنێزەکەی چەسپ رد بوو بەسەر تفەنگەکەیەوەو قەوزاقێکی دیکەش کە هەر بوو بۆ ئەوەی ئازایەتی بداتە بەرخۆی.

قەوزاق لەدوژمن نزیکبونەوەو بوو بە ناڵەو نرکەی تۆپ، خرمەی گوللەو ڕەشاشە نیشان شکێنەکان کەوتنە هاڕەی دەسترێژکردنی خەست و ئا ناوەیان ئاگر باران کرد.

هەر لەیەکەم دەسترێژدا گریگۆری کەوت، بەڵێ ئۆریۆبین ڕاستی کرد!!

کاتێ کە گریگۆری ویستی کەرەسەی فریاکەوتن لەجنتاکەی دەربێنێ خوێن لەئانیشکیەوە فیچقەی کردو قۆڵی پڕ بوو لەخوێن‌و نەیتوانی بیپێچێ، لەتوانایدا نەبوو بچێتە پێشەوە، ئاگربارانیش ڕێگەی گەڕانەوەی گرتبوو، ئەویش پاڵکەوتو سەری نووساند بەزەوییەکەوەو ئەوەندە ئازاری برینەکە تینووی کردبوو ناچار بەفرەکە دەماڵی‌و هەڵیدەمژی.
گریگۆری لەم وەزعەدا مایەوە تاوەکو ئازایەتی وەبەرهاتەوە، نەك ئازایەتی بەڵکو هەڵپەکردن بۆ ژیان بەزیندوێتی مانەوە، چونکە ئەوکتە ئازایەتی تێدانەبوو.
گریگۆری سەری بەرزکردەو رشوانی قەوزاق باز بازێنیانە ڕادەکەن بەرەو لای خواری نشێوەکە. قنگە خلیسکەیانە، هەندێکیان دەکەون، هەندیچکیان دەلورێنن، هەموو لەدەستی مردن هەڵدەهاتن.
بەغەریزەی خۆبەژیان هەڵواسیندا هەردوو لاقی هەڵیانگرت‌و گوژمی خۆیدا ڕایکرد.
گریگۆری گەیشتە کرۆشیڤی هاوەڵیدا لەپێش شیوی لێژگەدا دەستی بەئەفسەرێکەوە بوو کەخوێنێکی ڕەشی خەست لەدەمی ڕێی دەکردو لەتری دەدا لەڕۆیشتندا وەکو سەرخۆش.
هەر کە هەڵاتوان گەیشتە کەناری دارستانەکە خێرا ڕایان کرد کەڵك لەدارەکن وەرگرن وەو بەرگرێکی سروشتی بۆ ئاگری دوژمن.
گریگۆری لەوێدا وەستاو سەیرێکی لاپاڵەی کرد لاشەی تێدا پەرش‌و بڵاوکەوتوە. هەندێکیان ساردبوبونەوەو هەندێکی دیکەشیان لەسەرەمەرگدا تەپاوەتلیان دەکرد. جاری واش بوو گوللە هەندێ لەلاشە بێگیانەکانی دەگەست‌و تۆزێ دەیجووڵاندن، پاشان ب ۆهەتا هەتا ساردو سڕ دەبونەوە.
ئەگەر چی قەوزاق پەنایان بردە دارستانەکە بلکو بیانپارێزێ لەئاگرباران، بەڵام ڕەشاشی سەکۆنیەکان بەپێچەونەی ڕای ئەوان بوو، هەر بەکوڵاندن کوڵاندنیان. لێزان بوون‌و فیشەکی زۆریان لەلابوو، ئیدی بۆچی سەرکردەی مەفرەزەکان بەئاوازی هاڕەی گوللەیان قەوزاق هەڵنەپەڕێنن!
میشا کۆشیڤۆی ئیدی لەتوانایدا نەماو ئارامی لێبڕا، بەتووڕیی‌و بەلەسەبنەوە قیڕاندی:
ـ دەبێ بەرازەکان عاربنێن، ئەوان دوای ئەوەی خوێنیان دەڕێژن، دەزانن بۆچی کوژراون.
ئۆریۆبین ڕاوەستابو تەقەی لەدوژمن دەکرد، وەڵامی دایەوە:
ـ هێی. .وێنەی چی دەکەی؟
ـ ئەگەر زیرەك بوایەی تێدەگەیشتی، بەڵام گەوج‌و نەفام لەچی دەگات!!
ـ سوێندەکەت بێنەوە یاد.. وەبیرت نایەتەوە؟
ـ کۆشیڤۆی وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو بەهەردوو دەستی کەوتە لەپماڵی بەفرە تەنکەکەو سەر زەوییەکەو پاشان قووتی دەدا.
ئەگەر چی ئەو ناوچەیەی قەوزاق پێیدا ڕۆیشتن لە ڕێگەیاندا بۆ ڕۆمانیا چۆڵ‌و هۆڵ‌و قەرە لێبڕابوو، چونکە ڕاستەوخۆ کەوتبوە پشتی بەرەوە، خۆ گوندی تاتارسکی دووریش لەهەرێمی دۆندا هەروابوو، بەڵام لەبەرهۆیەکی دی.
بەهەر حاڵ ئەویش هەر لەبەر شەڕبوو، تاتارسك پیاوەکانی تێدانەمابوو، گەورو گەلەانەکنی اژەڵ‌و پاتاڵ ڕووخابون، کاروبەرخەکان بەگەڕەك‌و کۆڵانەکاندا تەڕاتێنیان دەکرد، پاشان پەنایان دایە حەشەی کۆڵیتەکان کەدەرکەکانیان لە دەرهاتبوو، بازاڕ ساردو سەودا بوو ەس نەمابو پیرو ژن‌و منداڵ نەبێت، خۆ ئەوە مێرگی بەفەڕو پیت، زەوی‌وزرەکەی بە بەیاری مابوەوە جگە لەچەند پەڵەو پینەیەك کە ژیان دەیانکێڵاو دەیانچاند بۆ ئەوەی لەبرسا نەمرن.

خانوەکەی تیمۆلینی تۆپچی ڕوخابو، لەوانەیە لەسزای ئەو خانوانەدا بێت کەتۆپەکەی ڕووخاندوونی هەروەها بنمیچی کۆڵیتەکەی تەپیو داڕووخاو درەختی تێداب ەرزبوەوە وەکو گەواهەیەکی هەڵاتنی ئەکسینیاو دووری ستێپان. تەنانەت گەورەکەی پانتلایش گرژومۆنی پێوە دیاربوو.

ەگەر چی سیماو شێوەی خۆشی پاراستبوو ئەی گریگۆریو پێوتەر بەجێیان هێشتووە ! و پیرەش ناتوانێ هەموو شتێ بەرێوە ببات، تۆو دنی هتە کەمی، بەروبوم دانەوێڵەی کزبوو، کەوتە ڕۆژگارێکی خەمناكو مۆنەوە کەبەتەواویی نادیارو تەمومژاویبوو.

لەتاتارسکدا دیمەنەکانی رشەوشتی جەنگ دەرکەوت، ئەوە ژنەکەی ەنیکۆشکایە بەتەنیا ناتوانێ بەکاروباری زەوی‌وزار هەڵسێتو کاتێکی زۆری خۆی تەرخان کردووە بۆ خۆڕازاندنەوە، بەڵام بۆ کێ خۆ جوان دەکا؟ مێردەکەی شەڕ دەیهاڕێت، لەتاتارسکدا کەس نەمایەوە جگە لەمێرمناڵی چواردە ساڵو پانزەساڵ نەبێ ! لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان هەرچۆنێك بیانەوێ دێن بۆ لای، وا یەکێکیشیان سەتڵێ نەوتی ڕەش دەرێژێ بەدەرگای کۆڵیتەکەیدا بەوە مۆرکی ریسواییو ئابڕووبردنی پێوەدەنێ، لەبەرئەوەی لەوانەیە خۆشی بەم ژنەدا نەهاتنبێ !

ئا لەم بارودۆخە تاڵەدا ناتالیا لەگەڵ خێزانی خەزووریدا دەژیا، سکی تا دەهات هەڵدەئاوسا منگ بەمنگ، زۆر بەئازار بوو بەم سکەی، بەڵام ارامی دەگرتو نەیدەهێشت ئیلینشنای خەسووی هەست بەهیچ سکاڵایە بکات.

لەڕۆژێك لەرۆژانی ئەیلوولدا ناتالیا هەستی کرد وا ژان دەیگرێ، دڵنیابوو کە منداڵبوونی نزیکبوەتەوە، لەبەرئەو خۆی ئامادەکرد دەرچێتە دەرەوە و ئیلینشنا لێی پرسی:

ــ بۆ وێ؟

ــ بۆ مێرگەکە، مانگاکان دەردەکەم.

ناتالیا بەپەلە چوو بۆ پشتی گوند، دەستی خستووە لای خواری سکی، هەر کە گەیشتە بێشەڵانێك لەوێ لەسەر پشت ڕاکشاو کەوتە خۆگەوزاندنەوە لەئێش‌وئازاردا، ژانگرتن زۆری بۆ هێنا. لێوی خوارەوەی خوێنوی کرد، ئەوەندەی کورۆشت، بەڵام خۆی گرت تاوەکو ئەوەێت کەژیان تێیدا چاندبووی دایەوە بەژیان.

ژنە بۆر ئێوارەکە تاریك داهات گەڕایەوە ماڵەوە، دوانەیە لە کۆڵوانەکەیدا بوون، کوڕێو کچێك کاتێ ئیلینشنا بینیو وتی:

ــ لەکوێ بووی، ئەمە چیە لەکۆڵوانەکەتد؟

ــ وەریانگرە دایکە.. هەردوکیانم شت من شەرمم کرد.. لەبەردەمی باوکمدا.

دۆنیا زۆری پێ خۆش بووو خێرا رۆیشت مامانێك بانگ کات، دەریاش کەوتە ڕێکخستنی جێایەك تێیدا دانرێن. کاتێ یلینشنا بینی پەڕۆپال دەخاتە نێو بێژنگێك بۆیان هاواری لێکرد:

ــ ئەمە چییە ! بیژنگ ! بۆئەوان بەچە پشیلەن ! ئادەی جێگەیەکیان بۆ ئامادەکە.

پانتلای کەزانی بووکەکەی دوانەی هێناوە بەخۆشییەوە بانگی کرد.

ــ بنەماڵەی میلیخۆڤ لەناو ناچێت.. ئەوەش قەوزاقێکی نوێ. ئەی من پێم نەوتی پیرێژنی فرەڕێش ! نازانم چۆن سوپاسی بووکەکەم بکەم ! !

بەڕاستی ئەو ساڵە سەیربوو، بەڕێکەوت وابوو مانگاکە دوانەی هێنا، مەڕەکان دوانەیان دەبوو، تەنانەت بزنەکانیش زۆریان بەجووتە کاریان دەهێنا.

پانتلای وتی:

ــ چەند ساڵێكی بەفەرو بەرەەتە. .دونە، دوانە ! !

ناتالیا لەجێگەی دووریی مێردەكەی سۆزێكی مەزنی دەڕژاند بەسەر دوو مناڵەكەیدا، شیرێكی چاكی دەداتێو بەری بۆ بەرەڵڵا كردبون چەندیان دەوێ خوێنی بمژنو بەڕادەیەك لەسۆزوخۆشەویستیاندا توابوەوە كەخۆی پشت گوێ خستبوو و دانە سپییەكانی بریقەیان دەهات بەڕوومەتێكی زەردی لاوازەوە.

جووتە مەمكەكەی چەشنی شەمامەبوون، دەیخستە دەمی كوڕو كچەكەو شەربەتاوەكەیان دەچوە لەشی دوو گووڕاوە بچوكەكەوەو پێی خڕیلە دەبوون، ئیلینشنا تێبینی ئەمەی كردو تی:

ــ تۆ خوێنت لەخۆت بڕیوە كچم.. زۆریان شیر دەدەی، تۆزێ باری خۆت سووك بكە.

بەڵام پانتلای ئمە ڕای نەبوو.. ئو دەیدا بەپشتی دوو بەرخەكەداو بەدایكیانی دەوت:

ــ شیریان بدەرێ، هیچ گل مەدەرەوە، خۆ ئێمە نامانەوێ مەشكەی پێ بژەنینو بیكەینە كەرە.

بەم جۆرە، ناتالیا دوانزە مانگ شیری دانێ، پاشان ەلە شیر بڕینیەوە خڕیلە بوبونو لەحەوشەكەدا هەڵدەبەزینەوە لەشوێنێك بۆ شوێنێكی دی، بەم شێوەیە ماڵەكەیان پڕ كردبوو لەگڕو گاڵی مناڵانەو خۆشییان خستبوە دڵی نتالیای دایكیانو دۆنیای پوریانو پانتلایی باپیریاەوە.

ئەگەر چی ژیان جارێك بەگرژومۆنیو بەڕوو گەشی دەرۆیشت لەماڵی پانتلای لەتاتارسكدا، بەڵام بەدرێژایی وەخت هەردەم گرژومۆن بوو لەماڵەكەی بەرەی كوشتاریدا.

وا گریگۆری بەكەمی نامە دەنووسێ بۆ خێزان خۆی، كاتێكیش كەنووسی، ئەوا نامەكانی ووشكو خەمناكن، لەخواریشەوە ئیمزای یەكێكی دیكەی پێوەیە لەگەڵ سرینەوەیەكی زۆردا بەقەڵەم قۆپێكی وەنەوشەیی، ئەوەش لەنێو دێڕەكانیدا كەبتوانرێ بخوێندرێتەو كە گریگۆری باری گران بووە لەجەنگداو جەنگ هاڕیوێتی. .و هیوای بەژیان نەماوە تا سەر. ئەو تێكڕا وەڕسو بێچارەیە.

بەڵام پێوتەر، نامەنوسینی زۆرتربوو لەبراكەیو ژیان بە زەردەخەنەوە دەهاتە بەرچاوی، ئەو ئەفسەرێكی ئەڵمانی كوشتبوو، دوو ویسامی پێدرابو بۆ ڕێزگرتنی ئەو سەركەوتنەیو لەپێكدادانیدا لەگەڵ سوارەی دوژمندا، سەركردایەتی كەتیبە بەرزی كردبوەوە بۆ پلەی رەئیس عورەفا.

ئەو ئێستا بیر لەوە دەكاتەوە بنێررێ بۆ قوتابخانەی ئەفسەران لەسوپاداو لەوبارەیەوە بەهەندێ كەشوفشو لەخۆبایی بوونەوە دەینووسی.

لەڕاستیشدا ئەوێكی قەوزاقی ساكار، بیری لەوە نەدەكردەوە بچێتە دیوی پەردە پیرۆزەیی ئەفسەرانەوە، لەپێش رشووداوەكانی شەڕدا، بەڵكو پانتلایش هیچ كاتێ تەم دریی نەگەیشتووەتە ئەو رادەیە. .بەڵام ئەم پێكەنینەی ژیان لێوی خۆی دەگەستەوەو تەواو نەدەبوو.

پێوتەر هێجگار بێ تاقەتو سەغڵەت بوو لەوەی كەدەبیست سەبارەت بەرەڵلایی دەریا لە گونددا، شتێكی ئاسان نیە كە قەوزاقێك سەركۆنە بكرێو پێی بوترێ: (ژنەكەت لەباوەشی خەڵكی دیكەدایە). لەبەرئەوە پێوتەر لەنامەكانیدا نارەزایی دەردەبڕی سەبارەت بەو بەرەڵلاییەی، بەڵام لەدڵی خۆیدا نەبێ هەرەشەی لێ نەدەكرد، چونكە هێشتا هەندێ دوو دڵیو گومانی لەو دەكرد.

ستێپانی هاوولاتی پێوتەر سەرچاوەیی ئەو واتە واتەبوو. چونکە لەبەردەمی هەموو ەتیبەدا بەبەخۆوە نازینەوە ڕەپو ڕەوان وتبووی کەچەند شەوێکی خۆشی ڕابواردو لەگەڵ ژنەکەی پێوتەردا کاتێ کەلەئیجازەدا بوە لەتاتارسك.

پێوتەر هەستی دەکرد سەردڵی پێکراوە، بەڵام. .چی بکات! باشە لەوانە نیە ئەمە تەنیا درۆو دەلەسەبێت ستێپان ویستبێتی تۆڵەی بێ بکاتەوە لەبنەماڵەی میلیخۆڤ، وە لەشەخسی دەریادا، بۆ ڕەتکردنەوەی سووکایەتی پێکردنەکەی گریگۆری کاتی کەئەکسینیای ژنی ئەوی فڕاند!.

ئەمەبوو پاکانەکردنو پاساوکردنی پێوترە بۆ برادەرەکانی. .ئەوانیش سەریان بۆ لەقاند..بەڵام ناخی پێوترە متمنە بەم پاکانە دەست هەڵبەسە نەکرد،و دوودڵی بەردەوام دەیانکورۆشت.

ڕۆژێکیان ستێپان ویستی سنورێك دانێ بۆ ئەم دو دڵییەی پێوتەر، ئەیش ئەوەبوو کاتێ لەسەنگەرەکەی دەرچوو بەئەنقەست دەستماڵێك کەلە گیرفانی دا بوو خستی، کاتێ پێوتەر هەڵیگرتەوە سەیری کرد ئەم دەستماڵە دەستکردی ژنەکەیەتی، بەم جۆرە ڕاستی ئەوەی کە مێملەکەی دەیلێ بۆ سەلما.

لەڕاستیشدا لەشی دەریای نەرمو نۆڵو پڕ لەئارەزوو و لەنجەولار ئەوەی پێی پاراو دەبێ لەپیاوەتی ستێپاندا دۆزییەوە، چونکە دووری پێوتەر زۆری خایاند، لەشیش لەلای ژنەکەی ماڵی کاول بو بوو!

پێوتەر بیری لەوە کردەوە بیکوژێ، بەڵام پاشگەزبوەوە تەنانەت لەبیرکردنەوەشی لەوە، باشە ژیانی خۆی لەئەشکەنجەی بەندیخانەدا بباتە سەر لەپێناوی دەریاکە لەتاو ئالۆشیو ئارەزوودا کلکی بۆ سەگیشو ئەوەندەی لێدەدات تاوەکو هیچ ئارەزوویەکی لەخەڵکی دیکە نمێنێت، بەڵام ئەمەش دیسانەوە گرانە، ئای خۆزگە پێوتەر چارەسەرێکی دەدۆزییەوە!

لەگەڵ پارێزەرانی سەنگەرەکانی پێشەوەی ئەوەبوو کەتیبەیان بەشداری کرد لە تێکهەڵپرژانێکدا کشانەوو بەزیبوون کەزیانەکان سەرژمێر کران ستێپانیش لەنێو سەربازانی بێ شوێندا بوو، بەڵێ، هیچ لاشەیەك لەگۆڕێدا نەبوو گومانی نەیەڵێت، بەڵام کابرا نەگەڕایەوە بۆ بارەگای کەتیبەکەی! کەواتە، ەڵمان لەناویان بردووە.

دڵنیای پێوتەر بەوە زیادی کرد کەهەندێ قەوزاق گێڕایانەوە گوایە ستێپانیان بینیوە ئەفسەرێك دەکوژێو پاشان بەرپارچەی بۆمبێك دەکەوێ، دەکەوێتە زەوی. خەڵکی دیکەش وتیان:

(گوێمان لێ بووە هواری دەکرد، برایانی قەوزاق، بەجێم مەهێڵن، با لە نێو ئێوەدا بمرم!)

ئەمە هەمووی دڵی پێوتەری فێنك دەکردەوە، چونکە لەناچوونی کەڵەگا ڕزگاربوونی پشتی مانگای ئەی تێدایە.

بەڵام کارەکە بم ئەندازە ئاسان نیە چارەسەر نەکرا، لەتاتارسکدا دەریا بریکاری پەیداکردبوو بۆ ژیانی بێ مێردی خۆی، ئەمەش بۆ پانتلای ساغ بووە، کتێ کەلەخەو هەڵسا ڕۆژێکیان بینی هەردوو دەرگای حەوشە هەڵکەنراونو فرێدراونەتە سەر ڕێگەکە، پیرە خێرا چاکی کردنەوەو دەرکەکەی خستەوە شوێنی خۆی، بەڵام خێرا چاکی کردنەوەو دەرکەکەی خستەوە شوێنی خۆی، بەڵام خێرا تێگەیشت کە نۆما ماینەکەی ئەسپ لێی پەڕیوە!.

ئەو ڕۆژە دۆنیا بینی کە باوکی دەریای بانگ کردە چێشتخانەکەوەو پاشان ئەوەندەی نەبرد دەرچوە دەرەوەو بەقژی بژو ئالۆسکاوەوەو هەردوو کوڵمی هەڵاوسابونو دەموچاوی نوقم بوبو لەفرمێسکداو هەروەها گوێیشی لێبوو بەڕقو فیشکە فیشکەوە دەیقیژاند:

ــ پشووت ببێت، شەیتان پتر، دەبینی چۆن تۆڵەی ئەمەت لێ دەکەمەوە.

دیسان دۆنیا بینی کەباوکی قامچییەکەی پێست بەهەوادا بادەداو رایدەوەشێنێ دەڵێ:

- دەبوایە دڵڕەقتر بوومایە لەگەڵتا هەی قەحپەی حیز.

دوای چەند ڕۆژێك لەوە، ڕوداوێك لەساڵی خێڵی میلیخۆڤدا قەوما، ڕوداوێك بوو کەس پێی نەزانی جگە دەریاو پانتلای‌و کەسیشیان لەمەودا نەیانویست بەلایدا بچن، ئەگەر چی بەشوێنەدارەکەشدا دەردەکەوت شتێك بووە، چونکە دیاربوو پانتلای چوبووە خۆی وەکو پشیلەیەی گوناهبار، لەچاوەکانی دەریاشدا بریقەی سەرکەوتن‌و شاوەکامی پێ خواستن دەردەکەوت.

رشازی ڕووداوەکەش ئەوەیە کە دەریا چوو بۆ دالانی عەمباری دانەوێڵەکان بۆ هەر مەبەستێك بێت‌و پانتلایش رۆیشت بۆ ئەوێ بۆ ئەوەی ئەو کایەی کەمێ داڕووخابووە خوارەوە بۆ سەر زەوییەکە هەڵیداتەوە، پیرە کای هەڵدایەوەو پاشان وەرچەرخایەو بۆ ئەوەی دەرچێتە دەرەوە، دەریا بەدەنگێکی نزم بانگی لێکرد:

- باوکە!

پانتلای ئاوڕی دایەوەو وتی:

- چی‌یە؟

دەریا بەرانبەری وەستاو قۆپچەکانی کراسەکەی کرابوەوە، کەوتە چاکردنی قژەکەی‌و وتی:

- لێرەدا باوکە، شتێکم بۆ دناوی، وەرە. ..سەیرکە.

پانتلای چوە پێشەوە بەرەو ڕووی بزانێ چی دەوێ‌و لەناکاو ژنە هەردوو قۆڵی لەملی خەزووری ئالاند- کەوتە راکێشانی بەدوای خۆیداو دەی چپاندە گوێیدا:

- ئێرە.. ئێرە باوکە، لەسەر کاکە، جێگەکە نەرمە..

- ئەوە چیت لێقەوماوە!

پیرە هەوڵیدا خۆی بکێشێتەوە...بەڵام دەریا لەو بەهێزتربوو، بەدوای خۆیدا ڕایکێشاو بەری دەخشاند بە بەری پیرەداو هەناسەی لەسەر ڕیشە پڕەکەی دەدا..

پیرە لێی تووڕەبوو:

- وازم لێ بێنە هەی قەحپە!!

بەڵام ژنە سکی نووساند بەسکیەوەو لەسەر پشت پاڵکەت، پیرەی بەملەوە راکێشاو خستی بە سەرخۆیدا.

- ئەمە چ شەیتانێکە. .هەی گاندەر!!

- چیە، ناتەوێ!خۆشە!

ئەوجا هەردوو قۆڵی شل کردەوەو پاڵێکی بەسنگی پیرەوە نا و وتی:

- تۆ خۆت ناتوانی، ئیدی دەمە قرەش لەگەڵ مندا مەکە!گوێت لێیە؟

پاشان هەڵسایە سەر پێ‌و تەنوورەکەی چاك کردو وتی:

- بۆچی لەچێشتخنەکەد لێت دام؟خۆ من ژنێکی پیر نیم! ساڵێکی ڕەبەقە مێردم لێم دوورە، چی بکەم، باشە لەگەڵ سەگێکدا بخەوم!لەوانەیە ئەوە بۆ تۆ ئاسان بێ هەی شەل!

پاشان کردەوەیەکی ناشرینی نواند کە ئاشکرای تێدابوو بۆ لەپیاوەتی کەوتنی پانتلایی.

پانتلای لەدالانی عەمباری دانەوێڵەکان دەرچوو، لەسەرسامی‌و واق ورماندا دەستی ڕدێنی خۆی هەڵدەگلۆفت، بەڵکو بیرۆکەیەکیش هات بەسەریدا کاتێ کەلەناخی دڵی خۆیدا وتی:

ـ لەوانەیە من هەڵە بووبێتم کە تینوویێتیەکەم نەشکاند!...ئەی چی بکات!
لەمنگی تشرینی دووەمی ئەوساڵەدا زوقمو سەرماو بۆ ڕفت دنیای نایە یەك، ڕوباری دۆنیش وەکو هەموو ساڵێ لەو ڕۆژانەدا چی لێ دێ وای لێهات، لێوارەکانی بە توێژاڵێکی تەنکی بەفر داپۆشرابوون، بەڵام ژیان لەقووڵاییەکانیدا بەتەواوی وەستاو بوو، مەگەر هەندێ تەوژمی سەرئاو نەبێ کەلەشێوەی گێژەلچووکەی ترسنکدا دروست بوون، ڕاوچییان متمانەیان پێ ناکەن.
هەر لەم مانگەشدا نامەیەکی گریگۆری گەیشتە پانتلای، ئەم نامەیە کورتو دڵتەزێن بوو، هەواڵی دابوە پیرەکە کە وڕەکەی گوللەیەکی بەرکەوتوەو ئێسقانی باڵی چەپی وردکردووەو لیژنەی پزیشی وای بەباش زانیوە مۆڵەتێکی درێژخایەنی بدرێتێ، بەڵکو برینەکە چاك ببێتەوە.
پاشان بەدوای ئەم مەینەتیەدا مەینەتییەکی دیکە هاتە پێشەوە، پانتلای ڕۆژێکیان بانگ کرا بۆ دوکنەکەی مۆخۆڤو لەوێ ئەفسەرێکی بینی بڕیاری وکمێکی بۆ خوێندەوە کە دژ دەرکراوە.
هاوینی پێشوو پانتلای سەد ڕۆبڵی قەرزکردبوو لەمۆخۆڤو کۆمپانیایەکی بەم پارەیە دابویە، بەڵام کاتێ کە وەختی قەرزدانەوەك هاتە پێشەوە، پانتلای هیچی نەبوو بیداتەوە.. هەر کە بازرگانەکە دەعوای بەرزدەکردەوە بۆ دادگا یەکسەر ددوەر بەتەنیا(حوکمێکی پاشماوی)دەرکرد بەجێبەجێ کردنی ئەوەی لە کۆمپانیاکەدا هاتووە، ئەویش بارمتەکەبوو.
پانتلای گوێی رایەڵ کرد لەخوێندنەوەیەکی دوورو درێژی رازێنراوەو پشتگیریی کراو بە ماددەی یاسایی زۆر لە دواییەکەیدا ئەمەی تێدابوو:
(بەفەرمانی خاوەن شکۆی ئەمپەراتووری. .و.. پێویستە لەسەر تەوای تاکە کەسان دەزگاکانی پەیوەندیدار هاریکاری ئەفسەری لێپرسراو بکەن بۆ جێبەجێ کردنی بڕیاری حوکمەکە، بۆ بەجێهێنانی کارەکەی..).
کەواتە، مۆخۆڤ دەیەوێ دەستی بەسەر بارمتەکەدا بگرێ، ئەگەر پانتلای بیەوێ سەد ڕۆبڵەکە نەداتەوە، بەڵام پانتلای سەد ڕۆبلی لەکوێ بوو!!.
هەۆچۆنێك بوو، پانتلای دوای لەئەفسەرەکە کرد هیچ کارێك نەکات، تاوەکو لەماڵ دەگەڕێتەوە چونکە چی لەئەستۆدایە هەمان ڕۆژ دەیداتەوە، ئەفسەرەکە بەوە قایل بوو، پانتلایش هەڵساو ڕۆیشت بۆ ماڵی کرۆشۆنۆڤ.
لەڕێگەیدا بۆ ئەوێ چاوی بەئەلیکس شامیلی یەك دەست کەوت، ئەویش بەمیهرەبانیەوە سڵاوێکی لێکردو هەواڵی دایە کە میتاکرۆشۆنۆڤ بەۆڵەتێکی کورت لەسوپا گەڕاوەتەوە، ویسامێکی دراوەتێ، وتی:
ـ ئەو هەوڵ دەدا بگات بەدو کوڕەکەی تۆدا پانتلای. . وا ویسام زۆربوو لەگوندا!
لەماڵی میرۆن کرۆشۆنۆڤدا پانتلای سەیری کرد خێزان شڵەژاون لەخۆشیدا، ئەوا کورشەی ئازیز گەڕاوەتەوە، ئەوەتا لەشی نەشو نمای کردووە ئەستووربوەو کوڕە باریکو ڕەقەلە بوو کاتێ کە چوو بۆ شەڕ ئێستا بووە بەپیاوێك، بەڵکو قەوزاقێکی زەبەللاحیش لێ دەرچووەو بۆ کەتیبەیەکی گاردی ئەمپەراتووری چاکە.
لێرەدا ژنەکەی میرۆن دەهاتو دەچوو و فرمێسکی خۆشی کولمەکانی نوقم کردبوو، سوپاس بۆ خوا بۆ گەڕانەوەی کوڕەکەی بەسەلامەتی لەدۆزەخی جەنگ، ژنە یەك لەدوای یەك ڤۆدکی دەکردە پێکەکەی پانتلایەوە، ئەمیش بەیە قوم هەڵیدەداو پاشان خەیارێکی لەسرکە کراوی دەخواردو دەموچاوە زەردەکەی وەکو پۆپنەی کەڵەشێر سور دەبووەوە.

پانتلای لەسەرخۆشیدا بزە دەیگرت و وتی:

ـ هێی، کەواتە ویسامیان پێدای؟ـ بەڵێ، هەموو قەوزاق ویسامیان وەرگرت، بۆ نمونە کروجکۆڤ سێ ویسامی وەرگرتووە تەنیا لەبەر هاتوچۆکردنی بۆ بارەگای سەرکردایەتی.

ـ وا هەست ناکەم لەپێناوی ئەوەدا، ویسام بدەن..

میرۆن قسەکەی پێ بڕی:

ـ ناتالیا چۆنە، باشە؟ ئەی دوو کورشەزاکە، تەندروستیان باشە؟ باسی کارێکت کرد کە بۆی هاتووی بەڵام من قسەکەتم بڕی، چیىیە ئەو کارە؟

ـ هەووان باشن، بەڵام. . کارەکە.. پارەم بدەرێ میرۆن، لەوانەیە پارە سەرم تێدا ببات. .

ـ چەند؟

ـ سەد رۆبڵ. —تۆزێ چاوەڕێ بکە.

میرۆن لەپشتێنکەی دەستماڵێکی چەوری دەرهێنا، دە کاغەی لەچەشنی دە رۆبڵی ژمارد، پاشان دایە پانتلای‌و وتی:

ـ بگرە.

ـ سوپاست دەکەم میرۆن، ئەوا تۆ ڕزگارت کردین لەچارەڕەشی. .

ـ پێویست بەسوپاسکردنی من ناکات کە کار پەیوەندی بە گۆشت‌و خوێنمانەوە بێت. .

مۆڵەتەکەی میتکا پێنج رۆژبوو و لەئاواییدا بەسەری دەبرد..هاتوچۆی ژنەکەی ئەنیکۆشکای دەکردو شەوانی لەگەڵدا بەسەر دەبرد..و بەزەیی بەم ژنەدا دەهاتەوە کە نەیدەتوانی هیچ شتێ بکت، بەڵام بەرۆژ میتکا بەسەر خزم‌و ناسیاوەکانیدا دەگەڕا، بێگومان سەردانی ناتالیای خوشکی‌و بنەماڵەی پانتلای وێ نخست، لەوێ کە دەریا بینی حەزو ئارەزوو لەدەروونیدا وروژا، ا ئەمە قەوزاقێکی تەواوە، پیاوو سەربازێکی ڕەبەنە بەمۆڵەت هاتوەتەوە !بەڵام تاتارسك جمی دێ لەمێرمناڵداو هیچی دیکە. میتکا دانیشت باسی جەنگی دەکرد بۆ خێزانی پانتلای، سەختی جەنگو دلڕەقی پیاو تێیدا باسەکەی بۆنی ئارەقی سەربازانی لێدەهات، بەردەوام بەچاوە سەوزەکانی سەیری دەریای دجەکرد کەبەرانبەری چەقیبوو لەکۆڕەکەدا، کاتێ کەهەڵسا بۆ ئەوەی بڕوات دەریاش هەڵساو کەوتە گەڕان بۆ سەرپێچەکەی خەسووەکەی سەرنجی ئەوەی داو وتی:

ـ بۆ کوێ دەریا؟

ـ دەتەوێ بچە دەرەوە.

ـ کەواتە لەگەڵتا دێم.

دەریا لەپێش میتکاوە دەرۆیشت‌و پێڵووەکان بەسەر بریسکەیەکی گورگانەدا شۆڕکردبووە کەلە چاوەکانیدا دەدرەوشانەوە، ئیلنیشنا پاشەڵە قورسەکەی بەدوای خۆیدا بەکێش کرد، میتکا بەرەو دەرکەکە ڕۆیشت‌و ئیلینشنا پێی وت:

ـ دەرکەکە توند داخە میتکا، ئەگین با بەدرێژایی شەو دەیدا بەیەکدا.

ـ باشە وا دەکەم.

میتکا لەدوای خۆیدا دەرکەکەی چاك داخست‌و چوو بۆ ماڵی ئەنیکۆشکا. .

لەڕاستیدا پانتلای ئەمەی هەموو بینیو دەرکی بەوە کرد کەلەوانەیە ڕووبدات، بەلا لەشوێنی خۆیدا بەسستی مایەوەو یەك وشەی لەزار نەهاتەدەر.
مۆڵەتەکەی میتکا تەواوبوو.. باوکی مالاوایەیی لێکرد، خێزانەکەی کەوتنە تەکی بۆ وێستگەی میلۆرۆڤۆ و لەیَ لەسر شۆستەی وێستگەکە وەستانو تەماشای پێچکەکانی گالیسکە ئاسنینەکانیان دەرکد ە دەجوولانو خۆشەویستەکەیان دەگێڕایەوە بۆ بەرە.
دایکی سەربازی رۆیشتبوو دەستی کردە گریانو پیرەمێردی باپیریش بەتەوسەوە کەوتە کۆکە کۆك، ژنەکەی ەنیکۆشکاش بەپەژارەو هواری لەو بەهێزەو ئەو دەست لەملا ئەگەر مەکرد کەلەوکاتەدا لێی دابڕا.. کە میتکا بۆی بەجێهێشت پێوەی بتلێتەوە بەهۆی ئەو دلّدارییە ماوەکورتەوە.
رۆژان بەئالۆزی دەڕۆیشتن وەکو ئەو یالەماینەی کاتێ با یاری پێدەکات، باران بۆ چەند شەوو چەند رۆژ وەکو کونەی دەم بەرەو خوار دایکرد، ژیان لەدۆنی مەزندا بووژایەوە، دەشتەکە سەوز هەلگەڕا کەف بەلێواری ڕووبارەکەدا سەرکەوت، لەزەوی ڕەشو ڕووت بۆنی خۆشی بەرزبوەوە.
لەڕێگەکەدا پەلەی گولای بچوك بچوکەش ەرکەوتو هەروەها گورزەی پلو پووشیش لەشوێن خەرمانەکاندا کەلەکەبوون.
ژیان ئوکاتە زەبەللاحێك بوو باوێشکی دەدا، دەبوایە هەر ڕوخساری بگۆڕایە بەم باێشکەی ئەا باکە گڤەو هاژەیەکی توندی دێت لەسەر سەری گردەکەوە ئەوا گۆلاوەکان توێژێك سەهۆلّ دایان دەپۆشێت، سەرئاوەکەوتوەکانیش لەدۆندا، وا تەوژم پالّیان پێوەدەنێ بۆ لێوارەکان، بەسووکی وەکو پووش بەدەستی دێووە، بەلّێ وا بەهار ئاوابوو.
کەمێ دوایی جەژنی لەدایکبوون بنوسی گوند چاوی بەپانتلای کەوتو هەوالّی کوڕەکەیدایە ئەو پێی وت کە گریگۆری بەم زووانە دێتەوە، گریگۆری وای پیێ وتبوو کاتێ کەلە کامینسکایا چاوی پێکەوتبوو پێش چەند ڕۆژێ.

لەکانوونی دووەمدا دەنگدانەوەی واتەوت لەبارەی سپۆتینو خێزانی تسارو ژنە شازادەکانەوە هێشتا هەر دەزرنگایەوە لەگوێی قەوزاقی کوندەکانی دۆندا، شوبات بەسەرچوو ئادار بەدوایدا هاتو لەسەرەتای ئاداردا هەوالّی پێترۆگراد گەیشتە تاتارسك، تساریزم لەیَ بۆڕدراو ئابڕووی حوکمی ئۆتۆکراتی خرایە ژێر پێوە.
لەڕاستیدا، قەوزاق بەهەندێ شلەژانو سلوکیەوە پێشوازییان لەم هەوالە کرد.ئەوان وایان دانابوو کەتار جێگریی خواوەندەو پارێزگاری ئاسایشی وولاتی ئەوانی پیێ سپێرراوە، ئیدی مانای چی ئەم خواوەندە دەڕخێ!لەبەرئەوە ەلقە ئەلّقە نارێكو پێك لەدەوروپشتی دوکانی مۆخۆڤ کۆبونەوە بزانن بیروڕای ئەو چییە، دوایان دەکرد ئەم کارەیان بۆ ڕوونبکاتەو، چونکە مۆخۆڤ ڕۆژنامەکان دەخوێندەوە، هەروەها دەولّەمەندیش بوو، دەولّەمەندیش ڕیزێکی تایبەتیو وەجاخ زادەییەکی نیمچە سەپاوی هەیە، کەمۆخۆڤ بینینی زانی بۆچی هاتوونو دەرچووە دەرەوە بۆ لایان بەخۆدان بەسەر دارعەسا بەزیو نەخشاوەکەیەوە.یەکێکیان وتی:
ــ ئێستا، مۆخۆڤ تۆ ڕووناکبیریتو ئێمەش نەزان پیێ مان بلّێ چی ڕوودەدا لەمەودوا.
ــ هیچم نیە پێتان بلّێم ئەوە نەبێ کەئێمە ئیدی بیێ تسار دەژین.
پیرەکان ئەمەیان بەناڕەا داناو هەندێکیان بەجاریَ وتیان:

ـ بێ تسار! باوباپیرمانو باوباپیریان لەسای سێبەری تسارەکاندا ژیاون، ئایا ئیدی پێویستیمان بێ نەمان ئێستا! بەڵام، کێ فەرمان ڕەوایی دەکا لەبری ئەو! سەرپەڕی چوار پەل گەنی!

قەوزاقێك وتی:

ـ لەوانەیە مۆخۆڤ نەزانێ. مۆخۆڤ بڵێ لەهیچ شتێ مەترسە.

ـ چی بڵێم، حکومەتەکەمان دەبێ بەکۆماری ئەنجوومەنی دۆما فەرمانڕەوایی وولات دەکا... قوزاق کەوتنە توانج گرتن:

ـ نەفرەت لەم حاڵە.

ـ کۆتایی قەوزاق نزیك بوەتەوە!

ـ مانگرتنەکان بردەوامنو ئەڵمانیش بەم زوانە دەچنە پێترۆگرادەوە! ئۆف. .لەم شۆڕشە!

ـ ئەگەر یکسانی بسەپێنن بەسەرماندا لەگەڵ موجیکدا زەویوزارەکەمان زەوت دەکەن!.

مۆخۆڤیش وتی:

ـ ئەا ئێوا دەبینن ڕوسیایان گەیاندە کوێ! یەکسانتان دەکەنەوە لەگەڵ مووجیکدا، ئیمتیازاتی قەوزاق یدی شوێنەواریشی نامێنێ چەوساندنەوەکەی پێشوو سەرلەنوێ دەکەوێتەو گیانتان، ئەی ئەمە مانای ئەوە نیە کەرۆژانێکی ڕەش بەرێگەوەیەو دێت!

ـ ئێ، مۆخۆڤ! وادیارە تۆ دڵەراوکێی کاروباری تایبەتی خۆتە، تۆ چۆن دەزانی؟ لەانەیە بارودۆخی ئێمە چاکتر ببێت.

ـ چاکتر ببێت! چۆن؟

ـ بەڵێ، لەوانەیە حوکومەتی نوێ شەڕ بوەستێنێ، ئەوکاتە قەوزاقە دوورەکان دەگەڕێنەوە سەر زەویو زاری خۆیان.

ئەمە خۆ شنەبو بەلای مۆخۆڤی بازرگانەوە لەبەرئەوە چووەماڵەوە بێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، دەموچاوی شڵەژانێکی بەئازاری پێوە دیاربوو، ئەم کابرایە تووشی سەرسوڕمانو تۆقین بوو بوو لەپاشەڕۆژ، ئ ەمەش لەوەڵامدا نەوەی بۆ ژنەکەیدا دەرکەت کاتێ لێی پرسی ئایا هیچ شتێ دەخاوت یان نە، ئەویش وتی:

ـ ئۆی، نە، بۆ من دەتوانم هیچ خۆارکێ بخۆم!

سیچرکی مۆخۆڤ لەسووچێکی هۆڵی ماڵەکەیدا دانیشتبوو بیری دەکردەوە لە لیزای کچی، لەبازرگانێتییە هەڕەشەی لێکراوەکەی لەو سامانەی کە سپاردبوویە بەنکی —ڤۆلگاـ گاماو دەیکردە شەست هەزار ڕۆبڵ.

هاتەوە یادی کەپەیوەندی ئە بەلیزاوە لەپێویستی کچە بۆ پارە بەو لاوە نیە، نەك پەیوەندی باوكو کچو وتی ك (ئەو نامۆیە بەمنو منیش بەئەو، لەسەردەمی منالێدا لیزا کچم بوو، بەڵام ئێستا ئەو هەر داای پارە دەکا بۆ دڵدارە زۆرەکانی، ئەو بەجێی هێشتم وەکو پەرستگایەکی وێران، چەندە خۆم ڕەتاند لەپێناوی سامان کۆکردنەوە بۆ ئەو ڤلادیمیری گەوجی برایو ئەوا شۆڕشی ئێستا دەرگا دەکوتی، دەبێ ئەوان کەڵکیان چی بێت بۆ من! ئاخ، ئ ەم ژیانە هەمووی سەرنەکەوت نو نوشوستی یە لەدواییەکە..وا چاکترە کە. .

تەبیعەتی مرۆڤیش وایە کەبەخەمو پاژارەی ئێستای خەموپاژارەی کۆنیش بەسەردەکاتەوە، بەم جۆرە مۆخۆڤ ئێستا ڕوداوێکی هاتەوە یاد کەساڵی 1905 لێی قەومابوو کاتێ کەیەکێك ویستی تەقەی لێ بکات ئەو هەروەها

رشوداوێکیش کەلەئاشەکەدا بەرپابوو هاتەوە بیری، کە قەوزاقێك توورەکەیە گەنمی هێنابوو بیهاڕێ. بەڵام کرێی هارشینەکەی نەدا بۆ ئەوەی گوای کرێکاری قەپانەکە فێڵی لێ کردووە لەکێشانەیدا، مۆخۆڤیش فەرمانیدا بەکرێگرتەکەی کە توورەکەکەی نەداوەتەوە، لەبەرئەوە قەوزاقەکەو زاڤاری کرێگرتە هتن بەژی یەکدا، زاڤار مشتەکۆڵەیەکی لێداو خستیە سەر زەویو لەبەرئەوەی قەوزاقەکە دەرەقەتی زاڤاری کرێگرتە نەدەهات وازی لە توورەکەکە هێناو لەمۆخۆڤ نزیکبوەوە و وتی: (ئاردەکەم ببە، بەڵکو ببێتە پارووی قوزەلقورت)، پاشان ژنەکەی هاتو داوی ئاردەکەیان کردەوە، بەڵام زاڤار خراپ لەگەڵیدا جووڵایەوە، ئەمەی پێ گرانبوو و لەسەر ژنە قەوزاقەکەی کردەوەو پەلاماری زاڤاریدا، بەڵام ەویش بەشی خۆی لێدانی بەرکەوت، بەهۆی ئەوەوە مۆخۆڤ لەکارەکە دەریکرد.

مۆخۆڤ ئەمانەی هەموو وەبیرهاتەوەو ئە رۆژە دنیای لێهاتەوەیەك، پاشماوەی ئەو ڕۆژەو درێژایی شەوەکەشی بەخەمناکیو دڵتەنگیەکی تاڵەوە بەسەربرد.

بۆ سبەینێ بەیانی مۆخۆڤ وەکو جاران دەرچو دەرەوە بۆ دوکنەکەی، سەیری کرد قەوزاق خڕبونەتەوە لەدەرویشتی دوکانەکەیو پالاندای مامۆستاش ڕاوەستاوە لەناویانداو وتاریان بۆ دەدا، پالاندا چەند ووشەیەکی دەوت دەکۆکی پاشان خوێنی هەڵدهێنایەو، لەگەڵ ئەوەشدا لەدەموچاویدا خۆشیو دەروون گەرمی دیاربوو، مۆخۆڤ گوێی لێبوو دەیوت:

ـ قەوزاقینە.. ئەوا ئۆتۆکراتی نەفرەت لێکراو بۆ هەت هەتایە کەوت، لەمەودوا ئیدی ڕۆڵەکانیان ناچار نابن زەویوزارەکانیان بەجێبێڵن، ئیدی نانێررێن بۆ سەرکوت کردنی خەباتی کرێکاران.

ئەا خزمەتی پڕ شوورەیتان بو تساری خوێنمژ تەواو بوو، ئیدی ئەنجومەنی دامەزراندن فەرمانڕەوایەتی ڕوسیا دەکاتو لەڕوسیای ووڵاتی خۆتاندا ژیانێکی بەختەوەر بنیات دەنێن..

پاشان هەندێ خوێنی هەڵهێنایەوەو قەوزاقێکیش وتی:

ـ لەوانەیە ژیانێکی بەختەوەر بێت، بەڵام بەداخەو لەڕەنگە تۆ نەژیت تا ئەو رۆژانە.. برۆ با پشوویەك بدەی.

مۆخۆڤ کەئەمانەی بیست لەتوروەییاندا خەریکبو بتەقێ، بەڵام چەپاندیەیە دڵی خۆیو دەرینەبڕی بڕیاریدا بچێ بۆ دێبەرەکەی یاکۆدنایە بۆ چاوپێکەوتنی پیەریی ژەنەراڵ بەڵکو ڕونکردنەوەیەکی ئەم کێشەیەی لەلا دەست کەوێ، هەروەها بۆ سڵاوکردن لەلیستنسکی لاو کەدەیزانی ئێستا لەوێیە. مۆخۆڤ گەیشتە یاکۆدنایەو بیملیانی مەتیەر ئەسپەکەی بردە تەویلەکەوەو کەوتە پێشی بۆ هۆڵی پێشوازی کردن لەکۆشکدا، لەوێ ژنێکی توندوبڕی قەشەنگی چاوڕەشی پێشوازی لێکردو داوای لێکرد کەمێ چاوەڕێکات تاوەو ئاگاداری لیستنسکی پیر دەکات، ئەم ژنەش ئەکسینیابوو، بەڵام شێوازی ئێستای گۆڕابوو لەوەی کە مۆخۆڤ لە گونددا بینیبووی،ئەو ئێستا زیاتر لە کەنیزەکێکی باڵا دەچێ لەوەی کە کارەکەرێکی گەسکدن سڕینی کاشیی ناو ژووربێت.

پاش چەند دەقیقەیەك پیرەو کوڕەکەی بەزەردەخەنەوە هاتنو. پیرەش وتی:

ـ ای مخۆڤی بازرگانە، خێر بێت، وەرە ژوورەوە.

لەوای ڕێو ڕەسمی بەخێراتنی ئاسایی پیرە داوای لەئەکسینیا کرد چا بێنێت، بەمیهرەبانیەوە بەمیوانەکەی وت، کە بەرانبەری دانیشتبوو:

ـ ئێ، کاروبار چۆن دەڕوات لە تاتارسکدا؟ هەواڵە خۆشەکەتان بیست؟

مۆخۆڤ هەناسەیەکی هەڵکێشاو سەری سورشما، تەنانەت پیرە لیستنسکیش دەڵێ: (هەواڵەخۆشەکە)! بەڵام هەستو هۆشی خۆی ڕاگرتو وتی:

ـ ئەی کێ بێو ئەو هەواڵەی نەبیستبێ!

ـ کەواتە بیستووتانە، دەبینی حاڵ گەیشتە چ چارەڕەشییەك! هەر لەیەکەم ڕۆژی شەڕەوە پێشبینی ئەمەم کرد، ئەوا پاشایەتیشی نەما. —بەڵێ، بەڵێ، بەڵام لەراستیدا هەواڵی بڕواپێکراومان لانیە سەبارەت بەم وەزعە، وا هاتووم پرسیار لەیەڤگینی کوڕتان بکەم، بەڵکو بتوانێ لەڕاستی ئەم کارە ئاگادارم کات.

دەموچاوی یەڤگینی زەردەخەی پێوە نەماو بەدەنگێکی سەرسامەوە وتی:

ـ چ ڕاستییەکت دەوێ! ؟سەربازمان لەبەرەدا نیە، چەند تاقمێکی خراپەکارن لەوێ، یاخیبوون نایانەوێ بەردەوام بن لەکوشتاردا، ئەوان جانەوەرن‌و بەریان بۆ بەرەڵڵا بووە، بەڵام باوکم بیر لەو ئاژاوەیە ناکاتەوە کەسوپای تێکەتووە، بڕوا بەوە ناکا کەچۆن سەربازان جێگەکانی بەرە بەجێ دێڵن بەبێ فەرماندان بەوە، تەنانەت جاری واش هەیە تەقە لەئەفسەرەکانی خۆیان دەکەن.

پاشان دوای ئەوەی مژی لەجگەرەکەیدا دووکەڵەکەی دا بەبادا بەتەوسەوە وتی:

ـ سوپامان نیەو تەواو.

پیرەش وتی:

ـ گوێت لێ بێ کوڕم ماسی یەکەمجار لەسەرەوە خراپ دەبێ.

ـ من وای نابینم ئەمە بۆ سوپا بگونجێ، خراپە لەوێ خوارەوە، دەرزێنێ یەکەمجار. چونکە بەلشەفیکەکان خراپیان کردوە، بەتایبەتی بەشی پیادەی، تەنانەت قەوزاقیش بەلشەفیکەکان کونوکەلەبەریان بۆ خۆیان دۆزیوەتەوە تیایاندا، قەوزاق ئێستا تامەزرۆن‌و بەتاسەوەن بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە لای کەس‌وکاریان.

مۆخۆڤیش تەقییەوەو وتی:

ـ بەڵام چییان دەوێ؟ دوای چی دەکەن ئەو بەلشەفیکانە؟

لیستنسکی پێکەنی:

ـ چییان دەوێ! ئەوان وەکو میکرۆب دەچنە هەموو کۆڕو کۆمەڵێکەوە ولەوێ بیروڕاکانیان بڵاودەکەنەوە. بەڵێ پیاوی زۆر زیرەکیشیان تێدایە، هەندێکم لێ چاوپێکەوتوون، بەڵام زۆربەیان نەفام‌و هیچ‌و پووچن‌و گرنگی بەبیروباوەڕی بەلشەفیك نادەن بەئەندازەیی گرنگی پێدانیان بەبڵاوکردنەوەی خراپەکاری‌و ێرانکاری لەهەموو شوێنێکدا، لەبەرئەوە ئەوان خوێن بەم شەڕە دەدەن کەناوی (کۆلۆنیالی)یان لێناوە، مژدەی ئەوە دەدەن بەگوێی خەڵکدا کەزەی بۆ جوتیاران دەبێت، کارگەی بۆ کرێکاران دەبێت! ئەمە خەونێکی خەیاڵاوییە نایەتەدی، بەڵام بەهەرە حاڵ ئەوان خەڵکی پێ فریو دەدەن، لەبەر ئەم هۆیەیە کە هەستی سەربازانیان بەلای خۆیاندا ڕاکێشاوە.

پاشان لیسانسکی ئەوەی گێڕایەوە کەچۆن لەپێش شۆڕشدا ناچاری هەڵاتن بووە لە کەتیبەکەی لەترسی تۆڵە لێکردنەوەی سەربازەکان.

دوای ئەو باسەی ئەو کۆڕەکە کش‌ومات بوو، پیرە لەم بێدەنگییە بێ تاقەت بوو و وتی:

ـ ئێ، قسە بکە مۆخۆڤ، هێشتا هەر دەتەوێ ئەو ماینە شێی بکڕی کەپایز مامەڵەیت کرد لەگەڵمدا؟

ـ باشە ئێستا وەختی کڕینی چارەوێیە!

لەوکاتەدا ئەکسینیاش گفتوگۆی لەگەڵ بیمیلیانی مەیتەری مۆخۆڤدا دەکرد کە دەنگو باسی گوندی بۆ دەگێڕایەوەو وتی:

ـ وا بزانم خانووەکەمان ڕووخاوە؟

ـ نەخێر، وەکو خۆیەتی.

ـ ئەی خێڵی میلیخۆڤی دراوسێمان، چۆنن؟

ـ باشن. گریگۆری پار بەمۆڵەت هاتوە، ژنەکەی دوو منالّی بووە، کوڕو کچێك، وابزانم گریگۆریش برینداربوو.

ـ بریندار؟

ـ بالّی برینداربوو، لبەشی پڕبوە لەبرین، ئەو لەهەموو شەڕێکدا دەپێکرێ، لەبەرئەوە هەر ویسامو ئافەرینی بەسەردا دادەبارێ.

ـ بەلاّم.. ڕەنگو ڕوخساری چۆنە؟

ـ ڕوخساری نەگۆڕاوە، لووتە تورکییە کرەکەیو دەموچاوە ڕەشکەلانەکەی هێشتا چۆنت بینیون هەر وان.

ـ ئەی شوێنەواری بەسالاّچوونی پێو دیار نیە؟

ـ بەپێی ئەوەی ژنەکەی منالّی بووە ئەو هێشتا پیر نەبووە.

ئەوکاتە ئیدی ئەکسینیا بەبیانووی ساردی ژوورەکەوە دەرچوە دەرەوە، بیمیلیان چاوێکی تێبڕیو لەدلّی خۆیدا وتی:

ـ چ ئەسپێیەکی گەنیوی! ساردی ژورەکەت بەدڵ نەبوو هەی قەحپە! لەبیرت چوو چۆن بەپێی پەتی بەکووچەو کۆلاّنەکنی تاتارسکدا دەگەڕای بەسەر بەفرو لەنێو قوڕولیتەدا! هەی کەوەمار!

لەڕاستیشدا، بیمیلیان هێجگار بێتاقەت بوو بەئەکسینیا، لەبەرئەوە پیالّەی (هەشتەمی)چاکەی تەواو نەکردو بازی دایە گالیسکەکەی مۆخۆڤەوەو پاشەلّی ئەسپەکەی بەقامچی ئاگردا لەڕێگەیاندا بەرەو ئاوایی تەنانەت لەگەڵ ئاغاشی زاری بەتەنیا یەك وشەش نەکردەوە بەپێچەاونەی خوو پیشەی جارانی.

ئەوەی کەیەڤگینی لیستنسکی بۆ مۆخۆڤی باس کرد سەبارەت بەڕەوشی سەربازەکانو بەتایبەتی قەوزاق تاڕادەیەك ڕشاست بوو چاکترین نمونەش بۆ ئەمە ئەوەی کەڕویدا لەگەڵ لیوای یەکەمی یەکێك لەتیپەکانی پیادە لەبەرەی باشووری ڕۆژاواو لەگەڵ کەتیبەی قەوزاقی 27 کە خرابووە سەر ئەو لیوایە.

درێژەی ئە کارەش ئەوەیە کەئ ەم لیواو کەتیبەیە لەشوباتدا کەمێ پێش بەرپابووین شۆڕش، لەبەرە کێشرانەوە بۆ سەرکوتکردنی ئەو بزوتنەوە یاخیگەرییەی کەلە پێترۆگراددا دروست بوو.

بەلاّم دەنگوباسی ڕشووخانی تساریزم گەیشتە سەربازە گەڕاوەکان، کاتێ لەوێستگەیەکی هێڵی ئاسنیندابوون لەنیوەی ڕێگادا، پاشان لەسەرکردایەتی کاتییەوە فەرمان هات بەپێویستی گەڕانەوەی بەشەکانی جەنگی بۆ بەرە بۆ دەستپێکردنەوەی کوشتار.

بەلاّم سەربازەکانی ئەم فەرمانەیان بەلاوە خۆش نەبوو، ئەوان هەشت ڕۆژ لەوێستگەکەدا مابونەو بۆ پشوودان، لەو ماوەیەدا بەو گوندانەی ئەو نزیکانەدا مێشەکزەیان بووو تێکەلاّوی خەلّکەکەیان بوبون بەئالّو وێڵ کردن لەگەلّیاندا بەو شتانەی لەسەنگەرەکانەوە هێنابویان لەگەڵ خۆیاندا وەکو: پالّتۆو نێزە و تووتن شەبقەی کەوڵ.

فەرماندەیی کەتیبە هەستی کردبوو بەئارەزوو نەکردنی گەڕانەوەی سەربازەکانی بۆ بەرە، لەبەرئەوە ئێوارەی ڕۆژێکیان کۆی کردنەوە، وتارێکی بۆ دان.

(ئەی قەوزاقینە.. تەختو تاراجی تسار بەخوایشتی گەلو ڕوخا، ئەنجومەنی دۆما دەستی بەئەرکی فەرمانڕەاویەتی کرد. لەبەرئەوە پێویستە لەسەر سپاو ئێوەش کەسانی سوپان، ئەم دەنگو باسانە بەهێمنی وەربگرێ، چونکە ئەرکی سوپا داکۆکی کردنە لەنیشتمان، دژ بەدوژمن، دژ بەبێگانەو بەپێی یاسای توندو تۆڵی سوپای دەبێ لەکێشەو گێرەی سیاسەت دوورکەوینەوە.

با لەوەگەڕێین بۆ پیاوە شارستانیەکان، کاتێ کەجەنگ دوایی هات ئێمە بە ڕۆڵی خۆمان بەشداری دەکەین لەژیانی شارستانی وڵاتەکەماندا، بەڵام ئێستا نابێ، پێویستە لەسەرتان ملکەچی ئەفسەرەکانتان بن، هەمووتان هاریکاری بکەن لەپارێزگاری نیشتماندا نەکەن بیەڵن سایسەت بێتە ناو سوپاوە، ئەوە خیانەە بەو. . لەبەرئەوە خیانەت مەکەن لەو سوپایەی خزمەتتان کردووە...

فەرماندەیی کەتیبە لە وتارەکەی بوەوە، دوای ئەوەی تورەتورێکی زۆری تێدا کرد، هیچ کارێکی نەکردە سەر سەربازەکانیش.

قەوزاق ڕونکردنەوەیەکی ئاشکراو ساکاریان دەویست بۆ ئەم وەزعە، دەشتیانەویست ئەو ڕوون کردنەوەیە بەلای کەمەوە بەڵێنی نزیکی گەڕانەوەیانی تێدابێ بۆ جێگاو هەواری خۆیان. .بەڵام فەرماندەی کەتیبە ڕێبازێکی دیکەی گرتەبەر، ئەی خۆیان گوێیان لێ نەبوو هنیان دەدا گوێ لەمستی ئەفسەرەکانیان بنو ئامادەبوون بۆ دەستپێکردنەوەی شەڕو کوشتار لەبەرەد؟ باشە ئەمەبوو ئەوان بەتەمای بوون!!.

کاتێ کەتیبە فەرمانێکی ڕەسمی پێ ڕاگەیەنرا بەگەڕانەوەی بۆ بەرە ناڕەزایی ئاشکرای تێدا دروست بوو.

ئەوە سریەی دووەمە ڕەپو ڕشەوان بەجێهێنانی فەرمانەکە ڕەت دەکاتەوە، خوتەو بۆلەیەکی سریەکانی دیکەش بەستنەوەی بارهەڵگریان بەگالیسکەکانەوە ڕەتکردەوە، بەڵام لەدواییدا کە فەرماندەی کەتیبە هەڕەشەی چەك کردنی لێکردن ناچار بوون ملیاندا.

لەگالیسکەکەکاندا دەمەقاڵەی قەوزاق لەوپەڕی توندیدا بوو، کەسیان خۆشی بە وەزعەدا نەدەهات.گوێ ڕابگرە دەڵێن:

ــ دەڵێن گەل سەربەستی وەدەست هێناوە، باشە سەربەستی قەوزاق لەوەدایە کەسەرلەنوێ خوێنی خۆیان بڕێژنەوە! چ سەربەستییەکە ئەمە!

ــ ئەی نابینن کە تساریزم هەر وەکو خۆی ماوەتەوە تەنانەت دوی ئەوەی کەلە تساریش ڕزگارمان بووە!.

ــ واگەڕاینەوە بۆ هەمان ڕژێمی کۆن، تەنیا ئەوەیە قۆپچەی پانتۆڵەکانمان کەوتوەتە پشتەوە، بەڵام پانتۆڵەکان خۆیان نەگۆڕاون.

ــ سێ ساڵە لەگەڵ تفەنگەکانماندا دەنوین لەهێڵەکاندا!، نەفرەتیان لێ بێت! بۆچی نمانگێڕنەوە بۆ گوندەکانی خۆمان؟

لەم وشەی ناڕەزاییانە گرنگتر ئەو قسەیەبوو کە عەریفێکی قەوزاق هاواری پێکرد:

ــ ئەی قەوزاقینە: ئەگەر گەل سەربەستی خۆی وەدەست هێنابێ دەبێ شەڕ بوەستێنرێ. گەلو قەوزاق وەڕس بوون لەم شەڕە نەفرەت لێکراوە، باشە بەلای ئێوەوە ئەمە ڕاست نیە!؟

ـ بەڵێ، زۆر ڕاستە، عەریف!

ـ کەواتە، با بڕوخێ شەرش، بگەڕێینەو سەر زەوی‌و زاری خۆمان.

قەوزاقێکی دی کە هەڵچونێکی دەروون گەرمی گرتبووی هاواری کرد:

ـ کەواتە، مەکینەی شەمەندەفەرەکە بترازێنن کوڕینە، ئادەی.

قەەاقێکی دیکە رشەتیدایەوە:

ـ نەحلەتێن شتی وابکەن، کەمێ ئارام بگرن کوڕینە، فەرماندەی کەتیبە دەڵێ گوایە نوسراوێکی وەدەست گەیشتوە کەداوامان لێدەکات لەبەرەدا بین، بۆچی ئەو نووسراوەمان پیشان نادا؟ یان ئەمە فڕوفێڵێکی خۆیەتی! ئەمە فەرماندەی کەتیبەی ناچارکرد تەلگرافێکیان بۆ بخوێنێتەوە کەلەسەرکردایەتی تیپەکەوە بۆی هاتبوو سەبارەت بەگواستنەوەی کەتیبە. دوای ئەوەی قەوزاق گوێیان لەوەبوو، قەناعەتیان هێنا کەهیچ ساختەو فێڵێك لەکارەکەدا نیە، ئەمجار بەنابەدڵییەوە سواری الیسکە ئاسنینەکان بوون.

شەش کەس لەقەوزاقی تاتارسك لە یەکێك لەگالیسکەکانی شەمەندەفەرەکەدا بوون لەوانە پێوتەر میلیخۆڤو ئەنیکۆشکای تۆپچی، ڤیدۆت کە ستۆکمانی هێنا بۆ تاتارسك‌و مەکسیم کریازنۆڤی جارەوی دزی بەجەرگ کەلەهیچ شتێ سڵ ناکاتەوە.

هەموویان لەگالیسکەکەدا بەسەر زینەکانیەوە دانیشتبوون‌و ئەڵقەیان بەستبوو لەدەوری ئاگرێك کەبۆ گەرم بوونەوە کردبوویانەوە، کەوتبونە جگەرەکێشان‌و دەمەتەقێ کردن، کریازنۆڤ وتی:

ـ ئێستا ئەوکاتە دێتەوەیاد کەمناڵ بووم‌و هەڵدەگژام بەوەجاقی ئاگردانەکەدا لەزستاندا، ئەکاتە ئیدی نەنکە پیرەکەم کەتەمەنی پتر لەسەدساڵ دەبوو دادیدەگرتم‌و دەکەوتە دۆزینەوەی سەرم بەدوای ئەسپێدا، پاشان دەیدایە فرەوێژی‌و دەیوت: (گوێت لێ بێ مەکسیم، خەڵکی لەرۆژگاری رابووردودا خۆشتر دەژیان لەم زەمانە..ئەوکاتە ڕۆژگار خێروبەرەکەت بوو، بەڵام ئێەی نەوەی ئەم زەمانەیە، دەژین تاوەکو دەبینن زەوی بووە بەتۆڕێك لەتەل. باڵندەی ئاسنینی دەنووك تیژ دەبینن! وەکو داڵ ڕەش دەبێ، خەڵکی دەداتە بەر دەنووك لەچەشنی قەلەڕەش بەسەر کاڵەکی سوورەوە، برسێتی! برسێتیەکی گەورەتان بەسەردا دێت، چاوە قووڵەو نەخۆشی خەڵك دەکەنە پووشی وشك هەڵهتوو، لەو ڕۆژەدا پیاو کوڕی خۆی دەکوژێ‌و برا برای خۆی. خۆزگە لەو رۆژانە نەدەگەیشتم! و بەهەر حاڵ ناشیگەمێ..)

ئێستاش برایان نوقڵانەکانی ئەو پیرەژنەیە چاوی خۆتان نابینن؟ ئەوە تەلی تەلەگراف! ئەوە فرۆکە! لەوەش خراپتر ئەو قات‌و قڕییە لەدەشتەکەدا! ئەگەر شتێکی لەم بابەتە رشووبدات ئەوکاتە خەڵکی لەبرساندا دەمرن یان یەکتری دەخۆن!

پێوتەریش لەسر ئەم قسەیە وتی:

ـ ئەمە گشتی بەجێیە، بەڵام برا برای خۆی بکوژێ ئەوە شتێکی دوورە.

ـ کەمێك چاوەڕێ بکە، دەیبینی.

قەوزاقێکی دیکە وتی:

ـ مادام هیچ سەرکردەیەك لەئارادا نیە، ئاژاوە بڵاودەبێتەوە، لەوانەشە برا یەکتر بکوژن بەڕاستی!..

ـ پێویستە لەسەرمان ئەو شەیتانانەی بوون بەهۆی ئاژاوەگێڕی بفەوتێنن، یەکەمجار. .کۆشیڤۆی بەپێکەنینەوە وتی:

ـ لەوان گەڕێ، لەوان گەڕێ، پێویستە لەسەرمان پێش ئەوە لەئەڵمان ببینەوە.

ـ خراپ نیە، هێشتا کاتێکی زۆرمان بەبەرەوەیە بۆ کوشتار.

ئەنیکۆشکای کۆسە لە قسەکەی پێوتەر سەخڵەت بوو وتی:

ـ بەڵام، هەتا کەی ئێمە شەڕ بکەین تو خانمی تساری بێگانەمان‌و هەردوو لاقە تووکنەکانی!

ئەم قسەیەی ئەنیکۆشکای و بەدەنگە یکن ناپیاوانەکەی، پاڵی بە کۆشیڤۆییەوە نا سوعبەتی لەگەڵدا بکات، بەلاسایی کردنی دەنەکەیەوە تی:

ـ بەردەوام شەڕدەکەین تاوەکو تووك لەچەناگەت دەردێت خەسێنراو..

هەموو دەستیان کردە پێکەنین، بەڵام کریازنۆڤ سوعبەتی لەکێشەیەکدا وەکو کێشەی شەڕی پێ خۆش نەبوو، لەبەرئەوە تەقییەوە و وتی:

ـ واز بێنن لەمە، ئێمە تاڵی‌و سوێرییەکی تەواومان چەشتووە، ئێمە لێرە لەحاڵێکی خراپ داین، کەس‌و کرمان لەوێ هەمیشە لە کوڵەمەرگی‌و ناڕەحەتیدان، ئێمە ئەسپێ دەمانخوات‌و ئەوانیش برسێتی سەری تێکردوون، ئەگەر یەکێکیان لێ بریندار بکەیت یەك دڵۆپ خوێنی لێ نایەت..ئیدی هەتا کەی! ! پێوتەر بەتووڕەییەوە ئاوڕێکی لێدایەوە:

ـ باشە ئەم تەقینەوەیەت لەپای چی؟

لێرەدا قەوزاقێکی دی نوی میرکۆلۆف بوو وەڵامی دایەوە:

ـ لەڕاستیدا ئەوەی کە وتی وایە تەواوە، خۆ قەوزاقێك: تۆ دەزانی چی دەوێ، کاتێ کەیەکێك لەئێمە گاگەلەکەی خۆی لێدەخوڕی بۆ مێرگەکە بەخۆشی‌و ڕۆح سووکیەوە.ئەوەندەی پێ ناچێ خۆر بەرزدەبێتەوەو مێش دەکەونە گیزەگیز بەدەروپشتی مانگاکاندا، ئەوکاتە ئیدی قەوزاقەکە ئارەزووی. .

ئەم دەستەواژەیەی تەواونەکرد، بەڵکو ئەوەی کە دەیویست بیڵێ بەمە ڕوونی کردەوە:

ـ ئەوکاتە ئیدی پاتاڵەکە دەکەونە لەقە هاویشتن‌و ئێمەش لەبارێکی لەم بابەتەداین. هەر کە گوێرەکەیە کلکی بەرزکردەوەو ڕای کرد تاوەکو گاکان شوێنی دەکەون‌و دەشتەکە شەپۆل دەدا.

ئەوکاتە کە سی گاگەلەکە ناوەستێنێ لەبەرئەوەی ناوەستێ..

پێوتەر دەرکی پێکرد ئەم قەوزاقە چی دەوێ، لەبەرئەوە پێی وت:

ـ ئەوەی بۆی دەچی ڕوونی بکەرەوە، چیت دەوێ لەم پێچو پەنایە؟

ـ مەسەلەکە ڕوونە، ئەمە دوو ساڵە ئێمە شەڕ دەکەین، بەڵام بۆ چ مەبەستێ؟ کەس نازانی..

کەواتە، شتێکی سروشتیە کریازنۆڤ بۆنموونە وەڕس بێ لەم وەزعە، هەڵبێ‌و پاش ئەوەش کەتیبە شوێنی کەوێت.. پاشان هەموو شتێك هەرەس بێنێ..

لێرەدا قەوزاقێکی دیکە وتی:

ـ بەسە، میرکۆلۆڤ، لەیادت نەچێ کەپێوتەر لەپلەی رەئیس عورەفادایە.

پێوتەر بەتوندی وەڵامی ئەم توانجەی دایەوە:

ـ من نەبوومە هۆی هیچ ناڕەحەتیەك بۆ كەس.

ـ چاكە، منیش ئەوە دەزانم، بەڵام تەنیا ویستم سوعبەتت لەگەڵ بكەمو هیچی دیكە.

بەڵام قەوزاقەكە هەستی بەناخۆشی هەڵوێستی كرد بەرانبەر بەرەئیس عورەفا، لەبەرئەوە بەهێمنی كشایەوە بۆ ئەو شوێنەی ئەسپەكانی تێدا بەسترابونەوە.

لەگالیسكەیەكی دیكەدا كۆمەڵێ قەوزاقی دی خەریكی گۆرانی وتن بون بەدەنگی بەرزو هەراو قرەوە، بەگۆرانیەكەیاندا پەرۆشیو سوێ بوونەوە بۆ هەوارو مەڵبەندی خۆیان لەدەشتەكەدا، وەڕس بوونێكی ئاشكرا لەدوورودرێژی خزمەتكردنیاندا بۆ تسار بەدیار دەكەوت.

گۆرانی وتن بەردەوام بوو تاوەكو شەمەندەفەرەكە وەستا لەوێستگەكەی پێشەوەدا، ئەوسا ئیدی قەوزاق خڕبوونەوە لەدەوری ئەكۆردیۆن ژەنێك، كەوتنە سەماكردنو ئەنیكۆشكاش كەتەنوورەیەكی لەبەركردبوو، دوای ئەوەی كەپاشەڵی پانتۆڵەكەی شەوی پێشوو سووتابوو، ناوەڕاستی لێگرتبوون.

ئەم كارە زیاتر لەبیستو چوار سەعاتی نەخایاند تاوەكو كەتیبەكە سەرلەنوێ لەبەرە نزیكبوەوە. كاتێ قەوزاق لەگالیسكەكان دابەزینو ئەسپەكانیان كەمێ دوورخستەوە لەهێڵە ئاسنەكان، سەربازێكی بەردەستە لەسەركردایەتی كەتیبەوە هاتو بانگی پێوتەری كرد بۆ لای فەرماندە، پێوتەریش ئەسپەكەی سپارد بەئەنیكۆشكای هاوەڵیو ڕۆیشت بۆ وێستگەكە، چونكە فەرماندە لەوێبوو.

كۆمەڵێ قەوزاق كەلەدەوروپشتی پیاوێك كۆبوبونەوە كەسەرنجی پێوتەر ڕاكێشا، لەبەرئەوە لایدا بەلایانو بەهۆی ئەم كەڵەكەبوونەی پرسیو پێی وترا كە یەكێك بەتاقمەكەت لەكاتی لەخزمەت هەڵاتندا گیراوە، ئەوكاتە ئیدی بایەخی زۆرترە بەدەنگیەوەچوو و لەكابرا نزیكبوەوەو ناسییەوە و هاتەوە یادی كەپانتڵایی باوكی دووساڵ لەمەوپێش گایەكی لەو سەربازە هەڵاتووە كڕیوەو كاتێ كەهۆی هەڵاتنی لێپرسی، كابرا وەڵامی دایەوە:

ـ ئیدی لەتوانامدا نەما!.

ئای لەقووڵی جێ پەنجەی ئەم دەستەواژەیە كەبەمێشكی پێوتەرەوە مۆربوو! لەبەرئەوە كە گوێی لەقووڵی لەفەرمانەكانی فەرماندەی كەتیبەو پێی ئەو فەرمانانە دەبوایە سریەكەی پێوتەر لەژێر فەرمانی بارەگای سەركردایەتیدا بوایە، داوای لێدەكرد بەتوندیو وریاییەوە چاودێری سەربازە قەوزاقەكانی خۆی بكاتو پاشان هەرشتێك ڕوویدا لەهەڵوێستیاندا بیگەیەنێت، ئەو گوێی بۆ هەموو ئەمانە گرتبوو هێشتا دەستەواژەی: (ئیدی لەتوانامدا نەما!)سەرتاپای ئەندێشەی پڕكردبوو.

پێوتەر لای فەرماندەكەی هاتەدەر، خەمو پەژارەی داهاتووی لەبەردەمدا نەخشەكێشرا لەناكاودا لەوەدابوو نوقمی بیركردنەوەبێت تێیدا، بەڵام ئەوەی لەوساتەدا ڕوویدا نەیپەرژاندە سەرئەوانە هەمووی لەنزیكی گالیسكە بارهەڵگرەكەیە ئافرەتێك دەجووڵایەوە، ئائەوە تا ڕێ دەكاو هەردوو سمتی بەقەشەنگی دەلەرێنەوە! وا سەری بەرزگرتووە بەرێكوجوانیو هەنگاو هەڵدەهێنێتەوە بەرەو ڕووی، ئای! ئەوە پێوتەر ناسیەوە، خۆ ئەمە دەریایە، دەریای ژنی!.

لەگەڵ ئەم چاوپێكەوتنە چاوەڕوان نەكراوەشدا پێوتەر زاڵبوو بەسەرخۆیداو بەهێمنی هەنگاوی دەنا تاوەكو قەوزاق بیر لەوەنەكەنەوە كەلەمەترسیدا شاگەشكەی كردووە.. كاتێ كەدەریای گەیشتێ دەستی كردە ملیو بێ ماچی كرد

بەپێی نەریتی قەوزاقو حەزی کرد پرسیاری شتێکی لێ بکات، بەڵام شڵەژانەکەی زمانی هێنایە بەستن، دواجار بەزمان گیرییەوە پێی وت:

ــ من چاوەڕێی ئەم هاتنەم لێ نەدەکردی!

ــ بەڵام من هاتووم بۆ سەردانی خۆشەویستی خۆم، خێزانەکەی خۆمان ڕێگایان نەدام بەڵام پرۆشم بۆ تۆ پاڵی پێوەنام بۆ پێداگرتن..وهاتم تۆ زۆر گۆڕاوی ئازیزم!!

دەریا پێوەنووسا، کەوتە چپەچپی هەندێ وشە بەگوێیداو دیاربوو دەنگی سواربوبوو کەقسەی دەکرد، پێوتەریش خۆشی پێکەوتو کەوتە دەسبازی کردن لەگەڵیدا لەبەردەمی خەڵکەکەدا.

ئێستا پێوتەر ئەوەی لەبیرچووەوە کەکاتی خۆی بڕیاری سزادانی داوە لەبەر بەرەڵڵاییو دەستبازیکردنی لەگەڵ ستێپاندا، هەروەها دەریاش ئەوەی لەبیرچووەوە کەدووشەو لەمەوپێش لەگالیسکەیەکی بارهەڵگردا لەگەڵ نەشتەرگەرێکی بەیتاڵدا بجووتە خەوتنو جووتە سمێڵە چڕەکەی دەچەقی بەدەموچاو و هەردوو کوڵمیدا.

هەردوك پێوتەرو دەریا ئەوەی کەڕابورد لەبیریانچووەوە، ئەوان ئێستا ژنومێردنو بەدوای لێکدابڕانێکی دورودرێژ یەکیان گرتوەتەوە.

لەملاشەوە سەربازانی دیکەی سریەکە کەئەوانیان بینی هەردوکیان لەخۆشیدان، ئیدی دەبێ چۆن سۆزو پەرۆشی خۆیان لەبیربچێتەوە! ئەوا ئەوان گفتوگۆ دەکەن:

ــ بەختەوەر خۆت پێوتەر! ئەوا ژنەکەت هات.

ــ بەڵام دەڵە گورگە پیری من نایەت.

ــ لەوانەیە ئەو پیاوی دەست کەوتبێت بۆ خۆی رابوێرێتو تۆش لێرەیت.

ــ خۆزگە پێوتەر ژنەکەی خۆی دەداینێ! تەنیا شەوێكو بەس بوو.

ــ وازیان لێ بێنن کوڕینە.. من چاوم بەرایی نایە تەماشایان کەم.

کاتێ یەڤگینی لیستنسکی لەمۆڵەتەکەی گەڕایەوە، دوای هەڵاتنە نا ئابروومەندەکەی لەو کەتیبە قەوزاقەی لەوەپێش تێیدابوو، نەگەڕایەوە بۆ ئەو کەتیبەیە، بەڵکو یەکسەر چوو بۆ سەرکردایەتی تیپو لەوێ چاوی کەوت بەژەنەراڵێکی قەوزاقی لاو کەلەبنەماڵەیەکی ڕەسەنزادەی نێو قەوزاقی دۆن بوو، ئەویش لەلای خۆیەوە ئەو سەغڵەت بوونو ناڕەحەتییانەی لێکدایەوە کەلەوانەیە تووشی لیستنسکی بێت ئەگەر بگەڕێتەوە بۆ کۆڕو کۆمەڵە کۆنەکەی.

لەبەرئەوە گواستنەوەیەکی بۆ مسۆگەر کرد بۆ کەتیبەی قەوزاقی چواردەیەم، ئەو کەتیبەیە واناسرابوو کەئەفسەرەکانی پاشایەتی خوازنو بەئاشکرا هاواری گەڕانەوەی تساردەکەن، لەملاشەوە سەربازەکانیان لەقەوزاقی باوەڕهێنەرانی کۆن بوون کەسوێندی ملکەچییان بۆ حوکوومەتی کێرنسکی کاتیی خواردبوو بەنیازی ئەوە شەوەکە دڵسۆز نەبن بۆ ئەو حوکوومەتە.

لیستنسکی بەم گواستنەوەیە خۆشحاڵبوو بەتایبەتی کاتێ بارەگای سەرکردایەتی تیپی بەجێهێشت ڕۆژی دوایی بۆ وەرگرتنی ئەرکی پایەی نوێی لەدڤینیسك کەلەدوایی شەش ڕۆژ پێی گەیشت هەروەها زۆریش شادمان بوو بەوەی بازەکانی خۆی بینی جەنجاڵی مەشقدانی ڕۆژانەی خۆیانو خزمەتکردنی ئەسپەکانیان بەبێ کارتێکردنی هیچ ئەو هەستو سۆزە شۆڕشگێڕانەی دەورووپشتیان لەو ڕۆژانەدا.

کەتیبەی چواردەیەم بەدرێژایی دوومانگی ئەم دواییە حەسابوەوە دەستێکی دانا کاروباری وەرگرتبوو و ڕیزەکانی قەوزاقی تێیدا پتەو کردبوو دووری خستبوونەوە لەهەموو ئەو شتانەی کەلەگوندەکانی ئەو ناوچەیەداو لەکەتیبەکانی دیکەی سوپادا شەپۆلیان پێدەدا.

ئەو دەستە خۆراکێکی چاکی دابونێ لەگەڵ مەشق کردنی بەردەوامداو بەوە ڕێگە بەهیچ بیرکردنەوەیەکیان نەمابوو، لەبەرئەمە ئەوان گرنگیان نەدەدا نە بەو واتەواتەیی بەدەوروپشتیاندا دەسوڕایەوە سەبارەت بەچارەنوسی حوکومەتی کاتیو نەبەوەیش کەپەیوەندی هەبوو بەمەبەستی هێشتنەوەی کەتیبەکەیان لەدڤینسکدا بەتایبەتی. لەملاشەوە ئەوەی کەلەسەری ئەفسەرەکانیدا دەخولایەوە، گێڕانەوەی ڕەوڕەوەی مێژووبو بۆ دواوەو بەواتایەکی دیکە لەگەڵ حوکومەتی کێرنسکداو کات بەدەمەوە گرتن، تاوەکو کێشانی ئەو نەخشەو پیلانانە تەواو دەبن کەگێڕانەوەی تساریزم مسۆگەر دەکات.

ئەوان دەریکیان بەوە نەدەکرد کەپادشا کاتێ بکەوێتە خوارەوە لەتەختو تاجەکەی خۆی بەدەکمەن دەگەڕێتەوە بۆ ئەو تەختو تاجە، یان مێژوو تەنانەت لەشێتێشیدا ڕێگە بەوە نادات! ئەوان هەر بەکوێریی مابونەوە.

ئەوان بەرە لەنزیکیانەوە بوو، چونکە درێژەی کێشابوو بۆ ڕۆژاوا لەو ڕۆژانەداو لەهێڵی سەنگەرەکاندا تایەکی کوشندە شووڵی لەسەربازان هەڵکێشابوو، تووشی کەم خۆراکیو ڕەتاندنی کارابوبوون.

ئایا لەم بارودۆخەدا لەو دەستە چاکتر هەیە کەڕێگە خۆش کات بۆ ووشەی (ئاشتی)تاوەکو دڵە پەشێوەکانیان داگیر بکات!.

لەڕاستیشدا سوپا سەرتاپای تووڕەیی لێ هەڵدەقولا وەکو ئاو چۆن لەکانیەکی فیچقەدار هەڵدەقولێ، بەڵام لەداڤینیسدا وەکو لەمەوپێش وتمان قەوزاق ژیانێکی خۆشو پڕ لەئاسودەییان بەسەردەبرد.

کەدەستی خۆشگوزەرانی لەوێ زۆر لەیادگارە تاڵەکانی نێو چاڵی سەنگەرەکانیانی سڕیبووەوە، ئەوە گەورەکانیانە دێنە کۆبونەوە دیاریکراوەکانی ئەفسەرانەوە لەکاتی خۆیداو چەندوچۆن لەسەر چارەنووسی ڕووسیا دەکەن بەگوڕو دەروون گەرمیەوە.

لەسەر ئەم شێوە شلوشۆڵە ژیان دەڕۆیشت لەکەتیبەی چواردەیەمدا تاوەکو ڕۆژی شانزەی حوزەیران کاتێ کە فەرمان درا بەسەرکردایەتیەکەی بەجووڵانی دەستبەجێو بێ ئەوەی یەك دەقیقە کات بەفیڕۆ بدرێ، ئەم جووڵانەش بەرەو پیترۆگراد بوو، کەڕۆژی بیستی حوزەیران هەڵاتو سمی ئەسپەکانی قەوزاق خرمەی دەهات بەسەر پانایی شەقامە شۆستەکراوەکانەوە لەپایتەخدا.

کەتیبە لەهەندێ خانووی گەڕەکی نیڤسکیدا نیشتەجێبوو و بینایەکی بازرگانیی تەرخانکرا بۆ سریەکەی لیستنسکی، ئەم بینایە حوکومەت لەوەوپێش بەدانیشتوانی چۆڵ کردبووو پاشان بۆیەی کردبوەوە سەرلەنوێ، ئەوەی کەپێویستی بەچاکردنەوە بوو لەهەر شەش نهۆمەکەیدا چاك کرابووەو دیمەنێکی شیاوی درابویە وەکو بەڵگەیەك بۆ گرنگی پێدانێکی گەورە بەحەسانەوەی ئەو قەوزاقانەی تێی دێن.

ئەوەش جێگەی سەرسوڕمان نیە، چونکە پەرۆش بوون بۆ هاتنیان بەتەواوی ئاشکرابوو.

لیستنسکی بەچاکی تەماشای ئەو بینایەی کرد، بەهەنیەیەوە هەندێك ڕەزامەندی دەردەکەوت لەدەسەڵاتدارێتی ناوخۆیی کەبایەخی داوە بەحەوانەوەی سەربازەکانی، بەڵام ڕوداوێك میزاجی تێکدا ئەوکاتە. پوختەی ئەو مەسەلەەیش ئەوەیە کەلیستنسکی وێنەی سەری سەگێكو گیسکێکی بینی بەبلیمەتی لەسەر یەکێ لەدیوارەکان

نیگاری کێشرابوو، کاتی خۆی ئەمە هێمایەك بوو دارو دەستەی تساری ڕووسیا ئیڤانی بەسام کەلەسەر دەرگای دوژمنەکانی ئاغایان هەڵیان دەکەند، مانای (مردن بۆ تۆیە دوژمنی تسار).

لیستنسکی کەچاوی کەوت بەم دروشمە بەتەواوەتی سەغڵەت بووو پێی تێکچوو. باشە ئەو ئەوانەی وەکو ئەوان دوژمنی ڕووسیان، دیارە ڕووسیا بەناوەڕۆکی ئەوەی ئێستا لەبەردەمیاندا نیگار کێشراوە سەیریان دەکا ! !

ئەمەش وای لێکرد لەتووڕەییدا ڕاپەڕیو پاشان ئاوڕیدایەوە لەنوێنەرە شارستانیەکەی دەسەڵاتدارێتی ناوخۆیی کەپێشوازیکردنی قەوزاقی خرابووە ئەستۆ، بەمنجە منجێکەوە وتی:

ـ ئەمە چییە؟

ـ ئەمە بەلشەفیکن..بێگومان دەستێکی چەپەڵ نیگاری کێشاوە.

پاشان پیاوە کەوتە داتاشینی نیگارو بۆیەکە بەنینۆکی بریقەدارو قەشەنگی.

کاتێ لیستنسکی لەتەماشاکردنی بیناکە بوەوە، ڕۆیشت بۆ ئەو تەویلەیەی تەرخانکرابوو بۆ ئەسپەکانی سریەکەی، کاتێ کەبینی تەنیا سێ دەرگای هەیە، دەنگی بەرزکردەوە بەڕووی شارستانیە تۆقیوەکەداو وتی:

ـ سێ دەرگا ! ئەمان بەشی دەرکردنی سەدوبیست ئەسپ ناکەن، سریەکە دەبێ لەنیو سەعاتدا ئەسپەکان دەرکات ئەگەر ئینزارێکی کوتو پڕی بۆ دەهات، دەرگایەکی دیکەشم دەوێ.

شارستانیەکە بەکلکە لەقێوە دڵنیای کرد، کەدوو دەرگای نوێ دەستبەجێ دەکرێنەوە، پاشان لیستنسکی ڕوخسەتی ڕۆیشتنیداو خۆشی بە پیپلیکانەکەدا سەرکەوت کە دەچێ بۆ شوێنی ئەفسەران لەبیناکەدا.

لیستنسکی ئەوکاتە بیروهۆشی بەش بەش بوبوو، ئەو هەستی بەڕەزامەندی دەکرد لەو ژوورە خۆشانەی لەوێ بینی، ئەندێشەی ئەو وێنەیەی کەبینی بەسەر دیوارەکەوە نیگار کێشرابوو دەیشڵەژاند، بەڵام بەسەر ئەم دڵە ڕاوکێیەدا زاڵبوو کاتێ بەماندوویەتێتیو شەکەتی کەوتە تەپاوتل کردن بەسەر جێگەکەیاو بێ ئەوەی پێڵاوەکانی لەپێ دابکەنێ.

ئەفسەرێکی دیکە لەهۆدەکەدابوو، لیستنسکی ویستی دەمەتەقێی لەگەڵدا بکاتو وتی:

ـ ئەفسەرەکانی دیکە لەکوێن ڕەئیس ئەتار؟ کەس لەهاوەڵان نابینم.

ـ چوون بۆ سەردانی شار.

ـ ئەی تۆ بۆچی لەگەڵیاندا نەڕۆیشتی؟

ـ خۆش نیە چوونە شارەوە ڕاستەوخۆ دوای گەیشتن، من ڕۆژنامەم دەخوێندەوە.

لیستنسکی کەمێ لەسەر جێگەکەی ڕاکشا، پاشان هەڵساو جلەکانی داماڵیو چوو بۆ خۆشتن، ئاوی گەرم هەستو هۆشێکی نوێی پێ بەخشیو وای لیچکرد ئامۆژگاری ڕەئیس ئاتار بکات بەخۆشتن.

بەڵام ئەم حەزی بەوە نەکردو بەڵکو وتی:

ـ بگرە ڕۆژنامە بخوێنەوە: شتێکی خۆشی تێدایە..

ـ چیە؟

ـ باسی خۆپیشاندانی بەلشەفیکەکانی تێدایە.. بگرە بیخوێنەوە.

لیستنسکی بەنابەدڵیەوە ڕۆژنامەکەی وەرگرت، بەڵام لەپڕ بانگکرا بۆ چاوپێکەوتنی فەرماندەی کەتیبە، ئەمیش بەپەلە جلەکانی لەبەرکردو شمشێرەکەی کرد بە پشتێنەکەیدا چوە دەەوە بۆ گەڕەکی نیڤسکی.

ئەو شەقامەی کە لیستنسکی پێدا ڕۆیشت شەپۆلێك لەشەبقەی جۆراوجۆری پێدا دەڕۆیشت، هی وای هەبوو لەسرووت دروست کرابوو هی دیکەش لەچۆخی گرانبەها بوو، بەڵام زۆربەیان لەوانەبوون کەژنان سەری دەکەن‌و کەمێکیشیان ئەو شەبقە ئاسایانەبوون کە سەربازان بەکاریان دەهێنا.
لەوێدا کزە بایەکی خۆش لەدەریاوە دەهات‌و دەیدا بەو بەردانەدا کەبەسەر یەکەوە ڕیزکرابوون بەشێوەی بینای بەرز بەرز، ناچاری دەکرد لە لاکۆلانەکاندا بلاوببێتەوە.
ئاسمانیش وەکو پۆلا شین دەچووەوەو پەڵە هەوری سپی چون شی پێدا دەڕۆیشت، قورس بوون‌و مژدەی بارانیان دەدا، بۆنی ئەسفەلتی تازە تێکەڵ بوو بوو بەبۆن‌و بەرامی گوڵاو و دوکەڵی گەڕەکە ماڵەکان‌و ئەمانە هەمووی ئەوەی پێکهێنابوو کەپیاو دەیبینێ کاتێ ڕێدەکا بەشەقامێکی شارێکی گەورەدا.
ئەمانە هەموویان مێشکی لیستنسکیان جەنجاڵ کردبوو و بەری بیرکردنەوەیان لێ بڕیبوو، دەڕۆیشت‌و هەوای شاری هەڵدەمژی کە دەمێك بوو لە بەرەدا لێی بێ بەش بو بوو، بەڵام ئەم دڵخۆشییەی زۆر کورت بوو، چونکە لاوێکی قەڵەوی سەرکوڵم ئالی بەرچاوکەوت دیمەنی نازونیعمەتی پێوە دیاربوو.
ئەوکاتە لەدڵی خۆیدا پرسی: (چی یەکێکی وەکو ئەمەی لێرەدا هێشتووەتەوە، بۆچی لەبەرەدا نەبێ!، ئەمە لەوانەیە کوڕی بازرگانێك بێ بە سامانەکەی باوکی توانیبێتی لەسەربازی ڕزگاری ببێت‌و بەدەلی دابێت.
بەڵام، تۆ بڵێی ئەم هیچو پووچە بەئەرکی خۆی هەڵسێ لەبەرەی ناوەوەدا؟ یان ئەو بێ ئاگایە لەهەموو ئەمانەو خەریکی ڕابواردنی خۆیەتی لەگەڵ ئافرەتدا! گوێ بەچی بدات لەنیشتماندا! ئەو بەبێباکانە دەژیو بەس!).
کاتێ گەیشتە ئەم پرسیارە بایدایەوە لای خودای خۆیداو وردبووەوە لەڕاستی هەست‌و سۆزی خۆی، وتی:
(بەڵام، ئەی من، بەرەو چ لایە دەڕۆم؟ بێگومان لەگەڵ ئەمەو هاوبابەتەکانیشیدام، چونکە من شتێك لەوانم تێدایە، ئەی لە چینەکەی ئەوان نیم؟ ئەگەر چی ئەم لاوە خۆشگوزەرانە ئاگای لەشوێن پێی خۆی نیە، خۆ من هۆشم پاڵی پێوە ناوم کەلە بەرەدا بم، چونکە لەبەرەدا چینەکەم‌و بابەتی ئەمە دەپارێزم. لەوێ بەرگری لەنیشتمان دەکەم. دەستم کرد بەگریان کاتێ کەتساری لابراوم بینی لەموجیلیڤدا، من هەقمە شۆڕش ڕەت دەکەمەوە، چونکە ئەقڵم پێی قایل نابێ‌و ناشتوانم بیر لە پێ قایل بوونی بکەمەوە، لەبەرئەوە خۆم تەرخان دەکەم بۆ خزمەتکردنی ڕابووردو..بەڵام تۆ بڵێی زۆر هەبن وەکو من دڵسۆزبن بۆ هەمان شت!).
بیرەکانی گەڕایەوە دواوە پاش ئەم گفتوگۆ خۆبەخۆگۆیایە، وێنەی تساری لابراوی هاتەوە بەرچاو کە ماڵاوایی لەگەڵ دەکردو کەس هاواری بۆ نەدەکردو نە بچووك‌و نەگەورە دەستیان بۆ بەرزنەدەکردەوە بۆ سڵاولێکردنی‌و ئەمەی بەبێ ئەمەکی ڕەچاوکرد لەلایەن گەلەوەو هەستەکانی وروژان‌و کەوتە حاڵەتێکی دەروونی شڵەژاوەوە.
لیستنسکی لەم کاتەدا گەیشتە بارەگای فەرماندەیی کەتیبە، بەپیپلیکانەکەدا سەرکەوت بۆ هۆدەی سەرکردایەتی‌و چوە ژوورەوەو لەوێ فەرماندەی کەتیبە نەخشەیەکی دوورودرێژی جێگای بینا حکومەتیەکانی لەبەردەمدا بڵاوکردەوە،و دەستنیشانی ئەو خانووانەی کرد کەدەخرێنە ئەستۆی سریەکە لیستنسکی بۆ پاسەوانی کردنیان.
تعلیماتی فەرماندە وردو دوورودرێژ بوو لەدانانی باسکردن‌و ژمارەی کەسانی دەورێکان، مەڵبەندەکانی ئیشکچی دیاریکراوی هەموو تێدابوو، کاتێ کەلە ڕاگەیاندنی هەموو ئەوانە بوەوە دەستنیشانی جێگەی(کۆشکی زستان)ی کردو وتی:
ـ لەکۆشکی زستاندا، کێرنسکی..

ـ يەك ووشەش مەڵێ سەبارەت بەئەو!
ـ تكات لێدەكەم یەڤگینی لیستنسكی خۆت ڕابگرە.
ـ تكات لێدەكەم كۆلۆنیل..
ـ من تكا لەتۆ دەكەم خۆشەویستم.. خۆت ڕابگرە.
لیستنسكی بەزۆر هەناسەی بۆ دەدراو وتی:
ـ باشە هەرئێستا یەكسەر دەورێكان بنێرم بەرەو كارگەكانی پوتیلۆڤ؟
كۆلۆنیل هەردوو لێوی خۆی گەست.. بزەیەك گرتیو هەردوو شانی هەڵتەكاندو پاشان وەڵامی دایەوە:
هەر ئێستا دەستبەجێو بەسەركردایەتی فەرماندەی ڕەعیلەكە خۆی.
لیستنیسكی لەپیپلیكانەكە دابەزی، بۆ ئەوەی بچێتەوە بۆ بارەگای سریەكەی خۆیو لای دەرگای بارەگای كەتیبەدا دەورێكی قەوزاقی بینی بەسەركردایەتی ئەفسەرێك كەئەسپەكەی قەپی لەهەندێ گوێ وشكەوەبوو دەگرت.
پیرەمێردێكی مەدەنی بەشانو شكۆ لەشۆستەكە دادەبەزیو هاواری كرد:
ـ ئافەرین بۆ ڕزگاركەرانی نیشتمان!.
ئەفسەرەكە سڵاوەكەی سەندەوەو بەردەوام بوو بەڕێكردن لەپێشی دەورێكەوە. لەملاشەوە لیستنسكی پێی هەڵگرت بەرەو بارەگای سریەكە.
دامەزراندنی ژەنەراڵ كۆرنیلۆڤ بەسەركردەی باڵای هێزە چەكدارەكان لەبەرەی باشووری ڕۆژئاوادا خۆشی خستە دڵو دەروونی ئەفسەرانی كەتیبەی چواردەیەمی قەوزاقەوەو كەوتنە باسكردی چاكەكانی بەڕێزو گەورەییەوەو توانای پۆڵاینی ئەویان باس دەكردو لێیان ڕادەبینی ووڵات ڕزگار كات لەو بگرەو بەردەو بشێویەی حوكوومەتی كاتی دروستی كردبوو.
ئەم دامەزراندنە دڵی لیستنسكی فێنك كردەوە بەشێوەیەكی تایبەتی، لەبەرئەوە كەوتە تەقەلای ئەوەی بزانێ كاردانەوەی چۆنە لەنێو ڕیزەكانی ئەفسەرانی لەخۆی خوارتر لەپلەداو هەروەها سەربازانی قەوزاق بەتایبەتی.
لیستنسكی لەمەدا ئەوەی وەدەست نەكەوت كە مەبەستی بوو، چونكە ئەوان لایەنی بێدەنگیان دەگرت جارێك یان بەشێوەیەكی شارراوە جارێكو بێباكانە جارێكی دی لێی دەدوان لەوەڵامدانەوەیاندا ئەو لێدوانانەش كە ئەو گوێی لێ دەبوو لەم بابەتە بوون:
ـ ئەمە بەكەمو بەزۆر بایەخی نیە بۆ ئێمە.
ـ ئەگەر هەوڵ بدا ئاشتی بگێڕێتەوە، ئێمەیش بێگومان..
ـ بەهەر حاڵ بارودۆخی ئێمە چاك نابێ كە ئەو بەرز بكرێتەوە.
چەند ڕۆژێك زیاتر تێپەڕانەبوو بەسەر دامەزراندنی كۆرنیلۆڤ لە پلەو پای نوێكەدا تاوەكو لەبەرەو لەڕیزەكانی سوپادا واتە واتێك بڵاوبوەوە كەلە بەرژەوەندی ئەو نەبوو، وا بڵاوبوەوە گوایە كە سەركردەیی نوێ گوشارێكی گەورەیی خستووەتە سەر میری بۆ گێڕانەوەی سزای كوشتن بۆ سەربازانی هەڵاتووە لەبەرەداو سوورە لەسەر بەكارهێنانی اجرائاتی توندو ڕەق بۆ مسۆگەركردنی بەردەوامبوون لەكوشتاردا، بەڵام كێرنسكی هەوڵدەدا بیگۆڕێ بەسەركردەیەك پتر حەزی لەئاشتی بێو بەئاسانی جڵەوی بداتە دەستی بۆ سیاسەتی حوكوومەتی كاتیەوە.

لەبەرئەوە ئەو بەیانەی میری کەلەیەکی تەموزدا دەرچوو بەدامەزراندنی کۆرنیلۆڤ لەپلەکەی پێشوویدا کوتوپڕیەکی گەورەبوو بۆ هەمووان.

لەهەمان ڕۆژدا لیستنسکی کێشەکەی بەتوندی خستە بەردەمی ئەفسەرەکانی خۆیو کۆبونەوەیەکی پێکردن بۆ ئەوەی لەبەردەمیاندا مەسەلەی: (ئێمە کام لا بگرین لەکام لادان؟)یەکالآ بکاتەوەو وتی:

ـ بەڕێزان، ئێمە وەکو یەك خێزان دەژین، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کێشە لەئارادان، کە دەبێ هەریەکە لەبەردەمی هەمووان‌دا ڕوونی بکاتەوە، بێگومان ئێوە دەزانن کە دووبەرەکیەك لەگۆڕێدایەو بەم زووانە لەنێوان سەرکردایەتی بالآو میریدا دەتەقێتەوە، ئەرکیشمان ئەوەیە ئەو لایەنە دیاری بکەنی کە ئەوکاتە دەدەینە پاڵی، با لێدوانەکەشمان ئاشکراو ڕەو ڕەوان بێ.

یەکەم کەس قسەکەرەکان رەئیس ئاتار شچیکۆڤ بوو و وتی:

ـ من ئامادەم خوێنی خۆمو خوێنی خەڵکی دیکەش برێژم، لەخزمەتی ژەنەراڵ کۆرنیلۆڤدا، ئەو نموونەی دڵسۆزیو لێهاتوییە، تەنیا ئەویشە کە دەتوانێ ڕووسیا لەسەر هەردوو پێی بوەستێنێ. سەیر کەن چی کردووە لەسوپادا، ئەو کردوویەتی بەیەك پارچەی خۆڕاگر، پاش ئەوەی چەپۆکەکانی ئەوانی دیکە بەجارێ شل بوبونەوە، ئەوکاتە لیژنەکاریو کۆبونەوەی یەك لەدوای یەکو برایەتی، هەلآتن بوو.. بەلآم ئێستا، ئەوانە نەمان، ئیدی کەس هەیە چەندوچون لەمەسەلەی پاڵپشتی کردنی بکات؟

بەدەروون گەرمیەکیو شێوەی ئاگرینی قسەکانیدا وادیاربوو کەئەم پیاوە بەڕاستی ئامادەیە بۆ ڕشتنی خوێنی خەڵکی دیکە لەپێناوی ژەنەراڵدا، بەلآم لەوە ترسا کەئەفسەرەکان ئەم شێوە قسەکردنەی لێ قبووڵ نەکەن، لەبەرئەوە وتی:

ـ برایان، ئەگەر ئێمە لەسەرمان بێ لەنێوان بەلشەفیکەکانو کێرنسکیو کۆرنیلۆڤدا لایەك هەڵبژێرین، بێگومان لەگەڵ کۆرنیلۆڤدا دەبین.

ئەفسەرێکی دیکە لەسەر ئەوە هەڵیدایەو وتی:

ـ لەڕاستیدا ئێمە هیچ شتێك نازانین لەوەی ژەنەراڵ دەیەوێ، ئایا ئەو بەتەمای گێڕانەوەی شیرازەو ڕێكوپێکیە بۆ سوپا یان دەیەوێ شتێکی دیکە بگێڕێتەوە.

گفتوگۆ بەردەوام بوو.. ئەفسەرێکی دیکە وتی:

ـ ئەمە بەوەلآم دانەوە تێناگەم هاوڕێم.. ئەمە قسەیەکی تەمومژاوییە نادیاریە، چیە ئەو شتەی دیکە کەئێمە دەترسین ئەو بیەوێ؟ پاشایەتییە؟

ـ نەخێر، من لەمە ناترسم، بەپێچەوانەوە من..

ـ چاکە، کەواتە ئێمە چەندو چۆن لەسەر چی دەکەین؟

لێرەدا دلکۆڤ وتی:

ـ بەڕێزان، وابزانم چەندوچۆنەکتان بەباشی نەکرد، بەئاشکرا بڵێن: پێویستە لەسەرمان ئێمەی قەوزاق خۆببەستین بەکۆرنیلۆڤەوە وەکو چۆن مناڵ هەمیشە بەکلکی دایکیوەیە.

ئەگەر کۆرنیلۆڤ لەناوبرا، بڕواتان ببێ بەڕێزان ڕووسیا لەسەرانگوێلگەدا دەمان نێژێ، ئەمە بارودۆخەکەیە، باشە ڕوونو ئاشکرا نیە وەکو دەیبینین؟

ـ بەتەواوەتی ئەمەیە بارودۆخەکە، ئێستاش بەڕێزان: ئێمە لەگەڵ کێ داین؟

ئاتار شیکۆڤ ئەمەی وتو دەستی دا بەسەر پشتی دلکۆڤداو بەئازایەتیەوە بەرنانیەوە.

هەموویان وەڵامیان دایەوە:

ـ لەگەڵ کۆرنیلۆڤدا هەڵبەتە.

پاش ئم ڕێککەوتنە گشتییە ئەفسەران کەوتنە یەکتر ماچ کردن لەخۆشیاندا، پاشان داوای چایان کرد، هەستو سۆزە وروژاوەکەیان لەسەر لاچوو لەترسی ئەوەی نەوەك پیاوخراپێکیان تێدابێت.

لەکاتی ئەم خۆشیوشادییەیاندا لیستنسکی وتی:

ـ بەڵام، حاڵ لەگەڵ سەربازەکاندا چۆنە، واتا قەوزاق؟ بە چ لایەکدا دادەتاشن یان گایان بۆکی دەقوڕێنێ.

ـ ئای، ئەو بەرازانە! ئەوان بۆ ژنەکانیان بەپەرۆشن، دەیانەوێ شوێنەکانیان بەجێ بێڵنو بڕۆنەوە بۆ هەوارو مەڵبەندی خۆیان، ژیانیان سەختو ناڕەحەتە ئەم ڕۆژانە.

ـ ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ خۆماندا بەکێشیان کەین.

ئەفسەرێکی دیکە ئەمەی وت لەکاتێکدا کە دەیدا بەسەر مێزەکەدا بەمشتەکۆڵە لەدەروون گەرمیدا.

ئەوسا ئیدی لیستنسکی هاتە قسەکردن بەشێوەی یەکێکی ڕێ پیشاندەری بەئاگاو وتی:

ـ تکام وایە هاوڕێیان ئەوەتان لەیادبێ کە ئەرکی ئێستای ئێمە تاڕادەیەك ئەوەیە کەبەزمان شیرینی بارودۆخ ڕوون بکەینەوە بۆ قەوزاقو بەدووری بیانهێڵینەوە لەبواری کارتێکردنی کۆمیتەکانو ئەوەش کە سەرکەوتنمان ئاسان دەکا لەم ئەرکەدا ئێستا بەشێوازێکی تازە لێیان نزیك ببنەوە، من لەڕابووردودا دەمتوانی قەوزاقێك بپلیشێنمەوەو هەلی بۆ برەخسێنم بۆ ئەوەی لەپشتەوە تەقەم لێ بکات، ئەمە لە1916دا، بەڵام دوای شۆڕشی بەلشەفیك ئەو ئارام ناگرێ تاوەکو هەلی بۆ هەڵکەوێو ئەفسەرەکەی خۆی بکوژێ، ئەو ڕووبەڕوو پێیدا دەتەقێنێ، ئەمەو ئەگەر قەوزاق ئەفسەرەکانیان ڕانەکێشن، بەبێ دوژمنایەتیو دەست درێژی کردن لەئەفسەرانەوەو بیان کوژن. وابزانم ئاگاتان لێیە چی ڕوودەدا لەهەندێ لەکەتیبەکانی دیکەدا، بەلشەفیکەکان توانیویانە بچنە نێو ڕیزەکانی قەوزاقەوەو ڕایانکێشاون بۆ لای خۆیانو هەمووشتان وای بۆ دەچن ئێستا کە هەر قەوزاقن دەتوانن تای تەرازووەکە لارەسەنگ کەن، ئێمە یان دەبێ قایل بین بەوەی بەلشەفیکەکان خێرا هەستن بەشۆڕشێکی دی، بەلشەفیکەکان خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ ڕاپەرینو لەوانەشە ئەم وەستانە کاتییە بکەن بەهۆیەك بۆ بەدەستهێنانی کاتو هیچی دیکە، سەیرکەن، ئەوان بەهێز دەبن، بەڵام ئێمەش هێزەکانمنا پچڕپچڕ دەبنەوە..

ـ ئەمە ڕاستە لیستنسکی.

ـ ڕووسیا پێیەکی دەخاتە گۆڕەوە.

ـ کاتێك کە ململانێکە بەرپا دەبێ، مەبەستم شەڕی ناوخۆیەو واشی دەبینم بەرپابوونی مسۆگەرە لە پێویستمان بەقەوزاقی بڕواپێکراو بێتو بەم جۆرەش دەبێ ڕایانکێشین بۆ لای خۆمان، واتە بیروباوەڕیان نەیەڵین بکەونە باوەشی کۆمیتەکانەوە، ئەگینا بەلشەفیکەکان لەبۆسەدان بۆیان، بەسووكو ئاسان ڕاویان دەکەن، لەبیرتان بێ برایان کە قەوزاقەکانی کەتیبەی یەکەمو چوارەم هەر لەیەکەم ڕوودانی شتێکدا ئەفسەرەکانیان لەکۆڵ دەکەنەوە..

ـ بەڵێ، بەڵێ و ئاوڕیش لەهیچ شتێ نادەنەوە!.

- ئەمەش ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێ کە ئەم دوو کەتیبەیە پاککەینەوەو دەبێ گژوگیای زیانبەخش لەناویاندا هەڵکێشینو بەمەش نایەڵین قەوزاقەکان بکەونە ئەو هەڵانەوە کە ئازاریان بدات.

پاش ئەوە ئەفسەرێکی بەتەمەن کە نۆساڵ لەهەمان کەتیبەدا خزمەتی کردبوو کەوتە قسەکردنو باسی ئەوەی کرد کە حاڵەتی قەوزاق بەتەواوی خراپە، ئەفسەرەکانیان لەکاتی خۆیدا پلەیان بەرز ناکرێتەوەو هەروەها بۆ پلەوپایەیە پێدان لەڕیزەکانی دواوەدا دەهێڵرێنەوەو ڕوونی کردەوە کە ئەمە شوێنکارێکی دەروونیی گەورەی هەیە بەسەریانەوە، لەبەرئەوە ئەو وا پێشنیار دەکا کەلە ڕێگەی (ئەنجومەنی هاوپەیمانی سوپاکانی قەوزاق)ەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێو بۆ بەرژەوەندی کۆرنیلۆڤ.

پاشان باسەکەی کۆتایی پێهێنا بەوەی کە ئیشارەتی پێکرد کە(تەنانەت ئەگەر کۆرنیلۆڤ بوو بە دیکتاتۆریش حاڵی قەوزاق لەوانەیە چاکتر بێ لەوەی کەلە ڕۆژگاری تساردا بوو).

ئەفسەرەکان لەم شەونخونیەیاندا مانەوە تاوەکو دەمەو شەبەق دەمەتەقێیان دەکردو دەیان خواردەوەو چاکترین نەخشەو پلانیان دەکێشا بۆ ئەوەی قەوزاق ڕابکێشنە لای خۆیانداو دووریان بخەنەوە لەکارتێکردنی پروپاگەندەی بەلشەفیکەکان، پاشان دەنگە گڕەکەی دلکۆڤو ئاتارشچیکۆڤ بەرزبووەوە بەگۆرانیەکی بەتاسەو تامەزرۆنی هێجگار جوانو ئاواز خۆش بۆ دۆن:

ئای کە سەربەرزە دۆنی ئارامما‌ن

جارێك سەری نەنەوەتەوە بۆ هیچ کافرێك

پرسی بەمۆسکۆ نەکردووە هیچ جارێك کە چۆن بژی.

بەشمشێر پێشوازی لەتورکان کردووە،

بەدرێژایی مێژوو،

ساڵ لەدوای ساڵ دەشتەکانی ئەو

دەیدا بەسەر دوژمنەکاندا بەلێشاوی لاوەکانی

بەرگری لەپاکیزە دەکاو لانەی نیشتمان دەپارێزێ

با بژێت سەرفرازی دۆن

بەسەربەرزی بەسربەرزی هەموو کاتو زەمانێك

دڵۆپە فرمێسکێك بەسەر گۆنای ئاتار شمیکۆڤدا هاتە خوارەوە کاتێ گۆرانیەکەی بەئاوازەوە چڕی.

کە ئەفسەرەکان ڕۆیشتنو بڵاوەیان لێکرد، ئاتار شچیکۆڤ کەبەتەنیشتی لیستنسکیەوە دانیشتبوو خۆی لارکردەوە بۆ لایو بەراشکاوییەکی قووڵەوە وتی:

- دەزانی لیستنسکی من قەوزاقێکی ڕەسەنم، من شەیدای دۆنم، باری گیانم سووك دەبێتەوە کە دەشتەکانیم دێتەوە یادو خۆم پێ ناگیرێو ناتوانم ئەو دڵۆپە فرمێسکەی لەچاوم دێتە خوار بەری بگرم، بایەخی مێرگەکەی سەر لێواری دۆن بەرچاوم دەگرێو ئەمیش فرمێسك دەبارێنێ، ئای چەند خۆشە ژیانی دێرینی قەوزاق! من ئافرەتی قەوزاقم خۆش دەوێ، هەموو شتێك قەوزاقانە بێت خۆشم دەوێت، قەوزاقایەتی لەخوێنمدا دەوروژێت هەرکاتێ کە وەبیرم دێتەوە گوڵی گوڵەبەرۆژەکان چۆن دەمدەنەوە لەوێ.. لەدەشتەکەدا بەڵام من ئێستا پرسیار دەکەم، باشە ئێمە قەوزاق فریو نادەین بەم کارەی کە نیازمانە بیکەین؟ باشە ئەمەیە ئەو ڕێگەیەی دەمانەوێ بیگرینەبەر؟

ـ مەبەستت چیە ئاتار شچیکۆڤ؟

ـ ئایا ئەمە بەرژەوەندی قەوزاقی تێدایە؟

ـ کەواتە، بەرژەوەندییان لەکوێدایە، باشە تۆ هیچ ڕێگەیەکی دیکەت هەیە؟

ـ نەخێر، بەڵام بۆچی لەئێمە دەتەکێنەوە کەواتە؟ ئایا شۆڕش دابەشی کردووین بۆ مەڕوبزن؟ وا دیارە بەرژەوەندییەکانمان بەگژیەکتردا دەچن..

ـ ئای. . گوێت لێ بێ رەئیس: قەوزاق خۆیان نازانن بەرژەوەندییان لەکوێدایە، ئەویش بەهۆی نەزانیو دووربینینەکردنەوە، بەڵام ئێمەی خاوەن رۆشنبیریی بەرز دەزانین ئەو بەرژەوەندییە دەکەوێتە کوێوە. قەوزاقیش ماندوویی شەڕن، لەحاڵەتێکی دەروونی ئاوهادا ئاسان دەبێ تۆ بۆ بەلشەفیکەکان هانیان بدەن، بەراستیش ئەوان قەناعەتیان پێکردوون کە شەڕ دەبێ ببڕێتەوە، هەروەها ناوچەی دۆن دوورە لەبەرەوە ئیدی بۆچی قەوزاق بۆ بەرگری کردن لە مۆسکۆ شەڕ بکەن‌و شتی لەم بابەتەی دیکەش‌و ئێستاش پێویستە لەسەرمان ڕادەی ئەو مەترسییەیان بۆ ڕوون بکەینەوە کە دەوەشێتەوە لەگۆڕینی ئەم شەڕە بەشەڕێکی ناوخۆیی.

شچیکۆڤ گوێی لەفرۆفیشاڵی هاوەڵەکەی ڕاگرت، بەڵام هەندێ منگەمنگی کرد بەچەند ووشەیەك کەکەس لێی تێنەگەیشت‌و لیستنسکی پێیدا زانی کە تیرەکەی نیشانی نەپێکاوە، کاتێ شچیکۆڤ هەڵساو ماڵاوایی کرد، لیستنسکیش بەسەر جێگەکەیدا ڕاکشا بەشڵەژاوی‌و پەشیمانی لەوەی کەبەچاکی نەگەیشتە ناخی دەروونی هاوەڵەکەی، پاشان ختوورەی جۆراوجۆری زاڵبوو بەسەردا، لەوانە یادگارییەکانی لەگەڵ ئەکسینیاو ئەو ئافرەتانەی لەگەڵیان ڕایبواردووە لەکاتی جۆراوجۆردا.

لەسریەکەی لیستنسکیدا قەوزاقێك هەبوو ناوی لاکۆتین بوو، ئەمەش یەکەم کەس بوو کە بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کەتیبە هەڵبژێررا هەرچەندە لەمەوپێش شتێکی جیاواز لەکەسایەتی ئەم کابرایەدا نەبوو.

بەڵام لەیەکی تەممووزدا ئەفسەری رەعیلەکە هات بۆ لای لیستنسکی‌و ئاگاداری کردەوە کە لاکۆتین زۆر هاتوچۆی کۆبونەوەکانی نوێنەرانی کۆمیتەی کرێکاران‌و سەربازان دەکات، بەردەوام باسی ئەو شتانە دەکات بۆ قەوزاق، ئەمەو سەرەرای ئەوەش کەنیشانەی یاخیگەری لەنێو سەربازانی رەعیلەکەدا پەیدابووە، چونکە هەندێکیان دەرچوونیان بۆ ئێشکچێتی ڕەتکردووەتەوەو بەبڕوای ئەو لاکۆتین پەیوەندی بەم کارەوە هەیە.

لیستنسکی سوپاسی کردو داوای لێکرد چاوەڕێ بکات، چونکە فەرماندەی سری خۆی دەیەوێ ئەم کابرایە بناسێ، خێراش ئەم هەلە هەڵکەوت بەوەی کەدەبوو رەعیلی ئەو ئەفسەرە هەڵسا بەئەرکی دەورێ لەکارگەکانی پوتیلۆڤدا. ئەوساکە لیستنسکی بڕیاریدا کەلگەڵ رەعیلەکەدا بڕوا بۆ ئەوێ، پاش پشکنینی ئاسایی عەسکەری، سەربازان سواری ئەسپەکانیان بوون‌و کەوتنە ڕێ.

لەڕێگەدا لیستنسکی بەئەنقەست لەڕەعیلەکەدا خۆی دواخست‌و بانگی لاکۆتینی کرد بۆ لای خۆی‌و بەتەنیشتی یەکەوە کەوتنە ڕێکردن، لیستنسکی وتی:

ـ ئێ.. دوا هەواڵی کۆمیتەکە چیە؟

ـ هیچ شتێکی گرنگ نیە لەم رۆژانە.

ـ تۆ خەڵکی چ ناوچەیەکی لاکۆتین؟

ـ پوکانۆڤسك.

ـ ئەی لەکام گوندی؟

ـ میتکین.

ـ ژنت هێناوە؟

ـ دوو منداڵیشم هەیە.

ـ ئەی زەوی‌وزار؟

ـ شکارتە، یان کێڵگەیەکی بچووك، بەڵام زەوی‌وزار.. نیمان ئێمە دەستو دەم دەژین، زەویەکەمان لمێکی ڕەش‌و ڕووتە گەورەم.

ـ هەرچۆنێك بێت تۆ حەزدەکەی بگەڕێیتەوە سەری؟ ئەمە بۆچوونی منە.

ـ بێگومان گەورەم، لەنزیکترین هەل‌و مەرجی گونجاودا، ئێمە ئەوەندەمان شەڕکردووە لێی تێربووین.

ـ دەترسم بەم زووانە نەگەڕێیتەوە کوڕە..

ـ بەڵام من بڕوام وایە بەم زووانە بگەڕێینەوە..

ـ ئاخر جەنگ کۆتایی پێ نەهاتووە جارێ..!

ـ هکا کۆتایی پێهات.. بەم زووانەش دەگەڕێینەوە.

لاکۆین کەوەڵامی بەم دەستەواژەیە دایەوەو سەرکێشییەکی ئاشکرا بدەنگیەوە دیاربوو، بەڵام لیستنسکی درێژەی بەگفتوگۆدا لەگەڵیداو وتی:

ـ ئەوکاتە ئێمە شەڕ لەگەڵ یکتریدا دەکەین پێش ئەمە، وا هەست ناکەی؟

ـ شەڕ لەگەڵ کێدا دکەین کەواتە؟

لاکۆین چاوی بڕیبوە کەڵپووسی زینەکەی‌و دوای تێڕامانێکی تەواو ئەوەی وت‌و لیستنسکیش وەڵامی دایەوە:

ـ زۆر هەن شەڕیان لەگەڵدا بکەین، ئەوە بەلشەفیکەکان بۆ نموونە.

لاکۆتین بێدەنگبووو هەردووکیان ماوەیەکی کەم گوێیان لەخرمەی سمی ئەسپەکان گرت، پاشان لاکۆتین وتی:

ـ بەلشەفیکەکان! خۆ ناکۆکیمان لەگەڵیاندا نیە!.

ـ ئەی زەوی‌وزار؟ چی لێ بکەین..

ـ زەوی‌وزار فراوانە..و بەشی هەمووان دەکات.

ـ باشە دەزانی بەلشەفیکەکان چییان دەوێ؟

ـ کەمێکم بیستووە لەوبارەیەوە.

ـ ئای. .کەوتە، دەبێ ئێمە چی بکەین ئەگەر ئەوان هێرشیان هێنایە سەرمان، ئەوان دەیانەوێ قەوزاق بکێشنەوە لەزەوی‌یەکەیان‌و پاشان بیانکەن بەکۆیلە.. تۆ شەڕت لەگەڵ ئەڵماندا کرد بۆ بەرگریکردن لەڕووسیا.. وانیە.

ـ ئەوان ئەڵمانن. . جیاوازن.

ـ ئەی بەلشەفیکەکان؟

ـ ئۆی. .هەرچۆنێك بێت ئەوان کێڵگە بچووکەکەی من داگیر ناکەن.. من تەنیا فەددانێکم هەیە، بەڵام تکاشم وایە دڵگران نەبی، ئەوان زەوی‌وزارەکەی باوکت داگیر دەکەن، ئەو خاوەنی بیست هەزار هێکتارە.

ـ تەنیا هەشت هەزارە نەك بیست.

ـ با واش بێ، هەشت هەزار پارچەیەکی بچووك نیە بەهیچ شێوەیە.. زۆریش لەبابەتی باوکت هەن لەڕووسیادا، بیربکەرەوە لەوەی کەهەموو مرۆڤێك چی دەوێ ئەو دمێکی هەیەو دەیەوێ بخوات.

تۆش دیسان دەتەوێ بخۆیت، هەموو شتێك بەشێوەیەکی هەڵە بەڕێوەدەچوو لەرۆژگاری تساردا. باوکت هەشت هەزار هێکتاری لە بەرکەوتبوو لکاتێکدا کە یەك دەمیشی هەیە، ناشتوانێ لەمن زیاتر بخوات، منێك کەبەقەد ئەوم نیە، ئەی ئەمە شوورەیی نیە! بەلشەفیکەکان ڕێگای ڕاستییان گرتووەتەبەرو لەگەڵ ئەوەشدا تۆ دەتەوێ ئێمە شەڕیان لەگەڵدا بکەین.

لیستنسکی تووڕەبوو بەمەو هاواری کردە کابرا:

ـ باشە تۆ بەلشەفیکیت؟

ـ چ ناوێکم لێ دەنێی، بینێ، چونکە ناو هیچ شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، بەڵکو ماف گرنگە، رۆڵەکانی گەلیش داوای مافی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوان هەمیشە دەنێژرێن‌و خاك دەکرێتەسەر مافەکانیاندا.. واتا ئەو مافانەیان لێ دەشاررێتەوە.

ـ ئای. .کەواتە بەلشەفیکەکان مێشکیان پڕ کردووی..

ـ نە جەنابی ئەفسر، بەڵکو من‌و ئەوانەی وەکو منی ساکارو بەپشوو ژیان فێری کردووین، پاشان بەلشەفیکەکان هاتن‌و پلێتەکەیان داگیرساند.

ـ واز لەم قسەوباسانە بێنە.. چیت داوە بەسەریانەوە.

پاشان لیستنسکی بەپیش کردنەوە هەڵیدایە:

ـ وەڵامم بدەرەوە، گوێم لێ بوو قسەت لەسەر زەویەکەی باوکم‌و زەوی خاوەن موڵکەکانی دیکەوە دەکرد. ئەمە خاوەنێتیەیەکی تایبەتیە، باش تۆ کراسێکی خۆت دەدەی بەمن ئەگەر دوانت هەبێ، یان من مافی ئەوەم هەیە یەکێکیانت بەزۆر لێ سەنم لەو حاڵەتەدا؟

ـ من ئەوکاتە بەخوایشتی خۆم واز لکراسە زیادەکەیان دێنم.. ئەمەشم کرد لەبەردا، دوا کراس کە لەشی داپۆشیبووم‌و لەخۆیشم زیادنەبوو دام بەهاوەڵکانم‌و پاڵتۆکەم بەڕووتی لەبەرکرد، بەڵام قەت نەم بیستووە خاوەن موڵکێك دەست بەرداری زەوییەکەی بووبێ!!.

ـ ئەوە چیتە؟ برسێتی زەویت تووش بوە؟

لێرەدا لاکۆتین بەهەناسە بڕکێوە هاواری کرد:

ـ بۆچی وادەزانی من تەنیا بیر لەخۆم دەکەمەوە؟ کە خۆمان لەپۆلەندەبووین، نەت دەبینی خەڵکی لەوێ چۆن دەژیان؟ بەڵام جووتیارەکانی خۆمان چۆن دەژین لەناوچەی دۆندا! ئەوانەی پۆلەندا داماوبوون، ئایا وا دەزانی بەزەییم بەحاڵیاندا نایەتەوەو هەستم‌و هۆشم لەگەڵیاندا نیە!

لیستنسکی ئێستا دڵنیابوو لەناسنامەی لاکۆتین‌و لەوەدابوو کە وەڵامێکی ناشیرینی بداتەوە بۆ قسەکەی دواجاریەو لەپڕ دەنگێکی تیژ بەرزبووەوە:

ـ بیگرن.

لیستنسکی هێی کرد لەئەسپەکەی‌و گەیشتە رەعیلەکەدا..سەیری کرد چوار قەوزاق لاوێکی شارستانییان گرتووەو بەقامچی دایدەپلۆسن‌و لیستنسکی هاواری کردە ئەفسەرەکە:

ـ ئەوە چییە؟

ـ ئەم مارە بەردمان تێدەگرێ.

قەوزاقێکیش هاواری کرد:

ـ دەرزێکی باشی دادەن.

قامچی داهاتەوە بۆ سەر پێستی لەڕو لاوازو لەتو پەتی کردو خوێن فیچقەی دەکرد، لاکۆتین ئەمەی بینی هاواری کرد:

ـ گەورەم فەرماندەی سریە.. پێیان بڵێ واز بێنن.. خۆ ئەوان خەریکن کابرا بکوژن لاکۆتین ئەمەی وتو هەردوو ئەژنۆی لیستنسکی گرت کەلە ئەسپەکەی دانەبەزیبوو، بەڵام ئەم هەر ئەوڕیشی لێ نەدایەوە، بەڵکو فەرمانیدا بەقەوزاق‌و وتی:

ـ بەڵێ، دەرزێکی چاکی دادەن.

پاشان سەیری لاکۆتینی کردو قیڕاندی بەسەریدا:

ـ چییە، دوورکەوەرەوە لێم.. ئەو بەردە بارانمان دەکاو تۆش دەتەوێ سەربازان دەستی پێوە نەدەن! !برۆ دەی.

بەڵام لاکۆتین ئەژنۆی لیستنسکی هەرگرتبوو، کاتێ کە گوێی لەلاوەکەی بوو هاواری دەکرد: (ئاخ. . دوژمنانی شۆڕش. .جانەوەران، لێدەن، ئاخ..)لە لیستنسکی دوورکەوتەوەو بەزمانێکی عەسکەری بەفەرمانەوە وتی:

ـ لیستنسکی. ..فەرماندەر. . ژیانی ئەو پیاوە ڕزگارکە ئەگینا بەرپرسیار دەبێ لەوە ئەوسا ئیدی فەرماندە چاوی پەڕییە تەوقی سەری، لەتووڕەییداو لێی نزیکبوەوەو پەنجەی خستە سەر پەلەپیتکەی دەمانچەکەی‌و وتی:

ـ بەلشەفی. . خۆفرۆش! ئێستا ئاگرت دەدەم.

بەڵام دەماری خۆی ڕاگرت‌و دەستی لەسەر بەلەپیتکەکە لابرد، ئەوکاتە لاکۆتین ئاوڕیدایە لای قەوزاقەکانەوەو هاواری لێکردن:

ـ سەربازان. . من بەناوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕییەوە فەرمانتان دەدەمێ وازبێنن لەلێدانی.

قەوزاق ئیدی لەلێدانی کابرا کەوتن، لیستنکیش بەسوارییی ئەسپەکەی لەو شوێنە دوورکەوتەوە.

سێ کەس لەقەوزاق ئەو شارستانی‌یە لەش‌ولارکێشکاوەیان کەمێ دوورخستەوە، پاشان یەکێکیان لەخۆیان نارد گالیسکەیەکی ڕاوەستان‌و لاوەکەیان پێ هەڵگرت‌و لێی ڕزگاربوون‌و ئەویش مرد.

بۆ سبەینێ بەیانی لستنسکی لەخەو هەڵساو پەشیمان بوو لەکردەوەی شەوی پێشوو ئەو دەترسا پەیوەندی نێوان ئەوو کۆمیتەی کەتیبە تێك بچێت، هەروەها حەزی بەپێکداهەڵشاخان نەدەکرد لەگەڵ لاکۆتیندا، لەبەرئەوە وای بەباش زانی بۆ ماوەیەك خۆی لەلاکۆتین تێنەگەینێ‌و پاشان لاییات لەوێ دوای ئەوەی قەوزاق هەڵوێستی ئەم دواییەیان لەبیرچووبێتەوە.

پاش ئەوە بەچەند رۆژێ لیستنسکی لشاردا گەیشتە قەوزاقە ڕەسەنەکەی هاوەڵی، رەئیس ئاتار شچیکۆڤ ئەو هێشتا بە تەم‌ومژیی ئەم رەئیسە نائارام بوو و دەیویست بیروڕای تاقی بکاتەوە بەدەم تەڕییەکی وا کە خۆیشی جێگە ڕەخنە نەبێ تێیدا، ئەو وای دەهاتە بەرچاو ئەم کابرایە لەژێر ڕووخۆشی‌یە ڕوکەشەکەیداو ئاکارە خۆبەزل گرتنە پڕ کێشەکەیدا شتێکی شاراوە هەبێ‌و لیستنسکی هێجگار بەپەرۆش بوو بۆ زانینی نهێنی ئەو شتە، لەبەرئەوە خێرا ئەو بانگهێشتنەی شچیکۆڤی قبووڵ کرد بۆ نان خواردن لەیەکێك لەچێشتخانەکاندا.

ڕۆیشتن بۆ چێشتخانەیەکی خنجیلانەو سەیریان کرد هەموو مێزەکانی گیراون، کاتێ کە شچیکۆڤ ویستی دەرچێتە دەرەوە ئاغایەکی بەژن ڕێکو پێك لێیان هاتەپێشو بەمیهرەبانیەوە نووشتایەوە و وتی:

ـ پێخۆشحالم خزمەتێك بکەم بە ئەفسەران، ئێوە جێگەی شانازی نیشتمانن، فەرموون بۆ سەر مێزەکەی ئێمە، ئێمە واخەریکین دەردەچین.

دووئ افرەتی نەشمیلانە کەلەگەڵ ئاغاکەدا نانیان خواردبوو، هەڵسانو یەکێکیان خەندەیەکی کرد بۆ هەموو ئەفسەرەکە، ئەوێیان بەجێهێشت.

کەمێ پێش ئەوەی لەنان خواردن ببنەوە دوو ئەفسەر کەبەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد خۆیان کرد بەژووردا.

دەستبەجێ لیستنسکی رەئیس کالمیکۆڤی ناسیەوەو هاوڕێکەی دیکەشی چۆبۆڤ بوو کە لیستنسکی چیرۆکەکەی خۆی لەگەڵیدا دێتەوەیاد.

دوای ڕۆژ باشو سلاوی ئاسایی کالمیکۆڤو هاوەڵەکەی نانیان لەسەر مێزی لیستنسکی خوارد، پاشان کە هەمووان ڕۆیشتن کالمیکۆڤو لیستنسکی مانەوەو چوونە شوێنێکی هێمنەوەو کەوتنە گفتوگۆکردن، کالمیکۆڤ وتی:

ـ لەشکری سێیەمی هێشتا هەر لەبەرەی ڕۆمانیادایە، منیش فەرمانم پێدرابوو کە سریکەم بدەمە دەستی ئەفسەرێکی دیکەو برۆم بۆ بارەگای ژەنەراڵ کەریمۆڤ لەسەرکردایەتی سوپاداو لەوێ ژەنەراڵ پێی راگەیاندمو ئەم چۆپۆڤەشم لەگەڵدابوو، کە هەردوکمان پێویستە لەسەرمان خۆ ئامادە بکەین بۆ کار کاتێ کە کوودەتایەکی عەسکەری حووکومەتی کاتی دەڕووخێنێ، کۆرنیلۆڤ سەرکردایەتی سوپاو دەسەلاتدارێتی مەدەنی هەردوك دەگرێتە ئەستۆو کوودەتایەك هاکا بەرپابێت، ئەوکاتە هەرچی لەتوانامانداپە دەیکەین بۆ سرخستنیو چەسپاندنی.

ـ ڕاستە! بەلام ئایا سوپا بەتەواوی لەگەڵ کۆیلۆڤدایە؟

ـ ئەمە سەیرە.. تۆ ئەفسەریتو لەشاردایت، هەست ناکەی چی بەدەوروپشتدا دەخولێتەوە!! سدەها ئەفسەر هێنراونەتە ئێرەو ئەوان کۆنترۆڵی هەموو کونو کەلەبەرێکی ناوچەکەیان کردووە، خۆ سوپاش ئەوە تا کۆتایی لە ژێر دەستی کۆرنیلۆڤدایە، مەبەستم کۆرنیلۆڤو ژەنەراڵەکانی دیکەی هاوڕێیەتی، رۆمانۆڤسکی، کەریمۆڤ، کالیدین.. ئەوانی دیکەش، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە کۆمیتەی ناوەندی هاوپەیمانی ئەفسەران پەیوندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ ئەنجوومەنی هاوپەیمانی هێزە قەوزاقیەکاندا. .

ـ من سوپام دەوێ.. سەربازان؟

ـ سەربازان لەوانەیە نەڕۆن لەگەڵ پلانەکەدا، بلام لەسەرمانە سەرکردایەتیان بکەین.

ـ ئەی باشە کالمیکۆڤ بۆ نموونە نەتبیستووە کە کێرنسکی هەوڵ دەدا سەرکردەی هێزە چەکدارەکان لاببات لەژێر گوشاری چەپ ڕەواندا؟

ـ ئەمە دوورە، ئەو پڕ کێشی ئەوە ناکات، سبەینێ چۆك دادەدات، تۆ کەمێ چاوەڕێ بکە لیستنسکی.

لیستنسکی بەخۆشی دەربڕینەوە وتی:

ـ دوێنێ کێرنسکی پێشوازی لەوەفدێك لەئەفسەرانی قەوزاق کرد، تێیان گەیاند کە ئەوان قایل نابن بەلابردنی ژەنەراڵ کۆرنیلۆڤ لەپلەوپایی سەرکردەیی بەهیچ شێوەیەك. .

ـ ئەی ئەو بەچی وەلامی دابوونەوە؟

ـ ئەو وتبووی ئەمە واتەواتێکی پیسەو میری هیچ بیرکردنەوەیەکی لەم بابەتەی نیە، ئەو ویستوویەتی جەماوەر دڵنیاکات لەم بارەیەوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەو وەکو داوێن تەڕێك پێشوازی لەنوێنەرانی سۆڤیەت دەکا.

ـ دڵنیاب.. کەس پڕ کێشی ئەوە ناکات کۆرنیلۆڤ لاببات، باشە بینی کەهاتە ناو شارەوە؟

ـ نەخێر، ئو ڕۆژە لەشاردا نەبووم.

ـ ئووی.. کۆڕەوێکی زۆر گەورەبوو، پاسەوانەکانی سریەی تەکنیەکان بوو، هەموو سریەیەك شکستێکی تێدابوو، هەمووان بەرەو کۆشکی زستان دەچوون کەبارەگای کێرنسکی خۆیەتی هەردوو ئەفسەر خواحافیزییان لەیەك کرد، کالمیکۆڤ وتی:

ـ بەردەوام پەیوەندیم پێوە بکە لیستنسکی، چونکە رۆژانی داهاتوو لەوانەیە هێجگار گران بێت، باشە میرکۆلۆڤت لەبیرە؟ لەبیرم چوو پێت بڵێم. .

ـ چیە؟

ـ لەمایسدا کوژرا.

ـ نە!

ـ لەڕووداوێکی هیچپووچدا: وەستابوو بەلای سەربازێکی کەشافەوە، نارنجۆکێك بەدەستی کەشافکەوە تەقیەوە میرکۆلۆڤی برد بەئاسمانداو جگە لە ناو سکەکەی هیچیمان نەدۆزیەوە.. داماوە..

* * *

کەدەستی خۆشگوزەرانی لەوێ زۆر لەیادگارە تاڵەکانی نێو چاڵی سەنگەرەکانیانی سڕیبووەوە، ئەوە گەورەکانیانە دێنە کۆبونەوە دیاریکراوەکانی ئەفسەرانەوە لەکاتی خۆیداو چەندوچۆن لەسەر چارەنووسی ڕووسیا دەکەن بەگوڕو دەروون گەرمیەوە.

لەسەر ئەم شێوە شلوشۆڵە ژیان دەڕۆیشت لەکەتیبەی چواردەیەمدا تاوەکو ڕۆژی شانزەی حوزەیران کاتێ کە فەرمان درا بەسەرکردایەتیەکەی بەجووڵانی دەستبەجێو بێ ئەوەی یەك دەقیقە کات بەفیڕۆ بدرێ، ئەم جووڵانەش بەرەو پیترۆگراد بوو، کەڕۆژی بیستی حوزەیران هەڵاتو سمی ئەسپەکانی قەوزاق خرمەی دەهات بەسەر پانایی شەقامە شۆستەکراوەکانەوە لەپایتەخدا.

کەتیبە لەهەندێ خانووی گەڕەکی نیڤسکیدا نیشتەجێبوو و بینایەکی بازرگانیی تەرخانکرا بۆ سریەکەی لیستنسکی، ئەم بینایە حوکومەت لەوەوپێش بەدانیشتوانی چۆڵ کردبووو پاشان بۆیەی کردبوەوە سەرلەنوێ، ئەوەی کەپێویستی بەچاکردنەوە بوو لەهەر شەش نهۆمەکەیدا چاك کرابووەو دیمەنێکی شیاوی درابویە وەکو بەڵگەیەك بۆ گرنگی پێدانێکی گەورە بەحەسانەوەی ئەو قەوزاقانەی تێی دێن.

ئەوەش جێگەی سەرسوڕمان نیە، چونکە پەرۆش بوون بۆ هاتنیان بەتەواوی ئاشکرابوو.

لیستنسکی بەچاکی تەماشای ئەو بینایەی کرد، بەهەنیەیەوە هەندێك ڕەزامەندی دەردەکەوت لەدەسەڵاتدارێتی ناوخۆیی کەبایەخی داوە بەحەوانەوەی سەربازەکانی، بەڵام ڕوداوێك میزاجی تێکدا ئەوکاتە. پوختەی ئەو

مەسەلەەیش ئەوەیە کەلیستنسکی وێنەی سەری سەگێكو گیسکێکی بینی بەبلیمەتی لەسەر یەکێ لەدیوارەکان نیگاری کێشرابوو، کاتی خۆی ئەمە هێمایەك بوو دارو دەستەی تساری ڕووسیا ئیڤانی بەسام کەلەسەر دەرگای دوژمنەکانی ئاغایان هەڵیان دەکەند، مانای (مردن بۆ تۆیە دوژمنی تسار).

لیستنسکی کەچاوی کەوت بەم دروشمە بەتەواوەتی سەغڵەت بووو پێی تێکچوو. باشە ئەو ئەوانەی وەکو ئەوان دوژمنی ڕووسیان، دیارە ڕووسیا بەناوەڕۆکی ئەوەی ئێستا لەبەردەمیاندا نیگار کێشراوە سەیریان دەکا ! !

ئەمەش وای لێکرد لەتووڕەییدا ڕاپەڕیو پاشان ئاوڕیدایەوە لەنوێنەرە شارستانیەکەی دەسەڵاتدارێتی ناوخۆیی کەپێشوازیکردنی قەوزاقی خرابووە ئەستۆ، بەمنجە منجێکەوە وتی:

ـ ئەمە چییە؟

ـ ئەمە بەلشەفیکن..بێگومان دەستێکی چەپەڵ نیگاری کێشاوە.

پاشان پیاوە کەوتە داتاشینی نیگارو بۆیەکە بەنینۆکی بریقەدارو قەشەنگی.

کاتێ لیستنسکی لەتەماشاکردنی بیناکە بوەوە، ڕۆیشت بۆ ئەو تەویلەیەی تەرخانکرابوو بۆ ئەسپەکانی سریەکەی، کاتێ کەبینی تەنیا سێ دەرگای هەیە، دەنگی بەرزکردەوە بەڕووی شارستانیە تۆقیوەکەداو وتی:

ـ سێ دەرگا ! ئەمان بەشی دەرکردنی سەدوبیست ئەسپ ناکەن، سریەکە دەبێ لەنیو سەعاتدا ئەسپەکان دەرکات ئەگەر ئینزارێکی کوتو پڕی بۆ دەهات، دەرگایەکی دیکەشم دەوێ.

شارستانیەکە بەکلکە لەقێوە دڵنیای کرد، کەدوو دەرگای نوێ دەستبەجێ دەکرێنەوە، پاشان لیستنسکی ڕوخسەتی ڕۆیشتنیداو خۆشی بە پیپلیکانەکەدا سەرکەوت کە دەچێ بۆ شوێنی ئەفسەران لەبیناکەدا.

لیستنسکی ئەوکاتە بیروهۆشی بەش بەش بوبوو، ئەو هەستی بەڕەزامەندی دەکرد لەو ژوورە خۆشانەی لەوێ بینی، ئەندێشەی ئەو وێنەیەی کەبینی بەسەر دیوارەکەوە نیگار کێشرابوو دەیشڵەژاند، بەڵام بەسەر ئەم دڵە ڕاوکێیەدا زاڵبوو کاتێ بەماندوویەتێتیو شەکەتی کەوتە تەپاوتل کردن بەسەر جێگەکەیاو بێ ئەوەی پێڵاوەکانی لەپێ دابکەنێ.

ئەفسەرێکی دیکە لەهۆدەکەدابوو، لیستنسکی ویستی دەمەتەقێی لەگەڵدا بکاتو وتی:

ـ ئەفسەرەکانی دیکە لەکوێن ڕەئیس ئەتار؟ کەس لەهاوەڵان نابینم.

ـ چوون بۆ سەردانی شار.

ـ ئەی تۆ بۆچی لەگەڵیاندا نەڕۆیشتی؟

ـ خۆش نیە چوونە شارەوە ڕاستەوخۆ دوای گەیشتن، من ڕۆژنامەم دەخوێندەوە.

لیستنسکی کەمێ لەسەر جێگەکەی ڕاکشا، پاشان هەڵساو جلەکانی داماڵیو چوو بۆ خۆشتن، ئاوی گەرم هەستو هۆشێکی نوێی پێ بەخشیو وای لیچکرد ئامۆژگاری ڕەئیس ئاتار بکات بەخۆشتن.

بەڵام ئەم حەزی بەوە نەکردو بەڵکو وتی:

ـ بگرە ڕۆژنامە بخوێنەوە: شتێکی خۆشی تێدایە..

ـ چیە؟

ـ باسی خۆپیشاندانی بەلشەفیکەکانی تێدایە.. بگرە بیخوێنەوە.

لیستنسکی بەنابەدڵیەوە ڕۆژنامەکەی وەرگرت، بەڵام لەپڕ بانگکرا بۆ چاوپێکەوتنی فەرماندەی کەتیبە، ئەمیش بەپەلە جلەکانی لەبەرکردو شمشێرەکەی کرد بە پشتێنەکەیدا چوە دەەوە بۆ گەڕەکی نیڤسکی.

ئەو شەقامەی کە لیستنسکی پێدا ڕۆیشت شەپۆلێك لەشەبقەی جۆراوجۆری پێدا دەڕۆیشت، هی وای هەبوو لەسرووت دروست کرابوو هی دیکەش لەچۆخی گرانبەها بوو، بەڵام زۆربەیان لەوانەبوون کەژنان سەری دەکەن‌و کەمێکیشیان ئەو شەبقە ئاساییانەبوون کە سەربازان بەکاریان دەهێنا.

لەوێدا کزە بایەکی خۆش لەدەریاوە دەهات‌و دەیدا بەو بەردانەدا کەبەسەر یەکەوە ڕیزکرابوون بەشێوەی بینای بەرز بەرز، ناچاری دەکرد لە لاکۆڵانەکاندا بڵاوببێتەوە.

ئاسمانیش وەکو پۆڵا شین دەچوەوەو پەڵە هەوری سپی چون شی پێدا دەڕۆیشت، قورس بوون‌و مژدەی بارانیان دەدا، بۆنی ئەسفەلتی تازە تێکەڵ بوو بوو بەبۆن‌و بەرامی گوڵاو و دوکەڵی گەڕەکە ماڵەکان‌و ئەمانە هەمووی ئەوەی پێکهێنابوو کەپیاو دەیبینێ کاتێ ڕێدەکا بەشەقامێکی شارێکی گەورەدا.

ئەمانە هەموویان مێشکی لیستنسکیان جەنجاڵ کردبوو و بەری بیرکردنەوەیان لێ بڕیبوو، دەڕۆیشت‌و هەوای شاری هەڵدەمژی کە دەمێك بوو لە بەرەدا لێی بێ بەش بو بوو، بەڵام ئەم دڵخۆشییەی زۆر کورت بوو، چونکە لاوێکی قەڵەوی سەرکولم ئاڵی بەرچاوکەوت دیمەنی نازونیعمەتی پێوە دیاربوو.

ئەوکاتە لەدڵی خۆیدا پرسی: (چی یەکێکی وەکو ئەمەی لێرەدا هێشتووەتەوە، بۆچی لەبەرەدا نەبێ!، ئەمە لەوانەیە کوڕی بازرگانێك بێ بە سامانەکەی باوکی توانبێتی لەسەربازی ڕزگاری ببێت‌و بەدەلی دابێت.

بەڵام، تۆ بڵێی ئەم هیچو پووچە بەئەرکی خۆی هەڵسێ لەبەرەی ناوەوەدا؟ یان ئەو بێ ئاگایە لەهەموو ئەمانەو خەریکی ڕابواردنی خۆیەتی لەگەڵ ئافرەتدا! گوێ بەچی بدات لەنیشتماندا! ئەو بەبێباکانە دەژی‌و بەس!).

کاتێ گەیشتە ئەم پرسیارە بایدایەوە لای خودای خۆیداو وردبوەوە لەڕاستی هەست‌و سۆزی خۆی، وتی:

(بەڵام، ئەی من، بەرەو چ لایە دەڕۆم؟ بێگومان لەگەڵ ئەمەو هاوبابەتەکانیشیدام، چونکە من شتێك لەوانم تێدایە، ئەی لە چینەکەی ئەوان نیم؟ ئەگەر چی ئەم لاوە خۆشگوزەرانە ئاگای لەشوێن پێی خۆی نیە، خۆ من هۆشم پاڵی پێوە ناوم کەلە بەرەدا بم، چونکە لەبەرەدا چینەکەم‌و بابەتی ئەمە دەپارێزم. لەوێ بەرگری لەنیشتمان دەکەم. دەستم کرد بەگریان کاتێ کەتساری لابراوم بینی لەموجیلیڤدا، من هەقمە شۆڕش ڕەت دەکەمەوە، چونکە ئەقڵم پێی قایل نابێ‌و ناشتوانم بیر لە پێ قایل بوونی بکەمەوە، لەبەرئەوە خۆم تەرخان دەکەم بۆ خزمەتکردنی ڕابووردو..بەڵام تۆ بڵێی زۆر هەبن وەکو من دڵسۆزبن بۆ هەمان شت!).

بیرەکانی گەڕایەوە دواوە پاش ئەم گفتوگۆ خۆبەخۆگۆیایە، وێنەی تساری لابراوی هاتەوە بەرچاو کە ماڵاوایی لەگەڵ دەکردو کەس هاواری بۆ نەدەکردو نە بچووك‌و نەگەورە دەستیان بۆ بەرزنەدەکردەوە بۆ سڵاولێکردنی‌و ئەمەی بەبێ ئەمەکی ڕەچاوکرد لەلایەن گەلەوەو هەستەکانی وورووژان‌و کەوتە حاڵەتێکی دەروونی شڵەژاوەوە.

لیستنسکی لەم کاتەدا گەیشتە بارەگای فەرماندەیی کەتیبە، بەپیپلیکانەکەدا سەرکەوت بۆ هۆدەی سەرکردایەتی‌و چوە ژوورەوەو لەوێ فەرماندەی کەتیبە نەخشەیەکی دووروودرێژی جێگای بینا حکومەتیەکانی لەبەردەمدا بڵاوکردەوە،و دەستنیشانی ئەو خانووانەی کرد کەدەخرێنە ئەستۆی سریەکە لیستنسکی بۆ پاسەوانی کردنیان.

تعليماتی فەرماندە وردو دووروودرێژ بوو لەدانانی باسکردنو ژمارەی کەسانی دەورێکان، مەڵبەندەکانی ئیشکچی دیاریکراوی هەموو تێدابوو، کاتێ کەلە ڕاگەیاندنی هەموو ئەوانە بوەوە دەستنیشانی جێگەی(کۆشکی زستان)ی کردو وتی:

ـ لەکۆشکی زستاندا، کێرنسکی..

ـ یەك ووشەش مەڵێ سەبارەت بەئەو!

ـ تکات لێدەکەم یەڤگینی لیستنسکی خۆت ڕابگرە.

ـ تکات لێدەکەم کۆلۆنیل..

ـ من تکا لەتۆ دەکەم خۆشەویستم.. خۆت ڕابگرە.

لیستنسکی بەزۆر هەناسەی بۆ دەدراو وتی:

ـ باشە هەرئێستا یەکسەر دەورێکان بنێرم بەرەو کارگەکانی پوتیلۆڤ؟

کۆلۆنیل هەردوو لێوی خۆی گەست.. بزەیەك گرتیو هەردوو شانی هەڵتەکاندو پاشان وەڵامی دایەوە:

هەر ئێستا دەستبەجێو بەسەرکردایەتی فەرماندەی ڕەعیلەکە خۆی.

لیستنیسکی لەپیپلیکانەکە دابەزی، بۆ ئەوەی بچێتەوە بۆ بارەگای سریەکەی خۆیو لای دەرگای بارەگای کەتیبەدا دەورێکی قەوزاقی بینی بەسەرکردایەتی ئەفسەرێك کەئەسپەکەی قەپی لەهەندێ گوێ وشکەوەبوو دەگرت.

پیرەمێردێکی مەدەنی بەشانو شکۆ لەشۆستەکە دادەبەزیو هاواری کرد:

ـ ئافەرین بۆ ڕزگارکەرانی نیشتمان!.

ئەفسەرەکە سڵاوەکەی سەندەوەو بەردەوام بوو بەڕێکردن لەپێشی دەورێکەوە. لەملاشەوە لیستنسکی پێی هەڵگرت بەرەو بارەگای سریەکە.

دامەزراندنی ژەنەراڵ کۆرنیلۆڤ بەسەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکان لەبەرەی باشووری ڕۆژئاوادا خۆشی خستە دڵو دەروونی ئەفسەرانی کەتیبەی چواردەیەمی قەوزاقەوەو کەوتنە باسکردی چاکەکانی بەڕێزو گەورەییەوەو توانای پۆڵاینی ئەویان باس دەکردو لێیان ڕادەبینی ووڵات ڕزگار کات لەو بگرەو بەردەو بشێویەی حوکومەتی کاتی دروستی کردبوو.

ئەم دامەزراندنە دڵی لیستنسکی فێنك کردەوە بەشێوەیەکی تایبەتی، لەبەرئەوە کەوتە تەقەلای ئەوەی بزانێ کاردانەوەی چۆنە لەنێو ڕیزەکانی ئەفسەرانی لەخۆی خوارتر لەپلەداو هەروەها سەربازانی قەوزاق بەتایبەتی.

لیستنسکی لەمەدا ئەوەی وەدەست نەکەوت کە مەبەستی بوو، چونکە ئەوان لایەنی بێدەنگیان دەگرت جارێك یان بەشێوەیەکی شارراوە جارێكو بێباکانە جارێکی دی لێی دەدوان لەوەڵامدانەوەیاندا ئەو لێدوانانەش کە ئەو گوێی لێ دەبوو لەم بابەتە بوون:

ـ ئەمە بەکەمو بەزۆر بایەخی نیە بۆ ئێمە.

ـ ئەگەر هەوڵ بدا ئاشتی بگێڕێتەوە، ئێمەیش بێگومان..

ـ بەهەر حاڵ بارودۆخی ئێمە چاك نابێ کە ئەو بەرز بکرێتەوە.

چەند ڕۆژێك زیاتر تێپەڕانەبوو بەسەر دامەزراندنی کۆرنیلۆڤ لە پلەو پای نوێکەدا تاوەکو لەبەرەو لەڕیزەکانی سوپادا واتە واتێك بڵاوبوەوە کەلە بەرژەوەندی ئەو نەبوو، وا بڵاوبوەوە گوایە کە سەرکردەیی نوێ گوشارێکی گەورەیی

خستووەتە سەر میری بۆ گێڕانەوەی سزای کوشتن بۆ سەربازانی هەڵاتووە لەبەرەداو سوورە لەسەر بەکارهێنانی اجرائاتی توندو ڕەق بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامبوون لەکوشتاردا، بەڵام کێرنسکی هەوڵدەدا بیگۆڕێ بەسەرکردەیەك پتر حەزی لەئاشتی بێو بەئاسانی جڵەوی بداتە دەستی بۆ سیاسەتی حوکوومەتی کاتیەوە.

لەبەرئەوە ئەو بەیانەی میری کەلەیەکی تەمووزدا دەرچوو بەدامەزراندنی کۆرنیلۆڤ لەپلەکەی پێشوویدا کوتوپڕیەکی گەورەبوو بۆ هەمووان.

لەهەمان ڕۆژدا لیستنسکی کێشەکەی بەتوندی خستە بەردەمی ئەفسەرەکانی خۆیو کۆبونەوەیەکی پێکردن بۆ ئەوەی لەبەردەمیاندا مەسەلەی: (ئێمە کام لا بگرین لەکام لادابن؟)یەکالا بکاتەوەو وتی:

ـ بەڕێزان، ئێمە وەکو یەك خێزان دەژین، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ کێشە لەئارادان، کە دەبێ هەریەکە لەبەردەمی هەمووماندا ڕوونی بکاتەوە، بێگومان ئێوە دەزانن کە دووبەرەکیەك لەگۆڕێدایەو بەم زووانە لەنێوان سەرکردایەتی باڵاو میریدا دەتەقێتەوە، ئەرکیشمان ئەوەیە ئەو لایەنە دیاری بکەنی کە ئەوکاتە دەدەینە پاڵی، با لێدوانەکەشمان ئاشکراو ڕەو ڕەوان بێ.

یەکەم کەس قسەکەرەکان رەئیس ئاتار شچیکۆڤ بوو و وتی:

ـ من ئامادەم خوێنی خۆمو خوێنی خەڵکی دیکەش بڕێژم، لەخزمەتی ژەنەراڵ کۆرنیلۆڤدا، ئەو نموونەی دڵسۆزیو لێهاتوویبە، تەنیا ئەویشە کە دەتوانێ ڕووسیا لەسەر هەردوو پێی بوەستێنێ. سەیر کەن چی کردووە لەسوپادا، ئەو کردوویەتی بەیەك پارچەی خۆڕاگر، پاش ئەوەی چەپۆکەکانی ئەوانی دیکە بەجارێ شل بوبونەوە، ئەوکاتە لێژنەکارییو کۆبونەوەی یەك لەدوای یەکو برایەتی، هەڵاتن بوو.. بەڵام ئێستا، ئەوانە نەمان، ئیدی کەس هەیە چەندوچون لەمەسەلەی پاڵپشتی کردنی بکات؟

بەدەروون گەرمیەکیو شێوەی ئاگرینی قسەکانیدا وادیاربوو کەئەم پیاوە بەڕاستی ئامادەیە بۆ ڕشتنی خوێنی خەڵکی دیکە لەپێناوی ژەنەراڵدا، بەڵام لەوە ترسا کەئەفسەرەکان ئەم شێوە قسەکردنەی لێ قبووڵ نەکەن، لەبەرئەوە وتی:

ـ برایان، ئەگەر ئێمە لەسەرمان بێ لەنێوان بەلشەفیکەکانو کێرنسکیو کۆرنیلۆڤدا لایەك هەڵبژێرین، بێگومان لەگەڵ کۆرنیلۆڤدا دەبین.

ئەفسەرێکی دیکە لەسەر ئەوە هەڵیدایەو وتی:

ـ لەڕاستیدا ئێمە هیچ شتێك نازانین لەوەی ژەنەراڵ دەیەوێ، ئایا ئەو بەتەمای گێڕانەوەی شیرازەو ڕێكوپێکیە بۆ سوپا یان دەیەوێ شتێکی دیکە بگێڕێتەوە.

گفتوگۆ بەردەوام بوو.. ئەفسەرێکی دیکە وتی:

ـ ئەمە بەوەڵام دانەوە تێناگەم هاوڕێم.. ئەمە قسەیەکی تەمومژاوییە نادیاریە، چیە ئەو شتەی دیکە کەئێمە دەترسین ئەو بیەوێ؟ پاشایەتییە؟

ـ نەخێر، من لەمە ناترسم، بەپێچەوانەوە من..

ـ چاکە، کەواتە ئێمە چەندو چۆن لەسەر چی دەکەین؟

لێرەدا دلکۆڤ وتی:

ـ بەڕێزان، وابزانم چەندوچۆنەکتان بەباشی نەکرد، بەئاشکرا بڵێن: پێویستە لەسەرمان ئێمەی قەوزاق خۆببەستین بەکۆرنیلۆڤەوە وەکو چۆن منداڵ هەمیشە بەکلکی دایکیوەیە.

ئەگەر کۆرنیلۆڤ لەناوبرا، بڕواتان ببێ بەڕێزان ڕووسیا لەسەرانگوێلگەدا دەمان نێژێ، ئەمە بارودۆخەکەیە، باشە ڕوون‌و ئاشکرا نیە وەکو دەیبینین؟

ـ بەتەواوەتی ئەمەیە بارودۆخەکە، ئێستاش بەڕێزان: ئێمە لەگەڵ کێ داین؟

ئاتار شیکۆڤ ئەمەی وت‌و دەستی دا بەسەر پشتی دلکۆڤداو بەئازایەتیەوە بەرنانیەوە.

هەموویان وەڵامیان دایەوە:

ـ لەگەڵ کۆرنیلۆڤدا هەڵبەتە.

پاش ئم ڕێککەوتنە گشتییە ئەفسەران کەوتنە یەکتر ماچ کردن لەخۆشیاندا، پاشان داوای چایان کرد، هەست‌و سۆزە وروژاوەکەیان لەسەر لاچوو لەترسی ئەوەی نەوەك پیاوخراپێکیان تێدابێت.

لەکاتی ئەم خۆشی‌وشادییەیاندا لیستنسکی وتی:

ـ بەڵام، حاڵ لەگەڵ سەربازەکاندا چۆنە، واتا قەوزاق؟ بە چ لایەکدا دادەتاشن یان گایان بۆکی دەقورێنێ.

ـ ئای، ئەو بەرازانە! ئەوان بۆ ژنەکانیان بەپەرۆشن، دەیانەوێ شوێنەکانیان بەجێ بێڵن‌و بڕۆنەوە بۆ هەوارو مەڵبەندی خۆیان، ژیانیان سەخت‌و نارەحەتە ئەم ڕۆژانە.

ـ ئەرکی ئێمە ئەوەیە کە لەگەڵ خۆماندا بەکێشیان کەین.

ئەفسەرێکی دیکە ئەمەی وت لەکاتێکدا کە دەیدا بەسەر مێزەکەدا بەمشتەکۆڵە لەدەروون گەرمیدا.

ئەوسا ئیدی لیستنسکی هاتە قسەکردن بەشێوەی یەکێکی ڕێ پیشاندەری بەئاگاو وتی:

ـ تکام وایە هاوڕێیان ئەوەتان لەیادبێ کە ئەرکی ئێستای ئێمە تاڕادەیەك ئەوەیە کەبەزمان شیرینی بارودۆخ ڕوون بکەینەوە بۆ قەوزاق‌و بەدووری بیانهێڵینەوە لەبواری کارتێکردنی کۆمیتەکان‌و ئەوەش کە سەرکەوتنمان ئاسان دەکا لەم ئەرکەدا ئێستا بەشێوازێکی تازە لێیان نزیك ببنەوە، من لەڕابووردودا دەمتوانی قەوزاقێك بپلیشێنمەوەو هەلی بۆ برەخسێنم بۆ ئەوەی لەپشتەوە تەقەم لێ بکات، ئەمە لە1916دا، بەڵام دوای شۆڕشی بەلشەفیك ئەو ئارام ناگرێ تاوەکو هەلی بۆ هەڵکەوێ‌و ئەفسەرەکەی خۆی بکوژێ، ئەو ڕووبەڕوو پێیدا دەتەقێنێ، ئەمەو ئەگەر قەوزاق ئەفسەرەکانیان ڕانەکێشن، بەبێ دوژمنایەتی‌و دەست درێژی کردن لەئەفسەرانەوەو بیان کوژن. وابزانم ئاگاتان لێیە چی ڕوودەدا لەهەندێ لەکەتیبەکانی دیکەدا، بەلشەفیکەکان توانیویانە بچنە نێو ڕیزەکانی قەوزاقەوەو ڕایانکێشاون بۆ لای خۆیان‌و هەمووشتان وای بۆ دەچن ئێستا کە هەر قەوزاقن دەتوانن تای تەرازووەکە لارەسەنگ کەن، ئێمە یان دەبێ قایل بین بەوەی بەلشەفیکەکان خێرا هەستن بەشۆڕشێکی دی، بەلشەفیکەکان خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ ڕاپەڕین‌و لەوانەشە ئەم وەستانە کاتییە بکەن بەهۆیەك بۆ بەدەستهێنانی کات‌و هیچی دیکە، سەیرکەن، ئەوان بەهێز دەبن، بەڵام ئێمەش هێزەکانمنا پچڕپچڕ دەبنەوە..

ـ ئەمە ڕاستە لیستنسکی.

ـ ڕووسیا پێیەکی دەخاتە گۆڕەوە.

ـ کاتێك کە ململانێکە بەرپا دەبێ، مەبەستم شەڕی ناوخۆیەو واشی دەبینم بەرپابوونی مسۆگەرە لە پێویستمان بەقەوزاقی بڕواپێکراو بێت‌و بەم جۆرەش دەبێ ڕایانکێشین بۆ لای خۆمان، واتە بیروباوەڕیان نەیەڵین بکەونە

باوەشی کۆمیتەکانەوە، ئەگینا بەلشەفیکەکان لەبۆسەدان بۆیان، بەسووکو ئاسان ڕاویان دەکەن، لەبیرتان بێ برایان کە قەوزاقەکانی کەتیبەی یەکەمو چوارەم هەر لەیەکەم ڕوودانی شتێکدا ئەفسەرەکانیان لەکۆڵ دەکەنەوە..

ـ بەڵێ، بەڵێ و ئاوڕیش لەهیچ شتێ نادەنەوە!.

ـ ئەمەش ئەوەمان بەسەردا دەسەپێنێ کە ئەم دوو کەتیبەیە پاککەینەوەو دەبێ گژوگیای زیانبەخش لەناویاندا هەڵکێشینو بەمەش نایەڵین قەوزاقەکان بکەونە ئەو هەڵانەوە کە ئازاریان بدات.

پاش ئەوە ئەفسەرێکی بەتەمەن کە نۆساڵ لەهەمان کەتیبەدا خزمەتی کردبوو کەوتە قسەکردنو باسی ئەوەی کرد کە حاڵەتی قەوزاق بەتەواوی خراپە، ئەفسەرەکانیان لەکاتی خۆیدا پلەیان بەرز ناکرێتەوەو هەروەها بۆ پلەوپایەیە پێدان لەڕیزەکانی دواوەدا دەهێڵرێنەوەو ڕوونی کردەوە کە ئەمە شوێنکارێکی دەروونیی گەورەی هەیە بەسەریانەوە، لەبەرئەوە ئەو وا پێشنیار دەکا کەلە ڕێگەی (ئەنجومەنی هاوپەیمانی سوپاکانی قەوزاق)ەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا بکرێو بۆ بەرژەوەندی کۆرنیلۆڤ.

پاشان باسەکەی کۆتایی پێهێنا بەوەی کە ئیشارەتی پێکرد کە(تەنانەت ئەگەر کۆرنیلۆڤ بوو بە دیکتاتۆریش حاڵی قەوزاق لەوانەیە چاکتر بێ لەوەی کەلە رۆژگاری تساردا بوو).

ئەفسەرەکان لەم شەونخونیەیاندا مانەوە تاوەکو دەمەو شەبەق دەمەتەقێیان دەکردو دەیان خواردەوەو چاکترین نەخشەو پلانیان دەکێشا بۆ ئەوەی قەوزاق ڕابکێشنە لای خۆیانداو دووریان بخەنەوە لەکارتێکردنی پروپاگەندەی بەلشەفیکەکان، پاشان دەنگە گڕەکەی دلکۆڤو ئاتارشچیکۆڤ بەرزبووەوە بەگۆرانیەکی بەتاسەو تامەزرۆنی هێجگار جوانو ئاواز خۆش بۆ دۆن:

ئای کە سەربەرزە دۆنی ئارامامان

جارێك سەری نەنەوەتەوە بۆ هیچ کافرێك

پرسی بەمۆسکۆ نەکردووە هیچ جارێك کە چۆن بژی.

بەشمشێر پێشوازی لەتورکان کردووە،

بەدرێژایی مێژوو،

ساڵ لەدوای ساڵ دەشتەکانی ئەو

دەیدا بەسەر دوژمنەکاندا بەلێشاوی لاوەکانی

بەرگری لەپاکیزە دەکاو لانەی نیشتمان دەپارێزێ

با بژێت سەرفرازی دۆن

بەسەربەرزی بەسربەرزی هەموو کاتو زەمانێك

دڵۆپە فرمێسکێك بەسەر گۆنای ئاتار شمیکۆڤدا هاتە خوارەوە کاتێ گۆرانیەکەی بەئاوازەوە چڕی.

کە ئەفسەرەکان ڕۆیشتنو بڵاوەیان لێکرد، ئاتار شچیکۆڤ کەبەتەنیشتی لیستنسکیەوە دانیشتبوو خۆی لارکردەوە بۆ لایو بەراشکاوییەکی قووڵەوە وتی:

ـ دەزانی لیستنسکی من قەوزاقێکی ڕەسەنم، من شەیدای دۆنم، باری گیانم سووك دەبێتەوە کە دەشتەکانیم دێتەوە یادو خۆم پێ ناگیرێو ناتوانم ئەو دڵۆپە فرمێسکەی لەچاوم دێتە خوار بەری بگرم، بایەخی مێرگەکەی سەر لێواری دۆن بەرچاوم دەگرێو ئەمیش فرمێسك دەبارێنێ، ئای چەند خۆشە ژیانی دێرینی قەوزاق! من ئافرەتی

قەوزاقم خۆش دەوێ، هەموو شتێك قەوزاقانە بێت خۆشم دەوێت، قەوزاقایەتی لەخوێنمدا دەوروژێت هەرکاتێ کە وەبیرم دێتەوە گوڵی گوڵەبەرۆژەکان چۆن دەمدەنەوە لەوێ.. لەدەشتەکەدا بەڵام من ئێستا پرسیار دەکەم، باشە ئێمە قەوزاق فریو نادەین بەم کارەی کە نیازمانە بیکەین؟ باشە ئەمەیە ئەو ڕێگەیەی دەمانەوێ بیگرینەبەر؟

ـ مەبەستت چىیە ئاتار شچیکۆڤ؟

ـ ئایا ئەمە بەرژەوەندی قەوزاقی تێدایە؟

ـ کەواتە، بەرژەوەندییان لەکوێدایە، باشە تۆ هیچ ڕێگەیەکی دیکەت هەیە؟

ـ نەخێر، بەڵام بۆچی لەئێمە دەتەکێنەوە کەواتە؟ ئایا شۆڕش دابەشی کردووین بۆ مەڕوبزن؟ وا دیارە بەرژەوەندییەکانمان بەگژیەکتردا دەچن..

ـ ئای. . گوێت لێ بێ رەئیس: قەوزاق خۆیان نازانن بەرژەوەندییان لەکوێدایە، ئەویش بەهۆی نەزانیو دووربینینەکردنەوە، بەڵام ئێمەی خاوەن رۆشنبیریی بەرز دەزانین ئەو بەرژەوەندییە دەکەوێتە کوێوە. قەوزاقیش ماندوویی شەڕن، لەحاڵەتێکی دەروونی ئاوهادا ئاسان دەبێ تۆ بۆ بەلشەفیکەکان هانیان بدەن، بەراستیش ئەوان قەناعەتیان پێکردوون کە شەڕ دەبێ ببڕێتەوە، هەروەها ناوچەی دۆن دوورە لەبەرەوە ئیدی بۆچی قەوزاق بۆ بەرگری کردن لە مۆسکۆ شەڕ بکەنو شتی لەم بابەتەی دیکەشو ئێستاش پێویستە لەسەرمان ڕادەی ئەو مەترسییەیان بۆ ڕوون بکەینەوە کە دەوەشێتەوە لەگۆڕینی ئەم شەڕە بەشەڕێکی ناوخۆیی.

شچیکۆڤ گوێی لەفرۆفیشاڵی هاوەڵەکەی ڕاگرت، بەڵام هەندێ منگەمنگی کرد بەچەند ووشەیەك کەکەس لێی تێنەگەیشتو لیستنسکی پێیدا زانی کە تیرەکەی نیشانی نەپێکاوە، کاتێ شچیکۆڤ هەڵساو ماڵاوایی کرد، لیستنسکیش بەسەر جێگەکەیدا ڕاکشا بەشڵەژاویو پەشیمانی لەوەی کەبەچاکی نەگەیشتە ناخی دەروونی هاوەڵەکەی، پاشان ختوورەی جۆراوجۆری زاڵبوو بەسەردا، لەوانە یادگارییەکانی لەگەڵ ئەکسینیاو ئەو ئافرەتانەی لەگەڵیان ڕایبواردووە لەکاتی جۆراوجۆردا.

لەسریەکەی لیستنسکیدا قەوزاقێك هەبوو ناوی لاکۆتین بوو، ئەمەش یەکەم کەس بوو کە بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کەتیبە هەڵبژێررا هەرچەندە لەمەوپێش شتێکی جیاواز لەکەسایەتی ئەم کابرایەدا نەبوو.

بەڵام لەیەکی تەممووزدا ئەفسەری رەعیلەکە هات بۆ لای لیستنسکیو ئاگاداری کردەوە کە لاکۆتین زۆر هاتوچۆی کۆبونەوەکانی نوێنەرانی کۆمیتەی کرێکارانو سەربازان دەکات، بەردەوام باسی ئەو شتانە دەکات بۆ قەوزاق، ئەمەو سەرەرای ئەوەش کەنیشانەی یاخیگەری لەنێو سەربازانی رەعیلەکەدا پەیدابووە، چونکە هەندێکیان دەرچوونیان بۆ ئێشکچێتی ڕەتکردووەتەوەو بەبڕوای ئەو لاکۆتین پەیوەندی بەم کارەوە هەیە.

لیستنسکی سوپاسی کردو داوای لێکرد چاوەڕێ بکات، چونکە فەرماندەی سری خۆی دەیەوێ ئەم کابرایە بناسێ، خێراش ئەم هەلە هەڵکەوت بەوەی کەدەبوو رەعیلی ئەو ئەفسەرە هەڵسا بەئەرکی دەورێ لەکارگەکانی پوتیلۆڤدا. ئەوساکە لیستنسکی بڕیاریدا کەلگەڵ رەعیلەکەدا بڕوا بۆ ئەوێ، پاش پشکنینی ئاسایی عەسکەری، سەربازان سواری ئەسپەکانیان بوونو کەوتنە ڕێ.

لەڕێگەدا لیستنسکی بەئەنقەست لەڕەعیلەکەدا خۆی دواخستو بانگی لاکۆتینی کرد بۆ لای خۆیو بەتەنیشتی یەکەوە کەوتنە ڕێکردن، لیستنسکی وتی:

ـ ئێ.. دوا هەواڵی کۆمیتەکە چىیە؟

ـ هیچ شتێکی گرنگ نیە لەم رۆژانە.

ـ تۆ خەڵکی چ ناوچەیەکی لاکۆتین؟

ـ پوکانۆڤسك.

ـ ئەی لەکام گوندی؟

ـ میتکین.

ـ ژنت هێناوە؟

ـ دوو منالێشم هەیە.

ـ ئەی زەویوزار؟

ـ شکارتە، یان کێڵگەیەکی بچووك، بەڵام زەویوزار.. نیمان ئێمە دەستو دەم دەژین، زەویەکەمان لمێکی ڕەش‌و ڕووتە گەورەم.

ـ هەرچۆنێك بێت تۆ حەزدەکەی بگەڕێیتەوە سەری؟ ئەمە بۆچوونی منە.

ـ بێگومان گەورەم، لەنزیکترین هەلو مەرجی گونجاودا، ئێمە ئەوەندەمان شەڕکردووە لێی تێربووین.

ـ دەترسم بەم زووانە نەگەڕێیتەوە کوڕە..

ـ بەڵام من بڕوام وایە بەم زووانە بگەڕێینەوە..

ـ ئاخر جەنگ کۆتایی پێ نەهاتووە جارێ..!

ـ هکا کۆتایی پێهات.. بەم زووانەش دەگەڕێینەوە.

لاکۆین کەوەڵامی بەم دەستەواژەیە دایەوەو سەرکێشییەکی ئاشکرا بدەنگیەوە دیاربوو، بەڵام لیستنسکی درێژەی بەگفتوگۆدا لەگەڵیداو وتی:

ـ ئەوکاتە ئێمە شەڕ لەگەڵ یکتریدا دەکەین پێش ئەمە، وا هەست ناکەی؟

ـ شەڕ لەگەڵ کێدا دکەین کەواتە؟

لاکۆین چاوی بڕیبوە کەڵپووسی زینەکەیو دوای تێڕامانێکی تەواو ئەوەی وتو لیستنسکیش وەڵامی دایەوە:

ـ زۆر هەن شەڕیان لەگەڵدا بکەین، ئەوە بەلشەفیکەکان بۆ نموونە.

لاکۆتین بێدەنگبووو هەردووکیان ماوەیەکی کەم گوێیان لەخرمەی سمی ئەسپەکان گرت، پاشان لاکۆتین وتی:

ـ بەلشەفیکەکان! خۆ ناکۆکیمان لەگەڵیاندا نیە!.

ـ ئەی زەویوزار؟ چی لێ بکەین..

ـ زەویوزار فراوانە..و بەشی هەمووان دەکات.

ـ باشە دەزانی بەلشەفیکەکان چییان دەوێ؟

ـ کەمێکم بیستووە لەوبارەیەوە.

ـ ئای. .کەوتە، دەبێ ئێمە چی بکەین ئەگەر ئەوان هێرشیان هێنایە سەرمان، ئەوان دەیانەوێ قەوزاق بکێشنەوە لەزەوییەکەیانو پاشان بیانکەن بەکۆیلە.. تۆ شەڕت لەگەڵ ئەڵماندا کرد بۆ بەرگریکردن لەڕووسیا.. وانیە.

ـ ئەوان ئەڵمانن. . جیاوازن.

ـ ئەی بەلشەفیکەکان؟

ــ ئۆی. .هەرچۆنێك بێت ئەوان کێڵگە بچووکەکەی من داگیر ناکەن.. من تەنیا فەددانێکم هەیە، بەڵام تکاشم وایە دڵگران نەبی، ئەوان زەوی‌وزارەکەی باوکت داگیر دەکەن، ئەو خاوەنی بیست هەزار هێکتارە.

ــ تەنیا هەشت هەزارە نەك بیست.

ــ با واش بێ، هەشت هەزار پارچەیەکی بچووك نیە بەهیچ شێوەیە.. زۆریش لەبابەتی باوکت هەن لەڕووسیادا، بیربکەرەوە لەوەی کەهەموو مرۆڤێك چی دەوێ ئەو دمێکی هەیەو دەیەوێ بخوات.

تۆش دیسان دەتەوێ بخۆیت، هەموو شتێك بەشێوەیەکی هەڵە بەڕێوەدەچوو لەرۆژگاری تساردا. باوکت هەشت هەزار هێکتاری لە بەرکەوتبوو لکاتێکدا کە یەك دەمیشی هەیە، ناشتوانێ لەمن زیاتر بخوات، منێك کەبەقەد ئەوم نیە، ئەی ئەمە شوورەیی نیە ! بەلشەفیکەکان ڕێگای ڕاستییان گرتووەتەبەرو لەگەڵ ئەوەشدا تۆ دەتەوێ ئێمە شەڕیان لەگەڵدا بکەین.

لیستنسکی تووڕەبوو بەمەو هاواری کردە کابرا:

ــ باشە تۆ بەلشەفیکیت؟

ــ چ ناوێکم لێ دەنێی، بینێ، چونکە ناو هیچ شتێك لە مەسەلەکە ناگۆڕێ، بەڵکو ماف گرنگە، رۆڵەکانی گەلیش داوای مافی خۆیان دەکەن، بەڵام ئەوان هەمیشە دەنێژرێن‌و خاك دەکرێتەسەر مافەکانیاندا.. واتا ئەو مافانەیان لێ دەشاررێتەوە.

ــ ئای. .کەواتە بەلشەفیکەکان مێشکیان پڕ کردووی..

ــ نە جەنابی ئەفسر، بەڵکو من‌و ئەوانەی وەکو منی ساکارو بەپشوو ژیان فێری کردووین، پاشان بەلشەفیکەکان هاتن‌و پلیتەکەیان داگیرساند.

ــ واز لەم قسەوباسانە بێنە.. چیت داوە بەسەریانەوە.

پاشان لیستنسکی بەپیش کردنەوە هەڵیدایە:

ــ وەڵامم بدەرەوە، گوێم لێ بوو قسەت لەسەر زەویەکەی باوکم‌و زەوی خاوەن موڵکەکانی دیکەوە دەکرد. ئەمە خاوەنێتی‌یەکی تایبەتیە، باش تۆ کراسێکی خۆت دەدەی بەمن ئەگەر دوانت هەبێ، یان من مافی ئەوەم هەیە یەکێکیانت بەزۆر لێ سەنم لەو حاڵەتەدا؟

ــ من ئەوکاتە بەخوایشتی خۆم واز لکراسە زیادەکەیان دێنم.. ئەمەشم کرد لەبەردا، دوا کراس کە لەشی داپۆشیبووم‌و لەخۆیشم زیادنەبوو دام بەهاوەڵکانم‌و پاڵتۆکەم بەڕووتی لەبەرکرد، بەڵام قەت نەم بیستووە خاوەن موڵکێك دەست بەرداری زەوییەکەی بووبێ ! !.

ــ ئەوە چیتە؟ برسێتی زەویت تووش بوە؟

لێرەدا لاکۆتین بەهەناسە بڕکێوە هاواری کرد:

ــ بۆچی وادەزانی من تەنیا بیر لەخۆم دەکەمەوە؟ کە خۆمان لەپۆڵەندەبووین، نەت دەبینی خەڵکی لەوێ چۆن دەژیان؟ بەڵام جووتیارەکانی خۆمان چۆن دەژین لەناوچەی دۆندا ! ئەوانەی پۆڵەندا داماوبوون، ئایا وا دەزانی بەزەییم بەحاڵیاندا نایەتەوەو هەستم‌و هۆشم لەگەڵیاندا نیە !

لیستنسکی ئێستا دڵنیابوو لەناسنامەی لاکۆتین‌و لەوەدابوو کە وەڵامێکی ناشیرینی بداتەوە بۆ قسەکەی دواجاری‌و لەپڕ دەنگێکی تیژ بەرزبووەوە:

ــ بيگرن.

ليستنسكي هێى كرد لەئەسپەكەىو گەيشتە رەعيلەكەدا..سەيرى كرد چوار قەوزاق لاوێكى شارستانييان گرتووەو بەقامچى دايدەپلۆسنو ليستنسكى هاوارى كردە ئەفسەرەكە:

ــ ئەوە چييە؟

ــ ئەم مارە بەردمان تێدەگرێ.

قەوزاقێكيش هاوارى كرد:

ــ دەرزێكى باشى دادەن.

قامچى داهاتەوە بۆ سەر پێستى لەڕو لاوازو لەتو پەتى كردو خوێن فيچقەى دەكرد، لاكۆتين ئەمەى بينى هاوارى كرد:

ــ گەورەم فەرماندەى سريە.. پێيان بلّێ واز بێنن.. خۆ ئەوان خەريكن كابرا بكوژن لاكۆتين ئەمەى وتو هەردوو ئەژنۆى ليستنسكى گرت كەلە ئەسپەكەى دانەبەزيبوو، بەلاّم ئەم هەر ئەوڕيشى لێ نەدايەوە، بەلّكو فەرمانيدا بەقەوزاقو وتى:

ــ بەلّێ، دەرزێكى چاكى دادەن.

پاشان سەيرى لاكۆتينى كردو قيڕاندى بەسەريدا:

ــ چييە، دووركەوەرەوە لێم.. ئەو بەردە بارانمان دەكاو تۆش دەتەوێ سەربازان دەستى پێوە نەدەن! !بڕۆ دەى.

بەلاّم لاكۆتين ئەژنۆى ليستنسكى هەرگرتبوو، كاتێ كە گوێى لەلاوەكەى بوو هاوارى دەكرد: (ئاخ. . دوژمنانى شۆڕش. .جانەوەران، لێدەن، ئاخ..)لە ليستنسكى دووركەوتەوەو بەزمانێكى عەسكەرى بەفەرمانەوە وتى:

ــ ليستنسكى. ..فەرماندەر. . ژيانى ئەو پياوە ڕزگاركە ئەگينا بەرپرسيار دەبێ لەوە ئەوسا ئيدى فەرماندە چاوى پەڕييە تەوقى سەرى، لەتووڕەييداو لێى نزيكبوەوەو پەنجەى خستە سەر پەلەپيتكەى دەمانچەكەىو وتى:

ــ بەلشەفى. . خۆفرۆش! ئێستا ئاگرت دەدەم.

بەلاّم دەمارى خۆى ڕاگرتو دەستى لەسەر بەلەپيتكەكە لابرد، ئەوكاتە لاكۆتين ئاوڕيدايە لاى قەوزاقەكانەوەو هاوارى لێكردن:

ــ سەربازان. . من بەناوى كۆميتەى شۆڕشگێڕييەوە فەرمانتان دەدەمێ وازبێنن لەلێدانى.

قەوزاق ئيدى لەلێدانى كابرا كەوتن، ليستنكيش بەسواريى ئەسپەكەى لەو شوێنە دووركەوتەوە.

سێ كەس لەقەوزاق ئەو شارستانىيە لەشولاركێشكاوەيان كەمێ دوورخستەوە، پاشان يەكێكيان لەخۆيان نارد گاليسكەيەكى ڕاوەستانو لاوەكەيان پێ هەلّگرتو لێى ڕزگاربوونو ئەويش مرد.

بۆ سبەينێ بەيانى لستنسكى لەخەو هەلّساو پەشيمان بوو لەكردەوەى شەوى پێشوو ئەو دەترسا پەيوەندى نێوان ئەوو كۆميتەى كەتيبە تێك بچێت، هەروەها حەزى بەپێكداهەلّشاخان نەدەكرد لەگەلّ لاكۆتيندا، لەبەرئەوە واى بەباش زانى بۆ ماوەيەك خۆى لەلاكۆتين تێنەگەينێو پاشان لايبات لەوێ دواى ئەوەى قەوزاق هەلّوێستى ئەم دواييەيان لەبيرچووبێتەوە.

پاش ئەوە بەچەند رۆژێ ليستنسكى لشاردا گەيشتە قەوزاقە ڕەسەنەكەى هاوەلّى، رەئيس ئاتار شچيكۆڤ ئەو هێشتا بە تەمومژيى ئەم رەئيسە نائارام بوو و دەيويست بيروڕاى تاقى بكاتەوە بەدەم تەڕييەكى وا كە خۆيشى جێگە

ڕەخنە نەبێ تێیدا، ئەو وای دەهاتە بەرچاو ئەم کابرایە لەژێر ڕووخۆشییە ڕوکەشەکەیداو ئاکارە خۆبەزل گرتنە پڕ کێشەکەیدا شتێکی شاراوە هەبێو لیستنسکی هێجگار بەپەرۆش بوو بۆ زانینی نهێنی ئەو شتە، لەبەرئەوە خێرا ئەو بانگهێشتنەی شچیکۆڤی قبووڵ کرد بۆ نان خواردن لەیەکێك لەچێشتخانەکاندا.

ڕۆیشتن بۆ چێشتخانەیەکی خنجیلانەو سەیریان کرد هەموو مێزەکانی گیراون، کاتێ کە شچیکۆڤ ویستی دەرچێتە دەرەوە ئاغایەکی بەژن ڕێکو پێك لێیان هاتەپێشو بەمیهرەبانیەوە نووشتایەوە و وتی:

ـ پێخۆشحاڵم خزمەتێك بکەم بە ئەفسەران، ئێوە جێگەی شانازی نیشتمانن، فەرموون بۆ سەر مێزەکەی ئێمە، ئێمە واخەریکین دەردەچین.

دووئ افرەتی نەشمیلانە کەلەگەڵ ئاغاکەدا نانیان خواردبوو، هەڵسانو یەکێکیان خەندەیەکی کرد بۆ هەموو ئەفسەرەکە، ئەوێیان بەجێهێشت.

کەمێ پێش ئەوەی لەنان خواردن ببنەوە دوو ئەفسەر کەبەدەنگی بەرز قسەیان دەکرد خۆیان کرد بەژووردا.

دەستبەجێ لیستنسکی ڕەئیس کالمیکۆڤی ناسیەوەو هاوڕێکەی دیکەشی چۆبۆڤ بوو کە لیستنسکی چیرۆکەکەی خۆی لەگەڵیدا دێتەوەیاد.

دوای ڕۆژ باشو سڵاوی ئاسایی کالمیکۆڤو هاوەڵەکەی نانیان لەسەر مێزی لیستنسکی خوارد، پاشان کە هەمووان ڕۆیشتن کالمیکۆڤو لیستنسکی مانەوەو چوونە شوێنێکی هێمنەوەو کەوتنە گفتوگۆکردن، کالمیکۆڤ وتی:

ـ لەشکری سێیەمی هێشتا هەر لەبەرەی ڕۆمانیادایە، منیش فەرمانم پێدرابوو کە سریکەم بدەمە دەستی ئەفسەرێکی دیکەو بڕۆم بۆ بارەگای ژەنەراڵ کەریمۆڤ لەسەرکردایەتی سوپاداو لەوێ ژەنەراڵ پێی راگەیاندمو ئەم چۆپۆڤەشم لەگەڵدابوو، کە هەردوکمان پێویستە لەسەرمان خۆ ئامادە بکەین بۆ کار کاتێ کە کوودەتایەکی عەسکەری حووکومەتی کاتی دەڕووخێنێ، کۆرنیلۆڤ سەرکردایەتی سوپاو دەسەڵاتدارێتی مەدەنی هەردوك دەگرێتە ئەستۆو کوودەتایەك هاکا بەرپابێت، ئەوکاتە هەرچی لەتواناماندایە دەیکەین بۆ سرخستنیو چەسپاندنی.

ـ ڕاستە ! بەڵام ئایا سوپا بەتەواوی لەگەڵ کۆیلۆڤدایە ؟

ـ ئەمە سەیرە.. تۆ ئەفسەریتو لەشاردایت، هەست ناکەی چی بەدەورووپشتدا دەخولێتەوە ! ! سدەها ئەفسەر هێنراونەتە ئێرەو ئەوان کۆنترۆڵی هەموو کونو کەلەبەرێکی ناوچەکەیان کردووە، خۆ سوپاش ئەوە تا کۆتایی لە ژێر دەستی کۆرنیلۆڤدایە، مەبەستم کۆرنیلۆڤو ژەنەراڵەکانی دیکەی هاوڕێیەتی، ڕۆمانۆفسکی، کەریمۆڤ، کالیدین..

ئەوانی دیکەش، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە کۆمیتەی ناوەندی هاوپەیمانی ئەفسەران پەیوندییەکی بەتینی هەیە لەگەڵ ئەنجوومەنی هاوپەیمانی هێزە قەوزاقیەکاندا. .

ـ من سوپام دەوێ.. سەربازان؟

ـ سەربازان لەوانەیە نەڕۆن لەگەڵ پلانەکەدا، بڵام لەسەرمانە سەرکردایەتیان بکەین.

ـ ئەی باشە کالمیکۆڤ بۆ نموونە نەتبیستووە کە کێرنسکی هەوڵ دەدا سەرکردەی هێزە چەکدارەکان لاببات لەژێر گوشاری چەپ ڕەواندا؟

ـ ئەمە دوورە، ئەو پڕ کێشی ئەوە ناکات، سبەینێ چۆك دادەدات، تۆ کەمێ چاوەڕێ بکە لیستنسکی.

لیستنسکی بەخۆشی دەربڕینەوە وتی:

ـ دوێنێ کێرنسکی پێشوازی لەوەفدێك لەئەفسەرانی قەوزاق کرد، تێیان گەیاند کە ئەوان قایل نابن بەلابردنی ژەنەراڵ کۆرنیلۆڤ لەپلەوپایی سەرکردەیی بەهیچ شێوەیەك. .

ـ ئەی ئەو بەچی وەڵامی دابوونەوە؟

ـ ئەو وتبووی ئەمە واتەواتێکی پیسەو میری هیچ بیرکردنەوەیەکی لەم بابەتەی نیە، ئەو ویستوویەتی جەماوەر دڵنیاکات لەم بارەیەوە، بەڵام ڕاستیەکەی ئەو وەکو داوێن تەڕێك پێشوازی لەنوێنەرانی سۆڤیەت دەکا.

ـ دڵنیاب.. کەس پڕ کێشی ئەوە ناکات کۆرنیلۆڤ لاببات، باشە بینی کەهاتە ناو شارەوە؟

ـ نەخێر، ئو ڕۆژە لەشاردا نەبووم.

ـ ئووی.. کۆڕەوێکی زۆر گەورەبوو، پاسەوانەکانی سریەی تەکنیەکان بوو، هەموو سریەیەك شکستێکی تێدابوو، هەمووان بەرەو کۆشکی زستان دەچوون کەبارەگای کێرنسکی خۆیەتی هەردوو ئەفسەر خواحافیزییان لەیەك کرد، کالمیکۆڤ وتی:

ـ بەردەوام پەیوەندیم پێوە بکە لیستنسکی، چونکە ڕۆژانی داهاتوو لەوانەیە هێجگار گران بێت، باشە میرکۆلۆڤت لەبیرە؟ لەبیرم چوو پێت بڵێم. .

ـ چیە؟

ـ لەمایسدا کوژرا.

ـ نە!

ـ لەڕووداوێکی هیچووچدا: وەستابوو بەلای سەربازێکی کەشافەوە، نارنجۆکێك بەدەستی کەشافکەوە تەقیەوە میرکۆلۆڤی برد بەئاسمانداو جگە لە ناو سکەکەی هیچیمان نەدۆزیەوە.. داماوە..

دوایی چەند دەقیقەیەك شۆفێری شەمەندەفەرەکە مەکینەکەی وەرگێڕایە سەر هێڵێکی لاتەنیشت، خێرا قەوزاق کەوتنە پارچەی تەختەدار دانان لەنێوان دەرگای الیسکەکانو شۆستەکەداو ئەسپەکانیان ڕاکێشایە دەرەوە بۆ سەر زەوییەوەکە.

کاتێ هەواڵەکە گەیشتە فەرماندەی سریە، بەڕاکردن ڕۆیشت بەرەو گالیسکەکەی ئیڤانو هاواری دەکرد:

ـ ئەوە چی دەکەن؟ئێوە دەزانن کەئەمە..

ئیڤان قەکەی پێ بڕی:

ـ ئێمە ئەوە دەزانین، تۆ ئەعسابی خۆت هێمن کەرەوە ڕەئیس.

کەبینی ڕەئیس نایەوێ لەسنووری خۆیدا بوەستێ، پێی وتەوە:

ـ ئێستا ئیدی بەسە! تۆ تێرت کردوین بەفەرمانەکانتو ێستاش نۆرەی ئێمە هاتووە کەئەم فەرمانانە دەرکەین، تێگەیشتی؟

ـ ئاخر سەرکردەی گشتی، کۆرنیلۆڤ..

ئەو دەیویست بڵێ: (فەرمانی دەرکرووە بەگواستنەوەی سریەکە بۆ شێنە تازەکەی)،ێ ەگەر ئیڤان لێی تووڕە نەبوایەو نەیوتایە.

ـ سەرکردە گشتیەکەت هەڵواسە بەملستا، بیکە بەخاچ بۆ خۆت، بەڵام ئێمە پێویستیمان پێ نیە.

ئەفسەرەکە هەستی بەمەترسی کرد، لەبەرئەوە وەرچەرخایەوەو لێیدا ڕۆیشتو خوا خوای‌بو ڕزاری بێت.
سریەش وێستگەکەیان بەجێهێشتو بەئەسپەکانیانەوە بەپرتاو ڕۆیشتن بەرەو باشووری ڕۆژئاوا بێ ئەوەی یەک ئەفسەر لەگەڵیاندا بڕوات.
بەڵام ئەان پێیستیان بەئەفسەر چیە ! ئیڤان خۆی فەرماندەی سریەیە، تۆریلینیش یارمەتیدەرو ئەرکانی جەنگیەتی.
بەم جۆرە رەعیلی  یەکەم بەر ێکو پێکی لەپێشی سریەکەوە بەدوای فەرماندەی نوێدا دەڕۆیشت.
سریەکە درێژەی بەڕێکردنی خۆیدا بەڕێپیشاندەریی نەخشەیەکەوە کەلەفەرماندەوە دەستیان کەوتبوو، تاوەکو گەیشتنە گوندێکو لەوێ بارگەو نبەیان خست بۆ بەسەربردنی ئەو شەوە، بەڵام ئاگریان نەکردووە، دەمە تەقێکەی جارانیان لەنێوان خۆیان نەکرد، هەروەها کەسیش دەنگی هەڵنەبڕی بەگۆرانی قەوزاقانە کەهەردەم هاودەمی تاقمی لەم بابەتەیە، سریەکە هەستی دەکرد شتێکی کردووە نەکردە نیە، کەفوکوڵێکی دەروون گەرمی پاڵی پێوەناوە بۆی، ئەوا ئێستاش نازانێ چی بکات، دوای ئەوەی ئەو کەفو کولچەی لەسەر لاچوە.
ئێشکگرتن بەپێی دەستووری عەسکەری دانرا، قەوزاق بەتەنیشت زنی ئەسپەکانیانەوە پاڵکەوتن، هەندێکیان ڕێا ماندوی کردوو نووستو هەندێکی دیکە بیرکردنەوە لەپاشەڕۆژ شڵەژاندبووی‌و لەبەر ئەوە خەوی لێ زڕابووو لەخۆی دەپرسی: (باشە چۆن دەبێ ئەگەر بیرورشایان گۆڕی؟)وەکو ئەم ختورەیەش لەوساتەدا بەمێشکی توریلینیشدا هاتبێت، لەبەرئەوە لەئیڤان هاتەپێش‌و وتی:
- ئەوە نووستووی ئیڤان؟
- نەخێر، هێشتا نەنوستووم،ش تێك بووە؟
- وادیارە قەوزاق شپرەن، کاری خۆیانیان کردووەو ئێستا کەوتوونەتە مەترسی لەسەرەنجامەکەی.
- ها برا تۆش دەترسی؟
- ئێستا کەمێك دەترسم، هەرچەندە کەلەسەرەتادا بەهیچ کلۆجێ ناترسم.
- پیاوێکی چاو نەترس بە.
- ئەوا هێجگار بەزەبرو زەنگن ئیڤان.
گفتوگۆکە بەنیوە ناچڵ کۆتایی پێهات، تاریکی هەمو شتێکی کش‌ومات کردبوو  مەگەر پرمەی ئەسپێك یان زرمەی سمێك بەزەیەکەدا ببوایە، لەدورەوە دەنگی مراوییە کێویلەیەکی نێرە دەهاتە بەر گوێ،  تۆریلنیش وتی: (ئەوە بانگی مێیەکەی دەکا)
بۆنی گژوگیای ئەو دلکوەی لە ندەکەوە نزیکبوو لەو ناوەدا بڵاوبوەوەو کزەبایەکیش دەهات بوژانەوەی ژیان‌و بۆگەنی قوڕولیتەی پێ دەشتەکەی لەگەڵ خۆدا هەڵدەگرت، لەئاسمانیشدا ڕێگایەکی شیری درێژ دەدرەوشایەوە، ئەویش کاکێش بوو، کەڕێگایەکی بلێسەداری نیگار کێشابوو و لەیادگارێکی نەمر دەچوو.
قەوزاق لەبەرەبەیانی ئەو ڕۆژەدا کەوتنە ڕێو بە گوندەکەدا گوزەریان کردو ئافرەتەکانی بەئاستەم چاویان بڕیبوون لەگەڵ کۆمەڵ مناڵدا کەبرکەی ئاژەڵیان لێ دەخوڕی بۆ لەوەڕگاکان.
بەرەو بەرزاییەك سەرکەوتن کەتیشکی رۆژی کەوتبوە سەرو سوورێکی          هاتە بەرچاوو بەڕێکەوت تۆریلین ئاورێکی دایەوە دواوەو پێی بەر ئاوزەنگییەکەی ئیڤان کەوت:

ـ سەیرکە..ها لەوێ ئەسپ سوار بەدوامان‌دا غاردەکەن.

ئیڤان ئاوڕیدایەوەو بەلای گوندەکەدا تەماشای کرد..لەوێ سێ ئەسپ سواری بەرچاوکەوت وا دێن‌و هەورێکی سووری تەپوتۆز لێیان ئالآوە، ئەوساکە دەستوری دا.

ـ سریە، ڕاوەستە.

ئەسپەکان ڕاوەستان‌و بەخێراییەکی ئاسایی سەرسامکەر کەبەدرێژایی ڕۆژگار قەوزاق پێی ناسراون، چوار گۆشەیەکیان دروست کردو ئامادەبوون بۆ بەرگریکردن لەخۆیان، ئەسپ سوارەکان نزیك بوونەوە تاوەکو تاوەکو گەیشتنە دوری نیومیل ئەوکاتە ئیدی پەیڕەوی سووك کردەوەو ئەسپەکانیان کەوتنە ڕەوت کردن، یەکێکیان کەئەفسەربوو دەسماڵێکی سپی، هەڵبڕیو ڕایوەشاند، کەواتە پێویست نەبوو قەوزاق بەمەترسی دانیچن! لەوانەیە هاتبێتن بۆ وتوویژکردن‌و لەوانەشە قەوزاق بن‌و بیانەوێ بدەنە پاڵ سریەکە، لەگەڵ ئەمەشدا قەوازق هەرچاویان بڕیبووە ئەو ئەسپ سوارانە. ئەی ناشبێ ئەمانە پێشەنگی هێزێکی پەلاماردەربن‌و ناروون بۆ کات بەدەمەوە گرتن!.

ئەسپ سوارەکان پتر نزیکبوونەوە، ئەفسەرێك کەجلی خاکی لەبەردا بوو پێشیان کەوت‌و دوانەکەی دیکەش شوێنی کەوتن، کاتێ گەیشتنە دووری تیرهاویشتنێك، ئیڤان سرەواندیە ئەسپەکەی‌و بەرەو ڕوویان دایە غاردان، ئەوجا لێی پرسین:

ـ چیتان دەوێ لەئێمە؟

ئەفسەرەکە وەڵامی دایەوە:

ـ هاتووین وتو وێژتان لەگەڵ بکەین، کێ ئێستا لێپرسراوە تیاتاندا؟

ـ من.

ـ کەوا تکام وایە گوێت لێم بێ، من لەپێشەنگی لەشکری قەوزاقی دۆنم‌و ئەم دوو ملازمەی هاوەڵێشم نوێنەری هێزی ناخۆیین.

ئفسەرەکە ئەمەی وت لەکاتێکدا کەدەیخوڕییە ئەسپەکە بۆ ئەوەی بوەستێ‌و لەهەمان کاتیشدا دەستی دەدا بەسەر ملە ئارەق لێچۆڕاوەکەیدا، پاشان تێهەڵچوەوەو وتی:

ـ برا ئەگەر تۆ ئارەزووی وتوویژت هەبێ لەگەڵ ئێمەدا تکام وایە فەرمان بدە بەتاقمەکەت کەلەئەسپەکانیان دابەزن، چونکە من ئەوەم پێ سپێردراوە کەفەرمانەکانی سەرکردەی لەشکر، ژەنەراڵ گریگۆڤتان پێ ڕاگەینم.

قەوزاق‌و هەرسێ سوارەکە لەئەسپەکانیان دابەزین پێکەوە، پاشان سوارەکان ئەسپەکانیان ڕاکێشا تاوەکو هاتنە ناوەڕاستی قەوزاقەوە کەلێیان ئالآن وەکو بازنەیەك‌و لەناوەڕاستیدا ئابلۆقەیاندان، ئەوساکە ئەفسەرەکە هاتە قسەی کردن‌و وتی:

ـ قەوزاقینە! ئێمە هاتووین بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بکەین کەپێویستە بەوردی لێبکۆڵنەوەو بیربکەنەوە لەوەی کە کردوتانە، بۆ ئەوەی سەرەنجامی ترسناکتان بۆ ڕوونبکەینەوە کەلەم کارەتان دەوەشێتەوە.

دوێنێ وا ڕاگەیەنرا بەدەستەی سەرکردایەتی لەشکر کەئێوە فریودراون لەلایەن تاوانبارێکی نیاز چەپەڵەوە، لەبەر ئەوەش بووە کەجێگەکانی خۆتانتان لە گالیسکەکانی شەمەندەفەرەکەدا بەجێهێشتووەو سەری خۆتان هەڵگرتووە بۆ ئێرەو ئێمەش سەرکردایەتی دەستبەجێ جیای کردینەوەو ناردینی بۆ لاتان تاوەکو فەرمانەکانی بەئێوە ڕاگەیەنین، ئەم فەرمانانە وا دەگەیەنن کەپێویستە بەپەلەو دەستبەجێ بگەڕێنەوە بۆ وێستگەکەو جێگەو ڕێگەی

پێشووتان لەوێ وەربگرنەوە، سەربازانی هێزی ناوخۆییو هێزەکنی سوارەی دیکە دوێنێ پێترۆگرادیان داگیرکردووە، ئەمڕۆ تەلگرافێکمان لەم بارەیەوە گەیشتووەتە دەست، وا هاتوە تێیدا کە گاردی پێشەوەمان چووەتە نێو شارەوەو خانووبەرەی دەزگا حکومییەکانو بانکەکانو ئێستگەکانی تەلەفۆنو تەلگرافو هەموو مەڵبەندەکانی کاریگەری دیکەی ناو شاری داگیرکردووە، حکومەتی کاتیش لەکۆڵکرایەوەو لەپایتەخت خەڵات، سەیرکەن قەوزاق بیربکەنەوە لەم کارە: ملکەچ نەبوونتان بۆ فەرمانەکانی سەرکردایەتی مانای باخیبوونتانە لەدەسەڵاتداریێتیو لەوحاڵەتەدا دەسەڵاتداریێتی هێزە چەکدارەکانی دەنێرێ بۆ لەناوبردنی ئەم یاخیبونە، بەڕەژاوکردنی ئەوەی کەرێبازێکی خیانەتکارییەو یاخیبوونێکی چەکدارانەیە دژ بەنیشتمان، تەینا خۆ بەدەستەوە دانتان بەبێ چەندوچون دەتانبارێزێ لەڕوبەڕووبونەوەی ئەم هەڵوێستەو بەم شێوە بەمسۆگەریی دورودەکەونەوە لەخوێن ڕشتن.

ئەفسەری وتوێژکەر لێبووە لەراگەیاندنی ئەوەی ویستی، پاشان لەگەڵ هەردوو هاوەڵەکەیدا سواری ئەسپەکانیان بوونو وەستان چاوەڕێیان دەکرد، ئیڤانو تۆزیلین نزیکترین قەوزاقی سریەکە بوون لەئەفسەرەکەو کاتێ کەقسەی دەکرد، ئیڤان چاوێکی لەتۆزیلین داگرتو تەماشای دەموچاوی کەسانی تاقمەکەیان کرد، سەیریان کرد حەز بەقوبوڵکردنی بۆچونی ئەفسەرەکە دەنو ئەمانیش بەوە زۆر ناڕەحەت بوون.

قەوزاق کشومات بوون، نیشانەی سەرسوڕمانو قبوولکردنی ملکەچیو خۆبەدەستەوەدان لەدەموچاویاندا ڕەنگی دەدایەوە، بەڵام پرکێشییان نەدەکرد ئەوەی لەدەروونیاندایە دەریبڕنو ئەوەش ئیشێکی سەختی گەیاندە ئیڤانو ترسا لەوەی زمان پارای ئەفسەرەکە لەقسەکانیدا زاڵ بێت بەسەر پاشماوەی گیانی سەرپێچی کردنە ئاساییەکە لەقەوزاقدا، لەبەرئەوە خێرا گەیشتە بڕیارێك کەدەبوایە لەم لایەنەوە بەخێرایی جووڵایەوەو هاواری کرد:

ـ براياذ پەوزاقینە، تاوێ ئارام بگرن، گوێتان لەمن بێ!.

پاشان وەرچەرخایەوە بەرانبەر ئەفسرەکەو لێی پرسی:

ـ ئەو تەلگرافەی لەبارەیەو قسەت کرد، لەگەڵ خۆتدا هەڵگرتووە؟

ئەفسەر لەکوتوپڕی ئەم پرسیارە ڕاچڵەکی..بەواق ڕمانەو وەڵامی دایەوە:

ـ کام تەلگراف؟

ـ ەو تەلگرافەی داگیرکردنی پێترۆگراد ڕادەگەیەنێ.

ـ بێگومان، نەخێر! تۆ چیت دەوێ لەو تەلگرافە؟

ـ ئاها، کەواتە تۆ هیچ شتێکت پێ نیە!

ئیڤان وەرچەرخایەو لای قەوزاقەوەو بەدەنگی بەرز هواری دەکرد:

ـ ئەمە هیچ تەلگرافێکی پێ نیە.. لەگەڵ ئەم ووشەیەیدا هەناسەیەکی قووڵ لەسنگی زۆر قەوزاقەوە هاتەدەر، ئەمەش جێی سەرسامی نیە، چونکە وەزعەکە لەوپەڕی ئەندازەی سەرپلیدابوو، بەتایبەتی بەلای ئیڤانەوە، بەڵام ئێستا وا بۆی دەرکەوت کە جێ پەنجەی ڕەپو ڕەوانیەکەی ئەفسەرەکە لاچوو لەسەری قەوزاقد، لەبەرئەوە دەموچاوی کە زەردهەڵگەڕابوو، بە ئەم سەرکەوتنە ئاڵ بووەوە.

ئیڤان سەرلەنوێ هاواری کردەوە:

ـ قەوزاقینە گوێ بگرن:

ـ قەوزاقینە گوێ بگرن:

پاشان ڕووبەڕوو بەئەفسەرەکەی وت:

ـ دەڵێیت کەتەلگرافەکەت پێ نیە؟ داواشمان لێدەکەی بەقسەیەکی تۆ ازبێنین؟

گوێت لێ بێ: تۆ بەم ئاسانیە ناتوانی بمانکەی بە تەڵەوە.

هاواری هەموو قەوزاق دەنگی دایەوە: تەفرەدانە، تەفرەدانە.

ئەفسەرەکە پیازی خواردوو دەمی سووتا.. نەیزانی چی بڵێ..بەڵام دواجار خۆی کۆکردەوەو بەدەنگێکی تیژ وتی:

ـ بەڵام تەلگرافەکە ئاڕاستەی ئێمە نەکراوە، قەوزاقینە!

دەستی کێشا بەسنگیدا وەك بیەوێ گوێگرانی ڕازی بکات بەو ئیشارەتە، بەڵام ئەمە دادی نەدا، ئیڤان اڵ بوبوو بەسەر مەیداناو بەهەستی ئەوەوە ئیڤان کەوتە قووڵکردنەوەی بناغەی سەرکەوتنەکەی. .هەلی بۆ ڕەخسابوو ئیدی بۆچی تیژبڕ نەبێ وەکو ئەڵماس بەسەر پارچە شووشەوە! و بەم گیانو دەروونەوە ئیڤان هاواری کردو وتی:

ـ هۆ ئەفسەر، تەنانەت ئەو تەلگرافەی گوایە تۆ دەڵێی هاتووە پێشت بێ، هەر ڕێگەمان ڕێگەی ئێوە نیە، ئێمە نامانەوێ ڕۆڵەکانی گەلی خۆمان بکوژین!، ئێمە ئەوە ڕەت دەکەینەوە کەڕیزەکانمان دژ بەجەماوەری گەل..نەخێر تەنیا گەوجو نەفامەکان ئابڕووی خۆیانیان بردووە.

ئێمە هاوکاری ناکەین لەدامەزراندنی حوکومەتێکدا بۆ ژەنەراڵەکان، لەراستیشدا ئەمەیەو ئەمەش هەموو شتێکی ئێمەیە، تێگەیشتی؟

دەنگی قەوزاق بەرزبوەوەو دایانە پاڵ ئیڤانو هاواریان کرد:

(تەفرەدانەکانی دایەوەو بەسرخۆیاندا)(خۆش بیت، خۆش بیت ئیڤان!)(فرۆفێڵەکان بدەرەوە بەخۆیان).

ئیڤان تەماشای نێرراوانی وتووێژەکەی کرد بزانێ ئەم هەڵوێستە نوێیە چ کارێکی تێکردوون، بەڵام ئەان بەبێباکی هاتنە بەرچاویان بەچاکی ئەعسابی خۆیان ڕاگرتبوو.

یەکێك لە دوو نوێنەرەکە ئەفسەرەکە باسی کردن بەشلوشاوی وەستابوو هەردوو باڵی خستبوە سەر یەك لای سەرووی پانتۆڵەکەیەوە، چاوە بادەمییەکانی پرشنگیان دەداو بەهەندێ سلوکیو ترسەوە، هەندێ لەبلیمەتی خۆڕسکیش، ئەم مولازمە لاوێك بوو هاوەڵەکەی دووەمیشی ئەنکۆشبوو، پیرێکی سەر سپی بوو، لەوە دەرچوو کارامە دنیا دیدەنی، بۆیە دەستی بەسر مشتووی شمشێرەکەیەوە بوو، لەکاتێکدا کەبەچاوە بزەکانیەوە تەماشای دەموچاوی قەوزاقەکانی دەکرد.

ئەفسەرەکە چاوێکی داگرت لەهاوەڵە ئەنکۆشییەکەی، پاشان هەندێ وشەی چپاند بەگوێیداو ئاوڕی دای بەلای قەوزاقەوەو وتی:

ـ قەوزاقی دۆن، بوار بدەن نوێنەری(تیپی درندە)قسە بکات.

بێ ئەوەی چاوەڕێی رشوخسەت پێدان بکات کابرای ئەنکۆشی بەدەمارگرژییەوە هاتەپێش، بەدەم یاریکردن بەپشتێنە ڕەنگاوڕەنگەکەیەوە تۆزە پانەکەیەوە وتی:

ـ برایانی قەوزاق! هۆی ئەم گشت هەراوزەنایە چیە؟ باشە ژەنەراڵ کۆرنیلۆڤتان ناوێ؟ئەی شەرشتان دەوێ؟چاکە، ئەوە با بۆ ئێوە بێت، ئێمە شەڕتان دەدەینێ، ئێمە لێی ناترسین! بەهیچ کلۆجێ لێی ناترسین! ئەمڕۆ دەتا پلیشێنینەوەو هیبینین، ئەوە دوو کەتیبەیە ڕاستەوخۆ لەپشتمانەوەن، مژدەبێ لێتان لەوەی داواتان کرد، مژدەبێ.

ئەنکۆشییەکە تەکەی بەشێوازی یەکێکی هێدیو لەسەرخۆو بڕوا بەخۆبوون بەوەی دەیلێ، دەست پێکرد، بەڵام دەروون گەرمییەکەی هەتا دەهات گڕی دەگرت لەگەڵ گۆڕانی ووتەکەیدا لەمانایەکەوە بۆ مانایەکی دی.

لەزاری دەرپەڕیو دەتوت بەردەفڕێ دەدرێ، تێکەڵ بەزمانە ڕووسییە سەروگوێ شکاوەکەی دەبوو، بەجۆرێکی ا کەدیمەنێکی دڕندانەی هێجگار تاڵوتالەباری دابووە وتارەکەی.

لەڕاستیشدا ئەوکابرا ئەنکۆشییەکە کەڕوخساری دەرەوەی ڕەقی ناوەی دەردەبڕی، توان ئەقڵو هۆشی قەوزاق لەکار بخاتو توانای هیچ ڕێگە دەرکردنێکیان نەبێت، ئێستا وەك مێخ وەستاونو توانای هیچیان نیەو گیانی مێگەلە ئاژەڵیان لێوە پێچراوە، ئەمەش ئەنکۆشییەکەی شێرگیرکرد، ئەگەر پێویست بوون بەو شێرگیری لەگۆڕێدا بێت، کەپێ ڕاکێشێ لە هەڵوێستەیدال بلێ:

ـ گوێتان لێ بێ.. ئەو قەوزاقەی لەوێدا ڕاوەستاوە دەتانروژێنێ، ئەو لەبەلشەفیکەکانە، وا ئێوەش بەدوایدا دەڕۆن! باشە وانیە؟ بیگرن! چەکی بکەن!.

ئەوجا دەستنیشانی ئیڤان ئەلیکسڤیچی کردو پاشان چاوی گێڕا بە دەموچی هەمواندا بەسەیرکردنێکی دڕندانە.

ئەگەر چی کابرای ئەنکۆش لەوکاتەدا چی وتو چی کرد، بەڵام هاوڕێ نوێنەرەکەی دیکەی بەتەواوی هێمنو لەسەرخۆبوو هەرچەندە کەچاوە چون بەفرساردەکان لەچالاکی ئەوە نەکەوتبون کەلەسیماو ڕوخساری هەموو کەسێك لەو قەوزاقانەی لەێدا بوون وورد دەبوونەوە.

کاتێ کە خامۆشی کرِوکپی لەوساتەدا بەتەواوی خۆی کێشابوو بەسەر سریەکەداو سەرسوڕمان کەسەکانی داگرتبوو، ناوسکی ئیڤان لەڕقاندا گڕی رتبوو سەریشی تاوشتی سەندبوو و لەداخاندا دەکوڵا. ئەوەندەی نەمابوو شەق نەبا لەهەست کردن بەپەشیمانیدا بۆ لەدەستدانی ئەو هەلەی پێشوویو بواردان بەم ئەنکۆشییە نەحلەتییە کەقسەبکات. باشە نەدەبوو کۆبونەوەکە ببڕێنێتەوە دوای ئەو سەرکەوتنەی خۆی! بەڵێ دەیتوانی، ئەی بۆچی ئەوەی بەسەردا تێپەڕی! ! ئێستا دەبێ کارەکە چارەسەرکات بەهەر ڕێگەیەك بێت، بەڵام هەیهوو ئەو هێمنیە لەکوێ بێنێ کەلەمەوپێش بۆی ڕەخسابوو! ئەو تێکەوت..

تۆریلین لەم تێکەوتنە ڕزگاری کرد، کاتێ کە بازیدایە ناوەڕاستی بازنەکەوە بەدەم ڕاوەشاندنی هەردوو باڵیەوە لەهەواداو هاواری کرد:

ـ هەی مارەکان، هەی شەیتانەکان.. زۆرلێنە. .ئەوان ئەم دیوو ئەودیوتان پێدەکەن وەکو قەحپەکانو ئێوەش گوێیان لێ ڕادەگرنو گوێچکەکانتان قوت کردوەتەوە! ئەفسەرەکان واتان لێ دەکەن کەیفی ئەوان بجوولێنەوە..ئێوە چی دەکەن ئێستا؟ چاوەڕێی چی دەکەن؟ئەرك ئەوەیە لەت لەت بیانبڕن! سەریان هەڵکێشن! باخوێن برژێ! هێزەکانیان ئابلۆقەیان داونو ئێوەش بێ ئاگان، هەی نەفامینە! کاتێ ئابلۆقەکە بدەنە یەك بەڕەشاشەکانیان پاك دەتاندوورنەوە!، ئەوکاتە هیچ کۆبونەوەیەك نابەستن، مردنیش بواری ئەوەتان نادات، ئەی هەست بەوە ناکە هەی نەفامینە دەتان گرن دەمەوە ڕاوەڕێویتان لەگەڵدا دەکەن، تاوەکو سەربازەکانیان بگەن؟ ها. . لەگەڵ ئەوەشدا بەخۆتان دەڵێن (قەوزاق. ..قەوزاق!)ئای کە لەو ناوەوە دورون.

ئیڤان لەوساتەدا نرکاندی:

ـ بۆسەرپشتی ئەسپەکانتان قەوزاقینە!

ـ قەوزاق هەڵپەڕێەن كۆڵی ئەسپەكانو دەقیقەیەكی نەبرد تاوەكو ڕیزەكانیان ڕێكخست بەشێوەی تەشكیلەیەكی عەسكەریانەی سریە، ئەو تەشكیلەیەی دەمێك بوو پێی ڕاهاتبوون، ئەمە ئەفسەرە پەیامبەرەكە سەرسام كرو هاواری كرد:

ـ قەوزاقینە، گوێم لیٚ بگرن.

ـ گفتوگۆ لەنێوانماندا بڕایەوەو ئگەر چەند ووشەیەكیش مابیٚ بیلێین با بەم زمانە بێت.

ئیڤان بەتووڕەییەوە ئەوەی وتو تفەنگەكەی دەركێشا لەجێگەكەی خۆیدا بەزینی ئەسپەكەیەوەو ڕووی دەمەكەی كردە سنگی ئەفسەرەكەو پەنجەی شایەتی خستە ژێر كەوانی بەلەپیتكەكە.

ەوكاتە ئیدی كار لەكار ترازا، ڕەتلەكانی قەوزاق یەك بەدوای یەكدا، ڕۆیشتنو ئیڤان سیٚ ئەفسەرەكەی بینیو پشتیان هەڵكرد.

ئێستا ئیڤان(دۆن)هاتەپێش چاوی، دۆنی پانوبەرینو شەپۆلە سەوزەكانی كەف سەری گرتوونو بەجوانی بریقە بریقێتی لەژێر خۆرداو باڵی ماسیگرەیەكی سپی وەدەركەوت لاربوەتەوە بەسەر لووتكەی شەپۆلێكدا. كەرتەكانی ئەو سوپایەی ژەنەراڵ كۆرنیسلۆڤ ئاڕاستەی پێترۆگرادی كرد بەسر ناوچەیەكی پانوفراواندا بڵاوبوونەوە ئەوەدە بەرفراوان بو بەڕادەیەك كە هەشت هێڵی ئاسنینی پێدادەچوو بۆ ڕۆژاواو ڕۆژهەڵاتو باشوور، لەبەرئەوە وێستگەیەكی سەرەكیو لقییەكان قەرەباڵغ بوون بەشەمەندەفەری پڕ لەسەرباز، كەتیبەكان توندوتۆڵی عەسكەرییان نەمابوو، پەیوەندی راستەوخۆیان نەبوو بەسەركردایەتی باڵاوە، تەنانەت سریەكانی یەك كەتیبەش پەیوەندییەكی تەوایان لەگەڵ یەكتردا نەمابوو.

ئەوەی پتر كارەكەی خراپ كرد بوو فەرمانەكانی جموجووڵو ئەو ڕوونكردنەوانەی پەیوەندییان بەوەش هەیە زۆرجار لەپڕ دەگۆڕانو بەشێوەیەكی ناڕێكوپێك، ئەمەش بەڵگەی نەبوونی هاریكاری بوو لەپلانەكانی ئەفسەرانی ئەركانو خاوەن فەرمانەكانی جموجووڵ لەسەركردایەیتدا، شتێكی سروشتییە كەئەم ئاژاوەو بشێوییە پتر دەماری سەربازەكان گرژ بكاتەوە، كەخۆی لەوەپێشیش ماندوو بووە، بەزەحمەت ئەفسەرەكانیان كۆنترۆلیان بكەن، لەگەڵ ئەمەشدا سەربازی بەرهەڵستیكردنی توندوتیژی كرێكارانی هێڵی ئاسنینو كۆسپی زۆری دیكەشـ لەشكرەكانی ژەنەراڵ كۆرنیلۆڤ بەهێواشی دەچوە پیٚ بەرەو پێترۆگراد.

لەپەیكەرە سوورەكانی گالیسكە ئاسنینەكەدا قەوزاقی هەرێمە جۆراوجۆرەكانی دۆن، لەڕوڵاواز لەبرساندا، هەڵدەتووتان بەتەنیشتی بەتەنیشتی چارەوییە لاتەكانیانەوە لەبەر كەم ئالیكیو لەوێستگەكاندا شەمەندەفەرەكان بەخەمناكی چەند سەعات دەوەستان چاوەڕێی تعلیماتی ڕۆیشتنیان بوو.

لەكاتی ئەم چاوەڕیٚ كردنەدا سەربازەكان كۆمەڵ كۆمەڵ بازیان دەدایە سەر شۆستەكەو بەشەقامەكاندا دەرۆیشتنو هەرچییان بەردەست بكەوتایە دەیانفڕاند بەمەرجیٚ بشیایە بۆ پڕكردنی گەدە بەتاڵەكانیان، عەمباری زۆریان كاول كرد، جۆرەها كۆگایان بەدەرگا هەڵكەنراوی بەجیٚ هێشت.. هەموو ئەمانەو كۆرنیلۆڤ هێشتا هەر نەخشەو پلانی دەكێشا بۆ گرتنی پیترۆگراد! تەنانەت فەرماندەكانیش هەڵسانیان بەو ئەركانە ڕەتدەكردەوە كە سەركردایەیت پێی دەسپاردن.. لەكورتی بیبڕینەوە ئاژاوە نینۆكەكانی گیركردبوو لەهەموو وڵات، خۆ ئەوە یاسایش لەشەرماندا خۆی شاردبوەوەو مردبوو..

لەنێ ئەو کەتیبانەدا کەلەشکری قەوزاقی دۆنیان پێکهێنابوو، ئەو کەتیبەیەش بوو کە یەڤگینی لیستنسکی لەوەو پێش خزمەتی تێدادەکرد، ئەمیش بەسەر هێڵی ئاسنینی ڕیڤل —نارڤادا دەهاتەپێش بەرەو پیترۆگراد، دوو سریەی ەو کەتیبەیە لەکاتژمێری پێنجی دوای نیوەڕۆی دەی تشرینی یەکەمدا گەیشتنە وێستگە نارڤا، لەوێ فەرماندەی لێپرسراو زانی کەوا لەنارڤا بەولاوە ناتوانێ بڕوا، بەهۆی تێکدانی هێڵەئاسنینەکەوە، لەبەرئەوە لەلایەن خۆیەوە کرێکاری نارد بۆ چاککردنەوە شوێنە تێکدراوەکان تاوەکو هێزەکانی بۆ سبەی بەیانی بکەونەوە ڕۆیشتن بەشەمەندەفەر.

فەرماندە لەتووڕەییدا چاوی پەڕییە تەوقی سەری، لەم کارە، بەڵام ناچاربوو ملکەچی بارودۆخ بێتو بەم جۆرە بۆ گالیسکەکەی ئەفسەرانی ژێر دەستی خۆیو بەدەم جوێن دانو نەفرەت کردنەوە، هەواڵەکەی دانێ، پاشان دەمارەکانی خاوبوونەوەو دانیشت لەگەڵیانداو کەوتنە چا خواردنەوەو شەو بەسەرداهات، بایەکی سارد بەبەفرەوە دەهات لەکەنداوی فینلەنداوە، لەکاتێکدا قەوزاق کەڵەکەببوون لەسەر هەردوو شۆستە وێستگەکە دەمەتەقێیان کرد، زەلامێك بینرا بەدزە بەپشتی یەکێك لەگالیسکەکاندا دەڕۆیشت وبەرەو لای دەرگاکەی دەچوو، ئەوکاتە تاریکیی سەر لەئێوارە داهاتبوو لەگەڵ ئەوەشدا تارمایی ئەو پیاوە دەرکەوت هەنگاوی بەنێو هێڵە ئاسنینەکندا دەنا لەبەر ڕووناکییەکی کزدا کەلەوێدا لەچرایەکی زەردەوە پرشنگی دەدایەوە، پیاوەکە ڕۆیشت بۆ لای دەرگای گالیسکەکە، کاتێ گەیشتە لای دەنگی قەوزاقێك کەپاسەوانی ئە گالیسکەیەبوو بەرزبوەوەو هاواری کرد:

- ەوە کێیە لەوێدا؟

- کێت دەوێ؟

کابرا بەمجۆرەو بەنادبەدڵی وەڵامی دایەوە، لەوانەیە نەیویستبێ کەس بیناسێ، لەبەرئەوە قەوزاقەکە بەهەڵچوونەوە تێی خوڕی:

- بۆچی بەمشەوە دەگەڕێی، چیت دەوێ؟

بەڵام کابرا وەڵامی نەایەوە، بەردەوام بوو لەڕۆیشتندا بەرەو گالیسکەکانی ناوەڕاست، لای یەکێکیاندا گوێچکەی لەدەرگاکە نزیك کردەوە، هاواری کرد:

- کام سریە لێرەیە؟

- ئێمە بەندکراوین.

قەوزاقێك لەژوورەوە ئەمەی وتو هاوڕێکیانی دیکە دایانە قاقای پێکەنین، کابراش وتی:

- کەواتە، ئێمە سریەی دووەمین.

- ئەی فەسیلی چوارەم لەکوێیە؟

- لەگلیسکەی شەشەم دایە لەپێشەوە.

کابرا درێژەی بەڕۆیشتندا بۆ گالیسکەی شەشەم، تاوەکو گەیشتەلای دەرگاکەی بینی سێ قەوزاق جگەرە دەکێشن، چووە لایانەوەو وتی:

- ئەم کاتەتان باش قەوزاقینە.

یەکێ لەساینەکە ئەم وەڵامەی دایەو واقی وڕماو بەلەپڕ هاتنی ئەم کابرایە بۆ لایان.

- کابرا وتی:

ـ هێشتا نیکیتا دۆجین زیندووە؟ ئەو لەکوێیە؟

ـ ئەمەیە، منم.

ئەو قەوزاقەی کە واقی وڕما بەو لەپڕ هاتنەو خەریکبوو بەپەنجەکانی جگەرەیەکی دەپرواند کەبەدەستیەوەبوو، پاشان هەڵیدایەوەو وتی:

ـ بەڵام من ناتناسم، تۆ کێی؟

دەموچاوی لەرشومەتی کابرای نزیك کردەوەو تەماشای ڕوخسارو سیمای دەکرد، کابرای نامۆ یەخەی پاڵتۆ عەسکەرییە شۆڕەکەی لەسەردەمو لوت لابردو ڕوخساری بەتەوای دەرکەوت، لەوکاتە دوجین هاواری کرد:

ـ ئیلیا پۆنچۆك! دۆستی دێرین تو بیتو شەیتان ئوە لەکوێوە پەیدابووی!!

دۆجین دەستی پۆنچۆکی رتو بەگەرمی تەوقەی لەگەڵدا کرد، بەدەنگێك کەپتر لەچپە دەچوو وتی:

ـ مەترسە، ئەو کوڕانە لەخۆمانن، پێ بڵی چۆن توانیت بگەیتە ئێرە! پێم بڵێ بەرنەحلەتی شەیتان کەوی! پۆنچۆك بەخۆشیەوە تەوقەی لەگەڵ قەوزاقەکانی دیکەدا کردو بەدەنگێکی ڕەقو بۆشەوە وتی:

ـ من لەپێترۆگراد بووم، لەوێوە هاتووم لەدوی تۆ دەگەڕام، ئیشوکارێکی زۆرمان هەیە دەبێ پێی هەڵسێنو دەمەوێ گفتوگۆت لەگەڵدا بکەم با بچینە ژوورەوە بۆ گالیسکەکە.

سەرکەوتنە گالیسکەکە، دۆجین لەقەوزاقێکیەوەی ژەند کەلەوێدا نووستبوو و پێی وت:

ـ هەستە، میوانێکی خێر وە پا هاتووە، هەستە لەخەو، بجولێ دەی.

قەوزاقەکە لەخەو هەڵساو سەیری میوانەکەی کردو ناسیەوە، هەردوو دەستە ئەستوورە کانی کە پەنجەکانی زەردکردبوو بۆ ڕاکێشاو بەگەرمییەوە تەوقەی لەگەڵ کردو دەیوت:

ـ پۆنچۆکی!؟

ـ بەڵێ، ەی تۆش شیکا ماسۆڤی؟

ـ بەڵێ، پێخۆشحاڵم بە بینینت، باشە بڕۆم بانگی لاوانی پەلی چوارەم بکەم؟

ـ ئەوە شتێکی چاکە.

پەلی چوارەم هەموی هات، دوو کەسیان نەبێ کەبۆ باسکردنی ئەسپەکان مانەوە، یەکترناسین لەماوەیەکی کەم تەوابوو، بەڵام بەگیانێکی هاوڕێیانەی پاکەوە، پۆنجۆك لەنیکی چراکەوە دانیشتو ئەوانی دیکەش لەدەوروپشتی خڕبوونەوە، شیکا ماسۆڤ بدەم کۆکینەوە وتی:

ـ نامەکەتمان بەدەست گەیشت ئیلیا، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەمانویست بتبینین. دەمانەوێ پێمان بڵێی ێمە چی بکەین، وا ئێستا ئەوان دەمان نێرن بۆ پێترۆگراد، وەك دەیبینی.

قەوزاقێکی دیکە لای دەرگاکەوە وەستابوو وتی:

ـ باشە ئەم کارە ئاوهایە ئیلیا؟ زۆر لەهاندەران دێنە لامانو دەڵێن: (مەچن بۆ پیترۆگراد)، بەڵام ئێمە باەڕیان پێ ناکەین، ئەوان قەوزاق نین وەکو خۆمانو نازانین ئەمانە تۆ بڵێ پێمان ڕابوێرن، ئێمە ئەوە دەزانین کەئەگەر ڕۆیشتن بۆ پیترۆگراد ڕەتکردەوە، ئەوە کۆرنیلۆڤو لەشکرە ناوخۆییەکانی دەدەن بەسەرماندا، ئەوکاتە کار بەخوێن ڕشتن نەبێ نابڕێتەوە، پۆنچۆك تۆ یەکێکی لەخۆمانو هرەچۆنێك بێت ساختەمان لەگەڵ ناکەی، لەبەرئەو بڕوات

پێدەکەینو لەقسەکانت دڵنیاین..تۆ بەردەوام ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکانتان بۆ دەنێرین..و ئێمە سوپاسی ئەوەت دەکەین، چونکە کاغەزی جگەرەمان لادەست ناکەوێ، سوپاست دەکەین.

ئەم پیاوە هەمان کەس بوو کە لیستنسکی جارێکیان لێی تووڕەبوو کەبینی ئاگر دەکاتەوە لەسەر تەنەکەیە کە دەری هێنابوو لە سەنگەرێك لەبەرەدا.

قسەکەی بەلای قەوزاقێکی دیکەوە پەسەند نەبوو، لەبەرئەوە قیڕاندی بەسەریدا:

ـ ەم هیچوپوچیانە چیەیە دەیڵێی!، تۆ نەخوێندەواری. . لەبەرئەوە بۆ کاغەزی جگەرە بیر لەبڵاوکراوەکان دەکەیتەوە، بەڵام ئیلیا ئێمە پۆنچۆك زەردخە گرتی لەجیاوای نێوان دوو هاوەڵەکەی، پاشان هەستیە سەرپێ، چونکە وای بەچاکتر زانی کەبەڕاوەستانەوە قسەکانی بکاتو وتی:

ـ هیچ کارێك نیە لەپێترۆگرادا دا ڕاپیەڕێنن، بەهیچ کلۆجێ بشێویو شۆڕش لەوێ لەئارادا نیە، باش دەزانن بۆچی ڕاپیچچتان دەکەن بۆ ئەوێ؟ بۆ ئەوەی کێرنسکیو حکومەتی کات وەرگێڕنەوەو کێشی سەرکردایەتیتان دەکات؟ ژەنەراڵ کۆرنیلۆڤی تسار پەرست، وەبۆچیش دەیەوێ کیرنسکی بڕووخێنێ؟ بۆ ئەوەی پقلەوپایەکەی ئە داگیربکات..گوێتان لێ بێ قەوزاقینە! ئەوان دەیانەوێ نیلەیەکی دارین لەملتان بکەنەوە، بەڵام بۆئەوەی نیلەیەکی پۆڵایین بخەنە جێگەکەی!،دوو شەیتان لەئارادایە، ئێوە یەکێکیان هەڵبژێرن کەخراپەکاری سووکتربێ بەلای کەمەوە، باشە ئەمە ڕاستی بارودۆخەکە نیە؟بەچاکی بیر لەخۆتان بکەنەوەو لە سەردەمی تساردا چەپۆکەکانیان دەدا بەڕوومەتتاندا، بەئاگری شەڕ داخیان کردن. لەژێر ڕکێفی کیرنسکیشدا ئەوان هێشتا هەر داواتان لێدەکەن شەڕ بکەن، بەڵام ئەمجارەیان بێ چەپۆك بەڕوومەتدا کێشان، کەواتە، حاڵ هێشتا هەر خراپە وەکو دەبینین، بەڵام کەمێك لەجاران چاکترە، خۆ ئەوە لەپاش کیرنسکیش هێجگار زۆرتر چاکدەبێ ئەگەر بەلشەفیکەکان جڵەوی دەسەڵاتدارییان گرتەدەست، با دەسەڵاتداری وەدەست بێنن ئەوکاتە دەستبەجێ ئاشتی دێتەکایەوە، من لەتاقمی کێرنسکی نیم، بەر نەحلەتی شەیتان کەوێ.. کیرنسکی بیّو خەڵکی دیکەبێ هەموویان هەمان بابەتن!

پۆنچۆك ئارەقەکەی نێوچاوانی سڕییەوەو پاشان درێژەی دا بەقسەکی:

ـ بەلچکو من تکاتان لێدەکەم خوێنی کرێکاران نەڕێژن، بەرگری لەحوکومەتی کاتی بکەن، بەڵام بۆچی بەرگری لێبکەن؟ لەبەر ئەوەیە ئەگەر کۆرنیلۆڤ ڕووخاندیو جێگەکەی داگیرکرد، ئەوکاتە ڕووسیا دەکەوێتە گۆمی خوێنی کرێکارانەوەو تاوەکو هەردوو ئەژنۆی، هەروەها گەل ڕەنجکێش بەناڕەحەت دەسەڵاتداری دەردێنێ لەژێر دەستی ئەو ژەنەراڵە تسار پەرستە.

ـ ئا، تایْ بوەستە پۆنچۆك..

قەوزاقێك ئەمەی وت ئەستوورو تێکسیحڕاو بوو دەتوت کۆتەرە بەڕوویەکی لەزەوی چەسپاوە، دووچاوی سەوزی پێوەبوو، دەتوت گەڵای نەمامە دارێکی تازە هەڵچووە، کابرای قەوزاق هاتەپێشو ڕووبەرشوبوەوە لەگەڵ پۆنچۆکداو پاشان وتی:

ـ بیستم باسی نیلەی داروئاسنت دەکرد، ئەی باشە پێم بڵێ: بولشەفیك چ نیلەیە دەخەنە ملمان ئەگەر دەسەڵاتیان گرتەئەستۆ؟

ـ ئەوە چی دەڵێی، باشە ئێوە نیلە دەخەنە ملی خۆتان؟

ـ مەبەستت چییە؟ ئیچمە نیلە دەخەینە ملی خۆمان!.

ـ چاکە، کتێ بەلشەفیکەکان دەسەلآت وەدەست دێنن، کێن ئەوانەی حوکوومەت پێکدێنن؟ تۆ ئەوە دەکەی، یان دۆجین یان هەر یەکێکی ئێوە کەئەوانی دی هەلّیبژێرن،ئەوکاتە دەبێتە حوکومەتێکی هەلّبژاردە، واتا سۆڤێیت. . تێگەیشتی؟

ـ بەلآم کێ دەبێ بەسەرۆك؟

ـ چاکە، هەرکەسێك کەخەلّك هەلّیبژێرێت، بۆ نمونە ئەگەر تۆیان هەلّبژارد،ئەوە تۆ دەبی بەسەرۆك.

ـ بەڕاستە؟ مسۆگەر تۆ درۆ ناکەی ئیلیا؟

قەوازق هەموو بەهاوڕێکەیان پێکەنین کەبەتەمایە بیبێتە سەرۆك، پاشان کەوتنە سوعبەت کردن لەگەلّیدا، هەموو بەیەکجار قسەیان دەکرد، تەنانەت پاسەوانی دەرگاکەش پیاسکردنی بەجێهێشت بۆ ئەوەی بەشداری بکات لەگفتوگۆکەدا، یەکێکیان پرسیو پاشان ئەوانی دیکە بەدوایدا:

ـ نەخێر وانیە شیکاماسۆڤ،ێ ەو ڕووسەو لەناوچەی سیمبرسك لەدایکبووە.

ـ بڕوا بەمە ناکەم، لەپێش ئەودا خەلّك هەن وەکو: ستنکا ڕازین، تیمۆڤیچ، یرماك هەمووشیان قەوزاقن، پیاوێك گەلی هەژار بوروژیچنێ دژ بەتسار ببێو نەبێ هەر قەوزاق.

من ئەمە دەزانم، پێشم شەرمە کە تۆ ئێستا پێچەوانەیی ئەمە باس دەکەی. .

پۆنچۆك بزەیەك گرتیو وتی:

ـ کەوابوو قەوزاق وا دەلّێن؟

ـ بەلّێ..و ئەمەش ڕاستە، ئەو قەوزاقی، بەلآم ئێسا ئەوە ئاشکرا ناکات، بەس سەیرێکی ڕوخساری بکەم ڕاستیەکەی دەزانم، بەلآم ئایا ئەمە سەیرنیە! ،ئەگەر لینی قەوزاق بێت ئەی ئەم هەموو زانستەی لەکوێ هێناوە؟ بەڕاستی ئەمە سەرسامی کردووم! دەلّێن گوایە ئەلّمان بەدیلیان گرتووە، کاتێ کە تۆپچی بووە.. زانستەکەی لەانەوە ەرگرتوە، بەلآم کاتێ کەدەستی کردووە بەوروژاندنی کرێکارەکانیان بەگیانیان، زۆر لێی ترساونو پێیان وتوە(کابرا وازمان لێبێنەو بڕۆ بۆ ناو قەومو هۆزی خۆت)، بەمجۆرە لەبەرئەوەی لێی ترساون ناردویانەتەوە بۆ ڕووسیا، بەڕاستی مەزنە! پتر بۆم باس کە برام.

شیکاماسۆڤ ئەم هەموو باسو خواسەی بەدەروون گەرمییەکی ئاشکراوە گێڕایەوەو پاشان لەهاوەلّەکەی پرسی:

ـ پێم بلّێ پۆنچۆك تۆ بەچاوی خۆت بینیوە؟ دەلّێن زلو زەلامی هەیە! قەت ملی بەهیچ تسارێك نەداوە، کەواتە تۆ بلّێی ئەم پیاوە بەری چۆلّەوانیەکانی سیبریابێت! بێگومان، نەخێر بێتو نەبێت دەبێ قەوزاق بێت.

بەدرێژایی ئەم وڕێنەکردنە پۆنچۆك بێدەنگبوو، هەرچەندە دەموچاویشی خۆشیەکی ئاشکرای دەگەیاند، پاشان شیکاماسۆڤ خەوەنوچکە دایگرتو نووست، پۆنچۆکیش هەولّیدا بنوێت، بەلآم بۆ لەئەسپێیەك زانی کەوا میوانێك لەگالیسکەکەدایە، بۆیە ئەرکی بەخێراتنی کەوتە سەریانو پۆنچۆك کەوتە خورینی لەشیو خەو مانا نەچووە چاویو بۆ خۆی کەوتە نەخشەکێشانی پلانی کۆبونەوەی سبەینێ، ئەوکاتە ئیدی پانوراماییەکی دورودرێژی بیرەوەرییەکان بەبەرچاویدا هاتن، ئەو ئێستا دەڕوانێتە سەربازەکانی ڕووسوئەلّمان لاشەکانیان تێکرشا لالّو پالّ کەوتوون بەقەد یالّێکەوە دوایی پێکدادانێك لەسالّی 1951 د، وا پەردەیی گوێی دەزرنگێتەوە بەهاڕەی دەستڕێژی ڕەشاشەکان، تەپوتۆ لەچالّی بۆمباکانەوە بەرزدەبێتەوەو لێی دەئالّێتو هەر ئەوەیە کوێری بکات، ئێستا ئەو ئازارە تالآنەی کەلەدەموچاوی سەربازەکاندا دەیخوێندنەوە، ئەو خەفەتو پەژار قوولّەی کەلەچاوەکانیاندا دەردەکەت،

دەهاتنەوەیادی، تەنانەت دەمە بچکۆلەکەی ئەو ئافرەتەی ڕۆژێ لەرۆژان خۆشیو ویستبوو ئێستا بەشێوەیەکی تەمومژای دور دەهاتەوە بەرچاوی، بەدوای ئەوەدا وێنەی کێلی گۆڕی ئەو دۆستوبرادەرانەی هاتەپێش چاو کە هیچ گۆڕستانێك نەیگرتنە خۆی.

لەم دیمەنەدا پۆنچۆك ڕاچڵەکیو بەدەنگێکی بەرز لەبەرخۆیەوە وتی:

ـ ئای. .هەتا نەمرم ئەم بیرەوەری یانەم لەیادناچێ، نەك تەنیا من بەڵکو گشت ئەوانەشی کە ئەم کارەساتەیان دیوەو بەسەرهاتووە، وای لەمانە! کەژیانیان لێ تاڵکردین..تەنانەت بەکوشتنیشیان ئەم تاوانەیان ناسڕێتەوە. دانەکانی جیڕکردەوە لەڕقی تسارو دارو ودەستانەی کەژیانیان تێکداوەو پاشان دانیشتو مەنجەڵی ڕقو کینە لەدڵیدا دەکوڵاند.

بەدرێژایی ئەو شەوە تاوەکو بەرەبەیان خەو نەچووە چاوی پۆنچۆكو هێشتا هەر نوقمی تالیو ناسۆری بوو کە لەگالیسکەکە هاتەخوار ڕۆیشت بۆ بارەگای کۆمیتەی هێڵی ئاسنینو ڕازی کردن بە پێویستی نەناردنی شەمەندەفەرەکەی قەوزاق بۆ نارڤا، پاشان چووش بۆ کۆمیتەی سریەکە تاوەکو یاریدەدانیان دابین دەکات بۆ هێشتنەوەی شەمەندەفەرەکەو کاتژمێر هەشتی سەر لەبەیانیش گەڕایەوە بۆ گالیسکەکە هێشتا قەوزاق چاویان بەخەوەبوو، لەڕێگادا ئەفسەرێك بانگی لێکرد، وەستاو سەیری کرد کالمیکۆڤەرو وتی:

ـ پۆنچۆك جێگری ئەفسەر! ئێوە هێشتا سەربەستو بەرەڵڵای؟ بمبورە کەناتوانم تەوقەت لەگەڵدا بکەم.

ـ منیش نامەوێ تەوقەت لەگەڵدا بکەم.

ـ چی دەکەی لێرە؟ دەتەوێ سەری خۆت دەرکەی؟ یان. . لەپیترۆگراد گەڕاویتەتەوە، لەلای کیرنسکی دۆستتان؟

ـ ئەرێ دەتەوێ لێپرسینەوەم لەگەڵدا ساز بکەی؟

ـ نەخێر، بەڵکو تەنیا خۆتێهەڵقورتانە لەکێشەی (عەسکەریەکی)هەڵاتوو کەڕۆژێ لەڕۆژان هاوکارم بووە.

ـ کەواتە، دڵنیابە من لەلای کیرنسکییەوە نەهاتووم.

ـ بەڵام تۆ لێرە لەمەترسیدای، دەبینم نیشانەکانی ئەفسەرییت داماڵیوەو پاڵتۆیەکی سەربازی ئاساییت لەبەرکردوە، ئەی ناترسی کە..

ـ باشە تۆ ئەمنی سیاسیت؟

پۆنچۆك ئەمەی وتو لێیدا ڕۆیشت بێ ئەوەی چاوەڕێی هیچ وەڵامێ بکات:

لەگالیسکەکەدا چاوی بەدۆجینی هاوڕێی کەوت کەبەشێوەیەوە چاوەڕێی دەکرد، لێی پرسی:

ـ پۆنچۆك! ئەوە لەکوێ بویت؟ کۆبونەوەکە دەستی پێکردووە.

ـ دەستی پێکردووە؟

ـ بەڵێ، کالمیکۆڤی فەرماندەر لەپیترۆگراد بووو ئەمڕۆ گەڕاوەتەوە، داوای کۆبونەوەیەکی گشتی کردووە بۆ قەوازق وەکو قسەیان بۆ بکات.

هەردووکیان پێکەوە ڕۆیشتن بۆ کۆبونەوەکە، لەپشتی عەمبارەکانی وێستگەکەوە..لەوێ سەیریان کرد کالمیکۆڤ چووەتە سەر بۆشکەیەكو وتار دەدا بۆ قەوزاقو گوێیان لێبوو دەڵێ:

(کە سەرکەوتن بگەیەنینە ئەنجامی خۆی،چوتکە سەرکردایەتی بڕوای پێکردوینو ئەرکی ئێمەش ئەوەیە بۆی بسەلمێنین کەئەم بڕوایە لەشوێنی خۆیدایە، خۆفرۆشەکانی بەلشەفیكو دەستوپێوەندەکانی کێرنسکی تەگەرە

دەخەنە هاتوچۆو جموجوڵی شەمەندەفەرەکانەوە، ئەمڕۆ فەرمانمان پێدراوە کەئەگەر نەکرا بەشەمەندەفەرەکان بڕۆین دەبێ بەسواری ئەسپەکان بدەین بەسەر پیترۆگراددا، ئێستاش وەخۆکەون بۆئەوەی گالیسکەکان بەجێ بێڵن..ئەمڕۆ دەست دەکەین بەکشان..بەرەو پیترۆگراد!).

بپۆنچۆك بەپاڵپاڵێن خۆی گەیاندە ناوەڕاستی کۆمەڵەکەو هاواری لێرکدین:

ـ هەی برایانی قەوزاق!کۆمیتەی کرێکارانو سەربازان منی ناردووە بۆ لای ئێوە بۆ ئەوەی پێتان ڕاگەیەنم کەئەفسەران دەیانەوێ ڕاپێچتان کەن بۆ کوشتاری براو کەس‌وکارتان لەوێ، لەپێناوی سەرنەگرتنی شۆڕشدا، ئەگەر دەتانەوێ هێرش ببەنە سەر ڕۆڵەکانی گەلو ئارەزووی گێڕانەوەی ڕژێمی تساریتان هەیە، قایلن بەوەی بەردەوام بن لەجەنگدا بۆ ئەوەی لاشەکانیان پەرش‌و بڵاوبێتەوە لەهەموو شوێنێکدا..ئەوا لەگەڵیاندا بڕۆن، بەڵام کرێکارانو سەربازانی پیترۆگراد پێتاندا دەپەرموون کەوەکو قایین نەبن، سڵاوی گەرمو برایانەی خۆیانتان بۆ دەنێرنو هیوایان وایە بەهاوپەیمان بتانبینن نەك بەدوژمن..بواری پۆنچۆك نەدرا بەتانوپۆی وتارەکەدا بچێت، چونکە قەوزاق بەنەفرەتەی نرکەو هاوار کالمیکۆڤیان لەسەر بۆشکەکە دابەزاند بەهەڕەشەو گوڕەشەی پرمەو ترسی، کالمیکۆڤ بەرەو لای پۆنچۆك هاتو بەرانبەری وەستاو هاواری کرد:

ـ قەوزاقینە! ئەم کابرایە، پۆنچۆك لەسوپا هەڵاتووە، ئەمە خیتنەتکارە، ئەوە گوێ لەقسەکانی دەگرن؟ دەیویست درێژە بەقسەکانی بدات بەڵام رەئیس سکینی فەرماندەی پەلی شەشەم بەدەنگێکی تیژ قسەکەی پێ بڕیو وتی:

ـ ئادەی پۆنچۆك بگرن، ئەم چەپەڵە! لەکاتێکدا خوێنی ئێمە لەبەرەدا دەڕژا ئەمیش لەپشتەوە خۆی شاردبووەوە، بیگرن..

هەراوهوریا لەملاو لای قەڵەباڵغیەکەوە بەرزبووەوە، هەندێ لەقەوزاق لایەنی پۆنچۆکیان دەگرتو هەندێکی دیکەش دژی دەوەستان: (لێی گەڕێن با قسەبکات)(هەڵاتوومان ناوێ)،(با بڕووخێن!)وتار بدە پۆنچۆك)، (ڕیسوایان کە، پۆتیان بشکێنە!).

لەم کەینو بەینەدا قەوزاقێکی باڵابەرزی ڕیش تاشراو هاتەپێش، سەری بەڕاستو چەپدا وەردەچەرخاندەوە وەکو سەری مار، چاوەکانی بریسکیان لێ دەبووەوە، هەڵپەڕییە سەر بۆشکەکەو بەووشەی توندو ئاگرین داوای لەقەوزاق کرد فەرمانەکانی کۆرنیلۆڤ(ئەو ژەنەراڵەی کەخیانەت کارە بەرانبەر بەشۆڕش)ڕەت کەنەوە، سەرنجی ڕاکێشان بەو ئاکامە ناهەموارە چاوەڕوانیان دەکات ئەگەر خۆیان پێوەەن لەشەڕو کوشتاری دژ بەگەلدا، پاشان ئاوڕیدایە لای پۆنچۆکەوەو وتی:

ـ تۆش هاوڕێ، وا هەست نەکەی ئێمەش وەکو ئەفسەرەکان بە سووکەوە سەیرت دەکەین، نەخێر. بەڵکو ئێمە بەڕێزو نەوازشەوە سەیرت دەکەین، چونکە تۆ کە ئەفسەربووی ئازاری قەوزاقت نەدەدا، بەڵکو نەبرایەتیو میهرەبانیەوە هەڵس‌وکەوتت لەگەڵ دەکردن، ئەوان ووشەیەکی زشتو نەکردەوەیەکی ناشیرینیان لەتۆ نەدیوە، بەڵێ، ئێمە نازانین، بەڵام ئەوەندەشمان ئەقڵ لەسەردا هەیە کەتێبینی هەڵس‌و کەوتی چاك بکەین.. تەنانەت مانگاش لەقسەی نەرم تێدەگاو پێی خۆشە، ئەی ئیدی مرۆڤ چۆن تێناگات!ئێکمە سەری ڕێزو نەوازشت بۆ دادەنەوێنینو داوات لێدەکەین بەکرێکارانی پیترۆگراد ڕاگەیەنی کەئێمە دەستیان لەئاست بەرز ناکەینەوە.

کالمیکۆڤ دووبارە چووەوە سەر بۆشکەکەو کەوتە وتاردان سەبارەت یە(ئابڕووی قەوزاقانەی و سەروەریی (دۆن جوامێر)و ئەو قوربانیانە سەربازانو ئەفسەران پێکەوە داویانە.

بەڵام وای هەست دەکرد، تەنانەت لەکاتێکدا کەقسەیشی دەکرد، کەئاش بەئاوی ئەو ناگەڕێ.

کاتێ کە ئەو لەوتارەکەی بووەوە نۆرەی شیکاماسۆڤ هات، وتی:

ـ قەوزاقینە، گوێ بگرن، ئێمە ناڕۆین، ناڕۆین، کالمیکۆڤ دەڵێ گوایە ئێمە بەڵێنی یارمەتی دانمان داوە بەکۆرنیلۆڤ، بەڵام ئەگەر ڕاستتان دەوێ کێ پرسی ئەمەی بەئێمە کردووە؟

کەس نەیکردووە، ئەفسەرانی هاوپەیمانێتی قەوزاق بەڵێنیان داوەتێ.. با بڕۆن ئەوان یارمەتی بدەن..

قسەکەرەکان یەك بەدوای یەکدا هاتنو بیروڕای جۆربەجۆر باسکرا، پاش نیو سەعات دۆجین بەڕاکردن هات بۆ لای پۆنچۆكو وتی:

ـ پۆنچۆك! چی بکەین؟ کالمیکۆڤ فەرمانی داوە ڕەشاشکان لەگالیسکەکان داگیرێن، هەروەهاش هەندێ سوارەیشی نارد بۆ لایەك، ڕەنگە بۆ هێزێکی ئەم نزیکانە بێت!!

ـ بیست قەوزاق خڕکەرەوە. . ئادەی خێراکە.

لەدەرگای یەکێك لەگالیسکەکاندا کالمیکۆڤ ڕەشاشەکانی داگرت بۆ ئەوەی یاری بکات لە ئەسپەکانو لەولاشەوە دوو ئەفسەری لەگەڵ وەستابوون، پۆنچۆك ڕۆیشت تا گەیشتە ئاستی، لەناکاو دەمانچەیەکی لەگیرفانی دەرهێناو لێی ڕاکێشاو وتی:

ـ کامیکۆڤ! تۆ گیراوی.

کالمیکۆڤ ڕاپەڕیو خۆی دا بەلاو هەوڵیدا دەمانچەکەی هەڵکێشێ، بەڵام گیزەی گوللەیەك هات بەسەریداو پۆنچۆك نەڕاندی بەسەریدا:

هەردوو دەستت بەرزکەرەوە!

لەم کاتەدا قەوزاقەکانی لەمەڕ دۆجین گەیشتن.. دوو ئەفسەرەکەیان چەك کرد.. ڕەشاشەکانیان زەوت کرد، لەملاشەوە کامیکۆڤ ڕاوەستابوو چاوی بڕیبوە پەنجەی پۆنچۆك کەبەسەر بەلەپیتکەکەوەبوو.

کاتێ کە ئەوانە هەموو تەواوبوون پۆنچۆك ڕووی دەمی کردە دۆجینو وتی:

ـ پاسوان دانێ لەسەر ڕەشاشەکانو دوو ئەفسەرەکەو منیش کالمیکۆڤ دەبەم بۆ کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی (پێشم کەوە کالمیکۆڤ)، تۆش لەگەڵما وەرە دۆجین.

پۆنجۆكو دۆجین کالمیکۆڤیان دایەبەر، ئەمیش بێدەنگ پێشیان کەوتبووو ئەو قەوزاقانەی بەو ناوەدا گوزەریان دەکرد سەیری ئەفسەری یەخسیرکراویان دەکردو واقیان وڕدەماو، ئەمەش کالمیکۆڤی وروژاندو ڕقی هەڵساندو لە وێستگەکەدا ئاوپیدایەوەو تفێکی کردە پۆمچۆك، ئەمیش پەنجەی هێنا بەسر کڵاوەی بەلەپیتکەکەدا، بەڵام تەقەی نەکرد، بەڵکو فەرمانیدا بەدیلەکەی کەپێش کەوێو بڕوات، کالمیکۆڤیش قیڕاندی بەسەریدا:

ـ تۆ خۆ فرۆشیت، نرخی ئەمانە هەموو دەدەیتەوە.

ـ بڕۆ دەی. .بڕۆ.

ـ ئێوە پارتی نین، بەڵکو حەتەن، چەورەن! ئەڵمان کرپونی وەکو قەحپەکان، سەرۆکەکەتان ڕووسیای بەسێ زیو فرۆشتووە، ئای. . ڕۆژتان دێت، ئەوکاتە گران دەکەوێ لەسەرتان.

ـ بەسە ئیدی! بوەستە لای دیوارەکەدا.

کالمیکۆڤ لەڕاستی هەڵوێستەکە تێگەیشت، کەپۆنچۆك دەیکوژێ، لەبەرئەوە کەوتە جوێن پێدانیو منەت لێ نەزانینی کەچی لەدەست دێ بیکات، لەولاشەوە دۆجین تەنیا بیرکردنەوە لەکوشتن شڵەژاندبوویو هەوڵی دەدا پۆنچۆکی لێ سارد بکاتەوە، بەڵام ئەم ڕقو تووڕەیی سەرو فەساڵی شێواندبوو بەڕادەیەك کەلەمرۆڤ نەدەچوو، کاتێ کە زللەیەکی دا لەئەفسەرەکەو پاشان گوللەبارانی کرد.

گوللەکان ناودەمی کالمیکۆڤیان هەڵدڕی، خوێنو دانەکانو گیانی بەیەکجار تفاندەوە، پاشان کەوتە سەر زەوی.

لەڕێگەدا پۆنچۆك هەڵکالا بەدۆجینی هاوڕێیدا لەبەر دڵنەرمیو تۆقینی لە کوشتنو تێی گەیاند کە:

یان ئێمە یان ئەوان بەسەر ژیانەوە دەمێنن..ئەگەر ئەم کالمیکۆڤە فەرمانی بەدەست بوایە ئەوکاتە بیستی لێ دەکوشتین بێ ئەوەی جگەرەکەی لەدەمیدا بجوولێنێ! ئەوان تیرەمارن، تێگەیشتی؟

ئەوجا بەشەقامێکی چۆڵدا ڕۆیشتن..و بەئاسمانەوە پەڵە پەڵە هەوری چڵکنی بەرەو ڕۆژهەڵات دەڕۆیشتن، مانگیش وێڵو ڕەنگ زەردبوو بەئاسمانەوە، هەر لەوجادەیەشدا سەربازێکیان بینی لەگەڵ ئافرەتێکی کۆڵوانە سپیدا بەدەست لەملانەوە یەکتریان دەگوشیو ئافرەتەکە بەنەرمی پێدەکەنی.

لەدوا ڕۆژی مانگی ئابدا کێرنسکی ناردیە شوێن ژەنەراڵ کەریمۆڤدا کە بێت بۆ پیترۆگراد،بەڵام ئەم گوللەیەکی نا بەخۆیەوەو خۆی کوشت، فەرماندەی لقو پەلەکانی سوپاکەی تەکەڵ تەکەڵ کەوتنە ڕۆیشتن بەرەو کۆشکی زستانو لەوێ ملکەچی خۆیان بۆ حوکومەتی کاتی دەردەبڕی هەرچەندەش کەسەریان لێ شێوابوو و هەستو دڵسۆزییان دابەش بوبوو لەنێوان کێرنسکیو حوکومەتە کاتیەکەیداو شۆڕشی چەواشەی ژێر سەرکردایەتی کۆرنیلیلۆڤدا، ئەو سوپایە لەسەرەمەرگدا بوو، بەمەش شۆڕشی چەواشە هات بەچۆکدا ئەگەر چیش هێزەکانیشی هەر بەرەو پێترۆگراد دەکشان بەهۆی هێزی بەردەوام بونەوەو هیچی دیکە.

ئێستا وا دەردەکەوت کەفەرمانڕەوانی کاتی وڵات بەڕاستی هەموو شتی لەژێر چنگدایە، تەنانەت کەوتبووە باسکردن سەبارەت بە(یەکێتی ڕووسیاو خۆگرتنی بەرەیی ناوەوە تێیدا).

ڕۆژێ پێش خۆکوشتنی کەریمۆڤ کیرنسکی ژەنەراڵ ئەلیکسیڤی نامەردو فێڵو تەڵەکەبازی بەسەرکردەی باڵای هێزە چەکدارەکان دانا، ئەلیکسیڤ لەسەرەتادا ئەم پلەوپایەیەی ڕەت کردەوە، پاشان پێی ڕازی بوو لەترسی ئەوەی نەوەك پەیوەندی بەرێکخستنەکەی کۆرنیلۆڤو شۆڕشە سەرنەگرتووەکەیەوە دەرکەوێ، ئەلیکسیڤ تەلەفۆنی کرد لەگەڵ کۆرنیلۆڤداو هەوڵیدا کەڕەزامەندی ئەو مسۆگەر بکات لەم دامەزراندنە نوێیە، بەم جۆرە تەفرەیدا، تەنانەت ئەو ڕۆژەش کەگەیشتە بارەگای سەرکردایەتی باڵا توانی ژەنەراڵان کۆرنیلۆڤو لۆکومسکیو ڕۆمانۆڤ بگرێ، پاشان هەردوو ژەنەراڵ دنیکینو ئەندرێ لەسوپاکانی باشوور خستەپاڵ.

بەم جۆرە ئاگری شۆڕشی یەکەمی کۆرنیلۆڤ کوژێنرایەوە، ئەگەر چی لەمەوپاش چەند شۆڕشێکی کەو شەڕێکی ناوخۆیی لێوەشایەوە.

لەڕۆژانی هەوەڵی تشرینی دووەمدا لیستنسکی لەلایەن سەرکردەی کەتیبەکەیەوە فەرمانی درایە کەلقەکەی بکشێت بۆ گۆڕەپانی کۆشکی زستانو لەوێ دامەزرێت، ئەمیش فەرمانەکانی سەرکردەکەی بەوردی بەجێهێناو لەگۆڕەپانی کۆشکەکەدا مەفرەزەکانی قوتابیانی کۆلیجی سەربازیو لقی چوارەمی قەوزاق دەهاتنو دەچوونو وەخۆدەکەوتن بۆ بەرگری کردن.

یەکێك لەوانە لیستنسکی وەلاخستو لێی پرسی:

ـ باشه بەهەموو هێزەکەتەوە هاتووی؟
ـ بەڵێ، بۆچی؟
ـ چونکە لقەکانی دووەم‌و پێنجەم‌و شەشەم ملیانداوە بێن، بەڵام هەرچۆنێك بوو مەفرەزەی ڕەشاشمان لەگەڵدا هات، باشە قەوزاقەکانت چۆنن؟
ـ پشتیان پێ نابەسترێ، باشە ئەی لقی یەکەم‌و سێهەم چۆنن؟
ـ لێرەنین، ئەمڕۆش نایەن، تۆ دەزانی لەوانەیە ئەمڕۆ هێرشێك بکرێ لەلایەن بەلشەفیکەکانەوەو شەیتانیش خۆی دەزانێ چی چاوەڕێمان دەکات.
پاش ماوەیەك کەتیبەیەکی قوتابیانی کۆلیجی سەربازی گەیشتن لەگەڵ فەوجی ئافرەتانداو ئەمەش بوو بەمایەی گاڵتەو تیزپێکردنی قەوزاق، گوێڕاگرە ئەمان چی دەڵێن‌و ژنەکانیش چۆنیان وەڵام دەدەنەوە.
ـ هێی. . پووری، تۆ هی منداڵ هێنانی نەك شەڕی پیاوان. .
ـ خۆت منداڵ بێنە.
ـ چ ژنە جەنگاوەرێکی سەیرن، لەپێشەوە سەربازن‌و لەدواشەوە پیاو بێز لەو شتانەیان دەکاتەوە ! !
ئەستۆت ڕاوەشێنە دەنا بەقامچی بۆت ڕادەوەشێنم. .
ـ بدە بەدەمتا.
لای نیوەڕۆ وە ئوتومبیلێکی سەربازی هات بۆ ئەو جێگەیەی قەوزاقی لێبووو کەمێ لەگۆڕەپانەکەدا گەڕا، پاشان قوتابیە سەربازییەکان دەستیان کردە گواستنەوەی سنووقە فیشەك بۆ ناو کۆشك‌و دەرگاکانیان قایم دەکرد.
لەگۆڕەپانەکەدا کەس نەما فەوجی ژنان‌و لقەکەی لیستنسکی نەبێت، لەبەرئەوە کەسانی لقەکە هێجگار سەغڵەت‌و ناڕەحەت بوون.
لاکۆتین وتی:
ـ دەوروبەری تێك ئاڵۆزاوەو شەڕو کوشتاریش هاکا بەرپابوو، لیستنسکی لەکوێیە؟
ـ لەژوورەوەیە.
ـ خۆ ئەو قوتابیانە ڕێگە نادەن پەیوەندی پێوەبکەین! ! با بنێرین بەدووی چێشتخانەی مەیدان. دوو سەرباز نێرران بۆ ئەوێ، بەڵام نە دوو سەربازەکە گەڕانەوەو نەچێشتخانەش هات، بەوجۆرە قەوزاق بەبرسێتی مانەوەو پەیوەندیشیان لەگەڵ فەرماندەکەیاندا پچڕاو ئێوارە ژنەکان لێی پاڵکەوتن‌و دەستیان دایە تەقەکردن بەگۆڕەپانەکەدا، تەنیا هەر بۆ ترساندن، بەڵام قەوزاق دەستیان نەدایە تفەنگەکانیان، تاوەکو شەو داهات‌و لاکۆتین لقەکەی کۆکردەوەو کەوتە ڕوونکردنەوەی بارودۆخ بۆیان‌و دەیوت:
ـ مانەوەمان لێرە هیچ مانایەکی نیە، بەلشەفیکەکان کۆشکەکە دەڕوخێنن، ئیدی ئەوکاتە سەیرکە چۆن مردنێ دەمرین! ئەفسەرەکانمان خۆیان شاردەوە، حوکومەتی کاتیش هیچ دادێکمان نادات. . ئیدی بۆچی نەگەڕێینەوە بۆ شوێن‌و هەوارو لای کەس‌وکاری خۆمان! ، ڕاتان چیە؟
ـ ئەی ئەو ڕەشاشانەی لەلشەفیکەکان کەلەدەرەوەی کۆشك دامەزراون، قەلاچۆمان ناکەن؟
ـ بەلشەفیکەکان بۆچی دەمانکوژن، هیچ هۆیەك نیە بۆ ئەوە؟

هەردوو لقی یەکەمو سێهەمیش هاتنە کۆبونەوەکەوە، قەوزاق بەدووردرێژی دەمەقاڵێیان لەسەر هەڵوێستی خۆیان کرد پێش ئەوەی بڕیار بدەن نوێنەرانی خۆیان بنێرن بۆ لای بەلشەفیکەکان، بەڵام نوێنەرەکان هەر گەیشتنو نەگەیشتنە بەلشەفیکەکان گەڕانەوەو سێ دەریاوانیان لەگەڵدا هاتبووو قەوزاقیان دڵنیاکرد لەدەربازبوونو سەلامەتیانو یەکێکیان وتی:

ـ قەوازقینە، بەناوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی سەربازییەوە بەڵێنتان دەدەینێ کەهیچ کارێکی خراپەتان بەرانبەر نەکرێت، کرێکارانی پیترۆگراد دۆستتانن نەك دوژمن، لەبەرئەوە بڕوایان پێ بکەنو هاریکارییان بکەن.

قەوزاقێك پرسی:

ـ ئەی باشە دڵنیابین لەچەکەکانمان؟

ـ بەڵێ، بەڵێ! بیانبەن، ڕەشاشەکانتان جێ مەیەڵن بۆ پوتابیانی سەربازەکان.

قەوزاق بەوە قایل بوونو ڕیزیان بەست پێش ئەوەی لەگۆڕەپانەکە بکشێنەوە، لەم ئاوو تاوەدا ئەفسەرەکانیان پەیدابوون. . کاتێ ڕوانیان دەڕۆنە دەرەوەو دەریاوانەکان بەتەنیشتیانەوەن سەرسامی زمانی هێنانە کلیلە لەوەی بینیان. .

فەوجی ژنان نەکشایەوە هەرچەندە کەئافرەتێ دوانیان لەلقەکانی قەوزاق نزیکبوونەوە قسەی دەریاوانەکانیان بیستو قەوزاقە کشاوەکان لەفێڵی ئەو فەوجە ترسان، لەبەرئەوە قەوزاقێك ڕۆیشت بۆ لایانو پێی وتن:

ـ ژنەکان گوێتان لێی بێت.. ئێمە وا دەچینە دەرەوەو پشتتان تێدەکەین، ئەگەر هاتو فێڵتان لێ کردینو تەقەتان لێ کردین، ئەوکاتە دەگەڕێینەوەو لەتو پەتتان دەکەین، ئێستاش ماڵئاوا.

کاتێ کەقەوزاق ئەوێیان بەجێهێشت، لاکۆتین ئاوڕی لەپشتەوەدایەوەو سەیری کرد ئەفسەرێك بەشوێنیاندا ڕادەکات تاوەکو پێیان ڕابگات، ئەمیش ئاتارشیکۆڤبوو، ئەم ئەفسەرە وازی لەهاوەڵەکانی هێناو خۆیدا بەدەم شەپۆلی گەلەوە.

بەڵام گوللەیەکی ناپاك لەلایەن کۆشکەوە هاتو ئاتارشیکۆڤی پێکاو هەردوو دەستی بەرزکردەوەو پشتی چەمایەوەو پاشان بەدەمدا کەوت، کاتێ لقەکانی قەوزاق ئاوڕیاندایەوەو دەستیان کردە گوللەبارانکردنی کۆشك، دوو سەرباز چوونە پێشەوە بەرەو ئەفسەری پێکراو بۆ ئەوەی لەگۆڕەپانی کۆشکی زستان دەرچوونو شەقامە بەرفراوانەکە هەڵی لووشین.

دوو ڕۆژبوو کەتیبەی دوانزەیەمی قەوزاق پاشەکشەی دەکرد لەبەردەم ئاگربارانی خەستی دوژمنداو نەخشەیەکی دۆزەخانەیدا کەهەڕەشەی ئابلۆقەدانو پاشان قەلاچۆکردنی لێدەکردو لەهەمان شەودا کەتیبە فەرمانێکی پێگەیشت لەسەرکردایەتی گشتی ڕووسەوە بۆ ئەوەی لەناو شیوەکەدا جێگای خۆی بگرێو ڕاستەوخۆ پشت ببەستێ بەبەتەرێیەکی تۆپی چیای بۆ پارێزگاری کردنی لەهێرشێکی کوتوپڕی.

لەلای پێشەوەی خوارووی شیوەکەوە میشاکۆشیڤۆیو برادەرێکی خەڵکی تاتارسکی کەناوی ئەلیکس پاشنیاك بوو ئەو شەوەی ئێشکی پایەگایەکی پێشەوەیان گرت، خۆیان دامەزراندبوو لە بیرە کۆنێکدا کەزۆر قووڵ نەبوو، خەریکبوون لەسەرما ڕەق ببنەوە، میشاکۆشیڤۆی تێیدا پاڵکەوتبوو و سەیری ئاسمانی دەکردو دەیوت:

ـ پاشنیاك ئەم ژیانە نادیارو شارراوەیی مرۆڤ سەرم سوڕدەهێنێ، چەند هیچو پووچەو چەند قووڵە! وا ئێستا تۆ لەگەڵ منداى، بەڵام نازانی ئایا من بیر دەکەمەوە لەکوشتنت! منیش ناوانم تۆ لەمەوپێش چۆن ژیانێك ژیاوی، ئێمە

هەردوکمان برادەرین، بەڵام هەریەکەمان ئەوی دیکە ناناسێ، نەناسینێکی تەواو.. هەروەها خەڵکی دیکەش وەکو ئێمەن.

هاوینی ڕابووردوو لەخەستەخانەبووم، پیاوێکی مۆسکۆڤی بەتەنیشتمەوەبوو، بەقسەکانیدا کەلەگەڵی دەکردم بۆم دەرکەوت کەخەڵکی لای ئەوان پێیان وایە قەوزاق جۆرێکن لەدڕندەو کێوی، هەموو هیوایان لێدانو داپڵۆسینەو دڵ مانا لەلەشیاندا نیە، وا ئەمە ئێمەین برام!، باشە وەکو ئەوان نین، ئێمە گۆرانی دەڵێین، خۆشحاڵ دەبین، دڵگران دەبین، ئافرەتمان خۆش دەوێ بەتەواوی وەکو چۆن خەڵکی دیکە ئەمانەیان تێدایە، لەراستیشدا من لەوان زیاتر تینووی ژیانم، هەرکاتێ ئافرەتە جوانەکانم وەبیردێتەوە ئاواتی ئەوە دەخوازم لەگەڵ هەموویاندا بنووم، بالا بەرزو بالاکورتەکان، قەڵەو قەدباریکەکان.. بەڵام ئەتۆ سەرکە، ژیانمان لەگەڵ تاقە یەك ئافرەتدا بۆ نەخشەکێشراوە، ئایا پیاو وەڕس نابێت؟ لەوەش خراپتر..ئەوان شەڕ رادەگەیەننو بێ بەشی دەکەن تەنانەت لەم تاکە ژنەش!!.

ـ بەڕاستی تۆ گایەکی تێر کوتەکت نەخواردبێ، ئەم بیرە هیچوپووچانە چین؟ ئا لێرەدا!! کەمێ پێش ئەوەی نۆبەی ئێشکگرتنەکە تەواو بێت، تاقمێکی چەرخەچی ئەڵمان شاڵاویان هێنانە سەرو سەربازێکی ئەلچمان بەدەمەنێزە ورگی پاشنیاکی ڕاداو بەگوللە کپی کردەوە، میشاکۆشیڤۆیش قۆناغە تفەنگێکی ئەڵمانی بووراندیەوەو یەخسیرەکەی دلی بەکۆڵی خۆیدا، کاتێ کۆشیڤۆی هاتەوە هۆشی خۆی لەسەر پشتی ئەڵمانەکە خۆی فرێداو خۆی خشاندە نێو قامیشەڵانەکەوە تاوەکو لەگوللە خۆی بپارێزێو دەربازبێت.

دوای ئەوەی پلانی ئابلۆقەدانی ئەلچمان کەباسمان کرد سەری نەگرت لەئەنجامی پاشەکشەکردنی هێزەکەی ڕووسەوە، کەتیبەی دوانزەیەم کێشرایەوە بۆ پشتەوەو پاسکردنی ڕێگاوبانەکانی بەرەی خرایە ئەستۆ بۆ گرتنی سەربازە هەڵاتووەکانی ڕووس. . میشاکۆشیڤۆی شەوێکیان لەنۆبەیەکی پاسەوانیدا لەسەر یەکێك لەو ڕێگایانەدا کەلەگەڵ هاوەڵی نۆبەکەیدا گوێیان لەدەنگی چەند کەسێکبوو بەرەو لایان دەهاتن، ئەوان دە سەربازبوون، کۆشیڤۆی بانگی لێکردن:

ـ ئێوە کەلەوێدان ڕاوەستن.

هەلاتووەکان گوێیان لەبانگەوازەکەبوو، تۆزێ ڕاوەستان، پاشان ڕێگەی خۆیان گرتەبەر بۆ ئەوەی بگەنە سەربازەکانی دیکە وا کەپێشیان کەوتبوون، ئەوسا ئیدی قەوزاقەکەی لای کۆشیڤۆی گوللەیەکی تەقاند بەئاسمانداو هاواری کرد:

ـ ڕاوەستن!

سەربازەکان وەستان، سیانیان تفەنگەکانیان لەشانیان داگرت، نەوەك شتێ بقەومێ، هەرهەموویان جلی چڵکنو شڕیان لەبەردابوو دڕكو داڵێکی زۆری دارستانەکەیان پێوە نووسابوو، چونکە شەویان لەو چڕیو بێشەڵانەدا بردبوەسەر، سەربازێکی درێژی پشت چەماوە وادیاربوو سەرۆکیانبوو هاواری کرد:

ـ باشە بۆچی بوەستین قەوزاقینە! ئێمە هیچ زیانێکمان لێ نەداون، ئیدی بۆچی ڕاومان دەنێن؟

ئەو عەریفەی کەلێپرسراوبوو لەئێشکگرتنی ئەو جێگەیەو بەدەنگی تقەکەوە هاتبوو وەڵامی دایەوە:

ـ کوا پسووڵەکانتان!

ـ ئەمە پسووڵەکەمە، برا، ئەمە ئیجازەیەکی کراوەیە بەدرێژایی ساڵ!!

سەربازێکی هەڵاتوو ئەمەی وتو نارنجۆکێکی بەدەستەوەبوو ڕایدەوەشاند، پاشان درێژەی دایە:

ـ ئەگەر توورِم دا ئەوکاتە بەئاسانی لاشەی لەتو پەتکراوتان کۆناکرێتەوە، تێگەیشتن.
ـ بەیمە مەمان ترسێنە، لەمەوپێش لەترسو لەرز تێربووین، بەلأم لەگەلْماندا وەرن بۆ بارەگای کەتیبە، ئەوان لەوێ خەلْکی بابەتی ئێوە کۆدەکەنەوە.
هەلأتووەکان سەیری یەکتریان کرد، وەکو بەچاو ڕاوێژبکەن، پاشان یەکێکیان کەجووتێ دەستی دەمار دەماری زلی پێوەبوو، وادیارە کرێکارەکان بوو، هاتەپێشو وتی:
ـ سەغلْەتمان مەکەن ئەگینا نێزەکانمان بەورگتان تاقی دەکەینەوە، هەرکەسێ لەئێوە نزیك بکەوێتەوە بەگوللە دەیبێژمەوە، تێگەیشتن؟
لەم کاتەدا نارنجۆك بەدەستەکە، دەستی ڕاوەشاندو ئیشارەتی ئەوەی کرد کەدەست بەردەدا لەسەر زەمبەلەکی ئەمان.
گەلأو سرووتی گەنمەشامی کەوتە خشەخشو هەندێ گاو گۆتالْی سورباو ڕمبازیان بوو لەپاوانەکەداو باش تەپوتۆزێکی خەستی لەدوورەوە هەلْدەکردو توندو تیژی ئەو بەگژداچوونەی نێوان قەوزاقو سەربازەکان هێدی بوەوەو هەمووان بەخۆشی کەوتنە گفتوگۆکردنو بەم شێوەیە خۆیان دوورخستەوە لەخوێن ڕشتنەی کە زەوی بەدرێژایی مێژوو تینوویەتی.
کۆشیڤۆی وتی:
ـ ئێمە سێ ڕۆژ تێنەپەڕیوە بەسەر گەڕانەوەماندا لەهێلْەکانی پیشەوەو شەڕکردنداو لەگەلْ ئەمەشدا لێرەینو هەلْنەهاتووین! ئێوە لەهێلْەکانی پشتەوەن ئیدی بۆچی هەلْدێن! باشە ئەمە ئابڕومەندتان دەکات؟ ڕەنگە کەئێمە شەڕمان نەدیوە، نەخێر وانیە، نێزەیەکی ئەلْمان ورگی هاوڕێکەمی ڕادا لەدووری بالْێك لەخۆمەوە لەکاتی ئێشکگرتندا..بەلْێ شەڕم چەشتوەن دەزانم چ تاموچەژێکی هەیە!.
عەریفەکەش وتی:
ـ بەهەرحالْ، ئێوە لەگەلْماندا وەرن بۆ بارەگا.
ـ قەوزاق دوورکەونەوە لێمان.. وازمان لێ بێنن چیدەکەینو چی ناکەین ئەگینا. .دەتانکوژین.
ـ ئەوە هیچ سودێکی نیە، ئێمە ئەگەر وازیشمان لێ هێنان ئەوە لقەکە لەپشتمانەوەیە لەگوندەکەدا! لەوێش بەدلْنەرمی هەلْسوکەتتان لەگەلْ ناکەن وەکو ئێمە.
سەربازەکان لەناخی خۆیاندا حەزیان بەناخۆشیو بەگژداچوون نەدەکردو نەشیانەویست ناچارکرێن بۆئەوە، لەبەرئەوە پێشنیاریان کرد کەپارە بدەن بەقەوزاقەکان لەگەلْ ڤۆدکاو پالْتۆو هەندێ لەو شتانەی لەسەنگەرەکانەوە هێنابوویانو قسەکانیان نەرمو ئاقلأنەبوو نیازی تەواوی نەگەڕانەوەیانی بۆ سوپا دەگەیاند، دەماری مرۆڤانەیان لەقەوزاقدا گرتو هێنایانەوە یادیان کەژنو منالْیان هەیەو لەمێژە چاوەڕێی گەڕانەوەیانن، ئەم جەنگە نەفرەت لێکراوە دلْی هەمووان دەکاتە بەرد، بەلأم ئەوەی پێی چژاوە بەئاگرەکەیدا دەبێ دلْنەرم بێت..
ئەمەیان نیشانی پێکا لەدەروونی کۆشیڤۆیداو هاتەوەیادی (ئاخ. .خۆ کوژرانی پاشنیاك هۆشو بیری لانەهێشتووم، واخەریکم ئەم سەربازە هەلأتووانە بگرم، ئێستا دەبێ بێمەوە سەرخۆم..من دژی شەڕم، ئیدی چۆن بێژم لە ڕزگاربوونی بێتەوە!! باشە من شێت بووم!!)
لەبەرئەوە وەرچەرخایە لای عەریفەکەوەو چرپاندی بەگوێیدا:

ـ وازبێنه بابڕۆن! توخوا ئێمه چییان لێ بکەین! وازیان لێ بێنه.. لەوانەیە خۆشمان ڕۆژێ لەڕۆژان وەکو ئەوان بکەین.
پاشان هاواری کردە سەربازەکان:
ـ ئێوەش چەورەینە.. دەتانەوێ بەرتیلی پارەو ڤۆدکامان بدەنێ! پێتان وایە ئێمە ئەوەندە نزم بین کە وەری بگرین! پارەکانتان هەڵگرن بۆ خۆتان.. یاڵڵا، داکشێن بە ڕێگەی خۆتاندا..
هەڵاتووەکان بەرەو گوندەکە ڕۆیشتن..کۆشیڤۆی زانی کەخۆیان تووشی دەکەن، لەبەرئەوە بانگی لێکردن:
ـ هێی. . نۆماینە! ئاوەها دەڕۆن بەڕۆژی ڕووناك! خۆتان حەشاردەن لەدارستانەکەدا تاوەکو شەو دادێت.
ئەوجا هەروەکو گورگی دز، سەربازە هەڵاتووەکان خۆیان خزاندە بێشەڵانەکەوە.
لەنزیکەی ناوەڕاستی تشرینی دووەمدا مقۆمقۆی کەوتنی حوکوومەتی کاتی لەپیترۆگراددا لەنێو کەتیبەکانی قەوزاقی باشووردا بڵاوبوەوە، بەڵام مقۆمقۆیەکی تەمومژاوی بوو زیادڕۆیی تێدا دەکرا..چونکە وا درا لەقەڵەم کەبەلشەفیکەکان ئەو حکوومەتەیان ڕووخاندووەو ئەندامەکانی هەڵاتوون بۆ ئەمەریکاو کێرنسیش گیراوەو ڕووتو قوتکراوەتەوەو کەوڵکراوەو ماوەی دوو ڕۆژ لەشەقامو بازاڕدا بەڕووتیو شێواوی پیشانی خەڵك دراوە.
بەڵام کاتێ کەهەواڵە ڕەسمییەکان لەبارەی کودەتاکەوە گەیشتن، قەوزاق زانییان کەهیچ شتێکی لەوبابەتە ڕووی نەداوە، لەبەرئەوە بەهێمنیو لەسەرخۆیی مانەوە هەرچەندەش ناوبەناو تووشی هەندێ شڵەژانو ناڕەحەتی دەبوون، بەڵام قەوزاقی بەرەو خۆی ئەوە بەبێ چاوەڕوانکردنی فەرمان شوێنەکانی خۆیان چۆڵ کرد، هەروا سەیرت کردایە دەستەو لقو کەتیبەکان، جاری واش هەبوو تەواوی لیوایەك دەکشان بەرەو ناوەوەی وڵات بەچەکە سووکەکانیانەوەو خۆیشیان نەیاندەزانی بەرەو کوێ دەچن، ئەم کۆمەڵە چەکدارانە بەهەر شوێنێکدا بڕۆیشتنایە ئەمنو ئاسایشیان تێكوپێك دەدا، خەڵکیان تاڵانو برۆ دەکرد، ماڵو سامانیان دەبردنو ژنیان خراپ دەکردو بەهێزی چەك ئەو ناوەیان دەشێواندو بەجارێ پشێویو پاشاگەردانی ڕووسیای داگرتبوو.
کەتیبەی دوانزەمیش لەنێو کشاوەکاندا بوو، ڕێگای ئۆکرانیای گرتبوو بەرەو هەرێمی دۆن دەڕۆیشت، کاتێ کەگەیشتە زنامینکا بەلشەفیکەکان هەوڵیاندا چەکی کەن. کۆشیڤۆیو پێنج سەرکردەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی کەتیبەکە، لەگەڵ باوەڕپێکراوی سۆڤێیەتیو وێستگەکەدا گفتوگۆیان دەکرد سەبارەت بەهێشتنەوەی چەکەکانیان.
ـ ئاخر، بۆچی دەتانەوێ چەکەکانتان پێ بمێنێ، پێویستیتان چیە پێیان؟
ـ بۆرژوازییەکانی لای خۆمانی پێ دەکوژین.
ئەمجار کەتیبە بواری ڕۆیشتنی دراو لەکریمنشۆك جارێکی دیکە بەلشەفیکەکان ویستیان چەکیان کەن، بەڵام مەفرەزەکانی قەوزاق ڕەشاشەکانیان دامەزراندو هەروەها لقی سەربازی تەواو خۆیاندا بەزەویداو هێڵەئاسنینەکانیان کرد بەسپێرو خۆیان ئامادەدەکرد بۆ شەڕ، ناچار بەلشەفیکەکان وازیان لێ هێنانو ڕێگای ڕۆیشتنیاندان، بەڵام هەموو ئەمانە دادی نەدان لە وێستگەی بێکاترینۆسلاڤ، لەوێ بەلشەفیکەکان چەکەکانی قەوزاقیان داماڵی لەگەڵ ئامێرێکی تەلەفۆنی مەیدانی تایبەت بەکەتیبەکەو سنووقە فیشەكو ئازوقەی دیکەو تۆپەتەلی دڕکاویو بمجۆرە هیچ بەکەتیبە نەما جگە لەژمارەیەکی کەمی تفەنگو هەندێ فیشەکی کەم نەبێ.
کەتیبە لەڕێگەیدا ئەفسەرێکی لەدەستچوو، ئەویش قەوزاق خۆیان حوکمی کوشتنیانداو لەناویان برد، هەروەها سێ کەسی دیکەش تێداچوون، کاتێ کەکەتیبەکە بەناچاری بەشداربوو لەو بەگژداچوونەی بەرپابوو لەنێوان ئۆکرانیەکانو

ئاژاوەگێڕەکاندا، بەڵام بەزەبر ڕێگەی خۆی درێژە پێدا دوای پێکدادانێك لەگەڵ لیوایەکی قەناسەدا کەلەڕێگەدا بەرەنگاری بوەوە.

لەپاش سێ ڕۆژ کەتیبەی دوانزەیەم گەیشتە وێستگەی میلۆرۆڤۆ و لەوێ بڵاوەی لێکرد، هەندێك سوار ئەسپەکانیان بوونو بەرەو گوندەکانیان ڕۆیشتنەوە، ئەوانی دیکەش لەوێ مانەوە تاوەکو ئەسپەکانیانو ئەو شتانەی کەلە بەرەوە لەگەڵ خۆیاندا هێنابوویان لەبازاڕەکانی گوندی کارجیندا بیفرۆشن.

کۆشیڤۆیش لەنێو ئەوانەی پێشوودا بوو، ئێوارەی ئەو ڕۆژە لەگەڵ حەڤدە قەوزاقی دیکەدا ڕێگایان دایە بەر بۆ تاتارسكو لەسەر یاڵێکەوە گوندی کارجین بەدەرکەوت، کەخنجیلانەترین گوندی دۆنی سەرووبوو، بەخانووە بنمیچ سوورەکانیەوەو بەلەوەڕگاوپاوانەبەرینو سەوزەکانیەوەو باخو بێستانی پڕ لەمیوەی جۆراوجۆریەوە.

ئێستا قەوزاق وان لەهەواری خۆیاندا، وا ئاسمانیان هەوری سپی ڕووی گرتووەو بەرزو بڵند دەنوێنی وەکو گومەزێك بەربڵاوو سەربەرز، وا کزەبای سارد دەموچاوی شەقار شەقاری بێ ووچانیو برسێتیان دەتەوسێنێتەوە..لەگەڵ ئەمەشدا چەند خۆشە پیاو دوای دوورییەکی زۆر بگەڕێتەوە ! ڕووەو تاتارسك ئەسپەکان دەڕۆیشتن تاوێ بەنەرمەغارو تاوێکی دیکەش بەمەستیەوە بەخێرایی غاریان دەدا، قەوزاق بەتاسەو پەرۆشەوە بوون بۆ گوندەکەیان، ئای لەجوانی توترکە کێویلەکانی ئەو ڕێگایەی بۆی دەچێو وای لەجوانی مانگو تریفەی زیوینی کەدەشتە بەرینەکەی دەگرێتە ئامێز!.

ڕێگاکە لەبەردەمی هەژدە ئەسپ سوارەکەدا درێژبووبوە بەرەو ڕۆژهەڵات..بەڵام تەمەنی ڕێگاکە هێجگار کورت بوو.. چونکە تاسەوئاواتی قەوزاق کاتو ڕێگایی کورت دەکردەوە ! !.

لەدوا دوایی پایزی 1917دا قەوزاق پۆل پۆل کەوتنە هاتنەوە بۆ لای خێزانو کەسوکاریان، کریستۆنیای پیر لەگەڵ سێ قەوزاقدا کەلەکەتیبەی پەنجاودوودابوون گەڕانەوە، هەورەها ئەنیکۆشکاو ئیڤانی تۆپچیو توریلینو یاکۆب پادکۆڤایش گەڕانەوە..دوای ئەمانیش مارتن شامیلو ئیڤان ئەلیکسیڤچو زاخارکۆریلۆڤیش هاتنەوە، حەفتەیەك تێپەڕی میتکاکرۆشۆنۆڤو ڤیدۆتو هەندێکی دیکەش هاتنەوە، دواجار ئەوەی کەبەزندوێتی مابووەوە لەقەوزاقی تاتارسك هاتەوە.

ئای لەو خۆشیو شادییەیماڵەکانی گوندی پڕکردبوو کەئاغاکانیان گەڕانەوە تێ بەراوردت دەکردن لەگەڵ ئەو ماڵا،ەی جەنگ لاوەکانی فەوتاندبوونو گەڕانەوەیان بۆ نەبوو!

لەتاتارسکدا دڵخۆشو داخ لەدڵ کۆبووبونەوە، بەڵام لەیاڵو تەپۆلکەکانی گالیسیاداو لێژگەو لاپاڵەکانی کارباتەوە گژوگیا بەسەر گۆڕی کوژراوەکانەوە ڕوابوو، لێزمەی باران پاراوی دەکردنو ئەو بەفرەسپییەی لەسەریان کەڵەکەبوبوو فێنکی دەکردنەوە.. شینوزاری ئافرەتە قەوزاقەکان بەقژی بەردراوەو پەلکی هەڵوەشاویانەوە نەیدەگێڕانەوەو ئەو فرمێسکانەی دەموچاوی دەشتن ئازاروناسۆرییەکانیانی سووك نەکردەوە..

ئەوان خۆشەویستەکانیان بەگردو یاڵەکانی پرووسیای ڕۆژهەڵاتەوە گیانیان بەخاك سپاردبوو و زەلکاوەکانی پۆڵەندا هەڵی لووشیبوون، دەبا بەکەیفی خۆیان بگرین، قەوزاقی ئەوان بەخامۆشی ڕاکشان لەگۆڕەکانیاندا.

ئەگەر چی گژوگیا بەسەر گۆڕەکانەوە ڕوابوون بەڵام ڕۆژگار گەشە بەخەمو خەفەت دەدا، ئەگەر چیش با شوێنی پێ ئەوانە بسڕێتەوە کەڕۆیشتنو گەڕانەوە بۆ تاتارسك، بەڵام ژیانی کورتی مرۆڤ کاتێ کەڕۆژگار بیسڕێتەوە ناگەڕێتەوە..

بەڵێ، ژنەکەی برۆخۆر شامیل ئەمەی دەوتو بەتوندی سینگی خۆی دەکوتا، کاتێ کە مارتن شامیلی هێوەری بینی یاری لەگەڵ ژنە سکپڕەکەی خۆی دەکاو دیاری دەبەخشێتەوە بەسەر منداڵە بچووکەکانیداو سینتگی شین هەڵگەڕا ئەوەندەی لێدا.. منداڵەکانی دەیانبینی دایکیان پرشچی خۆی دەڕنێتەوەو بەسەر هەرچوار پەلیدا گاگۆلکێ دەکا وەکو گیانەوەری بریندار دەنرکێنێ، ئەمانیش لەترساندا زارەترەك بوبون.

یەقەی دوا کراست دادڕی ئەی خوشکی قەوزاقی لێقەوماوو کۆست کەوتوو، پرچەکەت هەڵخەو مەیهۆنەوە، با لەشی خەفتبارت بەداخو حەسرەتەوە داهێزرێ.. با خوێنی ئاڵ لەلێوەکانت ڕێبکات کاتێ دەیانکورۆژی،، با ئەو سەرەت بشکێ کەدەیکێشێ بەسەر دەرگای کۆڵیتە کاولو وێرانەکەتدا..

ئەمانە هیچیان دادت نادەن بەهیچ کلۆجێك! ئاغای ماڵ ڕۆیشتو خاوەن کۆلیت لەژێر خاکدایە..

ئیدی مێرد لەکوێو باوکی منداڵەکانت لەکوێ! ئیدی کەس سەرت ناخاتە سەر سینگی خۆی بەشەو، ئیدی مەچەکێکی تووکنو ئەستوور ناخەیتە ژێر سەرت! بەڵێ، ئەو کەسەت لەدەست چوو کەچپەچپی بۆ دەکردی: (گوێی مەدەرێ ئەنیسکا، پێکەوە کاروباری خۆمان مەیسەر دەکەین هەرچۆنێك بێت..).

بەڵێ، ئەنیسکا بێوەژن کەوتی، دووبارەش شووناکەیتەوە، چونکە سکپڕیو منداڵبوون هێزیان لەبڕیویو ڕۆژگاریش جوانیەکەی جارانی ژاکاندووە، ئیدی دەبێ لەمەودوا هەستی بەکاروباری کێڵانو کۆکردنەوەی بەروبووم هەموو ئەمانەو بۆ ئەوەی پارووپەك نان دابینکەی تاوەکو تاسبەی برسێتی منداڵە بچووکە نیوەڕووتەڵەکانت بشکێنێ.

تۆش دایکی ئەلیکس پاشنیاك با ئاوی سپی چاوت دابێت لەخەمو پەژارەدا هەی پیرێژنی کولۆڵو بێچارە، دەرگای کۆلیتەکەت لەسەرخۆت داخەو چاوەڕێی مردن کە لەبرسێتیدا، کوڕەکەت ئیدی ناگەڕێتەوە دوای ئەوەی نێزەیەکی دوژمن گیانی دەرکێشا، تەنانەت کوێلێ خاکیشی بەرنەکەوت تێیدا بشارێتەوە!.

بەڵام کۆلیتەکەی ستێپان کەسی تێدا ناگری، ئەکسینیا یاکۆدنایەیەو بەردی ڕەقو تەقیش خەمی کەس ناخوات.

قەوزاقی ناوچەکانی دۆنی سەروو شەپۆل گەڕانەوە بۆ ماڵی خۆیان، نەگەیشتنە مانگی کانوونی دووەم تاوەکو هەموو قەوزاقی گوندەکانی ڤیشنسکایا هاتەوە شوێنو ڕێگەی خۆیان. کاروانی قەوزاقە گەڕاوەکان بەسەر تاتارسکدا تێدەپەڕینو پیرەپیاوپیەر ژنانی ئاوایی دەچوونە ڕێگەیانو پرسیاری ئەو شوێنەیان لێدەکرد کەبۆی دەچوونو ناوبەناویش کەمێ چەنەبازییان لەگەڵ دەکردن، وەکو:

ـ ها. .وا گەڕانەوە قەوزاقینە.. باشە شەڕ تەواوبووە؟

ـ ئەلهەقی ئێمە تەواو بووین نەك شەڕو بەم جۆرە وا ئێمە دەگەڕێینەوە. یان. .

ـ ئەوە ئیشێ کارێ نادۆزنەوە لەبەرە..؟

ـ ئەی تۆ بۆ چەنەبازی دەکەیتو ناچیت بەلای ئیشەکەی خۆتەوە، نەك ئێمە؟

ئەم کاروبارانە بوون کەلەمەودوا بشێویو ئاژاوەیان خستە ناوچەکەوە، چونکە قەوزاقی بەرەبوو کەژەنەراڵە کۆنەپەرستەکانو لاف لێدەرە ملهوڕەکانی نەتەوایەتی قەوزاق بەکرێیان گرتن.. لەسەرشانی ئەمانە زەمینە خۆشکرا بۆ ئەو شەڕە ناوخۆییە کاولکارییەی کەسەرتاپای ڕووسیای بۆماوەیەك ونجرونجڕ کرد، بەئاسانیش داخو کینەکانی تاوەکو ماوەیەکی دیکە لەبیرنەکرا.

ئەم شەڕە دڕندەیە کۆتایی زستانی ئەو ساڵە لەناوچەی نۆڤۆشێرکسدا بەرپابوو، بوڵام گوندەکانی دۆنی سەروو بەئارامی مانەوەو دەتوت خۆڵی مردووت بێژاوە بەسەریاندا، تاوەکو مانگی کانوونی یەکەمیش تاتارسك تاڕادەیك

بەهێمنی مایەوە، ئەگەر چیش مەترسی دوارۆژ زۆری سەغڵەتو نارەحەت کردبوو، چەند ڕاستە بۆچوونی خەڵکی ساویلکە! تاتارسکیەکان نەیاندەزانی بەو ئێشو ئازارەی چارەنووسی لێ مەڵاس دابوون، لەگەڵ ئەوەشدا هیوا شڵەژاوبوونو دڵیان لەجێدا نەبوو.

لەکانونی دووەمی ساڵی 1917دا گریگۆری میلیخۆڤ پلەی ئەفسەری پێدرا لەپاداشتی ئازاییو خزمەتگوزاریی بێ پایانی لەمەیداناو دانرا بەسەرکردەی لقی ئیحتیاتی دووەم. لەمانگی ئەیلوولدا گەڕایەوە بۆ تاتارسك بەئیجازەیەکی درێژخایەن کەلەبەر هەوکردنێکی سیەکانی پێیدرابوو، پاش ئەوەی کەشەش حەفتەی لەنێو خێزانو کەسوکاریدا بردەسەر پزیشکی لێپرسراوی ناوچە تەماشای کردو ڕێگای گەڕانەوەی دا بۆ سەر کارەەی، ماوەیەکی کەم پێش شۆڕشی تشرینی دووەم، گریگۆری بەرزکرایەوە بۆ پلەیەکی باڵاتر.

ئەو لەم ماوەیەدا بیروڕاکانی زۆر گۆڕابوون، لەئەنجامی تاقیکردنەوەی تایبەتی خۆیو ئەو ڕووداوانەی دەوروبەریو بەکارتێکردنی ئەفسەرێکیش کەناوی یاڤیم ئەزڤاین بوو.

گریگۆری ڕۆژی گەڕانەوەی لەمۆڵەتی ئەم دواییە ئەم ئەفسەرەی ناسی، بینی ڕەفتارجوانەو دەچێتە دڵەوە، لەبەرئەوە هاوڕێتی کردو پاشانیش کەوتە ژێر کارتێکردنیەوە، ئەزڤارین کوڕە یەکێك لەدەوڵەمەندەکانی قەوزاق بوو، شارەزای مێژووی وڵاتەکەی بوو و خاوەن کولتورێکی فراوان بوو، هەروەها چاونەترسو ڕەوشت بەرزیش بوو، زۆر دەروون گەرم بوو بۆ جیابوونەوەی قەوزاق لەڕووسیا هەرچەندە کەلەکۆلیجی سەربازی نۆڤۆشێرکسیش دەرچوو بوو لەوێش تێکەڵاوی قوتابییە عەسکەرییەکانی هاوەڵی بوبوو، زۆرجار ئەزڤارین بیروڕاکانی بۆ گریگۆری هاوڕێی باس دەکردو وێنەیەکی بەختەوەرانەی ژیانی قەوزاقی دەکێش، پاش ئەوەی کەحوکومەتێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروست دەکەنو بەشێوەیەکی کۆنفیدراڵی لەگەڵ ڕووسیادا یکدەگرن، ئەوکاتە ئیدی ئەزڤارین هەستو سۆزە قووڵەکانی ناخی گریگۆریو قەوزاقەکانی دیکەی دەبزواندو ئەوانیش بەدەنگیەوە دەهاتنو بیروڕاکانیان پەسەند دەکرد.

گریگۆری هێشتا دڵنیانەبوو لەسەرکەوتنی ئەو بیروڕایانە، بەڵام ڕووناکبیرییە نزمەکەی وەکو قەوزاقێکی ئاسایی بەرانبەر بەڕووناکبیریی ئەزڤاین، بەردەوام تایی تەرازووی چەندوچۆنی بەلای ئەزڤاریندا دەهێنا.

گریگۆری جارێکیان لێی پرسی:

ـ ئێمە هیچمان نیە گەنم نەبێ، ئایا ئەمە بەسە بۆ دامەزراندنی وڵاتێکو پێشکەوتنی؟

ـ من مەبەستم لەکۆنفیدراڵیەت ئەوە نیە کەبەتەواوی لەڕووسیا جیاببینەوە یان دوژمنایەتی بکەین، نەخێر، بەڵکو مەبەستم ئەوەیە کەحوکومەتێکی قەوزاقی دامەزرێنینو هەردەم دۆستی دراوسێکانیشمان بین، هەرێمی دۆنیز بەتەنیشتمانەوەیەو خەڵووزو ئاسنی تێدایە.. ئەوکاتە بازرگانیو ئاڵوویڵ لەگەڵ خەڵکەکەیدا دەکەین، ئێمە گەنمیان دەدەینێو ئەوانیش خەڵووزمان دەدەنێ، ئەمەو کانزایی خاوی هێجگار فراوان هەیە لەقەوزاقدا کەهێشتا دەستی تێوە نەدراوە.

ـ کەواتە جیابوونەوە لەڕووسیا چ سوودێکمان پێدەگەیەنێ؟

ـ یەکەم لەژێر ڕکێفی سیاسیان ڕزگارمان دەبێتو دووەمیش بەکەیفو خوایشتی خۆمان وڵاتەکەمان پەرەپێدەدەینو لەماوەی دە ساڵدا سوپایەکی بەهێزو ئابووریەکی گەشەکردوومان دەبێت.. ئیدی بەس نیە کەئێمە چوار سەدەیە لەژێر رکێفی ڕووسیادا ماوینەتەوە!

لەوکاتەوە کە تسارەکان کردینیان بەکۆیلە!.

هەرچەندە ئەمەش گریگۆری قایل نەکرد بەڵام لەڕاستیدا ئەو لەتاقیکردنەوەدا بوو..ئەو ئێستا ڕوو بەرەو ڕووی چەشنێکی نوێی کارانجا بوەتەوە، ئەگەر چی کارانجا چاوی ئەوی بەکارەساتەکانی جەنگو دەردی سەری گەل کردەوە لەسەردەمی تساردا، وا ئەزڤاین چاوی بەئاواتە خودیو تایبەتیەکانی قەوزاق دەکاتەوە.

زەوی لەژێر پێی گریگۆریدا فشەڵ بوو، ئەو ون بوو نازانێ لەکوێدا جێگیر ببێ، لەبەرئەوە ڕۆژێکیان لەبەردەمی قەوزاقدا لەئەزڤاینی پرسی:

ـ بەڵام، ئەزڤاین، تۆ پێت وایە بەلشەفیکەکان لەسەر هەڵەبن؟

ـ پرسیارێکی سەیرە، ئەوان لەڕوانگەی خۆیانەوە لەسەر هەقن، هەروەها ئێمەش لەڕوانگەی خۆمانەوە لەسەر هەقین، تۆ دەزانی ئەوان ناوی پارتیەکەیان چیەیە؟ ئەو ناوی (پارتی چینی کرێکاری ڕووسیا)یە..واتە ئەوان (کرێکاران)بەرودوا، بەڵام جووتیاران خۆ ئەوە هاوەڵی ڕێگان لەگەڵیانداو هیچی دیکە.. بەڵێ ئەوان لەوانەیە کرێکاران ڕزگارکەن.. بەڵام دیسانەوە ڕەنگە قەوزاقو جووتیاران بکەن بەکۆیلە.

بەڵام ئەگەر پاشایەتی گەڕایەوە، ئەوە خاوەن زەویەکانو هاوبابەتەکانیان دەیبەنەوە نەك جووتیاران..لەبەرئەوە دەڵێم: قەوزاق پێویستیان بەهەردوولایان نیەو دەبێ یەکەمجار لەپارێزەرانمان ڕزگاربین، تەنانەت ئەگەر ئەوان تساری ڕووسیایان کێرنسکی بنو کۆرنیلۆڤ یاخود لینین بن..

ـ بەڵام قەوزاق بەلای بەلشەفیکەکاندا دادەتاشن.

ـ بەڵێ، ئەمەلەکاتی ئێستادا وا دەردەکەوێ، ئەوەش هۆی ئەوەیە کەبەرژەوەندییان لەگەڵ بەرژەوەندی بەلشەفیکەکاندا دەگونجێ، بەڵام کاتێ کەدێنەوە سەرخۆیانو کاتێ کەبەرژەوەندییەکانی هەردوولا دژ بەیەك دەوەستن، بەلشەفیکەکان لەسۆشیالیستی خۆیانداو قەوزاق لەژیانو گوزەرانی ئاسایی خۆیاندا، ئەوکاتە بێ سێودوو لێکردن بەگژ یەکتردا دەچن.. تۆ بانگەوازی ئاشتی بکە بەنمونە. .بەلشەفیکەکان دەیانەوێ شەڕ کۆتایی پێ بێت، باشە دەزانی بۆچی؟ من پێت دەڵێم: لەبەرئەوەی دەیانەوێ قورسایی ئاراستەی لێدانی قەوزاق بکەن..

ـ لەڕاستیدا زۆر گرانە لەلام ڕێگای خۆم ببینم. . زریانە بەفرێك لەگۆڕێدایەو منیش لەناوەڕاستیدام.

ـ چی تێدایە. .ژیان ڕێگات بۆ ڕوون دەکاتەوو بۆلایەك لەم دوانە ڕاپێچت دەکا.

ئەگەر چی کارانجا سەری گریگۆری بەلایەکی تایبەتیدا وەرچەرخاندبوو لەسەرەتادا، پاشان ئەزڤاین هاتو جێ پەنجەی ئەوی پێشووی لەو سەرەدا سڕییەوە، خۆ ئێستا پۆدتیلکۆڤ هاتووە بۆ ئەوە تۆوی دیکەی نوێی تێدا بچێنێ.یەکەم چاوپێکەوتنی گریگۆریو پۆدتیلکۆڤ لەماڵی درۆزدۆڤ دابوو، پۆدتیلکۆڤ پیاوێکی زمان پاراوبوو لەگفتوگۆداو هەروەها قسەکانیشی لەجێی خۆیدا بوون، پاش ئەوەی یەکتریان ناسی پۆدتیلکۆڤ بەسوپاسەوە جگەرەیەکی بەپاکەتەکەی گریگۆری دەرهێناو پاشان کەوتە باسکردنی شوێنو ڕێگەو کاری خۆی.

گریگۆری ویستی کێشەی جیابوونەوەی قەوزاق بوروژێنێو ەبەرئەوە وتی:

ـ ئێستا، کێشەیەکی سەرسوڕهێنەر لەبەردەمیاندایە ئەویش: ئێمە چی بکەین پاش تەواوبوونی شەڕو کاتێ کەئۆکرانیا حووکومەتێکی تایبەتی خۆی ببێت..

پۆدتیلکۆڤ پرسی:

ـ ئەی دۆن؟

ـ ئەوکاتە ئەنجومەنی سەربازیی قەوزاق فەرمانڕەوایی دەکات.

ـ مەبەستت ئەتمان كاليدين؟

ـ ئەی جیاوازی چیە ؟

ـ لەڕاستیدا هیچ، فەرموو قسەكەت تەواوكە.

گریگۆری كەوتە باسكردنی بۆچوونەكانی ئەزڤارینو بەڵگەو بیانووەكانی، تەنانەت هەندێ لەدەقی دەربڕینەكانیشی، كاتێ كەجەواڵی باسو خواسی خۆی تەكاند، پۆدتیلكۆڤ پرسیارێكی كرد وەكو ڕووی دەمی لەكەس نەبێو وتی:

ـ بەڵام، ئایا ڕووسیا ڕازی دەبێ بەوە ؟

ـ گریگۆری وەڵامی دایەوە:

ـ ناچار دەكرێ ڕازی بێت..

ـ بەهەرحاڵ شۆرباكە هەر وەكو خۆی دەمێنێتەوە ئەگەر چی بەشێوەیەكی خەستتریش بێت.

ـ مەبەستت چیە ؟

ـ مەبەستم ئەوەیە ئەتمانەكان وەكو جاران دەمێننەوەو گەل دەچەوسێننەوە، هەردەم پێویستە لەسەرت لەبەردەمی (خاوەن شكۆیەك)دا بوەستیت بۆ ئەوەی بكێشێ بەسەر لمۆزتا..

چاكتر وایە پیاو دەستاڕێ بكاتە ملیو لەڕووباردا بخنكێ نەك بگەڕێتەوە بۆ ئەم بارودۆخە.

ـ كەواتە، تۆ چی دەبینی؟ پێویستە چی بكەین؟

ـ چاڵەكە قووڵ كەینەوە، ئێمە تسارەكانو دوژمنانی شۆڕشمان بۆڕدا، لەبەر ئەركمان وا پێویست دەكات فەرمانڕەوایی بدەینە دەستی گەل، ئەگینا ئەوانەی كەدەمان چەوسێننەوە سەر لەنوێ پەیدا دەبنەوە.

ـ بەڵام. .ئەوە چۆن دەبێ و بەچ ڕێگایە.؟

=ڕێگا حووكومەتێكی گەبی، هەڵبژێرراوە، خۆ ئەگەر حوكمان دایە دەستی ژەنەراڵەكان ئەوا شەڕ بەپەلە بەرەو لامان دێت، ئێمەش پێویستیمان بەدەردی سەریو كارەساتی نوێ نیە.

بۆچی فەرمانڕەوایی خۆمان بكەین، ئێمە تەنیا حوكومەتێكی گەلیمان بۆ بێتە سەركار ئەوا لەتەنگوچەڵەمەی سەبارەت بەفەرمانڕەوایی ئێستاو داهاتوو سەر ئاسوودەمان دەكات، پاش ئەوەش حاڵو وەزعمان وەكو پێویست پەرەدەستێنێو گەشە دەكات.

گریگۆری لەتانو پۆی ئەم خاڵانە تێ نەگەیشت كەپۆدتیكۆڤ دەستنیشانی كردن، لەبەرئەوە بەهەردوو دەستی باوەشی بەهەوادا كردو پاشان وتی:

ـ ئەی زەوی! ئایا دەبێ ئەویش بەسەر هەمووان دا دابەشكەین؟

ـ نەخێر، زەوی خۆمان نادەین بەخەڵكی دیكە، بەڵكو لەنێو خۆماندا بەشی دەكەین بەسەر قەوزاقدا، یەكەمجار دەست دەكەین بەزەوت كردنی زەویوزاری خاوەن مۆڵكە گەورەكانو دەیدەین بەجووتیارەكانو ئەم زەویەش بەشی هەمووان دەكا.

ـ ئەی كێ فەرمانڕەواییمان دەكا ؟

ـ خۆمان، ئەوكاتە حوكومەتێكی گەلیمان دەبێت، لەكالیدینو هاوبابەتەكانی گەڕێ با كەمێ جلەوەكە شل كەنەوەو ئەوكاتە لەسەر زینەكە تووڕیان دەدەین.

دەمەتەقێکە تەواوبوو، بایەکی ئۆکرانیی سارد هەڵیکردو گەڵا دارە وشکەکانی خستە خشەخشو دەمەتەقێ کەران لێیدا ڕۆیشت بۆ جێگاو ماوای خۆی.

گشت دوژمنانی شۆڕشی بەلشەفیك دابارینە سەر نۆڤۆشێرکسداو ژەنەراڵە گەورەکان کە لەمەوپێش پارێزەرانی لەشکرەکانی تساربوون لەوێ کۆبوونەوەو هەر هەمووشیان بەتەمای پشتو پەنابوون، بەڵکو کەرەسەیەکی خاویش لەنێو قەوزاقدا بدۆزنەوە تاوەکو بەکاری بێنن.

ژەنەراڵ ئەلکسیف لەنێو ئەواندا بوو لە 15 ی تشرینی دووەمدا گەیشتە ئەو شارە، یەکسەر لەگەڵ کالیدیندا کۆبونەوەیەکی سازکردو بۆ ڕۆژی ئایندە کەوتە ڕێکخستنی پۆلی موتەوعەکان، هەرخێراش ئەم پۆلانە پەرەی سەند تاوەکو بوو بە سوپایەك کەبڕبڕەی پشتی بریتیبوو لەئەفسەرە کۆنەکانی قەوزاقو قوتابیانی کۆلیجی سەربازی ئەوکاتەی نۆڤۆشێرکس، ئەمانە کۆمەڵێکی ملهوڕبوون، سەرچڵیو کۆنەپەرستیو داخ لەدڵی بەرانبەر بەگەل کۆی کردبوونەوە.

لە 19ی کانوونی دووەمدا کۆرنیلۆڤ گەیشتە ئەوێ، لەم ماوەیەدا کالیدین توانیبووی کەتیبەکانی قەوزاق لەبەرەی ڕۆمانیا۔ نەمساوە بکشێنێتەوەو ڕیزەکانی ڕێك بخاتو جمووجوڵی ئەو کەسانەی کەبڕوایان پێ ناکرێت لەنێو ئەو قەوزاقانەدا پەك بخاتو نەخشەو پلانەکانی لەسەر بناغەی ئەوە دەکێشا کەسوود لەو هێزانە وەربگرێ کەلای خڕبوونەتەوەو ڕاپێچی شەڕیان بکا دژ بە بەلشەفیکەکان، بەڵام ئەو سەربازانەی کەلەمەوپێش شەڕ ڕەتاندبوونیو هێزی لەبەربڕیبوون ئارەزووی شەڕێکی نوێیان نەدەکرد، لەبەرئەوە کالیدین خۆی مەڵاس دابوو، هەڵوێستی خۆپاراستنو سەوداکاری وەرگرتبوو.

ئەو چاکی لەبیرە کەچۆن تابووری قەوزاق ئەوەیان ڕەت کردەوە کەبدەن بەسەر ڕۆستۆڤدا کاتێ کەبەلشەفیکەکان هاتنەناوی، ئەوەشی لەبیرە کەچۆن پەرشو بڵاوبوونەوەو گەڕانەوە بۆ لای ماڵو منداڵی خۆیان، بەڵام ژەنەراڵ دواجار توانی زاڵ بێت بەسەر ئەم کۆسپەدا، بەتایبەتی کەلەشکرە سوورەکانی کەوتنە هێرش بردن بۆ سەر هەموو هەرێمەکە بەشێوەیەك کەلەدوو لاوە بێنەیەك، لەخارکۆڤو ڤۆرۆنیزدا لەشکرانی سوور کەوتنە خۆکۆکردنەوە بۆ ئەوەی لێدانێکی کوشندە ئاراستەی دوژمنانی شۆڕش بکەن لەهەرێمی دۆندا.

بەڕووی دۆنەوە دیاربوو کەڕۆژگارێکی تاڵو ڕەش چاوەڕێی خەڵکەکەیەتی. لەبەرئەوە ئەرزو ئاسمانی دەشتەکە کەلچیان دابوو بەیەکداو مۆڕ بووبوونەوە.

سەرلەبەیانی یەکێك لەڕۆژانی تشرینی دووەم ئەو شەمەندەفەرەیی کەلە مۆسکۆوە دەهات لەوێستگەی نۆڤۆشێرکسدا وەستاو نەفەرەکانی دابەزین.

دوا کەس کەدابەزی ئیلیا پۆنچۆك بوو، کەجانتایەك هەرزان بایی بەدەستەوە گرتبوو و دەچووەوە بۆ کۆلیتەکەی خۆی لەقوژبنێکی ئەو شارەدا، هەر کە گەیشتە ئەوێ تاکی دەرکەکەی لاداو چاوێکی گێڕا بەحەوشەکەداو سەیری کرد هەموو شتێ وەکو جاران وایەو بەپەلە بەپێپلیکانەکەدا سەرکەوت لەڕاڕەوەکەدا پۆنچۆك سنوقێکی گەورەیی بەرچاوکەوت پڕبوو لەڕیتەوپیتە، چاوێکی پێداخشاندو پاشان چووە ژوورەوە، کەسی لەهۆدەی یەکەمدا نەبینی لەبەرئەوە چووە هۆدەی دووەمەوەو لەوێ بۆنێکی تایبەتی لێدەهات، ئاشنابوو بەپۆنچۆك کەدەیزوانیە ئەو کەرەسە دێرینانەی ناوماڵدا کەلەسەردەمێکی دوورەوە بەجێی هێشتبوون.

جێگە نوستنەکەی لەگۆشەیەکدابوو، مێزەکە هەر لەشوێنی خۆیدابوو، کۆتەڵۆکەیەکی بچووکیشی بەراسەری جێگەکەوە هەڵواسرابوو، تەختو قەنەفە کۆنەکانیشی لەهەمان شوێنی خۆیدا دانرابوون.

پۆنچۆك جانتاکەی لەلایەکەوە داناو کەوتە تێڕامان لەماڵەکەی. .هەشت ساڵ تێپەڕیوە بەسەر ئەوەدا کەبۆ دواجار بەجێی هێشتوە.. ئێستا وا ماڵە قەوزاقەکە دووبارەو سەرلەنوێ دەیگرێتە خۆی!

پشیلە پیرێك لەپەنجەەرکەوە سەری کێشاو لەپۆنچۆك مۆڕبووەوە، ئەو هامشۆکەری لەم ماڵەدا نەیدوە، ئیدی دەبێ ئەم پیاوە لەکوێوە هاتبێ!

پۆنچۆك دەرچوو بۆ ڕاڕەوەکە..و لەوێ پیرەژنێکی پشت چەماوەی بینی بەکورەکوڕ بەرەو ڕووی دێت، ئەمیش خێرا تاودایەو لەخۆی دەپرسی: (تۆ بڵێی دایکم بێت!).

پیرەژنە لێ ینزیك بوەوەو کوڕە ناسیەوەو ڕایکرد دەستی کردە ملیو ڕوومەتە چرچو بۆچەکانی ماچ دەکردو لەگەڵ چاوەکانیدا کەپڕبوبوون لەترسو شادی، پۆنچۆك بەدڵخۆشیەوە لێ یپرسی:

ـ دایە! چۆنی دایەگیان!

ـ کوڕی شیرینم، ئیلیا.. پێم وابوو جارێکی دیکە ناتبینمەوە.. تۆ چۆنی! گەورەبووی ئیلووشا..

دایکە ئەمەی وتو فرمێسکی شادی لەچاوەکانی دابارین.. پاشان بەگورجی سەماوەرەکەی پێکردو هەندێ خواردنی لەسەر خوان ئامادەکرد، ئەمجار سەتڵی ئاوی کوڵاندو بەدەستی خۆی سەری ئیلووشاکەی شۆشت، هەڵیدە گۆلۆفت وەکو بیەوێ دڵنیابێ کەبەڕاستی ئەمە کوڕەکەیەتی لەبەردەستیدا.

پۆنچۆك زۆر نەحەسایەوە بەلێشاوی سۆزی دایکی، چونکە ڕۆژی ئایندە هاوڕێیەکی عەسکەری هاتەلایو کەمێ قسەی بۆ کرد، زۆری نەخایاند ئیدی پۆنچۆك ماڵاوایی لەدایکی کردو لێیدا ڕۆیشت.

پیرەژنەش لەکاتێکدا کەباوەشی بەملی کوڕەکەیدا کردبوو لێی پرسی:

ـ بۆ کوێ دەڕۆی ئیلووشا؟

ـ دەچم بۆ روستۆڤو دلگران مەبە بەم زووانە دەگەڕێمەوە.

ئەمەی وتو بەخەفتباییەوە دەستەکانی دایکی لەمل کردەوەو پاشان بەڕاکردن دەرچوە دەرەوە بۆ وێستگەی شەمەندەفەری ڕۆستۆڤ.

لەرۆستۆڤدا پۆنچۆك ڕێگەی گرتەبەر بۆ بارەگای کۆمیتەی پارتی کەلەنهۆمی سەرەوەی ساختمانی وێستگەکەدا بوو، لەوێ پرسیاری هاوڕێ ئەبرامسۆنی کرد، سەربازێکی سوورکە کەپاسەوانی بارەگای دەکرد ژوورەکەی پیشاندا.

پۆنچۆك چووە هۆدەکەوەو سەیری کرد هاوڕێ ئەبرامسۆن وتوێژی لەگەڵ یەکێ لەکرێکارانی هێڵی ئاسنیندا دەکاو باسی مەسەلەیەکی بۆ دەکاو هەردوو دەستی ڕادەوەشێنێ بەهەوادا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو مەسەلەیە، ئەم ئەبرامسۆنە کورتە باڵایەکی قژ ڕەشبوو، لووتێکی زلی پێوەبوو، چاوەکانیشی بەڵگەی توندیو ڕێكو پێکیو توانایەکی گەورەی کارتێکردن لەخەڵکی دیکەیان تێدا دەدرەوشایەوە. ئەوا تووڕەبووە لەکرێکارەکەی هێڵی ئاسنینەکە هەستی پەشیمانیو تاوان لەچاوەکانیدا بەدەردەکەوتن.

وا ئەبرامسۆن گڕی گرتووەو سەرزەنشتی کابرا دەکا.

ئەبرامسۆن لەباسەکەی بوەوەو ڕوخسەتی کابرای دا بڕوات، ئەمجار پۆنچۆك لێی هاتە پێشو پرسی:

ـ تۆی ئەبرامسۆن؟

ـ بەڵێ.

پۆنچۆك كۆمەڵێ نامەی لەكۆمیتەی پارتی لەپیترۆگرادەوە خستەبەردەستی، ئەبرامسۆنیش خوێندنیەوە پاشان ڕوخسەتی وەرگرتو تاوێك چووە دەرەوەو لەگەڵ پیاوێكی تێكسمڕاودا كەجێگە درزێكی درێژی دەمە شمشێرێكی كۆنی بەسەر چەناكەوەبوو، پاشان هاتنەژوورەوەو ئەبرامسۆن وتی:

ـ ئەمەش ئەندامێكی لیژنەی شۆڕشگێڕیی سەربازیمانە.. پۆنچۆك تۆ ڕەشاش هەڵگری، وانیە؟

ـ بەڵێ.

ـ كەواتە بەتەواوی لەكاتی شیاوی خۆیدا هاتی، ئێمە لەوپەڕی پێویستیداین بۆ تۆ، باشە دەتوانی مەفرەزەیەكی ڕەشاش هەڵگری كرێكارانمان بۆ ڕێك بخەی لەگاردی سووردا؟

ـ هەوڵو تەقەلای بۆ دەدەم.

ـ باشە ئەمە چەند دەخایەنێ؟

ـ مەسەلە كاتە لێرەدا، حەفتەیەك دوو یان سێ‌ی پێ دەچێ..

ـ گوێ بگرە هاوڕێ پۆنچۆك، من نامەوێ هیچ شتێكت لێ بشارمەوە، مەفرەزەكانی سەربازگەی شار هێجگار لاوازنو ئێمە تەنیا پشت بەكرێكارو دەریاوان دەبەستین. لەبەرئەوە دەمانەوێ كەسانی مەفرەزەكانمان لەوانەبن كەبڕوامان پێیانە..ئیدی مەوەستە، بەڵام وادیارە تۆ ئەمڕۆ هیچ نانت نەخواردووە، خەمت نەبێ خواردنت بۆ دابین دەكەین.

پۆنچۆك لەدڵی خۆیدا وتی: (دەبێ تۆش برسێتیو نەبوونیت چەشتبێ هاوڕێ، ڕوومەتی سەختت ئەو دەگەیەنێ، بەڵام چاكێتیەكی ڕەسەنت تێدایە، لەبەرئەوە تۆ بەلشەفیكێكی راستەقینەی، پاشگەزنابیتەوە لەفەرماندان بەكوشتنی هیچ پیاوخراپێكو لەهەمان كاتیشدا هەردەم بایەخ دەدەی بە حەسانەوەی هاوڕێكانتو دابینكردنی پێویستیە بچووكەكانیان).

بەدرێژایی چوار ڕۆژی لەوەودوا پۆنچۆك بەردەوام جەنجاڵی مەشق پێكردنی شانزە پیاو بوو كەكۆمیتەی شۆڕشگێڕیی سەربازیی ناردبوونی بۆ لای، لەسەر بەكارهێنانی ڕەشاشو كردنەوەو بەستنی. ئەمانە تەمەنو پیشەو ڕەگەزیان جیاوازبوو، هەشتیان كرێكارەكانی ڕووس بوون لەگەڵ پۆنانیەكو ئۆكرانیەكو میكانیكێكی ئەڵمانو پیتی چاپ ڕێكخەرێك كەناوی ستیپانۆڤ بوو، نانەوایەكی ئەرمەنی لەڕۆلاوازیش.

ڕۆژی پێنجەم بۆچنچۆك نامەیەكی لەكۆمیتەی شۆڕشگێڕییەوە گەیشتە دەست كە ئافرەتێك هێنابووی، كاتێ كەنامەكەی هەڵبچڕیو خوێندیەوە، ئەوەی تێدابوو كە ئەم كچە نێرراوە بۆ لای بۆ ئەوەی ببێتە ڕەشاش هەڵگر، هەروەها كۆمیتەش زۆر ستایشی ئەم كچە دەكاتو داوا لەپۆنچۆك دەكا بڕوای تەواوی پێ بێت، پۆنچۆك ئەمەی بەلاوە سەیربوو، لێی پرسی:

ـ ئاخر ڕەشاش هەڵگرتن نارەحەتەو پیاوی بەهێزی دەوێ؟

ـ من ڕەشاش هەڵگرم، خۆشت نامەكەت خوێندەوە.

ئیدی پۆنچۆك هیچی بۆ نەمایەوە بیڵێ ئەوە نەبێ كە وتی:

ـ كەواتە، لەگەڵماندا بمێنەرەوە مادام ئەمە ئارەزوو و خوایشتی خۆتە.

هەر حەڤدەیان لەدەوری پۆنچۆك خڕبوونەوەو ئەویش کەوتە داژەندنی بەشەکانی ڕەشاشەکەو پاشان سەراەنوێ دەیبەستەوەو یەك بەیەکی هەنگاوەکانی باس دەکردو کاری هەر بەشێکی لەئیشکردنی ڕەشاشەکەدا ڕوون دەکردەوە.

مەشقدەرەکان بەخێرایی فێردەبوونو پرسیاری زۆریان دەکردو خۆیان هەموو کارێکیان تاقی دەکردەوە، لەبەرئەوە هەر زوو ڕەشاشەکەیان بەچاکی بەکاردەهێنا، نانەوا ئەرمەنەکەی لێ دەرچێ کە ئەگەر بەشەکانی ڕەشاشەکەی داژەندایە ئیدی نەیدەزانی چۆن سەرلەنوێ بیبەستێتەوە، ئەوکاتە ئیدی دەستی دەکرد بەجوێندانو نەحلەت کردنو ئەوانی دیکەش پێی پێدەکەنین، گوێ ڕاگرە جارێکیان دەڵێ چی:

ـ ئەمە باش ناخرێتەوە سەریەك، نەفرەتی لێ بێ، چونکە لەهەویر شێلان ناچێ. .

ـ چاك ناخرێتەوە سەریەك چونکە گەمژەوکەرە.

هاوڕێکانی کوەتنە پێکەنینو پیت ڕێکخەرەکە هاواری لێکردن:

ـ لەباتی ئەوەی هاوڕێکەتان فێرکەن پێی پێدەکەنن!

میکانیکە ئەڵمانەکە پیشانیدا چی بکاو چی نەکاو وتی:

ـ بەمناڵی هەوڵمدا کەتۆپێ دروست کەم بەڵام پێمدا تەقی، وا دەموچاوم هەموو بووە بەپەڵەپەڵەی شینی ئەو تەقینەوەیە. . سەیرکەن.

یەکێکی دیکە وتی:

ـ بەڕاستی ئێمە نابێ پێبکەنین، شۆڕش لەمەترسیدایە، ئەگەر ئاگاشمان لەمەنەبێ ئەوە دوژمنەکانی بەردەوام خۆیان مەڵاسداوە بۆ لەناوبردنی.

کاروباری پۆنچۆكو قوتابیەکانی بەچاکی دەڕۆیشتو بەتایبەتیش ئاننا بۆ گۆدگای کیژۆڵەکە بەتەواوی بلیمەت بوو لەم هونەرە نوێیەدا. لەسەرەتادا پۆنچۆك هەستی بەکەمێ پەشۆکاوی دەکرد لای ئەودا، بەساردییەکی هێجگار زۆرەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکرد، بەڵام زۆری نەبرد کە زیرەکیو کۆششی تێدا بەدی دەکرد، لەبەرئەوە بیروڕای بەرانبەر گۆڕاو بەڕێزەوە کەوتە تەماشاکردنی.

ئەو کارەی پۆنچۆك کە هەموو کاتێ خۆی بۆ تەرخان کردبوو، تاریکی ئەو ژێر زەمینەی کە مەشقی تێدا دەکرا، زۆریی مەشقدەرەکان، پێویستی مەشق پێکردنیان بەوپەڕی خێراییو تواناوە، ئەمانە هەموویان ڕێگەیان لەپۆنچۆك گرتبوو کەلەئانادا پتر لەڕەشاش هەڵگرێکی دواڕۆژی نزیك ببینێ. بەڵام پاش ئەوەی قوتابیەکانی قۆناغێکی چاکیان بڕی لەمەشق کردنەکەیاندا، ئیدی کات بواریدا کەشتێکی دیکەی تێدا ببینێ، ئافرەتێك.

ڕۆژێکیان دوای ئەوەی کە مەشق کردن تەواوبوو، ئاننا کەوتە پێش پۆنچۆكو هەردووکیان لەژێر زەمینەکە دەرچوونو لەسەر پێپلیکانەیەکی لای دەرگاکەوە ئاننا ڕاوەستاو پرسیارێکی لێکرد لەکاتێکدا کە قەفێکی پرچەکەی لادەدا هاتبوە سەرنێوچەوانی، پۆنچۆك سەیری ڕوومەتی کردو هەستێکی ئازاراویو لەهەمان کاتدا خۆشیشی پێدا هات. لێوە ئاڵەکانی لەگەڵیدا دەدوان، چاوە مێینەکانیشی بڕیبوە چاوی، سەریشی کەمێ لار کردبوەوەو چاوەڕێی وەڵامی پرسیارەکەی بوو..پۆنچۆك بەگاڵتەوە وتی:

ـ ئاننا. .تۆ جوانی وەکو ئەو بەختیارییەی هەندێ کەس باسی دەکەن.

ـ قسەی قوڕو هیچو پووچ، من پرسیاری کاتی ڕۆیشتنمانم کرد بۆ مەشق کردن لەسەر ڕەشاش تەقاندن.

ـ تۆ تۆ نیشتەجێی کوێیت؟
ئاننا ناوی جادەیەکی لاکۆڵانی لەقەراخ شارەوە هێنا، پاشان هەردوکیان کەوتنە ڕێ بێ ئەوەی ورتەیەکیان لەزاربێتە دەرەوە، دواجار ئاننا لابەلا سەیرێکی کردو وتی:
ـ باشە تۆ قەوزاقیت؟
ـ بەڵێ.
ـ لەمەوپێش ئەفسەربووی؟
ـ جێگری ئەفسەربووم.
ـ ئەی خەڵکی چ ناوچەیەکی؟
ـ خەڵکی نۆڤۆشێرکسمو ئێستاش لەرۆستۆڤدا دەژیمو لەپیترۆگرادەوە بۆی هاتووم، ئێ ئیدی لێپرسینەوەکەت تەواوبوو؟ کەوابوو ئێستا نۆرەی منە لێپرسینەوەت لەگەڵدا سازکەم:
ـ باشە تۆ ئۆکرانیت؟
ـ نەخێر
ـ ئەی جوولەکەی؟
=بەڵێ، بەڵام چۆن ئەوەت زانی؟
ـ بەهەردوو گوێچکەتدا، بەچاوەکانتدا، بەهەر حاڵ تۆ مۆرکێکی نەتەوەکەت پێوەدیارەو پێخۆشحاڵیشم کە ئاوهایت، چونکە جوولەکە ناوبانگێکی تایبەتیان هەیەو وەکو دەزانیت.. بوونی تۆش لەگەڵماندا پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێ، باشە تۆ لەهیچ جێگایە خوێندووتە؟
ـ بەڵێ، پار وازم لەقوتابخانەی دواناوەندی هێنا.
ـ کەواتە تۆ لەبنەچەیەکی کرێکارانە نیت.
ـ بەڵام زۆرم خوێندوەتەوەو لەڕاستی تێگەیشتوومو ئەوا من. .
ئەمجار ئاننا دەستی کردە پرسیارکردن لەبارەی شۆڕشو پیترۆگرادو کۆرنیلۆڤو. .و. .ئەمیش بەخۆشییەکی ئاشکراوە وەڵامی دەدایەوە، کچە ڕێگای درێژ کردەوە بۆ ماڵی خۆیان، بەجووتە سێ سەعات لەڕۆستۆڤدا سووڕانەوە.. پاشان گەیشتنە ماڵەوە، کچە لای دەرکەکە ماڵاوایی لێکردو پۆمچۆکیش بەدڵخۆشییەك کەلە چاوەکانیدا ڕەنگی دەدایەوە گەڕایەوە ماڵی خۆی.
ئەو شەوە کاتێ کەچاوی بەئەبرامسۆن کەوتو ئەمیش لێ بپرسی کە تا چ ڕادەیەك ئاننا پێشکەوتووەو ئەگەر بۆ ڕەشاش هەڵگرتنیش ناشێ، ئەوا کاری دیکە هەیە بیدرێتێ..پۆنچۆك وەڵامی دایەوە:
ـ بەپێچەوانەوە، ئەو کیژێکی لێهاتووە، زووش تێدەگا.
خەریکبوو بەردەوام بێ لەسەر ئەو قسەو باسە، بەڵام دوای کۆششێکی زۆر توانی زاڵ بێ بەسەر خۆیداو زمانی بگرێ.
لەڕۆژی هەشتەمی مانگی کانوونی دووەمدا کەتیبەکانی کالیدین هێرشیان بردەسەر ڕۆستۆڤو هەموو پشت بەستنێکیان بەقوتابیانی کۆلیجی سەربازی و مەفرەزەکانی چەکداران بوو، لەملاشەوە ڕیزەکانی گاردی سوور کەبەرەنگاریان بوونەوە هێجگار شڕوشێواوبوو، ئەوان کرێکاری وایان تێدابوو لەوەوپێش دەستی بەتفەنگەوە

نەگرتبوو، هەرچەندە کە پۆنچۆك هەوڵو تەقللایدا کەڵکی تەواو وەرگرێ لەمەفرەزەی ڕەشاشەکان بەڵام نەیتوانی زاڵ بێت بەسەریداو رێکی بخات، هەندێکیان پێش ئەوەی ئەو دەستوور بدات دەستی کردە تەقەکردنو کاتێك کەهاواری لێکردن هێرشبەران جێگای ڕەشاشەکانیان دیاریکردو دایاننە بەرئاگری گوللە.

بەڵێ، راستە کەگاردی سوور نەبەزین، بەڵام کەموکووڕی ئەزموونو تاقیکردنەوەیان بەزاندنی.

ئەوا ڕەشاش هەڵگرێ فیشەکەکانی خۆی بەفیڕۆ دەدا بێ مشت لێ گرتن! وا یەکێکی دیکەش ڕەشاشەکەی دەوەستێو ناتوانێ چاکی بکاتەوە! سێیەمیش گوللەکانی ناگەنە نیشانی خۆیان بەڵکو دەچەقینە گڵەکەدا.

پۆنچۆك هەوڵیدا ئەو کەلێنانە پڕ بکاتەوە، بەڵام زۆریی ژمارەو جیاوازیی بابەت لەنێوان گاردی سوورو ڕووسە سپییەکاندا نەدەتوانرا پڕ بکرێتەوەو ئەگەر ببوایە تۆپەکانی دەریاوانەکانی بەندەری ڕۆستۆڤ بەتەواوی‌و چابوکی نەکەوتایەنە کار، ئەوکاتە سوورەکان تەواوی ڕۆستۆڤیان لەدەست چوو. بەڵام ئەو گوللە تۆپانەی کەبەتەواوی نیشانیان دەپێکا دوایی نیوەڕۆیی ئەو ڕۆژە هێرشی هێزەکانی کالیدینی وەستاند، سەربازگەی شار ئەوەی بەهەل زانیو خۆی کۆکردەوەو تەناەت هەندێ زیانیشی گەیاندە ڕووسە سپییەکان.

کاتێ ئێوارە داهات سپییەکان هێشتا هەر لەنزیكو دەوروبەری شاردا بوونو سوورەکانیشی لەهێڵی بەرگریکردنی قەراخ شاردابوون، پۆنچۆکیش ئەو شەوەی لەشوێنی ڕەشاشەکاندا بردەسەر.

کابرای یۆنانی لەدەست چوو هەروەها سێ هاوڕێی دیکەشی بریندداربوون یەکێکیان ئاننا کیژە جوولەکەبوو، ئەو برینەکەی بەڵگەیەکی بەس بوو.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ئافرەتە ملی نەداو سوور بوو لەسەر بەشداری کردن لەشەڕدا.

وا پۆنچۆك بەپاڵتۆکەی دایدەپۆشێو ئەویش لەتاوی ئازاردا دەلەرزێ، وا ئازایەتی دەداتە بەرو دەڵێ: (بەسە. .چۆن ئاوات لێ دێت؟ خۆ تۆ خۆڕاگربویت ئاننا..)، ئەویش دەنگی نەدەکرد ئەگەر چی کە دانەچۆقیشی بوو.

لەڕاستیدا، شەڕو کوشتار بەدرێژایی شەش ڕۆژ بەردەوام بوو لەرۆستۆڤدا، سوورەکان دووجار وێستگەی ئەمەندەفەریان بەزەبر پێ چۆڵ کرا، دووجاریش هەر بەزەبر گێڕایانەوەو لەڕۆژی سێیەمی کوشتاردا پۆنچۆك کاتێ کەلەگەڵ ئانادا بەوێستگەکەدا تێدەپەڕی، دەستەیەك لەسوورەکانی بینی ئەفسەرێك لەسپییەکان کەدیل کرابوو گوللەبارانی دەکەن، ئەمیش بەشاوەکامی پێخواستنەوە وتی:

ـ ئەمەیە گۆڕی نەهێشتنی ئەم جۆرە کەسانە ئەرکێکی بەجێیە، ئەمانە چەند کرێکاریان کوشتووە، ئەم کێشەیە چارەنووسی شۆڕش دیاری دەکات.. ئیدی بۆچی بەزەییمان پێیاندا بێتەوە؟ ئەمانە چڵکی زەوین، با بکوژرێن..

لەهەمان ڕۆژدا نەخۆش کەوت، هەستی دەکرد سەری قورس بووەو درنگەی دێت، گشت جومگەکانی ئازارێکی سەختیان تێ وەستابوو، بەڵام پۆنچۆك بەرانبەر ئەم هەموو ئازارە خۆی ڕاگرتو قایل نەبوو بحەسێتەوە..

کاتێ کە ئاننا بەم حاڵە بینی زۆری تکا لێکرد ئاگای لەخۆی بێت، بەڵام ئەو ڕازی نەبوو.. نەیدەزانی کەئ ەو تووشی نەخۆشیی ڕەشەگرانەتا بووە، خۆشی بەرە بەرە خەریکە نەمێنێ.

دواجار ڕۆستۆڤ کەوتە ژێر دەستی سپییەکانەوەو هەردوو مەفرەزەکەی گاردی سوور بەجێیان هێشت، پۆنچۆکیش لەگەڵیاندا بەلارەلار بەشوێن گالیسکەیەکی بریندارەکاندا دەڕۆیشتو بەیارمەتی ئانناو کرۆتۆکۆرۆڤ، ئاننا سەرنجی ئەم بێ هێزییەی داو دەستەوداوێنی بوو کەسواری گالیسکەکە ببێ، بەڵام ئەو هەر دەڕۆیشتو ورتەورتی بوو بەچەند وشەیەکی نەزانراو، تاوەکو جارێکیان وتی:

ـ نەخێر، چاوەڕێکە، بتەقێنە، چاك نیشانی لێبگرە، تۆزێ گڵ بێنە..
ئەوسا ئیدی هاوڕێکانی ئیستەرەمیان لێکردو خستیانە گالیسکەکەوە، لەبەردەمی چاوەکانیدا دیمەنو تارمایی سەیر سەیر هەڵەکە سەمایان بوو، پاشان تاریکیەکی ئەنگوستەچاو بەرگری گرتن.
تەختە سەهۆڵەکانی بەسەر بانی ماڵەکانی تاتارسکەوە وەکو شووشە دەشکاند، پەڵە هەورەکانیشی بەری ئاسمانیان گرتبوو، بەڵام ڕۆژێکی خۆشو فێنك بوو لەدەشتەکەدا. .!
لەحەوشەی ماڵی مارتن شامیلدا جوانوویەکی بچکۆلە هەڵدەبەزییەوەو خاوەنەکەی ڕاوی دەنا، لەگەلەخانەی ئاژەڵەکەی ماڵی میرۆن کرۆشۆنۆڤیشدا بەرخێك کەبەقەد قەبارەی دایکەکەی دەبوو ملچی هەڵدەدایە گوانیو دەیویست بیمژێ، ئەویش دەری دەکرد، مبتکاش شەبقەیەکی کەوڵی لەسەر نابوو و لەملاو لەولایەوە پرچە شۆڕەکەی لێوە دەرکەوتبوو، بەرانێکیش شاخی خۆی بەگاسنە کۆنێك دەخوراند..
لێرە ژیان گەڕابوەوە بۆ دۆخی جارانی خۆی، قەوزاق بەتەمای ساڵێکی نوێی بەخێروبەرەکەت بوون.
وا میرۆن تەماشای مەکینەی درەوەکە دەکا، سەیر دەکا بزانێ لەکادێنەکەدا چەندی کا ماوەتەوەو گوێی لەدەنگێکی نامۆیە لەحەوشەکەدا.
میرۆن هاتە دەرەوە سەیری کرد میتکای کوڕی وەستاوە جگەرە دەپێچێتەوە لەگەڵ کریستۆنیاو ئیڤان ئەلیکسیڤچدا، ئەویش بەخێراتنی هەردوکیانی کردو لێی پرسین پێویستیان چیە، ئەوانیش لەوەڵامدا وتیان کەقسەوباسێکیان لەگەڵ میتکادا هەیەو دەیانەوێ لەگەڵی ببڕێننەوە، لەوکاتەدا کریشکای پیرەمێرد دەرچووە دەرەوەو تۆڕێکی کۆنی ڕادەکێشا، کاتێ کەپیاوەکانی بینی وتی:
ـ ئا بەم جۆرە، لەگەڵ ژنەکانتاندا لەجێگەی گەرمدا ڕادەبوێرن قەوزاقینە! هۆ سەربازینە لەماڵی خۆتاندا دانیشتوونو ئاگاتان لەوە نیە کەبەلشەفیکەکان بەڕێگەوەن!.
ـ چیە! چی ڕوویداوە؟
ـ ئەی نەتبیستوە کریستۆنیا؟ بەلشەفیکەکان لەچێرتکۆڤن لەم نزیکانە، ڕووسیا شەڕمان تێ دەئاڵێنێو مووجیك دەتان پلیشێنێتەوەو ئێوەش ئاگاتان لەخۆتان نیە..
کریستۆنیاو ئیڤان کەسیان وەڵامیان نەدایەوە، بەڵکو میتکایان بانگ کرد بۆ دەرکەی حەوشەو لەوێ ئیڤان بەتەوسەوە لێی پرسی:
ـ دوێنێ لەکوێ بووی؟ نەهاتبووی بۆ کۆبوونەوەی سەربازانی بەرە.. باشە لەماڵی میلیخۆڤ بووی لەگەڵ پێوتەردا؟
ـ من نەهاتم بۆ کۆبونەوە.. تەواو.
ـ سەربازانی بەرە بڕیایان داوە نوێنەرانی خۆیان بنێرن بۆ کامینسکایاو قورە بەرمنو کریستۆنیاو تۆ کەوت کە ببینە نوێنەر، یاڵڵا لەگەڵماندا وەرە.
ـ من نایەم.
ـ باشە واز دێنی لەهاوڕێ دێرینەکانت؟
ـ من وتم: نایەم.
کریستۆنیاو ئیڤان لای ماڵی کروشۆنۆڤیا بەجێ هێشت پاش ئەوەی بەدلگرانیەوە ماڵاواییان لەمیتکا کرد. بەڕێگەکەدا ڕۆیشتنو لەڕێگادا لایان دایە لای چەند سەربازێکی بەەرو پێیان وتن کەمیتکا قورەکەی ڕەت کردوەتەوەو ئەوان

هەردوکیان بەجووتە دەڕۆن، ئەوکاتە ئیدی یاکۆڤی ناڵەئەسپ ئامادەیی خۆی دەربڕی بۆ ئەوەی بەگالیسکەکەی خۆی بیانگەیەنێ، ئەوانیش ڕۆژێکی سەرماو سۆڵەو ڕەشەبا بەڕێکەوتن، بەڕادەیەك کەئەسپەکان پەکی ڕاکێشانیان کەوتو ناچار کریستۆنیاو ئیڤان مەودایەکی زۆری ڕێگەکە بەشوێن ترۆیکاکەدا ڕۆیشتن.

یاکۆڤ دوایی بێدنگیەکی دورودرێژی ڕێگەکە وتی:

ــ هەوڵدەن کاروبار ئاسان کەن، کۆششی ئەوە بکەن کەشەڕ نەبێت، ئەگینا کەس خۆی ناخاتە ژێر چەك بەخوایشتی خۆی، تێگەیشتی ئیڤان؟

ــ بێگومان جەنگی چی لەئێستا بەدواوە ! !

کەگەیشتە کامنیسکایا سەیریان کرد کۆنگرە دەستی کردووە بەئیشوکاری خۆی، هۆدەی کۆبونەوەکە تەنگەبەربوو جێگەی هەموو نوێنەرانی تێدا نەدەبوەوە.. بەڵام کریستۆنیا پاڵی بەخەڵکی دیکەوە ناو چووە ژوورەوە و لەوێ گریگۆری بینی لەقوژبنی ژوورەکەدا بەچیچکانەوە دانیشتوەو جگەرە دەکێشێ، زۆر خۆشحاڵ بوو بەهاتنی ئەم دوو هاووڵاتیەی، هەواڵی گوندو ژنەکەیو هەردوو مناڵەکەیو پێوتەری لێ پرسین.. وەڵامیان سەبارەت بەپێوتەر ئەوەبوو کە: (تێکەڵاویمان ناکا)، گریگۆریش بەدکرداریی براکەی تێگەیشتو بەردەوام لەباسو خواسی گوند دەدوان، تاوەکو پیاوێك وەستاو هاواری کردو وتی:

ــ قەوزاقینە، ئێستا نوێنەرێکی کرێکارانی کانەکان قسەدەکا، تکا دەکەین بەبایەخەوە گوێی بۆ ڕاگرن.

کرێکارەکە بەگەرمییەوە کەوتە قسەکردن لەگەڵ بڕوایەکی تەواودا بەقسەکانیو باسی ناڕاستی سیاسەتی کالیدینی کردو ئەنجامە خراپەکەی بۆ نیشتمان بەگشتیو قەوزاق بەتایبەتیو ئەوەیی ڕوونکردەوە کە کالیدین دەستکردی ئەو بۆرژوازیەتەیە کە بوو بەمایەی خوێن ڕشتنی قەوزاقو هاووڵاتیانی دیکە لەجەنگداو ئەو لەگەڵ کۆرنیلۆڤ هاوکاری دەکا کە یاسای لەسێدارەدانی هەڵتووانی سوپای دەرکرد، پاشان بایدایەوە سەر برایەتی نێوان هاوڕێیانی چەکداریداو ئەوەی باس کرد کە(کالیدین دەیەوێ ئێمە براکانی خۆمان بکوژینو خوێنەکەیان بخۆینەوەو ئەمەیش ڕوونادات، کالیدینو هاوەڵەکانی، ئێمە دەیانپلیشێنینەوەو نوقمی دەریایان دەکەین..).

کریستۆنیا هەر قسەیەکی بەدڵ بوایە دەیوت:

ــ ئاوەها، پۆرتیان بشکێنە..کوڕانی قەحپە !

پاشان قسەکەرانی بەلشەفیك بەرەودوایەکر وتاریاندا، هەموویان هەستی کریستۆنیایان هێنابووە جۆش، بەڕادەیەك کاریان تێکردبوو کە پێکەنینێکی بەرزی پێ ڕانەگیراو بەۆهیەوە ئیڤان پێیدا هەلچکاڵاو ئاگاداری کردەوە کە دەریدەکەنە دەرەوە.

لەدواییدا نوێنەری کەتیبەی چلوچوارەم وەستاو بەماندوێتیو شەکەتییەکی ئاشکراو دەبڕینە کاڵو کرچەکانی، هەرچەندە قەوزاقیش بەدڵیان بووو بەدرێژایی وتارەکەی گوێیان بۆ هەڵخستــ وتی:

ــ برایان، دەبێ ئەم کۆنگرەیە بگاتە ئەنجامێك بۆ ئەم کێشەیە، بەجۆرێك کەشەڕی بێ ماناو بەتاڵ بەرپا نەبێتەوە، ئێوە خۆتان دەزانن کە سێ ساڵو نیو ژیان بردنەسەر لەسەنگەرەکاندا زۆر زۆرە بۆ قەوزاق. . ئەگەر شەڕو کوشتار بەردەواما ببێ، ئەوە مانای ئەوەیە قەوزاق دەبێ بفەوتێنو لەناوبچن.

ــ ئەمەیان ڕاستە.

ــ ئێمە شەڕمان ناوێ.

ـ  ئەوە باس بکەن لەگەڵ بەلشەفیکەکانو ئەنجومەنی سەربازیدا. .

ئەو قەوزاقانەی کە بیروڕای خۆیان لەم لاولای هۆدەکەوە دەربڕی زۆربوون، شیرازەی هێمنیو ڕێکوپێکی پچڕا، ناچار ڕەئیس پۆدتیلکۆڤـ سەرۆکی کۆنگرەکەـ دەستی کێشا بەسەر مێزەکەداو وتی ک

ـ  پێویستە (چەکداران‌و پێشمەرگەکان 9ببینین‌و داوایان لێ بکەین ناوچەکە بەجێ بێڵن، هەروەها دەبێ بەلشەفیکەکانیش لێی بکشێنەوە. ئێمە لەم هەرێمەدا خۆمان مەسەلەکەمان لەگەڵ دوژمنانی کرێکاردا چارەسەر دەکەین، ئەگەر پێویستیمان بەیارمەتی یەکێك بوو، ئەوکاتە لەبەلشەفیکەکانی داوا بکەین.

دەمە قالێ گەرم بوو لەنێوان نوێنەرەکاندا، هی وابوو قسەکەی پۆدتیلکۆڤی بەڕاست دادەنا، هی دیکەش پڕو پووچ بوو بەلایەوە، تاوەکو نوێنەری کەتیبەی 44 داوای کرد چەند دەقیقەیەك کۆبونەوە کە ڕابوەستێنرێو تۆزێ لەگەڵ پودتیلکۆڤدا وتوێژی کرد، ئەمجار پۆدتیلکۆڤ قیڕاندی:

ـ  گوێتان لێ بێ قەوزاق. .ئەگەر ئێمە ئاگامان لەخۆمان نەبێ ئەوە دوژمنی کرێکاران بێ ئاگا نیە..

ئەوە فەرمانێکە کەئێستا گرتوومانە، ئەم فەرمانە لە کالیدینەوەو بەدەستی خۆی ئیمزای کردووە، بەپێی ئەم فەرمانە دەبێ ئێوە هەموو بگیرێن، هەموو ئەندامانی کۆنگرەی کامینسکایا..

ـ  بڕوخێ کالیدین..بڕوخێ!

بەمجۆرە قەوزاق تەقینەوە لەدوای خوێندنەوەی فەرمانەکە.

کاتێ کەفو کوڵەکە نیشتەوە، هەندێ لەنوێنەران پێشنیاری هەڵبژاردنی کۆمیتەیەکی شۆڕشگێڕیی سەربازییان کرد کەبەردەوامی تێکۆشان دژ بەکالیدین بخرێتە ئەستۆی ئەندامانی کۆنگرە ڕازیبوون لەسەری‌و کۆمیتەیەك هەڵبژێررا کە گریگۆری‌و لاکۆتین لەنێو ئەندامەکانیدا بوون‌و پۆدتیلکۆڤیش کرا بەسەرۆکی.

کالیدین ڕۆژی دووەمی کۆنگرەی کامینسکایا کەتیبەیەك لەدڕترین‌و بەهێزترین سەربازەکانی خۆی نارد بۆ گرتنی ئەندامەکانی کۆنگرەو چەککردنیان، بەڵام سەربازانی ئەو کەتیبەیە لەسەرەنجامی کارتێکردنی پڕوپاگەندەی بەلشەفیکەکانو ڕق لەشەڕبوونەوە جێبەجێ کردنی فەرمانی ئەفسەرەکانی خۆیانیان ڕەتکردەوە، لەبەرئەوەی قەوزاقی کامینسکایا توانیان ئەفسەرەکان بەبارمتە بگرن لای خۆیانو هەروەها کەوتنە خۆ ئامادەکردنیش بۆ بەرەنگاربوونەوەی هێرشێکی دوژمنی چاوەڕوانکراو.

ئەوکاتە ئیدی کالیدین کەوتە فرتو فێڵو مانۆڕکردن،  لەلایەن خۆیەوە وەفدێکی نارد بۆ وتووێژکردن لەگەڵیانداو بەملاشەوە نیازی خراپبوو، بەڵام پۆدتیلکۆڤو هاوڕێکانی دەرکیان بەوەکرد، لەبەرئەوە نەگەیشتنە هیچ ڕێکەوتنێك.

کاتێ کە وەفدی سپییەکان گەڕایەوە، پۆدتیلکۆڤو نوێنەرانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی سەربازی قەوزاق تێیان تەقاند بۆ نۆڤۆشێرکس.

لەشەمەندەفەرەکەدا پۆدتیلکۆڤ  متی لێکردبووو شڵەژاوی‌و شپرزەیی بەچاوەکانیدا دیاربوون، کاتێ کەلە پەنجەرەی فارگۆنەکەوە سەیری بەفربارینی دەکرد، چاوی بڕیبوە ئەو کرێوە توندوتیژەی دەشتەکەی داگرتبوەوە، هەروەها هاوڕێکانیش شڵەژابوون.. بەڵام نەیاندەویست بچنە ژێری..دواجار پۆدتیلکۆڤ بارودۆخی بەتەواوی دەستنیشان کرد، کاتێ کە وتی:

ـ  کۆبونەوەمان لەگەڵیاندا هیچ سوودێکی لێ چاوەڕوان ناکری.. ئێمە لەگەڵیاندا لەبەر هیچ شتێ ڕێك ناکەوین. .

پاش ئەوە بابەتی دەمە تەقێکەن گۆڕا، مینابیف بۆ هاورێکانی کەوتە وێنەکێشانی ئەوەی کە چۆن قەوزاقەکانی کەتیبەی ئەڵمان دەگەڕانەوە بۆ هەرێمی دۆن دوایی تەواو بوونی خزمەتی سەربازییانو شێوە قسەکردنی ئەو وێنەکێشانەی شێوە ڕێزو پیرۆزییەکی بۆ دۆن دەگەیاند، هەروەها سروشتێکی قەوزاقانەی ڕەسەنیشی دەگەیاند.
شەمەندەفەرەکە هێواش بووەوە لەرێکردنداو پاشان لەوێستگەکەدا بەتەواوەتی وەستا، لێرەدا ئەفسەرێکی کەڵەگەت دەرگاکەی کردەوە، بەشێوەیەکی ناشرین کە دوژمنایەتیو ڕووهەڵماراوی لێ دەتکاو وتی:
ـ بەاشەفیکەکان، من ڕاسپێرراوم بۆ ئەوەی لەگەڵیاندا بم، خێرا فارگۆنەکە بەجێی بێڵن، ئەگینا ناتوانم جڵەوی تووڕەیی جەماوەر بگرم..ئەوکاتە دەکەونە مەترسییەوە.
کاتێ کەلە گالیسکەکە دەرچوون هەروا چاوی ئەفسەری ڕوهەڵماڵراو بوو خێسەو مۆڕەیان لێدەکردنو ئاگریان لێ دەبووەوە، لەگەڵ خۆپیشاندانێکی تاوگرتووی قوتابیانی کۆلیجی سەربازییدا کەهاواری لەقەنارەدانیان دەکرد بۆیان..
کە لاکۆتین ئەم واقیعەی بینی بە پۆدتیلکۆڤی وت:
ـ ئەمە تێکەوتنە، بەڵام چ تێکەوتنێك!
هەروەکو لەبەردرین بۆ پای قەنارە، نوێنەرانی کۆنگرەی کامینسکایا بران بۆ بارەگای میریی لە نۆڤۆشێرکسداو لەوێ لەگەڵ کالیدیندا کۆبوونەوە، ئەو ژەنەراڵەی کەدیمەن بەشانوشکۆ و قاڵی سەرکردەییو فەرماندان بەخەڵکی بوبوو، هەروەها کۆبونەوە لەگەڵ ئەندامانی حوکومەتەکەیدا کەهێجگار دەروون گەرم بوون بۆ بیروڕای ئاغاکەیان.
ئەلهەقیش، کەسایەتی کالیدین بەسەر هۆڵی کۆبونەوەکەدا زاڵ بوبوو، بەتایبەتیش کە ئەم کابرایە ڕۆژگار قاڵی کردبوو، کۆمەڵێکی گەورەیی سەر بەئەو لەو هۆڵەدابوون، ئەوا بەبڕوا بەخۆبوونێکی تەواوەوە دانیشتووە، دەڵێ:
ـ با کار دەست پێ بکەین. .
ئەوساکە پۆدتیلکۆڤ کەتە باسکردنی هۆکانی هاتنی وەفدەکە، هەروەها یەکێ لەهاوڕێکانی بەیانێکی دەرهێنا کە کۆیمتەی کۆنگرەی کامینسکایا ئامادەیی کردبوو، کالیدین قسەکە پێ بڕیو وتی:
ـ با یەکەمجار بەیانەکەتان بخوێنینەوە.. ئینتزارەکەتان بخوێنەرەوە.
ئینتزارەکە خوێنرایەوە، کورتەکەی ئەوەبوو، کەداوای کردبوو لەحوکوومەتە سپیەکەی دۆن کەدەستی لەکار بکێشێتەوە بۆ ئەوەی خوێن نەڕژێنو کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی قەوزاق کاروبار بگرێتە دەست تاوەکو حکومەتێکی ڕەوا هەڵدەبژێررێ بۆ هەرێمو لەوەش گرنگتر دەبێ کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی کاری بەرەڵلاکردنی هەموو یژە چەکدارەکان بگرێتە ئەستۆ، کە تا ئەوکاتە ملیان پێنەداوە، سەربازە بێگانەکان لەناوچەکە دەربکاتو هەروەها نۆڤۆشێرکسیش داگیربکاتو ببێتە لێپرسراوی تەواوی کارگێڕیی تێیدا. .
ئەمەش سووکایەتی پێکردنێك بەڵکو زللەیەکیش بوو بۆ تەواوی هیواو ئاواتەکانی کالیدین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ هەڵچوونێکی ئەوتۆ بەدەموچاویەوە دەرنەکەوت، بەڵکو ئەوەی لێی پرسی کە:
ـ باشە کام لەو کەتیبانە مافی ئەوەی داونەتێ کەبەناویەوە قسەبکەن؟
پۆدتیلکۆڤ گشت ئەو کەتیبانەی بۆ ژمارد کەنوێنەرانی خۆیان ناردوە بۆ کۆنگرەی کامنیسکایاو لەهەڵبژاردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیدا بەشداربوون، بەڵام کالیدین پێی وت:
ـ باشە ئێوە دان دەنێن بەئەنجومەنی کۆمیساریەتی گەلدا؟
ـ ئەوە گەل خۆی دانی پێدادەنێ یان ڕەتی دەکاتەوە.

کالیدین زۆری کۆشش‌و تەقەللا کردە کە پۆدتیلکۆڤ ناچاری دان پیانان بکا بەحوکومەتی دۆنی سپی، بیخاتە چەشنە ململانێ‌و ناکۆکیەك لەگەڵ خۆیدا، بەڵام ئەو بەرێ پیشاندەریی یاریدەدەریی بەلشەفیکەکەی کەلە ریزی پارتیدابوو، توان خۆی قووتار کات لەوە، هەورەها بەرەنگاری مانۆرو فرت‌و فێڵە چەپەڵەکانی کالیدین بوەوە کاتێ کەویستی تەنگوچەڵەمەو بوونی جوولەکە لەئەنجومەنی کۆمیسارییەتدا بنێتە ناو باسەکەوەو بەوە دەیویست نەعرەیی ڕەگەزایەتی قەوزاق بوروژێنێ‌و پاشان بەوە پشێوی‌و ئاژاوە لەنێو گفتوگۆکەراندا خۆیاندا سازبکات.ئەو بۆ نمونە وتی:

ـ ئەم حوکومەتە ناتوانێ واز لەدەسەڵاتەکانی خۆی بێنێ..ئەو لەلایەن دانیشتوانی سەرتاپای هەرێمی دۆنەوە هەڵبژێرراوە، تەنیا ئەوانن کەدەتوانن بڕوای خۆمانی لێ بکێشنەوە..ئەم کۆمیتە شۆڕشگێڕییەکەی ئێوە نوێنەری هەندێکەلە هێزە چەکدارەکان، ئیدی چۆن بیروڕای هاووڵاتیانی دیکە پشت گوێی بخەین! !لەڕاستیدا من بەئامێری دەستی بەلشەفیکەکانتان دەبینم، واتە ئێوە ویستی چڵکاو خۆرەکانی ئەڵمان جێبەجێ دەکەن. بیربکەنەوە کەچ ئەرك‌و لێپرسراوێتیەکی گەورە دەخەنە ئەستۆی خۆتان ڕۆڵەکانی قەوزاق..خۆتان ئەو خراپی‌و کاولکارییە هەڵبسەنگێنن کەبەسەر میللەتەکەتاندا دەیهێنن! بڕواتان هەبێ کە من شەیداو پەرۆشی حوکمڕانی نیم..بەڵکو ئەرك‌و بەرپرسیاریم بەرانبەر بەهاووڵاتیان کۆت‌و پێوەندی کردووم..ئەنجومەنێکی باڵا بەم زووانە هەڵدەبژێررێ‌و ئەو بڕیاری چارەنووسی ووڵات دەدا، بەژیریی بڕواننە کاری خۆتان‌و ئارام بگرن تاوەکو ئەوکاتە.

پۆدتیلکۆڤ تێگەیشت کەکالیدین دەیەوێ کات بگرێتە دەمەوە، هیچی دیکە، لەبەرئەوە ویستی پەردە لەڕووی ڕاستەقینەی هەڵماڵێ، وتی:

ـ ئەم ئەنجومەنی جەنگەی تۆ دەیڵێی شاینی بڕوانابێت.. لەڕاستیدا تۆ دەتەوێ ووڵاتی قەوزاق کاول‌و وێران بکەی. بۆچی بواری ژەنەراڵە هەڵاتووەکانت داوە لەهەرێمی دۆندا کۆببنەوە؟

بەلشەفیکەکان شەڕ هەڵدەگیرسێنن لەگەڵ قەوزاقی ئەم هەرێمەدا چونکە تۆ ناچاری ئەوەیان دەکەی‌و ئەمەش وام لێدەکا پرسیارێکت ئاراستە بکەم، بۆچی دارودەستەکەت دەنێریتە سەر کرێکارانی کانەکان؟ و چ شتێکیش ئەوە مسۆگەر دەکا کەئەنجومەنی جەنگ پایل نەبێ بەشەڕێکی ناوخۆیی؟ باش بزانە کە گەل‌و قەوزاقی بەرە لایەنی ئێمە دەگرن. .

پێکەنینێکی بەتەوس‌ولاقرتی بەپۆدتیلکۆڤ لەهۆڵەکەدا زرنگایەوە، ئەمیش ئاوڕیدایە لای ئەندامانی حوکومەتی دۆنەوەو ئەو کەسانەش کە ئەو حوکومەتە لەو هۆڵەدا خڕی کردبوون، وتی ك

ـ وا ئێستا ئێوە پێدەکەنن، بەڵام سبەینێ دەکەونە گریان!

پاشان وەرچەرخایە لای کالیدینەوەو بەتووڕەییەوە وتی:

سوپای چەك هەڵگران‌و بۆرژوازییەکان بکشێتەوە.

کالیدین بەتەموژی وەڵامی ئەم خاڵە ڕاستەوخۆیەی دایەوە، لەبەرەوە لاکۆتینی نوێنەری کۆنگرە بەناڕەزاییەوە بەرەنگاری ئەم تەموژییە بوەوەو وتی:

ـ ئێستا بەبێ دواکەوتن دەبێ ئەم مەسەلەیە بڕێنرێتەوە.

بەڵام کالیدین هەڵسا.. دانیشتنەکەی کۆتایی پێ هێنا بەم قسەیە:

ـ وەڵامی حوکوومەت بەنوسراوی پێتان دەگا، دوای ئەوەی کەلە پێشنیارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیتان دەکۆڵێتەوەو ئەمەش لەکاتژمێری هەشتی سبەینێ بەیانی تێناپەڕێت.

لەکاتی دیاریکراوی خۆیدا، کالیدین وەڵامی دایەوە، ئەم وەڵامە دوو کەرت بوو، یەکەمیان کە گرنگترە بە کردەوە بوو، چونکە هێزە سپییەکان هێرشیان هێناو وێستگەی هێڵی ئاسنینیان داگیر کرد لەلیخیدا، پاشان دایان بەسەر کامینسکایاداو ئەویشیان داگیرکرد، دووەمیان دیبلۆماسی بوو، ئەویش بریتیبوو لەڕەتکردنەوەیەکی ئاشکرای هەموو پێشنیارەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی سەربازیی قەوزاق‌و پێشنیاری کردبوو کە وەفدێکی هاوبەش لەهەردوولا پێك بهێنرێ بۆ پەیوەندیکردن لەگەڵ بەلشەفیکەکانداو باسی ئەو هۆیەیان لەگەڵ بکرێ کەپاڵیان پێوەدەنێ بۆ هێرش کردنە سەر هەرێمی دۆن،و کۆشش‌و تەقەللا بدرێ لەگەڵیاندا تاوەکو بگەنە چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەکە.

لاکۆتین قایل بوو بەپێشنیاری گفتوگۆکردن لەگەڵ بەلشەفیکەکاندا، بەڵام نەخشەو پلانەکانی کالیدین لەسەر ئەوە بنیاتنرابوون کە ئەو پێشنیار سەرنەگرێ.

کە سپییەکان کامنیسکایایان داگیرکرد، دیاردەیەکی هێجگار سەیر ڕوویدا: یەکێك لەئەفسەرەکانی کەتیبەی بیست‌و حەوتەمی قەوزاق، بانگی سەربازانی دەکرد خێرا شار چۆڵ بکەن، تەنانەت داوایشی دەکرد کەل‌وپەلە تایبەتییەکانی خۆشیان نەخەنە شەمەندەفەرکەوە،ئەم ئەفسەرە کەناوی گۆلۆپۆڤ بوو، ئەمەی بەناوی پاراستنی شۆڕشەوە دەکرد! و لەپێناوی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی سەربازیی قەوزاقدا! تەنانەت زۆر کەس پێیان وابوو لەتاقمی کالیدینە، بەڵام توانایی سەپاندنی توندوتۆڵی لەسەر کەتیبە داوای لیچکرد لەنێو قەوزاقدا سەرکەوێ، ئەویش ئەوەبوو کەسروشتی ملکەچی بۆ لەخۆیان بەهێزتر لەناخیاندا بوو کۆلۆپۆڤیش بەهێزە.

دەستەو تاقمەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی پاشەکشێیان کرد بۆ گلۆپوکا لەژێر گوشاری لەناکاوی سپییەکانداو ڕابەرایەتی گۆلۆپۆڤدا، لەڕاستیدا ئەم پیاوە بوو لەو دەستەو تاقمانە دوولقی کۆکردەوەو گریگۆری میلیخۆڤی کرد بەسەرکردەیان، پاش ئەوەی لقێکی پاسەوانێتی ئەڵمانیشی خستەسەر.

بەرەبەیانی ڕۆژێکی سەرماو بۆرفت، گریگۆری لەپشکنینی ئێشکچێتی مەڵبەندەکانی پێشەوە گەڕایەوە بۆ ماڵی خانەخوێکەی‌و کابرا سەماوەری تەقلیدی دەم کێشاو کەوتەخوان ئامادەکردنی بەرچایی بەیانی، بەڵام لەگریگۆری پرسی:

ـ باشە هێرشیان دەبەیتەسەر؟

ـ نازانم.

ـ کەوابوو چاوەڕێتە ئەوان بێن؟

ـ ڕاستییەکەی ئەمەیە، چونکە ئێوە هێزەکانتان بەشی هێرشێکی ئەوتۆ ناکا، من لەجەنگدا کارم کردووەو شتێك دەزانم لەستراتیژیەت‌و تاکتیك.

ـ هەرچۆن بی ئێمە هێزەکانمان تەواوە.

ـ باشە تیپخانەی گەورەتان هەیە؟ تۆپی قورس؟

ـ تۆ دەڵێی خزمەتت لەسوپادا کردووە، باشە ئەرکی سەرباز دەزانی؟ بە چ مافێ ئاوەها لێپرسینەوەم لەگەڵدا سازدەکەی‌و دەتەوێ نهێنیەکانی هێزەکە بزانی. .؟

کابرای خانەخوێ دەرکی کرد کارێکی باشی نەکردووە لەگەڵ گریگۆریدا، لەبەرئەوە بەزار بەیەکدا هاتنەوە کەوتە پۆزشت بۆ هێنانەوەیی:

ـ بمبەخشە گەورەم، جەنابی ئەفسەر. ...من گەوجم..نەفامم..

کەمێ دوای ئەوە شەش کەسی قەوزاق هاتن بۆماڵەکەو داوای چایان کردو دانیشتن دەمەتەقێیان دەکردو لەبەرئەوەی گریگۆری هێشتا نەنوستبوو گوێی لێبوو دەیانوت:

ـ ئەمڕۆ سێ کرێکار هاتن بۆ تابوورەکەمانو وتیان:ئێمە کۆمەڵە پیاوێکمان پێکەوە ناوە، بەڵام بێ چەکنو دەمانەوێ تفەنگمان بدەنێ، پۆدتیلکۆڤ وەڵامی دانەوە: بڕۆن بۆ شوێنێکی دیکە هاوڕێیان، چونکە ئێمە چەکی تەواومان لانیە.

ـ بەڵام، بۆچی ئەمەی کردووە؟ خۆ ئەو دەزانێ کەپاشەکەوتمان هەیە لەتفەنگدا!

ـ ئەو بێزار دەبێ لەخۆتێهەڵقورتاندنی جووتیاران.

ـ ئەم ئاکارو کردەوەیە راست نیە، چونکە بەلشەفیکەکان پشتیوانی ئێمەن، دەبێ قایل بین بەیاریدەدانیان. ئەگەر کالیدینمان لەناوبرد، دەبێ لەگەڵیاندا خۆمان رێکخەین..

ـ بەڵام برام..ئێمە چیمان هەیە تاوەکو بەوانی بدەین!..سێ هێکتار زەوی!ئەوان هیچ ئەوەمان لێ زەوت ناکەن..ئەوانەی کەزۆریان هەیە لێیان دەسنرێت.

گریگۆری خەوبردیەوەو قەوزاقەکان هێشتا هەر باسی زەوی‌و موڵکداری زەوی‌و دابەشکردنیان دەکرد.

دەنگی تەقەیەك کەپەنجەرەکەی لەراندەوە، ئەو بەیانیە گریگۆری لەخەو هەڵسان، بەپەلە جلوبەرگەکەی لەبەرکردو گوێی لەدەنگێکی گڕبوو دەیقیڕاند: دەست دەنە چەك! دەست دەنەچەك!.

هێزە شیبەکانی شۆرنچۆف پایەگاکانی پێشەوەی سەربازانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕییان داگیرکردبوو، قەوزاقە بەزیوەکان بەلێشاو دەهاتنە شارەوەو شەستیرێکی سپیەکان کۆنترۆڵی سووچی شەقامەکەی کردبوو، چێشتخانەکەی مەیدانیش پشتی هەڵکردبوو بەرەو وێستگەکەی قەراخ شار دەکشایەوە. گریگۆری خێرا چوو بۆ وێستگەکەو لەوێ لقەکەی کۆکردەوەو توانی کۆنترۆڵی بکات، قەوزاقێکی هەڵاتووی گرتو پیایدا هەڵشاخاو وتی:

ـ بابە وازم لێ بێنە، ئەی نابینی وا دەکشێینەوە!

گریگۆری قیڕاندی بەسەر گشتیاندا:

ـ تەواوی لق، ڕاوەستە.

ئەمجار ڕووی وەرچەرخاندنە لای دوژمنەوەو دەستووریدا: باری پاڵکەوتن وەرگرە.. قەوزاق خۆیاندا بەزەویدا، چوونە سپێرەوە بۆ بەرگری کردن، پێشەنگی هێزی هێرش هێنەر دەرکەوت، لەملاشەوە بەرگریکردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی بەم جۆرە بوو، گریگۆری لای ڕاستەوەو گۆلۆپۆڤ لە کەتیبەی 27 دا لەناوجەرگەداو تابووری گاردی سووریش لەگەڵ مەفرەڤڤەی ڕەشاشدا لەلاپاڵی چەپەوە بوون، گوشار تا دەهات پتر دەبووو هاڕەی گوللەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی بەتوندی دەهاتو بەشێوەیەکی کاتی هێرشی شۆرنچۆڤی شکاند. بەتایبەتی کە مەفرەزە سوورەکەی ڕەشاشەکان دژمنی هەراسان کردبوو و بەچاکیش نیشانی دەپێکا.

لەم لایەنەوە گریگۆری گوێی لەدەنگێك بوو دەیوت:

ـ پۆنچۆك! ناتوانین بەم بارودۆخە بەردەوام بین.. ڕەشاشەکەی واخەریکە دەتوێتەوە..و لەوێ لەپشتی ڕەشاشێکی بەکارەوە، گریگۆری بلووزێکی ژنانەی بینی.. لەبەری ئافرەتێکی ڕەشکەلەی چاوپاندا بووو واقی وڕما لەوەی دەیبینی: (بلووز لەبەرو لەپشتی ڕەشاشەوە بێت!)لەوساتەدا گریگۆری چاوە ڕەشە جوانەکانی ئەکسینیای هاتەوەیاد.

دەمەو نیوەڕۆ گۆلۆپۆڤ فەرمانیدا کە گریگۆری هەردوو لقەکەی لەجێگای خۆیاندا بکێشێتەوەو پاشان هەوڵبدا ئابلۆقەی لابالّی ڕاستی دوژمن بدات، تا دەتوانرێ دەبێ دوژمن بەوە نەزانێ، ئەگەر ئەم کۆششە سەری گرت دەبێ گریگۆری لەوساتەدا کەهێزە سەرەکییەکانی ناوەڕاست شالاّو دەبەن بۆ دوژمن، ئەویش دەستکا بەپەلاماردانی شوێن‌و ڕێگەکانی‌و بەم شێوەیە هێرشەکە کاریگەر دەبێت.

گریۆگری ئەم نەخشەیەی جێبەجێ کرد، بەڵام هەڵەی کرد لەدیاریکردنی شوێنی خۆدامەزراندا، زیاد لەپێویست بەلای چەپدا ڕۆیشت بەجۆرێ کە کاتێ فەرمانی هێرش بردنی پێدرا، قەوزاق لەوپەڕی مێرگێکی بەرفراواندابوون‌و دەبوایە پێیدا تێپەڕینایە بۆ گۆڕەپانی شەڕەکە، کاتێ گریگۆری ڕوانیە مەیدانی شەڕ تێگەیشت کەبەلای کەمەوە نیوسەعات دواکەوتووە، لەبەرئەوە قەوزاق خێرا هەڵیان کوتایە غاردان‌و باڵیان لەئەسپەکانیان پیداکرد.

لەشوێنی پێکدادانی راستەقینەدا، گۆلۆپۆڤ بەمانۆرێکی بلیمەتانە توانی ناوجەرگەی هێزەکەی شۆرنچۆڤ کەرت‌و پەرت کا بەهەموو لایەکداو تاقم تاقمیان کاتەوە، ئێستا ئەو ڕووبەڕووی ئەو تاقمانە بوەتەوەو هارشەی گوللە دەهات بەجۆرێك کە دەتوت نرکەی گوللە تۆپە و جەنگاوەران بەهەر شوێنێکدا تێدەپەڕین دەستەویەخەی یەکتر دەبوونەوە.

لەوکاتەدا گریگۆری هاتە جۆش‌و خرۆشی‌و دەرپەڕی‌و هاواری کرد:

ـ بۆ پێشەوە!

گریگۆری هەڵیکوتایە سەر لابالّی ڕاست، قەوزاقەکانی وادەڕۆیشتن دەتوت لە نومایشدان. .بەڵام ڕەشاشێکی دوژمن بەخەستی دانیەبەر دەسرێژی خۆی‌و لەسنووری خۆیاندا وەستاندنی. .بەیەك سەر سێ کەسی لێ کوشتن، تەنانەت گریگۆریش گوللە لەسەروو ئەژنۆوە ماسولکەی ڕانی سمی‌و بۆڕەی لێ هەڵساند.

ئەوەش کەئێش‌و ئازارەکەی پتر کردبوو ئەوەبوو کە گوللەکە دەرنەچووبوو، هەر کەلاقی دەجوولاّندەوە ئازاری سەخت تاوی بۆ دەهێنا.. ناچار لەڕیزەکە دەرچووو یاریدەدەرەکەی لەجێی ئەو سەرکردایەتی گرتەئەستۆ، کاتێ کە دوو سەرباز یارمەتیاندا سواری ئەسپەکەی بکەنەوە، چونکە دوای پێکدانی لێی دابەزیبوو، ئامۆژگارییان کرد کەبرینەکە بپێچێ، یەکسەر دابەزی‌و پانتۆڵەکەی هێنایە خوارەوە سەیری کرد خوێن ڕێدەکات لەکونی زامی ئازار سەختەوە، ئیدی بەشاشێك پێچای‌و پاشان خستیانە سەر ئەسپەکەی‌و بەرەو لای شیوەکە ڕۆیشت، ئەو شوێنەی کە گریگۆری ەودای دوو میل بەشیوەکەدا ڕۆیشت، لەبەر درێژیی ماوەکە ئەسپەکان ماندووبوون، ئیدی بەسەربازە بەردەستەکەی وت:

ـ بەرەو دەشتاییەکە بڕۆیین!

ئەوجا سەری ئەسپەکەی بادایەوە بەرەو لاپالّی شیوەکەو لەوێ لەدوورەوە لاشەی کوژراوەکان وەکو قەلەڕەش پەرش‌و بلاّو کەوتبوون‌و لە ئەسپێ دەرکەوت غاری دەداو هیچ سوارێکی بەسەرەوە نەبوو، هێزە سەرەکیەکانی

دوژمن دابڕکراوەو ڕیزەکانی شێواو شپرزەبوون بەرەو گۆبۆلکا پاشگەزدەبنەوەو تاقم تاقم قەوزاقیش لەوناوەدا پەرتوبلاوبونەتەوە، گریگۆری لەتاقمکیان نزیك بوەوەو سەیری کرد گۆلۆپۆڤیان تێدایە، پێی وت:

ـ ها میلیخۆف، بریندەریان کردی! بڕوانە چۆن تەفرو توونامان کردن، هێزەکانمان خاکی بەتوورەکە بێژانو جارێکی دیکە هەلناسنەوە سەرپێی خۆیان.

گریگۆری جگەرەیەکی لێ وەرگرتو بەتامەزرۆییەوە کەوتە مژلێدانیو لەوکاتەدا دەیڕوانیە دەستەو تاقمەکانی گاردی سوورو ڕووسە سپییەکان کەلەپانتایی دەشتەکەدا بلاوبوبونەوە، قەوزاقێك تاوی دابوە ئەسپەکەی بەرەو ڕویانو پێش ئەوەی بگاتە گۆلۆپۆڤ هاواری کرد:

ـ چلمان لێ بەدیل گرتوون گۆلۆپۆڤ! چل ئەفسەرنو شۆرنچۆڤ خۆیشی لەنێویاندایە.

ـ تۆ درۆ دەکەی.

گۆلۆپۆڤ لەشلەژاویو خوشیاندا بەم شێوەیە وەلامی دایەوە، پاشان ئەسپەکەی خۆی تاودا بەرەو دیلەکان..گریگۆریش کەمێ بۆی وەستاو پاشن بەدوای ئەودا تێی تەقاند.

تاقمی دیلەکان لەژێر چاودێری سێ قەوزاقدا دەهاتنە پێش شۆرنچۆڤ لەپێشەوە بەلووت بەرزی هەنگاوی هەلدەهێنایەوە..ڕووی دابوو بەیەکداو خوێن لەبرینێکی تازەی سەر برۆی ڕێی دەکرد، نیشنەی ئەفسەرییەکەی سەرشانی چەپی دڕێنرابوو، قەمسەلەیەکی پێستی لەبەردابو لەجێی ئەو پالتۆیەی کەبۆ بارسووکی فڕێی دابوو، کاتێ ویستبووی هەلبێت، سەروسیمای لەوە نەدەچوو بترسێو چەند ڕۆژبوو ڕیشی تەراش نەکردبوو، بەچاوێکی پڕ لەکینەو ڕقەوە سەیری دەکرد.. ئەمە بەو کە کۆلەکەی تاقمەکەی بوو، بەلام ئەفسەرەکانی دیکە لاوە قوتابیەکانی کۆلێجی سەربازی بوون، یەکێکیان بەشەلەشەل لەتاقەکەی جێمابوو.

گۆلۆپۆڤ ڕۆیشت بۆ پشتەوەو بەقەوزاقە پاسەوانەکانی وت:

ـ گوێتان لێ بێ، ئێوە بەرپرسیارن لەسەلامەتی ئەم دیلانە تاوەکو دەیان دەنەدەست بارەگای گشتی بەبێ ئەوەی هیچ زیانێکیان لێ بکەوێ.

تێبینیەکی نووسیو دای بەقەوزاقێك کەلەگەل پاسەوانەکانی دیلەکاندا بوو و داوای لێکرد بیداتە دەستی پۆدتیلکۆڤ.. پاشان ئاوڕیدایە لای گریگۆرییەوەو لێی پرسی:

ـ دەچی بۆ بارەگا؟

ـ بەلێ.

ـ کەواتە پۆدتیلکۆڤ ئاگاداربکەرەوە کە من خۆم بەپرسیارم بەرانبەر بەشۆرنستۆڤ کاتێ گریگۆری گەیشتە کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی سەیڕ کرد پۆدتیلکۆڤ کۆبونەوە دەکا لەگەل ئەفسەرەکانیدا لەبارەگای گشتیدا، ئەویش هێنایە ئەملاوەو پێی وت:

ـ پاش دەقیقەیك دیلەکان دەگەن، نامەکەی گۆلۆپۆڤت پێگەیشت؟

ـ بەلێ، ئەو دەیەوێ بەرپرسیار بێت لەشۆربنتسۆڤی نامەردی دوژمن بەشۆڕش، نەخێر من بەوە قایل نابم، هەر هەمووومان گوللە باران دەکرێنو کاریان تەواو دەبێ.

ـ من ئەمە قبوولْ ناکەم،شۆربنتسۆڤ دەدرێتە دادگایەکی سەربازیی‌و یەکسەر حوکمەکەی بەسەردا جێبەجیّ دەکریّ‌و ئەەش دەبێتە نموونە بۆ خەڵکی دیکە، باشە تۆ ئەندازەیی ئەو خوێنە دەزانی کە شۆربنتسۆڤ بووە بەمایەی ڕشتنی؟..چەندەها دەیا خوێنی ڕشتووە، ئەی چەند کرێکاری کانی کوشتووە؟

هەردوو پێڵووەکانی چاوی لەتووڕەییدا دەجووڵاندو پاشان کەوتەوە هاوارکردن:

ـ نا، من بواری ئەوە نادەم. .

ـ هیچ پێویست ناکا بەم هاوار هاوارە. . ئێوە هەمووتان قازیّ‌و حاکمن..ئەی بۆ ناڕۆن بۆ ئەویّ.. دەستی ڕاکێشا بۆ مەیدانی شەڕەکە.

گریگۆری کەوتە هەناسەبرکیّ‌و درمی تووڕەییە بیّ ئەندازەکەی پۆدتیلکۆڤی پێگەیشتبوو، پۆدتیلکۆڤی هەنگاویّ پاشەوپاش بوەوەو دووبارە بەڕوویدا تەقییەوە و وتی:

ـ من لەویّ بووم، نە تۆقیوم تاوەکو خۆم دەربازکەم، لەبەرئەوە ئاگات لەزمانی خۆت بیّ میلیخۆڤ!تێگەیشتی؟ بزانە لەگەڵ کێدا قسەدەکەی، واز بێنە لەم ئەفسەرانەی کەلە ناختدایە، تەنیا کۆمیتەی شۆڕشگێڕییەکە دادوەری دەکا، جگە لەویش کەسی دیکە نایکا..

گریگۆری ئەسپەکەی تاودا بەەرو پۆدتیلکۆڤو برینەکەی لەبیرچووەوە، دابەزی کەشەڕی لەگەڵ بکات..بەڵام چۆکی لەژێریدا نووشتایەوەو کەوت بەتەوقی سەرداو ئازاری سەخت پەرێشانی کردو خوێن لە برینەکەی بەلێشاو فیچقەی کرد.

دیلەکان گەیشتن، پۆدتیلکۆڤ بەرەو لایان ڕۆیشت تاوەکو بەرانبەری شۆربنتسۆڤ وەستا..هەریەکەیان سەیری ئەوی دیکەی کرد، چاوەکانی شۆربنستۆڤی دیلکراو تەسك بوون‌و ڕقوکینەیان لیّ دەبوەوە، بێبکانا بەشێوەیەکی گومڕایانە وەستابوو، چاوەکانی پۆدتیلکۆڤی دیکلەریش سەیرێکی توندو سەختیان دەکردو پڕ کێشیّیەکی دەگمەنیان تیادا دەبینرا، پۆدتیلکۆڤ وتی:

ـ ها وا یەخسیرمان کردی بەراز..

ـ تۆ بەرازی!هەی خایەنی قەوزاق!هەی ستەمکار!

شۆربنتسۆڤ دانی لێی ڕیچ کردەوەو بەشێوەیەکی دڕندانە پەلاماریداو لێشاوی جوێن‌و نەفرەتی باراندە سەریدا بەڵام کەس گوێی لیّ نەبوو جگە لە پۆدتیلکۆڤ خۆیی نەبیّ، پۆدتیلکۆڤ لەوکاتەدا کەمیّ گەڕایە دواوەو دەستی خستبووە سەر مشتووی شمشێرەکەی تاوەکو بەکاری بێنیّ، کابرای دیل ڕاوەستاو ئاوڕیدایە لای ئەفسەرەکانی پۆدتیلکۆڤو دەستەی سوپا ڕانیەوەو وتی ك

ـ هەمووتان ڕۆژتان دێت..ئەوەش چاك دەزانن. .

کش‌وماتیەکی پڕ مەترسی ئەو ناوەی داگرت.. بارودۆخێکی سامناکبوو مردن دەمی داپچڕیبوو. شمشێرێك ئەو بێدەنگیەی رشەواندەوەو کێشای بەسەری شۆربنتسۆڤداو لەلاشەی جیایی کردەوەو دوور تووڕیدا.

لاشەیەکی بەربوەوە، دەستێك کەشمشێرەکە لەمەچەکدا قرتاندبووی لەکاتی داهێنانەوەکەدا، کێشای بەزەویداو لاشەکە و خوێن فیچقەی کردلە قەدو شوێنی ملەکەوە.. ئەوجا پۆدتیلکۆڤ شمشێرەکەی سرییەوەو گەڕایەوە دواوە. ئەو شمشێرەکەی پاراوکرد لەخوێنی دوژمنی گەل‌و شۆڕش..

دەستی ڕاکێشا بۆ دیلەکان‌و بەسەربازو ئەفسەرەکانی وت:

ـ ئەم نەفرەت لێکراوانە قەلاچۆکەن، دیل لەلای ئێمە نیە.. ئەمانە خیانەتکارییان لێ دەتکێ بەرانبەر لەگەل.
هاڕەی گوللە هات، دیلەکان شپرزەبوونو پالّ پالّێنیان بوو بۆ هەلاّتن.. شمشێر لێیان کەوتەکار ز. ڕووی بەفرەکە بەخوێنی ئالّ پەلّە پەلّەبوو، سەری ئەو لاوانەی کەخیانەت لەخشتەی بردبوون بەوناوەدا پەرشو بلاّوبوەوە، بەلّێ هەر چلیان کوژراون! !
گریگۆری ئەم قەسابییەی لەدورەوە دەبینی، ئەم دڕندەیەتییە ئارامی لەبەر بڕی، ئامبازی پۆدتیلکۆڤ بوو و چاوەکانی بەتاسەو پەرۆشەوە بوون بۆ خوێن ڕشتن، بەلاّم مینایف بەرەنگاری بوەوەو قۆلّی باهەلّداو بەزۆر دەمانچەکەی لێ سەندو پاشان وەستاندیو پێی وت:
ـ دەتەوێ چی بکەی. . چ شەیتانێ کەوتووەتە کەلّکەلّەت؟
هەردەکە تارایەکی بەفر دایپۆشیبوو دەبریسکایەوە لەژێر تیشکی ڕۆژو شینایی ئاسماندا و لەبەردەمی تا چاوبڕکا دەشتە پانو بەرفراوانە بەفرینەکە ڕاکشابوو، بەڕیشالّی ئالۆزکاویەوە راوێزیەوە، ئەمەبوو گوندی تاتارسك لەوەرزی ئەو سالّەدا، لەم گوندەوە پانتلایی بەرەو میلۆرۆڤۆ ڕۆیشت تاوەکو کوڕی بریندارى خۆی گریگۆری بباتەوە، چونکە ئەو ماوەیەك لەوێ مابوەوە تاوەکو برینەکەی لاقی کەمێ سارێژبوبو پاشان ئارەزووی گەڕانەوەی لای خۆیانی کەوتبووە سەر.
لەڕاستیشدا گریگۆری ئەو ڕۆژە کاتێ کەچاوی بەباوکی کەوت هەستی بەنامۆیی کرد، بەتایبەتی کەپیرە کەوتە پرسیار کردن لەڕووداوەکانی دۆنو جۆرە وەلاّمێکی ئەدرایەوە کەبەدلّی نەبوو بەلایەوە خۆش نەبوو.
پیرە زۆری کالیدین بەدلّ بوو، بەلایەوە ئەو ژەنەراڵێکی گەورەو پیاوێکی ڕووناکبیربوو، لەبەرئەوە ئەو ئامادەیە بەهەر نرخێك بێ بەرگری لێ بکا، چونکە کالیدین سەردانێکی گوندی تاتارسکی کردبوو، کۆبوونەوەیەکی گشتی بەقەوزاق کردبوو لەوێو لەمێشکیان چەسپاندبووی کە موجیك دێن بۆ گوندو زەویەکان لەخاونەکانیان زەوت دەکەنو هەموو شتێ وێران دەکەن، ئەمەش وای کرد لەخاوەن زەوییەکان لەدژایەتیەکی سەختی کۆمیتەی شۆڕشگێڕییو ئایدیاکانی بکەنو پانتلایش لەنێو ئەواندا بوو. ئەمەش بەئاشکرا لەو چەندوچۆنەی نێوان خۆیو کوڕەکەیدا دەردەکەوت، پیرە هەمو ئەوانەی پێشەوەی باس کردو گریگۆریش بەساردییەکەوە داکۆکی لەکۆمیتەی شۆڕشگێڕیی دەکردو لەراستیشدا ووشەی (سارد)شیاوی بارودۆخی بیرکردنەوەی گریگۆری بوو، چونکە بیرکردنەوەی ئەو لەڕێگای تاتارسکدا بریتیبوو لەمە:
(دەمەوێ بحەسێمەوە.. تاوەکو برینەکەم بەتەواوی سارێژ دەبێو پاش ئەوە بزانن ڕۆژگار چی دەهێنێتە پێشەوە) کەوابوو گریگۆری هەلوێستێکی دیاریکراوی نەبوو، چاوەڕێی ڕۆژگاری بوو کە ڕێبازی بۆ دیاری کا، ئەو ململانێ بەم لاوبەلادا کەوتوەی کەتاوی سەندبوو لەمێشکیدا بیبڕێنێتەوە..
ئێوارەیی ئەو ڕۆژە ترۆیکای پانتلاییو گریگۆری گەیشتە نزیکی تاتارسكو لەسەر تەپۆلکەیەکەوە هێلّی پانی ڕەش بەسەر ڕایەخی دەشتە بەفرینەکەوە دەرکەوت.. ئەویش دۆن بوو. .دۆنی خاوەن دیمەنی خۆشەویست..پانتلایی سەیری ئەو نەخشو نیگارەی بەردەمی کردو بە کوڕەکەی وت:
ـ باشە بەتاسەو پەرۆشەوە نیت بۆ ئەم دیمەنە؟
ـ ئەرێ بەخوا ئەوە ژانی پێکردووم!

بەردەوام تریکا ڕێی دەکرد تاوەکو گەیشتنە گوند، ئەوجا پانتلایی لایدایەوە تاوەکو بەشەقامە سەرەکیەکەی گونددا تێپەڕی..کاتێ گریگۆری داوای لێکرد ڕاستەوخۆ بەرەو ماڵ بڕوا، ئەو ئەوەی تێەیاند کە قەوزاقێك بۆی هەیە شانازی بەدوو کوڕی خۆیەوە بکا، بەسەرباز گوندیان بەجێهێشتووەو کە گەڕانەوە لەپلەو پایەی ئەفسەراندا بوون، بۆیە ئەویش لەبەرخاتری باوکی دەنگی نەکرد.

لەبەر کۆڵێتیکدا بەرازێکی بچکۆلە لەڕێگەکەدا یاری دەکرد، ترۆیکاکەش خێرا دەڕۆیشت، لەبەرئەوە بوو بەژێر پێی ئەسپەکانەوەو پاشانیش پانتلایی قامچییەکەی پێداکێشاو وتی:

ـ دەك نەحلەتی شەیتانت لێ بێ.

بەرازەکە هی چەقاوەسووترین ژنی گوندبوو، لەبەرئەوە پانتلایی تێر جوێن کردو کارێکی پێکرد با بەدەواری شڕی نەکا، هەربەجارێ ئابڕووی برد.. شتێکی ئاسایی بوو کەپانتلایی چەندی لەتوانادابوو داکۆکی لەخۆی بکات..بەڵام نەیویست خۆشحاڵی خۆی بۆ گەڕانەوەی کوڕەکەی، تێك بداتو چەندی لەتوانادابوو بەکورتی وەڵامی دایەوە.

لەبەردەرگاکەدا ماڵی میلیخۆڤ بەهەڵەداوان هاتن بەپیری خۆشەویستیەوە کەدەمێکە لەماڵ بڕاوە..وا پۆلیای کچی لەحەوشەکەدا دەخولێتەوەو میشای کوڕیشی لەوێدا یاری دەکا، وا دۆنیاش بووە بەکیژۆڵەیەکی هێندەجوانو ڕازاوە بەجۆرێك کەبراکەی خەریکبوو نەیناسێتەوە، خۆ ناتالیاش بەتایبەتی بۆ ئەو ڕۆژە ئارایشتی خۆی کردبووو خۆشیو شادمانی قەشەنگیو بەختەوەری لەچاوە پانو جوانەکانی دەباراند، تەنانەت دایکە پیرەکەش خۆشی لدەموچاوی سەرلێژی دەکرد.

پێوتەر یەکەم کەس بوو دەستی کردە ملی گریگۆری برایو لەکاتێکدا کەماچی دەکرد سەیری چاوەکانی دەکردو وتی:

ـ تەندروستیت چۆنە؟

ـ بریندار بووم.

ـ لەکوێ. .؟

ـ باش نەدەبوو لەوەزیاتر خوێن نەڕێژی لەوێ؟ دەبوایە لەمێژە بگەڕایەتیەوە ماڵەوە..

ئەمجار ئیلنیشنای دایکی هات، هەردوو مناڵەکەی گرتبوە باوەشو لەپشتی ناتالیاوە ڕایکرد، دەستی کردە ملی کوڕەکەیو سەری ماچ کرد، پاشان ژنەکەی بەخێراتنی کرد، بەلەخۆبایی بونێکەوە پاڵی بە کوڕەکەیەوە نا بۆلایو وتی:

ـ ئەوە کوڕەکەتە..بڕوانە چ کوڕێکە! ئەمەش پۆلیایە..ها بیبە..

باوکی نامۆ، هەردوو مناڵەکەی هەڵگرتو بەنەرمی کەوتە یاریکردن لەگەڵیانداو نەیدەزانی سەیری کام لەپێشوازیکەرانی بکات، ژنەکەی یان دایکی یان دوو مناڵەکەی!.

گریگۆری مناڵەکانی هەریەکەو بەدەستێ گرتو ڕۆیشت تا گەیشتە پێپلیکانەکە، لەوێدا وتی:

ـ ناتالیا بیانبە، ئەگینا ناتوانم بەپێپلیکانەکەدا سەرکەوم.

دەریاش پاش ئەوەی بەچاکی هەردوو برۆی ڕێکخست هاتو بەگەرمی بەخێراتنی لەهێوەرەکەی کرد. بەم جۆرە بنەماڵەی میلیخۆڤ بەیەك شادوشوکربوونەوە لەوکاتەدا.

کاتێ کەدانیشتە سەرخوان گریگۆری کەوتە یاریو گاڵتەکردن لەگەڵ منداڵەکانیدا، تاوەکو وایان لێ بکا بیناسنەوە، بەڵام ئەوان لەسەرەتا نامۆییان لێدەکرد، پانتلای تەشەرێکی دا لەوە، هەروەها ئیلنیشناش دەستی ڕاکێشا بۆ ناتالیاو بەتوانجەوە وتی:

ـ ئەمەش ژنەکەتە، سێ ساڵە لەماڵ دوورکەوتوویتەوە تەنانەت خەریکیش بوو لەدووی مێردێك بگەڕێین بۆی.

ـ ئەمە ڕاستە ناتالیا؟

ئەمیش شەرم دایگرتو دەستە تووکنەکەی مێردەکەی لەنیچو هەردوو دەستە ئەستوورەکاندا هەڵگلۆفت..

گریگۆریش سەیرێکی جلەکانی دەریای کرد لەگەڵ لەشولاریدا گونجاو چەسپ بوون، جوانیەکانی دەرخستبوو لەدڵی خۆیدا وتی: ( بەڕاستی، ئەمەیە ژنە قەوزاق، هەر کە چاوت پێکەوت دەزانی، چونکە جلوبەرگەکانی دەڵێن، یان هەمو شتێ دەرکەوێ، یان با نەبێ)، ئەوجا هەوەسی پیاوەتی تێیدا بزواو دەستی خستە سەر پشتی ژنەکەیو بەشێوەیەکی مانادار سەیرێکی دەموچاوی کرد، ژنەش هەردوو کوڵمی سووربوونەوەو پەشۆکاو نەیدەزانی چی بکات، بەڵام بەوە پاساویدا کە وتی:

ـ باشە تۆ بەختیاری بەوەی کە دووبارە منت بینیەوە؟

ـ بەڵێ، بەڵێ.. لەوپەڕی بەختەوەریدام.

دوای شێوکردن گریگۆری دیارییەکانی خۆی بەخشیەوە بەسەر خێزانەکەیدا، دایکی کۆڵوانەیەکی نەخشی بەرکەوتو باوکیشی شەبقەیەکی کەوڵی گرانبەها، کە یەکسەر کردیە سەری چونکە شەبقە پێستەکەی خۆی شڕو وڕبوبو، دوای ئەوەی کەئیلینشا بەکۆڵوانە تازەکەیەوە لەئاوێنەکەدا خۆی نواند، پانتلایش شەبقەی تاقیکردەوە لەسەریدا بەلەخۆبایی بوونێکەوە بەتەنیشتی کوڕەکەیەوە دانیشتو وتی:

ـ ئێستا پێش ئەوەی خزموکەسوکار بێن بۆ خێراتن کردنت پێم بڵێ: بەلشەفیکەکان لەکوێن؟

ـ نزیکنو لەسێ لاوە هێرش دەکەن، لەتۆنگۆرتسکو تاگانرۆکو ڤۆرۆنیزەوە.

ـ ئەی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی قەوزاق چی دەڵێ لەم بارەیەوە؟ کریستۆنیاو ئیڤان ئەلیکسیڤیچ شتی زۆریان باسکردووە لەم بارەیەوە، بەڵام من بڕوام پێ نەکردوون، تۆ بۆم باس کە.

ـ ئەو دەستەوسانەو نتوانێ هیچ شتێك بکاتو قەوزاق لێی هەڵدێن.

ـ ئەمەش پاڵی پێوەدەنێ بەرەو لای بەلشەفیکەکان؟

ـ بێگومان، هۆی ئەمەیە.

ـ ئەی تۆ، هەڵوێستت چییە؟

ـ من حوکومەتێکی شۆڤێنیم دەوێ.

ـ ئای کە گەمژەو بێ ئاگای! پێوتەر ڕاستی بارودۆخی پێ بڵێ.

ـ پێویست ناکا هیچ شتێکم پێ بووترێ، باشە سەربازە گەڕاوەکانی بەرە چی دەڵێن لە گوندا؟

پێوتەر وەڵامی دایەوە:

ـ باشە کاروباری خۆمان بخەینە ژێر دەستی کریستۆنیاو هاوبابەتەکانی؟تۆ نازانی ئەو گەوجونەفامە.. لەبەرەدا ڕۆڵی بەلشەفیکەکان دەبینی، ئەمەش ڕاستە، بەڵام ئێستا، لەماڵدا پێوستە بگەڕێینەوە سەرئەقڵو هۆشی خۆمان، چاوەڕێیی بەهار کە چ ئاشوبو ئاژاوەیەك بەرپادەبێ، ئێمە چاو نابڕینەوە زەوی کەسو ناشمانەوێ کەس

چاو ببڕێتە ئەرزمان، ئەوان چ کارێکی چەپەڵانەیان کرد لە کامینسکایادا؟ڕژێمێکی بەلشەفیکیان لەوێ دامەزراند..باشە ئەمە کەڵکی قەوزاق دەخوات؟

پانتلایش وتی:

ـ چاك بیر لەم کارە بکەرەوە گریگۆری‌و بگەڕێوە سەر ئەقڵ‌و هۆشی خۆت..من هەمیشە وتومە ڕووسیای بۆگەن نابێ حوکومڕانی ئێمە بکات، باشە دەبیبیستی ئێستا خەڵکی بێگانە چی دەڵێن!،ئەوان دەڵێن کە زەوی‌وزار دابەشدەکرێ بەسەرهەموماندا..تۆ ڕات چی‌یە؟

ـ ئەو ئاوەکییانەی ماوەیەکی زۆرە لەهەرێمی دۆندا نیشتەجێ بوون پێویستە زەویان بدرێتێ!!

ـ تەنیا نادرێتێ..تێگەیشتی؟

پاشان قەوزاقی ئاوایی هاتن بۆ خێراتن کردنی، هۆدەکە پڕبوو لەچرە دووکەڵی جگەەرو لەولاوە گوێرەکەیە میزی کردە بەردەمی ئاگردانەکەدا، ئیلینشنا بێزاربوو و ئارامی لێ هەڵگیرا لەزۆر دانیشتنی قەوزاقەکان‌و میزە گوێرەکەو چەڕە دووکەڵی جگەرەو زۆری حەزکرد هەستن‌و ماڵەکەبەجێبێڵن‌و بیانتوویشی ئەوەبوو کە کوڕەکەی لەڕێگادا ماندوو بووەو نەحەساوەتەوە.

بۆ سبەی بەیانی گریگۆری دوای هەمووان لەخەوهەڵسا، دۆنیای نارد بانگی ژنەکەی کرد کەبێت بۆ لای، کاتێ کەهات بۆن‌و بەرامی هەویر لەهەردوو دەستی دەهات، ئەوجا ناتالیا یارمەتیدا بۆ لەبەرکردنی جلەکانی، ڕازیکرد بەوەی دەبێ قەمسەڵەی ئەفسەران لەبەرکات لەگەڵ ئەو ویسامەی بەدەستی هێناوە، بەوەی گوایە پانتلایی خەزووری پێخۆشحاڵ دەبێ پێی.

گریگۆری لەوەبووەوە، ڕیشی تەراش کردو بەپێی ویستی ژنەکەی خۆی تاولووسداو لەهۆدەکەی خۆیان دەرچوو، دایکی کەبینی لەخۆشیاندا نەیتوانی بەری فرمێسکی شادی بگرێت‌و دەیوت:

ـ دوو کوڕم هەیە..هەردوکیشیان گەیشتوونەتە پلەوپایەی ئەفسەران..کێ وەکو من بەختەوەرە!

پاشان بەلەخۆبایی بوونەوە دەستی ڕاکێشا بۆ دۆنیا و وتی:

ـ تۆش مناڵی وەکو ئەمانە بێنە گەلحۆ.

لەو ڕۆژەدا، گریگۆری هەستی کرد کە حەوشەی ماڵەکە ژیانی تێدا دەبوژێتەوە، کەڵەشێرو مریشکەکانی لەکەیف‌و خۆشیدان، پشیلەکەش بەشل‌وشۆڵ‌و تەمەڵی خۆی داوەتە خۆرو پەرژینەکە بۆیەی تازە کراوە. گریگۆری چوو بۆ دەشتەکە تاوەکو هەوا پاك‌و خۆشەکەی دەرهێنابووو بۆن‌و هاڵاوێکی هێجگار خۆش‌و بەتامی دەهاتە کونە لووتی گریگۆری.

لەسەر خوانی نانخواردنی چەوری نیوەڕۆ، کە ژنەکان بەبۆنەی جەژنی هەڵسانەوەوە ئامادەیان کردبوو، پێوتەر گەمەو گاڵتەی لەگەڵ میشای بچکۆلەدا دەکرد، تاوێ ماستی دەسوی بەنێوچەوانیداو تاوێ بەسەر هەردوو کوڵمیداو کوڕە بچکۆلەیش تووڕەدەبوو دەیوت: (بەسە مامە.. تۆ چەند گەوجی )پێوتەریش لەناخی دڵەوە پێ دەکەنی، دۆنیا ئەوەی بینی بۆ گریگۆری گێڕایەوە کە چۆن پێوتەر یاری‌و گاڵتەدەکا لەگەڵ مناڵەکەدا تەنانەت ڕۆژێك وای لێکرد میزبکا بەخۆیدا، کاتێ کە مناڵەکە پرسیاری لێکرد لەکوێدا میزبکا، ئەویش ئەوەندە ئێرەو ئەوێی پێکرد تاوەکو کردی بەخۆیدا. .

ئەو ڕۆژە پانتلایی چوو بۆ ڤیشتسکا بۆ ئیشێکی خۆی لەوێ لەگەڵ وەستای نیلەو زین درووداو لەوێ دۆستێکی دێرینی کە پانتلایی نانی ئەو نیوەڕۆیەی لا خوارد، هەواڵی دایە کە ژەنەراڵ کالیدین خۆی کوشتووە لە نۆڤۆشێرکسدا، هەروەها ئەو دۆستەش ڕۆژانێکی ڕەش‌و تاڵی لێدا بۆ ناوچەکە.

کاتێ کەپانتلایی بەسەر سوڕمانەوە پرسی لەو هۆیەی پاڵی بەکالیدینەوە ناوە بۆ ئەم کارەی کردوویەتی، خانە خوێکەی وەڵامی دایەوە:

ـ جدەڵێن.. سەربازانی بەرە وازیان لێهێناوەو بەلشەفیکەکانیان هێناوەتە ئەم هەرێمەوە، لەراستیشدا من باوەڕ ناکەم ئەڵمانێکی وەکو ئەو لێهاتوو و بەتوانامان بۆ پەیدا ببێتەوە، کێ بمانپارێزێ ئێستا؟ کۆمیتەیەکی شۆڕشگێڕی یان شتێکی لەم بابەتە، بەهاریکاری سەربازانی بەرە لەکامینسکایادا پێکهاتووە، ئێمەش لێرە فەرمانێکمان بۆ هاتووە پێش ماوەیەکی کەم، پێویستی ڕزگاربوون لەئەڵمانەکان‌و پێکهێنانی کۆمیتەکانی شۆڕشگێڕیی..گوێت لێیە؟ جووتیارەکان کەوتوونەتە سەربەرزکردنەوە، ئەو دارتاش‌و ئاسنگەرو خەڵکە بێ کارانە..هەموویان جمەیان دێ لەڤیشنسکایادا، وەکو چۆن مێرگ جمەی دێ لە میچشوولەدا.

ئەم هەواڵە سەختانە بەجارێ دڵی پانتلایی گوشی..و ئاوڕی دایە لای خانە خوێکەیەوەو وتی:

ـ ئەلکوولە، خزمێکی قەوزاقم بۆی کڕیوم.

ـ تێی کە، با بۆ گیانی پاکی ئەڵمانی کۆچکردوو بیخۆینەوە، خوا گۆڕی بەرفراوانکاو بەبەهەشت‌و موڵکی خۆی لەئاسماندا شادی کاتەوە.

کچە خانە خوێکە سفرەی ڕاخست‌و دانیشتە سەر خواردنەکە، پانتلایی بەشڵەژاوییەوە ئاوڕی دایە لای ماینەکەیەوە نەوەك پشت گوێی بخەن، خانە خوێکەش دڵنیای کردەوە کەماڵ‌و خێزانی ئاوو ئالیکی دەدەنێ.

خوانەکە بەچاکی ڕازابووەوە، خواردنەکەشی خەست‌و بەهێزبووو خانەخوێی‌و میوانەکەشی هەردوك نەوسن‌و چلێس بوون..کاتێك هەڵسان لەسەرخوان تاریك داهاتبوو و ئەوانیش تەواو مەست‌و سەرخۆش بوبون.

هەردوکیان ئەڵمانی کۆچکردوو ئەو دڵەڕاوکێیەیان سەبارەت بەهەڕەشەی بەلشەفیکەکان بۆ قەوزاق لەبیرچووبوەوە، تەنیا هەڵپەی گەدەیی بەتالچیان بوو..پڕیان کرد، کاتێ کەخواردن‌و خواردنەوە تەواوبوو، پانتلایی بڕیاری ڕۆیشتنیدا هەرچەندە کەخانەخوێکەی خولکی کرد بمێنێتەوە، بەڵام بێ سوود بوو، ئەوکاتە ئیدی خانەخوێکە وای بەچاکزانی کە دۆستەکەی بەڕێکات تا لەگوند دەردەچێ، بەوجۆرە ماینەکە بەسترا لەترۆیکاکەو هەردوو دۆست تێیدا پاڵکەوتن. بەم حاڵە هەردووکیان ڕۆیشتن تاوەك گەیشتنە لای دەشتەکە، لەوێ خانەخوێکە بەئەنقەست خۆی خستە خوارەوە لەترۆیکاکە وەکو ئاژەڵ بەسەر چوار پەلیدا کەوت.. ماوەیەك بەو حاڵە مایەوەو نەیدەتوانی هەڵسا.

بەڵام پانتلایی درێژەییدا بەڕێگەی خۆی بەرەو تاتارسک، ماینەکە چاوێکی هەبوو، شەویش تاریك بوو، ترۆیکاش کۆن بوو، سەرەڕای ئەوەش پانتلایی سەرخۆش بوو..دەشتەکەش بەهۆی توانەوەی بەفرەوە چاڵی‌و چۆڵی زۆری تێکەوتبوو.. ئیدی لەم سەفەرە خۆشتر هەیە کە هەل‌و مەرجەکانی بەم جۆرە کۆبوبوەوە!!.

نزیك بەکەندرێکی گەورە کە سەرەکەی توێژاڵێ قوڕی شل بوو پێی ماینەکە خزاو چەقییە قوڕو لیتەکە، پانتلایی بە تووڕەیی‌و جوێن‌و نەفرەتەوە لێی خوڕی‌و پێیدا هەڵشاخا، بەڵام هەموو ئەمانە هیچ دادێکی نەدا، گالیسکەکە وەرگەڕاو پانتلایی دوور دای بەزەوی، پشتی بەوکەوتنە ڕووشانە دایە ئازارێکی سەخت، بەڵام هەرچۆنێك بوو خۆی پێ ڕاگیراو کەوتە هەوڵ‌و تەقلادان بۆ دەرهێنانی ماینەکەو چاڵاوی قوڕو لیتەکە. .بەڵام کەندڕەکە کەوتە

داهەڕۆژانو پاشان هەرەسی هێنا، ماینەکە کەوتە نێو گێژاوێکی توندوتیژی ئاوی گۆماوەکەوەو بەرە بەرە نوقم دەبوو، زۆری کۆشش مەلەوانی بکاو پانتلایش هەولێدا جڵەوەکەی ڕابکێشێ بەڵام گێژاوەکە هێجگار توندبوو..ناچار پانتلایی وازی لێهێناو دایە دەستی چارەنووسی ڕەشی تاوەکو خنکا.

کاتێ کەبینی وا تەواو دیار نەما، لێشاوێ خوێنی بەشوێندا ناردو پاشان قامچییەکەشی فڕێدای ئاوەکەوەو وتی:

ـ دەك لەوەلاتر بڕۆی ماینە داویچن تەڕ..دەسا با دۆەخ جێت بێ، ئەم قامچییەش لەگەڵ خۆتدا ببە بۆ دۆزەخ.

بەکەم شت کەبەرچاوی بۆنچۆك کەوت، پاش ئەوی هاتەوە هۆشی خۆی، چاوەڕەشە فرمێسکاوییەکانی ئاتاو بزەیەکی سەرلێوی ئەوبوو، چونکە بەدرێژایی سێ هەفتە بێهۆش بووو بەبڵێسەی گەرمەتای ڕەشە گرانەتاوە دەتلایەوە.

پۆنچۆك لەم بێهۆشیدا جیهانی خەونو خەیاڵی تەی دەکردو لەباردۆخی پڕ ترسو لەرز یان پڕ لەخۆشی جۆراوجۆردا دەژیا، ئیستاکە ئێوارەی شەشی کانوونی دووەمە، وا هۆشی تێهاتوەتەوە، دەڕوانێتە ژیانی ڕابووردووی هێشتا بەتەمومژەوە ئالاوەو هۆشی تەواوی نەهاتوەتەوە بەر، هاتەزمانو وتی:

ـ قومێ ئاوم بدەرێ.

گوێی لەدەنگی خۆی بوو لەدوورەوە دەهات، دڵخۆشی خۆی بەبزەیەك دایەوە، دەستی ڕاکێشا پەرداخەکە لەئان وەربگرێ، بەڵام ئەو دەستی لاداو وتی:

ـ بەدەستی من دەخۆیتەوە.

ئەمیش هەستی منەتباری بەرانبەر بەو ئافرەتە دایگرتو پاشان کۆششی کرد تاوەکو سەری کردەوەو ئاوەکەی خواردەوەو ئەمجار خۆیدا بەسەر دیوارەکەداو لەسەر پشت ڕاکشایەوەو هەولێدا شتێك بڵێ، بەڵام لەبەر بێهێزیو سەرسوورە هیچی پێ نەوترا.

کاتێ کە دووبارە هاتەوە سەرخۆی یەکەمجار هەردوو چاوەکانی ئاننای بینی کەپەرێشانیو نائارامییان بەرانبەر بەئەو دەنواند.

سەرەنجی دایە چرا زەردەکەو ئەو بازنانەی خستبوونیە سەر نیرگەکانی بنمیچەکەو وتی:

ـ ئاننا، وەرە ئێرەوە.

ئەویش لێی نزیك بووەوەو دەستی خستە نێو هەردوو دەستی و وتی:

ـ ئێستا چۆنی؟

ـ هەست دەکەم زمانم هی خۆم نیە، بەڵکو زمانی یەکێکی دیکەیە، هەروەها سەرو هەردولاقیشمو هەست دەکەم تەمەنم گەیشتووەتە دووسەد ساڵ.

وشەکانی بەئاستەمو ناڕەحەتیەوە لەدەم دەهاتە دەرەوە..دواجار پرسی:

ـ باشە تووشی ڕەشەگرانەتا بووم؟

ـ بەڵێ.

چاوێی گێڕا بەنێو ژوورەکەداو پاشان بەناڕەزایی دەربڕینەوە وتی:

ـ ئێمە لەکوێین؟

ـ لە تساراتسین داین.

ــ ئەی تۆ..چی هێناوتی بۆ ئێرە.

ــ لەگەڵتدا مامەوە.

ئان ترسا ئەم قسەیەی لەمێشکی ئەودا بەمانایەکی دیکە لێکبدرێتەوە، لەبەرئەوە وتی:

ــ نەمانویست لەژێر چاودێریی خەڵکی بێگانەدا بەجێت بێڵین، بۆیە ئەبرامسۆنو هاوڕێیانی کۆمیتە داوایان لێکردم کەخۆم چاودێریت بکەم..بەم جۆرە لەگەڵتدا مامەوە!

ئەویش بەتێڕوانینێکی چاوەکانیو ئیشارەتێکی پڕ لەمنەتباری دەستی سوپاسی ئەو خزمەتەی کرد، پاشان پرسی:

ــ ئەی کرۆتۆگۆرۆڤ لەکوێیە؟

ــ ڕۆیشت بۆ لۆگانسک.

ــ ئەی گیڤۆرکیانتس؟

ــ بەڕاست،ئ ەو بەڕەشەگرانەتامرد.

هەردوکیان بێدنگ بوون وەکو بیانەوێ بەو بێدەنگییە یادگارییە ئەو دۆستە مردووەیان زیندووە بکەنەوە.

ئەم دوانەی کەپۆنچۆك هەواڵی پرسین دوو هاوڕێبوون لەمەفرەزەیی ڕەشاشدا کە لەوەپێش مەشقی پێکردبوون، ئەمجار ئاننا وتی:

ــ زۆرت لێ ترسام، چونکە هێجگار نەخۆش بووی!

ــ ئەی پۆگۆڤۆی؟

ــ پەویەندیم بەهیچ کەسیانەوە نەماوە، هەندێکیان ڕۆیشتوون بۆ کامینسکاای، شتێکی زۆر چاکە بۆت کە قسە دەکەی، ناتەوێ کەمێ شیر بخۆیتەوە؟

پۆنچۆك سەری ڕاوەشاند، هەڵپلایەوە..سەری قورس بوو و خوێن وروژمی هێنایە چاوەکانی.

کاتێ هەستی کرد ناولەپی دەستەساردەکەی ئاننا بەسەر ناوچاوانیەوەیە، چاوی هەڵهێنایەوە.

دەبێ کیچ کاری سەرئاوکردنی ئەنجام دابێ!بێگومان، ئاننا نەبوە؟ لەشەرمو تەریقیاندا ڕوومەتی سووربوەوەو پاشان لێی پرسی:

ــ باشە تۆ خۆت لەتاقی تەنیا هەموو هزمەتێکت کردووم؟

ــ بەڵێ.

لەپاشماوەکانی نتەخۆشیەکەی پۆنچۆك ئەوەبوو کە گوێی گرانبوو، ئەو پزیشکەی کە کۆمیتەی پارتی لەتساراتسین ناردبووی بۆ تەماشاکردنی پۆنچۆك بەئانی ڕاگەیاندبوو، کەئەو کاتێ چاك بوەوە گوێشی دێتەوە سەرباری ئاسایی خۆی، پۆنجۆك بەسستیو لەسەرخۆ چاك دەبوەوە، ئیشتیای خواردنی کرابوەوەو وەکو گورگی برسی لێهاتبوو بەهیچ تێری نەدەخوارد!

ــ شیری دیکەم بدەرێ.

ــ ڕێگای پێنەدراوە، ناتوانم بتدەمێ.

ــ من داوات لێدەکەم..بیهێنە، باشە دەتەوێ لەبرسا بمرم؟

ــ ئیلیا..تۆ دەزانی ئەو ئەندازەیەی دەیخۆیتەوە بۆت دیاریکراوە..ئیدی لەسەری مەڕۆ.

ئەوکاتە ئیدی پۆنچۆك کەوتە تکا کردنو پاڕانەوە، بەڵام ئان نەرم نەدەبوو.

ـ کەواتە هەندێ کەلەرمی بدەرێ، تۆ بیتو خوا ئاننا، ئازیزەکەم ئاننا..درۆ دەلەسەی پزیشکەکان هیچ سوودێکی تێدا نیە..

بەڵام ئەم تکاکردنەشی کەڵکی نەبوو، ئیدی ناچار دەکەوتە قسەی زشتو ڕەق کردنو دەیوت:

ـ گوێ بگرە..مافی ئەوەت نیە بمکەی بەیاری دەستی خۆت، تۆ ئافرەتێکی دڵ ڕەقو بێ هەستی، وا تۆ ئەمە بەهەل دەزانی..بهەر حاڵ، هیچم مەدەرێ، لێم گەڕێ بابمرم.. خوا خۆی بەبەزەییە.

لێوەکانی ئاننا لە تووڕەییاندا دەکەوتنە لەرەلەر..بەڵام ئەو پەستییەی دەرنەدەبڕیو خۆی ڕادەگرتو وەڵامی نەدەدایەوە..

بەڵام ئەو خۆ بەرد نەبوو..لەبەرئەوە جارێکیان بەڕاستی لێی تووڕەبووو قیژاندی بەڕوویدا:

ـ لەڕاستیدا تۆ بەتەواوەتی مناڵی، پێویست بەقیرە قیڕ ناکا..بۆت دەهێنم..چیت دەوێ بۆت دەهێنم.

ئەوجا بەتاو چوو بۆ چێشتنخانەکە کەوتە پڕ لەپەتاتەی سوورەوکراوی بۆ هێناو خستیە بەردەمی، ئەویش بەپەلەپەلل کەوتە خواردنیو کاتێ لێبوەوە لەداخوپەشیمانیدا کەوتە فرمێسك ڕشتن بۆ ئەو مامەڵە خراپیەی لەگەڵ ئاننای خاوەن چاکەدا نواندی..لەبەرئەوە پێی وت:

ـ بەڕاستی من مناڵم.. لێم ببورە، خەریك بوو بگریم..

ئاننا سەیرێکی کرد، سەیرێکی ملەباریکەکەیو سینگە ڕەقو تەقەکەیو هەردوو باڵی کە ئێسقانەکانیان تێدا دەرکەوتبوو.. بەزەییو خۆشەویستی لەناخیدا بزوانو ماچێکی نێوچەوانە ووشکە زەردەکەی کرد، بۆ یەکەمجار.دووحەفتە تێپەڕبوو بەسەر ئەودا پێش ئەوەی پۆنچۆك بتوانێ بەدەورو‌پشتی ژوورەکەدا ڕێبکات.

هەردوو لاقی لەژێریدا دەچەمینەوە، کاتێ کەبەچوار لای ژوورەکەدا ڕۆیشت هاواری کرد:

ـ ئاننا. .سەیرم کە، !

ویستی بەخێرایی بڕوات، لاقەکانی نووشتانەوەو ناچاری کرد خۆی بدا بەسەر نزیکترین شتدا کەڕایگرێو پاش ئەوە بێهێزی کەمێ ڕێیی کردو گەڕایەوە بۆ جێگەکەی خۆیو پاڵکەوت.

دووهۆدەکەی ئەوان لەڕاڕەوەکەوە نزیك بوون، لەپەنجەرەکەوە دەیانتوانی ڕووبەری بەفرینی زێی ڤۆلگا ببینن، لەپشتییەوە دارو دەوەنو بێشەلانێك کەلەشێوەی نیوە بازنەیەك بوو، پاشان تا چاو بڕکا کێڵگەی دوورو پانو بەرین، ئاننا فرەجار دەهاتە لای‌ئەم گوڕانە جۆراوجۆرانەش کەژیانی خۆی پێیدا تێپەڕبوو، بەڵێ، نەخۆشییەکەی پۆنچۆك بەینی ئەوانی پتەوکرد، بەڵام هەر لەسەرەتای یەکتر بینینیانەوە لەڕۆستۆڤ هەستی کرد کە چارەنووسی بەتوندی بەستراوە بەچارەنووسی ئەم پیاوەوە.

پێش وادەی خۆی، لەساڵی نۆزدەیەمی تەمەنیدا کە وەکو خەونێکی کورت بەسەرچووـ هەستەکانی ڕاپێچیان دەکرد بۆ لای پۆنچۆكو بەهەموو ساکاری ئەوەوە ئاننا دڵی خۆی دایە، لەنەبەردەکانی کوشتاردا هاتەپاڵیو لەکەڵبەی مردن دەربازی کردو پاشان پاڵی نا بەرەو ژیان.

ئێستا دێتەوە یادی ئاننا کە چ ژیانێکی نارشەحەتو ناخۆشی بوو لەسەرەتا کەهاتە تسارتین، ژیانێکی ناسۆرو پڕ سەغڵەتی بوو بۆی، بەتایبەتیش کەئ ەو تا ئەوکاتە سەیری لایەنی ناهەمواری ژیانی نەکردبوو، لایەنی ژیان لەگەڵ خۆشەویستێکدا کەلەحاڵەتی لاوازیو بێدەسەڵاتیدا بێت.

ئەو دەکەوتە دان جیڕکردنەوە لەکاتێکدا کراسەکەی بۆ دەگۆڕی، یان کاتێ کەئەسپێ دۆزی دەکرد لەسەرە ئەسپیونەکەیدا یان کاتێ بەڕووتی سەیری لەشە لەڕو لاوازەەی دەکرد، ئەو لەشەی کەژیانێك تێیدا خۆی خپ کردبوو، ئەگەر چی ڕووخساریشی ئەوەی نەدەگەیاند.

ئەو کاتێ ئەم ئەرکانەی بەجێ هێنا هەموو گیانی دهاتە وروژەو هەڵچوون، بەڵام لەناخی دەروونیدا بەتەواوی هێمنو لەسەخۆبوو، ئەو هەستە قووڵەی پاراستبوو، هەستی خۆشەویستنی مسۆگەری بۆ خاوەن لەشی لەڕو لاواز، بەو هەستە توانی زاڵ بێت بەسەر هەموو ئێشو ئازارو ترسێکدا، پاشان هەموو ئەوانە نەمان.. لەناخیدا سۆزو بیرێکی قووڵی خۆشەویستی جێگیربوو سەرتاپا گیانی گرتەوە.

بەڕێکەوت پۆنچۆك ڕۆژێکیان لێی پرسی:

ـ وابزانم دوای ئەو هەمووەی ڕوویدا ڕەزاگران بووم لەلات. .وانیە؟

ـ لەڕاستیدا ئەزموونێکی سەختبوو.

ـ ئەزموونی چی؟ دەماری خۆ ڕاگرتنت؟

ـ نا، بەڵکو هەستو سۆزەکانم.

پۆنچۆك رشووی وەرچەرخاند.. ماوەیەکی زۆر نەیتوانی لێوەکانی لەتەتەڵە کردن ڕاوەستێنێو کەسیان ئیدی نەگەڕانەوە سەرباسی ئەو مەسەلەیە. چوونکە قسەکردن لەوبارەیەوە زیادەو هیچ کەڵكو مانایەکی نیە.

کاتێ کە پۆنچۆك تەندروستی هاتەوە سەرخۆ، پەیوەندی خۆشەویستی نێوانیان لەوپەڕی پتەویدا مایەوو هیچ تەنگو چەڵەمەیەك کاری تێندەکرد، وادیاربوو دەیویست کەلێنی ئەو هەموو شتانە پڕ کاتەوە کە کردبووی، لەم لایەنەوە هێجگار هەستی ناسکبوو بەڕادەیەك کەبچووکترین هەستی ئەوی دەرك پێدەکردو بەوپەڕی نەرمیو میهرەبانیەوە لەگەڵی دەجووڵایەوەو هەردەم چاودێری دەکرد بەچاوێکی پڕ لەساکاریو دڵسۆزی بێ پایانەوە.

لەکۆتایی مانگی کانوونی دووەمدا پۆنچۆکو ئانا ڕۆیشتن بۆ فۆرۆنیز، کاتێ کە ئاننا لای پشتەوەی گالیسکەکەوە ئاوڕیدایەوە لەشاری تساراتسین کەخەریکبوو دووردەکەوتەوە، دەستی خستە سەرشانی پۆنچۆك وەکو بیەوێ قسەیەکی لەمەوپێش بچراوی نێوانیان تەواکات وتی:

ـ ئێمە لەبارودۆخێکی نائاساییدا یەکترمان بینی..ڕەنگە وا چاکتر بوایە کەیەکترمان نەبینیایە،ێ ەمە بەئەقڵم دەڵێم نەك بەهەستو سۆزەکانم، باشە دەزانی ئەمە بۆچی دەڵێم؟ سەیرکە..

دەستی ڕاکێشا بۆ دەشتە بەفرینەکە کە وەکو ڕۆبڵێکی زیوین دەبریسکایەوە..پاشان بەردەوام بوو لەقسەکردنداو وتی:

ـ ها لەوێ ژیان دروست دەبێ، ئەویش هەموو هێزو توانایەکی مرۆڤی دەوێ، لەکاتێکی وەکو ڕۆژگاری ئێستاماندا پێم وایە هەستە تایبەتیو خودییەکان ڕێگای خەباتکردنمان لێدەگرێ.. دەبوایە پێش چاوپێکەوتنی یەکەم یان دوایی ئەوە یەکترمان ببینیایە.

ـ نەخێر، ئەمە ڕاست نیە.

ئەمجار ئاننای گوشی بەسینگی خۆیەوەو پاشان وتی:

- من لەمەودوا ڕام لەگەڵتا نیە، ئێمە هەردوکمان یەکێکین‌و هەرواش دەبین، ئەوەش پشتمان لەخەبات‌و سارد ناکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوە تێکۆشانمان بەهێز دەکاو تینی دەداتێ. شتێکی ئاسانە کە پیاو دارێك بشکێنێ، بەڵام شکاندنی دوو داری بەیەکا ئاڵاو زۆر گرانە.

- ئەمەی کە وتت نمونەیەکی باش نەبوو ئیلیا.

- لەوانەیە وابێ. .بەڵام ئەم باسە ناگاتە هیچ ئەنجامێك.

- ئەمە ڕاستە. .ئەلەقی میش پێم خۆشە کەوا تا ڕادەیەك جۆرین لەگەڵ یەکتردا، کارە خوودی‌و تایبەتیەکان بەیهچ کلۆجێ ڕێگای ئارەزووی تێکۆشانمان ناگرێ!

- هەروەها ڕێگای سەرکەوتنیشمان ناگرێ..

ئەمەی وت‌و دەستی گوشی نێو دەستی خۆی.

ئەوان یەك نەگرتنیان بەچەشنی هەر ژن‌و پیاوێك جۆرە مۆرکێکی منالانەی کێشابوو بەسەر ئەو پەیوەندیانەدا، پاڵپێوەنەر بۆ ئەم یەکگرتنە گوشاری بۆ کەسیان نەدەهێنا کەدوا پەردە هەڵداتەوەو ئەمەش شلەژاویەکی خۆشی لەدەروونی ئانادا بەرپاکردبوو.

لەبەرئەوە جارێکیان بەپۆنجۆکی دۆستی وت:

- پەیوەندی ئیچمە وەکو پەیوەندی ئەو خەڵکانە نیە کەدروستی دەکەن لەبارەدۆخێکی وەکو ئەمەی ئێمەدا.. وا نیە؟ ژنە خانەخوێکانمان لەتسارین‌و شوێنەکانی دیکەش، وایان هەستدەکرد کەئێمە ژن‌و پیاوین، واتەبوو؟ ئای چ پلەوپایەیەکی جوانە ئەگەر بتوانین لەسەر ڕوی کۆت‌و پێوەندی ژیانی ڕۆژانەوە بین! لەتێکۆشاندا یەکترمان ناسی‌و یەکتریشمان خۆشویست، هەر لەکۆڕی خەباتیشدا بەسەرکەوتنەوە هەست‌و سۆزەکانمان پاراست بێئەوەی هیچ شتێکی ئاژەڵی‌و دنیایی لەکەداری بکات.

پۆنجۆکیش بەپێکەنینەوە وتی:

- ئەمەیە ڕۆمانتیکییەت!

- چی؟

ئەویش نەدایەوە، بەڵکو بەتاسەو خۆشەویستیەوە دەستی هێنا بەسەریدا، ئانیش چاوی بڕییە جوانیە لەیلەکیەکانی سروشت، ئەو هێڵانەی نیگاری گوندەکان قووڵایی شیوو دۆڵەکانیان کێشاو دیاربوو ئەوە کاری تێکردبوو، لەبەرئەوە کەوتە قسەکردن:

- جێی داخ‌و پەژارەیە کە مرۆڤ لەڕۆژگارێکی وەکو ئەمڕۆماندا بیر لەبەختەوەری بچووکی خۆی بکاتەوە! بەختەوەری ئەو چیە ئەگەر بەراوردبکرێ لەگەڵ ئەو بەختەوەرییە فراوان‌و بێپایانەوە کەشۆڕش هەوڵی بۆ دەدا هەموو مرۆڤایەتی بگرێتەوە! باشە ئەمە وانیە؟ ئێمە پێویستە لەسەرمان بەتەواوی بتوێینەوە لەتێکۆشاندا لەپێناوی ڕزگاریدا، هەروەها دەبێ لەکۆمەڵدا بتوێینەوەو ئەوەمان لەبیر بچێتەوە کەبەشی تاك تاکی ئەو کۆمەڵەین! ئەوجا بزەیەکی منالانەی خاوێن گرتی، هەرچەندە دەحەزلەکەی ئەو تۆزە لەرینەوەی لاکەلاوەی نەدەگونجا لەگەڵ ئەو بزەیەداو پاشان وتی:

- دەزانی ئیلیا.. من پاشەڕۆژی دوور دەبینم ئاوازێکی دڵتەزێنی مۆسیقایەکی ئەفسووناوییە وەکو ئەوەی کەمرۆڤ لەکاتی خەودا دەیبیستێ، باشە تۆ هیچ کاتێ مۆسیقایەکی لەم بابەتەت گوێ لێ دەبێ؟ ئەو ئاوازێکی تاکە، بەڵام

گەورە دەبێتو دەبێتە دەنگێکی بەتینو هاوئاواز. کێ بێو جوانی خۆش نەوێ؟ من لەهەموو شتێکدا خۆشم دەوێ، تەنانەت لەبچوکترین دیاردەکانیشدا، باشە ژیان خۆش نابێ لەسایەی سۆشیالیستیدا، نەشەڕ، نەهەژاریی، نە چەوساندنەوەو نەپەردە نەتەوایەتیەکان.. هیچ شتێك لەم بابەتە نابێ! سەیرکە چۆن خەڵکی ژیانیان ژەهراوی کردووە! چۆن کلۆڵیو چارەرەشی داباریوە بەسەریاندا! ئەی چۆن ئەوانە هەموو لادەچن! پێم بڵێ: لەم ژیانەدا لەتێکۆشان بەڕێزو مەزنتر هەیە؟

ئاننا دەستی پۆنچۆکی لەنێو هەردوو دەستی خۆیدا گوشیو کەوتە تێڕامانە مەست بووەکەی:

ـ لەبەرئەوەش کەمردن شتێکی ناچارییەو هەردێت، مندوا هەستو سۆزەکانم لەم ژیانەدا ئەو مۆسیقا زوڵاڵە سەرکووتوانەیە، مۆسیقای ژیانی پاشەڕۆژ..

پۆنچۆك سەری بۆ لەقاندو قسەکەی پەسەند کرد، موچرکەیەکی کارتێکردنی زرنگانەوەی زەنگی ووشە ئاوازدارەکانی ئانناو لەرینەوەی پێچکەکانی گالیسکەکەی پێداهاتو تەزوویەکی توند هات بەدەمارەکانیدا، لەبەرئەوە دەرگای گالیسکەکەی بەلەقەیەك کردەوە، وەستا سەیری زەوییەکی دەکرد کەبەپەلە بەجێ دەما.

لەدەرگاکەوە وروژمێچ هەوای ساردو کەللوە بەفری پەرشو بڵاو هاتنە ژوورەوە لەگەڵ تەقو هوڕێکی ناپەسەندی مەکینەی شەمەندەفەرەکەدا.

لەبیستو نۆی کانوونی دووەمدا پۆنچۆكو ئاننا گەیشتنە شاری ڤۆرۆنیزو لەوێ دوو ڕۆژ مانەوەو هەواڵیان زانی کە کامینسکایا کەوتوەتە دەستی دژی شۆڕشانو لەوێشەوە ڕۆیشتن بۆ لای کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی لەمیلیۆرۆڤۆ، ئێرە شارێکی قەڵەباڵغو خۆش بوو، بەڵام پۆنچۆك چەند سەعاتێك تێیدا مایەوەو پاشان خێرا ڕۆیشت بۆ گۆبۆڵکا، لەوێ ڕۆژی ئایندە سەرکردایەتی مەفرەزەکەی ڕەشاشی وەرگرت. بۆ سبەینێ لەو شەڕەدا بەشداری کرد کەبەتەواوی هێزەکانی شۆربنتسۆڤی تێیدا تەفرو توناکرا.

بۆنچۆك لەم کاتەدا هەستی بەناڕەحەتی لێکدابڕانی ئاننا کرد، هەروەها ئەویش بێ تاقەت بۆ دووری پۆنچۆك.

ڕۆژێکیان ئاننا هات بۆ لای دۆستە خۆشەویستکەیو پێی وت:

ـ دەزانی. .ئەبرامسۆن لێرەیەو دەیەوێ هەر ئێستا چاوی پێت بکەوێ.. هەوروەها هەواڵی دیکەشم پێیە بۆت، چونکە من سبەینێ ئێرە بەجێدێڵم.

ـ بۆ کوێ؟

ـ لەگەڵ ئەبرامسۆنو چەند هاوڕێیەکی دیکەدا دەچین بۆ لۆگانسك، بۆ خەڵك هاندانو پروپاگەندەکردن لەپێناوی شۆڕشدا لەوێ.

ـ کەواتە مەفرەزەکەمان بەجێ دێڵێ؟

ئان پێکەنیو سەری خستە سەر سنگیو وتی:

ـ ڕاست پێی لێ بنێ، مەفرەزەکە بەجێ دێڵم یان تۆ؟ پروپاگەندە کاری منەو چاکی لێ دەزانم..

بەڵام مەفرەزە...بۆ من ناشێ، تەنانەت ئەگەر پسپۆڕێکی وەکو پۆنجۆکیش سەرکردەی بێ:

پاشان چووە پشتی پەردەیەکەوە بۆ گۆرینی جلەکانیو ئەمجار بەجلێکی خاکی سەربازەوە هاتە دەرەوە. ئێستا بوو بەپیاو نەك ژنێکی هەستو سۆز ناسك، تەانەنت دەنگەکەشی ئەو نەرمیو باریکیەی نەما، کاتێ کەقسەی لەگەڵ پۆنچۆکدا دەکرد، لێی پرسی:

ـ ئەمڕۆ بەشداری هێرش بردن دەکەی؟

ـ بێگومان، خۆ من نەهاتووم بۆ ئێرە دەست بخەمە سەر دەستو کرۆکپ دانیشم.

ـ تەنیا هەر بۆ پرسیارکردن ئەوەم وت.. تاوەکو داوات لیٚ بکەم چاودێری خۆت بکەی..هیچ نەبێ لەپێناوی مندا ئەوە ناکەی؟ هەندێ گۆرەوی خوریی زیادەم بۆ بەجێ هێشتوی. .ئاگات لەخۆت بیٚ تووشی هەڵامەت نەبی.

کاتێ کەماڵاوایی لێکرد خۆی پیٚ ڕانەگیراو دانی نا بەوەدا کە:

ـ هێجگار ستەمە لەلام لیچت دابڕێم، خۆشت ئەوە دەزانی.. لەڕاستیدا پێشنیارەکەی ئەبرامسۆن بە گواستنەوەمان بۆ لۆگانسك یەکەمجار خۆشحاڵی کردم، بەڵام ئێستاب. .وا هەستدەکەم ژیان بەبێ تۆ سەختو تاڵ دەبیٚ، بەڵام چار چیـیە؟ ماڵاوا!.

پۆنجۆکیش تا بەردەرگاکە بەڕێی خستو ڕاوانی چاوەکانی ئاننا کەپڕبوبون لەفرمێسكو پاشان بەشەرمەوە بەسەر کوڵمەکانیدا هاتنەخوار.

هیواو ئاواتەکانی شۆڕشی چەواشە وەکو چیلکەی ووشك دەشکانەوە، چونکە پێشەنگەکانی هێزی بەلشەفیك لەهەموو لایەکەوە تەنگیان بەهەرێمی دۆن هەڵچنیبوو، ئەمەش کۆرنیلۆڤی ناچارکرد پاشەکشێ بکات بۆ ڕۆستۆڤو پاشان لەبیستو دووی شوباتدا ئەویش چۆڵ بکات.

دەمەو ئێوارە ئەو ڕۆژە سەیرت کردایە ریزی دووردودرێژی سەربازان شادیان بەجیٚ دەهێشت، زۆربەی ئەوان جلی ئەفسەریان لەبەردابوو، فەرماندەرانی دەستەکانیش لەپلەی رەئیسیان سەرهەنگدابوو. لەپاش قوتابیانی کۆلیجی سەربازییو ئەو ریزی درێژەی گالیسکەکان کە کەلو پەلو تفاقیان تێدا بارکرابووـ کۆمەڵانی پەناهەندەبوون، پیاوانی پیرەو بەشانو شکۆیاندا دیاربوو لەمەوپێش لەژیانێکی خۆشو کامەراندا بوونو نایانەویٚ لەدەستی بدەن. بایەکی ساردی سەخت لەڕوکاری زێی دۆنەوە دەهات، لەلای تیٚ ڕێژگە کەشیەو شنەبایەکی بەبۆنی خویٚ تێکەڵاو دەهایووتی پاشەکشێ . .بەردەوام ڕێیان دەکرد.

لیستنسکی لەگەڵ ئەو هەڵاتووانەدابوو لەنیشتمانی خۆیان، گوێی لێبوو ئەفسەرێك لەپێشیەوە دەڕۆیشت باسی بۆ برادەرێکی خۆی دەکردو دەیوت:

ـ سەیرکە، تەنانەت ڕۆدزیانکۆش، ئەو پیاوە پیرە پایە بڵندەی سەرۆکی ئەنجوومەنی دۆما، دەبینی ناچاربووە بەپێیان بڕوا!.

ـ رشووسیا بەرەو تەپڵو کەڕەناو زەنگو قوڕ دەڕوات.

ـ بەڕاستی زرمو هووڕی زەنگە، جیاوازییەك بەبیٚ ئەویش ڕێگای جارانی زەنگو قوڕ پڕ لەبەردبوو، بەڵام زەوی جەلجەلەی ئێمە بەفرداپۆشیوەو زوقم دەمان ڕچێنیٚ.

(مولازم ئەوەل)ێك لەلیستنسکی پرسی:

ـ هیچ شتێکت پێیە بیکێشین؟

لیستنسکی پاکەتی جگەرەکەی بۆ ڕاگرتو مولازمکەش بەسوپاسەوە یەکێکی لێهەڵگرتو دایگیرساند، چڵمەکەی بەقۆڵی سڕی.

لەبەرئەوە لیستنسکی پێی وت:

ـ دەتبینم خووڕەوشتی سەربازانت گرتووە، چیـیە دیموکراتیەکەت زۆر بووە؟

ـ پیاو دەبێ (ئاواو ئاوا)بێت، ئەی تۆ چی دەکەی؟ باشە دەستەسرت پێیە؟

لیستنسکی وەڵامی نەدایەوە بەڵکو لەبەرخۆیەوە دەیوت: (سەرگوڵی ڕووسیا!)دوای ئەوە ئەندێشەو خەیاڵی فڕی بۆ لای باوکیو دێبەرەی یاکۆدنایەو پاشان ئەکسینیا..ئەوکاتە ئیدی تاسەو پەرۆشێکی گەرم دایگرت بۆ گەڕانەوە، بەڵام سەیرێکی لوولە تفەنگەکانی پێشەوەی خۆیو شەبقە کەوڵەکانی سەر ئەفسەرەکانی هاوەڵی کردو وتی:

(هەریەکە لەم پێنج هەزار کەسە وەکو من دوورە لەکەسو کارو خێزانیەوە..هەروەها وەکو من پڕە لە ڕقو کینەیی بێ پایان، بەلشەفیکەکان لەڕووسیا دەریانکردین بۆ ئێرەو لێرەش دەیانەوێ لەناومان بەرن..بەڵام بەسەرکردایەتی کۆرنیلۆڤ بەسەرکەوتووانە دەگەڕێنەوە مۆسکۆ).

تاوەکو بیستو چواری ئادار سوپای چەکهەڵگران لەئۆلگانسکدا کەدەکەوتە دووریی چەند میلێك بەرۆستۆڤەوە، مۆڵی دابوو. ئەمەش لەسەر فەرمانی کۆرنیلۆڤ بوو، بۆ چاوەڕێکردنی هاتنی ژەنەراڵ پۆپۆڤ، ئەو ئەتمانە عەسکەرییەی لەپاش کوژرانی کالیدین دامەزرێنرا، پاشان ژەنەراڵ گەیشت بەهەزار و شەسەد پیاو، بەتەرێیەکی مەیدانو چل شەستیرەوە. ئەسپەکەی لەپاڵ بارەگای کۆرنیلۆڤدا بەسترایەوە، ئەمجار خۆو هاوەڵانی چوونە ژوورەوە بۆ هۆڵی کۆبونەوەی کۆرنیلۆڤو ئەرکانی جەنگی، پاش خێراتنکردنی ئاسایی کۆرنیلۆڤ کۆبوونەوەیەکی دەست پێکرد، بەپرسیارێك کەلە ژەنەراڵی کرد:

ـ ئێستا ژەنەراڵ، چەندێ هێزت لەگەڵدایە؟

ـ هەزارو شەسەد شمشێرو بەتەرێیەکی مەیدان، چل ڕەشاشو کەرەسەو تفاقی هەموان.

ـ کەواتە، با ئێستا بارودۆ بخەینە پێش چاو:

پێم وایە بەو بارو زرووفە دەزانی کەناچاری کردین ڕۆستۆڤ چۆڵ بکەینو دوێنێ لەکۆبوونەوەیەکی دەستەی ئەرکاندا بڕیارماندا بکشێینەوە بۆ وڵاتی کوبانو لەڕێگاشماندا بەرەو ئەوێ دەستەو تاقمە پەرتو بڵاوەکەی گاردی سوور لەناوبەرین.. دواجاریش بکشێینەوە بەرەو ییکاترینۆ، بۆیە دەستەی ئەرکان پێشنیار دەکا کەهێزەکەت بکەی بەیەك لەگەڵ سوپای چەك هەڵگراندا. .چونکە دابەشکردنی هێزەکەمان بەرانبەر بەدوژمن لەبەرژەوەندیمان نیە..

ـ ئەمەیان ناگونجێ...من ناتوانم ئەوەبکەم.

ژەنەراڵ ئەلیکسیڤ هەڵیدایەو وتی:

ـ بۆچی، ئەگەر بۆم هەبێ پرسیار بکەم؟

ـ لەبەرئەوەی ناتوانم هەرێمی دۆن چۆڵ بکەمو پاشەکشێ بکەم بۆ ناوچەی کووبان، کاتێ کەزێی دۆن بەربەست بێت لەنێوان ئێمەو دوژمندا، دەتوانین جموجوڵەکانی چاودێری بکەین، بەڵکو بەفریش دەبێ بەکۆسپو بۆی لەکاتی ڕاوە دوونانمانداو ئەو ناوچەیەی کەتێیدا دادەمەزرێین، ناوچەیەکی ئازووقەی زۆرو لەوەڕو ئالیکی فراوانی تێدایە، لەوێوە بەگژ دوژمندا دەچین بەشێوەی شەڕی چەتەگەریو هەڵدەسین بەئاشوبیو پشێوی نانەوەیەکی بەرفراوان،بەڵام لە کووباندا..ئەوە کەڵکی چیە؟

کۆرنیلۆڤ ویستی قسەکەی پێ ببڕێ، بەڵام پۆپۆڤ وتی:

ـ لێم گەڕێ با باسەکەم تەواوکەم.. هۆیەکی دیکەش لەئارادایە، نابێ ئێمەی سەرکردە سوپاییەکان پشت گوێ بخەین، ئەو کارتێکردنە دەروونیەی لەمەڕ سەربازانەو چۆنێتی هەڵسوکەوتیان بەوپێیە. چونکە ئەو هێزەی لای ئێوەیە، هێزێکی سوپاییەیەو بەچاکی مەشقی کردووە، لەقەوزاقی ئەم هەرێمە نیە، بۆ هەر شوێنێ فەرمانیان بدرێتێ

دەڕۆن، بەڵام قەوزاق. .کە ێزەکەی منن لەوانەیە هەر کەلەم هەرێمە دەرچوون لەسوپا هەڵبێن، ئیدی ئەوکاتە سوپاکە هەڵدەوەشێتەوەو هێزەکەش تێکدەچێ، لەبەرئەوە من وای بەباش دەبینم کەسوپای چەکهەڵران بێنە ناو قەوزاقەوەو هەمووان لەقووڵایی دەشتەکەدا دامەزرێنو لەوێ ئازووقەو چارەوی بۆ هەمووان دابین دەکرێتو مەشق دەکەن تاوەکو بەهاری داهاتوو.

ئێوە ڕاتان چیە ژەنەراڵ؟

ـ ڕامان وایە کەبکشێینەوە بۆ کووبانو پەیوەندی ببەستین لەگەڵ ئەو تیپانەدا کە دەستیان کردووەتە چالاکیو جموجووڵ لەوێ. .تەنانەت ئەگەر گریمان لەبەگژداچوونو پیڤچکدادانەکانیشماندا سەرنەکەتین خۆ ئەوە ناوچەی قەوقازی شاخاویمان هەیە وەکو قەڵایەك پەنای بۆ ببەین. کۆبوونەوەکە بڕایەوە بێ ئەوەی بگەنە هیچ ڕێککەوتنێك، پۆپۆڤ هەڵسا ماڵاوایی کردو کۆرنیلۆڤو ئەلیکسیف تا دەرگاکە بەڕێیان خست، پاشان یاوەرییەکەی پۆپۆڤ ئەسپەکانی هێنا، ئەزڤاینیو برادەری گریگۆری دەستووری سواربوونیداو پۆپۆڤو هێزەکەی سەربازگەکەیان بەجێهێشت.

کەسایەتی بەهێزی کالیدین لەژیانیدا زاڵ بوبوو بەسەر هەرێمی دۆندا، کاتێ کەخۆی کوشت، ژەنەراڵ نازارۆڤ لەشوێنی دانرا بەئەتمانی هەرێم.. ئەمیش بەڕاستی چابوكو لێهاتوو بوو، بەڵام بارودۆخ ئێستا گۆڕابوو، وا ئەو لەتەمەنی حەڤدە ساڵ  تا پەنجاوپێنج ساڵی ڕەش بگیر دەکا، بەڵام. .. قەوزاق بەزۆر نەبێ ناچنە پاڵی،  ئەویش لەبەرئەوەبوو کەقەوزاق وای بۆ دەچوون کەسەرکەوتن بۆ بەلشەفیکەکانەو بەم زووانەش هەرێم دەکەویچتە ژێر دەستیان.

لەم کاتەدا بەهەلەقو مەلەقدا کۆمیتەی شۆرگێڕیی گۆلۆپۆڤی بەهێزێکی گەورەوە جیاکردەوەو جموجولێکی ئابلۆقەدانی بەرفراوانی خستە ئەستۆی بەمەبەستی داگیرکردنی شاری نۆڤۆشێرکس، چونکە ئەو شارە گرنگیەکی زۆری هەبوو لەهەرێمەکەدا.

گۆلۆپۆڤ پێش تابوورەکەی کەوتو خێرا ڕۆیشت بۆ ئەوێ، کە گەیشتە یەکەم گوندی قەوزاق پیرەمێردێکی بینی لەبەردەرکەی ماڵەکەیدا وەستاوە، ئەمیش هاواری لێکرد: (ڕاوەستە قەوزاق)، کابراش بەواق وڕماویەوە وەستا، گۆلۆپۆڤیش قامچیەکی سرەواندە ئەسپەکەیو لێی نزیکبوەوەو ئەمجار بەمیهرەبانیەوە لێی پرسی:

ـ باشە قەوزاقی گوندەکەتان هیچ کۆبوونەوەیەکیان کردووە؟ ڕۆیشتوون بۆ نۆڤۆشێرکس؟

پیرە وەڵامی نەدایەوە، بەڵکو پشتیشی تێهەڵکردو چووە ماڵەوە،ئەو گۆلۆپۆڤ بە لاقرتی پێکردنەوە وتی:

ـ خوات لەگەڵ.. خوات لەگەڵ! بۆ پێشەوە سەربازان..

پەلەکان پێش کەوتو فەرماندەکەیان نەفرەتو جوێنی دەدا.

گۆلۆپۆڤو هێزەکەی دەمەو ئێوارەی ئەو ڕۆژە گەیشتنە نزیکی نۆڤۆشێرکسو پاشان بەبێ بەرگریەکی ئەوتۆ چوونە ناوی.

ژەنەراڵ پۆپۆڤ، کەئەو ئەنجومەنی جەنگداینابوو بەسەرۆکی هێزەکانی هەرێم،  هەر ئەو بەیانیە فەرمانی دابوو هێزەکانی لە نۆڤۆشێرکس بکشێتەوە، کاتێ کە بەلشەفیکەکان هاتنە شارەوە خێرا شتێکی هێزەکەیان بەسەرکردایەتی گۆلۆپۆڤ خۆی ڕۆیشت بۆ بارەگای حوکوومەتو لەوێ سەیریان کرد نوێنرانی هەرێم  هێشتا خەریکی کۆبوونەوەیەکن لەهۆڵی بارەگاکەدا. گۆلۆپۆڤ چووە هۆڵەکەوە بۆ لایانو تێی خوڕین:

ـ ڕاوەستن!

قەوزاقەکانی لەهەموو لایەکەوە دەورەیاندا.. بووبە تەقەو ڕەقەی تەخت لابردن و هەموو نوێنەران ڕاوەستان نازارۆڤ نەبێ کەهێشتا هەر لەشوێنی خۆیدا دانیشتبوو، گۆلۆپۆڤ چووە پێشەوە بۆ لای و قیڕاندی بەسەریدا:

ـ دەڵێم.. ڕاوەستە، بۆچی هەڵنەساوی؟ تۆ بەندکراویت.

ـ تۆ کێیت تاوەکو بڕکێشی بڕینی ئەم دانیشتنەی نوێنەرانی هەرێم بکەی؟

ـ بیگرن..تۆ کێی، برا شاتی؟

لەم ساتەدا پۆنچۆك لەسەر ئەسپەکەی بازیدایە خوارو ڕەشاشەکەی لەدەمی دەرگاکەدا بەست و ئەگەر بیویستایە یەك یەك هەڵیدەگرتن، بەڵام ئەوان ناچاری ئەوەیان نەکرد: سەریان شۆڕشکردو خزانە ڕاڕەوەکەوە لەژێرباری ترس لەشمشێری گۆلۆپۆڤو ڕەشاشی پۆنچۆکی چاك مشت لێ گیراودا، تەنانەت هەندێکیشیان لەگۆلۆپۆڤیان پرسی:

ـ بۆ کوێ دەڕۆین جەنابی ئەفسەر؟ باشە ئێمە ئازادین؟

ـ بۆ دۆزەخ. بڕۆن بۆ ئەوێ، ئادەی داکێشن بۆ هەرکوێتان دەوێ، هیچ پێویستیەکمان بەئێوە نیە.

بەمجۆرە نۆڤۆشیرکس داگیرکرا.. پۆنچۆك شەوێکی لەماڵەکەی خۆیدا بردەسەر لای دایکە پیرەکەی کەبەڵێنی دابوویە زوو بگەڕێتەوە بۆ لای.

بۆسبەینێ پۆنچۆك ڕۆیشت بۆ رۆستۆڤ، چونکە ئەوێش هەمان ڕۆژی گرتنی نۆڤۆشیرکس کەوتە ژێر دەستی هاوڕێیانەوە، ڕوخسەتی لەسەرکردەکانی وەرگرت.. هەربە فڕین فڕی بۆلای ئاننا.

لەرۆستۆڤدا پۆنچۆك دوو ڕۆژبوو کاری دەکرد لەبارەگای کۆمیتەی شۆڕشگێڕیدا، هەروەها لەدووری ئەبرامسۆن و ئانلیش دەگەڕا، بەڵام کەسیانی نەدۆزیەوە.

لەڕۆژی سێیەمدا لەکاتێکدا کەبەپەیژەکەی بارەگای کۆمیتەدا سەردەکەوت گوێی لەتریقەی پێکەنینێك بوو ناسیەوە کەهی ئاننایە، لەبەرئەوە لەدەرگای ئەو ژوورەدا وەستا کەپێکەنینەکەی لێوەهات و سەیرێکی کرد.. ژوورەکە پەنگی خواردبوەوە لەدووکەڵی جگەرەداو ئەبرامسۆنی تێدا بوو بەسەر لێواری پەنجەرەکەوە دانیشتبوو، ئانلیش لەنزیکیەوە بوو سەری بردبوە پشتدا پێدەکەنی.

ـ ڕەنگە لەبەر نوکتەیەکی پڕوپوچ بێت.

ـ سەربازێکی کەتەی گاردی سووریش لەوێ بوو سەرو سەکوتی لەلیتوانی دەچوو.

پۆنچۆك چووە ژوورەوە و دەستی خستە سەرشانی ئانناو وتی:

ـ ڕۆژباش، ڕۆژباش ئاننا.

کچە ڕاپەڕی و هەردوو کوڵمی سوور هەڵگەڕان و چاروەکانی زەق بوونەوە.. وتی:

ـ ئۆی، ئەوە لەکوێوە پەیدابووی؟!سەیرکە ئەبرامسۆن..ئەو بووژاوەو بەهێزە، تۆش لەدڵەڕاوکێدابووی بۆی!

ئاننا شڵەژاو لەکاتێکدا پۆنچۆك خەریکبوو بەگەمی تەوقەی لەگەڵ ئەبرامسۆندا دەکرد، ئەو چووە بەردەرگای تاوەکو هاتەوە سەرخۆی، ئەمجار بەزەردەخەنەوە بەپۆنچۆکی وت:

ـ ئێستا تەندروستیت چۆنە؟ کەی گەیشتیتە ڕۆستۆڤ؟ دوادەنگو باس چییە؟

ئەویش بەکورتی وەڵامی پرسیارەکانی دایەوەو بەجۆرێ کەشادی خستە ژوورەکە، پاشان ئاننا پێی وت:

ـ ئێستاش، با کەمێ بەناو شاردا بگەڕێین.

ـ کاتێ کە دەرچوون ئەبرامسۆن وتی:

ــ خێرا بگەڕێرەوە پۆنچۆك، چونكە كارێكم پێتە..

لەڕێگادا ئاننا سەیرێكی چاوەكانی پۆنچۆكی كردو وتی:

ــ ئۆی. . ئیلیا..خۆم پێ ڕانەگیراو وەكو كچان كردەوەم نواند.. بەڵام هۆی ئەوەبوو چاوەڕێی نەبووم بێ، ئەم پەیوەندییە (نیواونیوەی)نێوانمان پەردەیی لەڕووی خۆی هەڵماڵێ، دەب ئەم پێوەندییە چی بێ بێگومان پەیوەندی ژنو مێردییە، ئەبرامسۆن لێی پرسیم كە ئایا لەگەڵ تۆدا دەژیم، منیش نكولیم لێكرد، بەڵام ئەو پیاوێكی وردبینەو باوەڕناكەم بڕوای بە نكوولی كردنەكەم كردبێ ز

ــ بەڵام، تۆ جارێ باسی خۆتم بۆ بكە.

ــ بەسەركەوتووانەوە لە لۆگانسكدا كارمان كرد، تیپێكی دووسەدكەسیمان كۆكردەوە، پڕۆپاگەندەمان چوستو چالاك كردەوەو. .ناتوانم ئەوكارانەت بەدوو وشە بۆ كورت بكەمەوە، گوێت لێ بێ لەكوێ دەژیت؟ لەكوێ دەنویت؟ پێم بڵێ.

ــ لەماڵی هاوڕێیەكدام.

ــ كەواتە، ئەمڕۆ دەگوێزرێتەو بۆ ماڵی ئێمە، خۆ دێتەوە یادت. . جارێكیان منت گەیاندەوە ئەوێ. .

ــ ئاخر لەوانەیە سەغڵەتتان بكەم!

ــ نا..كەس بەقورست نازانێ، بەهیچ شێوەیەك سەغڵەتی نیە، یدی گەوج مەبە. .

بەم جۆرە، بەو ووشانە مەسەلەكەی بڕییەوەو ناچار پۆنچۆك كەلوپەلەكانی پێچایەوەو خستیە ئەو توورەكە سەربازییەی پێی درابوو، هەڵی گرتو ڕۆیشت بۆ ماڵی ئانناو لەوێ لەدەرگاكەدا پیرێژنێكی لەڕولاواز هات بدەمیەوەو لێی پرسی كە ئایا پۆنچۆكە، ئەمجار فەرمووی لێكرد بیچتە ژوورەوە، لەوێ هۆدەیەكی بچووكی پیشاندا كەجێگەیەكی خەوتنی تێدابوو، بەو پەنجانەی كەڕۆماتیزم گرێی كردبووە ئیشارەتی كرو وتی:

ــ ئاننا باسی ۆی بۆ كردووموو ئەمەش هۆدەی نووستنەكەتە.

پاش كەمێك ئاننا هاتو چووە ژوورەوە بۆ لای پۆنجۆكو كەوتنە گفتوگۆكردنو باسی كەسوكارو خێزانی خۆی بۆگێڕایەوە، هەروەها باسی ئەوەشی بۆ كرد كەچۆن هێشتا لەقوتابخانەی دواناوەندیدا بوو كاری دەكرد تاوەكو ئەو خوێندنەی تەواوكردو ئەمجار چووە ڕیزی بەلشەفیكەكانەوەو چۆن دایكەپیرەكەیو خوشكە بچووكەكەی خۆیان خۆیان دەژێنن بەوەی كەدایكی ئیشی بەمەكینەیەكی دروومان دەكا، چۆن ماڵەكەیان كۆتەڵۆكەو وێنەی نمسایی تێدا نیە، گفتوگۆكەیان تا كاتێكی درەنگی شەوی خایاند، پاشان ئاننا ماڵاوایی لێكردو ڕۆیشت بۆ هۆدەكەی خۆی.

ڕۆژانی لەوەو پاش پۆنچۆك ئەركی كاركردنی لەدادگای سەربازیی كۆمیتەی شۆڕگێڕیدا خرایە ئەستۆیو ئەو ئەركەش سەركردایەتی كردنی پەلی كوشتن بوو، واتە گوللەبارانی كردنی ئەوانەی كەبە مدن حوكم دەدرێن.

پۆنچۆك پیاوێكی دڵڕەقبوو لەم كارەیدا، چونكە ئەوەندەی ڕق لەدوژمنانی شۆڕش بوو بەڕادەیەك كە ئەگەر بیتوانیایە خوێنەكەی دەخواردنەوە، بەم شێوە دڵرەقییە كاتێ كە كۆمەڵی حوكم دراوان ڕیز دەبوون دەمانچەكەی بەرزدەكردەوەو هاواری دەكرد:

ــ تابوور، دوژمنانی شۆڕش. .گوللەبارانكە.

ئەمجار هاڕەی گوللە دەهات.. لاشەکانم بەردەبوونەوە، هەراوهاوارێك بەرزدەبوەوەو دڵی پیاوی پارەپارە دەکرد.
پۆنچۆك ئەوەی لەئاوەدانیو لەرۆژدا نەدەکرد..بەڵکو حوکمدراوەکانی سێ میل دەبردە دەرەوەی رۆستۆڤ، لەنیوەشەودا گوللەبارانی دەکردن..

ژیانی پۆنچۆك ماوەیەك بەم شێوەیە بەرێوەچوو. .ئەمە کاری تێکردو پێی کەوتە گۆڕان. چاوەکانی چوون بەقوڵداو لەشی سیس بوەوەو ژاکایەوە، هەمیشە مرۆمۆچو داڵغاوی بوو تۆ بڵێی ئەو بەزەیی بەدوژمنانی شۆڕشدا بێتەوە؟
نەخێر، ئەوەتا کە ئان لێی دەپرسێ چی لێقەوماوە دەڵێ:

ـ ئەمە ئەوە ناگەیەنی کە لاوازو بێ توانابم بەرانبەر بەو کارە.. بەڵکو ئەوەیە کە: کەس نیە لەئاسن دروست کرابێو لەڕاستیشدا پیاو نیە لەشەڕدا نەترسێو نیشە خەڵکی دیکە بکوژێو دڵو دەرونی بەوە تێك نەچێ.
ئەو ئێستا دەنگە پاراوو زوڵاڵەکەی جارانی گۆڕاوەو ئەو قووڵییەی تێدا نەماوە کەدڵسۆزیو ڕاستگۆیی دەگەیاند.
ئاننا هەموو ئەو شتانەی تێدا دەبینی بەڵام هیچ دەسەڵاتێکی نەبوو ئەوەنەبێ کەپەرداخێ شیری زیادەی دەدایەو ئیستەرەمی لێدەکرد کەبیخواتەوە.

رۆژانی زستان بەسەرچوونو بەهار بەدوایاندا هات..
لەم وەرزەدا ئەڵمانو ئۆکرانیەکان گوشاریان هێنا بۆ کۆمەڵانی گاردی سوور، ناچاریان کردن بکشێنەوە بەرەو رۆستۆڤو لەپانتایی هەرێمی دۆندا لقو پەلەکان لەگوندەکانی قەوزاقدا دەردەکەوتنو رێكوپێکییان تێکچووو هیچ توندو تۆڵیەکی سەربازییان تێدا نەمابوو، کار گەیشتە ڕادەیە کەهەندێ تاقم ئەوەندەیان ئاژاوەو بشێوی نابوەوە ناچار کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی چەکی کردن، بەڵام ئەمەش هەر دادی نەدا چونکە هەندیچك لەوان ملکەچی نیزام دەبوون، ئەگەر فەرماندەکەیان چاوکراوە بوایەو بەتوندی سزای بدانایە، بەڵام کاتێ ك پشت گوێی دەخست یان شل دەبوەوە ئەوکاتە بەوەی لەناخیدا جێگیربوبو لەبەرەڵڵای جەنگو گوێ پێنەدانی سەربازیی کردەوەیان دەکرد.
شانبەشانی ئەم ئاشوبو بشێویە درۆودەلەسە دژی بەلشەفیکەکان دەگێڕراو پیلان ئاشکرا دەبوو.
ئەگەر چی کەئەمانەش لەناودەبران بەڵام خراپەکاری نەدەبڕایەوەو هەرجارە ساختەکارییەکی نوێو ئاژاوەیەکی دیکە بەرپادەبوو. .

بەم جۆرە ئەرزی هەرێمی دۆن بەفری لێ توایەوەو دەشتو نزارەکان گژوگیای مەترسیان لێوە دەردەکەوتن لەگەڵ بەڵگەی رۆژانێکی ڕەشو تاریکدا.

لەیەکێك لەم رۆژانەدا پۆنچۆك بەیانی زوو گەڕایەوە ماڵێ، سەیری کرد ئانا لەوێیە، کاتێ پرسیاری ئەو لەماڵنەبوونەی لێکرد، پێی وت کەوا تەندروستی تەواو نیە، پۆنچۆکیش ئاگاداری کردەوە کەوا رێککەوتووە لەگەڵ کۆمیتە شۆڕشگێڕیدا کارێکی دیکەی بدرێتێ نەك ئەم کارەی ئێستای. .. لەوانەیە بەهۆی ئەوەشەوە شسەفەربکات..
دوای ئەوەی کە پێکەوە شێویان کرد، ئاننا چوو بۆ هۆدەکەی خۆیو پۆنچۆکیش لەسەر جێگەکەی خۆی پاڵکەوتو بیری دەکردەوە پەیتا پەیتا جگەرەی دەکێشاو خەوی لێزڕابوو، تاوەکو چراکانی ماڵ کوژایەوە، دەرکەوت کەئەوان چوون بۆ نووستن. .

پۆنچۆك تەپاوتلی بوو خەریکی رێکخستنی جێگەکەی بووتاوەکو بنوێ، لەوکاتەدا دەرگای هۆدەکەی کرایەوەو ئانای لێوە هاتە ژوورەوە بەپێی پەتیو ڕووتو قووتی تەنیا دەرپێکەی ژێرەوەی نەبێ، ئەمجار هاتە لای جێگەکەیەوەو وتی:

ـ جێگەم بکەرەوە..جێگەم بکەرەوە..هیچ قسە نەکەی!
لەپاڵیدا ڕاکشا، ئەمیش هەستی بەڕان‌و لاقە گەرمەکانی کرد کەلای ئەژنۆیدا دەلەرزین، ئەمجار ئاننا خۆی کەمێك بەزکردەوە بەسەر ئانیشکیدا تێوەی چرپاند:
ـ من هاتووم بۆ لای تۆ. . لەبەرئەوە بەهێمنی. .بەهێمنی. .دایکم نووستوە.
پۆنچۆك تێڕوانی‌و کەوتە یاریکردن بەگێسویەکی قژەکەی کە کەوتبوە سەر نێوچەوانی‌و ئاننا پێی وت:
ـ ئەمڕۆ بێ یان سبەینێ تۆم لەدەست دەچێ. . دەمەوێ بەتەواوی لەش‌و گیانمەوە خۆشەویستیت لەگەڵدا بکەم..
کاتێ کەباسی ئەوەی کرد کەبڕیاری لەسەردابوو، مووچرکەیەکی پێداهات‌و وتی:
ـ ئادەی. ..خێراکە!
پۆنچۆکیش کەوتە ماچکردنی مەمکە قوت‌و خڕەکانی. .بەڵام بەتۆقینێکی بێ پایان‌و ڕیسواییەکی واوە کەوەکو قامچییەکی بەئازار ناخ‌و ویژدانی هەژاند، هەستی کرد کەوا پیاو نیە، لەبەرئەوە لەداخ‌و ئاواردا ڕوومەتی گڕی تێبەربوو بەرچاوی تاریکبوو، کەواتە پیاو نیە!!.
ئیدی ئاننا کە ئەمەی زانی دووری خستەوە لەخۆی‌و بەدەنگێکی پڕ لەڕق‌و سەرکۆنەکردنەوە وتی:
ـ ئەوە تۆ پیاونیت؟ یان. . یان نەخۆشی! ئۆی. . ئەمە چەند ناخۆشە لێم گەڕێ با بەتەنیابم!.
پۆنچۆك پەنجەکانی ئانی گوشی بەڕادەیەك کەخەریکبوو گرێی پەنجەکانی بشکێنێ، زاق زاق چاوی بڕیبوە چاوەکانی کەڕەش‌و داگەڕاوبوون پڕ لەئازارو وتی:
ـ بۆچی؟ بۆچی بەم شێوەیە حوکم بەسەردا دەدەیت؟ من لەناخەوە گڕم تێبەربوو..تەنانەت بۆ ئەو شتەش کەتێیدا دەسوتێم.. من ئێستا دەستەوسانم.
پۆنچۆك لەجێگەکەی بازیدایە خوارەوەو جگەرەیەکی داگیرساند.. پاڵیدایە پەنجەرەکەوەو هەر ئەوەنەبوو لەناخیدا دانەدەڕزا، ئەو ساتە ئاننا هەڵساو دەستی کردە ملی‌و نێوچەوانی وەکو دایکێکی دڵسۆز ماچ کرد.
بەڵام لەپاش حەفتەیەك‌و دوای ئەوەی هەردووکیان ئارەزووی خۆیان بەیەك شکاند، ئاننا سەری خزاندە بن باڵی پۆنجۆکەوەو وتی:
ـ وام هەستکرد کەتۆ لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا بووی. . بەبیرمدا نەدەهات کەئیش‌وکار تا ئەم ڕادەیە هێزی لەبەر بڕیبووی.
بۆماوەیەکی دوورودرێژ پۆنچۆك بەدەست لەملانی دڵدارەکەی‌و سۆزە دایکانەکەی. .
چونکە نەنێررا بۆ گوندەکانی دەشتەکە لەبەرئەوەی پۆدتیلکۆڤ سووربوو لەسەر پێویستی مانەوەی ئەو لەرۆستۆڤداو کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی هەرێمی دۆنیش سەرقاڵچی ئامادەکردنی کۆبونەوەی سۆڤێتی هەرێمەکەبوو هەروەها خۆسازدانیش بۆ بەرەو ڕووبوونەوەی شۆڕش چەواشەکە لەوێ کەوتبووە سەر بەرزکردنەوە.
جۆگەلەکانی ژێر دار سپیندارەکان قیڕەقیڕی بۆقیان لێوەهات، شنەبای دەمەو ئێوارەش کزەیەکی ساردی خۆشی خستبوە ئەو ناوەوە منالە پێ پەتیەکانیش کە خۆر برژاندبوونی بە کوچەو کۆڵانەکانی ماڵەکاندا هەڵبەزودابەزیان بوو و گوندی سیتراکۆڤی قەوزاقیان پڕکردبوو لەخۆشی‌و شادمانی. نزیك بە کۆڵیتێك کەپیرەدار بەڕوویەك لەتەنیشتیدا شکابوەوە، هەندێ قەوزاق لەسەر کۆتەرەکەی دانیشتبوون دەمەتەقێیان دەکرد.

خاوەن کۆڵیتەکەش، کە تۆبچی بوو و لەجەنگی ئەم دواییەدا بەشداری کردبوو، نوکتەیەکی دەگێڕایەوە کەبەسەری هاتبوو لەکاتی(جەنگی ئەڵمان)دا وەکو خۆی دەیوت، لەوکاتەدا ژنەکەش قەوزاقێکی لاوبوو، لەپیپلیکانەکەوە دادەبەزیو دەفرێکی بەدەستەوەبوو بۆ دۆشینی مانگاکانو پشتێنەکەی تەنوورەکەی بەریهێنابوو یەك‌و بەژنی نەرمو زمانی دەرخستبوو، بلووزەکەیش لەهەردوو ئانیشکیەوە دڕابووو سپیایی قوڵو چەچەکە جوانەکەی دەردەخستو بەسەر بڵندیەك کەکەس ناتوانێ دەریبڕێ لەڕۆیشتندا، ژنە قەوزاقی ڕەسەند نەبێ، بەپەنا ماڵەکەدا ڕۆیشت بۆ مۆڵگەی ڕەشە ووڵاخەکان..

لەوێ ژنە کەوتە مانگا دۆشین، شیریش خوشەی دەهات بەملاوبەولای دەفرەکەداو بۆنێکی تەڕو تازەو خۆشی لێوەدەهات، پاشان کە گەڕایەوە بانگی لە مێردەکەی کرد:

ـ سیمۆن. . گوێرەکەیە نەگەڕاوەتەوە واچاکە بڕۆی لەدووی بگەڕێی.

ـ ئەی میتکا لەکوێیە؟

ـ شەیتان خۆی دەزانێ لە کوێیە. . بزانە چووە بۆ کوێ.

کابرای تۆپچی ڕۆیشت بۆ پێچی شەقامەکەو ئەو قەوزاقانەی لای بوون لێیاندا ڕاۆیشتن..بەڵام ئەو بانگی لێکردن:

ـ بگەڕێنەوە.. وەرنەوە، سەیرکەن!

هەمووان گەردەلوولێکی تەپوتۆزیان لەدوورەوە وادێتە پێشەوە، ئەمەش تەپو تۆزی سەربازی پیادەو سوارەو گالیسکەبوون بەرەو گونددەهاتن، سیمۆنی تۆبچی وتی:

ـ بەمسۆگەرییەوە سەربازن.

قەوزاقەکانو ژنەکەی سیمۆن پێشبینیان لەخراپەو بەڵایەك کرد کەدێت بۆ لایان.. بەتایبەتی دوایی ئەوەی کەسیمۆنی تۆبچی گومانی هەموانی بڕیو وتی:

ـ ئەمانە لەمیللەتی خۆمان نین.. ئەمانە قەوزاق نین.

ـ بێگومان قەوزاق نین، ڕەنگە ئەڵمان یان ڕشووس بن.. سەیرکەن، ئای. . ئا ئەوە ئاڵایەکی سوورە لەپێشیانەوە.

. بەڵێ، بەڵێ، ئاڵایەکی سوورە..

ـ کەواتە، ئەوانە بەلشەفیکەکانن؟

ـ تەواوە.. بەلشەفیکەکانن.

هەندێ سوارە لەهێزەکە جیابوونەوەو بەپرتاو بەرەو گوند هاتن.. لەم کاتەدا منداڵو کوچەو کۆڵانەکان بڵاوەیان لێکردو لەوێ نمان، پیاوەکانیش هەریەکە چوونە حەوشەی ماڵی خۆی، سیمۆنی تۆبچیش لای دەرکەی ماڵی خۆیانەوە وەستا، سوارەکان چوون بۆ لایو یەکێکیان پێی وت:

ـ ڕۆژباش کاکەی قەوزاق..دەرکەکە بکەرەوە.

کابرا ڕەنگی هەڵپرووکاو لەشوێنی خۆی نەجووڵا، لەبەرئەوە سەربازەکە قیرشاندی بەسەریدا:

ـ پێم وتی دەرکەکە بکەرەوە.

ئەسپێك بەهەردوو دەستی کردیەوەو سوارەکانیش چوونە حەوشەوە.. سەربازەکە پێی وت:

ـ جگەرە دەکێشی، یان ئێوە لەتاقمی باوەڕهێنەرە دێرینەکانن؟

ـ نەخێر، بەڵکو ئێمە ڕۆمی ئەردۆکسین.

سەربازەكان لەوماڵەدا كرداری ناشیرینیان دەنواند.. وا یەكێكیان دەچێتە گەلەخانەی ئاژەڵەوە، مەڕێكی قەڵەو هەڵدەبژێرێ‌و سەری دەبڕێ‌و ئەمجار هاوڕێیەكی یارمەتی دەدا لە كەوڵ كردنیدا. .

وا یەكێكی دیكەشیان لەولاوە پەلاماری ژنەكەی خاوەن ماڵ دەدا ئەویش خۆی نادا بەدەستەوەو دەقیژێنێ گوێی مێردەكەی گوێی لێیەو دەكەوێتە نێوان ژنەكەی‌و سەربازەكەوەو دەڵێ:

ــ تۆ میوانی منی. . بۆچی سوكایەتی بە ئابڕووی ماڵی قەوقزاق دەكەی، شەرەفی ژنكەم دەشكێنی. . بڕوات ببێ یەك هەنگاو نایەیتە پێشەوە بەسەر لاشەكەمدا نەبێ. .

سەربازەكە بینی ئاگر لەنێو چەوانی خاوەن ماڵەكە دەبارێ، لەبەرئەوە وایدا لەقەڵەم كەگاڵتەی كردووە.. لەڕاستیشدا فەرماندەی هێزەكە رازی نەبوو لەم جۆرە كردەوانە..بەڵام ئایا دەتوانێ ببیتە سانسۆر بەسەر هەموو ئاژاوەگێڕێكی ڕەوشت نزمەوە!

سەربازانی سوپای سۆشیالیستی دووەم، بەو هێزەشەوە كەباسمان كرد، شەڕو پێكدادان لەگەڵ ئۆكرانیەكان‌و سوپای داگیركەری ئەڵماندا بەتەواوی كاری تێكردبوون، بەوەش ڕەوشتی هەندێكیان شیچوابوو، ئێستاش بەرەو ڤۆرۆنیز دێن لەباكووردا.

سەربازانی ئەو هێزە وروژانە ناو گوندێكەوە، هەرچەندە كەفەرمانی سەركردایەتیشیان بەتوندوتیژی ئەو شتانە قەدەغە دەكا، لە گوندەكەدا كەوتنە تالآنكردنی ماڵ‌و سامان‌و سەربڕینی مەڕو ژن خراپكردن، زۆرجاریش كۆمەڵانی خەڵكیان بەبێ هیچ هۆیەك گوللە باران دەكرد.

شەویش ئەوەندەیان دەخواردەوە تاوەكو مەستی‌و سەرخۆشی مری دەكردن.

گوندەكانی ئەو دەوروبەرەی قەوزاق لەم هەواڵە ئاگاداركران بەمەترسی ئەوەی نەك شێكی واش لەو گوندانە ڕوویدات.

قەوزاق لە تووڕەییدا چاویان پەڕییە تەوقی سەریان، لەبەرئەوە پیاوان خڕبوونەوەو تفەنگ‌و شمشێرەكانیان هەڵگرت‌و ڕەئیس عورەفاكانی جاران بوون بەڕابەریان، پاشان لەتاریكی شەودا بەرەو ستاركۆڤ كشان، كەمێ پێش بەرەبەیان دایان بەسەر پێشەنگانی سوپای بەلشەفیكدا، تەفروتوونایان كردن، سەعاتێكی نەبرد تاوەكو 500 كەس‌و دوو بەتەرێ‌و 26 ڕەشاش‌و هەزارەها تفەنگ گیران.

بۆ رۆژی ئایندە ئالآی شۆڕشی قەوزاقی دۆنی سەروو بەرزكرایەوەو ئالآی بەلشەفیكەكانیش داگیرا. تاوەكو یەكی ئایار شۆڕش هەموو هەرێمەكەی گرتەوەو شارۆچكەی ڤیشنسكایا بووب ەبنكەیەكی جموجوڵی جەنگ‌و دژ بەشۆڕشی بەلشەفیك كە ئەو كاتە لەكشانەوەو بەزینداببوو ژەنەراڵ ئەلڤیرۆڤ كرا، بەئەتمانی سەربازیی هەرێم. . ئەمیش پیاوێكی بێ توانابوو و شیاوی ئەوەنەبوو پلەو پایەی بایەخداری بدرێتێ لەكاتی تەنگانەدا..

كەواتە چی بەرزی كردوەتەوە بۆ پلەی ژەنەراڵ؟ بێگومان ژنەكەی بوو، چونكە ئافرەتێكی ئازاو لێهاتوو بوو. .

بەردەوام پاڵی دەنا تاوەكو لەتاقیكردنەوە وەرگرتن لە كۆلیجی سەربازیدا دەرچوو دوای ئەوەی كە سێجار ێیدا كەوت.

ئەو ئاوەی كێڵگەكانی داپۆشیبوو هاتە كەمی‌و كزبوو. . بێشەڵانە بەتوولاكانی قەراخ زێی دۆنیش گەڵایان كردو سەوز هەڵگەڕان چۆلەكەیش ئەو ناوەی پڕكردبوو لەخۆشی‌و جریوە جریو.

لەڕۆژێکی ئاوادا کریستۆنیاو ماتڤای کاشۆلین چوونە ناو دارستانەکەی میریەوە تاوەکو دوو لقەدار بەڕووی پیر ببڕنو بەکاری بێنن بۆ هەندێ کەرەسەی جووت کردن، لەوێ لەبەردەمیاندا گیانەوەرێ راچڵەکیو هەڵات، کەوتنە پرسیارکردن کەچیبوو، کریستۆنیاش وتی:

ـ ئەوە بزنە کێوی بوو..هینی وەکو ئەوەم بینیوە لەشاخەکانی کەرباتدا.

ـ کەواتە، شەڕ ڕەوی پێکردووە بۆ هەرێمی خۆمان.

ـ وا دەردەکەوێ.

ـ باشە کار مامزەکەیت لەگەڵدا بینی؟

بەدرێژایی ڕێگەکە لەبارەی ئەم گیانەوەرە نامۆیەی کەهاتووە بۆ ئێرە گفتوگۆیان دەکردو متڤای پرسی:

ـ بەڵام، کەبزنە کێوی بوو.. ئەی کوا شاخەکانی؟

ـ شاخت بۆچی دەوێ؟

ـ بۆ خۆمم ناوێ. . بەڵکو هەر وا پرسیارێکەو دەیکەم.

ـ تۆ پتر لەزەمانی خۆت ژیاوی. . ئەو سمی سەختەو رشەقیشی هەیە.. ئەگەر حەزیش دەکەی دڵنیابی لەوە برۆ بۆ ماڵی میلیخۆڤ،چ ونکە من بزانم گریگۆری قامچییەکی هەیە لەپێستی دەستی بزنێك هۆنراوەتەوە.. سمەکەشی بەکۆتایی قامچییەکەوەیە لەکیفێکی مسدا.

ڕۆژی چوارشەممەی ئەو حەفتەیە میشا کۆشیڤۆی چوو سەربدات لەتۆڕی ڕاوە ماسییەکەی کەلەوەپێش خستبوویە ڕووبارەکەوە، کاتێ کەڕاوێکی زۆری بینی لەبەرخۆیەوە وتی:

(ئەمڕۆ هەندێ ماسی دەفرۆشمو هەندێکی لەلای لۆکیشکا بەهەڵوژەی وشکەوەکراو ئاڵوگۆڕ پێدەکەمو دایکم مورەبایەکی بەتامی لێ دروست دەکا..)

لەلای تۆڕەکە دامیشا ڕوانی پیاوێك دانیشتووەو ئامۆژگاری ئەوەی کرد کە ئەگەر ڕاوێکی قەڵەو چاکی بوێ دەبێ بچێتە ناو ئاوەکەوە، ئەو پیاوەش (نەگریس)بوو کاتێ کەمیشا پرسیاری هەواڵو دەنگوباسی خۆی لێکرد، نەگریس بەشێوەیەکی پڕ لەتاڵیو پەژارەوە وتی:

ـ دوێنێ لەمیگۆلینسك سوورەکان قەڵاچۆکراون.

ـ چ تیپێکاو چۆن گەیشتوونە میگۆڵینسك؟

ـ من بەدیلی بینیمن وەبەردرابوون بۆ کارجین.. لەوێش بردنیانە بەردەمی دادگایەکی سەربازی کەبەپەلە پێکیان هێنابوو، هەروەها ئەوان ئەمڕۆ ڕەشبگیر دەکەن لەتاتارسکدا،ئ یڤان ئەلکسیڤچ کە ئەم هەواڵەی بیستووە پێی وتم، چونکە ئەفسەرێکی گەورە لەم دواییەدا لەڤیشنسکایاوە هاتوە بۆ ماڵی مۆخۆڤ.

توورەییو ناڕەحەتی بەدەموچاوی میشاوە دەرکەوت، بەڵکو داخو دەردی ئەو ساڵە سەختانەی کەلەشەڕدا گرفتاری بوبوو ئێستا بەشێوەیەکی کوتوپڕی لەدەموچاویدا دەرکەوتو وتی:

ـ باشە دەبێ ئێستا چی ڕووبدات؟

ـ دەبێ گوند بەجێ بێڵین.

وتی (بەجێی بێڵین)، ئەویش لەبەرئەوەی کە نەگریس لایەنی بەلشەفیکەکانی دەگرت، بەڵکو سەربازیش بوو لەگاردی سووردا، جا لەبەرئەوە دەترسێ دوژمنانی بەلشەفیك سەکەون، لەوانە تۆڵەی لێ بکەنەوە.

میشا لێی پرسی:

- بەڵام، بۆ کوێ بەجێی بێڵین؟

- بۆ کامینسکایا.

- ئاخر قەوزاق لەوێ لەگەڵ سپییەکاندان!

- کەوابوو، خۆمانتان لێ دەدەین کەمێك بەلای چەپدا.

- ئەی باشە چۆن ڕزگاربین پێش ئەوەی بگەین؟

- ئەم هەمووە چییە، بۆ کوێو چۆنو چی! دوو چاوت پێوەیە سەیرکەو الێ دەدۆزیتەوە کە خۆڵی تێدا بشاریتەوە.

- تووڕە مەبە..تووڕە مەبە.. ئەی ئیڤان چی دەڵێ؟

- دونگت بەرزمەکەرەوە.. ئەوە ژنە قەوازقێکە بەرەو ئێرە دێت..

- هەرچۆنێك بێ، من یەکەمجار تۆڕەکەم لەئاوەکە دەردەکەمو نامەوێ لەدەستم بچێ.

- کەواتە تۆ لەگەڵما دێیت؟

- تۆ برۆ بۆ لای ئیڤان..من تۆرشەکەم دەردەهێنمو لەئاواییدا دێم بۆ لاتان. .

ئیڤان ئەلکیسیڤچ کریستۆنیاو گریگۆری بینییو ئاگاداری کردنەوە لەوەی دەیزانی لەدواباروودۆخی ناوچەکەو داوای لێکردن بێنە لای بۆ وتوویژکردن لەسەر وەزع، کاتێ کە میشا کۆشیڤۆی گەیشتە ماڵی ئیڤان سەیری کرد هەرسێکیانو نەگریس دەمەقاڵێیانە سەبارەت بەپێویستی جێهێشتنی تاتارسك یان تێدا مانەوەی، کریستۆنیا رشای وابوو کە نەڕوات، کاتێ کەداوای کرد لەنەگریس کەهێجگار دەروون گەرم بوو بۆ پێویستی بەجێهێشتنی گوند، هۆی ئەو سووربوون لەسەر رۆیشتنەی پێ بڵێ وەڵامی دایەوە:

- سبەینێ دەست دەکەن بەرەشبگیر. .پاشان بەهەرهۆیەك بێ راپێچت دەکەن ئەوکاتە.

- خۆ گای ژێر نیلەی نیم تاوەکو رشاپێچم کەن.. ئەوکاتە پێ دادەگرمو سەرپێچی دەکەم.

ئیڤان ژنەکەی خۆی لە کۆلیتەکە کردە دەرەوەو بەکریستۆنیای وت:

- لەڕاستیدا ئەوان بەزۆر ڕاپێچت دەکەن..

ئەوکاتە ئیدی نەگریس کەوتە هەڵڕشتنی قسەی ناشرین بەوە کەدەیەوێ واز لەهاوڕێکانی بێنێ..

کاتێ لەگیگۆری پرسیارکرا لەبارەی بیروڕایەوە وەڵامەکەی هەر جوێنو نەفرەت بوو کە بەسەر نەگریسدا دەیباراند، میشاکۆشیڤۆی بەرەنگاری بووەوە و وتی:

- گریگۆری واز لەمە بێنە.. ئەمە ڕێگەیەکی ڕاست نیە بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەکە.

نەگریسیش وتی:

- واز لەم دەماری ئەفسەرانەت بێنە..من بایەخی تف ڕۆکردنێکیشی نادەمێ.

لەوکاتەدا گیگۆری لەتووڕەییدا بەرچاوی تاریکبوو پەلاماری نەگریسیدا شەڕی لەگەڵ بکاتو بەهەڕەشەوە هاواری لێکرد:

- دەمت داخە، با هەردوو لاقت لەلەشت نەکەمەوە، دەرچۆرە دەرەوە لێرە!

ئیڤان سەیرێکی گریگۆری کردو سەرزەنشتی ئەو کردەوەیەی کرد، لەبەرئەوە گریگۆری خۆی ڕاگرتو ئەو قسە ناشیرینو پڕ لە تووڕەییانەی وەستاند کەئاراستەی هاوەڵەکەی دەکرد.. وتی:

ـ بەڵام.. بەچ مافێ خۆی دەسەپێنێ بەسەر خەڵکی دیکەدا..بۆچی بەخەڵکی دیکە دەڵێ چی بکەنو چی نەکەن.. ئەو فەرمان دەردەکا!

لەدواییدا دەمارگرژی هەمووان هێدی بووەوە، ئیڤانیش وتی:

ـ لەڕاستیدا ئێمە دەبێ ئێستا بڕیار بدەین.. ئایا واز لەهەموو شتێ بێنین؟ ئێمە ژنمان هەیە منداڵمان هەیە.. ئەمەو سەرباری ئەوەش کەکاتێکی فراوانمان هەیە.. دەتوانین هەر کەهەستمان بەمەترسی کرد بەدزە لەگوند بچینە دەرەوە، 1، 2، 3،. .خۆمان دەکەینە بێشەڵانەکەداو با چۆنیان دەوێ بگەڕێن.

گریگۆریش وتی:

ـ با بەوردی بیربکەینەوە لەم کارەمان.. چونکە بڕیارەکە گرنگەو لێی پاشگەزبوونەوەی گرانە، با چاوەڕێی کەین..

بەڵام میشاکۆشیڤۆی وتی:

ـ کەواتە ئێوە نایەن.. خواحافیز! ئیدی ئێمە ڕێگەمان یەك نابێ.

هەڵساو بەرەو دەرگاکە ڕۆیشت. .ئیڤانیش پێی وت:

ـ وا مەڵێ میشا، تۆ هێشتا منداڵی. .پێت وایە ڕێگەکەمان ناگاتەوە بەیەك..من پێت دەڵێم دەگەینەوە بەیەكو دەشبینی.

میشا لەڕێگەکەیدا بەچاڵێکدا تێپەڕیبوو..سەیری کرد نەگریس خۆی تێدا گولۆڵە کردووە، ئەمجار کەوتە تەکیو پێی وت کەدەبێ دەستبەجێ بگەنە دارستانەکە، بەڵام میشا داوای لێکرد چاوەڕێی کا تاوەکو هەندێ پێداویستی لەماڵ دێنێ، نەگریسیش وتی:

ـ من هیچ پێویستیەکم نیە، پارەشم پێ نیە هیچ شتێکی پێ بکڕم، تەنانەت کرێی دوو حەفتەی ئەم دواییەشم وەرنەگرتووە. .با ماڵی میلیخۆڤی پێ قەڵەو بن.. بەتایبەتی کریشای کوڕیان.

زەنگی کلێسەکە ئەوکاتە دنگ، دنگ، دنگ. .لێی دەدا، کەواتە ئەوە قەوزاق کۆدەبنەوە، میشاو هاوڕێکەی لەنزیکترین ڕێگەوە بەدزە بەرەو ماڵی میشا ڕۆیشتن، لەڕێگەکەدا تووشی ژنێك بوونو پێی وتن:

ـ ئەوە چیتانە!؟ پیاوان دەچن بۆ کۆبوونەوەو ئێوەش بەپێچەوانەوە دەڕۆن..ئەوە نەکەی میشا.

ـ پووری، ئەوە دەڕۆم بۆ ماڵەوە ئیشێکی خۆم هەیە.

ئەمجار بایان دایەوە بەلا کۆڵانێکی تەنگەبەردا، لەناکاو سەیریان کرد کۆمەڵێك ژن لەبەردەمیاندایەو خەریکی سەربانی کۆلیتیکن لەوێدا. خۆر هێشتا بەرز نەبوبوەوەو شنەبایەکی فێنکی دەهات..یەکێ لەژنەکان بەچوستو چالاکی قوڕەکەی دەشێلاو چاکی تەنورەکەی لێ کردبوو بەدارا، دەرپێ چیتە تەسکەکەی دەرکەوتبوو گۆشتی لای خوارەوەی هەردوو ڕانە سپییەکانی دابڕیبوو، ئەو شوێنەی سوور هەڵگەڕاندبووو دەموچاوی لەچالاکیو لەش ساغیدا سوورە سووریان بوو، دەبێ ئەم ژنە کێ بێ؟

بەڵێ ئەو ژنە بیلاجیای هاوەڵی ماریا بوو کە لەشەڕی ئەم دواییەدا بێوەژن کەوتبوو، ماریا هەمیشە خۆی لەمیشا دەسوی، بەردەوام میشاش خۆی لێ لادەدا، ماریا کاتێ مێردە تۆبچییەکەی وەبیردەکەوتەوە کەلەنامەکەیدا هەواڵی مردنی هاتبوو، چاوەکانی قەڵودالێ خواردبوویانو تووکە سەرەلووکەیشی با بردبووی.

کاتێ کە ماریا میشای بینی لەپەیژەکەی کەچووبوە سەری بۆ قوڕدان دابەزیو وتی:

ـ ئەوە تۆ لەکوێ بووی گیانەکەم؟

ـ ڕاوە ماسیم دەکرد.

ـ وەرە بۆ گەلەخانەکە، لەوێ یارییەکی خۆش دەکەین.

ـ دەست داخە هەی بێ شەرم.

ژنەکان دایانە تریقەی پێکەنین، یەکێکیان وتی:

ـ خۆزگە نەگریسی دەداینێ، هیچ نەبێ یارمەتی دەداین لەپاکردنەوەی کۆڵێتەکەدا!

نەگریسیش بەمنجە منجەوە وتی:

ـ سۆزانیو داوێن تەڕینە!

زەنگەکە هێشتا هەڵەیی دەدا کاتێ ئیڤانو هەردوو هاوڕێکەی دەڕۆیشتن بۆ کۆبوونەوە لەگۆڕەپانی گونددا پاش کەمێك لێدوان لەسەر ئەوەی کەدایان نا بە (هەڵەشەیی لاوێتی لەمێشکی میشا کۆشیڤۆیدا).

لەڕاستیدا ئیڤان هەرچەندە کەوتە گەڵ دووهاوەڵەکەی بەڵام ویژدانی زۆر ئازاری دەدا، چونکە دڵنیابوو کەکردەوەی کۆشیڤۆی ڕاستەو ئەو بەبڕوبیانووی خێزانەکەیەوە ڕۆیشت،ئەم ئازارە دەروونیە ئارامی لەبەر بڕیو لەڕێگادا بەهاوڕێکانی وت:

ـ ئەلهەقی ئێمە خێزانەکانمان کرد بەبیانوو. لەڕاستیدا ئێمە لەبەرە بەبەلشەفیك گەڕاینەوە، ئیدی چۆن دەشێ خەڵکی دیکە بۆیان بجەنگنو ئێمەش خەریکی کەیف کردن بین لەگەڵ ژنەکانماندا!!

گریگۆریو کریستۆنیا بەدوایەکدا وەڵامیان دایەوە:

ـ من کەگریگۆریم، بەشی خۆم شەڕو کوشتارم کردووە، با خەڵکی دیکەش ئەوەندەی من بکەن.

منیش کە کریستۆنیام، قایل نیم بچمە پاڵی کەسانی لەو بابەتە، چ جۆرە سەربازێکن ئەم گاردی سوورە! ماڵ تاڵان دەکەن، ژن خراپ دەکەن!! پیاو حەزدەکا بچێتە پاڵ پیاو. .بەڵام ئەوانە!!.

ئیڤان بەتووڕەییەوە پرسی:

ـ کێ ئەمەی وت، باشە بەچاوی خۆت بینیت؟

ـ نەخێر. .خەڵکی دەیگێڕنەوە!

ـ ئا. .خەڵکی. .

هەرسێکیان چوونە گۆڕەپانی گوندەوەو سەیریان کرد هەراو زەنایەو جمەی دێ لەقەوزاقدا: بە پیرو جوانەوەو تەنانەت منالێشیان و لەناوەڕاسی کۆمەڵەکەدا ئەتمانی گوند دانیشتبوو لەپشتی مێزەکەوە کە قاچەکانی چەقیبوونە ئەو گڵەدا کەباران نەرمی کردبوەوە، تاوەکو هەمووان بێدەنگ بوون ئەمجار ئەتمان ڕاوەستاو وتی:

ـ برایان..ئەوەتان بیست کەبەسەر گوندی ستراگۆڤدا هاتووە(ئەمجار ڕووداوەکەی سیمۆنی تۆبچیو ژنکەی بۆ باسکردن کەیەکێك لەسەربازەکانی گاردی سوور ویستبووی دەستدرێژی بکاتەسەر)،هەروەها ئەوەشتان زانیوە کە قەوزاق چییان کرد بەسوورەکان،ئێستا ئێمەش لەسەرمانە مەفرەزەیەك پێك بیچنین لەسەربازانی بەرەی گوند، لەگەڵ مەفرەزەی گوندەکانی دیکەی هەرێمی دۆندا بەشداری بکەن، لەپێناوی پاراستنی ناموسو شەرفمانو دوورخستنەوەی دزوجەردەسوورەکاندا، ئێمە حوکومەتێك سوورمان ناوێ داوێن تەڕیو ناموس شکاندن

بلاوبكاتەوە..بەڵكو حوكومەتێك بۆ خۆمان پێكدێنین كەكاروبارمان بەچاكترین شێوە بباتە ڕێوە، ئەمڕۆش ئێوە ئەم كۆبوونەوەیەتان بۆ دوو مەبەست گرتووە: یەكەم هەڵبژاردنی ئەتمانێكی باوەڕپێكراوی نوێ، چوونكە من تەنیا هەر لەبەر تەمەن گەورەیی دانرابووم، دووەمیش هەڵبژاردنی فەرماندەرێك كەدڵسۆزیەوە رابەرایەتی ڕۆڵەكانتان بكاتو بەلاَو ئاشوبی شوورەكانیان پێ دووربخاتەوە..

دوایی ئەوە هەڵبژاردنی ئەتمان بەڕێوەبرا، بەرادەیەكی هێجگار خێرا میرۆن كرۆشۆنۆڤ هەڵبژێررا، لەكاتی وەگتنی گۆپاڵی سەرخستنی ئەتمانیدا میرۆن سامی لێ نیشتو نەیدەوێرا وەری بگرێ تاوەكو پیرەكان پێیان وتو بەسەریدا هاتن ئەمجار وەری گرت، هەروەها لاوانیشی بەگاڵتەوە دەیانوت:

ــ ئەم ئەتمانە زۆری هەیە (مەبەستین ماڵو سامانە)و خیانەت ناكا، ئەگەر كردیشی، ئەوا پێستی كەوڵ دەكەین.

پاشان نۆرەی هەڵبژاردنی فەرماندەیی مەفرەزەكە هاتو ئەو ئەفسەرەی كەلەوێ بوو پێشنیاری كرد كە ئەوە فەرماندەرە لەبنەماڵەی میلیخۆڤ بێ، بەتایبەتی دەستنیشانی گریگۆری كرد، هەندێ لە ئامادەبووان ستایشی چاونەترسی گریگۆریو لێهاتوویيان لەجەنگدا كرد.. بەڵام ئەو دەموچاوی سوور هەڵگەڕابوو لەشڵەژاویدا دەیویست خۆی بدزێتەوە لەكۆبوونەوەكە، سەرەرشای ئەوەش هەندێك لەقەرەباڵغیەكە هەڵیاندایەو بەرەنگاری سەركردەیی گریگۆری بوونەوە بەم قسانە:

ــ چۆن یەكێك بكەینە سەركردەكە لەگاردی سووردابوەو لەگەڵ بەلشەفیكەكاندا خوێنی قەوزاقی ڕشتووە ! !

ئەو لەوانەیە هەر لەیەكەم شەڕدا خیانەت لەڕۆڵەكانمان بكات.

گریگۆری هەڵچوون تاوی بۆ هێناو قوشقی بوو هاواری كرد:

ــ من ئەم پلەو پایەیەم ناوێ. . وەریشی ناگرم!

لەوكاتەدا قەرەباڵغیەكە كەوتنە هوهاڵی كێشانی، هەروەها هەند دەنگیش بەرزبوەوە داوای دەكرد گریگۆری دادوەری كرێ لەبەرئەوە.

كاتێ كەهەراو هوریاكە نیشتەوە، پێوتەر دانرا بۆ پلەو پایەی نوێ، هەمووان ڕازی بوون لەسەری:

بەڵام ئەی ئەو كەسانە كوان بەخوایشتی خۆیان بچنە مەفرەزەكەوە؟ كە داواكرا لە ئەنیكۆشكای كۆسە بێنە مەفرەزەكەوە، بەگاڵتەجاڕییەوە پۆزشتی هێنایەوە كەمناڵەو ناتوانێ خۆی بخاتە ژێر چەكەوەو وتی:

(من هێشتا مووم لێ نەهاتووە).. هەمووان دەستیان كردە پێكەنین، ڤیدۆتیش بیانوی ئەوە بوو كە(قۆڕە)و برادەرەكانیشی كەوتنە گەپجاڕی بەقۆڕییەكەیو پێشنیاریان كرد كە بیكەن بەچێشت لێنەر، پاشانیش هانهانەی دەن تاوەكو لەلاكەی كەشەوە قۆڕ دەبێ..

دواجار بەشێوەیەكی پێكەنین هێنەر، ئەندامانی مەفرەزەكە ناونووس كرانو كریستۆنیاش لەنێوانیاندا بیكەنو ئەوەی ڕادەگەیاند كەدەچێ بۆ سەیركردن نەك بۆ شەڕ كردنو تومیلینیش كەپرسیاری لێكرا ئایا ئارەزوو دەكا ناونووس كرێ لەلیستەی چەك هەڵگراندا ئەمیش وەڵامی دایەوە "نازانم".

بۆ بەیانی ڕۆژی ئایندە مەفرەزە پەڕینە سەر كۆڵی ئەسپەكانیانو پێوتەر پێشیان كەوت بۆ كارجینو لەوێ چاوی بەئەتمانێك كەوت كەلەم دواییەدا دانرابوو و ناوی لێخۆڤید رۆڤ بوو، ئەم ئەتمانە پیاوێكی تەمومژاویو سەرسەختو فرەگەڕبوو، كەسیش نەیدەزانی بەم گەڕۆكییە چی لەژێر سەردایە، ئەو سەرتاپای ئەوروپا گەڕابوو، بەردەوام لەناكاو

دەردەکەوتو هەربەم شێوەیەش وون دەبوو، بەڵام هەر شوێنێك ئاژاوەو بشێوی لێبوایەو پێویستی بەپلیشانەوەی گەل هەبوایە ئەوا لیخۆڤیدرۆڤ دەگەیشتە ئەو شوێنە، لەناسکترین کاتیشدا دەگەیشت!.

ئەمەبوو ئەو پیاوەی کەچاوی بەپێوتەر کەوت، بەسووکیەکەوە سەیرێکی کردو داوای لێکرد کەخۆیو مەفرەزەکەی بگەڕێنەوە بۆ تاتارسك، پاش ئەوەی کەهەندێ تیزی بەخەڵکی ئەوێ کرد بەم قسانەی:

ـ تاتارسك گوندێك گەورەیە..ئەوە مەفرەزەکەشیە چل کەس زیاتر نیە!!

پێوتەرو مەفرەزەکەی هەر لەهەمان ڕۆژدا گەڕانەوە تاتارسك...لەوێ جۆرەها تانەو شەڕ دەدرا بەگوێیاندا لەبارەی ئەم گەشتە پڕ لەقارەمانێتیەیانەوە:

ـ شەڕتان بڕانەوە؟ بەلشەفیکەکانتان بەزاند؟

ـ بەڵێ، جەنگمان بڕانەوەو ئەوانیشمان بەزاند.. وا خەریکیشم چ شلەیەکیش ماوە بیبەزێنم..

مەفرەزەکە لەگونددا جێگیربوو. .ئەندامانیش گەڕانەوە باری ئاسایی ژیانی خۆیان.

لەشەممەی (فصح)دا پەیامبەرێك هات بۆ ماڵی میرۆن کرۆشۆنۆڤو داوای لێکرد کەدەبێ دەسبەجێ قەوزاق سەربازگیریی بکرێن..چونکە پۆدتیلکۆڤو گاردی سووری ئەو نزیکبوونەتەوە، هەرخێرا قەوزاقی تاتارسك وەخۆکەوتنو ئەمجارەیان سەدوهەشتا کەس بوون لەباتی چل، لەبەرئەوەی ژەنەراڵی لێپرسراو هەڕەشەی کردبوو کەئەو کەسەی دواکەوێت نازناوی قەوزاقی لێ دەسەنرێتەوەو بەسواری کەوتنەڕێ بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوورە هێرش هێنەرەکان.

گریگۆری لەڕیزی پشتەوەی تابوورەکەدابوو، لەڕێگەکەدا بینی بەدڵخۆشییەوە ڕادەکات ئەمیش ڕایوەستاندو لێی پرسی بۆچی وا ڕادەکات مێردمنداڵەکەش داوای جگەرەیەکی کرد بیکێشێو ئەمجار وتی:

ـ تۆزێ بچنە پێشەوە لاشەی سوورەکان دەبینن...بەچاوی خۆم بینیم چۆن دیلەکانیان کوژران، تەنانەت دڵی یەکێکیشیان بینی پرتەپرت لێی دەدا لەکاتی گیانەڵای کابرادا. ..گورچیلە شینەکانیشی هێشتا هەر لەرزە لەرزیان بوو.

گریگۆری دڵی تێکهەڵچوو کاتێ کەتێڕاما  لەوەی گوێی لێبوو و وتی:

ـ وا ئەرزی دۆنیش خوێنی بەسەردا ڕژا..

لەولاشەوە توریلین ناڕەزایی خۆی دەربڕی لەوەی کە دیل وژەکان بەخاکیان نەسپاردوونو وتی:

ـ داد لەدەست ئەو جانەوەرانە، ئایا ئەوەندەیان چاوەڕێ نەکردووە کە بیاننێژن!!

پۆنچۆکو ئاننا جێگیری ڕۆستۆڤ بوبوون، لەکەیفوسەمایی خۆشەویستی بڵێسەدارەکەیاندا بوون لەو ڕۆژگارە شڵەژاوەدا.

پۆنچۆك بەگاڵتەو سوعبەتەوە ڕەخنەی لەیارەکەی دەگرت سەبارەت بەکاروباری چێشت لێنانو ئامادەکردنی شلەی جۆربەجۆر، لەوکاتەدا ئاننا پێی وت کەدوای حەوت مانگ دەبێ بەدایك، پۆنچۆکیش بەوە شڵەژا، شڵەژانێکی نە خۆشو نە ناخۆشیش، بەڵکو هیچ هەستێکی تێدانەبوو لەسەرەتادا، پاشان کەوتە گلۆفینی دەستی ئانناو ئەویش دەیویست بیکێشێتەوە.

ئەو هەستی بەجۆرو ئازارێك دەکرد کەئەو پیاوەبوبو بەهۆی، لەبەرئەوە نەچوو بەدەم دەست لەملانیەوە، ئەگەر چیش زۆر ڕقی لێ نەبوەوە.

کاتێ کەپۆنچۆك چوو بۆ هۆدەکەی خۆی، ئاننا شوێنی کەوتو چووە ژوورەوە ئەویش دەرگاکەی لەسەر خۆیان داخستو بەرانبەری ئاننا وەستاو وتی:

ــ ئێستا.. چی بکەین؟

ــ هیچ.

ئاننا ئەمەی بەبێ باکیەوە وتو پاشان بێدەنگ بوو ئەم بێدەنگیە پۆنچۆکی زۆر ناڕەحەت کردو ویستی قسەبکات، بەڵام وروژاویو ئاڵۆزیی بیرکردنەوەی زمانی چووبوە بەست، ئاننا سەرەنجی ئەوەیداو وتی:

ــ واز لێ بێنە با ببێت..کاتێ کەئەو لەدایك دەبێت،ئ ەوکاتە شۆڕشی پێچەوانە لەناوبراوە.

باشە خراپە پیاو منالی ببێت؟

پۆنچۆك هەستی کرد باسەکە بەرەو کوێ دەڕوا لەبەرئەوە سەری داوەکەی گرتە دەستو وتی:

ــ پێویستە نۆ مانگو نۆ ڕۆژە تەواوکەی، منالێکی نێرینەو قەلەو ڕێکوپێك دەبێو دوای لەناوبردنی شۆڕشی پێچەوانەش، من دەبم بە وەستای گوڵاو دروست کردن، تۆش کەمێ قەڵەو دەبیت.. کار دەکەین، پاشان خانووەیەك دەکڕینو تاقمێکی پانو پۆڕی تێدا دەکەین، لەوێشدا قەفەزێك دادەنێین کەناریەکی جوانی تێدابێ.. ڕۆژانی یەك شەممە پێشوازی لەمیوانەکانمانو هەروەهاش سەردانی هاوڵاتیانی پیاوچاك دەکەین.. تۆش کێك دروست دەکەیت،ئەگەر هەویرەکەشت بێ پێزبوو دەست دەکەی بەگریان..

هەروەها پارەش پاشەکەوت دەکەین. .

ئاننا بێ ئەوەی خۆی بیەوێ، زەردەخەنەیەك گرتی، بەدلگرانیەوە، پاشان ورتە ورتێکی کرد:

ــ ئۆی. . ۆ چەند خەیاڵ پڵاوی!

ــ ئەی تۆ حەز بەوە ناکەی؟

ــ بەڵێ، دیارە ئەمەشتێکی بەجێیە.

لەرۆستۆڤدا ژیان هێجگار جەنجاڵو قەرەباڵبوو، شەقامەکان جمەیان دەهات لەدەستە دەستە سەربازانو کرێکارانو خەڵکی جلوبەرگ شڕو وڕ کاڵوکوت.. ئانناو پۆنچۆك ڕۆژێکیان بەناو شاردا دەگەڕانو ئاننا ئاوڕی لەهاوڕێکەی دایەوەو وتی:

ــ تەماشاکە پۆنچۆك..شار یەك پارچە ڕەنگی کاڵ بوەتەوە.. وەکو بەرد وایە، نەشەبقەیەکی نەخشینو نەگالیسکەیەکی ترۆیکای نایابی تێدایە.

ــ ئەگەر سپییەکان بێن دەستبەجێ ڕەنگی دەگۆڕێ. .

ئەمەی بەلاقرتی کردنەوە وتو بزەیە گرتیو گەیشتنە هێڵی بەرگری کردنی قەراخ شار، لەوێ سەیریان کرد پۆدتیلکۆڤ ئازایەتی دەداتە بەرسەربازێکی ڕەشاش هەلگرو دەڵێ:

ــ برام تۆ دەست بەفیشەکەوە مەگرە. خۆمان فیشەکمان زۆرە..بتەقێنە.

لەم خەتی بەرگیەدا پۆنچۆك بەپاچەکەی چاڵێکی هەڵکەندو ڕەشاشەکەی تێدا چەسپ کرد،پاشان ڕەشاش پڕکەرەکە عەمبارێکی پڕ لە فیشەکی دایەو ئەویش خستیە جێگەکەی خۆی.

ئەم ڕەشاش داگرەوەش ماکسیم کریازنۆڤو قەوزاقی تاتارسك بوو، کریازنۆڤی بەناوبانگ دەرکردوو بە دزی چارەویو ئەسپەکەی کەهێلێك زیوین بەناوەڕاستی پشتیەوە بوو لەشەڕێکی پێشوودا لەژێریدا کوژرابوو.

کریازنۆڤ ناچار زینەکەی ماوەی سێ قۆناغ هەڵگرتبوو دوای ئەوە تووڕیدابوو ڕۆیشتبوو و پاشان چووبوو بۆ ڕۆستۆڤو لەشمشێرە مشتوو زیوەکەی کەلە ئەفسەرێکی کوژراو کردبوویەوە، فرۆشتبوو کەوتبووە خواردنەوەو بەدمەستیو کاتێ کەچووە مەفرەزەکەی پۆنچۆکەوە، ڕووتو ڕەجاڵ بوو تاڕادەیەكو ڕاهاتووی مەیخواردنەوەو سەرمەستیش بوبوو، وا ئێستا ڕەشاشەکەی ئەو کەسە دادەگرێتەوە کەداڵدەی داو گرتیە خۆی.

دەستەو تاقمی قەوزاق دەهاتنە پێشو پۆنجۆکیش چاوەڕێبوو نزیکببنەوە تاوەکو بەڕەشاشەکەی قەلاچۆیان کات، بەلام گوللەیە ماکسیمی پێکا..لەشی پێچی خواردو بەتەنیشتی ڕەشاشەکەوە کەوت.

پۆنچۆکیش لوولەی ڕەشاشەکەی لەخوێن پاکردەوە.. پاشگەزبوەوەو ماکسیمی بەجێهێشت لەئازاری سەختی سەرەمەرگیدا.

پۆنچۆك لەگۆشەیەکی شەقامێکی سەرەکیدا ڕەشاشەکەی دامەزراندەوە پاش ئەوەی کە گاردی سوور هێڵی بەرگری قەراخ شاریان لەژێر زەبری گوشاری قەوزاقە شالاوهێنەرەکاندا چۆڵ کرد، هاوڕێکانی بەپەلە مەتەرێزێکیان بۆ دروست کرد تاوەکو خۆی بداتە پاڵی. .

قەوزاق لەو شەقامەدا لەپشتەوە وروژمیان هێنا.. ئاگری خۆیان داباراندو سەر سەربازەکانی گاردی سووردا.

لەوێ لەمەفرەزەکەی پۆنچۆکدا ئافرەتێکی خۆڕاگرت دەبینی دەتوت بەردە.. ئەو ئافرەتە ئاننابوو، پاشان بەقژی ئالۆزکاوەوە کەوتە ڕاکردنو تفەنگێکی بەدەستەوەبوو کەخۆیشی نەیدەزانی چۆنی هەڵی پرووکاندوە، دەسماڵەکەی دەوری ملی با دەیشەکانەوە، مۆرکی هەڵچوونێکی پڕ ترسو لەرزی پێوە دیاربوو، هاواری دەکرد:

ـ شوێنم کەون.. قەوزاق لەپشتی ئەم خانووەدا خۆیان حەشارداوە..

پۆنچۆکو نۆ کەسی دیکەی سەربازانی مەفرەزەکە شوێنی کەوتن، لە دەروون گەرمیو وروژانێکدا بوون نەیاندەتوانی زاڵ ببن بەسەریدا.

قەوزاقەکان ناچارکران بەدوای خۆیاندا بگەڕێنەوە، بەلام یەکێکیان بەسەر ئەسپەکەیەوە ئاننای پێکا، پۆنجۆك سەیری کرد ڕادەکاو کەلەکەی سووربوە لەخوێنداو پارچە دڕاوەکانی بلووزەکەی بەدەم باوە باڵی گرتوەتەوە..

ئاننا دای لەزەویو کەوت.. دوو پیاو هاتن هەندێ پێچەری لەبادیان خستە سەربرینەکەو بەلام خوێن هەر بەلێشاو ڕێی دەکرد.

کاتێ پۆنچۆك لێی نزیکبوەوە، ئەو قورگی ڕەق هەڵاتبوو لەتاو ئازارو وشکیدا دەیوت:

ـ ئاو! ئاو! ئاگرم تێبەربوو.. دەمەوێ بژیم ئیلیا.. خۆشەویستەکەم. .ئاخ!ژنەهێزی تێدا نەماو ساردبوەوەو جووڵەی لێبڕا چاوە بریقەدارەکانی نەبێت.. ئەمجار هێزی دابەخۆیو وتی:

ـ دەبینی چەند کارەکە ئاسانە ئیلیا.. بەهەموو ساکارییەكو ئاسانیەك..من دەمرم وا کاتی مردنم هاتووە.

بەلام ئەوەندەی پێنچوو قیژاندی:

ـ ترس..ئازار. .ئاخ.. هەموو لەشم دەسووتێ! خوێن لەناوەوەم ڕێ دەکا.. سیەکانم پڕبوون لەخوێن. .ئاو بکەنە سەر سنگمدا!.

ئتویان هێنا. . بەلام دەموچاوی زەرد هەڵگەڕا.. سەری کەوت بەلادا..و ئیدی ئاننا لەژیاندا نەما..

پۆنچۆك داچەمییەوەو لێوەکانی توندکرد لەسەر پێڵووە نیوە داخراوەکانیو هاواری کرد:

ـ ئاننا. . خۆشەویسترین کەسم!

پاشان هەڵسایە سەرپێ.. وەرچەرخایەوە.. بە ووشکی دەتوت بەردە، بێ ئەوە هەردوو باڵی کەبەلاکەلەکەیدا شۆڕبوبوونەوە بجووڵێنێ کەوتە ڕێ، بەم جۆرە کۆستی کەوتو ڕووناکی چاوەکانی لەدەست چوو.
بەدرێژایی چەند ڕۆژێ دوایی ئەوە پۆنچۆك هەربەلەش دەهاتو دەچوو.. بەڵام بیرو گیانی تارابوونو نەیدەزانی لەکوێن.. دەموچاوی گۆڕابوو، چاوەکانی هیچ مانایەکیان تێد نەمابوو، جموجووڵو هەڵسوکەوتیش لەیەکێك دەچوو بەتوندی بەنج کرابێ.
کە سەیرت کدایە دەتوت کابرا تووشی ڕەشەگرانەتا بووە،چ ونکە پۆنچۆك هیچی ندەخواردو حەزیشی نەدەکرد خەڵکی دیکە ببینێ هیچ بخۆن، کەهاوڕێکانی بانگیان دەکرد لەژەمە خواردنەکانیاندا بەشداربێت پۆزشتی بۆ دەهێنایەوە کەناتوانێو کاتێ کە وەختی نووستن دەهات دەبوایە یەکێك ئاگاداری کردایەتەوەو پێی بووتایەبنوو، ئەمجار پاڵدەکەوت، بەڵام هەرگیزاوهەرگیز خەوی ئاسوودە نەدەچووە چاوی.
لەوکاتەوە کە ئاننا مردبوو پۆنچۆکیش بەڕاستی لەگەڵیدا مرد، هەرچەندە کەدڵیش وەکو ئادەمییەکانی دیکە لێی دەدا.
ئا لەم دۆش دامانەدا کریفۆشلیکۆڤی ئەندامی کۆمیتەی پارتی هەرێم چاوی پێکەوتو بەمیهرەبانیەوە کێشای بەپشتیدا،ئەوکاتە ئەو نەیدەزانی ئەم هاوەڵەی چی لێ بەسەرهاتووە، وتی:
- ئۆی. .پۆنچۆك، خۆ ئەوە لەدووی تۆ دەگەڕێم.
شانبەشان لەگەڵیدا ڕۆیشتو ئاگاداری کردەوە کەهێرشێکی گاردی سوور بەدەستەوەیە هەرێمی دۆن ببڕێو بەرەو باکوور بچێ تاوەکو لەوێ پەیوەسندی بەقەوزاقی دۆنی سەرووەوە بکاتو بیانخاتە ژێر چەکەوە، پۆدتیلکۆڤیش ئەرکی سەرکردایەتی ئەم هێرشەی دەکەوێتە ئەستۆ، ئەمەش پێویستی بەهاندەرانە لەنێوخەڵکیدا.. و پاشان لێی پرسی:
- باشە لەگەڵ هێرشەکەدا دەڕۆی؟
- بەڵێ.
- زۆرچاکە، کەواتە سبەینێ ئامادەبە بۆ ڕۆیشتن.
لەچواردەی مایسدا هێرشی سوور بەرەو باکوور کەوتەڕێو دەملیۆن ڕۆبڵی بۆ تەرخانکرابووو فرۆکەکانی ئەڵمان نزمدەبوونەوە بەسەر هێڵە ئاسنینەکەی نێوان کامنیسکایاو نۆڤۆشێرکسداو پۆدتیلکۆڤو سەربازەکانیان دەدایە بەر هاڕەی شەستیر. لەگەڵ ئەوەشدا بەردەوام هێڵێکی درێژ لەگالیسکەی شەمەندەفەر هێدی هێدی دەکشا.
پۆدتیلکۆڤ کەبەسەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسارێتی گەڵ هەڵبژێررابوو لەهەرێمی دۆندا، وای بۆ دەچوو کە کات بەفیڕۆدەڕوا ئەگەر حاڵ بەم شێوەیە بەردەوام بێت، لەبەرئەوە کۆبوونەوەیەکی سەربازیی سازکرد بۆ لێکۆڵینەوە لەم بارودۆخەو لەو کۆبوونەوەیەدا پێشنیاری کرد کەپێویستە گالیسکەکان بەجێ بێڵنو ئەسپەکان بەرکاربێنن بۆ هێرشبردن.. لەبەرئەوەش کەپێشنیارەکە بەرهەڵستیەکی ئەوتۆی نەکرا، ڕەزامەندییان لەسەر دەبڕیو دەستکرا بەجێبەجێکردنی.
بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لەگالیسکەکاندابوون، پۆنچۆك قوژبنێکی گالیسکەکەی خۆی گرتبوو سەیری بنمیچەکەی دەکردو داڵغەی لێدەداو گەڕابووە بۆ ژیانی ڕۆژانی ڕابووردو. ئاننای دەهاتە بەرچاو لەڕۆستۆڤو کامنیسکایادا.. ئەوکاتەی کەلە نەخۆشییەکەی چاکبووبووەوە..پاشان هەموو ئەم وێنانە دەڕەوینەوەو وێنەی دەمێکی لاربوەوەو

خوێنی لەکەلەکە ڕۆیشتبوو بلووزێکی دڕاوی دەهاتە جێگا،. .دوای ئەوەش دەنگێك كونە گوێی دەسمیو دەیوت:
(من وا دەسوتێم.. دەمەوێ بژیم!).
لەدوایدا سەربازانی هێرشەکە لەگالیسکەکانیان هاتنەخوارو کەوتنە تاودانی ئەسپەکانیانو بۆ بەیانی ڕۆژی ئایندە چوونە ناوچەی قەوزاقی دۆنی سەرووەوە.
پۆدتیلکۆڤ سەرنجی ئەوەی دەدا کەتا بەرەو باکوور بچوایە ئەو قەوزاقانەی کەهێزەکەی بەگوندەکانیاندا تێپەڕی دەکرد ڕەیان بەرەو نزمیو ڕووگرژیو هاوکاری نەکردن دەچوو، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ کار ڕوو لەخراپەبوو.
ئێوارەیی ڕۆژێکیان پۆدتیلکۆڤ و هێزەکەی لەگوندێکی قەوزاقدا بوونو خەڵکەکەی ڕازی نەبوون بەوەی کەخۆراکیان پێ بفرشن، هەرچەند هەوڵو کۆششیان لەگەڵ کردن سوودی نەبوو، پۆدتیلکۆڤ زۆ پەست بوو لەوەو بڕیاری دا سزایان بدات.
بەڵام هەندێ لەسەربازەکانی هاتنو وتیان کەوا (هەندێ ئەسپ سوار لەلاپاڵی لێژگەکەدا جموجوڵیانە) پاشان زانیان کەوا هێزێکی قەوزاق کەزۆربەیان لەوەوپێش لەژێر سەرکردایەتی پودتیلکۆڤدا خزمەتیان کردووە، بەرەو ڕوویان دێت، ئەمیش دڵنیابوو لەوەی کەدۆسو ئاشنا دێرینەکانی هەموو یارمەتیەکی دەدەن.
بەڵام ئەوان کەلەژێر سەرکردایە سپیریدۆڤدابوون، تەفرەیاندا، چونکە لەڕاستیدا لەو قەوزاقانە بوون کەهاوکارییان لەگەڵ سپییەکاندا دەکرد.. ئابڵۆقەی هێزەکەی پۆدتیلکۆڤیانداو داوایان لێکردن تەواوی چەکەکانیان بدەنە دەستەوە، پۆدتیلکۆڤ دەرکی بەوەکرد کەئەم کارە فرۆفێڵێکی تێدایە.. بەڵام هێشتا هەر بەهیوابوو سەرکەوتن بەلایەنی خۆیدا بشکێتەوە، بەم هیوایە فەرمانی بەهێزەکەی کەچەکەمانیان بدەنە دەستەوە.
بەمجۆرە سەربازانی هێزەکە بەئاسانی یەخسیرکران، کاتێ کەچەکەکان بەتەواوەتی وەرگیران سپیریدۆڤ ڕاوەستاو وتی:
ـ تەنیا تاقمەکەی پۆدتیلکۆڤ با لەلای ڕاستەوە بوەستێو ئەوانی دیکەش لەلای چەپەوە. قەوزاق دیلەکانی هێزەکەی پۆدتیلکۆڤیان ڕاپێچ کرد بۆ ئەو شوێنەی کەدادگایەکی سەربازیی ڕواڵەتییان بۆ سازدانو ئەو دادگایەش هەمووی تاوانبارکردنو حوکمی مردنی دان.
فەرماندەیی دەستەی گوللەبارانکردن پرسیاری لەدیلەکان دەکرد سەبارەت بەناوەکانیانو شوێنی لەدایکبونیان، کاتێ کەنۆرەی پۆنچۆك هات، خۆ پێناساندنی ڕشەتکردەوە، فەرماندەیی دەستەکەش پێی وت:
ـ کەواتە دەتەوێ بەبێ ناو بمریت، تاوەکو کەس نەتناسێ.
لاشەی پۆدتیلکۆڤو سەربازانی هێزەکەی فڕێدرانە چاڵێکی گەورەوەو بەتەنیا یەك لاشە ناوی نەبوو.. ئەویش لاشەی پۆنچۆك بوو..
پیۆتەرو قەوزاقەکانی تاتارسك دەمەو ئێوارەی ئەو ڕۆژەی فێڵەکە کرا لەپۆدتیلکۆڤ گەیشتنە پۆناماریۆڤو تاتارسکیەکان ئەوەیان بینی کەچۆن دادگا سەربازییەکە دادوەری دیلەکانی گاردی سوور دەکا، هەروەها لەکاتی گوللەباران کردنیشیاندا ئامادەبوون.
پیۆتەر لەوساتەدا زۆر کەیفو خۆشبوو، ئەی نابینێ وا بەلشەفیکەکان دەمرن، تەنانەت با چاونەترسیش بن لەکاتی مردندا!.

وا پۆدتیلکۆڤو کریڤۆشلیکۆڤ داوا دەکەن لەسێدارەدانیان دواخرێت تاوەکو هاوڕێکانیان ببینن چۆن بەجوامێرانە دەمرن، کاتێ کەنۆرەیان هات، تەنیا ئەوان جلوبەرگەکانیان لەبەدا مابوو، پۆدتیلکۆڤ ڕوخسەتی لێ خواستین ووتارێکی کورت بداتو بواری درا، ئەمیش لەسەر تەختی سێدارەکەو پێش ئەوەی پەتەکە بکرێ بەملیدا وتی:

ـ گوێتان لێ بێ..وا ئێوارە ئەمڕۆ حوکم دەکەن..بەڵام ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە.

گریگۆریو زۆر لەقەوزاقەکان حەزیان بەبینینی ئەو دیمەنە نەکردو لەوکاتەدا پۆدتیلکۆڤ دەستی کردە قسەکردن ئەمان دایانکێشاو ڕۆیشتن، ئەویش دەستی بۆ ئەوە ڕاکێشاو وتی:

ـ سەیرکەن چەند کەمن ئەوانەی حەز بەمردنمان دەکەن، ئەوانە لەئازاری ویژداندان،چونکە ئێمە لەپێناوی بەژەوەندیو چاکەی گەلی زەحمەتکێشدا لەدژی ژەنەراڵە جرجەکان خەباتمان کردو درێغیمان نەکرد تەنانەت لەبەختکردنی گیانیشماندا، وا ئێستا ئێوە دەمانکوژنو نەفرەتی ئەوەتان لێ ناکەین، ئێوە برای ئێمەن..بەڵام زۆر فریودراون، حوکوومەتی شۆڕشگێڕ دێت، ئەوکاتە دەزانن ڕاستی لەلای چ لایەنێکە، ئێوە لەم چاڵەدا چاکترین لاوانی ناوچەی دۆنتان ناشت.

پاشان تەختی سێدارەکە لەژێر پێیدا لابرا، کەوتە دیلانێکردن لەهەوادا، لەبەر قورسی لاشەکەیو ڕوومەتی ڕەش هەڵگەڕاوو تاڵی درایە بەر زللە لەلایەن هەموو بەشداربووانی تاوانەکەوە..

لێشاوی تفو فرمێسك بەسەر سینگی پۆدتیلکۆڤدا دەهاتە خوارەوە.

میشا کۆشیڤۆیو نەگریسی هاوڕێی بۆ شەوی ئایندەی هەڵاتنیان لەتاتارسك، گوندی کارجینان بەجێهێشت.

تەومژ لەدەشتەکە ئاڵابوو، لەشیوو پێچی تەپەوتەلانەکاندا خڕبوبوەوە، مانگیش بەئاسمانەوە تریفەی دەهاتو دەتوت گوڵێکە لەتافی دەمکردنەوەیداو لەنێو ڕایەخی گژوگیای سەوزەڵانیدا سەری دەرهێناوە.

بەدرێژایی شەو تا دەمەو بەیان ڕێیان کرد، تاوەکو کاکێشان لەڕێگە دوورو درێژەکەی ئاسمانیدا لەچاو ونبوو، پاشان لایاندا بۆ گوندێك لەوناوەداو لەدووری دوو میل لەو گوندەوە شەش ئەسپ سواری قەوزاق شوێنیان کەوتنو پێیان ڕاگەیشتنو گرتنیان.

قەوزاقەکان دانیانە پێش خۆیان..سێ سەد یاردەیەك نەڕۆیشتن تاوەکو زرمەی گوللەیەك هاتو نەگریسی پێکاو کەوت بەلادا ڕۆیشتن وەکو ئەسپێك لەسێبەری خۆی بترسێ، پاشان بەسەر گیاکەوە هەڵتووتاو ئەمجار پاڵکەوتو دوای ئەوە هەڵنەسایەوە..

کوشیڤۆیش ڕۆیشت..هیچ هەستو هۆشێك لەلەشیدا نەمابوونو چاوەڕێی دووەم تەقەی دەکرد لەتوولە تفەنگی یەکێك بەسوارەکانەوە، بەڵام کەی تفەنگەکە ئەم تقەەیەی لەدەست دەبێتەوە؟ کۆشیڤۆی ئەمەی نەدەزانیو نەزانینیش لەبارودۆخی ئەودا تۆقێنەرترو ئازارسەختتر بوو لەزانین.

هاواری لێکردن:

ـ بیتەقێنە بەرازینە، بۆچی ئازارەکانم کۆدەکەنەوە؟

ـ بڕۆ. .ڕێبکە. .دەمت داخە.

کۆشیڤۆی بەدەم دەردو ئازارەکەیەوە ڕۆیشت..تاوەکو ئەسپ سوارێك وتی:

ـ ئەو جووتیارە.. لەکۆڵمان کردەوە، بەڵام تۆ قەوزاقیو ئێمەش بەزەییمان پێدا دێتەوە.

لەشەڕی ئەڵماندا لەکەتیبەی دوانزەهەمدا خزمەتت کردووە..وانیە؟

- بەڵێ.

- کەوابوو دووبارە لەکەتیبەی دوانزەهەمدا خزمەت دەکەینەوە، بەڵێ، کەمێك سنووری ڕاستیت تێپەڕاندووە..بەڵام دەزانین چۆنت چاکدەکەینەوە، ناتکوژین.

قەوزاق پاش چەند ڕۆژێك میشایان(چاککردەوە)، کاتێ کەدایانە دادگایەکی سەربازیی، ئەم دادگایەش لەڕۆژگاری پێشوودا دووجۆر سزای هەبوو، کوشتن بەگوللەباران کردن یان دارکاریکردن بەتوڵی بەتوولاو دادگا سەرلەبەیانی ڕۆژی یەکشەممە لەبازاڕدا بەسترا.

یەکەم کەس لەتاوان وە پاڵدراوەکان لاوێك بوو بەندیان کردبوو لەبەرئەوەی حەزو ئارەزووی بەلشەفیکەکانی لەبەرخاتری پایەو ڕێزی باوکی نەبوایە لەلای هەمووان گوللەبارانیان دەکرد، چونکە باوکی پیاوێکی ئایینیو پایەبڵندبوو، لەبەرئەوە دادگا تەنیا بڕیاری لێدانی بۆدا.. پانتۆڵەکەی لەسمتی هێنرایە خوارەوەو بەسەر تەختێکی درێژەوە ڕاکێشێنرا.. پاشان توولێکی داری بەتولایان هێناو پێیان دارکاری کرد.

کەلەوەبونەتەوە کابرا هەڵسێنراو پانتۆڵەکەی هەڵکێشا..پاشان ڕووی کردە پیاو ماقوڵانی دادگاو وتی:

- سوپاستان دەکەم پیاوماقووڵان.

- بەڵکو لەنەخۆشیەکەت چاکت کاتەوە کوڕە.

دوای ئەوە نۆرەی میشاکۆشیڤۆی هاتو حوکمی بیست دەریاندا، کەبەتوندیو بەیەك بین لێی بدەنو سزادانەکە جێبەجێکراو میشا کاتێ کەپانتۆڵەکەی بەرزکردەوە هەرئەوەنەبوو بگرێو وتی:

- ئەمە ڕاست نیە، من سەرم گوناهی کردووە، بەڵام شوێنێکی دیکە ئازاردرا، ئەمە بەدرێژایی تەمەن دەبێ بەشوورەیی.

ئەو کابرایەش کەدارکاری کرد وەڵامی دایەوە:

- سەغڵەت مەبەوە، شورەیی دووکەڵ نیە تاوەکو چاوەکانت ئازاردات.

پاشان ویستی ورەی بەرزکاتەوەو وتی:

- ئەلهەقی تۆ لاوێکی ئازای. .توانیت خۆت ڕاگری، دوو جەڵدە لەوەی کەلێمدای هێجگار توندو سەخت بوون، بەڵام ئەوانی دیکە هەربەئاستەم پێمدا دەکێشای.

میشا دایکێشا ڕۆیشت.. بۆ ڕۆژی ئایندە ڕاپێچ کرا بۆ بەرە لەگەڵ قەوزاقەکانی دیکەی تاتارسکدا.

لاشەی (نەگریس)پاش دوو ڕۆژ لەکوشتنی نێژرا، ئەویش ئەوەبوو کەئەتمانی گوندەکە دوو قەوزاقی نارد لەو زەویەدا چاڵێکی بۆ هەڵکەنو تێیدا بینێژن..یەکێکیان وتی:

- زەویەکە هێجگار ڕەقو سەختە لێرەدا، ڕەنگە لەبەرئەوەی لەمێژەوە نەکێڵرابێ..

- ئەوەندە ڕەقە دەڵێی ئاسنە..ئەمە چەند ساڵە هەر بەبۆرەیی ماوەتەوە.

- کەواتە، کوڕە سەر ئاسوودە دەبێ لەلایەنی گۆڕەکەیەوە لەم جێگەیەدا، بەلاپاڵی گردێکەوە، هەوایەکی پاكو خاوێنو زەوییەکی ئاسنینی توند یەکگرتووو ئێسكو پرووسکی بەم زووانە ناڕزێ.

دوو قەوزاقەکە سەیرێکی لاشەکەی نەگریسیان کرد، هەڵکو مابوو بەسەر گیاکەوەو یەکێکیان وتی:

- جلەکانی لەبەر داکەنین؟

- بەڵێ، ئەوە پێڵاوەکانیە وادیارە زۆر چاکە.

ئەوجا ڕایانکشاند لەچاڵەکەدا لەسەر شێوەی ئاینی عیسایی، واتە سەریان کردە لای ڕۆژهەڵاتەوە پاشان خاکیان کرد بەسەریداو دایان پۆشیو یەکێکیان وتی:

ـ بچۆ سەر گلەکە بیشێلە..

ـ نەخێر.. وازبێنە باوەکو خۆی بێت، بەم جۆرە خێراتر هەڵدەستێ، کاتێ کەڕۆژی قیامەت فوو دەکرێ بەکەڕەنادا.

لەپاش دوو حەفتە کێلەکانی گۆڕەکە بەگیا داپۆشران، لای سەریەوە سێ پەڕە بەملاو لادا دەلەرییەوەو جۆدا سەکیویلەش بەم دیووبەودیویەوە کەروێشکەی دەکرد، هەواش بۆنی خۆشی جاترەی لێدەهات...

پش چەند ڕۆژێکی کەم پیرێکی گوندەکە چووە سەر گۆڕەکەو چاڵێکی بچووکی لەسەر هەڵکەندو پاشان کێلێکی لێ چەسپ کردو بریتیبوو لەوێنەیەك لەسەر ستوونێکی دار بەڕوو هەڵکەنرابووو دایکی حەزرەتی عیسای تێدابوو و لەژێریەوە بەخەتێکی سلاڤی کۆن نووسرابوو:

لەساڵانی پشێویو ئاژاوەدا برایانی خۆتان گوناهبار مەکەن برایانی قەوزاق.

لەبەهاری ئەو ساڵەدا دوو داڵ هاتنو نزیك بەو شوێنە بوو بەشەڕیان. .ئەوان لەسەر مێیینە شەڕیان بوو..لەسەر مافی ژیانو خۆشەویستیو زیادکردن..پاش ماوەیەکی کەم داڵێکی مێ بەتەنیشتی گۆڕەکەوە بەسەر نۆ هێلکەدا کڕکەوتبوو و بەباڵە گەورەکانی گەرمی ژیانی پێ دەبەخشین.

لقەکەی پێوتەر کەپێکهاتبوو لەسەربازانی بەرەی خەڵکی تاتارسك کەمبوەوەو لە 180وەب بوو بە 100 کەس، هەروەها دابەشکرا بەچوار پەڵ، کەچوارەمیان لەژێر سەرکردایەتی گریگۆریدا بوو، میتکا کرۆشۆنۆڤیش بەرزکرایەوە بۆ پلەی فەرماندەیی پەل بەفەرمانێکی ژەنەراڵ ئەلڤیرۆڤ خۆی.

لقەکە بەرەو سنوور بەڕێ کەوت بۆ بەرگری کردن لەهەرێمی دۆن دژ بە شاڵاوی بەلشەفیکەکان لەکاتێکدا ئەگەر بەرپایان کرد، پێوتەر دەیویست ئەو پلەو پایەیەی خۆی بهێڵێتەوە بەڕازی کردنی فەرماندەکەی، لەبەرئەوە لەکاتی چوونە پێشەوەدا وڕانی نەدەدا بەئەسپەکانی لقەکەو ڕەتاندبوونی، بەڕادەیەك کەزۆر لەهاوەڵە دێرینەکانی بەرەنگاریبوونەوەو ئەمەیان بەگومڕاییو لەخۆبایی بووندان.

دوای بڕینی 100 ڤرێست ئەو ناوچەیەی خەڵکی تاتارسك پێی ڕاهاتبوون گۆڕا، پێوتەر براکەی وەلاخستو کەوتنە گفتوگۆو بەم گفتوگۆیەدا دەردەکەوت کەهەردوو برا جیاوازن لەبیروڕادا، تەنانەت پێوتەر وتی:

ـ دەترسم بچینە پاڵ سوورەکان کریشا، باشە هێشتا ڕێگەت بۆ ڕوون نەبوەتەوە؟

گریگۆریش وەڵامی دایەوە:

ـ ئەی باشە هیچ ڕێگەیەك لەپێش تۆ خۆتدا ڕوون بوەتەوە؟

پێوتەر لەوەڵامی پرسیاری براکەیدا ئەوەی سەلماند کەڕۆژان ڕۆژانی شۆڕش، ئەم دوو برایەی لێکدابڕیوە..چونکە پێوتەر وتی:

ـ بەڵێ. .و لێشی پاشگەز نابمەوە، من لەگەڵ سپیەکاندام.

لقەکە ئەو شەوەی لەگوندێکی بچووکدا بردەسەر. .و پیرەمێردێکی خەڵکی ئەوێ گریگۆری بردەوەماڵی خۆی لەبەر خاتری پلەو پایەکەی وەکو فەرماندەی پەلێك، ئەم پیاوە کچێکی لاوی هەبوو بەئەنقەست خۆی لەگریگۆری هەڵسویو ئەو ئەوەی لەگەڵدا ڕابوارد، ئەوەی لێی تێگەیشت کەوا ژنی سەربازێکە چووەتە پاڵ بەلشەفیکەکان، باوکی پاڵی پێوەناوە بۆ ئەم خۆ تێهەڵسوینە، لەترسی ئەوەی نەوەك سەربازەکان جووتە ئەسپەکەی ببەن لەتوڵەی

ڕۆیشتنی زاواکەیدا، ئیدی ئەوکاتە گریگۆری زۆری بێزو ڕق لەخۆ بوەوە، زۆریش نزم سەیری باوکی ئەو ئافرەتەی کرد، ئەو پیرەمێردە تەرەسە !

لەو گوندەدا ڕاگەیەنرا بەمیشاکۆشیڤۆی کەپێویستە لەرەعیلەکەی جیابێتەوەو بگەڕێتەوە لەوەڕگای ئەسپەکان بۆ خزمەتو تاقەتکردنی چارەوی، ئەگەر بیەوێ وەکو قەوزاقێك بمێنێتەوە،ئەمەش ئەتمانی ڤیشنسکایا پێی ڕاگەیاندو پێی وت:

ـ ئێمە دڵنیا نابین لەبەلشەفیکی وەکو تۆ لەبەرەدا..ئەو سزایە کەداری توندوتیژ دەبوو، ئەگەر دایکت ڕووی نەنایە لەپیاوماقووڵانی تاتارسك بۆ لێخۆش بوونت، هەروەها تکاکردنی کرۆشۆنۆڤی ئەتمانی نوێی گوندەکەتان نەبوایە سەبارەت بەتۆ.

لەلەوەرگاکانی چارەویدا، بەسەرپەرشتی دڵرەق، بەڵام دنیا دیدە کۆشیڤۆی زۆری ئەزموونو شارەزایی وەرگرت، لەوێ لەدەشتەکەدا هەستی بەڕەگ داکوتان کرد لەزەویدا، هەروەها هەستی بەهەڵچوونیو هەڕەتی خۆشەویستی بێ پایانی نێوان ئەسپو ماینەکانی لەوەرزی فاڵ گرتندا، کۆشیڤۆی بەناڕەحەتیو چەرمەسەری دەژیا، چونکە هیچ هۆیەکی حەوانەوە نەبوو، مانەوەش لەگەڵ چارەویدا بە بێدەنگوخامۆشی دەیهێشتەوە.

هاوپیشەکەی میشا پیاوێك بوو ناوی سۆڵداتۆڤ بوو، زۆر لەشت نەدگەیشت، ئەو ڕقی لەبەلشەفیکەکان بوو بەبێ هۆیەکی دیاریکرا کەبەڵگەی ئەو ڕقەی بۆ بسەلمێنێ، لەسەرەتادا گومانی لەمیشا دەکرد، کەوتە پرسیارکردنی هۆی هاتنی بۆ لەوەڕگاکە، میشاش هەندێ بیروڕای خۆی بۆ باس دەکرد، یەك لەدوای یەك.

میشا نەیدتوانی درۆ بکات..و ویژدانیش ڕێگەی نەدەدا هەڵوێستێکی نوێی بۆ داتاشێو ئەمەش بووب ەهۆی ئەوەی لەگەڵ سۆلداتۆڤدا دژایەتی یەك بکەن، هەریەکەیان بیەوێ ئەوی دیکە لەناوبەرێ.

ئەوەی میشا پتر لەهەموو شتێ لێی دەترسا کەسولداتۆڤ شۆفاری لێ بکات.. ئەو ئەگەر وابکات پەندی دەکەن، بەم جۆرە ڕێگای چوونە پاڵ سوورەکانی لێ دەگیرێ، کەمیشا بڕیاری تەواوی لەسەردابوو. ٚونکە بەتەنیا مانەوەی لەگەڵ چارەویدا ڕێگای بۆ ڕوون کردبوەوەو ئارەزوی هیچی نەدەکرد ئەو ڕێگەیە نەبێ پێدا بڕوا.

سۆڵداتۆڤ دڵنیانی کردەوە کە ئەوە ناکات، بەڵام بەمەرجێ لەوەڕگاکە بەجێ بێڵێو پاش ئەوە چارەی نەبینێتەوە.

لەوساڵەدا یەڤگینی لیستنسکی دووجار بریندارببوو، بەڵام برینی سووك، لەبەرئەوە دوو حەفتە مۆڵەتیان دایە کە لەنۆڤۆشێرکسدا بیباتە سەر، لەوێ ناسیاوی لەگەڵ رەئیس کۆرچاکۆڤدا پەیداکرد کەداوای لێکرد ئەو دوو حەفتەی مۆڵتە لەماڵی ئەودا بباتەسەر،چ ونکە ئەو وەکو خۆی دەیوت: (منداڵی نیە، بەڵکو لەگەڵ ژنەکەیدا لەماڵێکی گەورەدا دەژین).

لەماڵی کۆرچاکۆڤدا لیستنسکی گەڕایەوە سەرخوو ڕەوشتەکەی جارانی وەکو مێبازێك، لەبەرئەوە هەوڵیدا نامووسی ئۆڵگای خانەخوێی لەکەدار بکات، بەڵام ئۆڵگا یەکەم جار بەمیهرەبانی بەرەنگاری بووەوە، پاشان تێی گەیاند کەبۆچوونی ئەو هەڵەیەو ئەنجامی ئەم کردەوەیەی بەخراپ دەشکێتەوە، ئەگەر سنووری ئەدەب تێپەڕینی لەگەڵیدا، لەراستیدا هەستو سۆزی لیستنسکی ئەمجارەیان وەکو ئەوە نەبوو کەلە مۆسکۆیان یاکۆدنایە دا پێی ڕاهاتبوو، ئەو ئێستا خۆشەویستی ڕاستەقینە دەیسووتێنێ،ئەوەش پتر دەیسووتاند ئەوەی ئەو مەبەستی بوو لەپێش چاوی بوو، بەڵام بۆ ئەو نەبوو.

ئیجازەکە بەسەرچوو و کۆرچکۆڤ لەشەڕێکدا لەگەڵ بەلشەفیکەکاندا بەگژ یەکدا چوون‌و کۆرچاکۆڤ بریندابوو لەپاش دوو ڕۆژ مردو لەوکاتەدا لیستنسکی بانگی کرد لای خۆی‌و ئۆلگای پێ سپارد کەوازی لێ نەهێنێ.. تەنانەت لەدوای مردنی ئەویش مارەی کات، ئەگەر ئۆلگا ڕازی بوو..

بۆ ڕۆژی ئاینده لیستنسکی قۆڵ‌و ڕانی برینداریێکی سەخت‌و کاریگەربوون‌و کێشرایەوە بۆ پشتەوەو لەخەستەخانە قۆڵیان بڕییەوەو ئێسقانی ڕانەکەیان گرتەوەو بەم جۆرە بووب ە پێکەوتەی جەنگ.

لەگەڵ ئەوەشدا پەیوەندی بەست لەگەڵ ئۆلگای بێوەژنداو داوای لێکرد شووی پێ بکا، دوای ئەوەی کەبەتەواوی چاك ببێتەوەو باسی چاکێتی گواستنەوەی کرد بۆ دێبەرەکەی باوکی‌و جێگیربوون لەوێ.

ئۆلگای بێوەژنیش لەبەر ناسکی بارودۆخی ئێستای پێی بەجەرگی خۆیداناو ڕازی بوو، پاش ئەوە هەردوکیان ڕۆیشتن بۆ یاکۆدنایەو لەوێ پیرەی ژەنەراڵ بەوپەڕی گەرمی‌و سۆزەوە پێشوازی لەژنی کوڕەکەی کرد، لەوێش یەڤگینی پەیوەندی بچڕی لەگەڵ ئەکسینیادا دوای ئەوەی تکای لێکرد کە بانگەوازی لەشی دابمرکێنێتەوە با بۆ دواجاریش بێ.. ئەمیش بێ دڵی نەکرد!.

پاش دوو مانگ لەئەسپ لەوەڕاندن، کۆشیڤۆی بانگ کرا بۆ ڤیشنسکایاو ئەویش سواری شەمەندەفەربوو بۆ ئەوێ، گالیسکەکە پیاوێکی تەرپۆشی بینی لەشێوەی قسەکردنیدا هەندێ باڵادەستی‌و خۆشگوزەرانی بەدی دەکرا.

کاتێ ناسییەوە ئەمە ستێپان ئەستاخۆڤی مێردەکەی پێشووی ئەکسینیایە، ئیدی هەواڵی ئەم ماوە دوورودرێژەی وون بوونی لێ پرسی، ئەوەی کەقەوزاق بڵاویان کردەوە گوایە بەمردوویی دیویانە لەبەرەدا، ستێپانیش پێی وت کەقەوزاق وازیان لێ هێناوەو بەجێیان هێشتووەو ئەمیش بەدیلی کەوتوەتە دەستی ئەڵمان‌و بەدرێژایی ماوەی جەنگ لایان ماوەتەوەو تاوەکو شۆڕش بەرپابوو ەرووسیادا، پاشان ناردویانە بۆ مەرسیلیاو لەوێ سواری پاپۆڕبووەو گەڕاوەتەوە بۆ وولاتی خۆی. کۆشیڤۆیش باسی ئەوەی بۆ کرد کە گریگۆری وازی هێناوە لەئەکسینیا، بەڵام ئەو هێشتا هەر لەیاکۆدنایەیەو خزمەتی خاوەن دێبەرەکەو کوڕەکەی دەکات، گوزەرانێکی زۆر خۆشی هەیە.

ستێپان گەیشتەوە تاتارسك‌و ڕۆیشتە ماڵی ئەنیکۆشکا تاوەکو کۆڵێتە ڕووخاوەکەی خۆی چاك کردەوە، ئەمجار گواستیەوە ئەوێ، لەڕاستیدا گەڕانەوەی ستێپان کە گوند بەمردوویان دابوە قەڵەم، گەڕانەوەی بۆ ژیان، ئەو خاوی‌و ڕاوەستاویەی تاتارسکی بزواندو بەتایبەتیش کەئەو مۆرکی نازو نیعمەت‌و خۆشگوزەرانی پێوەدیاربوو.

تەنانەت پانتلای ئاو ماڵیشی زۆری خولك کردو بانگهێشتی بۆ کرد بۆ ماڵی خۆی.. یەکەم جار ستێپان ڕازی نەبوو، بەڵام لەدوایدا بەدەم میهرەبانی دراوسێکەیەوە هات..

لەماڵی پانتلایدا دەریای مێرد لەماڵ نەبوو، دراوسێ قەشەنگەکەیانی بینی، هەوەس‌و ئارەزووە گورگانە نەفرەت لێکراوەکەی بزوا، بەڵام ستێپان ڕۆژێکیان چوو بۆ یاکۆدنایە بۆ لای ئەکسینیاو پێی وت کەبگەڕێتەوە، بڕیاری داوە هەردووکیان لەماڵدا بکەونەوە یەك‌و بەبێ باسکردنی گوناهی ڕابووردوی هیچ کامیان، بەڵام ئەکسینیا ملی بەوە نەدا، بەوپەڕی لاساری‌و سووربونەوە ڕەتی کردەوە، پێی لەپەیوەندی خۆی نا لەگەڵ یەڤگینیداو ئەوەی کرد بەبیانوو کەدەیەوێ دوور لەتاتارسك ژیان بباتە سەر.

بەڵام بۆ ڕۆژی ئاینده گەڕایەوە ماڵی ستێپان‌و ئاوەدانی کردەوە.

کەتیبەکەی ڤیشنسکایا بەپەلەکەی گریگۆریشەوە کەوتە شەڕەوە لەگەڵ ئەو بەلشەفیکانەی لەم دواییەدا شالاویان هێنابوو بۆ هەرێمی دۆن..سورەکان دلێرانە دەجەنگان، قەوزاق بەرەنگاریان بوونەوەو پێنج لاوی ئاڵی بەدل گرتن‌و

یەکێکیان لەسێدارە دراو گریگۆری زۆری پێ تێکچوو، پاش ئەمەش شەڕو بەگژداچوون زۆربوو لەنێوان پەلەکەی گریگۆریو دوژمنانیدا، ئەمجار گریگۆری زانی کە ئەو سوورانە چ جۆرە کەسانێکی قارەمانن.
ئەو چاکی لەبیرە کەڕۆژێکیان چ ترسو لەرزێ قەوزاقی داگرتبووەوە،ئ ەو ڕۆژە پانتلای‌و دەریاش هاتبوون بۆ سەردانی، کاتێ کەئیشارەتی وەخۆکەوتنیان درایە تەنیا بۆ ئەوەی کەڕەوە گاگەلێکیان لەڕێگەکەدا لێ بووبوو بەبەلشەفیکەکان، پانتلایە پیریش کە ئەوکاتە لەوێ بوو ئەوەی بینی‌و هاتبوو بۆ تالانی‌و دەستکەوتو زەخیرەی چەکیشی لەگەڵ خۆیدا هێنابوو، هەروەها بەئارەزووی ئەوە شەوەکە کوڕەکەی ببینێ‌و پرسیاری لێ بکات لەبارەی ئەوەوە کە قاوداکەوتووە لەتاتارسك گوایە قەوزاق مل نادەن بەشەڕ لەدەرەوەی سنووری هەرێمەکەی خۆیاندا.
ئەو ڕۆژە کوڕەکەی بەلالووتەوە قسەی لەگەڵدا کرد، بەڵام تفەنگێکی دایە.. هەروەها پیرە خۆیشی لەماڵێکدا ڕەختی ئەسپ‌و هەندێ پریاسکەی جل‌وبەرگی بەتالان برد، هەرچەندە خاوەنەکەی دادو فریادی کرد بەڵام سوودی نەبوو..
شەڕو کوشتار لەنێوان بەلشەفیکەکان‌و سوپای دۆندا ڕێك‌وپێك نەبوو.. بەوشێوەیە کاتێ کەپەلەکەی گریگۆری بکەوتایەتە شەڕەوە لەگەڵ هەندێ تاقمی مەشق نەکردووی بەلشەفیکەکاندا ئەو دەیبەزاندو ڕێگی هاتنە پێشەوەی لێدەگرتن.. بەڵام کاتێ کەبەلشەفیکەکان هێزێکی دەریاوانان یان کرێکارانی لێهاتوویان ئاراستە دەکرد، ئەو ناچاردەبوو پاشگەزبێتەوە.
ئەو پایزە بەلشەفیکەکان بەردەوام تەنگیان بەکەتیبەکانی دۆن هەڵدەچنی‌و ماندوبێزاریان کردبوون.. لێدانی توندو سەخت، لەزۆر لایەنەوە ورەی قەوزاقیان رشووخاندبووو وادیاربوو پەلەقاژێ‌و تەقەلادانی ئاشتییان بوو. لەبەرئەوە هەڵاتن لەکۆمەڵانی قەوزاقدا زۆربوو، تەنانەت گریگۆریش شەوێکیان سواری ئەسپەکەی بوو.. پشتی هەڵگردو قووچاندیەوە بۆ تاتارسك، دیسان ماوەیەکی زۆری نەخایاند تاوەکو پێوتەریش کەجاران دەروون گەرم بوو بۆ بەزاندنی بەلشەفیکەکان، هەڵات.. بەم جۆرە لەسەرەتای وەرزی زستاندا زۆربەی پیاوانی بەرەی خەڵکی تاتارسك گەڕانەوە.
ئەوکاتە ئیدی سوپای دۆن لەبەردەمی گوشاری سوورەکاندا، بەرگری پێ نەکرا لەهەرێمەکەی خۆی‌و ئەوان بەهێواشی بەڵام بەزەبرەوە دەهاتنە پێش‌و ژەنەراڵە سپییەکان‌و ئەتمانەکانی قەوزاق هەستی مەترسیان لێ نیشت. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کەزۆر لەقەوزاقی دۆنی سەروو خواروو لەوەوپاش بەر ئەڵمانیا خۆیشی.. ئەمەش بوو بەهۆی ئەوەی کەزۆر لەقەوزاقی دۆنی سەرووو خواروو بەخیانەتکارییەکی نیشتمانی گەورەی ڕەچاوبکەن..و کەتنە دووبەرەکیەوە..وڵات چووە بارێکی جەنگی دەست تێوەردانی ناهەموارەوە.
بەردەوام گوندەکانی ڤیشنسکایا یەکلەدوای یەك دەکەوتنە دەستی بەلشەفیکەکان تاوەکو نۆرەی تاتارسك هات، زۆر لەقەوزاقی خەڵکی ئەوێ گوندیان چۆڵ کرد لەبەر سەلامەتی خۆیان‌و لەترسی  ئەو کوشتن‌و بڕینەی کەڕووسە سپییەکان بردبوویانە مێشکیانەوە گوایە بەلشەفیکەکان لەکاتی داگیرکردنی ئەویدان بەرپای دەکەن.
مەسەلەی هەڵاتن مانەوە بەتوندی لەنێو خێزانەکەی میلیخۆڤدا باسکرا، هەریەکە بەجۆرێ بۆی دەچووو لەملاشەوە گریگۆری تیامابووو نەیدەزانی چی بکات، بەڵام دەریا مەسەلەکەی بڕییەوەو وتی: (پیاوەکانمان نابێ لامان بڕۆن)، ئەمەش لەبەر مانەوەی پێوتەر بوو بەلایەوەو هەموویان قسەیان کردو کەس نەڕۆیشت.
بەلشەفیکەکان هاتن.. یەکێکیان گوللەیەکی نا بەسەگێکەوە لەپاڵ ماڵی پانتلایدا دەوەڕی‌و کوشتی.. هەشت کەسیشیان چوونە ماڵی پانتلایەوەو ناچاریان کردن کەخواردن‌و جێگەی شەو حەوانەوەیان بۆ دابینکەن.

هەموو ئەمانەو گریگۆری خەریکبوو لەداخاندا شەق ببا لەم حاڵو وەزعەو هیچ ڕێگایەکیش نەبوو لەمە ڕزگاربێت.
یەکێك لەسەربازە سوورەکان ڕەزاگرانبوو.. دەیویست گریگۆری سەغڵەتو سەرشۆڕکات، بەتایبەتیش کاتێ کەزانی فەرماندەیەکبوە لەکەتیبەی ڤیشنسکایادا کەشەڕو کوشتاری لەگەڵ کردبوون، گریگۆریش ویستی پێیدا هەڵشاخێو لەسنووری خۆیدا ڕای وەستێنێ، بەڵام ناتالیای ژنی دەستەودامێنی بوو کەهۆشی بەخۆی بێت.. وازیان لێ بێنێ کەیفی خۆیانە.
بەدرێژایی ئەوشەوە گریگۆری لەئازارو مەترسی ئەوەدا کەسەربازەکان ژنەکەی ببەنو پاڵی خەن بەچەشنی ئەوەی کەلەپۆڵەندا لەگەڵ فرانیادا کردیان، لەبەرئەوە ئەوشەوە نەنووستو چراکەشی نەکوژاندەوە تا بەیانی.
بۆ بەیانی پێوتەر خێرا چوو بۆ تەویلەی ئەسپەکانو بزمارێکی داکوتا بەئەژنۆی هەریەکە لەو دوو ئەسپەی خۆیاندا، بەوە کەوتنە لەنگین لەڕێکردنداو ئەمەی بێ زانینی باوکیو ڕەزامەندی گریگۆری کرد..لەبەرئەوەی بەلشەفیکەکان نەیانبەن،چونکە ئەوان زۆریان پێویست بەووڵاخ بوو.. بەم جۆرە ئەسپەکانی پانتلایی دەربازبوون.
شەوی ئایندە سەربازەکان ئاهەنگێکیان لەماڵی ئەنیکۆشکادا سازکرد.. ئەویش ماڵی میلیخۆڤی دراوسێی بانگکرد بۆ ئەو ئاهەنگەو ڕۆیشتن بۆ ئەوێ، سەربازەکان ژنەکەی ئەنیکۆشکایان سەرخۆشی کرد، هەروەها پێوتەریش سەر مەست بوو، دەریاش لەوەدا بوو کەپاڵ خرێت ئەگەر گریگۆری هەڵنەستایەو داوای گەڕانەوەی نەکردایە بۆ ماڵ، لەوکاتەدا پێوتەری سەرخۆش بەرەنگاریان بووەوە ڕۆیشتنەوەی دەویست، دەریاش بەهێزو زەبری پیاوێك دایە بەرپاڵدان بۆ دەرەوە، سەربازێك لەسوورەکان ڕێگەی بەگریگۆری گرتو بوو بەشەڕیانو گریگۆریش دەستی سەربازەکەی لەئانیشکیدا شکاند، پاشان هەڵات بۆ دارستانەکە لەترسی ئەوەی نەوەك سبەینێ سزای بدەن.
دووبارە پەلێك لەپیاوانی بەرەی خەڵکی تاتارسك پێکهێنرایەوە تاوەکو بچێتە پاڵ بەلشەفیکەکانو ئیڤان ئەلیکسیڤیچ هەڵبژێررا بەسەرۆكو میشاکۆشیڤۆیش کرا بەیاریدەدەری سەرۆكو لەبەرئەوەی بارەگای کارگێڕی لەڤیشنسکایا بوو، ئەمانیش هەردووکیان لەوێ دەستیان دایە کاری خۆیان.
ڕۆژێکیان گریگۆری هاتو داوای لەئیڤان کرد کەئەسپەکانیان نەنێرن بۆ گواستنەوەی چەكو فیشەكو بەشداری کردنی کاروباری هاتوچۆی سوپا، بەبیانووی ئەوەوە کەدەشەلن، میشاکۆشیڤۆیش پێشنیاری ئەوەی کرد کەگاکانیان لەباتیدا بنێرن بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام گریگۆری ئەوەی ڕەت کردەوە.. پاشان گریگۆریو ئیڤان کەوتنە باسکردنی هەریەکەو بیروڕای خۆیو ئیڤان هەستی بەدژایەتیەکی تاڵی بەلشەفیکەکان کرد لەقسەکانی گریگۆریدا،هەروەها ناڕەزایی لەکردەوەیان، بەتایبەتی لەمەسەلەی چەك داماڵینی قەوزاقو ئەوەش تێدا بەدی کرد کەبەپەرۆشە بۆ ئازاردانیان لەبەرئەوە میشا هەڕەشەی لەگریگۆری خۆی کردو وتی:
ـ ئەم بیروڕایانەت با بۆ خۆت بێ، ئەگینا بەهەر هۆیەك بێ بیچەدەنگت دەکەم، هەرچەندە کەتۆ دۆستێکی دێرینیشمی. مەسەلەی چەککردنی قەوزاقیش ئەوەبوو کەسوورەکان گومانیان لەدڵسۆزی قەوزاق دەکرد، لەبەرئەوە دەیانویست دەستی فڕوفێڵیان ببڕنو توانای هەڵگەڕانەوەیان نیەڵن، ئەوە ڤومینە کەئەو ئەرکەی خراوەتە ئەستۆ دەڵێ:
ـ من خۆم خەڵکی ناوچەکەم.. دەزانم دەبێ کەمرۆڤ بەدەستی ڕاستی تەوقەی کرد لەگەڵ قەوزاقێك چاوەڕێی خەنجەرێك بێ لەدەستی چەپیدا.

قەوزاق چەکەکانی خۆیاندا بەدەستەوە ئەوانە نەبێ کەشاررابونەوە وەکو رەشاشێك کەپێوتەر هێنابووی‌و دوو تفەنگی پانتلای کە کاتێ سەردانی گریگۆری کرد لەبەرەدا هێنابوونی.
لەم ماوەیدا دادگایەکی سەربازی پێکهێنرا لەتاتارسکداو ئیڤان ئەلیکسیڤچ بەچالاکیەوە کەوتە هەڵسوورانی کاروباری، بەڵام لەگەڵ میشاکۆشیڤۆدا سەرنجیان ددا قەوزاق هاوکارییان لەگەڵ ناکەن، ئەوان لەمیرۆن کرۆشۆنۆڤی ئەتمانی ئەم دواییە سڵ دەکەنەوە، لەتۆڵەکردنەوەی میتکای کوڕی دەترسن، کاتێ کەبگەڕێتەوە، شەوێکیان میشا دەستی دایە تفەنگێك، هەرچەندە ئەوەش قەدەغەبوو بۆ هەمووان، بەئیڤانی وت کەپێویستە هەندێ کەس بگیرێن‌و ئەمجار ناوی گریگۆریش لەنێو ئەوانەدا هێنا، بەڵام گریگۆری لەتاتارسکدا نەمابوو، چونکە ئەوو ماڵاوایی لەماڵی خۆیان کردبوو و پێی وتبوون کەوا ماوەیەك لەلای پووری دەبێ لەگوندی سینیکین‌و ئەو پوورە لەمێژبوو پێی وتبوو بچێت بۆ لای.
کاتێ کەمیشا لەدووی گریگۆری گەڕاو زانی لەگونددا نەماوە، دڵنیابوو لەوەی کەدوژمنی بەلشەفیکەکان(کەڕەخنە لەیەکسانی نێوان ئەفسەرو سەربازەکان دەگرێ لەسوپاکەیاندا، ناڕەزایە لەڕێبازی دابەشکردنی زەوی خاوەن موڵکە گەورەکانی قەوزاق، هەڵاتووە بۆ لای دوژمنەکانیان کەواتە ئەو بەویست‌و مەبەستی خۆی خایەن‌و دوژمنی گەلە.
هەر لەهەمان شەودا ستۆکمانی (ئاسنگەری کۆن)گەڕایەوە بۆ تاتارسك..چونکە لەپاش هەرەس هێنانی تساریەت لەدوور خرانگەکەی هێنرابووەوە، تەوقەی لەگەڵ ئیڤاندا کردو وتی:
– من وای بۆ دەچووم ئەگەر لەژیاندا مابێت بەسەرۆکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی  بتبینم لێرە.. وا بۆچوونەکەم ڕاست دەرچووو هاتەدی.
ستۆکمان رابەرایەتی جموجووڵ‌و چالاکی کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی تاتارسکی گرتەئەستۆ، وا ئەوان میرۆن کرۆشۆنۆڤ دەگرن، رەوانەی دەکەن بۆ ڤیشنسکایاو لەوێ گوللەبارانی دەکەن..
شەش کەسی دیکەش لەگەڵ میرۆندا بوون.. هەموویان خستە چاڵێکەوە، وا ژنەکەی میرۆن دەستەو دامێنی پێوتەر دەبێ کەلاشەی مێردەکەی بۆ بنێنەوە، هەرچیشی دەوێ ئامادەیە، ئەمیش یەکەمدجار ملی نەدا، بەڵام لەدواییدا هێنایەوە، ئەم لاشەیە هەرچەندە ستۆکمان‌و کۆمیتەی شۆڕشگێڕیی نکوولییان لەوەکرد کەکوشتنی بەکۆمەڵ ڕوپدابێ، ئاژاوەو شڵەژانێکی هێجگار توندوتیژی لەتاتارسکدا نایەوە، دڵی خەڵکەکە لەبەلشەفیکەکان هەڵکەوت.
لەبەرئەمە ستۆکمان کەوتە پێداگرتن لەچەك بەدەستەوەدان‌و چاودێری کردنی هاوکاری خەڵکەکە لەگەڵ ویست‌و ئارەزووەکانی کۆمیتەدا، وا میشا کۆشیڤۆی دەنێرێ بۆ ماڵی خێڵی میلیخۆڤ بۆ گەڕان بەدووی چەکە سارراوەکانداو گرتنی گریگۆریش ئەگەر لەوێ بێ، پاشان دەینێرێ بۆ سینکین لەبەرهەمان مەبەست، بەڵام میشا لای پوورەکەی گریگۆری کەسی نەبینی.. کەواتە لەوێش نەبوو.
میشا بۆ کارێك کەپەیوەندی بەکۆمیتەی شۆڕشگێڕیەوە هەبوو گەڕایەوە میشنسکایا..لەوێشەوە هاتەوەب ۆ تاتارسك لەهەمان ڕۆژی گەڕانەوەیدا قەوزاقی کامنیسکایا لەبەلشەفیکەکان هەڵگەڕانەوەو شاریان داگیرکردو لەتاتارسکیشدا ئەنتیپی کوڕی ئەڤیدیج، ئەڤیدیج یەکێك بوو لەشەش کەسەکەی هاوڕێی میرۆن، یمیڵیانی یاریدەدەری کۆشیڤۆی کوشت، هەروەها لەگەڵ ئەو قەوزاقانەی کەلە بەلشەفیکەکان هەڵگەرانەوە لەدووی کۆشیڤۆیش دەگەڕان بیگەیەننە هەمان چارەنووس، کۆشیڤۆی لەدوای کوشتنی یمێڵیان لەبێشەڵانەکەدا خۆی شاردەوە..پاشان شەو بەدزە چوو بۆ کۆلیتەکەی دایکی بەڵکو خۆی تێدا بشارێتەوە، بەڵام پیرەژنەی دایکی کاتێ کەدەرگای کردەوەوکوڕەکەی بینی

ئامۆژگاری کرد کەیەکسەر لەگوند دەرچێ، پێی ڕاگەیاند کەقەوزاقە خوێن ڕێژەکان پرسیاریان کردووە، لەوانەشە بگەڕێنەوە بۆ پشکنینی کۆلێتەکە..

ئێستاش. .دایکی دەریدەکا، کەواتە با سواری ماینە پیرەکەی ببێو داکێشێو لەگوند دەرچێ ئەگەر توانی، بەم جۆرە میشا خۆی دەربازکرد.

گریگۆری لەو شوێنەدا کەخۆی تێدا شاردبوەوە هەواڵی شۆڕشی قەوزاقی ڤیشنسکایای زانیو خێرا ڕۆیشتەوە بۆ تاتارسكو لەوێ سەیری کرد لقێکی دژ بەسوور پێکهێنراوەو پێوتەری برای کراوە بەفەرماندەی ئەو لقە، ئەمیش گریگۆرری برای نارد بۆ بەرەو ڕووبونەوەیی شاڵاوێکی تەمێکاریی سوورەکان کەلەکارجینەوە دەهات، بەلاپاڵی شیوێکەوە خۆیان بۆ سەدا لەلەدەستەیەك لەسوورەکان، کەنۆ کەسبوون، لێیاندان هەموویان کوشتنو ئەویش کەبەزیندوێتی دەرچوو لێیان بەدیل گرتیان.

لەمەودوا پێوتەریش هەمان شتی کرد، کاتێ کەلەگەڵ تەواوی لقەکەیدا هاتن بەسوورەکاندا بە تەپۆلکەکەی نزیکی تاتارسکەوە، ئەوکاتە تەنانەت ژنەکان (بەدەریاشەوە)و مناڵەکانیش خۆشیان دەچەشت لەگوللەبارانکردنی سوورەکان..ئەوانیش دەیانویست بەشداری بکەن لەهێشتنەوەی (ژیانی ئاسایی قەوزاق).

لەوکاتەدا کەپێوتەر خۆی بادەدا بەو سەرکەوتنەی کەبەئاسانی بەدەستی هێنا لەدژی سوورەکان، لقێکی ئەوان لەپشتەوە خەریکی ئابڵوقەدانی خۆیو لقەکەی بوون، دوای ئەوەی کەبەپێچەوانەی ئەوانەوە حەوت فەرسەخی بڕی بۆ چاوبەستی کردن لەوشوێنەی کەبۆی دەچێ. تاوەکو گەیشتە بەرانبەر سەنگەری پێوتەرو هاوەڵەکانی. .یەکێکیان بانگی لێکردن کەخۆیو تاقمەکەی خۆیان بدەن بەدەستەوە، قەوزاق زانییان ئەو بانگەوازە دەنگی میشاکۆشیڤۆیە..هەندێك لەوان پێشنیاریان کرد کەدەرپەڕن لەسەنگەرەکانو بەڕاکردن مێرگەکە ببڕن، بەڵام پێوتەر پێی وتن کەڕەشاشی سوورەکان ئەو حەلە قەلاچۆیان دەکات.. لەبەرئەوە هەر لەسەنگەرەکاندا مانەوە، لەوێدا میشاکۆشیڤۆیو ئیڤان ئەلیکسیڤیچ پەلاماریاندان، هەر کەپێوتەرو تاقمەکەی کەدەکەس بوون خۆیاندا بەدەستەوە.. یەکسەر دانیانە بەردەمی شمشێرو ڕێژنەی گوللەو لەتوپەتیان کردن.

ئێوراەی ئەو ڕۆژە بەو هەواڵە زانرا، کاتێ کەتاقمێکی قەوزاق جیاکرانەوە بۆ ئەوەی دووبارە بەرەو رشووی سوورەکان ببنەوە لەلاپاڵی گردەکەدا.. ئەو تاقمە هیچ هێزێکی لەوێدا نەبینی بەڵکو لاشەی پێوتەرو هاوڕێکانی دۆزیەوە کەشێوێنرابوونو لەپانتایی دەشتەکەدا فڕێدرابوون.

لاشەکەی پێوتەر گواسترایەوە بۆ ماڵی میلیخۆڤ، دەریا خەریکبوو شێت ببێ، وا لاشەکە دانراوە لەچێشتخانەکەداو بەفرەکەی سەری دەتوێتەوەو پەڵەی ئاڵی لێوە دەردەکەوێ، بۆنی گۆشتی شوێن دەمە شمشێری قووڵی لێوەدێچت..

ئەگەر چی دەریا خەریکبوو شێت ببێ، ئەوە گرگێۆری هەر قوشقی بووبوو، ئەو لەپاش براکەی بوو بەسەر لق.. پاشانیش کەقەوزاقی گوندە یاخیبووەکانی دیکە ڕێکخران، بوو بەفەرماندەیی کەتیبەیەك کەلە دە لقە پێکهاتبوو..بواری جموجوڵیشی هەموو ناوچەی ڤیشنسکایای گرتەوە.

بەم هێزە گەورەیەوە بەو توانای قەلاچۆکردنو وێرانکاری کردنەوە کەدەخرێتە ژێر دەستی فەرماندەیەکەوە، گرگێۆری کەوتەکار بەدڕندەیی یەکێکی هارو شێت بووی تینوو بەخوێنەوە، سی دیلی سوور لەیەك ڕۆژدا، فەرمانیدا

لاشەکانیان بکرێتە ژێر گلّەوە پاش ئەوەی گوللەبارانی کردن.. دەی دیکەش ژیانیان بەسترابوو بە یەك ووشەی ئەوەوە:

ــ سوورن؟ بیانکوژن.

گریگۆری گەیشتە رادەیەکی دلّڕەقی وا کەسەربازەکانی خۆیشی قێزیان دەکردەوە، بەلّکو هەندێکیشیان بەرەنگاری ئەم شێتیەی بوونەوەو تەنانەت یەکێکیش لەئەندامانی ئەنجومەنی جەنگ لەفیشنسکایادا بەمیهرەبانیەوە بۆی نوسوی کەدیلە سوورەکانی خۆی نەکوژێ.

بەلاّم ئەمە هەمووی نەیدەتوانی بەربەستی شەپۆلی ئەو دڕندەیەتیە بکات کە کەوتبوە کەلّکەلّەی گریگۆری، هەروەها نەشیدەتوانی بەربەستی ئەو ڕقو تۆلّە خوازیە بکات کە کوژرانی پێوتەری برای تێیدا چەسپاندبووی.

یاخیگەریی تەشەنەی کردبوو لەنێو گوندەکانی قەوزاقدا، بەلاّم گاردی سوور لەهەموو لایەکەوە ئابلّوقەی دەدان، بەلّێ ڕاستە، سوورەکان زیانیان زۆر لێ دەکەوت، چوونە پێشەوە لەهەندێ لاوە زۆر گرانبوو، بەلاّم کرێکارانو سەربازانی ڕێکخراو کەلەناوچەکانی دیکەوە ئامادەکرابوونو هێنرابوون ئەوەیان سەلماند کە گوێزی ساغن.

لەیەکێ لەم پێکدانانەدا گریگۆری بەئەزمونێکدا تێپەڕبوو لەچەشنی ئەزموونی کوشتنی نەمسایی‌یەکە لەسەرەتای جەنگدا،ئەویش ئەوەبوو کەگریگۆری فێلّێکی تایبەتی دەزانی لەشەڕدا، ئەمەش بەگۆڕینی دەستی لەوکاتەدا دەیویست لێبدات، شمشێرەکەی بەدەستی ڕاستیەوەبوو تاوەکو دوژمنەکەی بەرانبەری چاوی دەبڕییە لای ڕاستیو سلّی لێدەکردەوە، ئەوکاتە ئیدی گریگۆری خێرا بەدەستی چەپی ناوقەدی لەت دەکرد.

لەراستیدا. .گریگۆری لەشەڕی ناوخۆدا بەتەواوی قالّ بوو لەهونەری کوشتنی ئادەمیزادی برای خۆیدا، بەلاّم هونەری سەربازیی وورەبەرزیو دەروون گەرمی سنووری خۆی هەیە لەجەنگدا، بەلّێ قەوزاق لەهەلّچوونو یاخیبوندان، ڕاستە کەژەنەراڵەکانیان هەندێکیان لەگەلّ سپیەکاندا دەستیان تێکەلّ کردووەو هەندێکی دیکەشیان لەگەلّ دوژمنانی ئاسای ڕووسیادا..بەلاّم هەموو ئەمانە چەکی کاریگەرییان لەکاتی گونجاودا بۆ دابین ناکەن، ئەوان لەهەموو لایەکەوە سکالاّیان بوو لەدەست هاتنە کەمی زەخیرە.. بەتایبەتی گوللە.

بەیانی ئەتمانەکان لەهەموو لایەك خوێنرانەوە.. جاڕچی‌یان بەگوندەکانی قەوزاقدا دەسووڕانەوە بۆ کۆکردنەوەی هەموو شتێك کەلّکی لێ وەرگیرێ بۆ فیشەك داگرتنەوە، تەنانەت هیچ چوارچێوە قورقوشمیچکی ئاشە مەکینەکان نەما نەیهێنن، بەلاّم ئەمە هەمووی نەیدەتوانی هاوتا بێتەوە لەگەلّ زەخیرەی فراوانی سوورەکاندام، یان لەگەلّ ئەو کارگە چەکانەی خستبوویانە کار.

لەناوەڕاستی ڕووسیاو باکووری دووریەوە، تابووری نوێی سەربازان هەموو ڕۆژێ بەلێشاو دەهاتن..ئەو تابوورانە دوو هۆ پالّپشتیان بوو، یەکەمیان باوەڕێکبوو لەچەشنی باوەڕهێنانی تەقلیدی چەسپابوو دوەمیشیان ئەم تابوورانە جۆرێکی تایبەتی بوون.. ئەمانە سەرگولّی کرێکاری کارگەکانو دەریاوانانی ئوستولّی لێهاتوو بوون بەژووری ولاّتدا.

پێکدادانی زۆر لە درێژایی خەتی شەڕدا بەرپادەبوو.. قەوزاقو سەربازی سووری زۆریش لاپالّو پالّ دەکەوتنو دەبوون بەخۆراکی قەلو دالّ!

لەیەکێ لەم پێکدا هەلّشاخانەدا ستۆکمانو میشاکۆشیڤۆیو ئیڤان ئەلیکسیڤیچ بەشدارییان کرد.. یەکێك لەکرێکاران ڕووی دەمی کردە ستۆکمانو پێی وت:

ــ من کۆمۆنیستم.. کۆمۆنیستیش نازانێ ترس چییە..

پاشان ئەوەی بۆ گێڕایەوە چۆن (فەرمانی بەخۆیداوە بەتەتەوع کردن لەتابوورەکانی شۆڕشدا)و چۆن بەتاکەیەك نارنجۆکی دەستی توانیویەتی تاقمێکی دوژمن لەناوبەرێ، ئەم تاقمە دەیانویست لەپردێك بپەڕنەوەو ئەمیش پردەکەی ڕوخاندووە.

لەوەوپاش تابوورە سوورەکان مەوقیعی کامینسکایان داگیرکردو گریگۆری‌و قەوزاقیان ناچارکرد پاشەکشێ بکەنەوە بۆ ناوەوە،بەڵام ئەم پاشەکشێیە وەخۆکەوتنبوو بۆ شەڕێکی توندو سەخت، چونکە بەهۆی تەفرەدانێکی کاتەوە سوورەکان کەوتنە داوی قەناسەی قەوزاقەوەو تەفروتووناکرانو 147 لاشەیان لەمەیدانی شەڕدا بەجێ هێشت.

چالاکی‌و جموجوڵی جەنگیەکانی گریگۆری لەم ڕۆژانەدا بووبوونە مۆتەکەیەکی ڕەزاتاڵو چۆکیان دادابوو بەسەر ویژدانیدا، بیرو ئەندێشەی تاڵو ناهەموار لێی نەدەبوەوە هەرکاتێ سەیری ئەو گوناهو تاوانانەو ڕووداوی ناوچەکەی بکردایە کەڕۆڵی کاریگەریی خۆی تێدابوو، بۆئەوەی ئەو ئازارو خەفەتەی بەبادات دەستی دایە خواردنەوەو بەدمەستی، تەنانەت پێوانەی خوڕەوشتیش تێکچوو ئەو دڵ سەختیەی نەما کەلەمەسەلەی سێکسدا بووی،ئەو جۆرە خۆڕاگرتنەی کاتێ کەقەوزاق ڤرانیای کیژە پۆڵەندەییان ئەتك کرد، ئەمیش ناڕەزایی دەردەبڕی، ئەو ئێستا سەرخۆشی دەبێ تاوەکو بچێتە لای ئافرەتێك کە سەگ قێزی لێ بکاتەوە!

گریگۆری لەگەڵ ئەو ڕەوشت دابەزینەیشیدا، بەڕاستی پیاوەتیشی لەدەس دەهات، وا دەسەڵاتدارێتی ڤیشنسکایا زۆر لەکەس‌وکاری ئەو چەپڕەوانەی خەڵکی شار دەگرێ کەچوونەتە ناو سوورەکان، وا لێپرسراوان بەدڵرەقانە ئازاریان ددەن‌و سووکایەتیان پێدەکەن.. گریگۆریش ناڕەزایی دەردەبڕی لەو کارەو دەچێ بۆ بەندیخانەی گشتی‌و لەوێ نزیکەی سەد کەس لەبەندکراوان بەردا، کەزۆربەیان ژنی سوورەهەڵاتووەکان بوون.. ئەو بەهێزی کەڵەپیاوی خۆی‌و بەحوکمی پلەوپایەکەی ئەم کارەی دەکرد، هەرچەندە کە دەیشیزانی ئەمە بەپێچەوانەی یاساوەیە.

ئەگەر چی بەرەی پێشەوە دەکولا، بەچەشنی بەرە کاریگەرەکانی هەموو کاتێك، ئەوە بەرەی ناوەوە، واتە لەتاتارسك‌و ئەو گوندانەی وەکو تاتارسك وان، خەمناك‌و ساردوسڕبووو بەزەیی بەخۆیدا دەهاتەوە، تەنات دایکی ناتالیاو بێوەژنی میرۆنی دەوڵەمەند! خۆی خەریکی کاری کشت‌وکاڵی بوو لەدەشتەکەدا..کاتێ گریگۆری بوو پشوودان گەڕایەوە لەگەڵ ژنەکەیدا چوو بۆ سەردانی دایکی ناتالیاو کریشای پیرەمێرد، کە بێ‌هێزبو بوو سەری لەگوێی گۆڕ دەلەرزی‌و لەگەڕانەوەیاندا گریگۆری داڵغەی لێدابوو و قسەی نەدەکرد.

ناتالیا کەوتە پرسیارکردنی هۆی ئەوەو پاشان کەوتە سەرزەنشت کردنی ئەم ڕاهاتنەی لەسر مەی خواردنەوەو ڕووداوی ئافرەتەکەی کامنسکایای بۆ باس کرد.. گریگۆری پێی لەوە ناو ڕاستی پێ وت..هەروەها قسەیەکیشی کرد کە ئەوکاتە ەواوی باری دەروونی ئەوی دەردەخست، ئەو ئەمەی پێ وت:

ـ قسەکردنت لەمن دەوێ‌و دەڵێ کەبابەی جۆراوجۆر هەیە باسکرێت..بەڵام من پێت دەڵێم کەهەست بەهیچ شتێ ناکەم.. من هێزی هەست کردنم لەڕەگ‌و ڕیشەوە نەماوە.

لەڕاستیشدا وابوو..ئەو وای لێ هاتبوو بایەخی بەژیان نەدەدا، کەسایەتی لاوازبو بوو لەبەرچاوی ئافرەتانی تاارسکدا بەرادەیەك کەدەریای براژنی بێوەژن کەوتووی هەوڵی دەدا لەخشتەی بەرێ‌و خۆی تێهەڵدەسوێ، بەڵام گریگۆری ئەم ڕێگەیەی لێگرت.

لەم کاتانەدا فەرماندەی کەتیبەی سیرۆدۆبسکی سوور هەڵات بۆ لای قەوزاقە یاخیبووەکانی گوندی یاخمۆتکین‌و یاساوڵانی ئەو شوێنە بردیان بۆ لای پوکاتیرۆڤی فەرماندەی لیوا.

لەوێ ئەفسەری هەڵاتوو ئامادەیی ئەوەی دەردەبڕی بۆ فەرماندەی لیوا، کەگەشت کەتیبەکە بێتە پاڵ یاخیبووان بەمەرجێ پاراستنی سەلامەتی سەربازەکانی، فەرماندەش بەڵێنیدایە ئەمە بنووسێ بۆ کۆدبنۆڤی فەرماندەی ناوچەی ڤیشنسکایا، وەڵامی ئەویش ئەوەبوو کەڕازییە بەگفتوگۆکردن بەڵام بەمەرجێ ئەوەی کەلەپێشدا کۆمۆنیستەکان بدرێنە دەستەوە.

لەپەراوێزی نامەکەدا واهاتبوو کەئەوانە لەژێر چاودێری سەربازانی قەوزاقی کەللەڕەقدا بنێررێنەوە بۆگوندەکانی خۆیانو لەوێش گەلیان تێبەردرێو هەر ژنو منالٚ دەیانکوژن..

پاشان فەرماندەیی هەڵاتوو نەخشەکەی خۆی لەکەتیبەکەدا بەجێ هێنا، دوای گەڕانەوەی لەچاوپێکەوتنە نهێنیەکە، پشتی لەکۆمۆنیستەکانی کەتیبە هەڵکردو قەوزاقی تێ وروژاندن، پاشان ستۆکمانی کوشت، قەوزاقیش کۆمۆنیستەکانیان چەك کرد، دوای بەرەنگاربونەوەیەك کەبوو بەهۆی تیاچوونی بیست کەسیانو تۆبچییەکانیشیان هەڵاتنو کلیلی تۆپەکانیان لەگەڵ خۆیاندا برد..

ئەمە هەمووی لەماوەی پێنج ڕۆژی پشوودانی گریگۆریدا ڕوویدا کەلەتاتارسکدا بردیە سەر، دواشەویش لەگەڵ ئەکسینیادا ڕاببوارد، چونکە ئەکسینیا دەریای بانگ کردبوە لای خۆیو ئەموستیلەیەکی زێڕی گرانبایدابوویە بەمەرجێ کەبکەوێتە بەینو هەوڵبدا لەگەڵ دلٚدارە دێرینەکەیدا بیانخاتەوەیەك.

بۆ ڕۆژی پێنجەم گریگۆری گەڕایەوە بۆ کارنیسکایاو لەوێ نامەیەکی کودینۆڤی وەرگرتو هەواڵی هەموو ڕووداوەکانی تێدا ڕاگەیاندبوو.

دیلە کۆمۆنیستەکان ڕاپێچکران بۆ تاتارسكو لەوێ گوند کۆبوەوە بۆ گیانکێشانی ئیڤان ئەلیکسیڤیچ کەلەنێو دیلەکاندابوو، لەو ڕۆژەدا دەریا داخ لەدڵیو ڕق شێتو هاری کردو بۆ تۆڵە سەندنەوەی گیانی پێوەری مێردی ئیڤانی گوللەباران کرد هەرچەندە کەئیڤان نکوولی لەوەکرد کەبەشداربووبێ لەکوشتنیدا.

پاشان ژنەی پیاوکوژ ئەقڵی تێکچووو دەستی دایە مەی خاوردنەوەو بوو بەهاوڕێی ژنەکەی ئەنیکۆشکاو هەر هەمان ڕێگای ئەویشی گرتەبەر، ئەو نەیتوانی گوناهی کوشتنی مرۆڤێکی پێ هەڵگیرێ لەبەرئەوەبوو بەنامرۆڤ!.

ڕۆژانی لەوەوپاش سوورەکان کەوتنە کۆکردنەوەی هێزی بێ شومار لەسەر لێواری دۆنو بەرانبەر بەڤیشنسکایاو کاتێ کەبڕیاری دەست پێکردنی پەلاماردانانیاندراو بۆ زەمینە خۆشکردنی پەڕینەوە لەڕووبارەکە کەوتنە تۆپ بارانێکی خەستو ڕیزەکانی دوژمنانیان پێ تێکداو تۆپەکانی ئەمانیش ساردو سڕو بێدەنگ بوون لەبەرئەوەی گوللە تۆپیان بەهیچ جۆرێ نەمابوو، لەگەڵ ئەمەشدا گریگۆریو کەتیبەکەی کەلە دە لق پێکهاتبوو کەبەمبەرەوەی لێواری دۆنەوە بوون بەرگریان کردو خۆیان ڕاگرت..

ئەوکاتە سوورەکان نەخشەکەیان گۆڕو لەباکورەوە هێرشیان بردە سەر هەرێمی دۆنی خواروو.

لەوڕۆژەوە ئیدی سوورەکان بەلێشاو دایان بەسەر گوندەکانی هەرێمەکەداو ئاڵای سەرکەوتنیان هەڵکردبوو لەبەدبەختی قەوزاقە یاخیبوەکاندا گریگۆری سەرکردایەتی ئەو تیپەی ڕەت کردەوە کە کۆدینۆڤ بەرگریکردنی هێرشی سوورەکانی بۆ سەر هەرێمی دۆنی پێ سپاردبوو، ئەو ئیدی بێزی نەدەهات بەشداری شەڕو کوشتار بکات کاتێ کەڕاستی بۆ ڕوون بوەوەو بۆی دەرکەوت کەژەنەراڵە سپییەکان ئەوەندە بەرژەوەندییە تایبتیەکانی خۆیانو گەڕانیان بەدوای پلەو پایەی بەرزدا.

**لەگەڵ هاتنە پێشەوەی سوورەکاندا میشا کۆشیڤۆیش، کە ئێستا لەجیهانی غەیبەوە پەیدابوو، سووك بۆی دەرچوو بۆ تاتارسك..و لەوێ ماڵی کۆلاکەکانی سووتاند، بەتایبەتی ماڵی مۆخۆڤ و باپیرە کریشکای کوشت، پاشان بە پەلە چوو بۆ ماڵی میلیخۆڤ و خوازبێنی دۆنیای کچیانی لە دایکی کرد..**